# وێنای مێژوویی مەلا مستەفا بارزانی
# ئاکاری شۆڕش و ئەزموونی ئازادیخوازی بارزانییەکان

**نووسینی:** ئۆلگا ئی.ژێگالینا
**وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە:** د.سالار ڕۆستەمی
**پێشەکی و پێداچوونەوەی:** پ.ی. د. ماجد خەلیل

**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠٢٦**

**نــاوی کتێــب:** وێنــای مێژوویــی مــەلا مســتەفا بارزانــی ئــاکاری شــۆڕش و ئەزموونــی ئازادیخــوازی بارزانییــەکان
**نووسینی:** ئۆلگا ئێ.ژێگالینا
**وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە:** د. سالار ڕۆستەمی
**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی
**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ
**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی
**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٦
**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات
**تیراژ:** ١٠٠٠

**لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکان/ هەرێمـی کوردسـتان ژمـارەی سـپاردنی (٢٩٤) سـاڵی ٢٠٢٦ پێـدراوە.**

# ئەم کتێبە:

توێژینەوەیەکی مێژوویی لەسەر ڕابەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا. کتیبەکە ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی بە درێژایی ساڵانی چلەکان تاوەکو حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆشندەکاتەوە. ئەو ڕابەرەی ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ خەبات لەپێناو سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، نەک تەنیا لە ئاست نەتەوەی کورد و کوردستاندا، بەڵکو ناوبانگی لە ئاستی دەرەوەی نیشتمانیشدا، ناوازە و نەمریی ناو سەرکردە نیشتمانی و ئازادیخوازەکانی دنیایە. بەم پێیە توێژینەوەکە تیشکی خستووەتە سەر تایبەتمەندییەکانی ژیانی بارزانی کە خاوەندارێتی هەموو بەها باڵاکانی سەرکردەیەکی سەردەمەکەی تێدا بەرجەستە بووە. سەرکردەیەك پێگە و پێناوێکی تایبەتی وەهای دیاریکردووە کە بۆ هەمیشە وێنا و ویژدانی، لەناو زەواری تێکۆشانە نەتەوەییەکەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

# پێڕست

**تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە مێژووییە ..........................................................7**

**پێشەکی .....................................................................................................................١٣**

**بەشی یەکەم**

دەسپێکی  خەباتی سیاسی مەلا مستەفای بارزان ......................................................٢٧

**بەشی دووەم**

مـەلا مسـتەفا بارزانـی وەک فەرمانـدە و سـەرکردەی بارزانییـەکان لـە سـەردەمی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا (١٩٣٩-١٩٤٥) .................................................................................٩٩

**بەشی سێیەم**

مانەوەی بارزانی و شوێنکەوتووانی لە کوردستانی ئێراندا .........................................١٥٥

**بەشی چوارەم**

مانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتدا ...........................................................................٢٢١

**بەشی پێنجەم**

مـەلا مسـتەفا بارزانـی و خاوەندارێتـی خواسـتی خۆبەڕێوەبـەری کـورد لـە سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـمدا...........................................................................................................٢٤٩

**بەشی شەشەم**

بارزانی و  شۆڕشی ئەیلوول .............................................................................................٢٩٧

**بەشی حەوتەم**

بارزانی و نسکۆی شۆڕش .................................................................................................٣٤٧

**بەشی هەشتەم**

دواین ساڵانی ژیانی مەلا مستەفا بارزانی ...................................................... ٣٨٧

## تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە مێژووییە:

کتێبی وێنای مێژوویی مستەفا بارزانی، لە نووسینی خانمە توێژەر، ئەکادیمیست و کوردناسی ڕوسی(ئۆ.ئای.ژیگلینا)یە. دیارە ناوبراو ناوێکی ئاشنای ناو پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەکادیمیای زانستی ڕوسیایە. ئەم بەرهەمەی وەک هەر توێژینەوەیەکی تری زانستی، سەرەڕای ئەوەی بووەتە بەڵگەیەکی بەهێزی زانستی بۆ دانەدواوەی هەر هەوڵێکی نەزۆک و نابابەتییانە دەرهەق بە نووسینەوەی مێژووی کورد و شوناسی شۆڕش و شۆڕشگێڕەکانی، لەگەڵ ئەوشدا بە گیانێکی گەلێ داهێنەرانە و دنیابینییەکی دروستی زانستییەوە، لەناو ڕیزی ڕاسان و ئیرادەی ئازادیخوازیی نەتەوەکاندا، وێنا مێژووییەکانی مەلا مستەفا بارزانی کردوونەتە سەنگی مەحەکی مەیدانخوازییەکی مەزنی مێژوویی. بە جۆرێک کتێبەکە بووەتە ئاوێنەیەکی ئێجگار ڕوون و زوڵاڵی زەواری خەباتێکی سەد ساڵە، بووەتە باڵانوێنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرتاپاگیری هەموو کوردستان.

مستەفا بارزانی لەپێش ئاوێنەی مێژووی میللەتەکەیدا، وێنایەکی ئێجگار ئینسانگەرایانەی دایە دەستوورەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی نەتەوەکەی. بارزانی وەکو ڕابەری ڕاستەقینەی ڕاپەڕین و ڕاسانی چەکداری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک، تەواوی تۆماری تەمەنی تاوەکو دواین ڕۆژەکانی ژیانی و ماڵئاوایی یەکجارەکیی، یادەوەرییەکانی بوونەتە بیروباوەڕ و بڕستی بزووتەوەیەکی ڕزگاریخوازیی. لەم یادەوەرییانەدا، لاپەڕە بە لاپەڕەی لایەنەکانی ژیانی شۆڕش و ئەزموونە شۆڕشگێڕییەکە خراونەتە بەرباسوخواس و بەشێوەیەکی هێرمۆنۆتیکی هەر هەڵوێستێکی مێژوویی، هەر هونەرێکی هیومانیستی، هەر جوامێرانەی جەنگاوەرانی کورد لەو پێشهات و ڕووداوانەی شۆڕشدا ڕوویانداون، تێکڕایان شرۆڤەکراون.

کتێبەکە لە هەشت بەشی سەرەکیدا، سەرجەمی سەدەی بیستەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی شوێنکردووەتەوە. بەجۆرێک لە ڕەگەوە ڕازی دەرکەوتنی دەسەڵاتی ڕۆحی و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسیی تەریقەتی بارزانییەکان بووەتە بناغەی ڕێبازێکی سەراپاگیریی مێژوویی و بووەتە

بــازووی بەهێزیــی بەرخودانێکــی میللــی دەرهــەق بــە بندەســتی بــاوەڕە ســاختە و سیســتەمە سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابوورییــە ســەپێنراوەکانی ســەر ژیــان و ژینگــەی کوردەواریــی. هــاوکات لــە ســۆنگە و ستراتیژیــی سیســتەمی بارزانییەکانــەوە، بوارگەلێکــی فــراوان و فەلســەفەیەکی قــوڵتر، قۆناغبەندییەکانــی لــە دەســپێکی ســەدەی بیســتەمەوە، بــەرەو ئاقــار و ئاڕاســتەی ڕاپەڕیــن و ڕاســانی نەتــەوەی کــورد بــردووە. هەربۆیــە لــە تــەواوی بەشــەکانی ئــەم کتێبــەدا، ڕاپەڕینــە یــەک لەدوایەکەکانــی بارزانییــەکان بوونەتــە هەوێنــی هێزێکــی لەبننەهاتــوو، هێزێــک لــە تــەواوی بەشــەکانی کوردســتاندا، بوونــی نەتەوەیــی کوردیــی خزاندووەتــە نــاو نەریتێکــی شۆڕشــگێڕیی بەردەوامــەوە. نەریتێــک ڕەنگدانــەوەی ڕۆحــی و ڕایەڵــەی تایبەتمەندییــە نەتەوەییەکــەی گەیاندووەتــە دوورودرێژتریــن شۆڕشــی ڕزگاریخوازیــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا.

ئــەم شۆڕشــە زادەی زەوارێکــی دوورودرێــژی دلاوەریــی و دەســتوور ژیانــی پێشــمەرگایەتی بــوو. لــەو دەســتوورەدا داســتانێکی بەرگریــی بووەتــە بناغــە و لــە پەڕینــەوەی ڕووبــار و چۆمــی ئاراســەوە، گەلاڵــەی گیانــە گەریلاییەکــە کراوەتــە نەخشــەڕێی نووســینەوەی ناســنامەیەک. ئــەم ناســنامەیە نومایانــی خــۆی، لــە ئــاکاری بارزانیــدا بەرجەســتەکرد. ئــەم ناســنامەیە، لــە وانەکانــی ویژدانێکــی زینــدوودا، زمانــی ئاشــتەوایی و پێکەوەژیــان و دانــەدواوەی توندوتیژیــی کردووەتــە گەوهــەری گیانــە شۆڕشــگێڕییەکە.

ئەوەتــا توێژینەوەیەکــی لــەم جــۆرەش، بــە کەڵکوەرگرتــن لــە بەهــا باڵاکانــی شــۆڕش و ئــاکاری ئــەم ڕابــەرە کاریزمایــەی کــوردەوە، دیارتریــن تایبەتمەندییەکانــی ئــەخلاق و شۆڕشــی کــوردی بــۆ یەکەمجــار لــە نووســینێکی بابەتیانــەدا شــوێنیان کراوەتــەوە.

لەڕاســتیدا نووســینی بابەتییانــە لەبــارەی ئــەخلاق و شۆڕشــی کــورد، جیالــەوەی بابەتێکــی فەلســەفییە، بابەتێکــی دەگمــەن و دەســتلێنەدراوە و بــەردەوام وەکــو گەنجینەیەکــی گومەســار، لــە دوتوێــی دنیابینــی داســتان و شــۆڕش و شۆڕشــگێڕانی کــورددا ماوەتــەوە. کەواتــە ئــەم توێژینەوەیــە، بریتییــە لــە هەوڵێکــی چڕوپــڕی چارەنوســساز بــۆ دۆزینــەوەی گەوهــەرە گرانبەهــا و گومەســارەکانی گیانــی کۆمەڵایەتــی و کلتــووری و شۆڕشــگێڕیی شوناســی نەتەوەیــەک.

لـەم كتێبـەدا بـەوردی و بـە بابەتیـی، لەبـارەی لۆژیكـی شۆڕشـگێڕی و ئەخلاقـی ئازادیخوازییـەوە قسـەكراوە. قسـەكردن لەسـەر لۆژیكـی بارزانـی و ئەخلاقـی شۆڕشـگێڕانەی بارزانـی، قسـەكردنە لەسـەر لایەنـە پەنهانەكانـی پێشـمەرگایەتی و پێنـاوی شوناسـی شـێوێنراوی نەتەوەیـەک. بۆیـە ئـەم كتێبـە بـۆ یەكەمجـار، ڕاسـتیگەلێكی نەزانـراو و نامـۆی خزاندووەتـە نـاو توێژینـەوەی زانستییەوە و لـە تێكـڕای بەشـەكانیدا دەگەینـە ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە:

**یەكـەم:** بـۆ یەكەمجـارە ئـەو ڕاسـتییانە دەسـەلمێنرێن كـە شـۆڕش و بزووتنـەوە چەكدارییەكـەی كـورد، تەنیـا شۆڕشـێكی چەكداریـی توندوتیـژ نەبـووە، بەڵكـو شۆڕشـێكی كۆمەڵایەتـی و بزووتنەوەیەكـی بەهێـزی كلتووریـی و ئاكاریـی بـووە و بەرمەبنـای تاقانەتریـن ڕیفۆرمـی كۆمەڵایەتـی و ئاینـی و ئابـووری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست هاتووەتـە بـوون؛ ئەویـش ڕیفۆرمەكانـی ڕێبـازی بـارزان و بەتایبـەت ڕیفۆرمـە هەمەلایەنەكانـی سـەردەمی شـێخ عەبدولسـەلامی بارزنیـن.

**دووەم:** بـۆ یەكەمجـارە بزووتنەوەیەكـی چەكداریـی و شۆڕشـی نەتەوەكـی بندەسـت، نوێنەرایەتـی ناسـنامە ئەخلاقـی و ئینسـانییەكان دەكات و لەبەرانبـەردا نەتەوەسەردەستەكان، ئەوانـەی لەژێـر چەتـری یاسـا و ڕێسـاكانی سیستەمە داگیركارییـە هەرێمییەكـەدا هەڵهێنجـراون، بوونەتـە نومایانـی نەریتـە باندگەراییەكـە. كەواتـە نـەک هـەر هێماكانـی هیومانیـزم و ئامـاژە ئەخلاقییـەكان ئاوێتەیـان نەبـوون، بەڵكـو تـاڕادەی جینۆسـایدی و ڕاگـواستن و سـوتانی ژینگـە و ژیانـی هـەزاران ئاوایـی و شـێواندنی فەرهەنـگ و مێـژووی میللەتـی كـورد هاتونەتەپێشـەوە.

**سـێهەم:** لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو ڕاسـتییانە سـەلمێنراون كـە جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازیـی نەتـەوەی كـورد، بـە پێچەوانـەی زۆرتریـن زەمینـەی شـۆڕش و ڕاپەڕینەكانـی جیهانـی سـێهەمەوە، لـە ئاسـیا و ئەفەریقـا و ئەمەریـكای لاتینیـدا، خەباتێكـی خۆڕسـک و هەڵهێنجـراوی هێـزی كۆمەڵایەتـی و ئابـووری كـورد و كوردسـتان بـووە، ئەمـەش ڕێـک بـە پێچەوانـەوەی جوڵانەوەكانـی جیهانـی سـێهەمەوەیە، چونكـە بـەردەوام وێـری وڵاتانـی هەرێمـی و زلهێـزەكان، نـەک هـەر كۆمـەک و دەسـباری بزووتنـەوە ڕزگاریخوازییەكـەی كـوردی نەكـردووە، بەڵكـو بوونەتـە بایسـی پیلانگێـڕی و شكسـت و شـەڕانگێزی دژ بـە سروشـتی ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەكانی كـورد.

**چـوارەم:** بارزانییـەکان هـەم نوێنەرایەتـی یەکەمیـن ڕاپەڕینـی چەکدارییـان کـردووە دژ بـە سیسـتەمە داگیرکارییەکانـی کوردسـتان، واتـە لـە جوڵانـەوەی شـێخ عبدولسـەلامی یەکەمـەوە دژ بـە عوسمانـی و تورکـەلاوەکان دەسـتیان پێکـرد، هـەم دوایـن خەباتـی چەکداریـی کلاسـیکی کوردییـان لـە ڕاپەڕینـی سـییەکانی بارزانـدا دژ بـە ڕژێمـی دەربـار کـە دوایایەتـی و ئینگلیـزەکان نوێنەرایەتـی کـرد. دواتریـش هـەر ئـەوان بـوون لەمیانـی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا، بوونـە چەترێکـی چارەنوسـساز و تێکـڕای تیـۆر و بەرنامـەی ڕێکخسـتنە سیاسـییەکانی کوردیـان خسـتە بـواری پراکتیکێکـی پێشـمەرگانە و هـەر بـە تۆپـزی، بـۆ یەکەمینجـار یـادەوەری دانوسـتان و دیالۆگـی پەیوەسـت بـە پرسـی نەتەوایەتی کوردیـان کـردە نەریتـی نێـوان سـەرکردایەتی کـورد و حکومەتەکانـی ناوەنـد.

**پێنجـەم:** بارزانـی دامەزرێنـەری پارتـی و داینەمـۆی خەباتـی چەکـداری و شۆڕشـی ئەیلـوول بـوو دژ بـە حکومەتەکانـی عێـراق. هـۆکاری تێکچوونـی تـەواوی دانوسـتانەکانی نێــوان ناوەنــد و بارزانــی، پەوەســت بــووە بــە بەرتەســککردنەوەی جوگرافیــای کوردسـتانەوە. ئـەوەش سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە چیـدی جوڵانـەوەی نەتەوەیـی کــورد، لــە نەخشــەڕێ و ستراتیژیــدا، بەرژەوەندییــە ناوچەیــی و هۆزگەرایی‌ەکانــی دراونەتــە دواوە، بەڵکــو بەرژەوەندییــە باڵاکانــی نەتــەوەی کــورد ڕەچاوکــراون.

**شەشــەم:** بارزانــی ڕووبــەڕوووی هــەر داگیرکارییــەک وەســتاوەتەوە. ئــیتر ئــەو داگیرکارییـە لەژێـر هـەر ناوونیشـانێکدا بووبێـت و هـەر هێـز و ڕەوگەیەتـی نـەژادی و نەتەوەیـی لەپشـتییەوە بووبێـت جیاوازیـی نەبـووە. بـۆ نموونـە لـە ڕاپەڕینەکانـی دووەم جەنگـی جیهانییـەوە، لەیەککاتـدا دژ بـە ئینگلیـز، ڕژێمـی دوایایەتـی، ئێـران و تـوران وەسـتانەوە. دواتریـش هیچکاتێـک هێزێکـی لـەم جـۆرە، نەبوویـە داردەسـت و دەربـاری جەمسـەرە جیهانییـەکان. بەڵکـو بـە پێچەوانـەی هەمـوو ئـەو شۆڕشـانەی کـە ئایدیۆلۆژیایەکـی چەپگەرایانـە چارەنوسـی دابوونـە دەسـت قـەدەری قۆناغـی جەنگـی ســاردەوە، ئــەوا شۆڕشــی کــورد، هــەر بــە بەرمەبنــای بزووتنــەوە نەتەوەییەکــەدا، هەمـوو خواسـتەکانی خـۆی لـە چوارچێـوەی دیاریکردنـی جوگرافیـای خاکـی کوردسـتان و زمـان و ئابـووری کوردسـتاندا دەبینییـەوە.

لـە کۆتاییـدا ماوەتـەوە بڵێیـن، ئـەم کتێبـە سـاڵی ٢٠١٣ بەزمانـی ڕووسـی چـاپ و بڵاوکراوەتــەوە. دواتــر وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانەکانــی ئینگلیــزی و زمانــی فارســی.

بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی کـە لـە زمانـی یەکەمـی کتێبەکـەوە، واتـە هـەر لـە زمانـە ڕووسـییەکەوە بکرێتـە کـوردی. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـرای بەڕێـز و بـە سـەلیقەمان د. سـالار ڕۆسـتەمی، بۆخـۆی ئاشـنایەتی و ئەزموونێکـی فراوانـی لـە بـواری نووسـین و وەرگێڕانـی زمانـی ڕوسـیدا هەیـە، بەشـێوەیەکی گەلـێ ورد و وریاییـەوە ڕاسـتەوخۆ کتێبەکـەی بـە کوردیکـرد، دوایـان ئێمـەش توانـیمان بێینـەوە بەسـەر هەمـوو بەشـەکانیدا، لەهـەر شـوێنێک پێویسـتی بـە ڕوونکردنـەوە و پەراوێزنووسـین هەبووایـە تێچێنـی بابەتیانـە و ڕاسـتکردنەوەی خۆمـان خستۆتەسـەر بەرهەمەکـە. دڵنیایـن یەکێـک دەبێـت لـە کتێبـە دانسـقە و دەگمەنەکانـی پەیوەسـت بـە مێـژووی هاوچەرخـی نەتەوەکەمـان و شـوێنێکی گەلـێ گـەورەی لەنـاو کتێبخانـەی کـورددا دەبێـت.

**پ.ی.د. ماجد خەلیل**

**٢٠٢٦-١-٧**

## پێشەکی نووسەر:

توێـژەر لـەم بەرهەمـەدا، بـە شـێوەیەکی بابەتـی، وێنـا و پۆرترێتـی پێشـینە و پێنـاوی مێژوویـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی کێشـاوە. بارزانـی وەك سـەرکردەی دیـار و باڵادەسـتی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـە عێراقـدا، لـە ساڵانی چلەکانەوە تاوەکـو حەفتاکانی سـەدەی پێشـوو، هەمـوو تۆمـاری تەمەنـی خـۆی لەپێنـاو خەبـات بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتانی عێـراق تەرخـان کـردووە. بەشـێوەیەک نـەک تەنیـا لەنـاو سنوری کوردسـتان و نەتـەوەی کـورددا، بەڵکـو لـە دەرەوەی نیشـتمانەکەیدا، ناوبانگێکـی نـاوازە و شـۆرەتی شۆڕشـگێڕانەی لـە ئاسـتێکی بـەرز و بـاڵادا دەنگیداوەتـەوە. نووسـەر لـە چوارچێـوەی ئـەم ژانـری ژیاننامـە و نووسـینەیدا، هەوڵیـداوە تیشـک بخاتەسـەر سـیما و سـیفەتەکانی کارەکتـەری بارزانـی. بەتایبەتـی لـە سـاتەوەختە گرنگەکانـی مێـژووی هاوچەرخـی کـوردی عێراقـدا، هەڵوێسـت و هونـەری ساسـی و پراکتیکـی تێکۆشـانی بارزانـی لـە چوارچێوەیەکـی چارەنوسسـازدا شـوێنکردووەتەوە. لـەم میانـەدا، مەیدانخوازییەکانـی و تێکـڕای پاڵنـەری پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی عێراقـدا شرۆڤەکـراون. هـاوکات بەریەککەوتـن و پەیوەندیـی لەگـەڵ نوێنەرانـی نێودەوڵەتـی و بیانییەکانـدا، وەک وێنایەکـی یەکلاکـەرەوە یادگیریـی کـردوون.

بەگشـتی ئـەم بەرهەمـە هەوڵێکـی دووبـارە نییـە بـۆ سـەرلەنوێ پێداچوونـەوە بـە مێـژووی بزووتنـەوەی نەتەوایەتـی کـوردی عێراقـدا. چـون ئـەو مێـژووە، چەندەهـا هەوڵـی مۆنۆگرافـی و وتـار و توێژینەوەیـان لەلایـەن نووسـەرانی ناوخـۆ و دەرەکییـەوە تاڕادەیەکـی پێویسـت پەیجوریـی کـراوە. هـاوکات هەوڵێکـی لـەم جـۆرە، دیسـانەوە پەیجوریـی پەیوەندییەکانـی بارزانـی و نەیارەکانـی نەتـەوەی کـورد نییـە. بەڵکـو ئـەم توێژینەوەیـە، نومایانـی ڕاسـتیگەلێکە دەربـارەی مێـژووی سیاسـی کـورد لـە عێراقـدا. ئـەم ڕاستییانە وەک دوایخانێکـی مێژوویـی گرنـگ، لەمیانـی لۆژیـک و شـیکاری شوناسـی بارزانیـدا بەرجەسـتە بـوون. هەربۆیـە دەکرێـت بڵێیـن، ئـەم توێژینەوەیـە ڕوونکردنـە و نومایانـی کەسـایەتی و هەندێـک لـە سـیفات و سـیمای کارەکتـەری پەیوەندییەکانـی بارزانییـە لەگـەڵ شـوێنکەوتە و هـاوڕێ و هەڤاڵەکانیـدا.

لێــرەدا نووســەر بەبــێ ئــەوەی بچێتــە نــاو وردەکارییەکانــی شــیکردنەوەی پــرس و پێنــاوی نەتــەوەی کــورد لــە عێراقــدا، تەنیــا هەوڵیــداوە ئــەو ســیفەت و تایبەتمەندییانــەی مــەلا مســتەفا بارزانــی، بــە جۆرێکــی بابەتییانــە قۆنــاغ لــەدوای قۆنــاغ هەڵبداتــەوە. نووســەر لــە دوتوێــی دنیابینییەکــی دروســتی بابەتییانــەدا، وێنــای بارزانــی بەجۆرێکــی جیــاواز و جــوان نەخشــاندووە. بەتایبەتــی لــە خســتنەڕووی خەســڵەتەکانی بارزانیــدا، ئــەوەی هەڵهێنجــاوە کــە هەمیشــە پارێــزگاری لــە کەرامــەت و کەلتــووری مرۆڤبــوون دووپاتکردووەتــەوە. تەنانــەت لــە هــەر هەلومەرجێکــی ناهەمــوار و لــە هەر ســاتەوەختێکی ســامناک و ڕۆژگارێکــی تەنگانەشــدا، بــۆ چرکەیــەک چۆکــی لەبــەردەم نائومێدیــدا دانــەداوە.

بارزانــی لەگــەڵ ئــەوەی بــە ڕۆژگارێکــی ناســک و ناهەمــواردا، نۆبــەی تۆمــاری ژیانــی داوەتەبــەر، وەلــێ هیچــکات تــرس و بیــم و نائومێدی لــە قــەرەی قەدەریــدا شــوێنیان نەبووەتــەوە. ئــەو ســیفات و ســەرد و گێڕانەوانــەی ژیانــی بارزانــی، ئەویــان کردبــووە کارەکتەرێکــی پێشــەنگ و پێشــمەرگە. پێشــەنگایەتی بارزانــی، لــە متمانەیەکــی مەیدانییــەوە ســەرچاوەی گرتبــوو. بەشــێوەیەک هەمــوو هەڤاڵەکانــی بەبــێ هیــچ دڕدۆنگــی و دوودڵییــەک، کامــە ڕێگــە پــڕ هــەوراز و نشــێو بوایــە، بەدوایــدا دەیانگرتەبــەر، چونکــە ئــەوان وانــە و وێنــای ئەزموونــی بارزانــی، وەک ئاوێنەیەکــی بەرڕوویــان بەڕوونــی دەبینــی، هەربۆیــە ڕوانگــەی بارزانــی بــۆ هەڤاڵەکانــی، وەك ئایــەت و ئەڵقەیــەک لــە گوێیانــدا دەزرنگایــەوە. وانەیــەک کــە فێــری دەکــردن، هەرگیــز باوەڕیــان بــە پێشــهاتەکانی داهاتــووی نەتەوەکەیــان لەدەســت نــەدەن.

مــەلا مســتەفا هەرگیــز خیانەتــی لــە پرەنســیپەکانی خــۆی نەدەکــرد. تەنیــا و تەنیــا بــە ڕێگــەی خــۆی، ماندوونەناســانە خەباتــی دەکــرد بــۆ بەدەســتهێنانی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــوردی عێــراق. لــەم پێناوەشــدا بەهیــچ جۆرێــک ئامــادە نەبــوو کەرامەتــی خــۆی و نەتەوەکــەی تاڵانفــرۆش بــکات. ئــەو وەک ســەرۆک و ســەرداری بارزانییــەکان و ڕابــەری نەتــەوەی کــورد و تــەواوی هــۆز و خێڵــە خەباتکارەکانــی کــورد کــە تێکــڕا پەیوەندییــان پێــوە کــرد بــوو، هەمــوو دەســکەوت و دەســەڵاتێکی تایبەتــی و هەمــوو پێشــنیار و پێگەیەکــی خێڵایەتــی و زاڵبوونــی زەمینــەی هۆزایەتــی دابوویــە دواوە، لەبەرانبــەردا بزووتنــەوە ڕزگاریخوازییەکــە و بەرژەوەندییــە گشــتییەکەی نەتەوەکــەی هەڵبــژارد بــوو.

بارزانــی خاوەندارێتــی خواســتی نەتــەوەی کــوردی دەکــرد، هیچکاتێــك بــە پێدانــی ئۆتۆنۆمییەکــی ســاختە و ناتــەواو، ئۆتۆنۆمییــەک کــە دەســەڵاتی ناوەنــدی عێــراق بەکامــی بەرژەوەندییەکانــی خۆیــان دایانتاشــیبوو فریــوی نەخــوارد، بەڵکــو بارزانــی خەونــی خۆشــگوزەرانی خەڵکــی کــورد و خواســتی فراوانکردنــی ســنوورەکانی کوردســتانێکی ئۆتۆنۆمــی کردبــووە ســەنگی مەحەکــی ململانــێ مێژووییەکانــی. بەتایبەتــی داننــان بــە شــاری کەرکووکــی کوردنشــیندا، وەک پایتەختــی کوردســتان، ببوویــە بناغــە و داینەمــۆی داخوازییەکانــی دەســپێکی شۆڕشــی هاوچەرخــی کوردســتان. کەرکــووک لــە پێناســەی بارزانیــدا وەک دڵــی کوردســتان نــاسرا بــوو. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو، بــەردەوام، خەڵکانێکــی هەلپەرســت و دەربــاری دەســەڵاتە داگیــرکارەکان، زۆرجــار دەبوونــە گرفــت و کێشــە و سەرئێشــەیان بــۆ بزووتنەوەکــەی بارزانــی دروســت دەکــرد. هەربۆیــە هەندێکجــار بارزانــی لــە هەڵبژاردنــی هاوپەیمانەکانیــدا ڕووبــەڕووی کەســانی ناپــاک دەبوویــەوە، هــەر ئــەو کەســانەش بــوون، زۆربــەی زۆری جــارەکان خیانەتیــان لێدەکــرد.

بارزانــی هیچکاتێــک بــە ئاســانی متمانــەی خــۆی نەدەبەخشــییە نەیارەکانــی، بەشــێوەیەک بــەردەوام ڕێوشــوێنی توندوتــۆڵ و تەکبیــری سیاســی و ســەربازی کارای دادەڕشــت، بــەردەوام شــوێنی نیشــتەجێبوون و مانــەوەی مەنزڵەکــەی دەگــۆڕی، هەربۆیــە زۆرجــار لەپێنــاو گرتنەبــەری گیانــی شۆڕشــگێڕیی و ستراتیژێکــی ســەرکەوتوودا، بڕیــاری یەکلاکــەرەوە لەلایــەن خــودی خۆیــەوە دراوە. بەمــەش کەســانێک کــە بــەدوای درز و کەلەبــەری کەوتنــی شۆڕشــەکەوە بــوون، بارازنیــان بــە تەڕحــی تاکڕەوانــە تۆمەتبــار دەکــرد. هەڵبەتــە بارزانــی بۆخــۆی، بەشــێوەیەکی هەوەنتــە بڕیــاری نــەدەدا، بەڵکــو بــە ئاڕاســتەی فەرهەنگێکــی واتــادار، وانــەی وەرگرتبــوو، ئەمــەش وایکــردووە بتوانیــن بڵێیــن، ئــەو تەنیــا ســەرکردەیەی کــورد بــوو کــە لــە ئەزموونــەوە دەدوا. بــەو پێیــەی ڕەگ و ڕیشــەی ڕەســەنایەتی خۆیانی لــە ڕابــردووی نەقشــبەندییەکانەوە ناســاندبوو، هەربۆیــە شــێوازی بەڕێوەبردنیشــی لەگــەڵ واقیعــی کۆمەڵایەتی-سیاســیی ئــەو ســەردەمەدا دەگونجانــد.

بارزانــی دڵســۆز و میهرەبــان و خەمخــۆر بــوو، هەمیشــە لەخەمــی ئــەو کەســانەدا بــوو کــە ســەبارەت بــە داهاتــووی کوردســتان، بــە تــەواوی هاوبــەش و هــاوڕێ و هاوبیــری تێڕوانینێکــی کوردانــە بــوون. لەچەندیــن یاداشــت و بیرەوەریــدا، هــاوڕێ و هەڤاڵەکانــی بارزانــی، ئەویــان وەک کەســێکی ئاسایی نەدیــوە، بەڵکــو ڕێــز و پێگەیەکــی

ئێجـگار تایبەتیـان بـۆ دانـاوە. ئـەوە لەکاتێکـدا بـووە کـە بارزانـی بۆخـۆی هەرجـۆرە پێدانــی پەســن و پیرۆزییــەک لــە شوناســی خۆیــدا داوەتــەدواوە، هەرگیــز وەك ســەرکردەیەکی نەریتــی و ئەرســتۆکرات ئامــادەی نێــو کــۆڕ و کۆبوونەوەکانــی ژیانــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی نەبــووە، بەڵکــو زۆر بەســادەیی و خاکییانــە لەنــاو خەڵکــە خەباتکارەکــەی خۆیــدا ژیــاوە.

بارزانــی زۆرجــار ئــەوەی دەدایــە دواوە کــە گەنجانــی بەتوانــا و زیــرەک، بێنــە نــاو یەکەکانــی هێــزی پێشــمەرگەوە، بەڵکــو دەســتیدەگرتن و دەیانناردنــە بەرخوێنــدن. بــەو پێیــەی لــە داهاتــوودا، کوردســتانێکی ئــازاد، ئاتاجــی بــە توانــا و زانســتەکانە. لــە هەمانکاتــدا بــە توندیــش شــەڕی ئــەو کوردانــەی دەکــرد کــە هەوڵیــان دەدا ڕادەســتی سوپای عێـراق بـن و لەنـاو سـوپای داگیرکـەری عێراقـەوە ڕۆڵـی خۆیـان ببینـن، یاخـود ئــەو کوردانــەی بەشــداری ئۆپەراســیۆنەکانی دژ بــە کــورد و بارزانییەکانیــان دەکــرد، لەپێشــچاوی بارزانیــدا وەك قوربانییەکــی زیهنییەتــی داگیرکاریــی دەبــینران. هەربۆیــە بارزانــی بێبەزەییانــە لەگــەڵ هەمــوو ئــەو کەســانەدا دەجەنــگا کــە لەلایــەن دەزگا هەواڵگرییەکانــی داگیرکــەر و بیانییەکانــەوە ئاڕاســتەی لێکترازانــی لاوەکانــی کــورد و ماڵــی کوردیــی دەکــران. بارزانــی پیاوێکــی ئیمانــدار، خاوەنــی بیروباوەڕێکــی قووڵــی ئاینــی بــوو، تەنانــەت زۆر بــە قوڵــی لەژێــر کاریگەریــی ســەهەندی ســۆفیزمی نەقشــبەندی و عیرفانــی ڕەوگەئاینییەکانــی کوردەواریــدا خــۆی دەبینییــەوە کــە دیــارە شــێخ ئەحمــەد بارزانــی، بــرا گەورەکــەی پێشــەوایەتی ئــەو ڕەوت و ڕێبــازەی دەکــرد.

بارزانــی تاوەکــو دوورکەوتنــەوەی و پەنابردنەبــەر یەکێتــی ســۆڤیەت، زۆربــەی کاروبارەکانــی ژیانــی ڕۆژانــە و پراکتیکــی ژیانــی کۆمەڵایەتــی و سیاســیی خۆی، پەیوەســت بــوون بــە ڕێنمایــی و راســپاردەکانی شــێخ ئەحمــەد بارزانیــەوە. کاتێکیــش لــە یەکێتــی ســۆڤیەتدا مابوویــەوە، ئــەوکات شــێخ ســلێمان، وەک ڕاهێنــەری ڕۆحــی کۆچبەرانــی کــورد، لەگــەڵ شــوێنکەوتوانی بارزانــی و یەکــە چەکدارییەکانــی هاوەڵیــدا، ئەوانــەی پێکــەوە چوبوونــە یەکێتــی ســۆڤیەت، لــەوێ بــە ئامــۆژگاری و ڕێنومایــی شــێخ ســلێمان، دەســبەرداری دنیابینــی ئاینــی و تەریقەتــی خۆیــان نەبــوون.

لــە هەندێــک دۆخــدا لەپێنــاو ئامانجــی بەنرخــی گەیــشتن بــە ســەربەخۆیی کوردســتان، ناچــار دەبــوو، بەشــێوەیەکی تاکتیکــی نەرمــی و دیپلۆماســیی سیاســی

خۆی نیشان بدات. ئەوە بەو مانایە دەهات كە هەرگیز سازشی لەسەر بنەما چەسپاوەكانی چارەنوسیی نەتەوەی كورد نەدەكرد. ڕاستە بارزانی هەمیشە وەك كوردێكی عێراقی مابوویەوە. تەنانەت لە كاتێكدا كە لە یەكێتی سۆڤیەتیشدا بوو، هێشتا هەر باسی لەوە دەكرد كە چۆن ئەمەریكییەكان و ئینگلیزەكان هەوڵیانداوە بە بەرتیل و فشاری جۆراوجۆر دژ بە حكومەتەكانی عێراق و ئێران و توركیا بەكاریبهێنن، بەڵام هەرگیز نەبووەتە پێشقەرەوڵی پێناوی بەرژەوەندییەكانی هیچ لایەنێك دژی داگیركەرانی كوردستان. بارزانی بۆخۆی باسی لەوە دەكرد، لە ساڵی ١٩٤٤ەوە پەیوەندی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەكانی سۆڤیەتدا هەبووە، بەڵام هەرگیز نەبووەتە كەسێكی سەر بە سۆڤیەت. یاخود هیچ كاتێك لەڕووی باوەڕەوە هاوبەشی بیرۆكەكانی سۆسیالیزمی زانستی یان شێوازی ژیان و بیركردنەوەی كۆمۆنیستەكانی نەكردووە، بەڵكو بارزانی كوردێكی ڕاستەقینە بوو. كوردێكی ڕاستگۆ، بوێر و بەهێز[(1)]. هەموو ئەو سیفات و ئەخلاقە بەرزانەی مرۆڤبوون لەلای بارزانیدا ڕەنگدانەوەی تەواوی تۆماری ژیانی بوون. چون پێیوابوو لەسەر ئەم بناغانە و بە ڕەچاوكردنی پڕەنسیپەكانی ئەخلاق، ئینجا دەتوانێت هاوبەشی و پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریكییەكاندا دروست بكات. بەڵام دیارە لای خۆرئاواییەكان ئەم بابەتانە و سیاسەت دوو دیوی پێچەوانە بوون. هەر ئەو پێداگرییەی بارزانی بوو كە دواجار لەگەڵ نەزمی سیاسی خۆرئاوادا یەكیان نەدەگرتەوە. بۆیە دواجار ژیانی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی كورد، بە شێوازێكی زۆر تراژیدی تەگەرە و ئاستەنگی گەورەی بۆ دروستكرا[(2)]. بێگومان ئەم بەرهەمە بەهایەكی زۆر گەورە و بابەتییانەی لەبواری لێكۆڵینەوە لە كەسایەتی مستەفا بارزانی و تایبەتمەندییەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد هەیە كە لەلایەن خودی خۆیەوە سەركردایەتی دەكرا.

(1) Barzani M. Barzani and the Kurdish Liberation Movement. P. III. The September Revolution 1961–1975. With Documentory Supplement. Arbil, 2002 (на перс. яз.).
(2) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе-ние (1931–1961 гг.). СПб., 2005.

لـە سـەروبەندی هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتاندا کـە لـە هاوینـی سـاڵی ٢٠٠٩ دا بەڕێوەدەچـوو، بـەو بۆنەیـەوە لەناوەنـدە میدیاییەکانـدا، بەتایەتـی لـە گوتـاری نەیارانـی بیری نەتەوەیـی کـورددا، جارێکـی تـر مشـتومڕێک لەبـارەی کەسـایەتی مـەلا مسـتەفا بارزانـی و ڕاسـت و دروسـتی ڕێبازەکـەی لەپێنـاو خەبـات و خواسـتی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان هاتبـووە ئـاراوە. لـەم میانـەدا لـە ١٥ی ئایـاری ٢٠٠٩ دا، ڕەئـوف نەقشـبەندی بـە شـێوەی ئۆنلایـن، وتارێکـی بـە ناونیشـانی:

مسـتەفا بارزانـی، ڕەوایەتـی سـەرکردایەتییەکەی و کۆتـا دیـداری لەگـەڵ شـای ئێرانـدا، بڵاوکـردەوە. لـە وتارەکەیـدا نووسـەر ئـەوەی خسـتبووەڕوو کـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی و سـەرکردایەتییەکەی سـەرەتا بـە هەڵـەدا چووبـوون. گوایـا بۆخۆیـان بـە هـاوکاری ئێـران، هەماهەنگییـان کـردووە و دەسـتیان هەبـووە لـە شـاردنەوەی سـەرچاوە داراییەکانـی شۆڕشـەکەدا. هەمـوو ئـەم بۆچوونانـە، بـێ لـە تۆمـەت و تەفـرەدان و بابەتـی بێبنەمـا شـتێکی دیکـە نیـن. هەربۆیـە هەوەنتـە نییـە کە لەلایـەن نووسـەرانی کـوردەوە دراونەتـە دواوە و بەهایەکـی بابەتییـان نییـە. چـون تێکڕایـان تۆمەتـی بێبەڵگـەن و تەنیـا دەنگـۆ و دنـەی داگیرکـەران دەیانجوڵێنـن. بـۆ نموونـە هەمانسـاڵ (ئە.دەمیرخـان) لـە هاوینـی ٢٠٠٩دا نوسـیبووی:" مـەلا مسـتەفای بارزانـی، ناوێکـی ڕێـزدار و ڕەوونەقـداری ڕابردووی ڕاسـان و نیشـتمانپەریی کـوردە، بەشـێوەیەك دەتوانرێـت بوترێـت لـە مێـژوودا درەوشـاوەترین ڕابـەری نەتەوەییـە، ئەمـەش پەسـنێکی هەوەنتـە نییـە، دیـارە هۆکارگەلێـک هـەن کـە ئـەو ڕاسـتییە پشتڕاسـت دەکەنـەوە، لەوانـە:

**یەکـەم:** تەنیـا سـەرکردەیەکی سـەدەی بیسـتەمە کـە لـە هەوڵـی یەکخسـتنی کوردی هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان و کـۆی کوردانـی پەڕاگەنـدەی جیهانـدا بـووە.

**دووەم:** تەنیـا سـەرکردەیەکی مێـژووی هاوچەرخـی کـوردە کـە بـە ڕوونوڕەوانـی تـەواوی تێکۆشـان و خواسـتەکانی گەلـی کوردسـتانی خسـتوونەتەڕوو.

**سـێیەم:** یەکەمیـن سـەرکردەی نـاو زەواری مێـژووی تێکۆشـانی ١٥٠٠ سـاڵەی سـەرزەمینی کوردسـتانە کـە توانـی بـە واژۆکردنـی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، بـۆ هەوەڵینجـار دانپێدانانـی فەرمـی پەیوەسـت بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد بەدەسـتبهێنێت. ئەوەتـا هەنوکـەش ئەمیرخـان ئامـاژە بـەوە دەکات، ئـەم دەسکەوتانەی ئەمـڕۆی نەتـەوەی کـورد لـە عێراقـی نوێـدا، درێژکـراوەی ئـەو بنەمـا و

بڕستەی ڕێككەوتنـی ١١ی ئـادارن كـه لەسـەر هەمـان بەنـد و بابەتـی مـاف و ئـازادی نەتەوەیـی كـورد دامـەزراون.

لـە كۆتاییـدا دەكرێـت بوترێـت، هەمـوو سـەركردەكانی ڕابـردوو و ئێسـتای پارتـە سیاسـییە كوردییەكانـی ٦٠ سـاڵی ڕابـردوو، تێكڕایـان سروشـی سـەركەوتنەكانیان لـە كـردەوە و هـزری مـەلا مسـتەفا بارزانییـەوە وەرگرتـووە و وەردەگـرن.

لـە هەمـان كاتـدا نووسـەر، دان بـەو ڕاسـتییانەدا دەنێـت كـە بەداخـەوە تاوەكـو ئێسـتاش زۆرێـك لـە كـوردە خوێنـدەوار و ڕووناكبیـرەكان، ئەوانـەی لەژێـر تیـن و تیـۆری ڕۆژئاواگەراییـدان، هێشـتا لـە پاڵنەر و پەیامی پشـت خەبات و تێكۆشـانی بارزانی و ئامانجە باڵاكانـی تێنەگەیشـتوون. ئـە. دەمیرخـان لـە سـاڵی ١٩٧٥ دا، بـۆ یەكەمجار بارزانی ناسـی. ئـەوكات وەك قوتابییـەك، هەواڵـی نسـكۆی شـۆڕش و شكسـتی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی كـوردی بیسـت. ئەوەبوو وەك نواندنی هەڵوێسـتێكی هیومانیسـتی و كوردانە، بەمەبەسـتی بەدەنگەوەهاتنـی جیهـان دەرهـەق بـە مافـی نەتەوایەتـی كـورد و ڕێگرییكـردن لـە جەنگ و جینۆسـایدی كـوردی عێـراق لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە. وەكـو قوتابییـەك لـە باكـووری كوردسـتانەوە بەشـداریی لـە چالاكییەكانـی پاڵپشـتیكردن و بەهاناوەچوونـی پەنابـەر و لێقەوماوانـی كـوردی عێـراق كـرد. لـەم میانـەدا لەگـەڵ چەنـدان قوتابـی و جەوانـی چالاكوانـدا، چەندیـن بارهەڵگـر و ئۆتۆمبێلـی پـڕ لـە كۆمـەك و هاوكارییـان هێنابوویـە سـنوورەكان و بەتەنـگ ئاوارەكانـی كـوردەوە هاتـن. ئـەوە لەكاتێكـدا بـوو كـە سـوپای توركیـا ئاسـتەنگی زۆری دروسـت دەكـرد و ڕێگـەی بـە هیـچ كەسـێك نـەدەدا هـاوكاری و كۆمەكـی ئـاوارەكان بـكات، بـەڵام ئـەم گەنجـە خوێنگەرمانـە، سلی ان لەهیـچ هەڕەشـە و گوڕەشـەیەك نەدەكـردەوە. هەربۆیـە ناوبراویـش وەك نموونـەی چەنـدان لاوی دیكـەی ئەو قۆناغـە، لـەو كاتـەوە و هـەر لـە تەمەنێكـی بچووكـەوە، دەسـتیان دایـە چالاكـی سیاسـی و ئینسـانیی. ناوبـراو زۆری لەبـارەی بارزانییـەوە بیسـتبوو. ئـەوی وەك ڕەمزێكـی ڕاسـان و ڕابەرێكـی ڕووبەڕووبوونـەوەی سـتەمكاریی وێنـا دەكـرد. هەربۆیـە بەوپـەڕی پەرۆشـییەوە بەشـداریی لـە چالاكـی و نارەزاییەتییەكانـدا دەكـرد. كاتێـك دایكـی بـەم چالاكییانـەی دەزانێـت، پێـی دەڵێـت:" ئـەوان هەرگیـز دژی بارزانـی نەبـوون، بـەڵام هیچكاتێـك متمانەیـان نـە بـە كەمالییـەكان و نـە سـۆڤیەتییەكان نەبـووە". ئەمـەش یارمەتیدەرێكـی گرنـگ بـوو بـۆ ئەمیرخـان، چونكـە بنەماڵەكەیشـی پشـتیوانییان لـە چالاكییەكانـی دەكـرد.

هەربۆیە لەم بارەیەوە نوسیویەتی: "لە ساڵی ١٩٧٦دا زۆرێک لە ڕێکخراوە کوردییەکان لە سەرانسەری کوردستان، بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا، دژایەتی بارزانیان دەکرد، چونکە ئەوان لایەنگریی بیری مارکس بوون و دژە دنیابینی ڕاست و ڕوانگەی ڕۆژئاوایی بوون. هەربۆیە هەر نیشاندانی هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرانبەر بە بارزانی، مایەی مەترسی و سەرئێشە بوو بۆمان. هەڵبەتە بانگەشەکانی بەرهەڵستکارەکان، تێکڕا لەسەر بنەمای ئەوە بوون کە بارزانی بیرۆکەی دژە کۆمۆنیزمی هەڵگرتووە. هەر ئەمەش زەمینەی بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوە چەپگەرایانەی کورد ڕەخساندبوو، تاوەکو بارزانی بەو بیانووە تۆمەتبار بکەن کە گوایە لە ئاستی سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا ڕێگایەکی هەڵەی هەڵبژاردووە". هەر بە گوتەی دەمیرخان، هەموو ئەو تانە و تۆمەتانەی بۆ بارزانی هەڵبەسترا بوون، تێکڕایان لە ڕاستییەوە دووربوون. هەڵبەتە بانگەشەی چەپگەراکان بەوەی کە گوایە سۆڤیەت هێزێکی فریادڕەس و ڕێگایەکی ڕاستودروستی ڕزگارییە، تەنیا خەون و خەیاڵپڵاوی بوو، ئەگینا لەسەر ئەرزی واقیعدا، ئەوەی دەگوزەرا، شتانێکی تەواو پێچەوانە بوون. ئەوان بێئاگابوون لەوەی یەکێتی سۆڤیەت (٨٠٠٠) ڕاوێژکاری تەکنیکی و سەربازی لە عێراقدا خستبوونە خزمەتی ڕژێمی بەعسەوە و هاوکاری سیاسەتی ستەمکارانەی ڕژێم و سەدام حوسێنیان دەکرد. کەواتە لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردووشدا، یەکێتی سۆڤیەت تەنیا سیاسەتی دەکرد و بەس بەدوای بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هیچکاتێک نەچوویە مەترێزی خۆرئاواوە دژ بە سۆڤیەت. ئەوەتا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگی سارددا، بیرۆکەی دامەزراندن و دروستکردنی کۆماری کورد لە مەهاباد، باشترین بەڵگە بوو کە ڕێگە بە سەرکردایەتی سۆڤیەت درا، تاوەکو سیاسەتێک بە ئامانجی لاوازکردنی پێگەی بەریتانیا و ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیڕەوبکەن. ئەوەش لەو پێناوەدا بوو کە کورد هەموو هیوایەکیان لەسەر سیاسەتی سۆڤیەت هەڵچنی بوو. ئەوەبوو لە ڕاگەیاندنی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردیدا لە مهاباد، سەرکردایەتی سۆڤیەت نە هیچ نیازێکی مانەوەی هەبوو، نەیش هیچ هەنگاوێکی بەو ئاڕاستەی ئۆتۆنۆمییە نا. دواجار دەرکەوت مەسەلەی ئۆتۆنۆمی کورد تا ئەو ڕادەیەی پێگەی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، لە

ناوچە کوردنشینەکاندا بچەسپێنێت، بەکەڵکی سۆڤیەت دەهات، بەڵام کاتێک ئەو پێگەیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، ئیدی ڕەچاوی بوونی کۆمار و مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکرا. دەمیرخان بەردەوام هەوڵیدەدا، پشتیوانی و پارێزگاری لە ڕاستییەکان بکات و ناوبانگ و شۆڕەتی شوناسە کوردییەکە و مەلا مستەفا بارزانی بپارێزێت. لە هەمان کاتدا پەیوەست بە دژایەتییەکانی نێوان وڵاتانی زلهێز کە بەرژەوەندی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا هەبوو. بەردەوام بارزانییەکان لە نێوان بژاردەی بوونی ئینگلیز، ئەمەریکا، سۆڤیەت و ئەڵمانیادا، بەشێوەیەکی دیپلۆماسی مانۆڕی سیاسییان دەکرد و پێش هەمووشتێک هەوڵیان دەدا بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییان لەپێشچاو بگرن. دەمیرخان پێی وابوو نوێنەرانی ئەو وڵاتە بیانیانە، لە بەرانبەر ئەو سیاسەت و دیپلۆماسییەتەی بارزانی لە پێناو ئازادی نەتەوەکەیدا گرتبوویە بەر، ئەوان تەنیا هەوڵیان دەدا، دۆزی کورد بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن. بۆنموونە وەها دەهاتە پێشچاو کە ستالین متمانەیەکی ئەوتۆی بە بارزانی نەبووە. بارزانیش زۆر بە باشی لەم نیاز و نواڕینەی سۆڤییەتییەکان تێدەگەیشت. لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە بەردەوام سیاسەتی سۆڤییەتییەکان و ستالین، هیچکاتێك بە بارزانی هەزم نەدەکرا و بەردەوام مایەی نیگەرانی و تووڕەیی بارزانی بوون. تەنانەت ئەم نیگەرانییەشی نەشاردووەتەوە و چەندین جار ڕاشکاوانە ڕەخنەکانی ئاڕاستەی ئیتیکی سیاسیی سۆڤیەتییەکان دەرهەق بە دۆزی کورد کردووە.

هەرچەندە بارزانی ١٢ساڵی ڕەبەقی لە یەکێتی سۆڤیەتدا بەسەر برد. ماوەی شەش ساڵی مانەوەی لەوێدا، دەکەوتە سەردەمی ستالینەوە. ئەمەش ئەو چانسەی دابوویە بارزانی کە لە نزیکەوە ئاگاداری تاوانکارییەکانی ڕژێمی ستالین بێت. هەربۆیە بە تەواوی تێگەیشتبوو کە میتۆد و مۆدێلی سۆڤیەتی، هیچکاتێک لەگەڵ واقیعی کوردستان و کوردەواریدا یەک ناگرێتەوە.

بارزانی لە گەڕانەوەیدا بۆ عێراق زۆر بەڕاشکاوی بیروڕای خۆی لەمەڕ سیاسەتی سۆڤیەت خستەڕوو. ئەوەبوو بە ئاشکرا جەختی لەوە کردەوە؛ هیچکاتێ نە سەرسام بووە بە سۆڤیەت، نەبووەتە کۆمۆنیست، لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەو ڕاستییەدا دەنا کە هەمیشە دڵسۆزیی و ئاکاری بەرز و پێزانینی لەمەڕ مانەوە و پەنادانی لە وڵاتی واندا فەرامۆش ناکات. ئەمەش هۆکارێک بوو، بەردەوام مامەڵەکردنی لەگەڵ

نوێنەرانـی سـۆڤیەت و گوێگرتنـی بـۆ ڕاسـپاردەکانیان بـە ڕێگایەکـی شـیاوی سیاسـیی و دیپلۆماسـیی بەهەنـد وەردەگـرت. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو هیچکاتێـک نەدەکەوتـە ژێـر کاریگەریـی ئەوانـەوە، هەمیشـە بـە شـێوازی خۆڕسـکی خـۆی، خەبـات و تێکۆشـانی دەکـرد و هەڵوێسـتەکانی دەردەبڕیـن.

بارزانـی هەرگیـز یارمەتییەکانـی سـۆڤیەتی نـە دەدایـە دوواوە، نەیـش ڕادیکاڵانـە مامەڵـەی دەکـرد، بەڵکـو لـە هەمانکاتـدا هەڵوێسـتی خـۆی لـە تـەواوی گفتوگۆکانیـدا لەگـەڵ نوێنەرانـی سـۆڤیەتدا بـە بێپێـچ و پەنـا و هیـچ پەنهانییـەك پێشـانیداون. ئەم نەریتـی مامەڵـە و میتـۆدە سیاسـییەی نێـوان بارزانـی و سیاسـییەکانی سـۆڤیەت لـە بیرەوەرییەکانـی بەرپـرس و سیاسـەتمەدارە دیـار و ناسراوەکانـی ڕووسـیای ئـەو سـەردەمەدا زۆر بـە ڕوونـی ئاماژەیـان پێـدراوە. بۆنموونە، هەریەک لە: سـودۆپلاتۆڤ، ئە.ڤی. کیسـێلێڤ، ئی.م.پریماکـۆڤ، زۆر بـە ڕوونـی و ڕاشـکاوی سـەربەخۆیی بڕیـار و ماریفـەی بارزانییـان لەگـەڵ سـۆڤیەتییەکاندا وێناکـردووە. جیـا لـەوەش ئاماژەیـان بـەو ڕاسـتییانە داوە کـە چەندینجـار سـۆڤیەتییەکان ڕێزیـان لـە بارزانـی نـاوە و ستایشـی سیاسـەتەکانیان کـردووە. بەتایبەتـی لەکاتـی گفتوگۆکـردن لەگـەڵ سـەرکردە باڵاکانـی سـۆڤیەتدا، لەنـاو ئەوانیشـدا لەگـەڵ (ن.س.خرۆشـۆف)دا ئـەم ڕێـز و ڕاسـتگۆییەی بارزانییـان نەشـاردووەتەوە.

هــەر پەیوەسـت بـە ڕۆڵ و تایبەتمەنـدی کەسـایەتی بارزانـی لـە مامەڵـە لەگـەڵ سـۆڤیەتییەکاندا، ئـەوان پێیـان وابـووە، بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد، لەژێـر سـەرکردایەتی بارزانیـدا ئاڕاسـتەکراوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، هەریـەک لـە باشتریـن ڕۆژنامەنووسـان (پ. دێمچنکـۆ، ف.سـیفول-مولیوکۆڤ، ل.مێدڤدکـۆ، ئی.پریماکـۆڤ و چەنـد ڕۆژنامەنووسـێکیتریش تێکڕایـان لـە چاپەمەنییەکانـی ناوەنـدی سـۆڤیەتدا زۆر بـە وردی ڕوماڵـی خاوەندارێتـی خەباتـی نەتەوەیـی کوردیـان، وابەسـتە بـە ڕابەرایەتـی و ڕامیارییـە نەتەوەییەکانـی بارزانـی کـردووە. هەرچەنـدە بـەردەوام نەیارانـی بارزانـی و دەنگـۆی هەواڵـی سـاختە و ناوەنـدە هەواڵگیرییـەکان، ئەوانـەی چاویـان بـە ڕابەرایەتـی بارزانـی هەڵنەدەهـات، یاخـود بەشـێک لـە ڕێکخـراوە کوردییـە کرێگرتـە و دەسـکەلاکان، ئەوانـەی کەوتبوونـە داوی داگیرکاریـی و نەیارێتـی کـوردەوە. هەمیشـە هەوڵـی تێکدانـی پەیوەنـدی بارزانـی و سـۆڤیەتیان دەدا. بۆنموونـە نامەیەکـی بارزانیـان بڵاوکـردەوە. دیاربـوو نامەکـە ئاڕاسـتەی بەرپرسـانی کۆشـکی سـپی ئەمەریـکا کرابـوو. لـە نامەکـەدا بارزانـی تەنیـا

داوای هاوکاریــی و پشــتیوانیکردنی نەتەوەکــەی لــە ئەمەریــکا دەکات. لــەم بارەیــەوە دەمیرخــان بەشــێوازێکی تێروتەســەل نووســیویەتی:" هیــچ کەســێک نایەوێــت دان بــەو ڕاســتییەدا بنێــت کــە ڕێککەوتننامــەی جەزائیــری ســاڵی ١٩٧٥، ڕەنگدانــەوەی ڕێککەوتــن و ڕازیبوونــی هەریــەک لــە ئەمەریــکا و ســۆڤیەت بــووە. ئــەوە ئەوانــن داندەنێــن بــە دۆخــی ئێســتای ناوچەکــەدا". ناوبــراو لەنووســینەکەیدا، زۆر بــە شــێوەیەکی بابەتییانــە، هەوڵیــداوە تێکــڕای ئــەو تۆمەتانــە پووچــەڵ بکاتــەوە کــە بەرانبــەر بارزانــی گیراونەتەبــەر.

بەهەمــان شــێوە لــە وتارەکــەی ڕەئــوف نەقشبەندیشــدا، جەخــت لــەوە کرابوویــەوە، هــەر کوردێــک، ئــیتر بەبــێ گوێدانــە ئــەوەی دۆســتی بارزانــی بووبــن یــان دوژمنــی، ئــەوا ئاشــنان بــە توانــا و ئەخلاقــی پــاک و کاری چــاك و بیرکردنەوەکانــی بارزانــی، یانــی یــار و نەیاریشــی دانــی خێریــان بــە ســیفات و ئــاکاری بــەرزی بارزانیــدا نــاوە[1].

شــایەتحاڵێکی دیکــەی ڕووداوەکانــی دەیــەی حەفتاکانــی ســەدەی ڕابــردوو، بەنــاوی حەبیــب ئەتــارۆزی کــە لــە ســاڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ دا لــە زانکــۆی تارانــدا خوێندوویەتــی، یەکێــك بــووە، لــە چاودێــرە نزیکەکانــی ڕووداوەکانــی ئــەو قۆناغــەی کوردســتانی عێــراق و چــاوی لەســەر چالاکییەکانــی مــەلا مســتەفا بارزانــی بــووە. حەبیــب زۆر بــە ڕاشــکاوی ســەرنجەکانی خــۆی خســتووەتەڕوو. بەجۆرێــک ئــەوەی ســەلماندووە، بارزانــی بــە ناچاریــی، لــەدوای پێشــهاتەکانی نســکۆی شۆڕشــدا پەنــا دەباتــە بــەر ئێــران. هەروەهــا لەبــارەی پێزانیــن و ستایشــی ســیفاتی بــەرزی بارزانیــدا نووســیویەتی: "مــەلا مســتەفای بارزانــی لــە چــاوی سیســتەمە جیهانییەکــەدا، تەنیــا تاوانــی ئەوەبــوو کــە نوێنــەری نەتەوەی بندەســتی کــورد بــوو. ئــەو نەتــەوە بێکــەس و بێــدەرەی، هیــچ دڵســۆز و دۆســتێکی لــەو جیهانــەدا بــۆ نەمابوویــەوە. ئــەو نەتــەوەی بــە تەنیــا بەجێیــان هێشــت و هیــچ هێزێــک دەســتی هاوکاریی بــۆ درێــژ نەکــردن". هــاوکات ناوبــراو هەمــوو ئــەو ڕەخنانــەی دژ بــە بارزانــی ئاڕاســتەدەکران، تێکڕایانــی بــە ڕەخنــەی لۆژیکــی و بابەتیــی دانــە دواوە و ســەلماندی ســڕی ســەربەرزی و ســەرکەوتنی بارزانــی لەوەدایــە کــە هەمــوو ژیانــی خــۆی بــۆ خەبــات لەپێنــاو مافەکانــی گەلــی کوردســتان تەرخــان کــردووە. بەردەوامیــش بــوو تاوەکــو ئەودەمــەی دواجــار لــە دەربەدەریــدا ســەرینایەوە. ئــەو ڕابــەرەی چەندیــن

---

(1) Demirhan A. Mustafa Barzani and His Immortal Legacy. — http://www.kurdishaspect.com/doc052209AD.html

جـار ڕووبـەڕووی هەوڵـی تیرۆرکـردن و کـوشتن ببـووەوە. حەبیـب ئەتـارۆزی، وابەسـتە بـە پیلانـی نێودەوڵەتـی و دوژمنانـی زۆر و زەبەنـدی هەرێمـی، بارزانـی وەک پیاوێکـی شایسـتە و سـەردارێکی بەتوانـا و لێهاتوویەکـی لۆژیکـی وێنـا دەکات. هەربۆیـەش دواجـار سیسـتەمە داگیرکارییەکـە نەیهێشـت بـە ئامانجـی دڵخـوازی نەتەوەکەی بـگات و گەلەکـەی لـە کۆتوبەنـد و ئەسـارەت ئـازاد بـکات. ناوبـراو پێیوایـە پیلانگێڕییەکانـی پێنـاوە جیهانییەکـە لـە واژۆکردنـی ڕێککەوتنـی جەزائیـردا بەرجەسـتە دەبێت، چونکـە بەگوێـرەی پیلانەکـە هەمـوو هاوکارییەکـی دەرەکـی ڕاگیـرا و شـای ئێرانیـش هێزەکانـی خـۆی بـۆ هاوکاریکردنـی سـەدام حوسـێنی دوژمنـی سەرسـەختی کـورد تەرخانکـرد و پشـتی کـردە سـەرجەم بەڵێنەکانـی پێشـووی. هەربۆیـە لـەو هەلومەرجـە سـەختەدا بارزانـی هیـچ بژاردەیەکـی تـری، جگـە لـە ڕزگارکردنـی گیانـی پێشـمەرگەکانی و کەمکردنـەوەی زیـان و پاراسـتنی هێـزی مرۆیـی شۆڕشـەکە لەبەردەمـدا نەبـوو. بۆیـە ئـەم ڕێگایـەی هەڵبـژارد، تاوەکـو بتوانێـت لەپێنـاو درێـژەدان بـە خەبـات، جارێکـی تـر، سـەرلەنوێ بێتـەوە مەیـدان.

سـەرەڕای شـیکارە بابەتییەکانـی کۆتاییهاتنـی شـۆڕش، حەبیـب ئەتـارۆزی تـەواوی ئـەو تۆمەتانـەی ئاڕاسـتەی بارزانـی کرابـوون، هەموویانـی بـە تۆمەتـی بێبنەمـا و پووچـەڵ شـکردووەتەوە، بـەو پێیـەی چەمکـی ڕادەسـتبوون، هیچکاتێـک لـە بازنـەی بیرکردنـەوەی سیاسـی بارزانـی و کـورددا بوونـی نەبـووە. ناوبـراو نووسـیویەتی:" بارزانیـش وەک هـەر شۆڕشـگێڕێك، سـەرەڕای ڕەنـج و ماندوبـوون و سـەرکردایەتی درێژتریـن شۆڕشـی چەکداریـی، نەیتوانـی بـە ئامانجەباڵاکانـی نەتـەوەی کـورد بـگات کـە ئـازادی و ڕزگاری و دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانن". هەڵبەتـە نووسـین و بابەتەکانـی دەمیرخـان و حەبیـب ئەتـارۆزی و کەسـانێکی دیکـەی وەك ڕەئـوف نەقشـبەندی کـە ئـاگاداری وەهـا ویژدانێکـی زینـدووی نـاو نەریتـی نووسـینەوەی مێـژووی شۆڕشـەکانی بـارزان بـوون، هەمیشـە بـە بەڵگـەوە وەڵام و وەڵامکارییـان سـەبارەت بـە ڕاسـت و دروسـتی ڕێگاکانـی خەبـات و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان گرتووەتەبـەر. هەنوکـەش زۆێـک هـەن کەوتوونەتـە داوی نەیارانـی کـوردەوە. زۆرێکیـش لەبـەرەی دژ بـە نەتـەوەی خۆیانـدان، چونکـە کەلتـووری شـێواندنی مێـژوو، زۆرترینـی بـەر شوناسـی شۆڕشـەکانی نەتەوەیـی کـورد و سـەرکردەکانی کەوتـووە. هەنوکـەش کەسـانێک هـەن بەشـێوەیەکی بێبنەمـا و

بێ بەڵگە، بوونەتە پەرچڤەی پێناوە داگیرکارییەکە و لەسەر مێژووی پاڵەوانی ئەفسانەیی نەتەوەی کورد، شتانێکی بێبەهایان بڵاوکردووەتەوە[١].

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، کوڕی مستەفا بارزانی، مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵبژێردرا. مەسعود بارزانی، بەشێوەیەکی کردەیی خەریکی بەدیهێنانی خەونە بەدینەهاتووەکەی بارزانی باوکییەتی. خۆشبەختانە ئێستا زۆرترین کوردی عێراق و کوردی کوردستانی گەورە پشتیوانی ئەو ڕێبازە سیاسییەی بارزان دەکەن. ئێستا گەلی کورد زیاتر لەو ڕاستییانە نزیک دەبێتەوە کە تێپەڕاندنی دۆخی درۆینە و ساختەی دوژمنانی کورد خستوویانەتە زیهنی زەمینە کۆمەڵایەتییەکەوە. هەربۆیە گەیشتن بە ڕاستییەکان، ڕێگایەکی سەختە. سەلماندنی ئەو ڕاستیانەی بارزانی سەرکردەیەکی چەندە بێگەرد و بەئەدەب و ئاکار بووە، بیرکردنەوەیەکی پاک و ئاوەزێکی ئازادی کوردانەی دەوێ. ئەوە لەکاتێکدایە بارزانی بۆخۆی هەمیشە لە بەرزترین پلەی شکۆمەندیدا شوێنی لە مێژووی نەتەوەکەیدا گرتووە. بارزانی لە ڕووی ئاکارەوە، بەردەوام ڕێزی نواندووە و بەهرەمەند بووە بە ڕێزگرتن لە دەوروبەری خۆی. هەربۆیە ئێستا سەرەڕای ئەوەی چەند دەیەیەک بەسەر کۆچی دواییدا تێپەڕیوە، ئەوەتا خۆمان لە توێژینەوەیەکی بابەتیدا دەبینینەوە. توێژینەوەیەکی بابەتی کە گەواهیدەری پەیوەندیدارێتی دروستکردنی بەرهەمێکی نوێیە لەسەر بارزانی. بەرهەمێک لە ژانری پۆرترێتێکی مێژووییدا، تێیدا نووسەر پشتی بە بەرهەم و سەرچاوەی توێژەرانی ناوخۆ و بیانی و هەموو ئەو بەڵگەنامانە بەستووە کە بایەخی بابەتییان لەدەستنەداوە.

لەم توێژینەوەیەدا، تاڕادەیەکی جیاواز لە هەموو توێژینەوەکانی تر، هەوڵدراوە بەمانای وشە وێنای قۆناغێکی مێژوویی نیشان بدرێت. ئەم توێژینەوەیە لەکاتێکدایە باش دەزانین کە چالاکییە سیاسییەکانی بارزانی و پەرەسەندنیان لە کوردستاندا، بەتایبەتی لە سەردەمی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی کورددا، چەندین بابەت لەسەری نووسراون[٢]. نووسەر هەوڵیداوە هەموو ئەو کەرەستە ئەرشیفییانەی

(1) Naqishbendi R. Lesson in History: Mustafa Barzani's legacy, his shortcoming as a leader. — http://www.kurdishaspect.com/article. aspx?id=15757

(2) Хаврами А. Мустафа Барзани. Материалы и документы о пребыва-нии

لەبەردەستیدان، لەوانەش ئەو بەرهەمانەی لە ئێراندا چاپکراون[1]، تێکڕایان سودیان لێوەربگرێت. بۆ ئەوەی بە تەواوی و بە وردی تیشک بخاتە سەر وێنەی واقیعی و مێژوویی سەرکردەی سەلمێنراو و دانپێدانراوی تێکڕای نەتەوەی کورد لە کوردستاندا.

в СССР. 1945–1958 гг. Эрбиль, 2002 (на перс.яз.).

(1) National Library and Archives of I. R. of Iran. Political, Social and Historical Developments of Barzan Tribes. Complied by: Mohammad Ali Soltani, Including Barzan Secrets—Dr. Ismaeel Ardalan—1946. Tehran, 2004 (на перс. яз.).

# بەشی یەکەم:

## دەسپێکی خەباتی سیاسیی مەلا مستەفای بارزانی

"هەرگیز خۆم بۆ دوژمنانی نەتەوەی کورد ناچەمێنم. ڕێگەش نادەم نیشتمانم ببێتە پاوانی پێی داگیرکەران"

"**مستەفا بارزانی**"

یەکەمین چالاکیی یاخیبوون لە ناوچە بەپیتەکانی سەرووی زێی گەورەدا، لە بناری شاخە بڵند و سەرکەشەکانەوە سەریهەڵدا. گوندەکە لە شارۆچکە بچکۆلەکەی زێباری کوردنشینەوە فرە دوور نەبوو. هەر لەوێ، لەو گوندەدا هۆزی گەورەی بارزانەکان نیشتەجێ بوون.

پێشتر هۆزی بارۆجی لەهەمان ناوچەدا دەژیان، بەڵام لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەم بەدواوە، شێخەکانی سەربە ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی، لەوانە شێخ تاجەدین و شێخ عەبدولسەلام، بەکاوەخۆ و بەرەبەرە توانیان هۆزی بارۆجیی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. دوایان بەرەبەرە هۆزەکانی دیکەی دراوسێیان، لەوانە هۆزەکانی مزوری و شیروانی و چەند دانە هۆز و تیرەی تری ناوچەکە، تێکڕا لەچوارچێوەی فیدراسیۆنێکی فراوانی خێڵەکیدا، خزانە ژێرچەتری چارەنووساز و ژێربالی بڕستی بارزانییەکانەوە[1].

بارزانییەکان وەک پێکهاتەیەکی سەربازی-تیۆکراتی، شوناسی شێخایەتی بوویە هەوێنی هێڵێکی کاریگەری ناویان. بۆیە بەشێوەیەکی بۆماوەیی و پشتاوپشت، ئەم هێڵە سەرکردایەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکەی دەکرد. بەمەش بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و کاریگەرتر، بارزانییەکان دەسەڵاتی خۆیان زۆر زیاتر لە دەسەڵاتی هەر هۆزێکیتری ناوچەکە درێژکردەوە[2].

---

(1) National Library and Archives of the I. R. of Iran. Political, Social and Historical Developments of Barzan Tribes. Complied by: Mohammad Ali Soltani, Including Barzan Secrets—Dr. Ismaeel Ardalan—1946. Tehran, 2004 (на перс. яз.).

(2) Там же.

بارزانییەکان هەر لە گوندی بارزاندا، هەستان تەکییەکیان بە مەبەستی بەندایەتی و خوێندنی نزا و نوێژ و کۆبوونەوەی سۆفیگەریی خۆیان و شوێنکەوتوانیان ئاوەدانکردەوە.(1) لە هۆزی بارزاندا، یان ڕوونتر بڵێین لەناوماڵبات و بنەماڵەی شێخەکانی بارزاندا، کارەکتەری شێخ سەرۆکایەتی هۆزەکانی ژێر ڕکێفی بارزانییەکانی دەکرد. هەڵبەتە بارگە و بنەی نەوەکانی هەمان بنەماڵە، بنەیەکیان کەوتبوونە سنووری کوردستانی ئێرانەوە. بنەیەکی دیکەشیان لە سنووری کەرکووکدا بارگەیان خستبوو. بەگشتی بارزانییەکان دەمێك بوو، ئاشنا بە نەریتی باوی نێرسالاریی بوون، ئەمەش هەڵهێنجراوی گیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەرەبەگایەتی دنیای ئەوکاتە بوو. وەلی وێنای نەریتی نێرسالاری، لە لۆژیکی بارزانییەکاندا، بە ئاراستەی ئەندێشە هیومانیستییەکەدا شکابوویەوە. لەو قۆناغەدا هەموو هەرێمەکە، لە سنووری دەسەڵاتی سیاسی عوسمانییەکاندا بوون.

مستەفا بارزانی، لە ١٤ی ئاداری ساڵی ١٩٠٣ دا، لە گوندی بارزانی سەربە ویلایەتی موسلی عوسمانی لەدایک بوو. ناوبراو لە ماڵباتی بارزان و لە بەرەبابی هێڵی شێخەکانی بارزانەوە چاوی بە ژیان هەڵهێنا. بەمەش بارزانی لەناو هەمان سیستەمە نێرسالار و نەریتە ئاینییە میلییەکەدا هاتە پێشەوە. باپیری شێخ محەمەد، کەسایەتییەکی ئایینی بە شۆرەت و شوێنکەوتەی نەزمی سۆفیگەرانەی نەقشبەندییەکان بوو. یەکەم کەس بوو لەناو هۆزی بارزانیدا کە بە وتارەکانی و بە نواندنی هەڵوێست و هێزی شێخایەتی خۆی، مورید و مەنسوب و شوێنکەوتووانێکی فرە و فراوانی لە دەوری خۆیدا کۆکردنەوە.

دواتر ئەم ڕابەرایەتییە ڕۆحییە ڕووی لە نەوەکانی نا و ئیدی ئەوانیش وەکو سەرکردە و پێشەوای دین و دنیای خەڵکەکەیان چاویان لێکرا. دەکرێت بڵێین شێخ محەمەد، شیرازە کۆمەڵایەتییەکەی بە بەنی باوەڕە ئاینییەکەوە بەستەوە، ئەوانەی دوای ئەو، جیا لەو سەهەندە سیحراوییەی سۆفیزم، سەرداریتی سیاسەتی ناوچەکەشیان گرتەدەست. کەواتە بارزانییەکان هەم

(1) Вильчевский О.Л. Курды. Введение в этническую историю курдского народа. М. – Л., 1961, с. 99–100.

لـە بـواری مەعنـەوی و هەمیـش لـە کایـەی سیاسـەت و سـیکیۆلاڕیزمدا بوونـە بـازووی بەهێـــزی نـــاو ڕێکخـــستن و ڕیفۆرمـــە کۆمەڵایەتییەکانـــی ناوچەکەیـــان.

مەسـعود بارزانـی، کـوڕی مسـتەفا بارزانـی، لـە کتێبەکەیـدا نووسـیویەتی: "هێڵـی شـێخەکانی هـۆزی بارزان، دەگەڕێتـەوە بـۆ میرەکانـی ئامێـدی. لەوێـوە باپیرەیـان میـر مەسـعود، ڕووی لـە گوندێکـی نزیـک بـارزان کـردووە. دوایـان هـەر لـەوێ لەگـەڵ ئافرەتێکـی ناوچەکـەدا هاوسـەرگیری کـردووە. دواتـر بەرهەمـی ئـەم هاوسـەرگیرییە، کوڕێکـــی لێکەوتووەتـــەوە بەنـــاوی ســـەعید. ســـەعید بووەتـــە جێنشـــینی بابـــی. لەویشـەوە شـێخ تاجەدیـن درێـژەی بـە ڕەوگـەی بارزانییـەکان داوە. شـۆرەتی شـێخ تاجەدیـن زیاتـر لـە هەموویـان تەنراوەتەوە".لێـرەوە ئـیتر تەکیـەی بارزانیـان بـە چەندیـــن زانـــا و زاهیـــد و موریـــدی مەردومەکـــە ئـــاوەدان کرووەتـــەوە. لـــە دوای شـێخ تاجەدیـن، کوڕەکـەی شـێخ عەبـدوڕەحمان و دوای ئەویـش شـێخ عەبـدوڵڵا کـە بـە زاهیـد ناسرابـوو بـەردەوام بـوون، لەویشـەوە شـێخ عەبدولسـەلامی یەکـەم دێتـە دنیـاوە. شـێخ عەبدولســەلام هــەر بــە نەوجەوانــی ڕەوانــەی کــن شــێخی گــەورە سـەید تەهـا نەهـری کـراوە. لـەوێ لـە ئاسـتانەی شـەمزینانەوە نراوەتـە بـەر دەرس و دەوری ئاینییـەوە، بـەڵام لـەدوای مەرگـی بابـی، ناچـار دەگەڕێتـەوە تەکیـەی بـارزان و سـەرۆکایەتی تەکیـە و خانەقـای بـارزان دەگرێتەدەسـت. لێـرەوە ئـیتر بەرەبـەرە ژمـارەی موریـد و مەنسـوبەکانی زیـاد دەکات و بۆیەکەمجـار جیـا لـە تەکیـەی بـــارزان، مەدرەســـەیەکیش دادەمەزرێنێـــت. بـــە دامەزراندنـــی ئـــەو مەدرەســـەیە، بـــارزان دەبێتـــە ناوەنـــدی پێگەیاندنـــی چەندیـــن قوتابـــی و زانـــای مەزنـــی ئاینـــی. هـــاوکات لـــەڕووی ڕایەڵـــەی ڕۆحـــی و کۆمەڵایەتییـــەوە، دەســـپێکی درێژبوونـــەوەی کاریگەرییەکانـــی کەلتـــووری کۆمەڵایەتـــی و ئایینـــی بارزانییـــەکان پێدەنێتـــە نـــاو قۆناغێکـی نوێـوە. بـە جۆرێـک پەیوەندییەکانـی شـێخ عەبدولسـەلام لەگـەڵ سـەید تەهـا نەهـری لـە ئاسـتێکی ئێجـگار تۆکمـە و پارێـزراودا شـیمانەی شوناسـە کوردییەکـە بـــە دیوێکـــی نەتەوەییـــدا ئاڕاســـتە دەکـــەن. لەلایەکـیترەوە ســـەردانەکانی مەولانـــا خالیـدی نەقشـبەندی بـۆ خانەقـای بـارزان، دانانـی شـێخ عەبدولسـەلامی وەک جێنشـین و خەلیفـەی خـۆی دەبێتـە خاڵێکـی وەرچەخانـی گـەورە، ئـیتر لەوکاتـەوە بـەردەوام پیـرۆزی پێنـاوە ئاینییەکـە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ، ڕەونەقـی زیاتـر و زیاتـر دەبەخشـێتە

دەســـتووری کۆمەڵایەتـــی و نەتەوەیـــی بارزانییـــەکان. هـــەر لەســـەردانەکەی مەولانـــا خالیـــدی نەقشـــبەندیدا بـــۆ بـــارزان[١]، لەگـــەڵ خۆیـــدا شـــێخ عەبدولســـەلام دەباتـــە خانەقـــای نەهـــری و پێکـــەوە دەچنـــە لای ســـەید تەهـــای نەهـــری. دیـــارە ئەویش یەکێـــك بـــووە لـــە خەلیفـــە کاریگەرەکانـــی نـــاو نەزمـــی نەقشـــبەندییەکان. بەمجـــۆرە شـــێخ عەبدولســـەلامی یەکـــەم، بووەتـــە ڕابەرێکـــی کاریگـــەری کەلتـــوورە ئاینـــداری و ڕۆحـــی و زانســـتییەکەی زەمینـــەی کوردبوونـــی ئـــەو قۆناغـــە. بەشـــێوەیەك کاتێـــك ســـاڵی ١٨٧٢ کۆچـــی دوایـــی دەکات، ئەندێشـــە و نووســـینەکانی دەبنـــە داینەمـــۆی بیرکردنەوەیەکـــی نـــوێ لەنـــاو لۆژیکـــی کوردەواریدا. دیـــارە ناوبـــراو ســـێ ســـاڵ پێـــش مردنـــی، کتێبێکـــی بـــە نرخـــی لەســـەر شـــەریعەتی ئیسلامـــی نووســـی بـــوو. دوای ئـــەو شـــێخ محەمـــەد کـــە بـــە کەســـایەتییەکی کایـــەی زاهیـــد و تەقـــوا و خواپەرســـتی نـــاسرا بـــوو لـــە جێگـــەی باییـــدا درێـــژەی بـــە ئیرشـــادی ئاینـــی دا. شـــێخ محەمـــەد لـــە ســـەردەمی باوکیـــدا بابەتـــە ئاینییەکانـــی خوێندبـــوو. هەربۆیـــە کەســـێکی بـــە ماریفـــە و مونـــەوەری ئاینـــی بـــوو، بەشـــێوەیەك لـــە ســـەردەمی ئـــەودا خانەقـــای بـــارزان بوویـــە پەناگەیـــەک بـــۆ داڵدەدانـــی کەســـانی کەنەفـــت و بێنـــەوا، ئەوانـــەی دەربـــەدەر و بێدەرەتـــان بـــوون بەوپـــەڕی خزمەتگوزارییـــەوە شـــوێنیان دەکرایـــەوە. ئـــەم نەریتـــە بوویـــە هۆکارێـــک تاوەکـــو کەســـانی چەوســـاوە و ســـتەمدیدە، یـــان ئەوانـــەی لەژێـــر هەڕەشـــە و گوڕەشـــەی گونـــدە و ملهوڕانـــدا بـــوون، بەتایبەتـــی لـــە هۆزەکانـــی دەوروبـــەر و دراوســـێکانی بارزانـــەوە، هانایـــان دەبـــردە بـــەر پەناگـــەی بـــارزان. ئەمـــەش بـــووە هـــۆی ئـــەوەی شـــێخەکانی دراوســـێی بـــارزان، ســـکاڵا و گازاندەیـــان دژ بـــەم نەریـــت و نیـــازە مرۆڤدۆســـتییەی شـــێخ محەمـــەدی بـــارزان، بەرنـــە بـــەر قاپـــی ئاســـتانە و دەســـەڵاتی عوسمانـــی. بەمـــەش توانیـــان دنـــەی عوسمانییـــەکان بـــدەن و تورکـــەکان دژ بـــە شـــێخی بـــارزان بەلەســـە بکـــەن. دیـــارە ئـــەوان لـــە پێگـــە و بنکـــەی فراوانـــی جەمـــاوەری شـــێخی بـــارزان دەترســـان. هەربۆیـــە بـــەو پیلانگێڕییەیـــان، عوسمانییەکانیـــان تەفـــرەی

---

(١) ئـەم سـەردانە هەڵگـری هێمایەکـی گەلـێ گرنگـی کۆمەڵایەتـی و ڕۆحـی بـوو، چونکـە زۆرترینـی خەلیفـەکان بۆخۆیـان چونەتـە خزمەتـی مەولانـا خالیـد، بـەڵام بەنیسـبەت بارزانییەکانـەوە، ئـەوا بۆخـۆی هاتـووە سـەردانی بارزانییەکانـی کـردووە. ئـەوەش ئاماژەیەکـی گرنگـی ئایینـی و ڕۆحـی بـووە. بەتایبەتـی کـە نەقشـبەندییەکان لەوکاتـەدا جڵـەوی جوڵانـەوە کۆمەڵایەتییەکەیـان لەدەسـتدا بـووە و ئاڵاهەڵگـری بیـری و هەسـتی نەتەوەیـی خەڵکـی کـورد بـوون.

تێڕوانینــە هەلپەرســتییەکەی خۆیــان دا و ئەوانیــش لــە ڕێگــەی هێــزی ســەربازییەوە شــێخ محەمەدیــان ســزادا و ڕووە و شــاری بەتلیســی کوردنشــینی کوردســتانی تورکیــا دوورخســتەوە و بــۆ مــاوەی ســاڵێکیش تونــدی زیندانیــان کــرد. وەلــێ هــەر زوو، دوای ئازادکــردن و گەڕانــەوەی بــۆ زێــدی باپیرانــی لــە بــارزان، دروســت لــە ســاڵی ١٩٠٣ دا، بەهــۆی نەخۆشــییەوە ماڵئــاوای لــە ژیــان کــرد. دوایــان وەک نەریتــی ڕابــردووی شــێخانی بــارزان، یەکێــک لــە کوڕەکانــی ئەرکــی و ئــاکاری شــێخایەتی گرتــە ئەســتۆ. هەڵبەتــە شــێخ محەمــەدی بــارزان لــەدوای خــۆی پێنــج کــوڕی لــە شــوێن بەجــێما بــوون، ئەوانیــش بریتــی بــوون لــە: شــێخ عەبدولســەلامی دووەم، شــێخ ئەحمــەد، محەمــەد ســدیق، بابــۆ و مــەلا مســتەفا.[١]

ماڵبـات و بەرەبابـی بارزانییـەکان، هـەر لـە زێـدی خۆیـان و لە شـوێنی نیشـتەجێبوونی باوباپیرانیانــدا کــە ناوچەکــە بەدرێژایــی لێــواری باکــووری ڕووبــاری زێــی گــەورە هەڵکەوتبـوو، دەسـپێکی دنیابینـی و دەسـتوورێکی تایبەتمەنـدی کۆمەڵایەتییـان هێنایـە نــاو نەریتــی کوردەوارییــەوە[٢]. هەرچەنــد مێــژووی نیشــتەجێبوونیان لــەو لێــواری کــەژ و کوێوانــەدا، بەگوێــرەی ســەرچاوەکان بڕاوەتــەوە، وەلــێ هەندێــک بۆچوونــی جیاجیــا لەمــەڕ واتــای نــاوی بــارزان و دەســپێکی ســەرهەڵدانی سیســتەمی کۆمەڵایەتییــان لەئــارادا هــەن. بۆنموونــە هەندێــك خــودی واتــای نــاوی بــارزان، بــە واتــای (جێگــەی کۆچوبـار) لـە زمانـی کوردیـدا لێکدەدەنـەوە. هەڵبەتـە وێـڕای نیشـتەجێوونی هەمیشـەیی هــۆزی بــارزان لــەو ناوچەیــەدا، مەبەســتەکەیان لــەو کۆچوبــارە، لــەوەوە ســەرچاوەی گرتـووە، گوایـە ناوچەکـە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە، وەک پەناگـەی پەنابـەر و هەڵهاتووانــی هەمــوو ئەوانــە ئاشــنا و نــاسراو بــووە کــە بــە هــۆکاری دوورەدەســتی و پێچوپەنــای ناوچەکــەوە، لــە چنگــی چەوســانەوەی دەســەڵاتداران داڵــدەدەدران. یاخـود دەنگوبـاس و دەنگـۆی دڵسۆزی شـێخانی بـارزان و بڕسـتی بـاوەڕ و بیروبۆچوونـە ئاینییەکەیــان، هۆکارێکــی تــری تێکەڵبوونــی خەڵکانــی دیکــە و زەمینــەی زۆربوونــی ژمـارەی دانیشـتوانی ناوچەکـە بـووە. هـەر لـەم سـۆنگەیەوەیە توێـژەری ئەکادیمیسـتی

(1) М. Барзани. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние (1931–1961 гг.).СПб., 2005, с. 17–18.

(2) Arfa H. The Kurds: A Historical and Political Study. L., 1966, c. 117.

بەریتانی (دێڤید ماکداوڵ) ڕۆڵی ئایین بە هۆکارێکی کاریگەر لە تێکەڵی و توندوتۆڵی پەیوەندیی تیرە جیاوازەکانی بارزاندا شرۆڤە دەکات. ئەوە لەکاتێکدا بوو گردبوونەوەی هۆزگەلێکی وەها و یادەوەریی یەکبوونێکی هۆزایەتی، تا ئەوکات، پێشینەیەکی ئەوتۆی لە مێژووی ناوچەکەدا نەبوو[1]. کەواتە بۆ یەکەمجار، لە دوورترین خاڵی باکووری کوردستانی عێراقەوە، یانی لە پارێزگای هەولێردا. ناوچەی بارزان وەک ناوەندی ناحیەیەکی سەر بە قەزای مێرگەسۆر، پێشهاتێکی نوێ تێیدا سەریهەڵداوە. لەڕاستیدا قەزای مێرگەسۆر لە سێ ناحیە پێکهاتووە، ناحیەکانیش بریتین لە: ناحیەی ناوەندی مێرگەسۆر، ناحیەی بارزان و ناحیەی شێروان. ناحیەی بارزان لە ڕۆژهەڵاتییەوە هاوسنوورە لەگەڵ ناحیەی ئامێدی، لە باشوورییەوە لەگەڵ قەزای ئاکرێ، بەشی باکووریشی هاوسنوورە لەگەڵ سنورەکانی کۆماری تورکیا کە ناوچە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا لێیەوە درێژدەبنەوە.

دانیشتووانی دەڤەری بارزان بەگشتی، مژوڵی مەینەت و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییـن. بە پلەی یەکەم بایەخ بە بەخێوکردنی مەڕ و مالات دەدەن. هەربۆیە بەرهەمەکانی وەک شیرەمەنی، گۆشتی سوور و پەژم و چەرمی مەڕ و مالات، زۆترینی خێروبێری خەڵکەکە و بژێوی ژیانیانی لەسەر بەندە. جیالەوانەش دانیشتوانی بارزان خاوەندارێتی سەدان دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەکەن. هەربۆیە لە بەرهەمەکانی دانەوێڵە (گەنم و جۆ) و برنج و تەنانەت باخداریشدا، بە بەرهەمی میوەگەلێکی تایبەت دەوڵەمەندن.

کەواتە تێکڕی جڵەوی جوڵانەوەی ئابووری ناوچەکە، دیسانەوە لەژێر ڕکێف و ڕوخسەتی شێخەکانی بارزاندا بووە. ئەوانیش ئاشنای بەخشین و داڵدەدان و دەستگرۆیی هەموو ئەوانە بوون کە ئاتاج بە خەو و خۆراس و ژیانێکی ئاسایی بوون. ئەمەش وایکردبوو هەمیشە ئۆردوی خەڵکانێکی غەوارە و لێقەوماو ئەوێیان کردبووە پەناگە و شوێنی مانەوەیان. جیا لەوەش، شێخەکان شیمانەی هەر پێشهاتێکی ئایندەی ناوچەکەیان دەکرد، هەرئەوەش هۆکاری تەمای چەکوچۆڵ و تەقەمەنی و تەدارەکی هێزی پارێزگاری و دەسەڵاتیانی فەراهەم هێناوە[2].

---

(1) McDowell D. A Modern History of the Kurds. L., 2004, c. 16.

(2) Eagleton W. The Mahabad Republic 1946. L., c. 50.

ناوچەكــە ژمارەیەكــی زۆر دێهــات لەخــۆ دەگرێــت كــە ژمارەیــان ٤٠٠ گوندێـك دەبـن. بـەم پێیـەش دێهاتییـەكان ژمـارەی دانیشـتووانیان تاوەكـو كۆتایـی شەستەكانی سـەدەی بیسـتەم لەنێـوان ٣٥-٤٠ هـەزار هاووڵاتیـدا بـووە. دیـارە بـارزان لـە ڕووی تۆپۆگرافییـەوە ناوچەیەكـی شـاخاویی و دژوارە. بۆیـە توانـای لەخۆگرتنـی ژمارەیەكـی زۆری خەڵكـی لەخـۆ نەدەگـرت. بـارزان لـە ئاڕاسـتەی ڕۆژئاوایـەوە بـۆ بەشـی باشـووری، درێژبوونـەوەی ڕووبـاری زێـی گـەورەی لەخۆگرتـووە كـە ئاوڕێژگەكـەی لـە باشـووری موسـڵدا تێكـەڵ بـە ڕووبـاری دیجلـە دەبێـت. لـە ئاڕاسـتەی باكووریشـییەوە چۆمـی ڕوكوجـاك درێژدەبێتـەوە، تاوەكـو لـە نێزیـك بارزاندا دەڕژێتـە نـاو زێـی گـەورەوە.

دانیشـتوانی بـارزان لـە ڕووی پێكهاتـەی ئیتنـی و ئایینییـەوە، دانیشـتوانێكی هەمەچەشـنیان پێكهێنـاوە. بێجگـە لـەوەی زۆرینەیـان بـە ڕەچەڵـەك كـوردن، هـاوكات پێكهاتـەی مەسـیحی ئاشـووری(دییان) و جوویـان لـە دێرزەمانـەوە لەنـاودا نیشـتەجێن. شـیاوی بیرهێنانەوەیـە هـەركام لـە دیـان و جووەكانـی بـارزان، بـەڕادەی ئاسـمیلەبوون، ئاوێتـەی خونەریسـت و خەسـلەتی خەڵكـی بـارزان بوونـە. هەربۆیـە پێكەوەژیانـی ئاینـی و ئیتنـی ئـەوێ، بـە شـێوەیەكی هاوئاهەنـگ و نەزمێكـی نموونەیـی و نـاوازە بـووە. لـەم بارەیـەوە توێـژەری ئینگلیـزی (دبلیـو ئیگلتـۆن) نووسـیویەتی: "بارزانییـەكان شـەرەفمەند بـوون. شـەرەف كۆدێكـی كلتـووری بـوو، وەك پێوەرێـك ئەخلاقیـی كەسـەكانی پێدەپێـورا. هـاوكات بووبـە پێـوەری پەیوەندیـی و ڕایەڵـەی ڕێكخسـتنە كۆمەڵایەتـی و هۆزگەراییەكـەی پێناسـە دەكـرد. پێشـێلكردنی پێـوەری شـەرەف، لـە چوارچێـوەی هیـچ هۆزێكـدا نەبـینراوە، مەگـەر بـە دەگمـەن لـە دەرەوەی لۆژیكـی خێـڵ و هۆزەكانـدا، سـەرپێچی و سـنووری پێـوەرە ئەخلاقییەكانـی شـەرەف، بشـكێنرایە".(1)

بەشـێوەیەكی گشـتی، شـێخەكان، پێوەندییـە ناوخۆیـی و دەرەكییەكانیـان دیـاری دەكـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا ناتوانیـن بڵێیـن، تێكـڕای خەڵكـی بـارزان، شـوێنكەوتە و موریـدی شـێخەكان بـوون، بەڵكـو دەكـرا خەڵكانێـک لـە دەرەوەی لۆژیكـی وانـدا بیریـان كردبێتـەوە و تەنانـەت خەڵكانێكیـش ڕكوكینەیـان بەرانبـەر بـە شـێخەكان بنواندایـە. یاخـود دەكـرا

(1) Там же, с. 49–50.

کەسانێک کاریگەریی ترس و تانەی شێخەکان، ئەوانی خزاندبێتە خانەی هەواداری و هۆگرییانەوە، کەچی لە ناخیانەوە لەگەڵ لایەنگیریی شێخایەتیدا نەدەهاتنەوە[1].

شێخەکانی بارزان بە شێوەیەکی نەریتی، خاوەندارێتی خواستی لێبوردەیی ئایینیی لە ئاکاریاندا ڕەنگیدابوویەوە. بەتایبەتی لەگەڵ مەسیحیی و جووەکاندا گەواهی گەلێ ئاکاری ئینسانییان بۆ دەدرا. هەروەها لە نێو موسلماناندا تا ئاستێکی ئێجگار کاریگەر و دڵپەسەند، دەسەڵاتێکی دادپەروەرانەیان بەجێدەهێنا. دەسەڵاتی شێخەکان لەکاتێکدا بوو کە شوێنیان بە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لێژکردبوو. بەشێوەیەك خەڵکەکە هیچکاتێ ئاتاجیان بە بوونی حکومەتێکی وەها نەبووە. بەم بۆنەیەوە شێخەکانیش دەرفەتەکەیان قۆستبوویەوە و هەوڵیان دەدا پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆیان و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکەکەش بکەن. دیسانەوە ئەم هەلومەرجەش لەکاتێکدا بوو کە بەردەوام دەسەڵاتدارانی تورکیا و عێراق چاویان لەسەر ناوچەکە لانەدەدا و هەردەم لە هەوڵی سنووردارکردن و بەرتەسککردنەوەی بەرژەوەندی و بڕستی بنەماڵەی بارزانییەکاندا بوون لە ناوچەکەدا.

دواجار لە ئاکامی ئەو ئەدەبیات و ئەندێشە سیاسییەی سیستەمە جیاوازەکاندا، بەدرێژایی قۆناغە یەک لەدوا یەکەکان، هەریەک لە حکومەتەکانی (عوسمانی و تورکیا، ئینگلیز و عێراق)، تێکڕا یەک لەدوای یەک یادەوەری ئەرتەشەکانیان لەگەڵ داگیرکاری دەڤەرەکە و دەستبەسەراگرتن و وێرانکردنی ناوچەی بارزاندا دەهاتەوە. هەڵبەتە هیچکاتێکیش نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە خەڵکی ناوچەکە لە زەمین و زێدی مێژوویی خۆیان بە یەکجاریی ببڕنەوە. بۆنموونە تەنیا بە ماوەیەکی کەم پێش لە دایکبوونی مەلا مستەفای بارزان. شێخی بارزان و بارزانییەکان ڕووبەڕووی ئەرتەشێکی زەبەلاحی عوسمانییەکان بوونەوە. لەئاکامدا شێخی بارزان کە لە ستەم و سیاسەتی زەبر و زەنگی زاڵمانەی عوسمانییەکان

---

(١) لە بابەتی بوونی ڕیفۆرمخوازیدا، بەتایبەتی ڕیفۆرمی ڕێکخستنەوەی زەویوزار و دابەشکردنەوەی بەسەر خەڵکیدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. هەمیشە لە هەنگاوێکی وادا، بەرژەوەندی خاوەنزەوی و دەرەبەگەکان دەکەوتە مەترسییەوە. هەربۆیە بەشێک لەو لایەنانەی لە هەمبەر هەژموونی شێخانی بارزاندا بیرکردنەوەی جیاواز و ڕکوکینەیان حەشار دابوو، پەیوەندیدار بوو بە بابەتی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیانەوە، نەوەکو نیازێکی دیکە کە وابەستەبێت بە بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکەکەوە.

عاسی ببوو، بەکەلەپچەکراوی برابوویە ناوەندی شاری موسل. دەسگیرکردنی شێخ عەبدولسەلامی دووەم بە مەکر و مامەڵەیەکی ساختە و سیناریۆیەکی سیاسییەوە هاتەگۆڕێ. گوایە بەنیازی دانوستان دەیانەویست گوێ لە داواکاریی بارزانییەکان ڕادێرن، بەڵام بە خیانەت شێخیان دەستگیرکرد و دواجار هەر لە موسلدا، لەلایەن دەسەڵاتی کۆدەتاچییەکانی تورکەلاوەکانەوە لەسێدارەیان دا.

دوای لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی براگەورەی مەلا مستەفای بارزان، زۆربەی زۆری هاوەڵە نزیکەکانیشی خرانە بەندیخانەوە. بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو تەواوی بارزانییەکان، ئەوەی دەستی تفەنگی دەگرت، لە مەنزڵ و ماوا و زێدی چەندین ساڵەی خۆیاندا هەڵکەنران. هاوکات بەهۆی کاولکردن و سوتانی ڕەزوباخ و ژیانی ئاواییەکانی ناوچەکەوە، خەڵکەکە زۆربەی زۆری زێدی خۆیان چۆڵ کرد و بەناچاری بەسەر بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی ویلایەتی موسلدا پەرش و بڵاوبوونەوە. تەنیا دوای یەک ساڵ، ئینجا ڕێگە بە بارزانییەکان درا، جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر ماڵ و مەنزڵی خۆیان.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بارزانییەکان لە ڕیزی پێنج هۆزە کاریگەرەکانی باشووری کوردستان شوێنی کاریگەر و کارامەیان لەناو جوڵانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستاندا گرت. (1)شێخ عبدوسەلام، دوای کۆچی دوایی شێخ محەمەدی بابی، لەلایەن بارزانییەکانەوە، وەک کوڕەگەورەی شێخ، ڕاستەوخۆ بە شوێنگرەوەی شێخایەتی بارزان دیاریکرا. سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شێخ عبدولسەلام، سەردەمێکی گرنگ بوو. بە هێنانەکایەی ڕیفۆرمی زەوی و دابەشکردنەوەی زەوی بەشێوەی یەکسان و دادپەروەرانە، توانی ڕچەی ڕابردوویەکی چەقبەستوو تێکبشکێنێ. لە ڕیفۆرمی زەویوزاریدا، هەموو خێزانێکی ناوچەکە، پێویست بوو پارچە زەوییەکی بە ئەندازەی ئەو زەوییەی دەدرایە خێزانێکی دیکە وەربگرتایە. تەنانەت خودی شێخ و بنەماڵەکەیشی بەگوێرەی هەمان پێوەری دابەشکردنی زەوی، بەهرەمەند دەبوون و دەکرا ببنە خاوەنی پارچە زەوی خۆیان و ڕێک ئەندازەی ڕووبەری هەمان ئەو زەویانەیان پێدەدرا کە خێزانی جوتیارێکی هەژاری بێکەس و کەمدەرامەت وەریانگرتبوو. هەڵبەتە ئەم کار و

---

(1) Камаль М.А. Национально-освободительное движение в Ирак- ском Курдистане. Баку, 1967, с. 155–156.

چاکسازییە چارەنوسسازەی شێخی بارزان، کارێکی هەروا هەوانتە و ئاسان نەبوو، بەڵکو کارێک بوو، ببوویە بایسی ناڕازیبوونی هەم دەسەڵاتدارانی تورکیا و هەم تەواوی دەرەبەگەکانی دراوسێی بارزان. بەتایبەتی هەموو ئەو ئاغا و ئەغەوات و ئەکلیروسە ئاینیانەی کە ساڵەهای ساڵ بوو دەستیان لەبینی بەخت و ئیقباڵی ئینسانەکانی ژێردەستیاندا بوو. کەواتە بەگشتی ئەوانەی بەردەوام پشکی شێری زەوییە بەپیتەکانیان خستبووە ژێر ڕکێفی نازناوە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانیانەوە، تێکڕایان قەڵس و توڕە و تەوەلای تێڕوانییە ڕیفۆرمخوازییەکانی شێخی بارزان بوون. بەشێوەیەک چاکسازییەکانی بارزان، هەموو ئەوانەی لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان درابوو، گردکردنەوە و کەوتنە گەلەکۆمە و گەڕی نابەجێیان بە بارزانیەکان دەفرۆشت.

سەرەتا لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیادا، یەکەمین کاردانەوەی توند دژ بە بارزانییەکان ڕوویدا. بارزانییەکان دەبوو بۆ هەرپێشهاتێکی نوێی ناوچەکە خۆیان ئامادە بکردایە. دەسبەجێ بە فەرمانی شێخ عەبدولسەلام، دەسپێشخەریان نواند و دەستیان کرد بە خۆسازدان و خەبات دژ بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان. لە کۆتاییدا ئامادەکارییەکان کەوتنە بواری پراکتیکییەوە، ئەوەبوو لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٠٥ دا، بۆ یەکەمجار بارزانییەکان جاڕی یاخیبونیان دژ بە دەسەڵاتی تورکیا ڕاگەیاند و ڕووبەڕووی سوپای نابەرابەر و بێشوماری عوسمانییەکان بوونەوە. بەڵام لە ئاکامی هێرشی بێبەزەیی عوسمانییەکاندا، بارزانییەکان تێکشکان و بەشێک لە ماڵبات و مەردە مەزنەکانیان دەسگیرکران. سوپای عوسمانی سلی ان لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. هیچ یاسا و عورفێکی سەردەمەکەیان نەدەخوێندەوە. بەڵکو وەك هێزیکی بەربەری بە سوتانی ڕەزوباخ و کوشتنی ژن و زارۆ و تاڵانی گوندەکان گیریان دابوویە ناوچە کوردنشینەکان. لە شاڵاوی دەسگیرکردنی خەڵکی مەدەنی و ژن و زارۆی ناوچەکەشدا، سلی ان نەدەکردەوە. لەو چوارچێوەیەدا هەریەک لە دایکی شێخ عەبدولسەلام و مستەفای برا بچوکی کە ئەوکات تەمەنی تەنیا سێ ساڵان بوو. دروست لە ساڵی ١٩٠٦ دا بە باڵبەستکراوی بەرەو بەندیخانەی زیندانی موسل ڕاپێچکران.

لەڕاستیدا ئەم داگیرکارییە نەك نەیتوانی ناوچەکە لەگەڵ لۆژیکی دەسەڵاتی داگیرکاریی عوسمانییەکاندا ئاوێتە بکات، بەڵکو تۆوی ناکۆکییەکی مێژوویی قوڵی

چانــدە زیهنــی زەمینــە کۆمەڵایەتییەکــەوە، بەشــێوەیەك ئــیتر دەڤــەری بــارزان بوویــە تەنیا ناوچــەی کوردنشــینی وا کــە بەهیــچ کلۆجێــک نەدەکەوتــە نــاو ناســنامەی سیاســی و سیســتەمی ســەپێنراوی بەڕێوەبەرایەتــی عوسمانییەوە. بۆیــە بــەردەوام بگرەوبــەردە و پێکــدادان لەنێــوان بارزانییــە خەباتــکارە چەکبەدەســتەکان و پێکهاتــە ســەربازییەکانی تورکیــادا ململانێــی مێژوویــی ڕوویــدەدا. لــە تێکــڕای ناوچــە کوردنشــینەکاندا بابولعالــی هەوڵــی تێکشــکاندن و پەرتەوازەیــی هــۆز و تیــرەکان و ئاغــا و خاوەنموڵکەکانــی کــوردی دەدا و گەرەکــی بــوو سیســتەمە خێڵایەتییەکــە و وابەســتەیی دەرەبەگــەکان بەیەکتریــەوە وێــران بــکات. هەربۆیــە دەســەڵاتی ســوڵتان، لــە چوارچێــوەی ئایدۆلۆژیــای شۆڤێنیســتی عوسمانییــەکان و پــان تورکیزمــدا، ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ لــە ناوچــە کوردییەکانــدا بەهێزتــر دەبــوو. لــەم میانــەدا بەرخۆدانــی کەمینــە نەتەوەییــەکان، لەنێویانــدا کــورد، کەوتنەخۆیــان و دەســتیان کــرد بــە هەڵگەڕانــەوە و یاخیبوونــی بــەردەوام.

دوای ئــەوەی لــە یەکــەم ڕووبەڕووبوونــەوەی بارزانییــەکان و ســوپای عوسمانیــدا، ئەستەمبوڵ بەنیــازی ئاشــتەوایی، بڕیــاری لێبوردنێکــی گشــتی گەیانــدە بارزانییــەکان. لــەم ڕێککەوتــەوە جارێکــی تــر ڕێگــە بــە شــێخ عەبدولســەلامی بــارزان و بارزانییــەکان درایــەوە، تاوەکــو بگەڕێنــەوە ســەر موڵکومــاڵ و زێــدی بــە تاڵانبراویــان. بەمشــێوەیە چەندینجــار بارزانییــەکان لــە دژی دەســەڵاتدارانی تورکیــا هاتنــە دەنــگ و هەوڵیانــدا هێرشــی تورکیــا بــۆ ســەر مــاف و ئــازادی ژیــان و ژینگەکەیــان ڕابگــرن.

بــۆ دووەمجــار ســەرهەڵدانێکی نوێــی کــورد، لــە پاییــزی ســاڵی ١٩٠٨دا، ئەمجارەیــان لــە دوای کۆدەتــای تورکــە لاوەکانــی تورکیــا پەرەیگــرت. لــەم سەرهەڵدانەشــدا دیســانەوە بارزانییــەکان بوونــەوە بــە ســەرترۆپکی ســەردانەواندن. ئەمجارەیــان شــێخ عەبدولســەلام کۆبوونەوەیەکــی فراوانــی لــە بێریفکانــی دهۆکــدا، ئەنجامــدا(١). لــەم کۆبوونەوەیــەدا

---

(١) یەکێــك لــە خەســڵەتەکانی خەباتــی ئــەم جــارەی بارزانییــەکان، هەماهەنگــی نێــوان پێکهاتــەکان بــوو. دیارترینــی کاری پێکەوەیــی کــە لــە مێــژووی قۆناغەکــەدا ڕووینەدابــوو. خەباتــی هاوبەشــی نێــوان نەقشــبەندی و قادرییــەکان بــوو. بــۆ یەکەمجــار لەنــاو بریفکانییەکانــدا کــە تەکییــەی شــێخ نــوری بریفکانــی ڕابــەری قادرییــەکان بــوو، لەگــەڵ شــێخی نەقشــبەندییەکاندا، کــە شــێخ عەبدواســەلام بــوو، لەســەر گرنگتریــن پرەنســیپە ئاینــی و نەتەوەییەکانــی کــورد ڕێککەوتــن. بەتایبەتــی زمانــی کــوردی و دەســەڵاتی کــوردی و ئیــدارەی کــوردی لــە کوردســتاندا، بوونــە بەهێزتریــن داواکاری کــورد و بــۆ بــەردەم دەســەڵاتی بــەزۆر ســەپاوی تورکــەلاوەکان.

زۆرێـک لـە هـۆز و تیـرە و خەڵکانـی جیاجیـا بانگهێشـتکرابوون. لـە کۆبوونەوەکـەدا، گەڵاڵـەی داواکارییەکـی نـوێ بـۆ حکومەتـی نوێـی تورکیـا داڕێـژرا. داواکارییەکـە لـە چەند بڕیـار و بەندێـک خۆیـان دەبینییـەوە. گرنگترینیـان خواسـتی ئۆتۆنۆمییەکـی سـنووردار بوو بـۆ تێکـڕای ناوچـە کوردنشـینەکان. هاوکات ڕێگـەدان بـە بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی لـە کاری نووسـینگە و دامـەزراوە فەرمییـەکان و قوتابخانەکانـدا. هەروەهـا بڕیـار و داواکاری دانـان و دامەزراندنـی کـورد بـۆ پۆسـتە ئیدارییەکانـی ناوچـە کوردنشـینەکان. لەهەمـووی گرنـگتر داواکـرا ئـەو باجانـەی لـە هەرێمەکـەدا کۆدەکرێنـەوە، پێویسـتە بـۆ ناوخـۆ و خزمەتگوزارییەکانـی خۆیـان تەرخانبکرێنـەوە. ڕەوایەتیـدان بـە دادگا ئیسلامییەکانیـش یەکێکـی تـر بـوو لـە داواکارییـە سـەرەکییەکان. دیـارە حکومەتـی نوێ، وەڵامـی هیچـکام لـە داخوازییەکانـی نەدایـەوە، هەربۆیـە دەسـتبەجێ عەبدولسـەلام بانگـی غـەزا و پشـتیوانی لـە ڕاپەڕینـی سەرتاسـەریی دژ بـە تورکـەلاوەکان ڕاگەیانـد. لەسـەرەتاوە جموجوڵـی جەنگاوەرانـی کـورد پێشـڕەوییەکی بەرچاویـان کـرد، تەنانـەت بـۆ ماوەیـەک توانیـان لـە چیـای هەکاریـدا هێـز و توانـای خۆیـان نمایـش بکـەن و دەسـەڵاتی تورکـەکان خـراپ تێکبشـکینن. لـە لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩١٤ دا، دەرفەتێکـی زێڕیـن زەمینـەی جەنگەکـەی بـە بەرژەوەنـدی بارزانییەکانـدا بارهێنـا. تورکـەلاوەکان چاویـان لـە داهاتـی زۆرتـر و ڕووتانـەوەی زیاتـری سـەروەت و سـامانی خەڵکـی ناوچەکـە بـوو، بـەم بۆنەیەشـەوە زیادکردنـی باجیـان بـە ڕێـژەی ٢٥٪ بەرزکـردەوە. ئـەوەش بـووە دەرفەتێـک، تاوەکـو بازنـەی بەرخـودان بەریـنتر بێـت و شـێخ عەبدولسـەلام ڕاپەڕینەکـە بـەرەو قۆناغێکـی پێشـکەوتووتر ئاڕاسـتە بـکات. لـەم ڕاپەڕینـەدا مسـتەفا بارزانی برای کـە ئەوکات لاوێکـی خوێنگـەرم بـوو، یەکەمجـاری بـوو لـە گۆڕەپانـی جەنگـی تورکەلاوەکانـدا خـۆی ببینێتـەوە. بەمجـۆرە شـێخ عەبدولسـەلام لـە دەسـەڵاتدارانی تورکیـا و ئەزمـوون و سیاسـەتی سـتەمکاریی تورکـەلاوەکان ڕاپـەڕی. هەرچەنـدە ئەمجـارەش بـە هـۆکاری چەندیـن ڕووداوی نەخـوازراو و نابەرابەریـی هێـزی هـەردوولا، جوڵانەوەکـە نەیتوانـی نیازەکانـی خـۆی بەدیبهێنـێ، بەڵکـو زۆرترینـی سـەرانی ڕاپەڕینەکـە دەسـگیرکران و کۆتاییـان بـە بزووتنـەوە چەکدارییەکـە هێنـا و خـودی شـێخ عەبدولسـەلامی بارزانـە ڕابـەری ڕاپەڕینەکـە لـە ناوەنـدی شـاری موسلدا لەسـێدارەدرا.

مسـتەفا بارزانـی بـرای، هـەر لەسـەرەتاوە هەسـتی دەکـرد، تورکـەلاوەکان، ڕک و

کینەیەکی لەڕادەبەدەریان بەرانبەر بە کورد هەیە. ناوبراو لە سۆنگەی ئەو هەموو ستەم و توندوتیژییەی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد هەیانبوو، ئەو هەست و هۆشەی لەلا ڕوون ببوویەوە کە تورکەکان تۆرەمە و تۆوی چ ویژدانێکی وەحشیگەرانەیان بەرانبەر بە نەتەوەی کورد چاندووە. مستەفا بارزانی بۆخۆی لە کاتی لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامدا ئامادە بوو. لەوێدا بەچاوی خۆی خیانەت و کەلتوورە دوژمنکارییەکەی بینی بوو. دوای هەموو ئەو ڕاپەڕین و ڕاسانە چەکدارییەی شێخ عەبدولسەلام، ئیتر جارێکی تر بنەماڵەکەی لە بارزانەوە بەرەو بەغداد دوورخرانەوە و دیسانەوە دەربەدەر کرانەوە. مستەفا بارزانی لەوێ لە مەدرەسەیەک (قوتابخانەی ئایینی)دا خوێندی. مستەفا بارزانی ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و بوویە باشترین قوتابی قوتابخانە ئایینییەکە. هاوکات بۆخۆی لە ماڵباتێکی ئاینی و لەتەکیەی بارزان و لەژێر کاریگەری ڕۆحی برایەکی گەورەتر لەخۆیدا کە شێخ ئەحمەد بارزانی بوو گۆشکرا بوو. شێخ ئەحمەدیش ئینسانێکی ئایینی و خاوەن تیۆرێکی تایبەت بە بەندایەتی و خەسلەتی خوداناسی بوو. ناوبراو بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی سیستەمێکی ئایینی و فەلسەفەیەکی ڕەسەنی ئایندارێی ناسرا بوو. هەوڵیدەدا بیرۆکەی ئاینداریيەکی نەتەوەیی و کوردانە پەرەپێبدات. ئەم هەوڵانەشی لەناو پەیڕەوانیدا شوێنیگرتبوو. چونکە نیازی بوو خەڵکی موسڵمانی کورد لە نەریت و سوننەتی سیستەمی تورکچییەکان دوور بخاتەوە.

هەرچەندە لەسەر تێڕامان و تیۆری ئایندارێی شێخ ئەحمەد زانیارییەکی نووسراوی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، بەو پێیەی ئەو دەستنووسانەی ناوەڕۆکی تیۆرەکەی پێخستوونەتەڕوو، تێکڕایان لەناوچوون و لەناوبراون. بەگشتی ئەوەی لەبارەیەوە نەزانراوە، بابەتە پەروەردەیی و فێرکارییەکانن، چونکە تێکڕایان بە داخراویی و نادیاریی ماونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستیيانە دەزانرێن کە مەبەست لە فێرکاریی و بنەما پەروەردەییەکان بریتی بووە لە نزیککردنەوەی گیانی پێکەوەژیانی نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان. هەر ئەمەش بوو ئەو دەرفەتەی دابوویە شێخ ئەحمەد بارزانی کە مەسیحیيە ئاشوورییەکان و تەنانەت ئێزیدییەکانیش کەمەندکێشی کەلتووری پێکەوەژیان و تێڕامانە تەندروستە ئاینداریيەکەی بکات. هەڵبەتە هەر ئەم بناغەی باوەڕدارییە بوو کە بووە هۆکارێک تاوەکو لەلایەن

ئینگلیزەکانـەوە زۆر بـە نەرێنـی و نەخوازراوییـەوە نـاوی ببرێـت، چونکـە ئینگلیـزەکان لەگـەڵ پارچەپارچەکـردن و دابەشـکردنی تێکـڕای پێکهاتـەکان بـوون. بەشـێوەیەک بـەردەوام گرنگییەکـی تایبەتیـان بـە دابەشـکردنی ئیمپراتۆرییەتـی عوسمانـی و پێکهاتەکانـی ژێـر سـایەی سیاسـەتەکانیان دەدا. لـەم میانـەدا بـوو بەریتانیـا هەوڵیـدەدا ناوچەیەکـی بەرفراوانـی هەژموونـی خۆیـان، لـە زەریـای هیندسـتانەوە تاوەکـو دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، بـە پێشـنیاری پەرتکـردن و زاڵبوون زیندووڕابگـرن.

بەشـداری ئیمپراتۆرییەتـی عوسمانـی لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا، لـە لایـەن وڵاتانـی هاوپەیمانـەوە ئامادەکرابـوو. ئـەوان بـۆ دوای جەنگەکەیـان نەخشـەیان نابوویـەوە. چون چارەسـەری پرسـی مافـی چارەنووسـی نەتەوەکانـی میراتـی عوسمانـی، خێراتـر خزابوویـە کارنامەیانـەوە. لـەو نەخشـەیەیاندا، ئـەو خـاک و سـەرزەمینانەیان لەخۆگرتبـوو کـە نەتەوەکانـی عـەرەب و کوردیـان تێدابـوو. هەروەهـا ئینگلتـەرا گەلانـی ناتورکـی ئیمپراتۆرییەتـی عوسمانییـان خزانـدە نـاو شـەڕەکەی خۆیانـەوە. هەڵبەتـە لەسـەرەتای شـەڕەکەوە بەڵێنیـان پێـدرا بـوو، تێکڕایـان مافـە نەتەوەییەکانیـان ڕەچـاو دەکرێـت. لـەو چوارچێوەیەشـدا بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان بەڵێنـی دەوڵـەت و مافـی ئۆتۆنۆمیـش بـە کـورد درا بـوو. تەنانـەت لـەدوای جەنگیـش ئـەم بەڵێنانە، لـە پەیمانـی سـیڤەری سـاڵی ١٩٢٠دا شـوێنیان کرابوویـەوە. ئەوەتـا لـە بەندێکـی پەیماننامەکـەدا ئامـاژە بـەوە درابـوو، موسـڵی دەوڵەمەنـد بـە نـەوت، دەشـێت بخرێتـە نێـو ئـەو دەوڵەتـەی کـە بڕیـار وایـە بـۆ کـورد فەراهـەم بهێنرێـت. دواجـار چارەنووسـی ئـەم بەڵێنـان و بەندانـە، بـە پەیمانـی لۆزانـی سـاڵی ١٩٢٣ شـوێنیان گیرایـەوە. لـە لۆزانـدا نـەك باسـی پێدانـی هیـچ جـۆرە ئۆتۆنۆمییـەک بـە کـورد نـەدرا. بەڵکـو بـە پێچەوانـەی تێکـڕای مەرجەکانـی ئاگربەسـتی مودرۆسـی ٣٠ی تشـرینی یەکەمـی ١٩١٨ کـە لەگـەڵ تورکیـادا واژۆ کـرا. سـەربازانی بەریتانیـا لـە ڕێککەوتـی ٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩١٨ دا، بـەرەو ویلایەتـی موسـڵ پێشـڕەوییان کـرد و بەتـەواوی داگیریـان کـرد.

لـە کاتەکانـی جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە ڕاپەڕیـن و جموجوڵێکـی ئەوتـۆ لەلایـەن بارزانییەکانـەوە بـەدی نەدەکـرا. تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە لـە دواییـن سـاڵی جەنگـە جیهانییەکـەدا، هەریـەک لـە ویلایەتەکانـی ( بـەسرە، بەغـدا و بەشـێکی موسـڵ) لەلایـەن یەکەکانـی سـوپای ئینگلیـز و هیندسـتانەوە داگیرکـران.

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئەگــەرەکان و ئــەو بەڵێنانــەی لــە بــارەی دروســتکردنی دەوڵەتێکــی نیمچــە ســەربەخۆی کــورد درابوویــە کــورد و بەهــۆی نەمانــی هەژموونــی عوسمانییــەکان بەســەرناوچەکەوە، جۆرێــک لــە چاوەڕوانــی و پێشــهاتی نــوێ بــە قازانجــی نەتــەوەی کــورد لەئــارادا بــوو. بەتایبەتــی بەریتانییــەکان پەیوەندییــان لەگــەڵ کاریگەرتریــن ســەرکردەکانی کــورددا دامەزرانــد بــوو. بۆنموونــە شــێخ مەحمــود بەرزنجــی، لــە ســاڵی ١٩١٨وە وەک فەرمانــڕەوای ســلێمانی دەستنیشــانکرا بــوو. بەگشــتی هەرەســهێنانی دەوڵەتــی عوسمانــی بــووە هــۆی ئــەوەی خەونــی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ لــە نێــو کــورددا ببینرێــت. ئینگلیــزەکان هەوڵیــان دەدا کۆنترۆڵــی باشــووری کوردســتان ( ویلایەتــی موســڵ)ی دەوڵەمەنــد بــە نــەوت بــکات کــە زۆرینــەی دانیشــتووانەکەی کــورد بــوون. ئــەم هەوڵدانــە ناڕەزایــەک ناڕەزایەتــی کــوردی لێکەوتــەوە.

کار گەیشــتە ئــەوەی لــە دژی داگیرکەرانــی ئینگلیــز ڕاپــەڕن. هەوڵجــار دەستپێشــخەریی ڕاپەڕینــی دژ بــە ئینگلیــز، لەلایــەن هــۆزی (گۆیــان)وە بــوو لــە زاخــۆ. ئــەم هــۆزەی کــورد لــە ســەرەتای مانگــی نیســانی ســاڵی ١٩١٩دا مامەڵەیــان لەگــەڵ چەنــد ئەفســەرێکی بەریتانیــادا دەکــرد. هــاوکات شــێخ ئەحمــەد بارزانــی کــە ســەرکردایەتی بارزانییەکانــی دەکــرد، یەکێــک بــوو لــە نەیــارە سەرســەختەکانی ئینگلیــز و هەرگیــز باوەڕیشــی بــەو دانپێدانانەی دەســەڵاتی ئینگلیــز نەدەکــرد کــە گوایــا بــۆ شــێخ مەحمــودی بەرزنجیــان واژۆکردبــوو. هــەر ئەمــەش لەپشــت ملنەدانــی شــێخ ئەحمــەدی بارزانــەوە بــوو بــۆ دەســەڵاتی ئینگلیــزەکان لــە ناوچەکــەدا. ئینگلیــزەکان لــە ساڵی ١٩١٩ دا، لەگــەڵ کــورد دانوســتانی کــرد. لــە ڕووکەشــدا دانوســتانی ئینگلیــز ســەبارەت بــە دەنگەوەهاتنــی داواکاریــی دروســتکردنی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کــوردی بــوو. لەکاتێکــدا ناوەڕۆکــی نەخشــەڕێگەکەیان شــێتکی تــر بــوو. ئــەوان گەرەکیــان بــوو، خاکــی لەمێژینــەی کــورد (ســلێمانی، هەولێــر، کەرکــووک، دهــۆک و زاخــۆ)، لــە چوارچێــوەی ویلایەتــی بــەسرە و بەغداددا شــوێنبکەنەوە. بــە ئاشــکرابوونی ئــەم نەخشــەیە، لای زۆربــەی خێڵــە کوردەکان ناڕەزایــی وروژانــد. ئەوەبــوو لــە پاییــزی ســاڵی ١٩١٩ دا، ڕاپەڕینێکــی جەماوەریــی و جــددی، لەنــاو هۆزەکانــی زێبــار و بارزانــدا، لــە دەڤــەری ئاکرێــوە ســەریهەڵدا. بارزانییــەکان لەلایــەن شــێخ ئەحمــەدەوە ســەرکردایەتی دەکــران. شــێخ نــەک تەنیــا لــە بــارزان، بەڵکــو لــە سەرانســەری کوردســتانی ناوەڕاســتدا دەســەڵاتێکی ئایینــی بەریــن

و بەرچـاوی هەبـوو. پێشـینەی بارزانییـەکان و کاریگەریـی ناوبـراو یارمەتیـدەر بـوون، تاوەکـو گەورەتریـن سـەرکەوتن لـە دەستبەسـەراگرتنی ئاکرێـدا بەدەسـتبهێنن. لـەو پێشـهات و پرۆسـەیەدا چەندیـن گـەورە ئەفسـەری بەریتانـی کـوژران. جەنگاوەرانـی کـورد سـەرەڕای ئـەو هاوکاریانـەی لـە تورکیـاوە پێیـان دەگەیـشتن، کەچـی نەیانتوانـی ڕاپەڕینێکـی گشـتی و سەرانسـەری بخەنەسـەرپێ، چونکـە بەشـێکی زۆری هۆزەکانـی کـورد و سـەرۆکهۆزەکان، پشـتیوانی ڕاپەڕینەکەیـان نەدەکـرد. بۆنموونـە لـە سـەرکردە کاریگەرەکانـی ڕاپەڕینەکـە، تەنیـا بابەکـر ئاغـای پشـدەر و سـەید تەهـای نەهـری پشـتیوانییان لـە ڕاپەڕینـی بارزانییـەکان دەکـرد[١]. دواجـار ئینگلیـزەکان زۆر بەتونـدی و لەڕێگـەی هێـزەوە، سـەرکوتی ڕاپەڕینەکەیـان کـرد[٢]. ئـەم کەرەتـەش دیسـانەوە لـە کاتـی سـەرکوتی ڕاپەڕینەکـەدا، ئینگلیـزەکان بارزانییەکانیـان دوورخسـتنەوە و ئاوایـی بارزانیـان سـوتاند و ماڵوحاڵـی تێکـڕای بنەماڵـەی بارزانییەکانیـان سـووتاند. تەنانـەت غەرامەیەکـی زۆریـان بەسـەر هـەر هۆزێکـی یاخیبـووی پشـتیوانی بارزانییەکانـدا سـەپاند. لـەم کاتـەدا (لـە سـاڵی ١٩١٩)دا، مسـتەفا بارزانـی کـە تەمەنـی تەنیـا ١٦ سـاڵ بـوو. یەکێـک بـوو لـە بەشـدارە سـەرەکییەکانی ڕاپەڕینـی بارزانییـەکان کـە لەژێـر سـەرکردایەتی شـێخ ئەحمـەدی بارزانـدا بـوو. مسـتەفا بارزانـی، وەک فەرماندەیـەک، سـەرکردایەتی هێزێکـی ٣٠٠ کەسـی دەکـرد. هـەر لـە سـەروبەندی ئـەو گێـژاوی جەنگـەی کـە ناوچەکـەی گرتبوویـەوە و بەریتانییـەکان بەربوونـە سـەرکوتی سـەرلەبەری پێکهاتـە ئیتنـی و ئایینیـەکان. لـەم کاتـەدا مسـتەفا بارزانـی بەشـداری لـە ڕزگارکردنـی خێـزان و کەسـوکاری ژەنـەراڵ ئەندرانیکـی ئەرمەنیـدا کـرد. ناوبـراو ڕەمزێکـی نەتەوەیـی و کەسـایەتییەکی شۆڕشـگێڕی ئەرمەنـەکان بـوو. لـەو قۆناغـەدا کـە ئەرمەنییـەکان ڕووبـەڕووی کوشـتوبڕ و جینۆسـایدی جیهـادی عوسمانـی و جەنگـی تورکـەلاوەکان ببوونـەوە، بـە پێچەوانـەوە بارزانییـەکان بەهانایانـەوە دەچـوون و ئـەو ڕاسـتییەیان دەسـەلماند کـە چەنـدە پەرۆشـی پێکەوەژیانـی ئاینـی و ئیتنـی ناوچەکـەن. هەڵبەتـە

---

(1) Происходил из семьи Шемдинанских шейхов, принадлежавшей к дервишескому ордену накшбандийя. См.: Архив внешней поли-тики Российской империи (АВПРИ). Ф.194, оп. 528в, д. 99, 1912, л. 2Об – 9.
(2) Лазарев М.С. Империализм и курдский вопрос (1917–1923). М., 1989, с. 73.

ئـــەم بنەمـــا بەهێـــزەی فەلســـەفەی فرەیـــی و گیانـــی پێکەوەیـــی، پـــەروەردەی پێشـــینەیەکی پرشـــنگداریی فەرهەنگـــە کوردییەکـــە بـــوو. فەرهەنگێـــك هـــەر لـــە ســـەردەمی شـــێخ عەبدولســـەلامەوە پەیوەنـــدی ئەرمەنییەکانـــی لەگـــەڵ بنەماڵـــەی بارزانـــدا بـــە ئاقارێکـــی ئێجـــگار ئینســـانی و ئاشـــتەواییدا بردبـــوو. ئەمـــەش ببوویـــە مۆرکـــی مێژوویـــەك و پەیوەندییەکـــی پتـــەوی لەســـەر دامـــەزرا بـــوو.

بـــۆ دووپاتکردنـــەوە و پێزانینـــی پێنـــاوی فەرهەنگێکـــی ئاوەهـــا، لـــە ســـاڵی ١٩٢٠ دا، ئەندرانیکـــی ســـەرکردەی ئەرمەنـــەکان، لـــە نامەیەکیـــدا بـــۆ شـــێخ ئەحمـــەدی بـــارزان. داوای لێـــدەکات خێزانەکـــەی خەریکـــە لەلایـــەن تورکەکانـــەوە دراونەتـــە بـــەر کوشـــتوبڕی بێئامانـــی ســـەربازەکانیانەوە. هەربۆیـــە هانـــای هێنابوویـــە بـــەر دەرگانـــەی بارزانییـــەکان و بـــە شـــێخی بارزانـــی وتبـــوو: گـــەر بـــە زوویـــی فریایـــان نەکـــەون، ئـــەوا بەتەمـــای کەســـوکار و خێزانەکانیـــان نیـــن و تێکڕایـــان لـــە لێـــواری قڕکردنـــدان". بـــە گەیشـــتنی نامەکـــە، دەســـتبەجێ دەســـتەیەك لـــە ئازاتریـــن ســـوارچاکەکانی بـــارزان، بـــە ســـەرۆکایەتی خالیـــد بـــەگ دەچـــن بـــە هانایانـــەوە. لەنـــاو ئـــەو دەســـتەیەدا، مســـتەفا بارزانـــی یەکێـــک دەبێـــت لـــە لاوە ســـوارچاکەکانی بەشـــدار لـــە پرۆســـەی بەهاناوەچوونـــی ئەرمەنـــەکان. بەمجـــۆرە دەســـتەی بارزانییـــەکان، بەنێـــو ســـنوری تورکیـــادا و بـــە درێژایـــی چەندیـــن ڕۆژ، هێزەکەیـــان دەگاتـــە جەرگـــەی ترســـناکترین شـــوێنتاوانی تورکـــەکان، دەبینـــن وا خەریکـــن دەرهـــەق بـــە ئەرمەنـــەکان دەســـتیان داوتـــە کوشـــتارێکی گەلـــێ خوێناوییـــەوە. بارزانییـــەکان پێشـــوەختە لـــە نەخشـــەیەکی پارتیزانییـــدا، ســـەرجەمی بنەماڵـــەی ئەندرانیـــک لـــە دەســـتی تورکـــەکان قوتـــار دەکـــەن و بـــە ڕێگەیەکـــی ســـەلامەتدا دەیانپەڕێننەوە ســـنوورەکانی ســـوریا[1].

مســـتەفا بارزانـــی تاڵـــی و ترشـــی ڕۆژگاری چەشـــتبوو. هـــەر لـــە زارۆییـــەوە، لەنـــاو مەینەتـــی میللەتەکەیـــدا، خـــۆی لـــە زیندانـــدا بینیوەتـــەوە. کاتێـــک دەبێتـــە نەوجەوانێـــک، ئـــیتر دێتـــە نـــاو کـــۆڕی خەبـــات و لـــە نێـــو ڕاپەڕینـــی ڕابـــردووی بارزانییەکانـــدا دەبێتـــە دلاوەر و ســـوارچاکی زۆرێـــک لەڕووبەڕووبوونـــەوەکان. بارزانـــی بەرانبـــەر فشـــار و دڕندەییەکانـــی دەســـەڵاتی تورکیـــا و لەژێـــر کاریگەریـــی هەســـتی دژە ئینگلیزەکانـــدا،

(1) Комаров Д. Барзани и борьба южных курдов. — 100 лет Мулле Мустафе Барзани. 1903–1979. М., 2003, с. 10.

قۆناغــی نەوجەوانــی خــۆی بەســەر بــرد. لــە قۆناغــی لاوێتیشــدا، وەک جەنگاوەرێکــی پارتیــزان، لەژێــر فەرماندەیــی شــێخ عەبدولســەلام و شــێخ ئەحمــەددا، ئەزموونێکــی زەنگیــن بــە گیانــی شۆڕشــگێڕیی ئاپســتەی دەکات. لــە هەمــان کاتــدا لــە ژینگەیەکــی قووڵــی ئایینیــدا، بــە پــەروەردەی ڕێبازێکــی نەرمونیانــی ئیسلامــی و لەنــاو لۆژیکــی ئاینــی کوردەواریــدا گــەورە و گــۆش دەکرێــت.

بارزانــی لــە ئەزموونــی بەرخودانــی نەتەوەییــەوە، ناســنامەیەکی نــاوازەی، لــە لۆژیکــی پێکەوەیــدا وەرگرتــووە. لــەو ناســنامەیەدا، نــۆرەی بارزانییەکانــی ئەزمــوون کــردووە. هەربۆیــە هەســتی بــە تــەواوی ئــەو ڕاســتیانە کردبــوو کــە چــۆن لەژێــر فەرماندەیــی براکانیــدا، هەمــوو ئەوانــەی ناڕەزابــوون لــە ســتەم و سیاســەتی تورکــەکان و ئینگلیــز، لەبەرەیەکــدا یەکبخرێــن و یادگاریــی یەکبوونێکــی ئیتنــی و ئاینــی بکرێتــە بنەمــای باوەڕدارییــان بــە کوردســتانێکی ئــازاد. ئەمــەش لــەلای مــەلا مســتەفا بارزانــی، لــە هەنــاوی هۆزێکــەوە، ڕازی ڕابەرێکــی هــەم ڕۆحــی و هــەم ســیکۆلاری کــردە وانــە و ویژدانێکــی زینــدووی ژیانــی. لــەم قۆناغــەدا شــێخ ئەحمــەد بارزانــی، بــە هەمــوو شــێوەیەک هەوڵەکانــی چڕکردبوویــەوە تاوەکــو زۆرتریــن لایەنگــر بــۆ بزووتنــەوەی بەرەنگاریــی ئینگلیــزەکان ڕابکێشــێت. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو کــە بەرەبــەرە لــە چارەنوســی نەخــوازراوی نەتەوەیــی تێدەگەیشــت، چونکە وادیاربــوو لــەو کاتــەدا، چارەنووســی ویلایەتــی موســڵ، ببــووە مایــەی نیگەرانــی بــۆ ئاینــدەی کوردســتان[١]. دواجــار لــە میانــی ململانێیەکــی چڕوپــڕی دیپلۆماســی و سیاســیدا، ئینگلتــەرا توانیــان گرەوەکــە بەرنــەوە. لێــرەوە دابەشــبوونی کوردســتان و دابڕانــی ســنوورەکانی لەیەکتریــی، بــە ڕێکەوتنــی نێــوان بەریتانیــا و تورکیــا و عێــراق لــە ســاڵی ١٩٢٦ بەتــەواوی چەســپێندران[٢]. ئەمــەش هۆکارێــک بــوو کــە بزووتنــەوەی یاخیبووانــی کــورد، جارێکــی تــر، ســەرلەنوێ دەســتی پێکــردەوە، ئەمجارەیــان واتــە لــە قۆناغــی کۆتایــی بیســتەکانی ســەدەی بیســتەمدا، هەریــەك لــە شــێخ ئەحمــەد و مســتەفا بارزانــی، پەیوەندییــان لەگــەڵ ڕێکخــراوی کــوردی خۆیبــوون دامەزرانــد.

(1) Там же, с. 46.

(2) Конфликты на Востоке: этнические и конфессиональные. М., 2008, **С**. 204.

## بەشداری مستەفا بارزانی لە ڕاپەڕینەکانی (کۆمەڵەی خۆیبوون)دا

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٢٧، لـە وڵاتـی سـوریا و دروسـت لـە شـاری حەلەبـدا، کۆنگرەیـەک بـۆ سـەرکردە و کەسـایەتییە بەناوبانـگ و کاراکانـی نـاو بزووتنـەوەی نەتەوایەتـی کـورد بـەسترا. لەنێـو بەشـداربووانی کۆنگرەکـەدا، بەتایبەتـی نوێنـەری بەرزنجییـەکان و ئەندامانـی کۆمیتـەی باکـوور ئامادەبـوون[١].

کۆنگرەکـە مانـگ و نیوێکـی خایانـد، لـە ئەنجامـدا کۆمیتـەی نەتەوەیـی کـورد لـە ژێـر نـاوی کۆمەڵـەی خۆیبوونـدا وەك ڕێکخراوێکـی سەرتاسـەریی کـوردی خۆیـان ڕاگەیانـد. مەبەسـت لـە دامەزراندنـی ئـەم کۆمیتەیـە، خۆسـازدان و ئامادەکاریـی بـوو بـۆ ڕاپەڕینێکـی سەرتاسـەری کوردیـی، بـە ئامانجـی ڕووخاندنـی دەسـەڵاتی تورکیـا و کۆتایهێنـان بـە داگیرکاریـی کوردسـتان.

خۆیبـوون زۆرێـک لـە کەسـایەتییە دیارەکانـی بزووتنـەوەی نەتەوایەتـی کـوردی لەخۆگرتبـوو، لەوانـە: هەریـەک لـە: جـەلادەت عالـی، کامـەران عالـی و سـورەییا بەدرخـان، ژەنـەڕاڵ ئیحسـان نـوری دوایـا، شـێخ عەبدولقـادر شـەمزینی و چەندیـن کەسـایەتی کاریگـەریتر بەشـداربوون. خۆیبـون لـە درێـژەی نەخشـەڕێ و چالاکییەکانـی کۆنگرەکەیـدا، خەباتـی چەکـداری وەک میکانیـزم و فۆڕمـی سـەرەکی خەباتـی دژ بـە داگیرکاریـی ناسـاند. هـاوکات کۆمەڵـەی خۆیبوونیشـی وەک ناوەنـدی پێشـەنگایەتی بزووتنـەوەی نەتەوەیی کـورد ئامـاژە پێـدا. لەبـارەی ئامانـج و ستراتیژیشـەوە، ڕاپەڕینـی چەکداریـی لـە دژی داگیرکـەری تورکیـا، بـە ئامانجـی ڕزگاریـی خاکـی کوردسـتان و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی خرایـە نەخشـەی کارەکانـی ئاینـدەوە. بەمجـۆرە خۆیبـوون لـە ئاڕاسـتەکردنی سیاسـەتی دەرەکیـدا پشـتی بـە هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـەکان و کـوردی بەشـەکانی ئێـران، عێـراق و سـوریا وەک بەشـێکی گرنکـی دیپلۆماسـییەتی کۆمەڵـە بڕیاریانـدا کاریـان لەسـەر بکرێـت. هـاوکات هاوکاریـی و هەماهەنگـی لەگـەڵ حزبـی تاشـناکی ئەرمەنیـی، بەشـێکی دیکـەی پەیوەندییـە

---

(١) لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٢٣ دا، لەژێـر کاریگـەری سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـی شـێخ مەحمـود لـە سـلێمانیدا، کـوردە نەتەوەییەکانـی تورکیـا بڕیاریانـدا ڕاپەڕینێکـی نەتەوەیـی ڕێکبخـەن، بڕیاربـوو لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٢٥دا ڕاپەڕینەکـە بەڕێوەبچێـت. لیژنەیەکـی تایبەتـی بـە خۆئامادەکـردن بـۆ ڕاپەرینەکـە دامـەزرا، یەکەمجـار لـە ئەرزرۆمـدا کۆبوونـەوەی دامەزراندنیـان بەسـت.

دەرەکییەکانــی کۆمەڵــەی دیاریــی دەکــرد. دوای دامەزراندنــی خۆیبــوون، لەیەکــەم هەنــگاوی کرداریــدا، دەســتەی دامەزرێنــەر ڕوویــان لــە دیمەشــق کــرد و خۆیــان بــۆ ڕاپەڕینێکــی بەرفراوانــی نەتەوەیــی ئامــادە و ســازکرد. بەگشــتی بەرنامــەی کۆمەڵــە، بەرنامەیەکــی نەتەوەیــی بــوو، هەربۆیــە جەختیــان لــەوە دەکــردەوە، ئــەوان دەتوانــن نوێنەرایەتــی خــاک و مــاف و ئازادییەکانــی هــەر کوردێــک بکــەن، گــەر لــە هەربەشــێکی کوردســتاندا نیشــتەجێبن. هەرچەنــد بەرزکردنــەوەی گوتارێکــی وەهــا، هێنــد ئاســان نەبــوو، بــەو پێیــەی ئــەم بابەتــە نــەک تەنیــا لــە نێــوان کــورد و تورکــدا، بەڵکــو لەنێــو ئاشــوورییەکان و ئەرمەنییــەکان و ئێرانییەکانیشــدا پێکــدادان و بەریەککەوتنــی بەرژەوەندییــە نەتەوەییەکانــی لێدەکەوتــەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا، هەمــان ئــەو دروشــم و دنیابینییانــە، بــە گیانێکــی نەتەوەییــەوە و بــێ هیــچ ســلکردنەوەیەک، پاڵــی بــە خەباتکارانــی خۆیبوونــەوە نــا، تاوەکــو بیرۆکــەی ناســیۆنالیزمی کوردیــی بــەرەو پێشــەوە بــەرن. لــەم پێنــاوەدا کۆمەڵــە بە دروشــمی "کوردســتانی ســەربەخۆ" یــان دروشــمی "کوردســتانی گــەورە" هاتــە نــاو کــۆڕی خەبــات و گوتــاری گــەورە سیاســەتمەدار و نووســەر و ئەدیبانــی کــوردەوە. هــەر بــە گوتــەی کۆمیتــەی بــاڵای خۆیبــوون، بڕیــار درا، هــەر کوردێــک بەبــێ جیــاوازی و بەبــێ گوێدانــە ئــەوی لــەچ بەشــێکی کوردســتانی داگیرکــراودا نیشــتەجێیە، تێکــڕا مافــی ئەوەیــان هەبێــت لەنــاو کاری ڕێکخروەیــی و ڕێکخســتی کۆمەڵــەدا یەکبخرێــن. کامــەران عالــی بەدرخــان وەک ئایدۆلۆژیســتێکی تیۆڕیزەکردنــی خۆیبــوون، هــاوڕێ لەگــەڵ هاوبیرانیــدا، لــەو قۆناغــە هەســتیارەدا هەوڵیانــدا بیســەلمێنن کــە کــورد هاووڵاتــی کوردســتانن و لــە دێرینتریــن مرۆڤــی ناوچەکــەن و هەڵگــری کولتوورێکــی نــاوازە و ناســنامەیەکی ڕەســەنی مێژوویــن. ئــەوان باوەڕیــان وابــوو، هەمــوو ئــەو کەســایەتییە سیاســی و کاریگەرانــەی کــە لــە ڕۆژهەڵاتــەوە ســەرقاڵی جوڵانــەوە سیاســیی و کۆمەڵایەتییەکانــی ناوچەکانــی خۆیانــن، لەهــەر پێگــە و پۆســتێکی باڵاشــدا بن، ئــەوا خوێنــی کوردبــوون لــە دەمارەکانیانــدا دێــت و دەچێــت.

لــە درێــژەی ئــەم شــێوە بیرکردنەوانــەدا، کامــەران بەدرخــان پێیوابــوو، ئــەوە خەباتــی خۆیبوونــە، جارێکــی تــر شوناســی کوردبــوون بــەو خەڵکــە ڕەســەن و بــەو فەرهەنگــەی ڕۆژهــەڵات دەداتــەوە. یەکێکــی تــر لــە گرنگتریــن کارەکانــی خۆیبــوون بریتــی بــوو

لــەوەی، پێویســتە ئەنجومەنــی بــاڵا کاربــکات بــۆ یەکخســتنی تێکڕای ڕێکخــراوە کوردییــە جیــاواز و گروپــە سیاســیی و کلتورییەکانــی کــورد. هــەروەک چــۆن چاویشــیان لەســەر هــەر ســەرکردە و ســەردارێکی کــورد بــوو، ئەوانــەی ئازایانــە قۆڵــی خەبــات و خەونــی ئازادییــان لێهەڵماڵــی بــوو. هــاوکات بەوپــەڕی گرنگییــەوە لــە هــۆز و بەرەبابــە تێکۆشــەرەکانی کوردیــان دەڕوانی. بــە تایبەتی ســەرکردە دیارەکانــی کــورد، لەنێویانــدا برایانــی بارزانییــەکان، هەریــەک لــە شــێخ ئەحمــەد و مســتەفا بارزانییــان وەک دوو کارەکتــەری کاریگــەری دۆزی ڕەوای نەتــەوەی کــورد دەبینــی.

دواجــار خۆیبــون بوویــە ناوەندێکــی کاریگــەر، لــە نــاو ســەرکردایەتی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورددا بــە ســەرەداوی سیاســەتێکی ســەرکەوتوو، لــە ئەزمــوون و ئەندێشــەی کۆمەڵەکــە دەڕوانــرا. خۆیبوون لــە قۆناغــی یەکەمیــدا خــۆی لــە نەیارێتــی ئێــران و عێــراق تێنەدەگەیانــد. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو دەیانزانــی دووان لــە بەشــە کاریگــەر و گرنگەکانــی کوردســتانی گــەورەش بندەســتی ئــەو دوو سیســتەمە ســەرکوتکار و داگیرکەرانــەی کوردســتانن. لەڕاســتیدا ئــەم خۆخەڵەفاندنەیــان بەواتــای دەســبەرداربوون لــە کوردبوونــی ئــەو ناوچانــە نەدەهــات، بەڵکــو ستراتیــژی یەکخســتنی هەمــوو خاکــە کوردییــەکان ئامانجێکــی ڕوون و ڕەوانــی دوورمــەودای کۆمەڵــە بــوو. تەنیــا ئــەوە بــوو، هەوڵــی ڕزگارکردنــی ئــەو بەشــانە خرابوویــە ڕیــزی قۆناغبەنــدی قۆناغەکانــی دواتــری خەباتــی ڕزگاریخوازیــی کوردســتانی تورکیــاوە.

ســـەبارەت بـــە پەیوەندییـــە دەرەکییەکانـــی خۆیبـــوون، پێویســـتە بزانیـــن، زۆرتریـــن زەمینـــەی چالاکییەکانیـــان لـــە گۆشـــەی گرنگیـــدان بـــوو بـــە چالاکییـــە دەرەوەییەکانـــی کۆمەڵەکـــە. هەربۆیـــە لـــە دامەزراندنییـــەوە، ســـەرەڕای ئـــەوەی ئیـــدارەی بەریتانیـــا، بـــەردەوام نەیارێتـــی خۆیـــان بـــۆ خۆیبـــون نەدەشـــاردەوە. ئەوا کەســـانی وەك شـــێخ ئیسماعیل-بەگـــی ئێـــزدی یەکێـــک بـــوون لـــەو هەڵســـوڕاوە کاریگەرانـــەی کۆمەڵەکـــە کـــە لـــە ڕووی دیپلۆماســـییەوە پەیوەنـــدی پتـــەوی لەگـــەڵ لقەکانـــی خۆیبونـــدا لـــە ئەمریـــکادا درێـــژە پێدابـــوو.

ناوبـــراو هەوڵـــی نێزیکایەتـــی و چێبوونـــی پەیوەنـــدی دیپلۆماســـیی دەدا. بەدرخانییەکانیـــش بـــەردەوام بـــە داوای پشـــتیوانیکردن لـــە بەرنامـــەی ناســـیۆنالیزمی کوردیـــی، جەختیـــان لەســـەر بەرفراوانـــی بزووتنەوەکـــە و بانگـــەوازی یەکبوونـــی نیشـــتمانی

دەکردەوە. لـەم میانـەدا پەیوەندییـان لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد بارزانیـدا دروسـت کـرد بـوو. شـێخ ئەحمـەد هەرچەنـدە لـە سـەرەتاوە بەسـانایی باوەڕیـی بـە هـەر هەڵوێسـتێکی نیشـتمانپەروەریی نەدەکـرد و بـە دڕدۆنگییـەوە تەماشـای جموجـوڵ و هەوڵەکانیانـی دەکـرد، سـەرەڕای ئـەوەش بەڵێنـی یارمەتیـدان و هاوکاریکردنـی پڕۆژەکەیانـی دابـوو. وەکـو وتمـان لـە سـەرەتاوە خۆیبـوون، بە بانگـەوازی دژایەتـی تورکیـا لـە کوردسـتانی عێراقـەوە دەسـتیان بـە جموجـوڵ و چالاکییەکانیـان کـرد. ئەوەبـوو داوایـان لـە سـەرکردە کـوردەکان کـرد، لانیکـەم تەنیـا بـۆ دوو سـاڵ، کۆتایـی بـە ململانـێ و ناکۆکییەکانیـان بهێنـن و لەپێنـاو ستراتیژێکـی باڵاتـردا پێکـەوە هەماهەنگـی یەکتریـی بکـەن[١]. لـە یەکەمیـن کاردانـەوەی سـەردارانی کـورددا، مسـتەفا بارزانـی بەشـێوەیەکی پراکتیکـی هاتـە پێشـەوە و بەشـداریی لـە ڕاپەڕینـی چەکداریـی کـورد لـە باکـوری کوردسـتاندا کـرد. ئـەم ڕاپەڕینـە لـە ناوچـەی (ئاگـری داغ)ەوە ڕێکخرابـوو. یەکێـک بـوو لـەو ڕاپەڕینانـەی زۆرتریـن ئامـادەکاری و جوڵـەی دیپلۆماسـیی بـۆ کرابـوو. مەبەسـتیان بـوو ڕاپەڕینەکـە بکرێتـە ناوەندێـک و لـە کوردسـتانی تورکیـاوە بـۆ بەشـەکانی تـری کوردسـتان بتەنرێتـەوە. دیـارە ناهەقیـان نەبـوو کـە دەسـەڵاتی تورکیایـان بـە تەگەرەیەکـی گـەورەی بـەردەم جوڵانـەوە ڕزگاریخوازییەکـە دەبینـی. بۆیـە ویسـتیان سـەرەتا لـە سـەری مارەکـەوە دەسـتپێبکەن. لەسـەر ئـەم بنەمایـە ڕاپەڕیـن لـە هاوینـی ١٩٢٧وە دەسـتی پێکـرد. لـەم کاتـەدا کەمالیسـتەکان پێشـنیاری کۆمەڵێـک پـڕۆژە یاسـا و فەرمانـی نوێیـان لـە کوردسـتاندا پەسـەند کـرد بـوو. بـە گوێـرەی ئـەو فەرمانانـە فیـۆداڵ و سـەرۆکهۆزەکانی کـورد لـە مافـی خاوەندارێتـی زەویەکانیـان بێبـەش دەکـران و زەوییەکانیـان لەلایـەن میرییـەوە ڕادەسـتی خەڵکانێکـی دیکـە دەکرانـەوە. ئـەم فەرمانـەی تورکیـا بوویـە هـۆکاری هاتنەپێشـەوەی هۆزەکانـی کـورد و تیکـڕا پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە کـرد. بەمـەش داواکارییەکانـی سـەربەخۆیی کـورد زیاتـر تینوتـاوی بـۆ میـری هێنـا.[٢]

یەکێك لـەو هۆکارانـەی کـە دێهاتییەکانـی کوردسـتان، بەجارێـک ئامێزیـان بـۆ ڕاسانە کوردییەکـە کـردەوە، ئەوەبـوو خەڵکـی کوردسـتان لەگـەڵ لۆژیکـی ئیـدارەدان و بڕیـارە

(1) 16. Лазарев М. С. Курдистан и курдский вопрос (1923–1945). М., 2005, с. 118.
(2) Подробнее см.: История Курдистана. М., 1999, С. 281–284.

نوییەکانــی میریــدا نەدەســاچان. بۆیــە بانگەشــەی ســەربەخۆیی ببوویــە دروشــمێکی بــەربڵاو و تێکــڕای یاســا و فرمانــە نوێیەکانــی هەڵدەوەشــاندەوە و پەیڕەوێکــی نوێــی لەنــاو دانیشــتوانی کــورددا دەهێنایــە گــۆڕێ. ڕاپەڕینــی ئاگــری داغ ، ئــەو ڕاپەڕینــەی لــە خوێندنــی مێــژووی کــورددا بــە "یاخیبوونــی ئاراراتــی ١٩٢٧-١٩٣١" نــاسرا، لەلایــەن جەنــەڕاڵ ئیحســان نــوری دوایــاوە سەرپەرشــتی دەکــرا[١]. ڕاپەڕینەکــە لــە مانگــی تەمــوزی ســاڵی ١٩٣٠ دا، لــە بەشــی باشــووری ڕۆژهەڵاتــی تورکیــاوە، واتــە لــە ناوچــەی باشــکالێوە جــاڕی جوڵانــەوە چەکدارییەکــە درا. لــە یەکــەم چالاکییانــدا توانیــان دەســتەیەکی ســەربازی تورکیــا بــە تــەواوی تێکبشــکێنن و ڕێــگای نێــوان باشــکالێ و ویلایەتــی وان کۆنتــڕۆڵ بکــەن. بەمــەش ســنووری نێــوان تورکیــا و عێــراق بــە شــێوەیەکی ئازادانــە بــە ڕووی هــۆزە کوردییەکانــی هــەردوولادا کرایــەوە. لەکاردانــەوەی ئــەو پێشــهاتە نوێیانــەدا، تورکیــا بــە دەســتبردن بــۆ هاندانــی هــۆزەکان، ویســتی ڕووبــەڕووی ڕاپەڕینەکــە بێتــەوە. یەکێك لــەو کەسایەتییانەی (لــە لایەنــی تورکیــاوە) ڕامکــرا بــوو، بریتــی بــوو لــە عــوسمان ئاغــا. ناوبــراو بۆخۆیشــی چووبــووە بنکلێشــی دامــەزراوە ســەربازییەکەی میرییــەوە و بــە هێزێکــی دوو هــەزار کەســییەوە، لــە هاوزمــان و هاوشــارییانی ڕاپەڕینــە چەکدارییەکــەی خۆیبــوون هەڵگەڕابوویــەوە. ئــیتر بێجگــە لــە عــوسمان ئاغــا، هۆزەکانــی دیکــەی کــورد، ســەنگەری مەردایەتییــان بەرنــەدا و لــە یەکــەم هەنــگاودا توانیــان لەگــەڵ شــێخ ئەحمــەدی بارزانــدا بگەنــە ڕێککەوتــن. ئــەم ڕێککەوتنــە وەك ڕێککەوتنــی هــۆزە کوردییەکانــی ســنوور، بوویــە هەنگاوێکــی هاوبەشــی کوردانــە دژ بــە حکومەتــی تورکیــا. [٢]

مســتەفا بارزانــی لــەم جموجوڵــە ناسیۆنالیســتییەی هۆزەکانــی کــوردەوە، دارای ڕۆڵێکــی کاریگــەر و یەکلاکــەرەوە بــوو. ناوبــراو بــە هێزێکــی ٥٠٠ چەکدارییــەوە، بــە هانــای یاخیبووانــەوە چــوو بــوو. بــەڵام هــەر لــە ســەرەتاوە، واتــە لــە دەڤــەری ئۆرۆمــارەوە لەگــەڵ ســەربازانی تورکیــادا دووچــاری تێکهەڵچوونــی چەکــداری ببوونــەوە. ئەمــەش بــووە هۆکارێــک، تاوەکــو نەتوانێــت لەگــەڵ هێــزی چەکداریــی ئیحســان نــوری دوایــای سەرپەرشــتیاری ڕاپەڕینەکــە یەکبگرنــەوە. هەڵبەتــە ڕێگاکانــی پەیوەندیکردنــی هێــزی هــۆزە کوردییــەکان تێکڕایــان خرابوونــە ژێــر چاودێــری چەکدارانــی ســوپای

(1) Подробнее см.: История Курдистана. М., 1999, С. 281–284.

(2) Лазарев М.С. Курдистан и курдский вопрос, С. 153.

تورکیـــاوە. بۆیـــە یەکێـــك لـــە گەورەتریـــن تەگەرەکانـــی پێـــش ڕاپەڕینەکـــی ئاگـــری داغ، دابـــڕان و پەرشـــوبڵاوی لایەنەکانـــی بەشـــدار لـــە ڕاپەڕینەکـــە بـــوون. هـــاوکات تورکـــەکان هێزێکـــی زۆر و زەبەندیـــان لـــە ئۆرۆمـــاردا کۆکردبـــووەوە. ئەمـــەش وایکـــرد، مســـتەفا بارزانـــی ناچـــار بـــە پاشەکشـــە کـــرا و خـــۆی و هێزەکـــەی دوای چەنـــد چالاکیەکـــی ســـەرکەوتوو، گەڕانـــەوە نـــاو خاکـــی عێـــراق. لـــە ســـاڵی ١٩٣٠ دا، تەنگـــژە و قەیرانـــە سیاســـییەکانی نێـــوان بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازیـــی کـــورد و بارزانییـــەکان لەگـــەڵ حکومەتـــە هەرێمییەکانـــدا گەیشـــتبوونە ئەوپـــەڕی. هەربۆیـــە داگیرکـــەران ناچـــار بـــە گەڕانـــەوەی بارزانـــی کـــران بـــۆ زێـــد و شـــوێنی ژیانـــی خۆیـــان لـــە دەڤـــەری بارزانـــدا. بـــۆ ئـــەو مەبەســـتەش ڕێکەوتنێکـــی دوولایەنـــە ئەنجامـــدرا بـــوو. هـــاوکات لـــە ســـنووری ســـلێمانیدا پەیماننامەیـــەک لەگـــەڵ ئینگلیـــزدا، واتـــە لـــە ســـەروبەندی ڕاپەڕینێکـــی نوێـــی شـــێخ مەحمـــودی بەرزنجیـــدا هاتبـــووە ئـــاراوە. لـــەم میانـــەدا شـــێخ ئەحمـــەدی بارزانیـــش، گەرەکـــی بـــوو دەســـەڵاتی دوایایەتـــی بێنێتـــە ژێربـــاری داواکارییەکانـــی کـــوردەوە. ئەوەبـــوو شـــاندێکی بـــە ســـەرۆکایەتی مســـتەفا بارزنـــی بـــرای ئامادەکـــرد، تاوەکـــو ڕەوانـــەی بەغدایـــان بـــکات و لەگـــەڵ شـــا فەیســـەڵدا بگەنـــە خاڵێکـــی هاوبەشـــی نێوانیـــان. لـــە لایەنـــی کـــوردەوە، شـــێخی بـــارزان داواکارییەکانـــی بریتـــی بـــوون لـــە:

- داننان بە مافی خۆبەڕێوەبەری ناوچە کوردستانییەکان.
- باشترکردنی دۆخی ژیانی ئابووری دانیشتوان.
- دروستکردنی ڕێگاوبانی نوێ و ئاوڕدانەوە لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان. (١)

شافەیســەڵ بــە گەرمــی پێشــوازی لــە مســتەفا بارزانــی کــرد. دواتــر بارزانــی لەگــەڵ ماجیــد مســتەفادا کــە کەســایەتییەکی دیــاری کــورد و پەرلەمانتارێکــی ســنووری ســلێمانی بــوو کۆبوونــەوە. لەگــەڵ ئــەوەی شــاندی حکومــەت بــە وردی گوێیــان دایــە داواکارییەکانــی بارزانــی، بــەڵام هیــچ هەنگاوێکــی پراکتیکیــان لەوبارەیــەوە نەگرتەبــەر. ئــەم بێباکییــەش وەک ســەرەتای ململانێــی نێــوان مســتەفا بارزانــی و دەســەڵاتدارانی دوایایەتی عێــراق بوویە دەســپێکی قۆناغێکــی پــڕ لــە شەڕوشــۆڕ و شــوێنەوارێکی نەرێنی بەســەر کــۆی ڕووداوەکانی

(1) Мгои Ш.Х. Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время. М.,1991,С. 94

ئایندەوە بەجێهێشت. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣١ دا، دەسپێکی بەریەککەوتنی نێوان بارزانییەكان وەك نوێنەرایەتی پرسی كورد، لەگەڵ دەسەڵاتی دوایایەتی عێراقدا ڕوویدا. بێباكی دەسەڵاتدارانی میریی، مەیدانخوازی بارزانییەكانی بەڕووی ستەم و زۆرداری دوایایەتییدا پێشخست. بارزانییەكان ناچار بیریان لە وەستانەوە بە ڕووی بێدەرەتانی و بندەستیی نەتەوەی كورددا كردەوە. دواجار بە سەرۆكایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی پەنابرایە بەر یاخیبوونێكی نوێی چەكداریی. ئینگلیزەكان بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا شێخ ئەحمەد بارزانی بخەنە ناو داوی بەرژەوەندییەكانی بنەماڵە و هۆزەكەی خۆیەوە. بۆئەم مەبەستەش چەندین ڕێوشوێنی جیاجیایان گرتەبەر. لەوانەش بەكارهێنانی فشار و كاریگەریی مەكر و میزاجی پڕ فرتوفێڵ و تاكتیكی سیاسیی پارێزگاری موسل یەكێك بوو لە یادەوەرییە تاڵەكانی مێژووی خەڵكی ناوچەكە و بارزانییەكان لەگەڵ دەسەڵاتی دوایایەتیدا. بۆنموونە دوای ئەوەی شێخی بارزان بۆ دووەمین جار مستەفا بارزانی ڕەوانەی لای دەسەڵاتدارانی میریی كرد. دیارە ئەمجارەیان بارزانی بە نیازی بەرەوپێشبردنی پڕۆسەی دانوستانەكان سەردانی موسلی كردبوو، وەلێ شاندە كوردییەكە لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا، وەختێک بەلای كەتیبەیەكی سەربازی ئینگلیزدا تێپەڕدەبن، سەربازە ئینگلیزەكان لێیان دێنەدەست و گێچەڵ و گەڕی لابەلا بە شاندە كوردییەكە دەگێڕن. لێرەدا بارزانی بە وردی و ورییایییەوە ئاگاداری هەر هێرش و هەوڵێكی نزیكبوونەوەی سەربازانی ئینگلیزدەبێت بۆ سەر دەڤەری بارزان. چونكە پێشوەخت ئاگاداری ئاكار و میتۆدی مەكراوی ئینگلیزەكانە. ئەوەبوو سەرەتا بروسكەیەكی ناردەوە بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی و ئاگاداریی كردەوە، كەوا پلانی هێرشی ئینگلیزەكان لە ئارادایە. لێرەوە بارزانی پێشوەختە دەستی كرد بە ئامادەكاریی و بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێكی لەناكاوی ئینگلیزەكان بۆسەر ناوچەی كوردنشینی بارزان. لەم ساتەوەختە هەستیارەدا، پەیوەندییەكانی مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد لەگەڵ كۆمەڵەی خۆیبووندا، لە ئاستێكی گەلێ گرنگ و جدیدا خۆیان دەبینییەوە. بەدڵنیاییەوە ئەم پەیوەندییانە ڕۆڵێكی بەرچاویان لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری سیاسیی نێوان هەردوولادا هەبوو. تەنانەت بوونە گوتارێكی گەلێ كاریگەر لە یەكەمین یادەوریی یەكرێزی نەتەوەیی و خەبات لە پیناو سەربەخۆیی كورد لە تەواوی كوردستاندا.

لێـرەوە بارزانییـەکان بوونـە بازوویەکـی بەهێـز لـە بڵاوبوونـەوەی بیـری نەتەوەیـی و میتـۆدی کۆمەڵـەی خۆیبوونـدا. بـەم بۆنەیـەوە لەنـاو کوردسـتانی عێراقـدا، تـا ئاسـێکی کاریگـەر، هەندێـک لـە پرەنسـیپ و بەرنامەسـازییەکانی کۆمەڵەی خۆیبـوون بوونـە جـێ سـەرنجیی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان. بەتایبەتـی پرەنسـیپەکانی خەبـات بـۆ چەسـپاندنی ئـەو مافانـەی کـورد لـە عێراقـدا پێویسـت بـوو بەدەسـتیان بهێنێـت. هەروەهـا دامەزراندنـی پەیوەندیـی و دانوسـتان و بەسـتنی پەیماننامـە لەگـەڵ حکومەتـە خۆجێییەکانـدا، بەشـێکی گرنگـی ئـەو هۆشـیارییە سیاسـییانە بـوون کـە جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازیـی بـارزان، زۆر بـە وریاییـەوە کاری لەسـەر دەکـردن.(١)

بەگشـتی کۆمەڵـەی خۆیبـوون، دیوێکـی نوێـی ناسـیۆنالیزمی ڕادیکاڵـی کوردییـان پیشـان دەدا. بـەم بۆنەیـەوە دروشـمی "کوردسـتانی گـەورە"وەک پرەنسـیپێکی نەتەوەیـی خزابوویـە زیهنـی شۆڕشـگێڕانی بارزانـەوە کـە تێکـڕا و لـە ڕاپەڕینـی یەکەمـی بارزانـەوە ئـەو هەسـتە هـێمای بـۆ دەکـرا، هەسـتێك وەك مانیفێسـتۆیەك مەیدانخوازیـی میتـۆدە داگیرکارییەکـەی دەکـرد و دڵنیایـی دەدا کـە بەڵـێ کوردسـتان یـەک پارچەیـە و لەلایـەن وڵاتانـی هەرێمییـەوە دابەشـکراوە. لەسـەرپاکی ئـەم هەسـتە نەتەوەییـەدا، بارزانییـەکان بەبـێ یـەک و دوو، دەسـتیان بـۆ هەماهەنگـی و هـاوکاری هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان دەبـرد. بەجۆرێـک لەگـەڵ پرەنسـیپەکانی خۆیبوونـدا بەشـێوەیەکی پراکتیکـی پەیمانـە نەتەوەییەکـەی خۆیـان دەبـردە سـەر. بـەڵام لـە ئـەرزی واقیعـدا، ئـەوەی لـە سـۆنگەی سیاسـەتی کۆمەڵـەی خۆیبوونـەوە پەیـڕەو دەکـرا، شـتێکی تـر بـوو. بەجۆرێـک بەرەبـەرە زانـرا کـە خۆیبـوون، تەنیـا و تەنیـا لەچوارچێـوەی بزووتنـەوەی نەتەوەیی کوردانـی تورکیادا تێکوشـان دەکـەن. لەگـەڵ ئەوەشدا، دەسـەڵاتدارانی دوایایەتـی عێـراق، هەڵمەتێکـی چڕوپـڕی ڕێگریـی کـردن لـە هـەر چالاکییەکـی کۆمەڵـەی خۆیبـوون بەڕێوەبـرد. ئـەو قۆناغـە لـە عێراقـدا نوێنەرانی سـەرەکیی کۆمەڵەکـە بریتـی بـوون لـە: شـوکری محەمـەد سـەگبان و چەنـد هەڵسـوڕاوێکی تـری کوردپـەروەر. دوای ئـەوەی بـە ڕوونـی ئـەوە ئاشـکرا بـوو کـە خۆیبـوون خەریکـن هێـزی مرۆیـی و مەیدانـی سیاسـیی کوردسـتانی عێـراق تەنیـا بـۆ مەرامـی میتۆدیـی و بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان بەکاردەهێنـن، ئـەوکات شـێخ ئەحمـەد بارزانـی و مستەفا بارزانـی بڕیاریـان دا، چیـدی لـە تێکـڕای چالاکییەکانـی

(1) Лазарев М. С. Курдистан и курдский вопрос (1923–1945), С. 105.

کۆمەڵـەی خۆیبـوون بکشـێنە دواوە. بـەم بڕیـارەش بارزانییـەکان بڕیاریانـدا لـەم قۆناغـەدا خەباتیـان لەچوارچێـوەی ناوچـە کوردنشـینەکانی عێراقـدا چڕبکەنـەوە. لـە هەمـان کاتـدا سـەرکردە یاخیبـووەکان و بەشـێکی بەرچـاو لـە کوڕانـی نـاو هـۆزە کوردییـەکان، بەرەبـەرە چ وەک سیاسـیی یـان سـەربازی نیشـتمانی کـورد، لەنـاو ئەرتەشـی عێراقـدا پێگەیـشتن. بەشـداری مسـتەفا بارزانـی لـە ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٣١-١٩٣٢ بارزانـدا لـە سـەرەتای سییەکانی سـەدەی ڕابـردووەوە دەڤـەری بارزانـی کـردە مەکـۆی زۆرتریـن زێـدی ڕاپەڕیـن و ڕووبەڕووبوونەوەکانـی کـورد دژ بـە دەسـەڵاتی دوایایەتـی. هـاوکات بارزانییـەکان وەک دواییـن جوڵانـەوەی چەکداریـی دژی دەسـەڵاتدارانی عێراقیـی، درێژەیـان بـە بەرخـودان و داواکاریـی بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دا. ئەمـەش وایکـرد، ناوچـەی بـارزان بوویـە هەڵگـری شوناسـێی شۆڕشـگێڕانە دژ بـە داگیرکارییەکانـی ڕژێمـی دوایایەتـی. جیـا لـەوەش بـەردەوام لـەو قۆناغـەوە دەڤـەری بـارزان، پێگەیەکـی نیمچـە سـەربەخۆی لەهەمبـەر ملنـەدان بـۆ یاسـا و ڕێسـاکانی ڕژێـم پێبـەخشرا بـوو.

لــە دەســپێکی ســییەکاندا، واتــە لــە ١٩٣١دا، ژمــارەی دانیشــتوانی ناوچــەی بــارزان، تەنیــا نزیکــەی ٢٥ هــەزار کــەس دەبــوون. ئــەم ڕێژەیــەش بەســەر٣٥٠ گونــدی دەڤەرەکــە دابەشــبوون[1]. بەشــێوەیەکی گشــتی لــە مــاوەی ســاڵانی ١٩٢٨-١٩٣١دا بــەردەوام ناوچەکــە ببوویــە گۆڕەپانــی ناڕازیبــوون و ململانــێ و ملنــەدان بــۆ خواســتەکانی دەســەڵات. لــە مانگــی ئــاداری ســاڵی ١٩٣١دا، نائارامــی و پشــێوییەکی لەڕادەبــەدەر لەنێــو دانیشــتوانی بــارزان و ناوچەکانــی دەوربەرییــەوە دەســتی پێکــرد. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو کــە چەندیــن کاری توندوتیــژ و ســزادانی هاووڵاتیانــی مەدەنــی لــە مانگــی حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٣١ وە لەلایــەن دەســەڵاتدارانی عێــراق و ئینگلیــزەوە دژ بــە هاووڵاتیــان ئەنجامــدرا. نائاراميیــەکان لەئاســتێکدا بــوون کــە بــە ناچاریــی نوێنەرانــی بەریتانیــا ســەردانی ناوچــەی بارزانیــان کــرد و لەگــەڵ شــێخ ئەحمــەدی بارزانــدا کۆبوونــەوە. لــە ســەردانەکەدا بەریتانییــەکان بــە نــاوی حکومەتــی عێراقیشــەوە پێشــنیاریان کــرد بــوو پێکــەوە کۆتایــی بــەو یاخیبوونانــە بهێنــن، بــەڵام بارزانییــەکان بەبــێ بەدەنگەوەهاتنــی داواکارییــە نەتەوەییــەکان، تــەواوی پــڕۆژە و پێشـنیارە لۆکاڵییەکانیـان دایـە دواوە. دواجـار لـە مانگـی تەمـووزی ئـەو سـاڵەدا، دوای

(1) Meiselas S. Kurdistan. In the Shadow of History. N. Y., 1997, c. 178.

ئامادەکارییەکـی کـورت، شـێخ ئەحمـەد بڕیاریـدا ڕووبـەڕووی هەمـوو هێـزە ئینگلیـز-عێراقییــەکان بێتــەوە. لــە تشــرینی دووەمــی ســاڵی ١٩٣١ دا، ڕاپەڕینــی چەکداریــی بارزانییــەکان بــە ســەرۆکایەتی شــێخ ئەحمــەد، لــە ناوچــە شــاخاوییەکانی باکــووری ڕۆژئــاوای ڕەوانــدوزەوە دەســتی پێکــرد. پاڵنــەری ڕاپەڕینەکــە بــە هــۆی ناڕازیبوونــی دانیشـتوانی کـوردی دەڤـەری بـارزان بـوو لـەو هەلومەرجـە ئابوورییـە کۆمەڵایەتییـەی کــە لــەو ســەردەمەدا هاتبــووە ئــاراوە. هاوکات ســتەمی بەردەوامــی دەســەڵاتدارانی عێــراق هــۆکاری ســەرەکی ســەرهەڵدانەکە بــوو.

کـورد داوای چاکسـازی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و سیاسـییان دەکـرد. داوایـان دەکـرد پێویســتە ناوچە دوورەدەســتەکانی وەک بارزانیــش دەســتی خزمەتگوزاریــی حکومــەت بیانگرێتــەوە. شۆڕشــی بــارزان بــووە بایســی زیادبوونــی زەمینــەی ناڕەزایەتییــە نەتەوەییــەکان. بارزانییــەکان کاتێکیــان زانــی بەجارێــک چیــن و توێژەکانــی دیکــەی کۆمەڵــی کــوردی، پەرۆشــی پەیمانــە نەتەوەییەکــەن و بەتــەواوی قەڵــس و تــوڕەن دژ بــە بەرپرســانی میــری و دامــەزراوە دەوڵەتییەکانیــان. جیــا لــە خەڵکانــی کەیلــی کوردایەتـی، ڕێژەیەکـی بەرچـاوی سـەربازە هەڵهاتووەکانـی نێـو سـوپای عێـراق، پەیتـا پەیتـا پەیوەندییـان دەکـرد بـە ڕیـزی ڕاپەڕیوانـەوە. یەکێکـی تـر لـە تایبەتمەندییەکانـی ئــەم ڕاپەڕینــە ئەوەبــوو، دوای شکســتی جوڵانەوەکــەی شــێخ مەحمــودی بەرزنجــی و کــوردی ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق ســەریهەڵدا بــوو، بۆیــە وەك تەشــاوی تێکۆشــانێکی نەتەوەییانــە، هیــوای هەمــوو کــوردی لەســەر هەڵچنرابــوو. بەگشــتی لەنــاو کــۆی خەباتکارانـی دێریـن و نوێـی ڕۆڵەکانـی کـورددا، هەسـتی تۆڵـە و ڕاپەڕیـن گەیشـتبووە ئاسـتێکی بـاڵا و بەرەبـەرە پەیوەندییـان بـە ڕیـزی شۆڕشـی بارزانـەوە دەکـرد. لەهەمـان کاتــدا، ڕاپەڕیــن دەرفەتێکــی لەبــاری دایــە مســتەفا بارزانــی تاوەکــو لــە مەیدانەکانــی ڕووبەڕووبوونـەوەدا توانـا سـەربازی و سـەرکردایەتییەکەی خـۆی نیشـان بـدات. مسـتەفا بارزانـی لـەم ڕاپەڕینـەدا، وەک پاڵەوانێکـی نەتەوەیـی نـاوی چـووە نـاو ناوانـی میراتگرانـی مەزنــە تێکۆشــەرانی کــوردەوە. لەگــەڵ ئــەوەی حکومەتــی عێــراق هێزێکــی چەکــداری گـەورە و ڕاهـێنراوی ناردبـووە سـەر ناوچەکـە. ئەرکـی سـوپا تەنیـا بریتـی بـوو لە سـەرکوتی ڕاپەڕیــن و وێرانکردنــی دێهــات و ســوتانی ڕەز و باخــی ناوچەکــە. هێرشــەکانی ئینگلیــز پشتبەسـتوو بـە هێـزی ئاسمانـی و فڕۆکـە جەنگییەکانیـەوە، شانبەشـانی سـێ کەتیبـەی

پیادە و فەوجێکی سوارە و یەکەیەکی پۆلیسی ناوخۆ، لە سنووری بادینانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕەواندوز دەکشان. سەربازەکانیش بە دوو ئاڕاستەی جیا، بەرەو ناوچەی شۆڕش ئاڕاستەدەکران. ئاڕاستەی یەکەمی هێرشەکە، لەچۆمێکی تەنگەبەری شیوێکەوە، کەوتنە مەتەرێزی هێزە کوردییەکانی بارزان و سەرجەمی تەقەمەنی و پێداویستییەکانی خۆراک و هاوکارییەکانیان لێدابڕا. ئەم لێدانە بە تەواوەتی بڕستی لە سوپای ئینگلیز و سەربازانی عێراقی بڕی، بەجۆرێک گەر فڕۆکەکان فریایان نەکەوتنایە، ئەوا بەجارێک ئاڕاستەی جەنگەکە بە بەرژەوەندی بارزانییەکان دەگۆڕا، چونکە ئینگلیزەکان، لە ڕێگەی باڵەفڕەکانیانەوە توانیان کۆمەکی خۆراک و چەکوچۆڵی سەربازی بگەیەننە هێزە شەڕکەرە گەمارۆ دراوەکانیان. دواجار لەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەدا، بارزانییەکان ئەگەرچی دووان لە فڕۆکە جەنگاوەرەکانی ئینگلیزیان تێکشکان، بەڵام دەرفەتی ئەوەیان نەبوو پشکنەری گشتی سوپای عێراقی ژەنەڕاڵ ڕۆبنسن و دوو فڕۆکەوانی دیکەی بریندری ناو فڕۆکە تیکشکاوەکان، دەستگیر بکەن، بەڵکو توانیان خۆیان دەرباز بکەن. بەگشتی سەنگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بارزانییەکان، لە شوێنە سەخت و سەرکەشەکاندا بە پارێزراوی و تۆکمەیی مابوونەوە، تێکڕایان لە ناوچە شاخاوییە سەختەکاندا خۆیان دامەزراند بوو. بەشێوەیەک سوپای عێراقی ئەستەم بوو بتوانن دەستیان بگاتە بنکە و بارەگاکانیان. هەربۆیە لەم ستراتیژەی جەنگی پارتیزانیدا، سەرکەوتن بەسەر کورددا، ئاسان نەبوو. جیا لەوەش خراپی کەشوهەوا، هۆکارێک بوو، تاوەکو هێرشە ئاسمانییەکانی ئینگلیز کە دەکرانە سەر بەندەنە بەرز و سەختەکانی جەنگاوەرانی بارزانی، بەهۆی نالەباری کەشوهەواوە هیچ سوودێکی ئەوتۆیان نەبوو. تەنانەت بۆ جاری دووەم، پارتیزانەکانی بارزان، توانیان فڕۆکەیەکی دیکەی بەریتانی بخەنە خوارەوە و دوو فڕۆکەوانیشیان بە زیندوویی قۆڵبەست بکەن. بەمجۆرە بێ ڕاگەیاندنی هیچ هەوڵیکی ئاگربەست و دانوستان، وردە وردە وەرزی زستان ملینابوویە ناو گۆڕەپانی جەنگەکەوە. سەرماو سۆڵەی بێئامانیش بڕستی لە لەشکری ئینگلیز و عێراقییەکان بڕی بوو. ئیتر بەناچاری گەرموگوڕی بەرەکانی جەنگەکە، ساردبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، ساردبوونەوەکە لە ئاستێکدا بوو، تەنانەت لە دەمەو بەهاری ساڵی ١٩٣٢یشدا، دوابەری بەرەکانی جەنگ چنرایەوە و کۆتایی بە تەقوتۆق و هەڵمەتە سەربازییەکان هات. دوای قۆناغێك

لـە بێدەنگـی چەکـەکان، جارێکـی تـر و لـە گەڕێکـی دیکـەی ڕووبەڕووبوونەوەکانـدا، سـەرەتای مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٣٢، دیسـانەوە هێزێکـی جەنـگاوەری کـورد، بـە فەرماندەیـی مسـتەفا بارزانـی، کاروانێکـی سـەربازیی میـری کـە لەژێـر بەرپرسـایەتی سـەرهەنگێکی عێراقیـدا تێدەپەڕیـن، دروسـت لـە دۆڵـی ڤاژێـی (نزیـک بـارزان) دا کەوتنـە مەتەرێـزی گەریلاکانـی کـوردەوە و سـەرلەبەری کاروانـە سـەربازییەکەیان ئاگرتێبـەردان. ئـەو کاروانە، مەفرەزەیەکـی سـوپای عێراقـی بـوون کـە بـە مەبەسـتی مانەوە و کۆنترۆڵـی خـودی ناوچـەی بـارزان، بـەرەو ناوچەکـە جوڵەیـان پێکرابـوو. ئەوەبـوو کەوتنـە کەمینـی کـورد و زیانێکـی گەورەیـان بەرکـەوت. دواجـار هێـزی ئاسمانـی ئینگلیـز وەک هەمیشـە، بـە هانایانـەوە هاتـن و لـە تێکشـکانی یەکجـاری و دەستبەسـەراگرتنی دوا بـە دنکـی هێزەکەیـان، قوتاریـان کـردن. لێـرەوە ئینگلیـزەکان بۆیـان دەرکـەوت، کۆنترۆڵـی جوڵانـەوەی جەنگاوەرانـی بـارزان، هێنـدە ئاسـان نابێـت، بۆیـە هـەر لەسـەر ڕاسـپاردەی ئینگلیـزەکان بـۆ حکومەتـی عێراقیی، پێشـنیارێکی نوێیـان خسـتە بـەردەم شـێخ ئەحمـەد بارزانـی و جەنگاوەرانـی کـورد. لێـرەوە بـۆ یەکەمینجـار ڕاسـپاردەی میریـی مەبەسـتی بـوو کۆتایـی بـە هـەوڵ و هێـزی چەکداریـی لەنێـوان دەوڵـەت و بارزانییـەکان بهێنـن. دیـارە پێشـنیاری میریـی پێدانـی هەندێـك تایبەتمەنـدی و دەسـەڵاتی دارایـی و پێگـە و پاوانـی موڵکومـاڵ بـوو بـە بارزانییـەکان، بەجۆرێـک بەشـێک لـە خواسـتە خێڵایەتییەکە و بەرژەوەنـدی تایبەتـی بارزانییـەکان لەپێشـچاوگیرابوو. هـاوکات هـەر لەسـەر پێشـنیاری پێکهاتنیانـدا، ئەوەشـیان بـە شـێخ ئەحمـەد و شـوێنکەوتووەکانی گەیاندبـوو کـە گرێنتـی سـەلامەتی سـەرجەمی بارزانییـەکان لـە ئەسـتۆی ئەرتەشـی عێراقیـدا دەبێـت. تەنانـەت بـۆ دڵنیابوونـەوە لـە نیازپاکییـان، هۆڵـت ئەفسـەری بەریتانـی نامەیەکی فەرمـی حکومەتی عێراقیشـی ڕەوانـەی شـێخ ئەحمەد کردبوو. هەڵبەتە شـێخ ئەحمەد، دەسبەجێ سـەرجەم مەرجەکانـی دایـە دواوە و هیچـکام لـە پێشـنیارەکانی پەسـەند نەکـردن. هەربۆیـە جارێکـی تـر گەڕێکـی دیکـەی دەسـدرێژی و بۆردومانـی هێرشـە ئاسمانییـەکان بـۆ سـەر ناوچـەی بـارزان لەلایـەن هێـزی ئاسمانـی بەریتانیـا، دەسـتپێکردەوە. ئەمجارەشـیان لـە دەرئەنجامـی بۆردومانەکانـدا، وەک ئـەوەی نەخشـەیان کێشـابوو، سـەرکەوتنیان بەسـەر بارزانییەکانـدا، بـۆ نەچـووە پێشـەوە. تەنانـەت جەنگاوەرانـی کـورد و شـوێنکەوتوانی شـێخ ئەحمـەد و گوندییەکانـی ناوچەکـە، زەبـر و زیانێکـی هێنـد گەورەیـان پێنەگەیشـت، بـە

پێچەوانـەی نەخشـەکانی ئینگلیـز و سـوپای عێراقییـەوە، خـودی خۆیـان زیانێکـی گەلـێ گەورەیـان بەرکـەوت. دیـارە دەرەنجامێکـی وا، وابەسـتەبوو بـە تاکتیـك و شـێوازی جەنگـی جەنگاوەرانـی بارزانـەوە. چونکـە کـردەی پارتیزانـی، بەتایەتـی لـە شـاخەکاندا بـە شـێوەیەک بـوو، بـەردەوام فڕۆکەوانەکانیـان ناچاردەکـرد، تاوەکـو لـە ئاسـتێکی نزمـەوە بفـڕن، ئەمـەش تاکتیکێکـی تاقیکـراوە بـوو و دەرفەتـی دەدایـە جەنگاوەرەکانـی کـورد، تاوەکـو بـەو چەکـە سـانا و سـاکارانەیانەوە بتوانـن بـەرەو ڕووی فڕۆکـەکان تەقـە بکـەن و نەهێڵـن بەسـانایی ئامانجەکانیـان بپێکـن. لەبەرانبەریشـدا تەقەکـردن لـە فڕۆکەکانـی ئینگلیـز، نـەك بـە بێئەنجـام نەدەمایـەوە، بەڵکـو لەتوانایانـدا بـوو چەندیـن فڕۆکـەی بەریتانـی بـە تێکشـکاوییەوە ناچـار بـە پاشەکشـە بکـەن. هـەر ئەوەنـدە نـا، بەڵکـو بەگوێـرەی زانیـاری نـاو هەواڵـی میدیاکانـی خۆیـان، لـە دووەم گـەڕی هێرشـەکانیاندا، باڵەفڕێکـی جەنگییـان بێسەروشـوێن ببـوو. هەڵبەتـە حکومەتـی عێراقـی بـە پشـتوانی بەریتانیـا، سـووربوونی لەسـەر لێـدان لـە بنکـە و بـارەگای بارزانییـەکان ڕاگەیانـد بـوو.

لــە کۆتاییــدا ســەربازە عێراقییــەکان توانیــان بــەرەو ناوچــەی بەرهەڵســتکاریی بارزانییـەکان بکشـێن و سـەرجەمی بـارزان و دەوروبـەری لەڕێگـەی بەکارهێنانـی هێـز و هێرشـی بەردەوامـی سـوپا و پشـتیوانی بەهێـزی ئینگلیزەکانـەوە بگەڕیننـەوە ژێـر ڕکێفـی داگیرکاریـی خۆیـان. لـە ئەنجامـدا مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٣٢ شـێخ ئەحمـەد و ١٥٠ کـەس لـە لایەنگرانـی، دوای ئـەوەی ناچـار بـە پاشەکشـە کـران، بـەرەو سـنوورە سـەخت و شـاخاوییەکانی تورکیـا، لـە زێـد و مەنزڵـی مانـەوەی خۆیـان هەڵکەنـران. لـەم کاتـەدا بـژاردەی بـەردەم شـێخ ئەحمـەدی بـارزان و هاوەڵەکانـی ئەوەبـوو، یـان بکەونـە دەسـت دوژمنەکانیـان، یاخـۆ دەبـوو داوای مافـی پەنابەریـی لـە بەرپرسـانی خۆجێیـی تورکیـا بکـەن. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو بەشـێک لـە هەڤاڵەکانیـان هێشـتا لـە شـاخەکانی کوردسـتانی عێراقـەوە مابوونـەوە و خۆیـان لـە کەنـد و بەندەکانـەوە حەشـار دابـوو. بەمجـۆرە لەیەکـەم خولـی خەبـات و ڕاپەڕینـی بارزانـدا، بەرپرسـانی بەرهەڵسـتکاریی ڕژێمـی دوایایەتـی، داوای مافـی پەنابەرییـان لـە تورکیـا کـرد.

سـاڵی ١٩٣٥ کۆمەڵـەی شـاهانەی ئاسـیا لـە لەنـدەن، بـە سـەرۆکایەتی ژەنـەڕاڵ سـێر پێرسـی سـایکس، لەلایـەن خاتـو (ئێـڵ سـۆن)وە کـە هاوژینـی ئەفسـەری هەواڵگـری بەناوبانگـی بەریتانیـا (ئی.بـی. سـۆن) بـوو، لـە دوای ماوەیەکـی کـەم لـە تێپەڕبـوون

بەسـەر ئـەو ڕووداوانـەی لـەو قۆناغـەی دەسـپێکی سـییەکاندا ڕوویانـدا بـوو، سـەردانی ناوچـە کوردنشـینەکان و شـوێنی جەنگـی بارزانییـەکان و سـەنگەرەکانی پارتیزانەکانـی کوردسـتانی عێراقـی کـرد بـوو. خاتـوو سـۆن، لـە بەسـەرکردنەوەکەیدا هەوڵیـدا پاسـاو بـۆ ئـەو دەنگۆیانـە بێنێتـەوە کـە لەمـەڕ شـکانی فڕۆکـە و دەسـگیرکردنی فڕۆکـەوان و تێکشـکانی فڕۆکەکانـی وڵاتەکـەی ببوونـە دەنگـۆ و گەپجاڕ و نوکتـەی سـەرزاری خەڵکـی ناوچەکـە. ئـەو دەیەویسـت بیسـەلمێنێ، بەکارهێنانـی فڕۆکـەی جەنگـی و هێرشـی ئاسمانـی بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانـی کـورد، پاسـاوگەلێکی یاسـاییان لەپشـتەوە بـووە، چونکـە چەتەگەرێتـی و دواياگەردانـی ناوچەکـەی ناسـاز و ژيانـی خەڵکەکـەی ناهەمـوار کـردووە. ناوبـراو لـە درێـژەی پاسـاوەکانیدا ئامـاژەی بەوەشـکرد بـوو، ئـەوان توانويانـە هەمـوو ئەوانـەی هەوڵـی پشـێویان داوە، تێکڕایـان تارنێـن و تۆرەمەيـان ببڕنـەوە. هەرئـەوەش وایکـردووە ئێسـتاکە ئاواییەکانيـان چـۆڵ وهـۆڵ و وێرانـە وێنـا دەکرێن. هـەر سـەبارەت بـەو پێوەندییە، خاتـوو سـۆن بـۆ هـەر پێشـهاتێکی نـوێ، پێشـنیاری پەیجوربوونـی تاکتیکێکـی جەنگـی دژ بـە جەنگاوەرانـی کـوردی خسـتبوویەڕوو. پێشـنیارەکەی بریتـی بـوو لـەوەی:" پێويسـت دەکات شـەوانە بـە مەفـرەزە و دەسـتەی بچـوک بچوکـەوە بـەردەوام بەدواداچـوون بـۆ دزەی چەکدارانـی ناوچەکـە بکرێـت. هەروەکچـۆن لـە ئۆپەراسـیۆنێکی توندوتۆڵـدا، پێويسـتە کێومالّـی کێوەکانـی ناوچەکـەش بکرێـت. هەروەهـا پێويسـتە ڕۆژانـەش کەمینـی تایبـەت دەربچێـت و لـە کارێـز و کانییەکانـدا بۆسـەيان بـۆ دابنرێـت".

لـە درێـژەی پێشـنیارەکانیدا وتبووی:"هـەر موڵـك و مـاڵ و خاوەندارییەتییـەك پەیوەسـت بێـت بـە یاخیبووانـەوە تێکـڕا پێويسـتە دەسـتیان بەسـەردا بگیرێـت. نابێـت بـوار بـە سـەرهەڵدانەوەيان بدرێـت، بـە هەمـوو شـێوەيەك تـەواوی ڕێگـەکان لەبەردەميانـدا دابخـەن". دیـارە ئـەم بۆچوونانـە، بۆچوونـی تەنیـا خانمێکـی غـەوارەی ئینگلیـز نەبـوو، بەڵکـو بەشـێکی زۆری ئینگلیـزەکان بـە هەمـان تـۆن و تەکبیـرەوە بیریـان لـە بوونـی بارزانییـەکان و خواسـتەکانی خەڵکـی کوردسـتان دەکـردەوە. هاوکاتیـش نموونەگەلـی وەک (کاپتن مامفۆرد)یـش لەنـاو کـۆڕی کارەکتـەرە سیاسـییەکانی ئینگلیـزدا ئامادەبیـان هەبـوو، ناوبـراو لەگـەڵ ئـەوەی بۆخـۆی بەشـداربووی سـەرکوتی ڕاپەڕینـی بارزانییەکانـی کردبـوو. وەلـێ وەکـو خاتـو سـۆن بۆچوونـە سیاسـییەکانی ئاڕاسـتە نەدەکـرد. ناوبـراو

هەرگیــز وەکــو ســۆن و نموونــەی ئــەوان ســەیری ســەرهەڵدانی نەتەوەیــی بارزانییەکانــی نەدەکــرد، بەڵکــو دژی ئــەو ڕەوشــە بــوو کــە بارزانییەکانــی تێــدا بوو. ناوبــراو لەهەمبــەر بیرکردنــەوەی بەرپرســانی ئینگلیــز بەتونــدی گلەیــی و گازانــدەی هەبــوو. ئــەم کاپتنــە ســەربازییە لەگــەڵ توندوتیژیــی زیاتــردا بــوو، لەگــەڵ ئــەوەدا بــوو کــە نەدەبــوو ڕەچــاوی ڕۆح و گیانــی خەڵکــی مەدەنــی بکرایــە، بەڵکــو تانــەی لــە هەڵمەتــی ئینگلیــزەکان دەدا و پێــی وابــوو هــەر بــە دەســتی ئەنقەســت، هاووڵاتیانی مەدەنییــان لەبــارەی هەڵمــەت و هێرشــەکانەوە ئاگادارکردوونەتەوە تاوەکــو ڕێگریــی لــە زەرەر و زیانێکــی زۆرتــر بکــەن. لــە ســۆنگەی ئــەم کاپتنــەوە نابێــت لەکاتــی جەنگەکانــدا ڕەچــاوی هاووڵاتیانــی مەدەنــی بکرایــە. چــون بــە بــڕوای ئــەو ئــەو دەســتپارێزییە بووەتــە هــۆکاری ئــەوەی بۆردومانەکانــی هێــزی ئاسمانــی بەریتانیــا، نەتوانێــت ئامانجەکانــی بپێکێــت. هــەر ئــەو دەســپارێزییەش بووەتــە هۆکارێــک ســەرکردە و فەرماندەکانــی کــورد و جەنــگاوەرە ســەرەکییەکانیان کەسیان پێوەنەبــن و تێکــڕا هەڵبێــن، بەبێئــەوەی هیــچ زیانێکــی ئــەو تۆیــان بەرکــەوێ.

دیــارە گازانــدەی ئــەم بەرپرســە ســەربازییەی ئینگلیــز لەکاتێکــدا بــوو کــە هێرشــەکانیان هیــچ یاســا و ڕێســا و ئیتکێکــی مافــی مرۆڤیــان ڕەچــاو نەدەکــرد، بەڵکــو بۆردومانەکانیــان ببــووە مایــەی وێرانکردنــی چەندیــن گونــد و چەندەهــا کارێــز و ڕەز و باخــی بارزانییــەکان ببوونــە ســوتووی شــەڕ وماڵوێرانــی لێکەوتووەتــەوە. هــەر لەمیانــی ئــەو جەنگانەشــدا، بــێ ڕووماڵــی ڕاگەیاندنــەکان، بــێ بیســتنی هــاواری خەڵکــی بێدەرەتــان، بــێ لێپێچینــەوە و لیژنەیەکــی پەیوەســت بــە مافــی مــرۆڤ، چەندەهــا خەڵکــی سڤیل و بێتــاوان کــوژران و گونــد و ڕەزوباخــی خەڵکەکــەش تێکــڕا ســوتان و ســەدەها ئاوایــی بوونــە وێرانــە. بــە گوتــەی توێــژەر ڕۆبــەرت ئۆلســن، بــە پلــەی یەکــەم، ئینگلیــزەکان ئامانجیــان ئــەوە بــوو، کۆنترۆڵــی تــەواوی ســەرجەم ســنوورەکانی عێراق بکــەن. بــۆ ئــەم مەبەســتەش، ئامانجیــان نەهێشــتنی ناســیۆنالیزمی پەرگیــر و جەنــگاوەری چەکبەدەســتی کــورد بــوو. چــون بەریتانیــا لەوکاتــەدا، کێشــەی لەگــەڵ خەباتــی چەکداریــدا هەبــوو. بۆیــە بــۆ شــوێنگرەوەی ناســیۆنالیزمی خەباتــکاری کــورد، هەوڵــی بەرەوپێــشبردن و گەشــەی ناســیۆنالیزمی میانــڕەوی کوردیــان خســتبووە بەرنامــەوە. ئەوەتــا دوای ئــەوەی شــێخ ئەحمــەد بــەرەو ســنووەکانی تورکیــا دەربــازی ببــوو، لــەوێ لــە ئەرزڕۆمــدا جێگیــر بــوو.

هەڵبەتە لە ڕوانگەی بارزانییەکاندا ئەم دوورکەوتنەوەیە بە مانای کۆتایی ڕاپەڕینەکە نەدەهات، چونکە هەردوو براکەی تری شێخی بارزان، بە ناوەکانی مستەفا و محەمەد سادق، هێشتا لەسەر سنوورەکانی عێراق و تورکیا بەردەوامییان بە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی پارتیزانی دەدا. ئەوەبوو دوای ماوەیەکی کەم، مستەفا بارزانی و محەمەد سادقی برای دوای ئەوەی لە شاخە سنوورییەکانەوە ڕادەستی هیچکام لە هێزەکانی تورکیا و عێراق نەبوونەوە، هەر لەو کێو و کۆسارانەوە درێژەیان بە خەباتی نەپساوەیان دا. ئەم درێژەدانەی ئەوان تاوەکو ئەوکاتە بوو کە دەرفەتێکی نوێیان بۆ بێتە پێشەوە و جموجوڵی سوپای حکومەت و ئینگلیزەکان لەناوچەکەدا ئەهوەنتر بێتەوە. دروست وەکو ئەوەی نەخشەیان بۆ دانابوو، بە کشانەوەی هێزەکانی میریی، دەستبەجێ دەرفەتیان قۆستەوە و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان. سەبارەت بەوانەیش کە ڕادەستی تورکیا ببوون. دیاربوو ڕژێمی دوایایەتی بەردەوام دەیکردە سەر بەرپرسانی تورکیا و داوای ڕادەستکردنەوەیانی دەکرد، تاوەکو دواجار تورکەکانیش ناچار بوون شێخ ئەحمەدیان ڕادەستی عێراقییەکان کردەوە.

لەم کاتەدا حکومەتی عێراقی، ویستی بەجۆرێکی نەرمتر مامەڵە لەگەڵ ناوچەی بارزاندا بکات. هەڵبەتە مەبەستیان بوو جارێکی تر بیر لە بەرخودانی چەکداری نەکەنەوە. ئەوەبوو دروست لە ڕێککەوتی ١٣ی ئایاری ١٩٣٣دا لەلایەن دەسەڵاتی دوایایەتییەوە، لێبوردنێکی گشتی پەیوەست بە خەباتکارانی بارزان بڕیاری لەسەر درا. بەم پێیەش سەرجەمی سەردارانی ڕاپەڕینەکە بەباشیان زانی ئەم دەستپیشخەرییەی حکومەت پەسەند بکەن و بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. ئەوەبوو حکومەتیش ڕێگەی بە زۆرێک لە بارزانییەکان دا، بۆ جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر ڕەز و باخ و گوندەکانیان. دیارە ڕێگەدانەکە شێخ ئەحمەدی بارزان و مستەفا بارزانی و زۆرێک لە سەردارانی ڕاپەڕینەکەی نەگرتەوە. بەڵکو بە گەڕانەوەیان، هەریەک لە ڕابەرانی ڕاسانە نەتەوەییەکە، لەوانە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیان، پێکەوە بۆ ناوچە جیاجیاکانی ناوەڕاست و خوارووی ئێراق دوورخستنەوە. دیارە ئەوکات ڕاپەڕینەکەیان بە فەرمان و فەتوا و لەژێر سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەددا ئاڕاستەکرابوو کە تێیدا مستەفا بارزانی پشکی پراکتیکی و پێشەنگایەتی سنگەرە سەربازییەکەی بەرکەوتبوو. مستەفا بارزانیش لە میانی سالانی سەرەتای سییەکانەوە، سیمایەکی

هـەرە درەوشـاوەی دەسـتەویەخەی داگیرکارییەکـە بـوو. تەنانـەت ئـەوە مسـتەفا بارزانـی بـوو ڕاسـتەوخۆ دوای شکسـتی ڕاپەڕینـی شـێخ مەحمـود بەرزنجـی، درێـژەی بـە راسـانە چەکدارییەکـە دا و نەیاهێشـت، نـۆرەی ناسـنامە نەتەوەییەکـە نـەوی و نامـوراد بێـت. کەواتـە دەتوانرێـت بوترێـت دواییـن داسـتانەکانی خەباتـی چەکداریـی لەسـەر ئاسـتی تـەواوی کوردسـتاندا کەوتبـووە دەسـتی دلاوەرانـی بـارزان. هەرچەنـدە هەسـتانەوە نەتەوەییەکـەی بـارزان لـە سروشـتیدا لۆکاڵـی بـوو، هـەر ئـەم لۆکاڵیبوونـەش بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر ڕێـڕەوی ڕاپەڕینەکـە و گەشـەکردن و گەورەتربوونییـەوە جێهێڵابـوو. وەلـێ لـە ناوەرۆکـدا، وێنـا گەورەکـەی جوڵانەوەکـە چوارچێـوە و سـنووری لانکـەی شوناسـە نەتەوەییەکـە دەکێشـا.

بەگشـتی هۆکارگەلێکـی بابەتـی لەپشـت لانەوازی و لایەنـی بەرتەسـکی بزووتنەوەکەوە بوونیـان هەبـوو. لێـرەدا دەکرێـت هەندێـك لـەو هۆکارانـە دەستنیشـان بکەیـن، بۆنموونـە؛ سـەرەڕای خراپـی چەکوچـۆڵ و نەبوونـی ئامـرازە مۆدێـرن و سـەردەمییەکانی جەنـگ و ڕووبەڕووبوونـەوە کـە بـە ڕاسـتی چەکوچۆڵـی چنگـی بەریتانییـەکان و بزووتنـەوە کوردییەکـە ئـاسمان و ڕێسمانیـان جیـاواز بـوو. وەلـێ هێشـتا نموونـەی قارەمانێتـی و ئازایەتـی و پەرۆشـی بـۆ بەرەکانـی جەنـگ نیشـان دەدرا. هـاوکات حکومەتـی عێراقـی پشـتیوانی مەعنـەوی و میدیایـی ئینگلیزەکانیـان لەپشـتەوە بـوو، بەڕادەیـەك سـەربازانی عێـراق لـە ئۆپەراسـیۆنەکانیاندا دژ بـە کورد، لـە ڕاپۆرتـە هەواڵەکانـی ( بـی بـی سـی) بەریتانییەوە، هـاوکاری و هەماهەنگـی دەکـران.

هەرچۆنێـک بێـت، بڕیـاری لێبوردنـی بارزانییـەکان، دەرفەتـی دایـەوە دەسـت شـێخ ئەحمـەد بارزانـی و مسـتەفا بارزانـی، تاوەکـو زەمینەیەکـی ئازادیـان لەبەردەمـدا بـۆ فەراهـەم بێتـەوە، بـەڵام ئـەو زەمینەیـە زۆری نەخایانـد. دیسـانەوە ئینگلیـزەکان کەوتنـەوە دنەدانـی دەوڵەتـی عێـراق. ئەمجارەشـیان بارزانییـەکان ڕاشـکاوانە ئینگلیزەکانیـان بـەوە تۆمەتبـار کـرد کـە نیازیانـە ناکۆکییەکانیـان لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی عێراقیـدا سـەرلەنوێ تاوبدەنـەوە. لەپـای لۆژیکێکـی وەهـادا، مسـتەفا بارزانـی و هەمـوو ئـەو خەباتکارانـەی لەدەوروپشـتیدا بـوون، هـەم لـە دەربەدەریـی و دوورەوڵاتیـدا هێڵرانـەوە، هەمیـش لەژێـر چاودێـری تونـدی تەناهـی و هەواڵگیریـی ڕژێمـی عێراقـدا بـوون. بەشـێوەیەک پیاوانـی دوایایەتی، بەوەشـەوە سـوکناییان نەدەهـات، بەڵکـو هـەر تاوناتاوێـک و دوای ماوەیـەک،

شـوێنی مانـەوەی مسـتەفا بارزانیـان دەگـۆڕی و دەیانگواسـتنەوە شـار و شـارۆچکەیەکی دوورەدەسـتی تـر. بـۆ نموونـە لـە مـاوەی ئـەو چەنـد سـاڵەی دوای جوڵانـەوەی سـییەکانی شـێخی بـارزان، مسـتەفا بارزانـی بۆ شـار و شـارۆچکەکانی موسـڵ، ناسریـە، باشـووری وڵات، ئاغجـەلار، کفـری دوورخرایـەوە، دواجـار لـە سـلێمانیدا بەدەستبەسـەری، ئینجـا مۆڵەتـی مانەوەیـان دابـوو. هەڵبەتـە حکومەتـی عێراقـی، ترسـی لـە ئـازادی و پێوەندیـی و ڕایەڵـەی کۆمەڵایەتیـی بارزانییـەکان هەبـوو. ناهەقیشـیان نەبـوو کـە بوونـی ئازادانـەی ئەوانـی بـە مەترسـیدارییەکی جـدی لێکدەدایـەوە. هەربۆیـە قۆناغبەنـدی جڵەوگیرکردنـی جوڵانـەوەی بارزانییـەکان، بـە چەنـد میکانیزمێکـی تونـدی تەناهیـدا تێپـەڕی. ئەوەبـوو لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٣٤دا، مسـتەفا بارزانیـان بانگهێشـتی موسـڵ کـرد. هـەر لەوێدا خرابوویـە ژێـر چاودێـری تونـد و لـە شـوێنی مانەوەیـدا لـە ماڵـەوە دەستبەسـەر کـرا بـوو. جیـا لـەوەش چەندیـن تۆمـەت و تانـەی تێکدەرانـەی پەیوەسـت بـە ئاسایشـی دەوڵـەت لەسـەری جوڵێنرا بـوو. بەتایبەتـی تۆمەتباریـان کردبـوو بـە دنـەدان و هاندانـی خەڵکـی ناوچـە هاوسـنوورییەکانی نێـوان عێـراق و ئێـران. گوایـە ئـەوان هـۆکاری یاخیبوونـی ئـەو کـوردە کۆڵبەرانـەن کـە بـەکاری قاچاخییـەوە، لـە کۆڵوبـارێ نەویبـوون تاوەکـو بتوانـن لوقمەیەکـی حـەلاڵ بـۆ ماڵومناڵیـان پەیدابکـەن. هەڵبەتـە مەبەسـتی ئـەوان لـەو یاخیبوونە، ڕاپەڕینێـک بـوو کـە لەلایـەن خەلیـل خۆشـەوییەوە، خەڵکانێکـی کردبـوون بەگـژ دامەزراوەکانـی ڕژێمـی پەهلەویدا. هەروەهـا تاوانێکـی تـری پەیوەسـت بـە مسـتەفا بارزانـی، بریتـی بـوو لـەوەی خەبـات و خواسـتی ئۆتۆنۆمییان بـۆ کـوردی باشـووری کوردسـتان بەرزکردووەتـەوە. ئەمەیـان جیـا لـەو تۆمەتـی تێکـدان و گێچـەڵ و گێـروگازەی دامەزراوەکانـی ئاسـایش و پۆلیـس بـوو. دواجـار بەرپرسـانی بـاڵای ڕژێمـی عێـراق و دەربارانـی دەسـەڵاتدارێتی ئینگلیـز، لـە ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩٣٥دا، پەنایـان بـردە بـەر هەوڵـی تیـرۆر و لەناوبردنـی یەکجارەکـی مسـتەفا بارزانـی. ئەوەبـوو لـە پیلانگێڕییەکدا، خـودی پارێـزگاری موسـڵ هەوڵـی لەناوبردنـی مسـتەفا بارزانـی دا. پیلانگێڕییەکـەی پارێـزگار دوای ئەوەهـات کـە میوانداریـی بارزانییان کـرد بـۆ ماڵـەوەی خۆیـان و هەرلـەوێ و لـە میواندارییەکەیـدا کوپێـک قـاوەی ژەهراوییان بـۆ تێکردبـوو. هەڵبەتـە ڕزگاربوونـی بارزانـی لـەو ئەخلاقـی میواندارییـەدا، بـە شـێوەیەکی ڕێکـەوت لـە زاری نزیکەکانـی بارزانییـەوە ڕێـک وەکـو دارئاسـایەک دەمـاودەم دەیگێڕنـەوە.

دوای ئــەوەی بەرپرســانی ئیــداری و ئاسایشــیی ناوچەکــە و موســڵ، نەیانتوانــی نیــازی خۆیــان لــەم پیلانگێڕییــەدا بهێننــە دی، ناچــار زۆری نەخایانــد، بــە تۆمەتــی ســاختە و ســیناریۆی پەیوەندی نێــوان هــەردوو شــێخی بــارزان و مســتەفا بارزانــی لەگــەڵ ڕاپەڕینــی خۆشــەویدا، دەســتووری دوورخســتنەوەیان بــۆ بەغــدا و لەوێشــەوە بــۆ ناسریــە و و بــەسرە جێبەجێکــرد. حکومــەت هەوڵیــدا مســتەفا بارزانــی لــە چالاکوانانــی سیاســیی و جوڵانــەوە نەتەوەییەکــەی کــورد دابــڕێــت. ئەوەبــوو لــە بەهــاری ســاڵی ١٩٣٥دا ٤٠ کارەکتــەری سیاســی و ڕۆشــنیری دیــاری کــورد، بــە ســەرۆکایەتیی حیکمــەت ســلێمان بانگەوازێکیــان بــۆ حکومەتــی ئێراقــی بەرزکــردەوە. لــە بانگەوازەکــەدا داوای جێبەجێکردنــی بڕیارەکانــی کۆمەڵــەی گەلانیــان دەکــرد. ئــەو بڕیارانــەی پەیوەندیداربــوون بــە مافــە ســەرەکییەکانی نەتــەوەی کــورد کــە لــە ســاڵی ١٩٢٦ دا واژۆیــان لەســەر کرابــوو. لەنــاو ئــەو بڕیارانــەدا هاتبــوو: ڕێگــەدان بــە بەکارهێنانــی زمانــی کــوردی وەک زمانێکــی فەرمــی، کەچــی کارەکتــەرە کاریگەرانــەی کــورد، خواســتی ئۆتۆنۆمیــی ئیدارییــان بــەرز نەکردبوویــەوە، بەڵکــو تەنیــا لــە گۆشــەنیگای چەنــد داواکارییەکــی ســەرەتاییەوە لــە ڕێگــەی نوێنەرایەتــی کــوردی نــاو ئەنجومەنــی نیشــتمانیدا، داوای جیــاوگ و پشــکی کوردیان لــە دابەشــکردنی ســامانی نیشــتمانی و پەرەپێدانــی کشــتوکاڵ و پیشەســازی لــە کوردســتاندا کردبــووە پاکێجێــک. لەگــەڵ ئەوەشــدا، بەغــدا هەمــوو ئــەو مەرجانــەی پشــتگوێخستن.

لــەو ســەردەمەدا هێشــتا کۆمەڵەیەکــی سیاســی کاریگــەری کــورد نەهاتبــووە پێشــەوە. تەنانــەت لــە کــۆی (١٥٠) ڕێکخــراوی سیاســی و فەرهەنگــی تۆمارکــراو لــە ئێراقــدا، تەنیــا (٥) دانــە لــەو ڕێکخراوانــە لــە کوردســتاندا بــوون، لــەو پێنجەشــدا، دوو دانەیــان ڕێکخــراوی ئیسلامگــەرا بــوون. تەنیــا ئــەوە هەبــوو بەشــێک لــە چالاکانــی کــورد، کەوتبوونــە ژێــر ژینگە ئایدیۆلۆجییــە چەپگەراییەکــەوە و ئــارەزووی پەیوەندیکــردن بــە حزبــی شــیوعی عێراقیــش لــە ئاســتێکی بەرفراوانــدا هەســتی پێدەکــرا.

دیــارە ئــەم پارتــە چەپــە ئێراقییە، لــە ســاڵی ١٩٣٤وە دامەزرابــوو. دوای ماوەیەکــی کــەم لــە دامەزراندنــی، توانــی بــرەو بــە شــانە ناوخۆییەکانــی خــۆی لــە شــارەکانی ( هەولێــر و کەرکــووک)دا بــدات. دواتــر هــەر زوو شــانە ناوخۆییەکانــی لاوانــی کــوردی کۆمۆنیســت، لــە هەولێــر و کەرکــووک و شــارەکانی تــری کوردســتاندا دامــەزران و دروشــم و داواکاریــی دەســتەبەری مافــی پێکهاتــە نەتەوەییەکانیــان نەدەشــاردەوە. بــێ لــە

چالاکوانـە چەپگەراکانـی کـورد، پێڕێکـی دیکـە لـە گەنجانی کـورد، لەژێـر لۆژیکـی بیـری لیبراڵـی و ڕیفۆرمخوازیـی گروپـی (ئەهالـی)دا ئەندێشـەی خۆیـان تاودابـوو. ئەهالییـەکان( بەنـاوی ڕۆژنامەکەیانـەوە نـاو دەبـران)، لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٣٦ دا، کەوتنـە بـەر ناتـۆرە و نەفرەتـی لایەنگرانـی فەرماندەیەکـی سـەربازیی کـوردی نـاو سـوپای عێراقییـەوە کـە ئەویـش (بەکـر سـدقی) بـوو. دواجـار ئـەم ڕەوتـە ڕیفۆرمخـوازەش ڕەنگـوڕووی دژایەتـی کوردیـان لێـوە دەرکـەوت. ئەوەبـوو لـە نێـو ناسیۆنالیسـتە عەرەبەکانـدا، پەڵـپ و پاسـاوی پەراوێزخسـتنی کوردیـان خسـتبووە نەخشـەی کارەکانیانـەوە. بەرەبـەرە، بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی نەتـەوەی عـەرەب، ئەوانـەی بـە پان-عەرەبیـزم عینوانیـان پێدرابـوو. هـەر هەوڵێکـی کوردانـە و هـەر بوونێکـی بابەتییانـەی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کوردیـان وەک بەرچـەپ و بەربەسـتێک لەبـەردەم پـڕۆژەی پانعەرەبیزمـدا پێدەزانـی و بـە تـەواوی تێڕامـان و تەکبیریانـەوە ڕووبـەڕووی دەبوونەوە. ئـەم ژینگـە ئایدیۆلۆژییـەی ڕەوتـەکان، بـووە هـۆی زەمینـەی زیادبوونـی گرژیـی و گیـروگازی نێـوان کـورد و ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان. بەتایبەتـی دوای ئاڵـۆزی و ڕاپەڕینـی سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو، ئیـدی دەسـەڵاتدارانی عێراقیـی، هـەر بـە بندەسـتی کـوردەوە نەوەسـتان، بەڵکـو دەسـتیان کـرد بـە هێرشـکردنە سـەر هـەر داوا و مەیدانخوازییـەک کـە مافەکانـی نەتـەوەی کوردیـی بەهەنـد وەرگرتبێـت. هـەر ئەمـەش پاڵنەرێکـی بەهێـزی ئەوینـداری و ئارەزوومەنـدی ناسـنامە ناسیۆنالیسـتییەکەی کـوردی ئێراقـی لێکەوتـەوە. دواجـار لـەم سـۆنگەیەوە، سـەرەداوی ژمارەیەکـی زۆر لـە ڕێکخسـتن و ڕێکخـراوی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کـورد لەدایـک بـوون. بۆنموونـە هـەر لـەو قۆناغـەدا، شـێخ لەتیفـی شـێخ مەحمـود (کۆمەڵـەی برایەتـی)ی دامەزرانـد. ئـەم کۆمەڵەیـە بـە پلـەی یەکـەم نوێنەرایەتـی چیـن و دەستەبژێرانی شـاری گرتبـووە ئەسـتۆ. هـاوکات چەنـد گەنجێکـی خوێنگەرمـی نەتەوەیـی کـە نوێنەرایەتـی ڕەوتێکـی ڕادیکاڵـی ناسیۆنالیسـتییان دەکـرد، ئەوانیـش گروپێکـی دیکەیـان بـە نـاوی کۆمەڵـەی (دارکـەر) دامەزرانـد. دارکـەر دنیابینییەکـی نوێـی نەتەوەیـی بـوو کـە لەگـەڵ هێڵێکـی هـزری نـاو شـیوعیدا، شوناسـێکی جیاوازی خەباتیـان خسـتبووە ئەندێشـەیانەوە. لەنـاو حزبـی شـیوعیدا، بەتایبەتـی باڵێکی کوردیـی دیکـە هەبـوون گۆڤـاری (ئازادی)یـان دەردەکـرد. ئـەم باڵـە بەهێـزەی شـیوعی، بزووتنەوەیـەک بـوون، بانگەشـەی ئـازادی عـەرەب و کوردیـان بەرزکردبوویـەوە. لەبەرانبـەردا ڕەوتـی

ڕێکخـراوی دارکـەر لـە ئایدۆلۆژیاکەیـدا، وەکـو تەنیـا ڕێکخراوێکـی ناسیۆنالیسـتی خـۆی نومایـان دەکـرد. بەزوویـیـش چەندیـن لـق و شـانەی لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان و تەنانـەت لـە موسـل و بەغـدادا کـردەوە. دارکـەر( نـاوی سـەرەتای پارتـی هیـوا بـوو)، لـە ڕووی نەریتـە جوگرافـی و کۆمەڵایەتییەکـەی تایبەتمەندییەکانـی ناسـنامە کوردییەکـەدا، جۆرێکـی جیـاوازی لـە لۆژیکـە ناوچەگـەری و نەریتییەکەی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کورددا دەستنیشـان دەکـرد. بەجۆرێـک لەژێـر کاریگەریـی گوتارێکـی ناسیۆنالیسـتی سەرتاسـەریدا سـنوورەکانی تێکـڕای کوردسـتانی دەخوێنـدەوە. ئـەم گوتـارە، گیانـە کۆمەڵایەتییەکـەی کـوردی کەمەندکێـش دەکـرد. هەربۆیـە هـەرزوو ژمـارەی ئەندامانیـان گەیشـتنە ١٥٠٠ ئەندامـی کـورد کـە لەناویانـدا پیشـەگەر و کرێـکار و قوتابـی و قوتابیانـی کۆلێـژی نوێـی بەغـدا و ئەفسـەرانی کـوردی نـاو سـوپای عێـراق و تەنانـەت هـەر لـە خاوەنزەوییـە گەورەکانـەوە تـا دەگاتـە لای کوڕوکاڵـی شـێخ و ئاغـا و سـەروکهۆزەکانیان تێکـڕا لـە دەور کۆبوونـەوە. جیـا لـەوەی لەسـەر ئاسـتی چیـن و توێـژە جیاجیاکانـی کۆمەڵـی کوردیـدا، لـە وردەبۆرجـوای شـارەکانەوە بیگـرە تاوەکـو تێکـڕای خەڵکانـی خێڵەکـی و نەریتـی و ئاینـدارەکان، هەموویـان لـەدەوری لۆژیکـی لایەنداریـی هیـوادا، هیوایـان هەڵچنـی بـوو. جیـا لـە باشـووری کوردسـتان، کۆمەڵەکـە دەسـتی بـۆ پەیوەندییەکـی نزیـک و دۆسـتانە لەگـەڵ ناسیۆنالیسـتەکانی مەهابـاد و موکریانـدا بـرد. بەمجـۆرە چالاکوانانـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتاندا، تـا ڕادەیەکـی زۆر، لەچـاو بەشـەکانی دیکـەدا، دەرفەتـی دەرکەوتـن و چالاکیـی سـنوردار‌یان قۆسـتبوویەوە. هەڵبەتـە دەرکەوتنـی ئـەم نەزمـی ڕێکخـستن و ڕێکخراوەییـە، لەسـەر ئاسـتی بەشـەکانی کوردسـتاندا هەلومەرجەلێکـی جیـاواز ئاڕاسـتەیانی دەکـردن. بـۆ نموونـە لـە تورکیـادا بـە شـێوەیەکی گەلـی تونـد و تەنانـەت دڕندانـە، دەسـتووری داخـستن و یاسـاغیی هەرجوڵەیەکـی ڕێکخراوەیـی کـوردی درابـوو. وەلـێ حکومەتـی عێـراق، تاڕادەیەکـی زۆر سـنووردار، لـە چوارچێـوەی چەنـد دانپێدانانێکی لابـەلا و ناڕاسـتەوخۆدا، کوردی وەک کەمینـە و پێکهاتەیەکـی نەتەوەیـی سـەربەخۆ ناسـاند. تەنانـەت لـە هەوڵێکـی میریـدا، بـۆ زیاتـر ڕاکێشـانی سـەرۆکهۆزەکانی کـورد، بـۆ وابەسـتەکردنی زیاتـری نوێنەرانـی بـۆرژوای کـورد بـۆ کـن کابینەکانـی دەسـەڵاتی خۆیـان، ڕێگەیـان پێـدرا تاوەکـو توخنـی حوکمڕانیـی و حەرەمـی فەرمانڕەواییەکـی سـنورداری نـاو چوارچێـوەی چەنـد وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکـی میـری بکـەون. جیـا لـە پێدانـی

هەندێـک لـە پۆسـت و پێگـەی ڕووکـەش، بەدەنـگ هەندێـک لـە داواکارییەکانـی کوردیشـەوە چووبـوون. بـۆ نموونـە لـە بابەتـە پەروەردەیـی و چاپەمەندییەکانی پەیوەسـت بـە چاپکردنـی بڵاوکـراوە و نووسـینی کوردیـدا، تاڕادەیـەک ئاسـانکاریی کرابـوو. شـایانی باسـە ئـەم ڕەوشـە لەسـەر ئاسـتی ناسـاندنی شوناسـی نەتـەوەی کـورد نەدەچـووە پێشـێ، بەڵکو دەسـەڵاتدارێتی عێراق، تەنیـا بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر ئاسـتی تاکەکـەس و پێدانـی جیاوکـی کەسـیدا، مامەڵەیـان لەگـەڵ کـورددا دەکـردن. ئەگینـا لەهەمبـەر لۆژیکـی نەتەوەییـدا، هەمـان سیاسـەتی دیکتاتـۆری و هەمـان شوناسـی شـۆڤێنیانەی دەوڵـەت، لـە بەرانبـەر کـورد و تێکـڕای کەمینـە نەتەوەییەکانـی دیکـەی وڵاتـدا، وێردێکـی چەسـپاوی حوکمڕانیـی بـوو لـە عێراقـدا. هـەر لـە کاردانـەوەی ئەوەشـدا بـوو زەمینەیەکـی بـە پیـت و بەهێـز بـۆ بڕسـتی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد هاتەپێشـەوە. حکومەتـی دوایایەتـی بـە بەرنامـە، بـاوەڕی بـە دۆزی کـورد نەبـوو، هـەر ئـەو بەرنامەیـەش بـوو کـە هەمـوو ڕاپەڕینەکانـی کـوردی بەشـێوەیەکی دڕندانـە و دوور لـە هـەر بەهایەکـی باوەڕداریـی بـە مـاف و ئازادییەکانـی هاووڵاتیانـی کـورد سـەرکوتکردن. ئـەم بەرنامەیـەش هـەر لـە سـەردەمی داگیرکاریـی و ئینتیدابـەوە، ئەرکـی ئینگلیزەکانـی لـە چوارچێـوەی بەکارهێنانـی هێـزی ئاسمانـی و زەبروزەنگـدا بـۆ مامەڵەکـردن و لێـدان لـە (کـوردە یاخیبـووەکان) ڕادەپەڕانـد. تەنانـەت هێـزی ئاسمانـی ئامـادەی ئینگلیـزەکان، پراکتیـزەی پـەیمان و گرێبەسـتی گیانـە فاشیسـتییەکەی فەلەسـەفەی حوکمڕانـی دەوڵەتـی عێراقـی دەکـرد.

## مستەفا بارزانی و جوڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانی

ڕەشـید عالـی گەیلانـی نەیدەویسـت ڕاپەڕینەکانـی کـورد پەرەبسـێنن. ئەویش لەگـەڵ ئـەو بیرۆکەیـەدا بـوو، پێویسـتە مسـتەفا بارزانـی لـە سـلێمانیدا و بەشـێوەیەک لەژێـر چاودێـری چـڕی دەوڵەتـدا بمێنێتـەوە. کەواتـە هەرچەنـدە سـەردەمی فەرمانڕەوایەتـی ڕەشـید عالـی، زۆر کـورت و کاتـی بـوو. بـەس مـادام ئینگلیـزەکان نەیانهێشـت نیـازە نەتەوەییەکانـی بـە سـانایی بهێنێتـە دی، بۆیـە بەزوویـی دەسـتیان کـرد بـە شـێواندنی دۆخەکـە و لـە ڕێگـەی کۆدەتایەکی سـەربازییەوە، بـە پشـتوانی دۆسـت و ئاشـنایانی ئینگلیـز، لـەو سـاتەوەختە هەسـتیارەی ڕەوشـی جیهـان و ناوچەکـەدا، خێـرا بەڕێوەبەرایەتییەکـی تایبـەت بـە خۆیانیـان پێکەوەنـا. لـەو بەڕێوەبەرایەتییـەدا، کابینـەی نـوێ و کاری نـوێ و ئاڵوگۆڕێکـی ئێجـگار گرنگـی نوێیـان، بەگوێـرەی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی ئینگلیـز لـە عێراقـدا هێنایـە پێشـەوە.

مسـتەفا بارزانـی، بـە درێژایـی هەلومەرجـی ئـەو قۆناغـە، هێشـتا لـە سـلێمانیدا و لەژێـر چاودێـری تونـدی دامـەزراوەی هەواڵگیریـی و ئاسایشـیی میریـدا مابوویـەوە. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو، لـە غیابـی بارزانیـدا، شـتێک بەنـاوی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردەوە لـە عێراقـدا، نەیتوانـی شـوێن و شوناسـێکی شۆڕشـگێڕیی ئەوتـۆ بەرجەسـتە بـکات. لەکاتێکـدا هەلومەرجەکـەش لـە دۆخ و دەفەتێکـی گونجـاودا بـوو. کەچـی کاتێـک بارزانـی بەدەستبەسـەری مابوویـەوە، دەبـینرا، دۆزە نەتەوەییەکـە و ئاسـۆی ئازادیخوازیـی کوردیش دوچـاری قەمـت و قەیـران ببوویـەوە. مەبەسـت لـە قەیـران و قـەدەرە نادیـارەی قۆناغەکـە، بریتیبـوو لـەوەی زۆربـەی پارتـە سیاسـییەکان و گروپـە کوردییـەکان، لـە جموجـوڵ و چالاکـی کەوتبـوون و بوونیـان لـە گۆڕەپانەکەدا نەمابـوو. بەتایبەتـی لەو چەند کۆمەڵەیـەی کـورد کـە مابوونـەوە، ئەوانیـش بـە شـێوەیەکی نەریتـی تەنیـا پشـتیوانییان لـە چالاکییـە فەرهەنگییـەکان دەکـرد و توخنـی تەوژمـە سیاسـییەکە نەدەکەوتـن. بەڵکو مژوڵی گردکردنـەوە و بڵاوکردنـەوەی بەرهەمـی ئەدەبـی کوردیـی و لایەنـی ڕۆشـنبیری کـوردی بـوون. یاخـود ئاڵابوونـە بەرهەمـە هونـەری و زانسـتییە باوەکانـی کایـەی ڕۆژنامەگـەری، چەشـنی چیـرۆک و پەخشـان و وتارگەلێـک کـە هەوڵیاندەدا بـە زمانـی کـوردی بڵاویـان بکەنـەوە. هـاوکات دەسـتیان دابوویـە کەلتـوور و مێـژووی کـورد و لـەو بارەیەوە چەنـد لێکۆڵینەوەیەکیـان ئەنجـام دا. هـەر لـەو قۆناغـەی دەسـپێکی چلەکانـدا کـە بارزانـی

لەژێر چاودێریی چڕدا بوو، زۆرینەی ڕەهای فیوداڵ و دەرەبەگە گەورەکانی کوردی عێراق کە پێشووتر بەشدارییان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا کردبوو، دەستیان لە خەباتی چەکداریی شۆڕیبوو. تەنانەت هێند بێئومێد و بێزار بوون، دەشێت بڵێین بە شێوەیەک لە شێوەکان خویان دابوویە گرووپ و تاقمە سیاسییەکانی بازنەی دەسەڵاتداریی عێراقەوە. هاوکات خەڵکانی بێنەوا و چینە گشتییەکانی خوارەوەی کۆمەڵی کوردیش، نموونەی خەیات و پینەچی و دارتاش و جۆلا و جوتیاری کورد، ئەوانیش بەدووی کار و کەسابەت و بژێوی ژیانی هەژارانەی خۆیانەوە ڕوویان لە ناوەندی شارە گەورەکان، بەتایبەتی کۆمپانیاکانی کێڵگە نەوتییەکانی میریی نابوو. ئەم ڕەوشە بە جۆرێک تاوەکو ساڵی ١٩٤٠ بەلایەنی کەمەوە سەدان هەزار هاووڵاتی کورد ڕوویان لە شارە جەنجاڵەکانی عێراق نابوو. کرێکارانی کورد، ژیان و ژینگەی وەرزێری و وێری جوت و کشتوکاڵ ژیانیانی هەڵنەدەسوڕاند، بۆیە بەرەو کێڵگە نەوتییەکانی موسل و کەرکووک و کارگە و کارخانەکانی بەغدا و بەندەری بەسرە، دەستیان دایە کار و کەسابەت و ژیانی دژواری ناو شارەکانیان هەڵبژارد. بەمەش لاوانی زەحمەتکێشی کورد تاڕادەیەکی دیاریکراو پەیوەندیی و ڕایەڵەیان لەگەڵ دامودەزگا خێڵەکییەکان و پیشەی پێشوویان پچڕاند و کەوتنە ناو نەریتێکی نوێی ژیانی ئابوورییەوە. ئەم هەلومەرجە بێگومان هێزی مرۆیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لاواز دەکرد، چون فرەترینیان خۆیان لە جەرگەی جوڵانەوەی ئابووری شارەکاندا دەدییەوە. هەڵبەتە لەلایەکی ترەوە ئەم نەزمە ئابوورییە نوێیە، سەرەتای بزووتنەوەیەکی دیموکراتی نوێی لە چوارچێوەی چەتری عێراقچییەتیدا دەهێنایە پێشەوە. لێرەوە لۆژیکی کوردەواریی کەوتە داوی داهێنانی عێراقچییەتییەوە. بەڵام ناکرێ ئەوەش بەهەند وەرنەگرین کە لە هەمانکاتدا، بە درێژایی ساڵانی دەرکەوتنی دەوڵەتی عێراق، چینێکی تاڕادەیەک بەرچاو لە لاوانی ڕۆشنبیری کورد هاتبوونە پێشەوە. ئەم چین و توێژە، زیاتر و بە پلەی یەکەم، لە ئەفسەر، فەرمانبەرانی حکومی، مامۆستا، پارێزەر، ڕۆژنامەنووس، پزیشک و ئەندامانی پیشە و کاری ئازاد خۆیان دەبینیەوە. هەر ئەم چینەش بوون کە کەم تا زۆر، وەک ڕۆشنبیرانی کورد بەشدارییان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا دەکرد. بەڵام بەرە بەرە، ئەوانیش نەیانتوانی خزمەت بە نیازە نەتەوەییەکەی خۆیان بکەن، بەڵکو هەڵوێستەکانیان لە هەمبەر دروشم و دنیابینی

دەوڵەتــی کــوردی و کوردســتانی گــەورەدا، گەیشــتبووە ئاســتێکی گــوم و گومەســار، بەشـێوەیەک بیرکردنەوەیەکـی لـەو بابەتـە لـە لۆژیکیانـدا شـوێنی نەدەگـرت. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو، بـەراورد بـە دەسـپێکی چلـەکان، پێشـووتر و لـە سـاڵانی پێـش جەنگـی یەکەمی جیهانیـدا، جوڵانەوەکـە جیاوازتـر لـەو قۆناغـە، مانـای مەزنایەتـی کوردیـان شرۆڤـە دەکـرد. وەلـێ وێـری کرێکارانـی کورد، تاڕادەیەکـی بەرچـاو، پاشەکشـەیەکی بەرچاویـان لێکەوتـەوە. بەشـێوەیەک، بـژاردەی ئابـووری و نەزمـی شـێوەژیانی نوێیـان لـە شـارەکاندا، شوناسـە میللییەکـەی مراندبـوون. ئەوەتـا بەشێوەیەک کشـابوونە کـن ژیانـە کۆمەڵایەتـی-سیاسـییەکەی عێراقـەوە کـە کتومـت، کاریگەرییـە کەلتوورییەکـەی ئاواییەکانیـان بەتـەواوی فەرامـۆش کردبـوو. لێـرەوە پرسـی نەتەوایەتـی لـە قۆناغێکـی نوێـدا خـۆی دەبینیـەوە. بەتایبەتـی قۆناغێـک بـوو کـە ڕاپەڕینەکانـی شـێخ مەحمـودی بەرزنجـی و بارزانییـەکان بـە زەبـری هێـز سـەرکوتکرابوون. تەنانـەت لـە ئاواییەکانـی کوردەواریـدا، شـێوە ژیانـی جوتیـار و شـوانکارەکانی کوردیـش، لەژێـر تینوتـاوی ئێجـگار تونـدی دامەزراوەکانـی میرییـەوە، هـەر خواسـت و خویەکـی نەریتیانـەی کوردییـان هەبووبێـت، ئـەوا بەبـێ خواسـتی خۆیـان خسـتوویانەتە پەرێـز و پێنـاوی ژیانیانـەوە. تەنانـەت بەهیـچ جۆرێکیـش نەدەبـوو باسوخواسـێکی لەوجـۆرە لێکبدرایەتـەوە. لێـرەوە نائۆمێـدی و ڕەشبینی لـە هەمبـەر هـەر دروشـمێکی پەیوەسـت بـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کوردیـی خـۆی لـە دۆخێکـی فەرامۆشـییدا دەبینییەوە. هەرچەنـدە بەشـێوەیەکی سروشـتی، هێشـتا هێـزی دانـەدواوەی سیسـتەمە سیاسـییەکە لـە دەمـار و دنیابینـی خەڵکەکـەدا دەبـینرا. بەشـێوەیەك ئـەو نەفریـن و ناتەباییـەی خەڵکیـی لـە دژایەتی بەریتانییـەکان، هێشـتا بەشـێکی گـەورەی وابەسـتەبوو بـە تێوەگلانـی ئینگلیـزەکان لـە سـەرکوتکردنی دوایین ڕاپەڕینەکانـی کـوردەوە، بۆیـە هەسـتی ڕکوکینـە لـە هەمبـەر هێـزی ئینگلیـز دانەمرکا بـوو. تەنانـەت هـەر لـە کاردانـەوەی ئـەو هەستەشـدا بـوو کـە لەگـەڵ دەنگـۆی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا، بانگەشـەکانی بەرهەڵسـتکاریی ئینگلیـزەکان، هەندێـک لـە کەسـایەتییە کاریگەرەکانـی کۆمەڵگـەی کوردییـان، بـەرەو هەسـتی لایەنگریـی ئەڵمانیـا ئاڕاسـتە کردبـوون. دیـارە ئـەو پەرۆشـی و پەسـنەی ئەڵمانییەکانیـش لـە ئاسـتێکدا بـوو کـە پشـتیوانییان لـە یاخیبوونـی ڕەشـید عالـی گەیلانـی پێبـاشتر بـوو. هـەر لـەم پێودانگەوە بـوو کـە چالاکوانانـی کـوردی کۆمەڵـەی هیـوا، پشـتیوانی خۆیـان بـۆ پلان و نەخشـە و

ئەجێنـدای زلهێزەکانـی میحـوەر دووپاتدەکـردەوە. بـەرەی میحـوەر کشـابوونە نـاو هاوکێشـەی ململانـێ سـەربازی و سیاسـییەکەی وڵاتانـی دەربـاری بەریتانیـاوە لـە عێـراق و ئێـران یاخـۆ بەگشـتی ئـەو وڵاتانـەی کـە کوردسـتانیان بەسـەردا دابـەش کرابـوو. ئەوەبـوو لەسـەروەختی شـەڕ و تێکهەڵپژانـی ئینگلیـز و عێراقییـە ناسیۆنالیسـتەکاندا کـە لـە سـاڵی ١٩٤١ دا قەومـا بـوو. بەکاوەخـۆ دۆخێـك هاتەپێشـەوە کـە ئـیتر وادیـار بـوو بەرژەوەنـدی ئینگلیـزەکان ئـاوڕی لـە دۆزی کـورد دەدایـەوە. یەکێـك لـە بەرامەکانـی ئـەم بەرژەوەندییـەی ئینگلیـزەکان، پێشـنیاری گەڕانـەوەی مسـتەفا بارزانـی بـوو بـۆ شـاری هەولێـر. ئـەوەش لـە سـۆنگەی سیاسـەتی هێورکردنـەوەی هێـزی سـەربازی کـوردی نـاو سـوپای عێراقییـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو. یانـی بـۆ ئـەوە بـوو نەکا ئەفسـەرە کـوردەکان پشـتیوانی لـە جوڵانـەوە و ڕاپەڕینەکـەی ڕەشـید گەیلانـی بکـەن، بەڵکو بـاشتر وایـە بکەونـە وێـزەی حکومەتەکـەی خۆیانەوە. لێـرەوە بەریتانییـەکان نـەک هـەر ئۆفـەری گەڕانـەوەی بارزانـی، بەڵکـو بەڵێنـی پێدانـی چـەک و پـارە و تەنانـەت تـاڕادەی پێـدان سـەربەخۆیی کوردستانیشـیان خسـتە پێـش بژاردەکانـی بـەردەم شـێخ ئەحمـەد بارزانـی و مسـتەفا بارازانییـەوە. ئەمـەش ئـەو ڕاسـتییە ڕوونتر دەکاتـەوە کـە ئینگلیـز دەیەویسـت بەهـەر جۆرێـک بـووە، سـود لـە لایەنگریی کـورد ببینێـت. بۆئـەوەش تەنیـا ڕێگەچـارەی ڕامکـردن و ڕازیکردنـی کـورد، ئاوڕدانـەوە بـوو لـە بارزانییـەکان، چونکـە دەیزانـی، کـۆدی کردنـەوەی گرێکوێـرەی گیانـە کۆمەڵایەتییەکـەی کـورد، لـە دەسـتی بارزانییەکاندایـە.

لەسـەر ئـەم بنەمایـەش، دوای تاوتوێکردنـی تێچێنەکانـی ئینگلیـز، شـێخ ئەحمـەد بارزانـی و دواتریـش مستەفا بارزانـی ڕایانگەیاند:"شـەڕی ئـەوان دژ بـە گەلی عـەرەب نییە، بەڵکـو شـەڕیان لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدایە کـە مافەکانـی گەلـی کوردیـان زەوت کـردووە".

بەگشـتی بەرامەکانـی هەلومەرجـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی بەرەبـەرە دەردەکەوتـن. بەتایبەتـی کاتێـک، هەسـتی لایەنگریـی ئەڵمانییـەکان، دەبوویـە بەشـێک لـە بیرکردنـەوەی دەسـتەبژێرانی کۆمەڵـی کوردیـی. ئەمـەش ئامـاژە بـوو بـە گۆڕانکارییەکـی گرنـگ لـە نەریتـی سیاسـیی ناوچەکـەدا. لـەو گۆڕانکارییـەدا بـە ئاشـکرا بازنـە و بیرکردنـەوەی سیاسـی ناسیۆنالیسـتانی عـەرەب و تـورک، بـە تونـدی لەنـاو لۆژیکی نازیـزم و ناسـنامەی ڕەگەزپەرسـتی ئەڵمانییەکانـدا خـۆی دەدییـەوە. بەپێچەوانـەوە ئـەو ئەندێشـە و ئەوینـە سیاسـییە، لەنـاو لۆژیکـی نەتەوەگـەرای کـورددا، هـێما و

هەستێکی دژە فاشیستی لەخۆیدا بەرجەستە دەکرد. لەم میانەدا ناسیۆنالیزمی کوردی، کاریگەرییەکانی خۆی لە هاوسۆزی و هەماهەنگی بۆ هاوپەیمانانی دژە هیتلەر و نازیزم نومایان دەکرد. یادەوەری ڕۆشنیر و نووسەر و چالاکوانانی سیاسیی کورد، لە دەرچواندنی گۆڤاری گەلاوێژدا، گەواهیدری ئەو ڕاستییە بوو کە کوردەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کەلتووره دژە فاشیستییەکەوە. ئەم گۆڤارە لە گردبوونەوەی گروپێکدا و لە بەغدای پایتەختدا لەدایک بوو. لە پەیامەکانیدا ئەوەیان نەدەشاردەوە کە ئەوان لەبەرەی چەپگەرا و سەنگەری سۆڤییەتەوە، شەڕی دژ بە فاشیزم دەکەن. گۆڤارەکە بە میکانیزمێکی مۆدێرن و سەردەمییانە، بە لەپێشچاوگرتنی بیری پێشکەوتنخوازی خۆرئاوا و فەلسەفەی ئازادییەوە، شوێنێکی بەرینی لەسەر ئاستەکانی ئەندێشەی ڕوناکبیرانی کورددا گرتبوویەوە. بەگشتی ئەم گۆڤارە هەنگاوێکی کاریگەر و پردێکی بەهێزی پەیوەندی نێوان دەستەبژێر و ڕووناکبیرانی نەتەوەیی کوردستان بوو. بەشێوەیەک شانبەشانی کۆمەڵەی هیوا، ڕێك لە دەسپێکی چلەکانەوە، توانیان نوێنەرایەتی ڕەوتی ڕۆشنگەریی کوردیی بکەن. هەر لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەدا، پشتیوانیکردن لە گەلانی سۆڤیەت دژ بە فاشیزم، بە ئاشکرا ئاڕاستە دەکرا. مستەفا بارزانی لەکاتی دەرچواندنی گۆڤارەکەدا لە شاری سلێمانییەوە چاودێریی توندی خرابوویە سەر. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی بەهیچ جۆرێک دەسبەرداری دۆستایەتی و پەیوەندییە پتەوەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵەی هیوا و چالاکە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورددا نەبوو. لەم پێناوەدا، پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی هیوادا دروست کرد. ئەم هەماهەنگییەی بارزانی لەکاتێکدا بوو کە بەریتانییەکانیش هەوڵیان دەدا، هاوسۆزی و لایەنگریی وڵاتەکەیان بۆ دەستەبژێر و ڕۆشنیرانی کورد دووپاتبکەنەوە. لەبەرانبەردا کوردەکانیش ڕاز و ڕێگرییەکی ئەوتۆیان لە مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی بەریتانیا و ئینگلیزەکاندا نەدەبینی، بەڵکو هەمیشە ئینگلیزیان بە پێشەنگی هەر پێشهاتێکی دیموکراتی و ئازادی دادەنا.

## قۆناغی قوتاربوون و گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ بارزان

لەم قۆناغەدا بارودۆخی کوردستانی عێراق، بە دۆخێکی گەلێ گرژ و هەژیوی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕی. ئەوەش پەیوەست بوو بە ئەنجامی زەبر و زیانەکانی سیاسەتی جیاکاریی حکومەتەکانی عێراقەوە لە کوردستاندا. هەڵبەتە سیاسەتی جیاکاریی لە ئاستێکی ئێجگار بەریندا، هەموو بوارەکانی ژیانی گەلی کوردیان لە بوارەکانی - سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریدا گرتبوویەوە. هەر لەم قۆناغەدا، ئینگلیزەکان سیاسەتێکی نوێیان پەیڕەو دەکرد، ئەوان بە ئامانجی وروژاندن و پشێوی و یاخیبوونی کورد دژ بە دەسەڵاتدارانی عێراق، چالاکییەکانیان لەنێو کوردی عێراقدا چڕتر کردەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو چاویشیان لەسەر ڕێگرییکردن لە تێوەگلانی کوردانی ئێراندا بوو. چون ئەوان دانیشتووانی نزیک ناوچە سنوورییەکانی هێزەکانی سۆڤیەت بوون. ئەگەرنا بەگشتی هیچ بەرژەوەندییەکیان لە هەڵایسان و ڕاپەڕینی کورداندا نەبوو. لەم ڕەوشە هەژیوەدا، مستەفا بارزانی بیری لە ڕاپسکان و ڕاسانێکی نوێ دەکردەوە. چیدی نەدەبوو لە گۆشەیەکی دوورەدەستەوە تەماشای ڕووداوەکان بکات. ئەوەبوو دواجار بڕیاری جێهێشتنی سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی دا. لەیەکەم هەنگاودا، بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی دەربازکرد. هەڵبەتە بە هاوکاری کاکە مامەند ئاغا، یەکێک لە کەسایەتییە کاریگەر و جوامێرەکانی کورد کە یەکێک لە سەرپەرشتیارانی ڕەوگەی قادریی بوو، خۆی لە ناوچەی موکریاندا بینیەوە. کاکە مەمەند، یەکێک بوو لەو کەسانەی چەندین گوندی ناوچەکە لەژێر بەڕێوەبەرایەتی نەریتی ئەودا بوو. بەتایبەتی هۆزی مەزنی مامەش. بەم پێیە هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگەی مامەند ئاغاوە، ڕوویکردبووە هۆزی مامەش. ئەوانیش وەک ڕابەرێکی نەتەوەیی بەخێرهاتنی گەرمی بارزانییان کرد و هەر لەوێش، پەیمانی پاڵپشتی و هەر هاوکارییەکی ڕاپەڕین و پێشەنگایەتییەکی جوڵانەوە نەتەوەییەکەی کوردیان پێدابوو. دوای هەفتەیەک لە مانەوەی بارزانی لە مهابادا. لەوێ لەگەڵ حاجی بابا شێخ (کە دواتر پۆستی سەرۆکوەزیرانی کۆماری مەهابادی بەدەستەوە بوو) کۆبووەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو لەناوخۆی عێراق و شاری سلێمانیدا، دەربازبوونی بارزانی و بڵاوبوونەوەی دەنگۆی قوتاربوونی لە

کۆتوبەنـدی دەسـەڵاتی دوایایەتـی و ئینگلیـزەکان، ببوویـە مایـەی نیگەرانـی و خەمـی گـەورەی دەسـەڵاتی دوایایەتـی. هـەر ئەمـەش وایکـرد حکومەتـی عێراقـی بـڕی (٥٠) هــەزار دینـاری وەک پاداشــت تەرخانکردبـوو بـۆ هەرکەسـێک زانیارییەکـی لەبـارەی بارزانییــەوە بـۆ ببردنایـە، بەمەرجـێ بـە مردوویـی یـان بەزینـدووی و قۆڵبەسـتکراوی ڕادەسـتی حکومەتـی بکەنـەوە. لـە ڕاسـتیدا بـڕی پاداشـتەکەی حکومەتـی عێراقـی هێنـدە زۆر بـوو، زۆرێـک لەوانـەی لـە ئاسـتی مـاددە و پـوڵ و پـارەدا دەرونێکـی لاوازیـان هەبـوو، دوچـاری غایەلـەی خیانـەت و خەیاڵـی ڕادەسـتکردنەوەی بارزانـی ببـــوون. بۆنموونــە یەکێــك لــەو کەســانە ئاغــا مامەشــی ســەرۆکهۆزی مامــەش بوو، ناوبـراو داوای لـە کاکـە مامەنـد کردبـوو کـە نـەکات ئـەم دەرفەتـە لەکیسـی خـۆی بـدات. بـەڵام کاکـە مامەنـد مەردانـە و بەهیـچ جۆرێـک نەکەوتـە نـاو داوی دنیاپەرسـتی و داواکاریـی دەربارەکانــەوە. بەشـێوەیەك ڕێـک بەپێچەوانــەوە، هــەر شـتێک پێویسـت بـوو بـۆ بارزانـی و تێکـڕای چەکدارەکانـی ئەنجامیـدا و نەیهێشـت نەیارانــی بارزانــی و بەرژەوەنــدی کەســی کەســانێکی دەســکەلای ڕژێمــەکان، کاریگەرییـان بەسـەر بیرکردنـەوەی کوردانەیـەوە دابنێـن. نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکـو لەوکاتـەدا وەک هێمایەکـی پشـتیوانیکردنی، تفەنگێکـی مۆدێـل نوێـی وەکـو دیاریـی بەخشـییە مسـتەفا بارزانـی. بارزانیـش وەک ئامـاژەی ئەمـەک و ئەخلاقـی وەفادارانـە و ویژدانـی زینـدووی خـۆی، تـا ئـەو ڕۆژەی لـە ڕووبـاری ئاراسـدا پەڕینـەوە و لـە سـنوورەکانی سـۆڤیەت و ئێرانـدا دەربـاز بـوون، بـەردەوام ئـەم چەکـە چارەنوسـازەی هــێمای ئەمــەك و ئەخلاقــی کوردەواریــی، لەشــانیدا نەهێنایــە خــوارەوە.

ســەبارەت بــە خەســڵەت و خــووی بارزانــی و شــێوە و شــکڵ و هەڵکەوتــەی لەشــولاری، بەشــێوەیەکی ئەوتــۆ ئامــاژەی پێکــراوە. بەجۆرێــک مســتەفا بارزانــی خاوەنــی بــەژن و باڵایەکــی مامناوەنــد بــوو، وەلــێ لەســیمایدا وەك کەســێکی ســەرنجڕاکێش و سەرســامکەر بەرانبەرەکــەی ڕادەکێشــا. هــەر بەشــێوەیدا دلاوەرێکـی بەدیمـەن و بەهێـز دەبـینرا. بینینێـك بریقـەی چاوەکانـی، دەرخسـتەی ڕووخســارێکی بەهێــز و وریایــان وێنــا دەکــرد. بەگشــتی لــە بونیــادی جەســتەی بارزانیـدا، ویقـار و بوێریـی، ببوونـە تایبەتمەنـدی ڕۆحێکـی سـەرکەش و سـەرکەوتوو. لــەڕووی خوێندەوارییەکــی پیشــەییدا، ئــەوا تەنیــا لــە قۆناغە ســەرەتاییەکانی

خوێندنــدا بەهرەمەنــد ببــوو، وەلــێ وەکــو زۆرێــک لــە دەرفەتەکانــی خوێندەواریــی خەڵکانــی پێشــینی کوردەواریــی، ناوبراویــش لــە مــەلای ئاواییــەوە، ئــەو دەرفەتــەی بــۆ خوێنــدن و خوێندەواریــی ئاتاجــی پێــی بــوو، توانیبــووی کەڵکــی لێــوەر بگرێــت. بارزانــی لــە ئەزموونــی ژیانییــەوە، خــودان ســایکۆلۆجیا و ســرِێکی زاتلا وەهــا بــوو کــە زۆر بــە خێرایــی لــە نــاوەرۆک و نیــازی هــەر پێشــاتێک تێدەگەیشــت. ئەمــەش ســەلمێنەری ئــەو ڕاســتییانە بــوو کــە کەســێکی لۆژیکــی و لێهاتووییەکــی بــاڵای لــە بوارەکانــی دیپلۆماســییەت و ســەربازییدا بەکاردەهێنــا. بارزانــی بــەردەوام بــۆ گەیــشتن بــە ئامانجــە باڵاکانــی و بــۆ وەرگرتنــی وێــری متمانــە بەخۆبــوون، ســەردارێکی سەرســەخت و ســادە، وەلــێ ئاســانکار و بەویقــار بــوو. بەشــێوەیەک ئــاگاداری تــەواوی کەموکورییــە هزرییەکانــی خــودی خــۆی بــوو. لەهەمانکاتــدا سەرســام بــوو بــە هــەر قوتابــی و زانستدۆســت و خۆنەوارێکــی مرۆڤدۆســتی کــورد کــە لــە ســەنگەری خزمــەت و بەرژەوەندییــە باڵاکانــی گەلەکەیــدا مابێتــەوە. هەربۆیــە بــەردەوام ببوویــە ڕێنوێنیکــەر و هانــدەری ئــەو قوتابیانــەی کــورد کــە لــە دەرەوە و وڵاتانــی خۆرئــاوادا خەریکــی خوێنــدن و کاری چالاکــی و کــۆڕ و کۆنفرانســی کوردانــە بــوون. هــەر ئــەم ئەندێشــە نەتەوەیــی و نیشــتمانییەی ناســنامەی خەباتــی بارزانــی بــوو کــە کــۆی دەسپێشــخەرییەکانی هەمیشــە، لەپێنــاو پەیوەندیکــردن بــوون بــە ناسیۆنالیســتانی کــوردەوە. بارزانــی بــەوردی بــاوەڕی بــە پــەروەردەی نەتەوەیــی نیشتمانســازیی هەبــوو، بــەردەوام داوای لــە چالاکانــی گەنــج و هۆشــیاری کــورد دەکــرد، ســەرنجیان لەســەر کتێــب و خوێندنــەوە بێــت. هــەر لــەم پێنــاوەدا، پەســنی ســەردار و ســەرۆک و بەرپرســانی هۆشــیار و بەئــاگای دۆزی نەتەوەیــی کــورد دەکــرد، ئــیتر لــە هــەر شــوێنێکی کوردســتاندا بووبــن. لــەم میانــەدا هەڵوێســتی بەرانبــەر قــازی محەمــەد کــە هاوســەردەمی بارزانــی بــوو، هەڵوێســتێکی ئێجــگار ئەویندار و ئەمەکدارانــە بــوو بــۆ بوونــی نەتەوەیــی کــورد. هەڵوێســتێک کــە بەوپــەڕی بنەمــا بەهێزەکانــی برایەتییــەوە بیــری لێدەکــردەوە. بارزانــی، هیــچ کاتێــک کەســایەتییەکی ئاســایی نەبــوو، بەڵکــو ئــەم کەســایەتییە ئاڵــۆزە، ئاتاجــی ئــەو قۆناغــەی میللەتەکــەی بــوو. ئــەو دەیتوانــی هەســت و بۆچوونــی تــەواو جیــاواز لــە هەمبــەر ئــەو کەســانەدا دەربڕێــت کــە یەکترییــان دەناســی، یاخــود، کەســانێکیش کــە دیاربــوو بــە ناچاریــی مامەڵەیــان لەگــەڵ

یەکتریـدا دەکـرد. ئەوەتـا ئیگلتـۆن جۆنیـز، لـە خسـتەڕووی تایبەتمەندییەکانـی مـەلا مسـتەفای بارزانـدا دەنووسـێت[1]:" بارزانییـەکان لـە ٢٨ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٤٣ دا، بـە هـاوکاری و ڕێنوێنـی کاکـە مامەنـد گەڕانـەوە سـنووری عێـراق. ئـەودەم لـە بۆشـایی باڵادەسـتی بارزانییەکانـدا، لەبەرئـەوەی دوورخرابوونـەوە، گەلـێ لـەو هـۆز و تیرانـەی ناکۆکـی ناوخۆیـی و لەمێژینەیـان لەبەرانبـەر بارزانییەکانـدا هەبـوو، هـەرزوو بـە دنـە و دەسـتێوەردانی ڕژێمـی عێراقـی، سـەرلەنوێ لـە هەوڵـی گێچـەڵ و گـەڕی لابـەلادا بـوون لەتـەک بارزانییەکانـدا، بـە ڕادەیـەك ناوچەکـە ببوویـە مەکـۆی چەنـد هۆزێکـی دیاریکـراو، ئـەو هۆزانـە بـە ئـارەزووی ئالودەبـووی ئەغەواتیانـەی خۆیـان، خەریکـی هەڵیگیرسـانەوەی پشـکۆ کوژاوەکانـی کێبڕکێـی نێوانیـان بـوون".

بەگەڕانـەوەی بارزانـی بـۆ ناوچـەی بـارزان، دیسـانەوە کەوتـە بیـری دەسـپێکردنەوەی بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی بەهێـز و کاریگـەر، بزووتنەوەیـەك کـە دەربـڕی کـۆی تایبەتمەندییەکانـی مـاف و ئازادییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان بێـت. ئەوەبـوو لەیەکـەم جوڵـەی سیاسـیی خۆیـدا پێـش هـەر چالاکییەکـی چەکداریـی، دەسـتی بـرد بـۆ جوڵەیەکـی سیاسـیی و دیپلۆماسـیی، بەڵکـو بتوانـن بـە ڕێگـەی دانوسـتان و گفتوگـۆی دوولایەنـە، سـەرجەمی کێشـەکانی نێـوان کـورد و ناوەنـد چارەسـەر بکـەن. ئەوەبـوو لـە پەیامێکـی گشـتگیردا کـە ئاڕاسـتەی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـای کـرد هەمـوو ئـەو خواسـتە سـەردەمییانەی سـنووری مافـە نەتەوەییەکانـی کـوردی ڕوونکردنـەوە. هەڵبەتـە بارزانـی لەچوارچێـوەی چارەنوسـی ناوچەکـە و ڕاگرتنـی ڕێوشـوێنی ئارامـی و ئاسـوودەیی خەڵکەکەدا، ناوبەنـاو دانوسـتان و داواکاریـی و نامەونامەکاریـی لەگـەڵ حکومەتیشـدا دەکرد. بۆنموونـە نێـردراوی دەنـاردە بەغـدا و ئەوانیـش نێردراویـان دەنـاردەوە لای بارزانـی. بارزانـی دەیزانـی لەهـەر هەلومەرجێکـدا هـۆزەکان دەبێـت پشـتیوان و پەنـای یەکتریـی بـن. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش مامەڵەیەکـی دیپلۆماسـیی و هەوڵێکـی چـڕی خسـتەگەڕ بـۆ هێنانـی هەمـوو هـۆزەکان بـۆ ژێـر چەترێکـی چارەنوسـازی نیشـتمانی. سـەرەتاش بـە مەبەسـتی هـاوکاری و هەماهەنگیکـردن لەگـەڵ هۆزەکانـی دراوسـێی ناوچـەی بارزانـدا، دەسـتی پێکـرد. دوایـان بـەرەو دەڤـەری هۆزگەلێکـی دێرینـی بـارزان و دەوربـەری ڕۆیشـت. بارزانـی

(1) Eagleton W. The Mahabad Republic, c. 51.

لــەم هەوڵەیــدا دانــی بــەو ڕاســتییانەدا دەنــا کــە ئــەوە هۆزەکانــی کــوردن دەبنــە بڕبــڕەی بــاوەڕی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد، بۆیــە بــۆ هەڵســەنگاندنی دۆخەکــە و دارشــتنی نەخشــەڕێیەک بــۆ داهاتــوو دەســتی بــۆ هــەر کارێــک دەبــرد کــە بیزانیایــە بــە بەرژەوەنــدی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی نەتەوەکــەی تــەواو دەبێــت.

پێویســتە ئامــاژە بــەوە بکرێــت کــە ڕاســتەوخۆ بەگەڕانــەوەی بارزانــی، خەڵکانێکی خۆبەخـش خۆیـان لـە ڕیـزی لاوانێکـی فیـداکاری بارزانیـدا بینیبوویـەوە. ئەوان هێزێــک بــوون ژمارەیــان خــۆی دەدا لــە ٧٥٠ پیــاوی پێشــمەرگە و جەنــگاوەر. بارزانــی بێجگـە لـە لاکردنـەوە بـەلای بوونـی هێزێکـی مرۆیـی چەکـدار، توانیبـووی جبەخانەیـەك بـە تـەواوی پێداویسـتییەکانی چەکوچـۆڵ و تەقەمەنییـەوە پێکـەوە بنێـت. هەڵبەتـە ئـەوە بــەو مانایــە نەبــوو کــە ڕاســتەوخۆ خۆیــان بــۆ هەڵکوتانــە ســەر دامەزراوەکانــی میــری ئامـادە دەکـەن، نەخێـر هێشـتا بەرنامەیـان وابـوو خۆیـان لـە پێکـدادان لەگـەڵ سـەربازە حکومییەکانــدا بــەدوور بگــرن. بۆیــە بڕیاریانــدا بــوو تاوەکــو خۆیــان وەك هێزێکــی تۆکمــە و تەییــار ئامــادە نەکــەن، جارێــک بیــر لــە هیــچ جــۆرە چالاکییەکــی ســەربازی نەکەنــەوە. ئــەم بیرکردنەوەیــە هەوانتــە نەبــوو، بەڵکــو هەڵقــوڵاوی ئەزموونــی ئــەو ڕۆژانـە بـوون کـە ئاتاجیـان بـە تەنیـا چەکێکـی ژەنـگاوی دەبـوو. بۆیـە بەوپـەڕی یەقینـەوە بڕوایـان بـەوە هێنـا بـوو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانیان دەبێـت کاتێـك بێـت کـە لـەڕووی چەکوچۆڵــەوە خۆیــان ئامــادە کردبێــت. هەرکاتێکیــش لــەو ڕووەوە خەیاڵیــان تەخــت بــوو، ئــەوا ئەوانیــش بــە دەستبەســەرداگرتنی مەنــزڵ و مەکــۆی پۆلیــس و جەندرمەکانــی سەرســنوور و ئــەو بنکــە ســەربازییانەی نزیــك ئاواییەکانــن دەســت پێدەکــەن. دواتــر هــەر لەســەر ئــەو بــاوەڕە ســووربوون. ئەوەبــوو دوای خۆســازدانی هێزەکانیــان، یەکەمیــن یادەوەریــی یاخیبوونێکــی دیکــە و قۆناغێکــی تــری خەباتــی چەکدارییــان دەســپێکردەوە. یانــی تەنیــا دوای تێپەڕوونــی دوو مانگێــک، ئــەو هێــزەی پێــشتر خاوەنداریێتــی نزیکــەی (٢٠٠٠) پیـاوی پێشـمەرگە بـوون، ئیـدی پـۆل پـۆل پێشـمەرگەی نـوێ و گەنجـە دڵگەرمەکان و ئــەو ســوارچاکانەی سەوداســەری کوردایەتــی بــوون، کەوتنــە نــاو نــۆرەی ئــەو خەبــات و خەیاڵــی ئازادیخوازییــەی بارزانــی جاری جوڵانەوەکــەی دابــوو. هــەر لــە دەســپێکدا، دوای پێچانــەوەی بنکــە و بارەگاکانــی پۆلیــس، بارزانــی ســەردانی ئــۆردوگای هاوینــەی مەشــق و ڕاهێنانــی جەنگاوەرەکانــی کرد. لــەوێ لەگــەڵ فەرمانــدە مەیدانییەکانــدا

کۆبوونەوەیەکـی گرنگـی ئەنجامـدا. لـە کۆبوونەوەکـەدا سـەرجەم سیاسـەتی ئایندەیـی و نهێنـی پرسـە نیشـتمانییەکە و سـەرلەنوێ سـەرهەڵدانی ئەمجارەیانـی شـیکردەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، مامەڵەیەکـی وردی لەگـەڵ ڕێکخسـتنی هێزەکەیـدا کرد. هەروەهـا بارزانـی بزووتنەوەکـەی بـە ڕەچاوکردنـی ڕێـز و بنەمـای دادپەروەریـی دەسـپێکرد. هـەر بۆیـە بـە مەبەسـتی بیرهێنانـەوەی تـەواوی بابەتـەکان، ڕایگەیانـد:" بـۆ ئـەوەی لـە بێهودەیـی و بێبەرنامەیـی دەربـاز بیـن، واپێویسـت دەکات، لـە هـەر پێکدادانێکـی خودسـەرانە لەگـەڵ سـەربازەکانی حکومەتـدا خۆتـان بـەدوور بگـرن. تەنیـا و تەنیـا بـە ڕەزامەنـدی شـێخ ئەحمـەد بارزانـی بابەتـی بەرەبەرەکانێـی چەکداریـی دەسـتی بـۆ دەبرێـت". هەڵبەتـە هەندێـک مـەرج و میتـۆدی جیـای سـەربازیش خرانـەڕوو کـە تێکڕایـان وابەسـتەبوون دڵنیاییـدان بـە سـەرکەوتنی بزووتنەوەکـەوە. لەگـەڵ یەکەمیـن جموجـوڵ و چالاکـی ڕێکخراوەیـی بارزانییەکانـدا، هێزەکانـی پۆلیـس بـە هـاوکاری حکومەتـی عێراقـی، هێزێکـی بەرچاویـان لـەو ناوچەیـەدا چڕکـردەوە. بەتایبەتـی لـەو هەڵکەوتەیـەی مـەلا مسـتەفای بارزانـی تێـدا دەمایـەوە، زیاتـر بـە هێـزی پۆلیـس و هێـزە هەواڵگـری و ئاساشـییەکانی ڕژێـم تەنرابـوو. بەماوەیەکـی زۆریـش پێـش ئـەوەی بارزانـی دەسـتبکات بـە نامـە و ئاگادارکردنەوەکانـی بـۆ ڕژێـم، پێشـووتریش دوای دروسـتکردنەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ هـۆز و تیـرە و سـەردارەکانی کـورد، تاوەکـو ئـەوکات، لایەنەکانـی حکومـەت، بـە تـەواوی بـێ ئـاگا بـوون لـە هاتنـەوەی بارزانـی بـۆ کوردسـتان.

وەکـو پێـشتر ئاماژەمـان پێـدا، بارزانـی لـە نامەیەکیـدا بـۆ دەسـەڵاتدارانی عێراقـی، لـە ئەگەری هاتنـی هێـزی پۆلیـس و سـەربازی نـوێ بـۆ ناوچەکـە هۆشـداری پێـدا بـوون. هـاوکات لـە هـەر کارێکـی نەخـوازراو یـان نەشـیاوی هێزەکانـی پۆلیـس و سـەربازانی سـنوورەکە بەرانبـەر بـە دانیشـتوانی کوردنشـینی ناوچەکـەی وەک بیرخسـتنەوەیەک هۆشـداری و هەڕەشـەی تونـدی پێڕاگەیانـدن. لـە ئاکامـی ئـەم نامەیـەی بارزانیـدا کـە جۆرێـک لـە سـەرکۆنەی ڕژێمـی تێدا بـوو، تومـەز لـە دەسـەڵاتەوە تەلەگرامێکـی تایبـەت ئاڕاسـتەی هەولێـر کـراوە. دواتـر زانـرا لەمیانـی ئـەم نامـە و تەلەگرامانـەی بەرپرسـانی میـری و بەغـدادوە، ئینجـا کاربەدەسـتانی ڕژێـم بەتـەواوی بۆیـان ڕوونبووەتـەوە کـە بارزانـی بەڕاسـتی گەڕاوەتـەوە بـارزان و جارێکـی تـر وادیـارە نەویوەتـەوە چـەك و تێکۆشـانێکی نوێـی دژ بـە دامـەزراوە دەوڵەتییەکانـی ناوچەکـە گرتووەتـەوە دەسـت.

بـە یەكلابوونـەوەی یادخسـتنەوەكانی بارزانـی بـۆ دەسـەڵات و تێگەیـشتن لـە تێڕوانینـی خەباتـی ئـەم جـارەی بارزانییـەكان، ئەوەبـوو جارێكـی تـر، بـە هێـزی پۆلیـس و دامـەزراوەی سـەربازی پڕچەككـراو، چەندیـن هێـزی تۆكمـە و ڕاهـێنراوی سـنووریی ڕەوانـەی ناوچەكـە كرانـەوە و جێگیـر كـران. دیاربـوو هەمـوو ئـەو ئامادەكارییانـە و خڕكردنـەوەی خاڵەكانـی پشـكنین و قوتكردنـەوەی چەندیـن بـارەگای سـەربازی و دەیـان قولـە و لوتكـەی ناوچەكـە، دیسـانەوە ڕەنـگ و بەرگـی سـەبازگەیەكیان دایـەوە بـە سـیمای مەدەنـی ناوچـە كوردنشـینەكانی بـارزان. بەمـەش دەركـەوت كـەوا نیازیانـە لێدانێكـی یەكلاكـەرەوە بسـەرەوێننە بزووتنـەوەی بارزانییـە بەرهەڵسـتكارەكان. لـە هەنـگاوی هەوەڵـدا، هێزەكانـی حكومـەت خۆیـان بـۆ هێـرش و گەمارۆدانـی بـارزان ئامـادە كـرد. مسـتەفا بارزانیـش بەكاوەخـۆ خەریكـی خـۆ سـازدان بـوو. لـە چەندیـن لای جیاجیـاوە، خەباتكارانـی ناردبـووە ناوچـە و دێهاتـە دوورەدەسـتەكانەوە. پەیامـی خەباتـكارەكان بـۆ خەڵكـی خۆڕاگـری ئاوایـیـەكان ڕوونكردنـەوەی ئامانجەكانـی شـۆڕش و هەواڵـی دەسـپێكردنەوەی ڕاپەڕینـی چەكداریـی بـوو. هەربۆیـە مەبەسـتیان بـوو ئاسـتی ئامادەیـی ئاواییـەكان و ئامانجەباڵاكانـی خەباتـی ئـەم جـارەش بدەنـەوە بەگوێـی دێهاتییـە دلاوەر و دڵسـۆزەكانی كـوڕی كوردایەتیـدا. لەڕاسـتیدا هەمـوو ئـەو دەسـتە و تاقمـە خەباتـكارەی كـە دەنێردرانـە نـاو چیـن و توێژەكانـی خەڵكـەوە، تێكڕایـان خەباتكاری خاوێـن و زۆر جێگـە متمانـەی بارزانی بـوون، یانـی كەسـانێك بـوون لـە ڕۆژانـی تەنگانـەدا تاقیكرابوونـەوە و دەزانـرا بەمانـای وشـە كوڕانـی ڕۆژی تەنگانـەی میللەتەكـەن. ئەوانـە بـوون كـە لـە ڕابـردووی ڕاپەڕینەكانـی شـێخ عەبدولسـەلامەوە، یانـی لـە دەسـپێكی سـەدەی بیسـتەم و ڕاپەڕینـی یەكەمـی شـێخ ئەحمـەد بارزانییـەوە لـە دەسـپێكی سـییەكانەوە ئەمەكداریی خۆیـان دووپاتكردبوویـەوە.

لەسـەر ئـەو بنەمایـە هەمـوو ئەوانـەی دەنێـردران، وەكـو نوێنـەر و بانگخـوازی بـاوەڕ و ڕێبـازی بارزانـی خەڵكەكەیـان لـە پرەنسـیپ و پەیامەكانـی ڕاپەڕینەكـە ئاگاداردەكـردەوە. ئەوانـە بەگشـتی خاوەنـی فەرهەنـگ و ئادابێكـی بـەرز بـوون و پەیوەسـت بـوون بـە بەهـا ئەخلاقییەكانـی كوردەوارییـەوە، بۆیـە لەگـەڵ هـەر هـۆز و تیرەیـەك یاخـۆ لەگـەڵ لاوانـی هـەر ئاواییەكـدا زۆر بەباشـی دەیانتوانـی ڕایەڵەیەكـی

پەیوەندییەکـی پتـەوی وەهـا دامەزرێنـن کـە زۆر بەسـەرکەوتوویی ڕایانکێشـنە نـاو ڕاسـتییەکانی ڕاپەڕینـی بارزانییەکانـەوە. ئـەم گروپانـە هەندێـك کات ڕۆڵـی تەتەڕێکیـان دەگێـڕا. چونکـە هەمـوو کات ڕاسـپاردە و پەیامەکانـی بارزانییـان ڕادەسـتی ڕیشسـپی و سـەرۆکهۆز و کەسـی یەکەمـی ئاواییـەکان دەکـرد و ئەگەریـش پێویسـتی بکردایـە ڕوونکردنەوەشـیان لەبـارەی ناوەرۆکـی نامەکانـەوە دەدایـە هەمـووان. دیـارە وەك هەمیشـە ناوەرۆکـی پەیامەکانـی بارزانـی، بەتایبەتـی ئـەو نامانـەی کـە ئاڕاسـتەی کەسـانی پەیوەندیـدار و پێشـەنگی نـاو کۆمەڵگاکانیـان دەکـرا، زیاتـر ئـەو کەسـانەی لاگرنـگ بـوون کـە ئومێـدی ئاینـدەی کاری پێکەوەیـی و پێنـاوی خەباتەکـەی لێدەکـردن، هەربۆیـەش لـە ناوەرۆکـی نامەکانیـدا بـەردەوام خواسـتێکی چەسـپاو دووپاتدەکرایـەوە، بەتایبەتـی خواسـتی دەسـتبارێتی جوڵانـەوە ڕزگاریخوازییەکـە. لەهەمـان کاتـدا ناوەرۆکـی بەشـێك لـەو نامانـە خواسـتی کۆمـەك و هاریکاریـی ڕاپەڕینەکـە نەبـوو، بەڵکـو ئەوانـە تەنیـا هۆشـدارییان پێـدەدرا کـە پێویسـتە دەسـتبەرداری دەسـتێکەڵکردن لەگـەڵ نەیارانـی ڕاپەڕینەکـە بـن و خۆیـان بەدووربگـرن لـەوەی چیـدی خزمەتـی دوژمنەکانـی نەتەوەکەیـان بکـەن و نەبنـە پێشـقەڕەوڵی هەنگاوەکانـی ئـۆردووی داگیرکـەر. زۆربـەی کاتیـش ئاگاداردەکرانـەوە کـە خزمەتـی خەڵکـی خۆیـان بکـەن و تاوەکـو بۆیـان دەکرێـت خۆیـان و خێزانەکانیـان و خێڵەکانیـان لـە ململانێـی نێـوان هـۆزەکان بـە دووربگـرن. بـەم جـۆرە بارزانـی هەرهەوڵێکـی بریتـی بـووە لـە پێکانـی نیشـانەیەکی نەریتـە کۆمەڵایەتییەکـە. هـەر جوڵەیەکـی جێکەوتـەی جیهانبینـی و جۆرێـک لـە خوێندنـەوەی وردی ویژدانـی کۆمەڵگەکـە و سـایکۆلۆجیای سیسـتەمە داگیرکارییەکـە بـووە. بارزانـی زۆر بەباشـی ڕایەڵەکانـی ڕۆحـی کۆمەڵـی کـوردی خوێندبوویـەوە. هـەر لەسـەر ئـەو خوێندنـەوە وردەی ویژدانـی کـوردەواری بـوو، دەیەویسـت لـەدەرەوە لۆژیکـی دەرەبەگایەتـی و دیوارەکانـی نێـوان نەریتـە هۆزگەراییەکـەدا، پەیوەندییـە نیشـتمانییەکان بکاتـە بابەتـەی بزووتنـەوە نەتەوەییەکـەی کـورد. ئەوەبـوو لەسـەر ئاسـتی پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی دەرەوەی بارزانـدا، پەیوەنـدی لەگـەڵ هەندێـک سـەرۆکهۆزی دراوسـێی ناوچـەی بارزانـدا دروسـت بـکات. هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەم هەوڵـە بەراییانـەدا توانـی زێبارییـەکان بهێنێتـە نـاو بازنـەی بزووتنـەوە نەتەوەییەکـەوە. هەرچەنـدە لـە چەندیـن هەڵوێسـت و پێشـهاتدا، پەژیوانـی و ڕووداوی چاوەڕواننەکـراو

دەبــینرا، هەروەکچــۆن دوای ماوەیەکــی کــورت لــە ڕێکخســتنەوەی پەیوەندیــی و کاری پێکەوەیــی هۆزەکانــدا، ئــەوە ڕوونبوویــەوە کــە هەریــەك لــە برادۆســتی و ســورچییەکان شــان بەشــانی زێبارییــەکان، هەرســێکیان لەئاســت ئــەو بەڵێنانــەی لەهەمبــەر دابینکردنــی چــەك و تەقەمەنیــدا دابوویانــە بارزانــی، بەگوێــرەی پێویســت نەهاتیوونــە پێشــەوە. بارزانــی لەئاســت نەخەملێنــی نەریتــی یەکڕیــزی و یادەوەرییــەك کــە کــۆی کەلتــووره کۆمەڵایەتییەکــە بخاتــە ژێــر ڕکێفــی ڕاپەڕینەکــەوە، هــەر ڕێگەیەکــی بەکاردەهێنــا کــە بەرژەوەنــدی بــاڵای هەموانــی لێبکەوتایەتــەوە. دروســت لــەم کاتــەدا، بەمەبەســتی پتەوکردنــی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانیــان، مســتەفا بارزانــی داوای یەکێــک لــە کیژەکانــی مەحمــود ئاغــای زێبــاری کــرد، بەمــەش توانــی هــەم پەیامــی ئاشــتەوایی و نیازپاکــی خۆیــان بگەیەنێــت، هەمیــش ئاوێکــی بەســەر ئاگــری ئــاژوە و ئاگــری فیتنــە و فەوزاکــەدا کــرد. لەگــەڵ ئەمەشــدا پێویســتە بڵێیــن، هێشــتا هۆزەکان زۆرێکیــان پەیوەســت بــوون بــە ڕژێمــی دوایایەتییــەوە و بەتــەواوی نەتوانــرا بــوو متمانەیەکــی بەتیــن و پتــەو پێکــەوە بنێــن. ئــەوەش هۆکارێــک بــوو تاوەکــو کاردانەوەیەکــی نەرێنییــان بەرانبــەر بــە هــەر پلان و نەخشــەیەکی ڕاپەڕیــن دژ بــە حکومــەت هەبوایــە. لــە درێــژەی هەوڵەکانــی مــەلا مســتەفای بارزانــدا بــۆ بەســەرکردنەوە و بەرینکردنــی چوارچێــوەی پشــتیوانی لــە ڕاپەڕینەکەیــان، ســەردانی ناوچــە کوردییەکانــی ســنووری نێــوان ئێــران و عێراقــی کــرد. لــەوێ لــە هەنگاوێکــی گرنــگ و هیوابەخشــدا، لەگەڵ کادیــر و ئەندامانــی ڕێکخــراوی ژیانــەوەی کوردســتان(ژێکاف)دا کۆبــووەوە. ئــەم ڕێکخــراوە لــە ســاڵی ١٩٤٢وە دامــەزرا بــوو. ئــەم هەماهەنگییــەی بارزانــی، بناغــەی پەیوەندییەکــی دوولایەنــەی درێژخایەنــی پێکەوەنــا. هەربۆیــە نەیارانــی کــورد لــە مەترســییەکان و مانــای کۆبوونەوەیەکــی لــەم جــۆرە تێگەیــشتن. بەشــێوەیەکی ئاشــکراش دەســەڵاتدارانی دوایایەتــی پێیــان هــەزم نەدەکــرا، بەتایبەتــی کاتێــک زانیــان پێگــە و پێنــاوی بارزانــی ئێجــگار ئاوێرانــی ئەزمــوون و ئاشــنایەتی خەڵکــی ناوچەکــە بــووە. بــەم بۆنەیــەوە نەیاندەویســت بارزانــی زیاتــر لــە ناوخــۆی عێــراق دوورکەوێتــەوە و پەیوەندییەکانــی ببەڕێنــەوە بۆنــاو کوردانــی ئەودیــو ســنوور، بۆیــە گەرەکیــان بــوو بابەتــی ئاڵۆزییــەکان لەناوخۆیانــدا چارەســەر بکــەن و کارەکــە نەگاتــە ئــەو هۆشــیارییە نەتەوەییــەی لێــی دەترســان. ئــەوە بــوو چەنــد شــاندێکیان بــە بەردەوامــی دەناردنــە لای بارزانــی و داوایــان دەکــرد کۆتایــی بــە

شـەڕ و پێکدادانـی چەکـداری بهێنـن. هەڵبەتـە بارزانـی هیـچ کاتێـک داوای دانوسـتانی نەداوەتـە دواوە. وەلـێ بـۆ دەسـتپێکردنی دانوسـتانەکان، داواکاری گەڕانـەوەی شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی بـۆ بـارزان کردبـووە مەرجـی دەسـپێکردنی گفتوگۆکانـی نێوانیـان. هەروەهـا داواشـی کـرد بـوو تێکـڕای بارزانییـە دەربـەدەر و دوورخـراوەکان هەرچـی زووتـرە بـێ هیـچ مەرجێـک بگەڕێنەوە بـارزان. لـە وەڵامـی داواکارییـەکان و مەرجـی دانوسـتانەکانی بارزانیدا، حکومـەت پابەنـدی و پەیمانـی خـۆی دووپاتکـردەوە. بـەڵام لەمیانـی چەنـد کۆبوونەوەیەکـی سـەرەتاوە، شـاندی حکومـەت ئـەو ڕاسـتییەیان بـۆ ڕوونبوویـەوە کـە مسـتەفا بارزانـی تـەواوی ئامانجەکانـی لـە تـەوەری بەدەسـتهێنانی مافـە دەسـتوورییەکان بـۆ کـوردی عێـراق دەخولێنـەوە. لێـرەدا ئـەوەی جێگـەی سـەرنجی سیاسـەتی ئـەو کاتەبـوو خواسـتی نوێـی ئینگلیـزەکان بـوو. چونکـە لـەم هەلومەرجـەی ململانێـی نێـوان بارزانـی و حکومەتـی پادشـایەتیدا، ئینگلیـز بـە پێچەوانـەی پەیجـوری سیاسـیی پێشـووتریانەوە کـە بـەردەوام دژ بـە مافـە دەسـتوورییەکانی کـورد وەسـتابوون. کەچـی لـەم ئـان و سـاتە نوێیـەدا و لـەم قۆناغـەی هەلومەرجـی جەنگـە جیهانییەکەیانـدا، نـەک پشـتیوانی عێـراق نەبـوون، بەڵکـو بەجۆرێـک لـە بارزانـی و بزووتنەوەکەیـان دەڕوانـی کـە بارزانـی وەك شاسـواری شانشـینێکی یەکگرتـووی نەتـەوەی عـەرەب و کـورد دەبینـن. بەگوێـرەی ڕووماڵـی ڕاگەیاندنەکانـی ئـەوکات، نـەک هـەر ڕوانگەیـان وەهـا بـوو، بەڵکـو لۆبـی لایەنگیریـان بـۆ سـەرکردایەتی ڕاپەڕینـی کـورد لـە ئاسـتێکدا بـوو کـە عەرەبـە نەتەوەییەکانـی ئـەو قۆناغـە کەوتبوونـە نـاو نیگەرانییەکـی زۆرەوە. ئینگلیـزەکان خوێندنـەوەی ئەوکاتەیـان وابـوو کـە هـەر ئـاژاوە و پشـێوییەک دژ بـە ڕژێمـی دوایایەتـی عێـراق هەڵگیرسـێت، ئـەوا لـە گومـان و گـرەوی نزیکایەتـی نێـوان نازییـەکان و حکومـەت دوایایەتـی شکسـت پێکدەهێنێـت. هەڵبەتـە ئـەو لۆژیکەیـان لەخـۆڕا نەبـوو، بەتـەواوی دەیانزانـی لـە هەنـاوی هێـزە سیاسـییەکەی حکومەتـی عێراقیـدا، نـەوای ناسـیۆنالیزمێکی پەڕگیـر دەهاتـە گوێیـان، ناسـیۆنالیزمێک چیـدی لەگـەڵ سـەربەخۆیی و دەرچـوون لـە بازنـەی بەریتانیـادا دەسـازا.

هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو، لـە گۆشـەنیگای بەریتانیـای مەزنـدا، دەبـوو عێراقییـەکان لـە بازنـەی هاوپەیمانێتـی و بـەرەی دژایەتـی ئەدۆڵـف هیتلـەردا بمێننـەوە. چـون عێـراق و ئێـران وەک دوو قـەڵای پتـەوی پشـتەوەی ئینگلیـز لـە ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و

ناوەڕاستدا ناسرابوون. لەم پێناوەدا بوو ئینگلتەرا هەوڵیدەدا، هەر پێکهاتەیەکی ئیتنی و نەتەوەیی، بە کوردیشەوە، بە قازانج و کامی کیانە کۆڵۆنیکارەکەی خۆیان هەڵسوڕێنێت.کەواتە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە بۆ یەکەمینجار هەوڵی بەریتانیا، هاوکاری جوڵانەوەی کوردیی و پشتیوانی پشێوییەکانی ناوخۆی عێراق بوو، چونکە تا نائارامییەکان زیاتر زەمینەیان بۆ برەخسایە، ئەوا زیاتر پێگەی خۆیان لە عێراقدا بەهێزتر وێنا دەکرد. تاوەکو ئەوکات، ئینگلیز خاوەندارێتی پێگەیەکی ناوەندی و جیۆستراتیژیی لە جەرگەی ناوچەکەدا داگیرکرد بوو. بەم پێیەش برستە ئابوورییەکەی پێشتری لە ئاستی خاوەندارێتی تەواوی یەدەگی نەوتی ناوچەکەدا بوو، دیارە لە سەردەمی جەنگیشدا، ئاتاجێکی ئێجگار فرەیان بەم ژێرخانەی وزە و نەوتی ناوچەکە هەبوو. هەربۆیە بەریتانیا پەرۆشی ئەوەبوو زووتر زەمینەی باڵادەستی خۆیان لە باکوری عێراقەوە بچەسپێنن. چونکە بەم هەنگاوەیان ڕاستەوخۆ سنوورەکانیان لەگەڵ هەریەک لە تورکیا و کۆمارەکانی ترانسقەفقازی سۆڤیەتیدا کە دەوڵەمەند و سەروەتمەندی سەرچاوەکانی هایدرۆکاربۆنی هەموو ناوچەکە بوون بە یەکتریی دەگەیشتنەوە. لە هەمان کاتدا لە عێراقدا دۆخێکە وەختبوو بتەقێتەوە، تەقینەوەیەك تیایدا لەژێر ڕابەرایەتی مستەفا بارزانیدا، ئەو دەرفەتەی دەدایە نەتەوەی کورد، تاوەکو بەشێوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد، داکۆکی لە داخوازییە سیاسییەکانیان بکەن. لەیەکەمین بەرامەی بیرکردنەوەیەکی سیاسی لەم جۆرەدا، فشاری بەریتانییەکان بۆسەر حکومەتی عێراقی، بووە بایسی دەرچواندنی بڕیاری لێخۆشبوون بۆ مستەفا بارزانی و بارزانییە یاخییەکانی دەوڵەتی عێراق. بەشێوەیەکی فەرمی ماجید مستەفای وەزیری دەوڵەت لە عێراقدا، لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ڕاسپێردرا بوو تاوەکو نوێنەرایەتی حکومەت لە پرۆسەی دانوستان لەگەڵ بارزانیدا دەست پێبکات. ئەوەبوو لەیەکەم دەسپێشخەریی حکومەتەوە، شاندێکیان بەسەرۆکایەتی ماجید مستەفا ڕووە و کوردستان ڕەوانەی لای بارزانی کران. هەر ماجید مستەفاشیان ڕاسپپارد تاوەکو تاوتوێی تێکڕای مەرجەکان و دوایان هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بارزانی و بارزانییەکاندا بێنێتە کایەوە. دواجار دانوستانەکانی نێوانیان بە واژۆکردنی ڕێککەوتنێک لەنێوان مستەفای بارزانی و نوری سەعیدی سەرۆک

وەزیرانــی عێراقــدا کۆتایــی هــات. ڕێککەوتنــی هــەردوولا، خــۆی لــەم بەنــد و بڕگــە ســەرەکییانەدا دەبینییــەوە:

١. دوورخســتنەوەی ئــەو بەرپرســانەی لــە کاتــی جەنــگ و پشــێوییەکاندا، دەرفەتــی ناهەمواریــی دۆخەکەیــان قۆســتووەتەوە و قازانجێکــی ماددیــان لــە ڕێگــەی بەرتیــل و خــراپ بەکارهێنانــی پۆســتەکانیانەوە بەدەســتهێناوە.
٢. دامەزراندنــی ویلایەتێــک بەنــاوی ویلایەتــی کوردســتانەوە کــە ســنووری ویلایەتەکــە هەریــەک لــە شــارەکانی کەرکــووک، ســلێمانی، هەولێــر، قــەزا کوردییەکانــی ســەر بــە پارێــزگای موســڵ، لەوانــە: قەزاکانــی (دهــۆک، ئاکــرێ، شــێخان، شــەنگال، زاخــۆ و ئامێــدی)، لەگــەڵ دوو قــەزای پارێــزگای دیالــە، لەوانــە: قەزاکانــی (خانەقیــن و مەندەلــی) بگرێتــەوە.
٣. دانانی بە زمانی کوردی، وەک زمانی سەرەکی و فەرمی دەوڵەتی عێراق.
٤. دانانی بریکارێکی کورد، بۆ هەر وەزارەتێک لە وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق.
٥. دانانی وەزارەتێکی پەیوەست بە کوردستان، بەناوی وەزارەتی کاروباری کوردستان.
٦. پێدانــی قەرەبــوو بــە قوربانییەکانــی قۆناغەکانــی شەڕوشــۆڕی نێــوان حکومــەت و بەرهەڵســتکارانی کــورد.
٧. دروســتکردنی قوتابخانــە، نەخۆشــخانە، ڕێگاوبان و باشــترکردنی خزمەتگوزارییەکانــی ناوچەکــە.
٨. چارەســەرکردنی کاروبــارە ســەربازی و دارایــی و دەرەکییــەکان لەلایــەن حکومەتــی ناوەندییــەوە.(١)

دوای زەمینەســازی و ئامادەکاریــی بــۆ ئاســاییبوونەوەی پێوەندییــەکان، مســتەفا بارزانــی بــە مەبەســتی دانوســتان و خســتنەڕووی داواکارییەکانــی خەڵکــی کوردســتان، بــەدەم بانگهێشــتی دانوســتانەکانەوە ڕۆیشــت و ســەردانی بەغــدای کــرد. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو بارزانــی ئاشــنای پەیمانشــکێنی و بێبەڵێنــی بەرپرســانی بــاڵای ناوەنــد بــوو، بۆیــە هیــچ جــۆرە گەشــبینییەکی پێــوە دیــار نەبــوو. لــە بەرانبــەردا کاتێکیــش لــە بەغــدا بــوو، تــەواو تێگەیشــت کــە ڕەوتــە ڕادیکاڵــە ناسیۆنالیســتەکانیش

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 55.

نیازیـــان نییـــە بەدەنـــگ ئاشـــتەوایی و داواکاریـــی مافـــە نەتەوەییەکانـــی کـــوردەوە بێـــن. هـــەر لـــە میانـــی ئـــەو ســـەردانەدا، ماجیـــد مســـتەفا لەگـــەڵ زۆرێـــک لـــەو ئەفســـەرە کوردانـــەی ئـــەودەم لـــە ســـوپای عێراقـــدا خزمەتیـــان دەکـــرد، بـــە ڕەزامەنـــدی حکومـــەت، ســـەردانی بارزانییـــان دەکـــرد. بەغـــدا لـــەم کارەیـــدا نیـــازی بـــوو هـــەم وەزیـــر و هەمیـــش ئەفســـەرانی کـــورد لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ بارزانیـــدا بەکاربهێنێـــت. لـــە نێـــو ئـــەو ئەفســـەرانەدا نموونـــەی وەک میرحـــاج ئەحمـــەد و مســـتەفا خۆشـــناو لـــە دیارتریـــن ئەفســـەرانی کـــوردی پەیوەســـت بـــە بارزانـــی بـــوون. لـــە هەمانکاتیشـــدا ئەندامـــی ڕێکخـــراوی ژیانـــەوەی کوردســـتان (ژێـــکاف)، لقـــی کوردســـتانی عێـــراق بـــوون. هەربۆیـــە هەوڵـــی نزیکبوونـــەوە و دیداریـــان لەگـــەڵ بارزانیـــدا بوویـــە ســـەرەتای پەیوەندییەکـــی تونـــدوتـــۆڵ و بـــە بەرنامـــە. بارزانیـــش بۆخـــۆی پەرۆشـــی پێشخســـتنی پێوەندییەکانـــی نێـــوان بارزانییـــەکان و ئەفســـەرانی کـــوردی ســـوپای عێـــراق بـــوو. جیـــا لـــە ئەفســـەرە کـــوردەکان، هەوڵـــی نزیکبوونـــەوە لـــە هـــۆزە کوردییـــەکان، هەنـــگاوی گەلـــێ گـــەورەی بـــڕی بـــوو. بەجۆرێـــک لـــە کۆبوونـــەوە و دیـــداری ســـەرۆکهۆزەکانی ســـنووری شـــار و شـــارۆچکەکاندا، بەتایبەتـــی لـــە نزیکبوونـــەوە لەگـــەڵ ســـەرۆکهۆزەکانی ســـنووری ســـلێمانیدا، تێکڕایانـــی لـــە بەرنامـــەی بزووتنـــەوەی بارزانییـــەکان ئاگادارکردبوویـــەوە و بانگهێشـــتی کردبـــوون تاوەکـــو داواکارییەکانیـــان کـــە داواکاری پەیوەســـت بـــە بەرژەوەندییـــە نەتەوەییەکانـــی کـــوردن، پێکـــەوە تاوتوێیـــان بکـــەن. بەمجـــۆرە بـــەردەوام بـــرەوی بـــە ڕایەڵەکانـــی ڕێکخـــستن و ڕوانگـــەی جوڵانەوەکـــەی دەدا و هەوڵـــی دەدا، تێکـــڕای شـــارەکانی کوردســـتان، پێکـــەوە، پەیمانێکـــی نەتەوەیـــی لەنێوانیانـــدا هەبێـــت و ئومێـــدی ئایندەیەکـــی بـــاشتری لەســـەر هەڵبچنـــن. لـــەم کاتـــەدا ئەفســـەری بەریتانـــی نـــاسراو بـــە کاپتن(جۆنســـۆن) لەلایـــەن ئینگلیزەکانـــەوە ڕاســـپێردرا، تاوەکـــو لەگـــەڵ بارزانیـــدا هەماهەنگـــی پێویســـت لەمـــەڕ هەلومەرجـــە نوێیـــەکان بکـــەن. ناوبراویـــش بارزانـــی دڵنیـــا کردبوویـــەوە کـــە حکومەتـــی بەریتانیـــا بەتـــەواوی هاوســـۆزی نەتـــەوەی کـــورد و هـــەر هەنگاوێکـــی بـــەرەو پێشخســـتنی مـــاف و داواکارییەکانیانـــە و پشـــتیوانی بەرژەوەندییـــە باڵاکانـــی نەتـــەوەی کوردیـــش دەکـــەن. هەربۆیـــە لەیەکـــەم دیـــداری ناوبـــراو لەگـــەڵ بارزانیـــدا، بـــەوردی لـــە بابەتـــی بەرنامـــە و نەخشـــەڕێی ڕاپەڕینـــی کـــورد لـــە دژی حکومەتـــی عێـــراق ئـــاگادار کرابوویـــەوە. لەبەرانبـــەردا جۆنســـۆنیش بـــە بارزانـــی ڕاگەیانـــد

بوو، لە ڕوانگەی لەندەنەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، نیازی ڕاپەڕین و دەستبردن بۆ خەباتی چەکداریی نەدراوەتە دواوە. تەنانەت دەوترێت، وەک هاندان و دەسپێشخەرییان بەرانبەر بە ستایشی بارزانی، هاوکات بۆ نیشاندانی نیازپاکی زیاتریان دەرهەق بە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، لەلایەن پەیمانگەی سەربازی بەریتانیاوە، پلەی جەنەڕاڵی جەنگیان بەخشیوەتە مستەفا بارزانی.

لەڕاستیدا ئەم مەرایی و خۆنزیکردنەوانەی بەرپرسانی باڵای ئینگلیز و پەیوەندییان لەگەڵ خودی بارزانی و بارزانییەکان و بەرنامە نەتەوەییەکەیان، هەرگیز نەگەیشتە ئاستێکی فەرمی وەها کە ببنە فەریادڕەسی دۆخی نالەباری نەتەوەی بندەستی کورد، هەروەکچۆن بارزانیش هەرگیز بە ئاقاری بەرژەوەندی ئینگلیزەکان، دەسبەرداری خواستە نەتەوەییەکانی کورد نەبوو، هیچکاتێکیش وەك سەرکردە و دواياکانی ئەو قۆناغەی کەلتووره کۆڵۆنیکارەکەی بەریتانیا نەبوویە دەربار و دەسکەلای دەسەڵاتدارێتی ئینگلیزەکان. بارزانی بەباشی لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو، تاکتیکی تیۆرە سیاسییەکانی ئینگلیز، تەنیا لە دۆخێکی کاتی و زووتێپەڕدایە و زامنی بەرژەوەندییە باڵاو بەردەوامەکانی نەتەوەی کورد ناکەن.

بارزانی پێشتر ئەزموونی لە چالاکیی و بەشداریی ناو ڕێکخراوە سیاسییەکان و پەیوەندییە دەوڵەتییەکاندا هەبوو. ئەو هیچکاتێك وەک هەر سەرۆکهۆز یان ڕابەرێکی دیکەی جوڵانەوە چەکدارییەکانی ناوچەکە نەبوو، بەڵکو کەسێکی هەڵکەوتووی ناو چەندین ئەزموونی جیاوازی قۆناغە هەستیارەکان بوو. تێکڕای ئەو ئەزموونانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهێنانی دونیابینی و دووربینی داهاتووی نەتەوەکەیدا هەبوو. بارزانی لە هەر قۆناغێکدا، پەیوەست بە کاری سیاسی، ئابووری، یان ئیداریی بەشداریی کردبوو. تێکڕاشیان بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە کوردستاندا ببوونە خەرمانەیەکی خۆڕسکی خواستە بەردەوامەکانی بزووتنەوەی بارزانییەکان. ئەو کەسێک بوو، ڕاستە لە هەناوی هونەری ژیانی هۆزایەتییەوە هاتبووە پێشەوە، بەڵام داواکارییەکانی، تێکڕایان لە دەرەوەی دنیابینی دەرەبەگایەتییەوە ئاڕاستەی دەکردن. هاوکات لە نەزمی ڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەیشدا، چەشنی فیۆداڵ و بازرگان و خاوەنموڵکەکانی

تــر، مۆنۆپۆڵــی میتــۆدە ڕێکخراوەییەکانــی نەدەکــرد. بەڵکــو ئەوانــی وەک ئامــڕازی ئەندێشــە و ئامانجــە نەتەوەییــەکان دیــاری دەکــردن. بەگشــتی دەکرێــت بڵێیــن، بارزانــی پلاتفۆرمــە سیاســییەکەی، لەســەر بنەمــا و ڕوانگەیەکــی چینایەتییــەوە، پەیوەســت بــە هەڵســەنگاندنی کۆمەڵــگای کــوردی دامەزرانــد. هــاوکات لەســەر بنەمــای بیرۆکــە و تیۆرەکانــی خەبــات، تێڕوانینەکانــی خــۆی ســەبارەت بــە نەتــەوەی کــورد و پێکهێنانــی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کــوردی خســتبوونە بــواری پراکتــی پێنــاوی ڕزگاریخوازیــی نەتەوەکەیــەوە[1].

لێــرەوە، خەبــات لــە پێنــاو نەتەوەیەکــی بندەســتدا، لــە ئەزموونــی ژەنــەڕاڵ بارزانیــدا نامــۆ نەبــوو. هەربۆیــە نــە هەوەنتــە بــوو، نــە ڕێکــەوت کــە کوردناســێکی ئەکادیمیســتی ڕووســیا بــە نــاوی میخائیــل ســیمیۆنۆڤیچ لازاریــڤ نووســی بــوو:

"لــە عێراقــدا بــە گوێــرەی ژمــارەی کــورد و بەشــە خاکــی دابــڕێنراوی کوردســتان، ئــەوا کــەمتر لــە هــەردوو دەوڵەتــی تورکیــا و ئێــران پشــک و بەشــی بەرکەوتبــوو، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەم بەشــەی کوردســتان، لــە ســەردەمی جەنگــی دووەمــی جیهانییــەوە، بوویــە پێشــەنگ و ناوەنــدی ناسیۆنالیســتانی هەمــوو کــورد. هــەر لەوێشــەوە خەباتــی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی کــورد، دەســتی بــە ســەرهەڵدان و سیاســەتی ســەندنی مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد کــرد. کەواتــە بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد لەعێــراق، لــە ڕووی چەندایەتــی و چۆنێتییــەوە، بــە میکانیــزم و میتۆدێکــی سیاســییەوە هاتووەتــە نــاو کــوڕی خەبــات و بەردەوامیــش چەشــنی بزووتنەوەیەکــی ڕێکخــراو، بــە ســیما و ستراتیژێکــی نەتەوەییــەوە خــۆی نیشــان داوە. ئــەم بزووتنەوەیــە ڕەنگدانــەوەی بەرژەوەندییــە باڵاکانــی ژیانــی کوردانــی هەمــوو پارچەکانــی تــری بەهەنــد وەرگرتــووە، ڕێــك بــە پێچەوانــەی هــەر جوڵانەوەیەکــی پێشــووی پێنــاوە چەکدارییەکانــی دیکــەوە، چونکــە ئــەوان زیاتــر چینــە فیۆداڵی-خێڵەکــی و ڕۆحانییەکانــی کــورد لــە پشــتییەوە بــوون و تەنیــا ڕەچــاوی بەرژەوەندییــە ئابــووری و کۆمەڵایەتییــە لۆکاڵییەکانــی خۆیانیــان دەکــرد"[2]. هــەر لــەو قۆناغــە دیاریکــراوەدا، کاپتن جۆنســۆنی ڕاســپێردراوی ئینگلیــز،

(1) Vali A. Kurdish Nationalism in Iran: The Formative Period, 1942–1947. — The Journal of Kurdish Studies. V. II, 1996–1997. Louvain Peeters Press, 1997, c. 2–3.
(2) Лазарев М. С. Курдистан и курдский вопрос, 2005, **С**. 225.

یەکلاییکرابوویـەوە بـۆ پەیوەندیکـردن بـە بارزانییـەوە، دوای ئـەوەی ناوبـراو ئەرکەکانـی خـۆی کۆتایـی پێهێنـا، لـە دوایـان کاپتن شـوتار بوویـە شـوێنگرەوەی ناوبراو. ئەویـش بـەردەوام بـوو لـە لاکردنـەوە بـەلای بزووتنـەوە نەتەوەییەکـەی کـورددا. ئەمیـش لـە دەسـپێکی هاماهەنگییەکانیدا، پلانێکـی ورد و چڕوپـڕی بـۆ ڕاپەڕینـی بارزانییـەکان دارشـت. ئـەم پلانـە لـە ئاسـتێکدا بـوو کـە وادیـار بـوو لەگـەڵ خواسـتی خەباتـە سەرتاسـەرییەکەی بارزانیـدا یەکـی دەگرتـەوە.

بۆیــە دوپاتیدەکەینــەوە، خواســتی بارزانــی بزووتنەوەیەکــی لۆکاڵــی نەبــووە، چونکـە بـەردەوام بـوو لـە هێنانەنـاوەوەی هەمـوو هـۆزە کوردییەکانـدا. بـۆ وێنـە بـە درێژایـی ڕێـگای سـەرەکی سـلێمانی تاوەکـو کۆیـە، لەوێـوەش تاوەکـو بـارزان، هـەر هەموویانـی هێنابوویـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە ئاتاجیـان بەوەیـە پەیمانێکـی نەتەوەیـی تێکڕایـان کۆبکاتـەوە. لـەم کاتـەدا ئەفسـەرێکی بیانـی بەنـاوی مەیجـر سـتیبینگ کـە ئەویـش ئەرکـە سیاسـییەکەی بریتـی بـوو لـە چێکردنـی پێوەنـدی لەگـەڵ جوڵانـەوە کوردییـەدا، بەشـێوەیەکی فەرمـی بـۆ بەرێوەچوونـی پێداویسـتییەکانی شۆڕشـی کـورد، بـڕی (٦٠٠)دینـاری تەرخانکـرد بـۆ پێداویسـتییەکانی ئـەو وەختـی جوڵانەوەکـە و بـڕە پارەکەیشـیان هێنـا و ڕادەسـتی بارزانییـان کـرد. سـتیبینگ بـە درێژایـی ڕاپەڕینەکـە لەگـەڵ بارزانیـدا ئـاگاداری هـەر پێشـهات و بەرەوپێشـچوونێک بـوو. هەڵبەتـە بارودۆخـی بـارزان لـەو کاتـەدا، بـە دۆخێکـی ناهەمـوار و سـەختدا تێدەپـەڕی و هێشـتا ناوچەکـە وێرانکارییەکانـی سـاڵانی سـییەکان بـە ڕووخسـاری ڕێگەوبـان و خانوبـەرەی گوندەکانییـەوە گیرسـابوویەوە. تەنانـەت بچوکتریـن هەوڵـی بونیادنانـەوە و باشـکردنی ژێرخانـی ئابـووری و سـەرلەنوێ ئاوەدانکردنـەوەی ناوچەکـە نـەدرا بـوو. دانیشـتووانی ناوچەکـە و دێهاتییەکانـی دەوروبـەری بـارزان، بەجارێـک لەژێـر بـاری وێرانەیـی و نەبوونـی خزمەتگوزارییـە گشـتییەکاندا دەیانناڵانـد. حکومـەت لەبـری ئاوڕدانـەوە لـە ناوچەکـە، بەپێچەوانـەوە سیاسـەتێکی گەلـێ خراپـی پەیـڕەو دەکـرد. ئـەوە لەکاتێکیشـدا بـوو کـە ڕژێمـی دوایاییەتـی، بـۆ دابینکردنـی بەشـەخۆراک و پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی دانەوێڵـە و خۆراکـی هاووڵاتیانـی عێـراق، پشـتی بـە دروێنـەی دانەوێڵـەی پێدەشـت و دەشـتەکانی ناوچەکـە دەبەسـت. بڕیـاری میریـی بـە فەرمـی دابەزیبوویـە خـوارێ، بڕیارێـک کـە دووپاتیدەکـردەوە تەنیـا ڕێگـە بـۆ

خۆراكــی خەڵكــی ناوچەكــە، كەڵكوەرگرتنــە لــە دروێنــەی بەروبوومــی دانەوێڵــەی زەویــوزاری ناوچەكــە. بــەم پێیــە دەبــوو زەوییــە دەیــم و بەراوەكانــی ناوچەكــە ببوژێنــەوە و هەمــوو ئــەو پێدەشــتە بەیارانــەی ســنوورەكە جارێكــی تــر كاریــان تێــدا بكرایــە، وەلــێ وادیــار بــوو هێشــتا لــە دەڤــەری بارزانــدا، زۆربــەی زەوییــە كشــتوكاڵییەكان بــە بەیاریــی مابوونــەوە و بەكەڵكــی دانەوێڵــە و چاندنــی كشــتوكاڵ نەدەهاتــن. هەروەكچــۆن قۆرخكارییەكانی دەوڵەتیــش تــەواوی بەرهەمــە بەپیتەكانــی دیكەیانــی خســتبووە ژێــر ڕكێفــی خۆیانــەوە. بەتایبەتــی بەرهەمــی توونتــی ناوچەكــە وەهــا دیزەبەدەرخۆنــە كرابــوو كــە كاریگەرییەكــی نەرێنــی لەســەر خۆشــگوزەرانی دانیشــتووانەكە جێهــێڵا بــوو. دیــارە كشــتوكاڵ و بەرهەمهێنانــی شــەتڵی توتــن، وەك تەنیــا بەرهەمــی ســەرەكی كشــتوكاڵی ناوچەكــە دادەنــرا. كەواتــە ئــەو كەمتەرخەمــی و قاتوقڕیــی و بێكارییــە بەجارێــك سەریانكێشــا بــۆ ڕكئەســتووربوونی ڕایەڵــە كۆمەڵایەتییەكانــی خەڵكــی بــارزان، ئیــدی كاتــی ئــەوە هاتبــوو، تێكــڕا بێنــە نــاو كــۆڕی خەباتــەوە و چەكــی خەبــات و جــاڕی جەنــگ و بــەڕووی سیســتەمەكەدا بوەســتنەوە. دیــارە بەشــێوازێكی گشــتی، دۆخەكــە نــەك هــەر بــۆ بــارزان، بەڵكــو بــۆ هەمــوو كوردســتانی عێــراق، دۆخێكــی دژوار و ناهەمــوار بــوو. دۆخێــك كــە حكومــەت پــارە و پوڵێكــی وەهــای بــۆ گەشــەپێدانی هیچــكام لــە ناوچەكانــی هەرێمەكــە تەرخــان نەدەكــرد. ئــەوە لەكاتێكــدا بــوو بــەردەوام ڕاســپاردەی دابینكردنــی بڕێــك پــارەی زیاتــر بــۆ كوردســتان و پێداویســتییەكانی ژیانــی ئابــووری خەڵكەكــە جەختــی لەســەر دەكرایــەوە.

هەمــوو ئــەو دۆخــە نالەبارانــە لەپشــت پێشــهاتە نوێیەكانــەوە بــوون. هەڵبەتــە ئــەو ڕەوشــە، كاری یــەك ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبــوو، بەڵكــو گلێربوونــەوەی گەلــێ گیروگرفتــی ســاڵانی پێشــووش هــۆكارە ســەرەكییەكە بــوو. ئەوەتــا لــە ســاڵی ١٩٢٩ەوە ڕەوتــی ناڕەزایەتییەكانــی كــورد، لــە ئاســتێكدا بــوون كــە پێویســتیان بــە نوێنەرایەتــی و ڕابەرایەتــی و ڕێكخســتنێكی سەرتاســەریی هەبــوو. ڕاســتە ناڕەزایەتییەكانیــش بــە چەندیــن ڕێگــە گەیەنرابوونــە بەرپرســانی میریــی. بۆنموونــە هــەر لــەو ســاڵەدا چــوار ئەندامــی پەرلەمانــی كــورد، داواكارییەكــی تایبەتیــان بــۆ شافەیســەڵی دووەم بەرزكــردەوە. داواكارییەكانــی پەرلەمانتــارەكان بــۆ دیوانــی دوایایەتــی، بریتــی بــوون لە: تەرخانكردنــی بــڕی ٢٠٪ی بودجــەی هەمــوو عێــراق بــۆ پێداویســتییەكانی

کوردســـتان. دیاریکردنـــی ئـــەو بـــڕەی داهـــات هەوانتـــە نەبـــوو، بەڵکـــو لەســـەر بنەمـــای داتەپینـــی ژێرخانـــی تـــەواوی ناوچەکـــە بـــوو. کەرتـــی خزمەتگوزارییـــەکان وەهـا داغـان و دارِمـاو بـوون کـە لـە هەمـوو کوردسـتاندا (جگـە لـە ناوەنـدی شـارەکان) تەنیـا ٢ قوتابخانــەی ناوەنــدی و ٣ قوتابخانــەی بنەڕەتــی بوونیــان هەبــوو، ئەوانیــش لــە دۆخێکــی گەلــێ پەڕپــوت و ناهەمــواردا بــوون. بەگشــتی خوێنــدن بــە زمانــی کـوردی تەنیـا لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا ڕێگەپێـدراو بـوو. ئەویـش بەجۆرێـک بـوو کــە لــە ٣٧ کاتژمێــری خوێندنــی هەفتەیەکــدا، کەمێکــی وانــەکان بــە زمانــی کــوردی دەخوێنــدران، ئــەوی دەمایــەوە، دەبــوو وەک هــەر قوتابخانەیەکــی عێــراق، بــە زمانــی عەرەبــی بخوێندرایــە. هــاوکات تاوەکــو ئــەو قۆناغــە، ژمــارەی ئــەو قوتابیانــەی نرابوونــە بــەر خوێندنــی زمانــی زگماکــی خۆیــان، ژمارەیــان تەنیــا ١٤٠٠ منــداڵ دەبــوون. ئەوانــی تــر تێکــڕا بــە زمانــی عەرەبــی دەیانخوێنــد. بەمجــۆرە نەتــەوەی بندەســتی کــورد، لەژێــر دەســتی بەرپرســانی عەرەبــدا خۆیــان دەبینییــەوە. بەشــێوەیەک ٩٠٪ی تــەواوی دەزگا و دامــەزراوە ئیدارییەکانیــان بەڕێــوە دەبــرد. هــاوکات ســەرجەمی سیاســەتی کۆمەڵایەتــی دەســەڵاتدارانی عێــراق، لــەو لۆژیکــەوە ئاڕاســتە دەکــران کــە کۆنتڕۆڵــی دوا دانــەی هۆزەکانــی کــورد بکــەن و بیانخەنــە ژێــر ڕکێفــی ڕوانینــە هەنوکەیــی و هەلپەرســتییەکانی خۆیانــەوە. ئــەوکات هــەر هۆزێکــی کــورد، لــە پــای پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی پــاوان و موڵکەکانــی خۆیانــدا، خرابوونــە نــاو بازنــەی بەرنامەکانــی میرییــەوە. لــە بەرانبــەردا ئەوانیــش مکوڕبوونــی خۆیــان دووپاتدەکــردەوە و تێکــڕای بەرژەوەندییەکانــی حکومەتیــان وەك گلێنــەی چاویــان دەپــاراستن. بــۆ تێگەیشــتنی زیاتــر لـــەو دۆخـــە هەژیـــوە، پێویســـتە ئامـــاژە بەدیاردەیەکـــی گەلـــێ ســـەیری ئـــەو قۆناغـــە بکەیـــن. ئەویـــش دیـــاردەی بەکارهێنانـــی هێزەکانـــی ســـوپا و پۆلیســـی حکومەتــە بــۆ پاراســتنی لەوەڕگــە و پاوانــی پیاوانــی هۆزێــك بەرانبــەر بــە هۆزێکــی تـــر، لەبەرانبـــەردا ملکەچبوونـــی هۆزەکـــە و ڕادەســـتبوونی بەهـــەر بابەتێـــك کـــە دەســـەڵات گەرەکـــی بووایـــە. بۆنموونـــە لـــەو قۆناغـــەدا پۆلیســـی چەکـــدار دەبـــینران، چلـۆن بـە دۆشـکە و چەکوچۆڵـی سـەربازییەوە، لەسـەر زەویـی و پاوانـی خێڵەکییەکانـدا لولــەی چەکەکانیــان دادەمــەزران، تاوەکــو بینــە وەردیانــی بەرژەوەنــدی خێڵــەکان. هەڵبەتــە لــە کاتــی ڕاپەڕینەکانــی ١٩٣٥-١٩٣٦دا، لەلایــەن دەســەڵاتدارانەوە دەســت

بەسەر چەكوچۆڵی تێكڕای ئەو هۆزە كوردییانەدا گیرا. زۆرێك لەوانەش لە حكومەت هەڵگەڕانەوە و بە چەكەكانیانەوە تێكەڵ بە یاخیبوون و ڕاپەڕینی بارزانییەكان بوون. هەمیشە لەهەر ڕووداوێكی ڕاپەڕین و پێشهاتێكی وەستانەوە بەڕووی میریدا، دەستگرتن بەسەر ئەو چەكوچۆڵانەی بۆ هۆزە كوردییەكان دابینكرابوون، ببوونە سەرچاوەیەكی گرنك بۆ شۆڕشگێڕانی كورد. ئیتر نەریتەكە وایلێهاتبوو هەركات تەنگژەیەك ڕوویدەدا، ڕاستەوخۆ بەرهەڵستكاران دەستیان بەسەر تێكڕای ئەو چەكانەدا دەگرت. دواجار بەزمی دەستبەسەراگرتنی چەك و جبەخانەی ژێردەستی هێزەكانی پۆلیس، بوویە بایسی ئەوەی دوای ڕووداوەكانی سالانی ١٩٣٠، ئیتر بەشێوەیەكی گشتی، تەواوی ناوچەی بارزان لەهەر جۆرە چەكوچۆڵێكی سەربازی داماڵرا. هەربۆیە لەم گەڕەی ڕاپەڕین و ڕاسانی چەندەمین جارەی جوڵانەوەی بارزانییەكانیشدا، واتە لە ماوەی بەهاری ساڵی ١٩٤٣دا، لەگەڵ یەكەم تەقەی ڕاپەڕیندا، بارزانییەكان توانیبوویان هەڵمەت بەرنە سەر (٢١) بنكە و بارەگای گرنگ و پێگەی پۆلیس و جەندرمەی میریی و دەستیانگرت بەسەر تێكڕای چەك و جبەخانەكانیاندا. لە هەمان كاتدا توانیشیان دەست بەسەر كۆگاكانی بەروبوومە كشتوكاڵییەكانی حكومەتدا بگرن. كۆنترۆڵی ئەم كۆگایانە گرنگترین كارێك بوو كە ئەنجامیان دا، چونكە توانیان بۆ ماوەیەكی زۆر سەرجەمی پێداویستییەكانی خواردنی خەڵكە برسی و نەدار و بێدەرەتانەكەی ناوچەكە دابین بكەن.

لەلایەكی ترەوە هەموو ئەو ڕێوشوێنە پێویستانەی لەبواری ئامادەسازیی بۆ هێنانەپێشەوەی هۆزە كوردییەكان و دەستگرتن بەسەر چەكوچۆڵ و كۆگاكانی خۆراكدا گیرابوونەبەر، دروست لە یەكەم هەنگاوی ڕاپەڕینەوە، توانیان یەكەم سەركەوتن بەدەست بهێنن. لە ڕاستیدا، ئەم ڕاپەڕینە لەمێژە چاوەڕوانكراو بوو، هەربۆیە دەنگۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەكە، بەجارێك لە كوردستاندا بڵاوبوویەوە و زۆرترینی هەست و هۆشی كوردانی بەرەو بزووتنەوە چەكدارییەكەی ئەمجارە ڕاكێشا. هاوكات ڕاپەڕینەكەی ئەمجارە بەتین و تاوتر بوو، چونكە لە ڕووی هێزەوە ئامادەكاریی گەلێ گرنگ ئەنجامدرابوو. بۆنموونە چەندین دەستە و گروپی چەكداریی ڕێكخرابوون، هەروەها بەگوێرەی نەخشەیەكی وردی سەربازی سەرجەمی ئەو گروپ و دەستانە

دابەشـکرابوون بەسـەر ناوچـە جیاجیاکانـی بەرەکانـی بەرخودانـی بارزانییەکانـدا. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام بازنـەی بەرەنـگاری و هێـزی مرۆیـی بەرهەڵسـتکارانی بـارزان بـەرەو زیادبـوون دەڕۆیـشتن. بەشـێوەیەک ڕۆژ نەبـوو دەیـان چەکـداری کـورد، (٤٠-٥٠) چەکـدار پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕاپەڕینەکـەوە نەکـەن. زۆرترینـی ئەوانـەش کـە پەیوەسـتی ڕیزەکانـی ڕاپەڕیـن دەبـوون، زیاتـر ئـەو سـەرباز و ئەفسـەر و پۆلیسـە کوردانـەی نـاو سـوپای عێـراق بـوون کـە لـە دوای ڕووداوەکانـی سـاڵی ١٩٤١ی ڕەشـید عالـی گەیلانییـەوە، لـە یەکـە سـەربازییەکانیانەوە هەڵهاتبـوون و گەڕابوونـەوە ناوچـە کوردییـەکان و خۆیـان حەشـاردابوو. بۆیـە بـە دەسـپێکردنی ڕاپەڕیـن، دەرفەتیـان بـۆ ڕەخسـا و پەیتـا پەیتـا دەهاتنـە لای بارزانـی و بەڵێنـی ئەمـەك و وەفادارییـان بـۆ ڕاپەڕیـن و شۆڕشـی کوردسـتان دوپاتدەکـردەوە. ئـەم ڕەوشـە وایکـرد بارزانـی زیاتـر بیپەرژێتە سـەر ستراتیژێکی نوێـی سـەربازیی. ئەوەبـوو بڕیاریـدا هێـزە چەکدارەکانـی بـە شـێوەی چەندیـن مەفـرەزە و هێـزی جیاجیـا ڕێکبخـات. بەشـێوەیەک بـۆ هـەر مەفرەزەیـەک ١٥ بـۆ ٣٠ چەکداریـی ڕاهـێنراوی ئامـادە دەکـرد. هـاوکات کـۆی هەمـوو ئەوانەشـی بەسەر سـێ فەرماندەیـی سـەرەکیدا دابەشـکردن. هـەرکام لەوانەشـی دەخسـتنە ژێـر سەرپەرشـتی فەرماندەیەکـی مەیدانییـەوە، لەوانـە: ئەحمـەد ئەمیـن میرحـاج، فەرمانـدە مامەنـد و سـاڵح کانیلینـج لـە دیارترینـی فەرمانـدەکان بـوون. هەروەهـا بەشـی خزمەتگوزارییەکانـی ڕاپەڕینیـش لـە بەرەکانـی پشـت سـەنگەرەکانی پیشـەوە، سپێردرابوویە ڕەشـۆ خـاڵ هەمـزە. [1]

بەمجـۆرە بارزانـی تێکـڕای جەنگاوەرانـی کۆکردنـەوە و چەندیـن ئەرکـی و ئادابـی نوێـی پێڕاگەیانـدن، لەوانـە:

١. گوێڕایەڵیی بۆ فەرماندەکانیان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرووی خۆیان.
٢. ئاگاداربـوون لەهـەر گرفـت و کێشـەیەکی ئـەو چەکدارانـەی لەنـاو یەکـەکان و مەفرەزەکانیانـدان.
٣. ڕەچاوکردنی برایەتی و یەکسانی لە ڕیزی جەنگاوەرەکاندا.
٤. قەدەغەی هەرجۆرە کارێکی تێکدەرانەی وەك تاڵانی و دەستدرێژیی و ستەمکردن لە خەڵکی.
٥. ڕەچاوی ئەخلاقی جوان و ئاکاری بەرزی کوردانە.
٦. ڕەچاوکردنی دادپەروەری لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا.

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 63.

٧. مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ گیراوی گرتوخانەکان و دیلەکانی جەنگدا.

٨. جێبەجێکردنی فەرمانی فەرماندەکان.

٩. ڕەخسانی کەشێکی هێمن و پێدانی متمانە و دادپەروەری و ڕێزگرتنی یەکتر.

١٠.یەکسانی و ڕێکخستن و ڕێکوپێکی لە تەواوی یەکەکاندا.

بارزانی ببوویە سەرقافڵەی هەر ئیتیک و ئەخلاقێکی ڕۆژانە بۆ هەموو ئەوانەی لەناو یەکەکان و هێزە چەکدارەکانیدا بوون. ئەو بۆخۆی ڕۆژانە لەگەڵ جەنگاوەرانیدا دەژیا و ئەرکە ئاساییەکانی ڕۆژانەی خۆی، بۆخۆی جێبەجێی دەکردن. هاوکات پەیوەندییەکی هەڤاڵانە و دۆستانە و خاکیانەی لەگەڵ هەر جەنگاوارێکدا برەو پێدەدا و ئەخلاقی بەرزی خۆی ببوویە وانەیەکی زیندوو کە تێکڕا چاویان لەو دەکرد و بەشوێنیدا هەمان ئاکار و ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییان بە بەرزترین ئیتیکی سەربازییەوە بەجێدەهێنا. بۆنموونە لە ئەتوار و ڕەفتاری ڕۆژانەی بارزانیدا، زۆرێک ڕچەی باوی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و دەرەبەگایەتی تێکشکێنرا بوون. هەربۆیە هەرگیز وەک نەریتی نەجیبزادە و خاندانەکان یان وەک خەسلەتی خێڵەکانی ئەو قۆناغە نەدەجوڵایەوە، بەڵکو زۆر بە سادەیی وەک هەر هاووڵاتییەکی هەژاری ئاسایی دەژیا و ژیانی ڕۆژانەی دەگوزەراند. هیچکاتێکیش لەناو بەرگ و پەڵاسی گرانبەها و شوێن و ژینگەیەکی سەلامەتتر لەوانەی خوارخۆی نەژیاوە و خۆی نەبینیوەتەوە، بەڵکو لە دژوارترین کاتەکاندا و لەو شوێنانەی زۆرترین مەترسی دوژمنان ئامادەیی هەبووە، بارزانی پێش ئەوەی کوڕ و ڕۆڵەی خەڵکی بنێرێتە بەرەکانی پێشەوە و شوێن مەترسییەکان، ئەوا بۆخۆی دەچووە هەستیارترین هێڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەوە. بەمەش هەموو ئەو لاوانەی کورد، بەوپەڕی پەرۆشییەوە هاتبوونە پێشەوەی خەبات، تێکڕایان لەسەر بنەمای متمانە و وەک خۆبەخشێک، لەسەر خواستی خۆیان چەکیان کردبووە شان و بە دڵ ئەویداریی ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەیان بوون. دەتوانرێت بووترێت، جەنگاوەرەکان هێند دڵسۆزانە کەیلی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانی بوون، بەبێ هیچ دوودڵییەک ئامادە بوون، گیانی خۆیان لەپێناو بەرخودان و بزووتنەوەکەی بارزانیدا ببەخشن.[1]

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 63.

کەواتــە لەیەککاتــدا هــەم کاریگەرییەکــی ڕۆحــی بەســەریانەوە هەبــوو، هەمیــش لــە ناخــی هــەر یەکێکیانــدا یادەوەریــی بەرخودانێکــی نیشــتمانی وەهــا چێنرا بــوو کــە ئــەو خەباتــەی لەپێناویــدا چەکیــان کردبوویــە شــان، خەباتێکــی پیــرۆزی نەتەوەییــە و جێگــەی شــانازیی و ســەربەرزییانە، کەوابــوو جێگــەی شــانازییانە گــەر لــەو پێناوەشــدا گیانــی خۆیــان ببەخشــن. مســتەفا بارزانــی بۆخــۆی، بەهیــچ جۆرێــک، نــە لــە ڕەفتاریــدا، نــە لــە سـایکۆلۆجیای پەنهانیـدا، هیـچ خەسـلەتێکی خێڵەکیانـەی لـە نیشـاندانی شـکۆ و بـاڵای مرۆڤێـک بەسـەر ئـەویترەوە لەناویـدا نەبـوو. ئەمـەش وایکردبـوو ئـەو نەخۆشـییە باوانـەی زۆربــەی ســەرکردە باوەکانــی ڕۆژهــەڵات پێــوەی دەتلانــەوە، لــە کەلتــووری کارێزمایــی بارزانیــدا بوونیــان نەبــوو، بەڵکــو ئــەو متمانــە مەعنەوییــەی لــە زیهنــی کەســانی دەوروبەرییــەوە بەدەســتی هێنابــوو، ببویــە گەنجینــەی گەورەیــی و گیانــی ڕێبەرایەتییەکــی ڕۆحــی و مەیدانــی و بــەردەوام لــە ژیانــی ڕۆژانەیــدا، وەك ڕاســتییەکانی ژیانــی بــۆ دەوروبەرەکــەی خــۆی دەســەلماند و دووپاتیدەکردنــەوە.

هەمـوو ئـەو ڕەفتارانـەی بارزانـی، لـە کاری خۆبەخشـی و خەسـلەتی خۆبەختکردنـدا، بوونیــان هەبــوو. تێکڕایــان لــە ســەربردەی سیمای بارزانیــدا، وەک گەلەرییــەك گەواهیــان بــۆ دەدرا و ببوونــە ئاوێنــەی مێــژووی مەیدانخوازییەکانی. بارزانــی لەبەرئــەوەی گۆشـکراوی گەورەیـی تەکیـە و تەدارەکـی مرۆڤسـازیی شـێخانی نەقشـبەندی و نەریتـی لەمێژینــەی میتــۆدی شــێخەکانی بــارزان بــوو، بۆیــە بــەردەوام لەهــەر چرکەیەکــدا، چارەنوسـی هەر پێشـهاتێکی، وابەسـتە دەکـرد بـە بنەمایەکـی چەسـپاوەوە کـە ئەویـش بنەمـای دادپـەروەری بـوو. دادپـەروەری سـەنگی مەحەکـی مەیدانخوازییەکانـی ململانـێ نەتەوەییەکـەی بارزانـی بـوو. لـەم بوارەشـدا، چەمـك و دەربڕینـی دادپەروەریـی، پێـش هەمـوو شـتێک خزاندبوویـە ناو بـارەگا و شـوێنی مانەوەی خۆیـەوە. بەجۆرێـک یادەوەریی یەکسـایخوازی لەپێــش هــەر هەنگاوێکیــدا بــۆ ئەوانــی تــر، ڕەنگدانــەوەی لــە ژیانــی خێزانـی و ماڵبـات و دەوروبـەری خۆیـدا هەبـوو. هەربۆیـە بـە یەکسـانی لەگـەڵ هـاوڕێ چەکدارەکانیــدا پەیوەندییەکانــی دادەڕشتن. ئــەوەش بریتــی بــوو لــە نهێنــی ئــەو هەمــوو پەرۆشـی و خۆشەویسـتییەی هەڤـاڵان و شـوێنکەوتووانی لەپێناویـدا دوپاتیـان دەکـردەوە. هــەر بــەم شــێوەیە جددیەتــی جوڵانەوەکــەی خــۆی ڕاگەیانــد، ئەوەتــا لــە گەرمــەی گیانــە شۆڕشــگێڕییەکەدا، داواکارییەکانی خۆیانیــان زۆر میانڕەوانــە ئاڕاستەی ســەرۆکوەزیرانی

حکومەتــی عێــراق، نــوری ســەعید دەکــردن. بــە شــێوەیەکی ســەرەکی دیســانەوە داواکارییــەکان، بریتــی بــوون لــە داواکاریــی باشترکردنــی ئاســتی ژیانــی دانیشــتوانی کــورد و فەرهەمهێنانــی خزمەتگوزارییەکانیــان. ئــەم داواکارییانــە هیچیــان وابەســتە بــە داواکاریــی هــۆز و تیــرە و خێڵێــک نەبــوون. یەکەمجــار بــوو لــە مێــژووی ناوچەکــەدا هۆزێــک یــان کەســایەتییەکی کۆمەڵایەتــی، یــان تەریقــەت و ڕەوگەیەکــی شــێخایەتی، داواکاری لــەم جــۆرە بــەرەو حکومەتــی عێراقــی بەرزبکەنــەوە.

هەربۆیــە نــوری ســەعید، لــە کرۆکــی داواکارییەکان سڵی دەکــردەوە و زۆر بــە جوانیش لــە پەیامــی پشــت ڕاپەڕینەکــە تێدەگەیشــت. بۆیــە ڕاســتەوخۆ داوای کــرد، پێــش هــەر شــتێك، پێویســتە بارزانی و بارزانییــەکان چەکەکانیــان دابنێــن. ئەگــەر نــا، دەســەڵاتدارانی عێــراق، هیــچ دوودڵ نابــن لــە ڕێگــەی هێــزەوە ســەرکوتی ڕاپەڕینەکــە دەکــەن. جگــە لــەوەش نــوری ســەعید، جارێکــی تــر شــێخ ئەحمــەد بارزانــی، لــە شــاری سلێمانییەوە بــەرەو باشــووری عێــراق، بــۆ شــاری حلــە دوورخســتەوە.

لێــرەوە گرژییەکانــی نێــوان کــورد و بەغــدا، هینــدەی تــر زەمینەیــان بــۆ ڕەخســا. ئــەوە ڕاســتە کــە ڕاپەڕینــی ئەمجــارە ئێجــگار ڕاپەڕینێکــی ڕێکخراوەیــی بــوو. بەجۆرێــک لــە بەرەیەکــی بەرفــراوانتردا، لەســەر ئاســتی شــوێنی جوگرافــی، جەنگەکــە هەڵگیرســابوو. ئــەوەش وایکــرد، هــەر لــە ســەرەتاوە ســەربازانی حکومــەت، زیانێکــی زۆریــان بەرکەوێــت، بــەڵام حکومــەت وەک هەمیشــە دەســتی بــۆ ڕێگەیەکــی کلاســیکی بــرد و کــۆدی لاوازیــی ڕاپەڕینەکانــی کــوردی دییــەوە. ئەوەبــوو دیســانەوە، دنــە و دەســتێوەردانی هــۆزە کوردییەکانــی دەســتپێکردەوە. لەوانــە هۆزەکانــی دایــەوە بەگــژ بارزانییەکانــدا. لەوکاتــەدا کەســایەتییە دیارەکانــی بەکاردەهــێنرا. پشــێوییەکانی ئــەم هــۆزە لــە ئاســتێکدا بــوون کــە جارێکــی تــر بارزانــی ناچــار کــرا، پشــت بــە تاکتیکــی هێرشــکردن بەربــدات و پەنابەرێتــە بــەر شــەڕی بەرگریکــردن. لــەم تاکتیکەشــدا تاوەکــو مانگــی ئەیلــوول بەردەوامییــان بــە ڕووبەڕووبوونــەوەکان دا. وادیاربــوو بارزانییــەکان زاڵتر دەردەکەوتــن، تاوەکــو ئــەو کاتــەی هۆزێکــی دیکەیــش دیســانەوە دایــەوە پــاڵ حکومــەت. لێــرە بــەدواوە ئــیتر بارزانــی نەیتوانــی درێــژە بــەو پەیمانــی لێبوردەییــە بــدات کــە پێــشتر بــەو هۆزانــەی دابــوو. بەوەشــەوە هێــزی بەرەنــگاری کــورد بــە درێژایــی جەنگــی دووەمــی جیهانــی درێــژەی کێشــا.

مستەفا بارزانی خودان ئەزموونێکی زەنگین و تژی لە کۆڵنەدان و ئیرادەی بەردەوامی و ورەی بەرز بوو. لە ئەزموونی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و سیاسیدا، کارەکتەرێکی سەرسامکەری نەیارانی بوو. چون بەشدارییەکی کارای لە ڕاپەڕینەکانی ڕابردوودا هەبوو. ئەو ڕاپەڕینانەی بە سەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی ڕوویاندابوو، بەجارێک ببوونە گەنجینەی گیانێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئایندەبینی بارزانی.

هاوکات بێ لەو ئەزموونە زەنگینە، دیارە فاکتەری بەرنەدانی ورەی شۆڕشگێڕانیش بوو، هاوکات پێشوەختە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکانی کوردی تورکیا و ئێراندا ببوونە بایسی بەهێزی و کارامەیی زیاتری بارزانییەکان، تەنانەت لە ڕووی مەعنەوییەوە، هەستیان دەکرد، چارەنوسی میللەتێک چاوی لە دەست و تفەنگ و تێکۆشانی ئەوانە، ئەم هەستە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەم لەسەر گۆڕانی هۆشیاری خێڵەکییان هەبوو، هەمیش بازنەی بیرکردنەوەی بەرەکانی بەرخودانی بە ئاڕاستەی نواندنی جوامێری و هەڵوێستی فیداکارانە تاودابوو. ئەوکات مستەفا بارزانی لە لوتکەی تەمەنی لاویتیدا خۆی دەبینییەوە، بۆیە وەک لاوێکی هەڵکەوتوو، خۆی لەناو دەستەبژێرە سیاسییە نوێیەکانی کورددا دەبینییەوە، ئەوانەی لە پرۆسەی خەملینی بیری نەتەوەییدا، نیازی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی کەوتبووە بەرنامەیانەوە، وەلێ نابێ ئەوەش لەیاد بکەین، بارزانی لە هەمانکاتدا وابەستەیی خۆی لەگەڵ چینە کلاسیکییەکانی کۆڕی خەباتدا دانەبڕی بوو. ڕێک ئەم ئاڕاستەیە، ببووە پردێکی پتەو کە لەیەککاتدا، لۆژیکی کۆن و نوێی لە لێکدانەوەی تێکۆشانەکەدا گەیاندبووە ئاکامێکی ئەرێنی وەها کە بەتەواوی سودی لە تەواوی تواناکانی تێکۆشانی گۆڕەپانەکە دەبینی. بەم تەرز و تیۆرەی تێکۆشانی بارزانییەوە، نۆرم و بیرۆکەکان، لەوانەش لە بواری کەلتورە سیاسییەکەدا، هەر لەو بازنەیەدا بوون کە مستەفا بارزانی و شوێنکەوتووانی، وەک نەریتێکی نامۆ و دوور لە دنیابینی کۆمەڵایەتی کوردی، ڕێکخستنە سیاسییەکانیان نەخزاندە ناو کۆڕی خەباتەوە، بەڵکو هاوسەنگیان لەنێوان میتۆدە نوێیەکان و نەریتەکانی پێشوودا هێنایەوە پێشەوە. بەمەش هەم کۆمەڵگەیان لە لێکترازانی ئایدیۆلۆژی پاراست، هەم سودیان لە توانا و تاقەتی تێکڕایان بینی. بەم لۆژسکەشەوە زەمینەیەکی وەها ڕەخسا کە تاوەکو دوایین ساڵانی جەنگەکە، بارزانییەکان بە ڕۆڵی چاپوکی چەکدارانەیان، لە

بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کوردی عێراقــەوە، توانیــان شوێندەســتی کاریگەریــان بەســەر بیرکردنــەوەی تێکــڕای نەتەوەییەکانــی کــوردەوە دابنێــن. هەڵبەتــە بــەس تەنیــا نەتەوەییــەکان نــا، بەڵکــو مــۆرک و مەیدانخــوازی بارزانییــەکان، بەشــێوەیەکی سروشــتی، لەنــاو ســەرجەمی ســەرۆکهۆز و هۆزەکانــی کوردســتاندا شــوێنی پێشــەنگانەی خــۆی گــرت. تەنانــەت لەلایــەن گــرۆی ســەربازی و سیاســی فەرمانڕەوایانــی بەغداشــەوە، بارزانییــەکان بوونــە ڕەمــزی ڕەســەنایەتی و ڕێبــازی داکۆکــی لــە مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد و عێــراق. هەرچەنــدە ئــەوە ڕاســتە کــە لــەڕووی ئــاکام و ئەمــری واقیعــەوە، نەیانتوانــی خواســتی ئۆتۆنۆمــی ئیــداری لــە حکومەتــی ناوەندییــەوە بەدەســتبهێنن. هەروەکچــۆن هیــچ جــۆرە چاکســازییەکی ئابووریــی و کۆمەڵایەتیــش لــە کوردســتاندا دەســتی بــۆ نەبــرا، بــەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا بۆچوونــی بارزانییــەکان کــە ڕەنگدانــەوەی خواســتەکانی گەلــی کوردســتان بــوون، لەنــاو بازنەکانــی دەســەڵاتدارێتی عێراقــدا، بوونــە بنەمایەکــی بابەتییانــەی هــەر هونەرێکی حوکمڕانــی ســەرکەوتوو لــە عێراقــدا. هــەر ئەمــەش بوویــە بابەتێکــی چەســپاو، ئــیتر لــە هــەر قۆناغێکــی ئایندەدا، ســەرکردایەتی کــورد، وەک لایەنێکــی دانوســتانکار، لــە تێکــڕای دانوســتانەکاندا بوویــە لایەنێکــی ســەرەکی، لایەنێــک هــەر هاوســەنگییەکی هێــز و هــەر هەتوانێکــی برینــی بندەســتی کۆمەڵانــی خەڵــک، لەبڕیــاری دانوســتان لەگــەڵ بارزانییەکاندا شــوێنی خــۆی دەگــرت. هەڵبەتــە تاوەکــو ئــەوکات حکومەتــی عێــراق و دەربــاری دوایایەتی هیــچ جــۆرە نیازێکــی پەیوەســت بــە دوورکەوتنەوەیــان لــە هێــڵ و هــزری شۆڤێنیســتی خۆیــان و سیســتەمەکەیان نەبــوو. بۆیــە پەیوەســت بــە پرســی کوردیــش، ماریفــەی مــاف و ئازادییــەکان نەبوونــە نەریتــی کاری سیاســیی و کۆمەڵایەتــی و دەســتوورییان. ئــەوان تەنیــا بەشــوێن پشــتیوانی ئینگلتەراوە بــوون و بــەس. مــەلا مســتەفای بارزانــی، بــەردەوام بیــری بــەلای پێگــەی ســەربازی و هێــزی مرۆیــی جەنگاوەریــی کــوردەوە بــوو. بیرکردنەوەیــەک کــە هــەم لــە جەنــگ و هــەم لــە ئاشــتیدا ئەوانــی وەک بنەمــای بەرخــودان و پارێزگاریــی لــە ئەزموونەکــە دەزانــی. ئــەم بیرکردنــەوەی بارزانــی لەکاتێکــدا بــوو کــە بــە هیــچ جۆرێــک متمانــەی بــە هــەرکام لە دەســتەبژێرە سیاســییەکانی دەســەڵاتدارێتی ئینگلیــز و عێراقییەکان نەبــوو. بۆیــە بــەردەوام خــۆی بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوە و پێشــهاتی نــوێ ئامــادە دەکــرد.

# بەشی دووەم:

## مەلا مستەفای بارزانی، ڕابەری ڕاپەڕینی بارزانییەکان لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩-١٩٤٥)

هەرگیز سەرکردایەتیکردن، ئامانج نییە، بەڵکو بەوپەڕی تینوتاوەوە، سەودای خزمەتکردنی خەڵکییە. سەرکردایەتی سەپاندن نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی خەسڵەتی خۆڕسک و خەباتی هەرکەسێکە.

**مستەفا بارزانی**

## مستەفا بارزانی و ڕاپەڕینی بارزانییەکان (ئەیلوولی ١٩٤٣- ئایاری ١٩٤٤)

بارزانی بەردەوام هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا دەگرتەبەر. سەرەتا لە ڕێگەی قادر بەگی ڕەواندوزەوە پەیکێکی نارده لای حکومەت. لە ناوەرۆکیدا هەموو ئامادەییەکی خۆیانی بۆ لێکتێگەیشتن لە یەکتریی نیشاندابوو، هەروەها خواستی ئەوەیشی خستبووەڕوو کە پێکەوە چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە. کەچی دەسەڵاتدارانی عێراق، لە جیاتی وەڵامدانەوەی وێرێکی ئاشتییانەی وەها، کەوتنە هەوڵدان بۆ لێدان و لەکەدارکردنی کەسایەتی و پێگە و پێناوی بارزانی. جیالەوەش کەوتنە کەڵکەڵەی هەڵکوتانە سەر بارەگا و شوێنی مانەوەی بارزانی. ئەوان بە کورتی گەرەکیان بوو، بە گەمارۆدانی بارزانییەکان لە ڕێگەی سەربازگەلێکی زۆرەوە، بیانهێنە ژێر باری رکێفی بەرژەوەندییەکانیان و کۆتایی بە گڕوگێچەڵی کوردایەتی بهێنن. ئەم نیازی نەیارێتییەی بارزانییەکان، وەک ئامانجی ڕاستەقینە و ڕاشکاوی حکومەت، بە بارەگای بارزانی گەیەنرا.

لەم ساتەوەختەدا مستەفا بارزانی، جگە لە کۆمەڵەی هیوا، هەریەک لە ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازە نەتەوەییەکانی تری وەکو ڕزگاری (ئازادی)، شۆڕش، یەکێتی تێکۆشین (یەکێتی خەبات) و چەند گروپ و کۆمەڵەیەکی گچکەی دیکە کە لە کاتی شەڕ و ململانێکانی میری و کورددا چالاک بوون، هەموویان بەبێ جیاوازیی، بانگهێشتنامەی بارزانییان بەدەست گەیشت. بارزانی لە بانگهێشتنامەکەیدا نیازی بوو هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کورد و کەسایەتییە تێکۆشەرەکانی ئەو قۆناغەی میللەتەکەی لە نیازپاکی و هەوڵی ئاشتیخوازی بەرخودانی بارزان دڵنیابکاتەوە. بۆیە بەوردی ئاماژەی بەتەواوی تێکۆشانی خۆیانی بۆ ئاشتەوایی دابوو. هاوکات ئەوەیشی خستووەڕوو کە وادیارە ڕژێمی دوایایەتی، پێشینەیەکی لەگەڵ ئاشتەوایی لەگەڵ کورددا نەبووە و نییە، بەڵکو تەنیا و تەنیا لە پیلانی سڕینەوەی تێکۆشانی کورد و پەراوێزخستنی داوا نەتەوەییەکانی کورد دان. بۆیە بارزانی لە یاداشتەکەیدا بۆ سەرجەم ڕێکخراوە کوردییەکان، وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، خواستی هاوکاری و هەماهەنگی لەتەک هەموویاندا دووپاتکردبوویەوە.

بارزانــی بەبــێ جیــاوازی پەیامەکــەی بــۆ هەمــوو هێــزە دیموکراســییەکانی کوردســتان بــوو. لــەم میانــەدا، کۆمەڵــەی هیــوا لــە ســۆنگەی سیاســەتی ئینگلیزەکانــەوە، هاوســۆزی تــەواوی خــۆی بــۆ وەڵامــی پەیامەکــەی بارزانــی دووپاتکــردەوە و لــە گۆشــەنیگای پەیامەکــەی بارزانیشــەوە، چەندیــن نامــە و لێدوانیــان بــۆ حکومــەت و باڵیۆزخانــەی وڵاتانــی زلهێز لــە بەغــدا نــارد. لەبەرانبــەردا دەســەڵاتدارانی عێراقیــی کەوتنەخۆیــان و وەڵامــی هەوڵــە دیپلۆماســییەکانی بارزانــی و کۆمەڵــەی هیــوا و چالاکوانانــی کــورد کــە تێکــڕا مشــوری میتۆدێکــی چارەســەریی ئاشــتیانەی پرســی کوردیــان دەکــرد، ئــەوان هاتــن بــە زمانــی هێــز و بــە ئامادەکردنــی هێزێکــی زۆری ســوپاکەیان بــەرەو ناوچــەی ڕاپەڕیــن و جەنگاوەرانــی بــارزان وەڵامــی ســەرجەمی پاداشــت و پەیامەکانــی ئاشــتی و خواســتی چارەســەریی دیموکراســییان دایــەوە. هێــزی حکومەتــی عێراقیــی تاوەکــو ئەوکاتیــش، لەژێــر فەرماندەیــی و بــە ڕاوێژی گشــتیی ئینگلیزییــەکان دەجوڵایــەوە. هەربۆیــە ئــەم هێزەشــیان لەژێــر فەرماندەیــی ڕاســتەوخۆی جەنــەڕاڵ (برۆنیلــۆ)ی بەریتانیــا بــەرەو کوردســتان کەوتنــەڕێ. بــە گەیشــتنی هێزەکــەی ســوپای عێــراق، ڕاســتەوخۆ کەوتنــە بــەر لێــدان و مەتەرێــزی چالاکــی پارتیزانەکانــی بارزانــەوە. بــە شــێوەیەك دەکرێــت بڵێیــن ئــەوە یەکەمیــن ئەزموونــی ئەرتەشــی عێراقــی بــوو کــە لــە میانــی جەنگــی دووەمــی جیهانیــدا، زۆر بەخێرایــی و بــە دەســتوبردی لەلایــەن جەنگاوەرانــی کــوردەوە شکســتیان هێنــا.

دوابــەدوای ئــەم شکســتەیان یاخیبــووان جڵــەوی جەنگەکەیــان گرتەدەســت، ئەوەبــوو توانیــان لــە بەرزاییــە ستراتیژییەکانــی قــەزای مێرگەســۆر دا، دوژمــن تێکبشــکێن. دوای ئەمــەش، ڕاپەڕینەکــە بــە بارزانــەوە نەوەســتا، بەڵکــو لــە ناوچەکانــی تــری کوردســتاندا، جموجــوڵ و جەنــگ و خرۆشــانی خەڵکانێکــی نــاڕازی و تــوڕە دەســتی پێکــرد. حکومەتــی عێراقــی کاتێــك زانــی وەختــە کار لــەکار دەترازێــت، بــە ڕەزامەنــدی ئینگلیــزەکان پەیامێکــی هەڕەشــەئامێزیان ئاڕاســتەی مســتەفا بارزانــی کــرد. لــە پەیامەکــەدا بــە ئاشــکرا بــە هێــزی ئاسمانــی و پشــتیوانی باڵیۆزخانــەی ئینگلیــزەوە دەیاننــازی و دەیانــوت:" گــەر بێــت و دەســبەرداری ڕاپەڕینەکــە نەبــن، ئــەوا بەریتانیــا بەڵێنــی هــاوکاری ســوپای عێراقــی داوە".[1] هەڵبەتــە ئــەم هەڕەشــانە بێســود بــوون، چــون بارزانــی پێشــوەختە دەیزانــی بــێ ئینگلیــزەکان ناتوانــن دەســبەرن بــۆ جەنگێکــی وەهــا. ئەمجارەیــان ڕاپەڕینەکــە

---

(1) Курдское национальное движение в новое и новейшее время. М., 1987, С.167.

حیاوازتــر نومایــان دەبــوو، وەختبــوو لــە چوارچێوەی بزووتنــەوە ڕزگاریخوازییەکـەی نەتــەوەی کــورددا، پەیوەســت بــە مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد، خواســتەکانی خەڵکــی کــوردی دەگەیانــدە کــۆی باڵوێزخانــەی وڵاتــان و خــودی حکومەتــی عێراقــی. هەربۆیــە ئەمجارەیــان مــەلا مســتەفا بارزانــی، بێبــاک لە هەڕەشــەکانی حکومــەت، پەیتــا پەیتــا پشئەســتوور بــە چیــن و توێــژە جیاوازەکانــی کۆمەڵــی کوردیــی، توانــی یەکەمیــن بنکـەی ســەربازی ســوپای عێراقــی لـە ٢ی تشــرینی یەکەمــی ١٩٤٣ گەمارۆبــدات. ئـەم گەمارۆیـە بــە نەخشــەیەکی پێشــوەختەی جەنگییــەوە، بەهــۆی پلانێکــی وردی ســەربازییەوە بوو، پلانێــك کــە بارزانــی بۆخــۆی داپڕشــتبوو. ســەرەتا هێزەکانــی پۆلیــس بــێ هیــچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک خۆیـان ڕادەسـت کـرد، دوای ئـەوەی سـەرجەمی چـەک و جبەخانـە و کـۆگاکان کەوتنـە دەسـت هێزەکانـی کـورد، هەمـوو چەکدارەکانیـان مۆڵـەت دران بـێ هیـچ زیانێـک بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان بگەڕێنـەوە. ئـەم چالاکییـە پارتیزانییـەی بارزانـی، لـە ١٢ی ئۆکتۆبــەری ســاڵی ١٩٤٣ ئەنجامــدرا، چالاکییــەك بــوو لــە ڕووی تاکتیکــی ســەربازی و ســەرکەوتوویی ئۆپەراســیۆنەکەوە بەجاڕێــک ناوەنــدە ســەربازییەکەی حکومەتــی دوایایەتــی توشــی شــۆك کردبــوو. چونکــە بارزانییــەکان زۆر ســەرکەوتووانە گەمــارۆی بنکــە ســەربازییەکەیاندا و ســەرکەوتن. لەگــەڵ ئەوەشــدا پێویســتە بڵێیــن کــە هێــزە ســەربازییەکانی ڕژێــم بەرخۆدانــی توندیــان کــرد و ئامــادە نەبــوون خۆیــان ڕادەســت بکــەن. چونکە هــەر لــە ئەوەڵــی ڕووبەڕووبوونەکــەوە چاوەڕوانــی هێــزی فریاکەوتــن و پۆلیســی ماتۆڕســواری مێرگەســۆر و شــێروانەیان دەکــرد، ئــەو هێزانــەش ڕۆژێــک پێــشتر گەیشــتبوونە ناوچــەی شــێروان. بۆیــە لەگــەڵ زانینــی ئــەم هێــزی پشــتیوانییە، بارزانــی بۆخــۆی بــە شــێوەیەکی شەخســی بەشــداری ئۆپەراســیۆنی لەناوبردنــی هێزەکانی پشــتیوانی کــرد و توانیشــی ســەرکەوتوو بێــت. بارزانــی فەرمانــی دابــوو کەتیبــە ســەربازییەکەی ڕژێـم ڕێگــەی پێبدرێــت بچێتــە نــاو ئەو ڕووبــەرەی نیازیــان بــوو تێیــدا جێگیربــن. ئەوەبــوو هــەر لەوێشـدا بەدرێژایـی ڕۆژێکـی ڕەبـەق تاوەکـو درەنگانێکـی شـەو شـەڕ بـەردەوام بــوو. دواجــار هێزەکانــی حکومەت چەندیــن کــوژراو و برینداریــان بەجێهێشــت. هــاوکات لەنـاو بارزانییەکانیشـدا یـەک کـوژراو و چـوار برینـدار هەبـوون، یەکێـك لـە برینـدارەکان خــودی بارزانــی بــوو کــە بــە ســوکی بریندارببــوو. لــە کۆتایــدا دەســکەوتی جەنگەکــە جگــە لــە تێکشــکانی هێرشــەکەی حکومــەت، لەکاتێکــدا زۆرتریــن ئامادەکاریــی پێشــوەختەیان

کردبــوو، دەســکەوتی هێزەکانــی بارزانــی، ١٥٠ تفەنــگ و هەشــت دۆشــکە و چەندیــن پارچــە چەکــی جۆراوجــۆر بــوون. هــاوکات بڕێکــی زۆر کەرەســتەی ســەربازیش کەوتــە دەســتی جەنگاوەرانــی کــورد.

شــایانی باســە یەکێــک لــەو ســەربازانەی بانگەشــەی کردبــوو کــەوا توانیویەتــی زەفــەر بــە بارزانــی بەرێــت و برینــداری بــکات، لــە جەنگەکــەدا بــە بریندارییــی کەوتبــووە دەســتی جەنگاوەرانــەوە، بــەڵام وەک ئــەوەی پێــشتر هــەر ســزا و ئەشــکەنجەدانێکی ئەســیرەکانی جەنــگ بــە بڕیــاری بارزانــی یاســاغ کرابــوو. بۆیــە دەســبەجێ بارزانــی، فەرمانــی دابــوو بەهیــچ جۆرێــک نابــێ ئــازاری ئــەو ســەربازە بدرێــت. ســەرەنجام لــەم گــەڕەی پەلامــاری هێزەکانــی ســوپای عێراقیــدا، بارزانییــەکان توانیــان تــەواوی هەرێمەکــە بخەنــە ژێــر دەســەڵات و ڕکێفــی بارزانییــەوە و لەهــەر بنکــە و بــارەگا و هێزێکــی چەکداریــی دەوڵــەت سەرانســەری ناوچەکــە پاکبکەنــەوە.

لــە ١٥ی تشــرینی یەکەمــی ســاڵی ١٩٤٣دا، بارزانــی بەســەردانێك بــەرەو گونــدی بێــداورن بــە ڕێکــەوت[1]. لــەوێ بنکەیەکــی هێــزە چەکدارەکانــی بــارزان، لەلایــەن ئەســعەد خۆشــەوییەوە بەڕێــوە دەبــرا. بارەگاکــە پێــشتر بنکەیەکــی ســەربازی حکومەتــی لێبــوو، بــەڵام لــە چوارچێــوەی شکســتی هێزەکانــی حکومەتــدا، تێکــڕای ئــەو بنکــە ســەربازییانەی بــۆ گیانــی خەڵکــی ناوچەکــە قوتکرابوونــەوە، یــەك بــە یەکیــان پاککرانــەوە و دەســگیرا بەســەر هەمــوو چــەک و تفــاق و جبەخانەکانیانــدا. خۆشــەویش یەکێــك بــوو لــەو فەرماندانــەی دەســتی بەســەر هەمــوو ئــەو چــەک و مۆڵگانــەی حکومەتدا گرتبــوو کــە کەوتبوونــە ئــەو بنکەیــەوە.

بەمجــۆرە ســەرکەوتنە ســەرەتاییەکانی بارزانییــەکان، مۆڕاڵــی شــەڕڤانان و دانیشــتوانی کوردســتانی بەرزکــردەوە. لــە ٢٠ی ئۆکتۆبــەردا بارزانــی لــە جەرگــەی ناوچــەی شــێروان نزیــک بــووەوە. لەوێــش تــازە بەتــازە هێزەکانــی ســەر بــە حکومــەت چەنــد بنکەیەکــی ســەربازیان دامەزرابــوو. بۆیــە بارزانــی بــە زوویــی ســێ مەفــرەزەی جەنــگاوەری خۆیانــی نــاردە ســەریان. هەڵکەوتــەی بنکــەکان دەکەوتنــە چــەم و زەیــت و ســەلکەوە. بــە فەرمانــی بارزانــی لــە ســێ لاوە جەنگێکــی دژوار دەســتی پێکــرد، بەجۆرێک حکومەتیــان ناچــار کــرد، پەنابەرێتــە بــەر بەکارهێنانــی هێــزی ئاسمانــی. گــەر باڵەفــڕە جەنگییەکانیــان

(1) Курдское национальное движение в новое и новейшее время, С. 167.

بەکارنەهێنایـە ئـەوا تـەواوی سـەربازەکان کەوتبوونـە نـاو گەمـارۆی جەنگاوەرانـی کـورد و تێکڕایـان یـان دەبـوو ڕادەسـت بن، یـان لەناوچونیـان مسـۆگەر بـوو. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو سـەربازانی حکومەتیـش لـە شـێرواندا، بەرگرییەکـی توندیـان بەرانبـەر بـە هێزەکانـی کـورد کـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا بارزانییـەکان زاڵبـوون و توانیـان تێکـڕای بنکـە و بازگەکانـی سـنووری شـێروان کۆنتـڕۆڵ بکـەن و تەرمـی فەرماندەکەشـیان لـە گۆڕەپانەکـەدا جێبهێڵـن. شـێروان یەکێـك بـوو لـە ناوچـە ستراتیژییەکانـی ژێـر دەسـتی سـوپای عێراقـی، لەدەسـتدانی ئـەم بنکەیـە، بـە مانـای لەدەسـتدانی کۆنترۆڵـی حکومـەت دەهـات لـە ڕۆژئـاوای ڕووبـاری (ڕوکوجـاک)دا. هەربۆیـە لێـرە بـەدواوە بنکـە و بازگەکانـی تـر، هیـچ هیوایەکیـان بـە گەیشـتنی هێـزی فریاگـوزاری زیاتـر نەمـا، بۆیـە بەجارێـک دەسـتیان کـرد بـە خۆڕادەسـتکردن و ئـیتر بەبـێ هیـچ ڕووبەڕووبوونەوەیـەک بـارەگا و بنکەکانیـان یـەك لـە دوای یـەك ڕادەسـتی بەرهەڵسـتکارانی بـارزان دەبـوون.

لەنـاو سـوپا و هێـزی پۆلیسـی شـەڕکەریی عێراقیـدا، جیالـەوەی ڕاوێـژکاری ئینگلیـزەکان هەبـوون، هـاوکات پێکهاتـە ئاینـی و ئیتنییەکانیـش ڕاپێچـی نـاو بەرەکانـی شـەڕ کرابـوون. بۆنموونـە (ڕێیحـان شـالیمون) کـە کابرایەکـی ئاشـووری بـوو، یەکێـک بـوو لـەو کەسـانەی دواتـر بوویـە دۆسـتی نێزیکـی بارزانـی و بەرگریکارێکـی سەرسـەختی دۆزی کوردسـتان. تەنانەت بـووە یەکێـك لـەو دلاوەرە دڵسـۆزانەی بارزانـی کـە بەخواسـتی خـۆی کەوتەگـەل بارزانییـەکان و بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت ڕۆیشـت. ناوبـراو تـا کۆتایـی تەمەنیشـی وەک دۆسـتێکی بـە ئەمـەك و ئـازا لەگـەڵ بارزانیـدا مایـەوە.

لـە قۆناغـی یەکەمـی ڕاپەڕینەکـەدا، توانـرا تـەواوی خاکـی ڕۆژئـاوای ڕووبـاری (ڕووکچـک) پاکسـازیی بکرێـت. دوایـان بـە فەرمانـی بارزانـی، دوای شـەڕێکی تونـد، بنکـە سـەرەکییەکانی دیکەیـان لـە ڕەزیـان و سـیلکێ کەوتنـە دەسـتی بەرهەڵسـتکارانی کـورد. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو شـەڕێکی ئێجـگار سـەخت لـە بارزانـدا هەڵگیرسـا بـوو. ئـەم شـەڕەیان لـە چوارچێـوەی هەوڵـە بێوچانەکانـی حکومەتـدا بـوو بـۆ گرتنـەوەی بنکـە ستراتیژییەکانـی ناوچەکـە. دیاربـوو حکومـەت بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی پێگـەی ستراتیژیـی ئـەو ناوچەیـە، هێزێکـی زەبـەلاح و زرێپۆشـی ڕەوانـەی ناوچەکـە کردبوو. هەربۆیـە لـە دەسـپێکی ئـەم شـەڕە نابەرابەرەدا، هەواڵـی کوژرانـی سـەلیم عەبـدوڵلا، یەکێـك لـە فەرمانـدە کارامەکانـی کـورد بڵاوبوویـەوە، بـە بیسـتنی ئـەم هەواڵـە، دەسـبەجێ بارزانـی

فەرماندەیـی شـەڕەکەی دابوویـە دەسـت ئەسـعەد خۆشـەوی و هێزێکـی پشتیوانیشـی بـە فەرماندەیـی مامەنـد و محەمـەد ئەمیـن میرخـان بـە فریایـان خسـتبوو. لـە هەمـان کاتـدا، هـەر لـە پێنـاو گرتنـەوەی ئـەو پێگـە ستراتیژییـەدا، لـە بەرەیەکـی دیکـەوە جەنـگ بـەردەوام بـوو. بەشـێوەیەک هێـزی ئاسمانـی پشـتیوانی لـە حکومـەت دەکـرد. دواجـار سـەرجەمی بنکـە و بـارەگاکان کەوتنـەوە دەسـتی هێزەکانـی کـورد، چەندیـن پارچەچـەک لەوانـە ٥٤ تفەنـگ و ٢ دۆشـکە و ٤ دەمانچـە و چەندیـن وڵاخـی بارەبـەر و پێداویسـتیی دیکـەی مانـەوە لـەو لاپـاڵ و ناوچـە دژوارانـە کەوتنـە دەسـتی دلاوەرانـی کـورد.

بەگشـتی تاوەکـو تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٣، مـەلا مسـتەفا بارزانـی و چەکدارەکانـی، توانیـان نزیکـەی هەمـوو ناوچەکـە بـارزان بهێننـە ژێـر ڕکێـف و دەسـەڵاتی خۆیانـەوە. ئـەوە جگـە لـە مێرگەسـۆر و بـارزان و باڵەکایەتیـش تێکـڕا هێزەکانـی کـورد تێیانـدا باڵادەسـت بـوون. ئـەم سـەرکەوتنانە لـە سـایەی پلاندانانـی وردی ئۆپەراسـیۆنی جەنگاوەرانـی کـوردەوە بـوو کـە خـودی ژەنـەڕاڵ بارزانـی و سـتافەکەی و هەروەهـا ڕۆحییەتـی جەنگاوەرانـی کـورد و بـەرزی ورەیـان بـە پاڵپشـتی دانیشـتوان و خواسـتی ئازادیخوازیـی کـورد هاتبوونـەدی. هـاوکات ئـەم ئیـرادەی ئازادیخوازییـە دووپاتـی ئـەو ڕاسـتییەی دەکـردەوە کـە سەوداسـەری و پەرۆشـی بـۆ ڕزگاربـوون لـە بندەسـتی و داگیرکارییەکانـی دەسـەڵاتی دوایایەتـی، تێکـڕا پەیوەسـتە بـە کەمتەرخەمـی و نەبوونـی خزمەتگـوزاری و چەوسـاندنەوەی بێئامانـی خەڵکـی ناوچەکـەوە. چونکە لـە قۆناغەکانـی پێشـووتردا وەختێـك ئـەو دەڤەرانـەی کوردسـتان لەلایـەن هێزەکانـی حکومەتـەوە کۆنتـڕۆڵ کرابـوون، بەجارێـک بەرپرسـانی دوور لـە هـەر ئاکارێکـی ئینسـانی، ببوونـە خـۆرەی گیانـی خەڵکـی و سـتەمکارییەکی لەڕادەبەدەرییـان دەرهـەق بـە دێهاتـە کوردنشـینەکانی ناوچەکـە دەسـت پێکردبـوو. بـۆ وێنـە کاتێـك بارزانـی لـە گونـدی (بیـستری) نزیـک مێرگەسـۆردا، بارەگایەکـی فەرماندەیـی تایبـەت بـە خـۆی دامەزرانـد بـوو، هـەر لەوێدا مەبەسـتی بوو ئامادەکارییەکـی نـوێ بـکات بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو سـتەم و زۆرداریـیـەی هێزەکانـی حکومـەت ئەنجامیـان دەدا. لـەم میانـەدا یەکێـک لـە لیـوا سـەربازییەکانی سـوپای عێراقـی، دەسـتدرێژییەکی زۆریـان کردبـووە سـەر موڵکوماڵـی هاووڵاتیـان، بـە شـێوەیەک بەتـەواوی هەژموونـی نادادییـان بەسـەر تـەواوی مێرگەسـۆردا سـەپاندبوو. هـەر لەڕێگـەی ئـەم لیـوا سـەربازییەوە، یەکـە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق،

لـە ڕەوانـدوز و باڵەکایەتییـەوە کۆببوونـەوە و دەسـتیان دابوویـە سـتەم و زۆردارییەکـی بێئەنـداز. بۆیـە بارزانـی زۆر بـە باشـی دەیزانـی، دەبێـت سـنورێک بـۆ سـتەمکارییەکانیان دابنێـت. ئەوەبوو بـۆ ئـەو مەبەسـتە فەرمانـدە سـاڵح کانی-لینجـی هەماهەنگـی لەگـەڵ فەرماندەیەکـی دیکـەدا، ڕایسـپاردبوون تاوەکـو سەرپەرشـتی جوڵانـەوەی جەنگاوەرانـی کـوردی سـەرجەم ناوچەکانـی نێـوان شـێروان و مێرگەسـۆر بکـەن. لـەم کاتـەدا بارزانـی بۆخۆیشـی دەبـوو ڕووبـەڕووی یەکەکانـی سـوپای عێراقـی لـە ڕەوانـدوزدا بێتـەوە. ئـەوان بەنیـازی کێومـاڵ و کۆنترۆڵـی سـەرجەمی سـنورەکانی ناوچەکـە لایاندابوویـە ڕەوانـدوز و جێگیرکرابـوون. ئەوەبـوو دواجـار لـە شـەڕێکی تونـد و دەسـتەویەخەدا لەگـەڵ سـوپای عێـراق، بارزانییـە بەرهەڵسـتکارەکان سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنا. لـە ڕاسـتیدا بارزانییـەکان بەتـەواوی ئاشـنا و شـارەزای ناوچەکـە بـوون، هەروەهـا فەرماندەکانیـان لـە نەزمـی شـەڕی گەریلایـدا گەلـێ گیانفیـدا و لێـزان بـوون. لـە هەمـووی گرنـگتر هاریکاریـی یەکترییـان یادگرتبـوو، هەمـوو ئەوانـەش پشتئەسـتوور بـوون بـەو نەخشـە جەنگییانـەی جەنـەڕاڵ بارزانییـەوە. بۆنموونـە بـە فەرماندەیـی محەمـەد ئەمیـن میرخـان، هێرشـی جەنگاوەرانـی کـورد بۆسـەر یەکەکانـی سـوپای عێـراق، قۆناغێکـی تـری سـەرکەوتنی بارزانییەکانـی لـە ناوچەکـەدا مسـۆگەر کـرد. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو بارزانـی فەرمانـی دابـوو پێویسـتە بەزوویـی هەرچـی پەیوەندیـی و هەماهەنگـی و وابەسـتەییەکی نێـوان لیواکانـی سـوپای عێراقـی و بـارەگا و بنکـە پەرشـوبڵاوەکانی ناوچەکەیـان هەیـە، هەوڵبـدەن لێکیـان دابـڕن. لێکدابڕینـی هێزەکانـی حکومـەت، بوویـە مایـەی تـرس و دڵەڕاوکێیەکـی زۆر بـۆ سـەربازانی حکومـەت و هەمـوو هێزەکانـی حکومەتـی گرتـەوە. ئـەم تاکتیکـە جەنگییـەی بارزانـی بەشـێوەیەک بـوو کـە دەسـتی لایەنەکانـی لێکبـەردا. بـەم جـۆرە بارزانـی توانـی زەبرێکی کوشـندە و کاریگـەر بسـڕەوێنێتە ڕایەڵەی ڕێکخسـتنە سـوپاییەکەی حکومەتی عێراقییـەوە. شکسـتەکە بـە شـێوەیەك بـوو بـە سـانایی هـەزم نەدەکـرا. بـەو پێیـەی سـوپا چـەک و کەرەسـتەیەکی بەرچاویان لەدەسـتدا بـوو. ئـەوە جگـە لـەوەی (١١) سـەربازی عێراقـی، وەک ئەسـیری جەنـگ لەلایـەن بارزانیەکانـەوە بـە دیـل گیـرا بـوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا هێرشـەکانی حکومـەت بـەردەوام بـوون و پەیتـا پەیتـا هێـزی زیاتـر ڕووی لەناوچەکـە دەکـرد. هەڵبەتـە بەغـداد بڕیـاری یەکلاکـەرەوەی دابـوو بـۆ دەرکـردن و ڕادەسـتبوونی بارزانییـەکان و دەیانەویسـت بەهەر نرخێـك بـووە

لە بەرزاییەکانی سەربازگەی گوندی بیسترییەوە، بەردەوامی بدەن بە پێشڕەویکردنیان بۆ ناو چیای پیران. چونکە دەیانزانی لەوێوە دەسکراوەتر دەبن بۆ دەسگرتن بەسەر بنکەی سەرەکی سەرکردایەتی بارزانییەکان. وەلێ بە خوێندنەوەی هەلومەرجی هێزەکانی حکومەتدا وا بەدیاردەکەوت کە هەوڵەکانی ئەمجارەیان، دیسانەوە لە ئاستێکدا نییە بتوانن یەکدانە بەرزایی دەوروبەری ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەنەوە. بە پێچەوانەی ستراتیژە سەربازییەکەی حکومەتەوە، سەربازەکانیان بەرەبەرە دەستیان دابوویە هەڵاتن و وازیان لە تفەنگ و دۆشکە و کەرەستە سەربازییەکانیان دەهێنا و بەخۆیان و دەستی بەتاڵیانەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستلەسەرشان بەرەو پێدەشتەکان، وەك بەرزەکی بەربانان شۆڕەبوونەوە و پەیتا پەیتا هەڵدەهاتن.[1]

بەم شێوەیە شەڕە سەربازییە سەرەتاییەکانی سوپای عێراقی، بە سەرکەوتنی بارزانییەکان کۆتاییان هات.

دەسکەوتەکانی جەنگ و تفاق و جبەخانە و چەکوچۆڵی دەستبەسەرداگیراوی جەنگیش دەرفەتێکی باشی دابوویە بارزانییەکان تاوەکو بۆشایی و پێداویستی کەمی چەك و تەقەمەنییان پڕبکەنەوە. دوای ئەم دوو شکستە یەک لەدوا یەکەی حکومەت، دەرکەوت یەکینەکانی سوپا لە مێرگەسۆردا، جارێکی دیکە جێگیر کراونەتەوە. وەلێ ئەمجارەشیان توانای هێرش و بڕستی بەریەککەوتنیان لەگەڵ هێزەکانی ژەنەڕاڵ بارزانیدا شپرزتر لە هەرکاتێك لەدەست دابوو. بۆنموونە لە یەکێك لە داستانەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قۆناغەدا بارزانییەکان بە تەنیا (٥٠) جەنگاوەرەوە توانییان گەمارۆی ئەو یەکە و بارەگا سەربازییانەی تازەگی هێنرابوونە ناوچەکەوە گەمارۆیان بدەن و دەستبەجێ کۆنترۆڵیان بکەن. بارزانی بۆخۆی بۆ پێشگرتن لە هەر نەخشەیەکی سەربازی حکومەت، بە سەرۆکایەتی مەفرەزەیەکی گیانفیدا و ڕاهێنراوی تایبەتییەوە چووبووە ناوچەی ڕەواندوز و لەوێدا جیگیر ببوو. هاوکات لەبەرەی مێرگەسۆریشەوە، هۆشدارییەکی توندی دابوویە هێزەکانی حکومەت و ئاگاداری کردبوونەوە کە تاوەکو نەکەوتوونەتەبەر زەبری جەنگاوەرانی کوردەوە، ئەوا بەخواستی خۆیان لە تێکڕای ناوچەکەدا دوایەکشە بکەن و خۆیان

---

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 74–75.

بەکوشــت نــەدەن، بــەڵام وادیــار بــوو فەرماندەیــی ســوپای عێــراق نەیاندەویســت هیــچ بەهایــەك بــۆ بانگەوازەکــەی بارزانــی دابنێــن، تەنانــەت وەختبــوو ســەرچڵییان دەنونـد و بڕیاریـان دابـوو بـە لیوایەکـی سـوپای ڕاهـێنراوەوە، شانبەشـانی لیوایەکـی پۆلیســی ئامــادە، لەبــەرەی مێرگەســۆرەوە هێرشــێکی بــەربڵاوی یەکلاکــەرەوە بکەنــە ســەر دەڤــەری ڕەوانــدوز. ئــەوان ئامانجیــان بــوو بەهــەر نرخێــک بێــت، ڕایەڵــەی پچـڕاوی هێزەکانیـان لـە ناوچەکـەدا پێکـەوە گرێبدەنـەوە. ئەوەبوو ئۆپەراسـیۆنەکەیان لـە ١٠ی تشـرینی دووەمـەوە دەسـتپێکرد. لـە سـەرەتاوە شـەڕێکی تونـد بـە درێژایـی تــەواوی هێڵــی پێشــەوەی بــەرەی بەرهەڵســتکارانی کــورد دەســتپێکرد. تەنانــەت لـە شـەڕەکەدا فڕۆکەکانـی عێـراق بۆردومانێکـی چـڕی ناوچەکەیـان کـرد و سـەرپاکی بنکـە و بارەگاکانـی هێـزە جەنگاوەرەکانـی کوردیـان بـە ئامانـج گرتـن. شـەڕەکە بـە درێژایـی یـەک ڕۆژی ڕەبـەق تاوەکـو ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە بـەردەوام بـوو. دوای ئـەوەی گۆڕەپانــی جەنگەکــە تاریــک داهــات، بارزانیــەکان توانیــان هێزەکانــی حکومــەت تێکبشـکێنن و ئـەم کەڕەتـەش ناچـار بـە دوایەکشـەیان بکـەن. سـەرکەوتنی بـەرەی کــورد بــە زیاتێکــی زۆر بەســەر حکومەتــدا شــکایەوە. تێکشــکانێکی وەهــا کــە بــە لێــواری ڕێگاکانــەوە کەلاکــی ســەربازە هێرشــبەرەکانی ســوپای عێراقــی بــە بێنــازی کەوتبــوون. ئــەو زیانــە زۆر و زەبەنــدەی حکومــەت لەکاتێکــدا بــوو کــە لــە نێــو ڕیزەکانـی جەنـگاوەرە بارزانییەکانـدا، تەنیـا سـێ برینـدار هەبـوون. بێجگـە لـە زیانـە گیانییەکانیــان، گەلــێ کەلوپــەل و پێداویســتی ســەربازییان لــێ بەجێمابــوو. بــۆ وێنــە ئۆتۆمبێلــی تایبەتــی فەرمانــدەی لیــوا ئەحمــەد حەمــدی کەوتبــووە بــەر هێرشــی چەکدارانــی کــورد و تــەواوی پاســەوانەکانی ناوبــراو کــوژرا بــوون. دواتریــش دەنگــۆی ئــەوە بڵاوبوویــەوە کــە فەرماندەکەیــان بۆخۆیشــی لەتــاو ئــەو ڕەوشــەی ڕووبــەڕووی ببوویــەوە، لــە ڕووی دەروونییــەوە بــە شــێوەیەك ڕەوشــی تەندروســتی تێکچــوو بــوو، ئــیتر بــۆ جارێکــی دیکــە نەیتوانــی وەک کەســێکی ئاســایی ئەرکــە ســەربازییەکانی بـە جێبهێنێـت. بەگشـتی ئـەم شکسـتەی سـوپای عێراقـی بوویـە بایسـی ئـەوەی کـە هێرشــە لــە ناکاوەکانیــان وەهــا تەمبــێ بکــەن، بــۆ ماوەیەکــی زۆر توانــای هاتنــەوە دەســتیان نەمێنــێ، بەمــەش تاڕادەیــەك تەناهــی و ئارامــی بەرەکانــی جەنــگ و ســەنگەرەکانی پێشــەوەی هــەردوولای گرتبوویــەوە. بەمــەش بارزانــی بەدەرفەتــی

زانـــی و گەڕابوویـــەوە شـــوێنی تایبەتـــی خـــۆی لـــە بـــارەگای ســـەرکردایەتدا. هـــەر لەوێـــش فەرمانـــی دەرکردبـــوو کەســـوکاری ســـەربازە کوژراوەکانـــی ســـوپای عێراقـــی، دەتوانـــن بێـــن و ڕۆفاتـــی ڕۆڵەکانیـــان بەرنەوە. دیـــارە مۆڵەتـــی بردنـــەوەی تەرمـــی ســـەربازە جێماوەکانـــی جەنـــگ، لـــە چوارچێـــوەی بانگەوازێکـــی تایبەتـــدا ڕاگەیەنـــرا. بانگەوازەکـــە لەنامەیەکـــی ســـەرئاوەڵادا هـــەم ئاڕاســـتەی کەســـوکاری کـــوژراوەکان کرابـــوو، هەمیـــش پەیامێـــك بـــوو بـــۆ ڕایگشـــتی خەڵکـــی عێـــراق، تاوەکـــو چیـــدی لەبـــری جەنـــگ، هـــەوڵ بـــدەن بـــە ئاشـــتی و برایەتـــی کۆتایـــی بـــە پرســـی نێوانیـــان بهێنـــن و چیـــدی خوێنـــی ڕۆڵەکانیـــان بەناهـــەق نەڕێـــژن. هـــاوکات بارزانـــی فەرمانـــی بـــە دانیشـــتوانی ناوچەکـــە کـــرد، هـــاوکار و دەســـگرۆیی ئـــەو تیمانـــە بکـــەن کـــە تەرخانکـــراون بـــۆ گوســـتنەوە و بردنـــەوەی ســـەربازە کوژراوەکانیـــان.(1)

بارزانـــی بەوپـــەڕی نیگەرانییـــەوە لـــەو پێشـــهاتانەی دەڕوانـــی کـــە لـــە سیاســـەتی میریـــدا دەرهـــەق بـــە کوردســـتان کاریـــان لەســـەر دەکـــرا. لـــەدوای ئاڵۆزبوونـــی شـــەڕ و کەوتنـــەوەی کوشـــتارێکی زۆر، ئینجـــا ئینگلیـــزەکان هاتنـــە ســـەرخەت و چەنـــد ڕێوشـــوێنێکیان بـــۆ ڕێگریکردنـــی زیاتـــر لـــە خوێنـــڕشتن و پشـــێوی زیاتـــر لـــە ناوچەکـــەدا گرتەبـــەر. لـــەو چوارچێوەیـــەدا یەکەیەکـــی ســـەربازی پەیوەســـت بـــە کۆمپانیـــای هینـــدی بەریتانییـــان هێنایـــە ســـنوورەکانی کوردســـتان و جێگیریـــان کـــردن. ئـــەو یەکـــە ســـەربازییە هیندییـــە لـــە ســـنورەکانی ســـۆران (دیانـــا)دا جێگیـــر کرابـــوون. بـــە هێنانیـــان بـــۆ ناوچەکـــە، دەســـتبەجێ مانۆڕێکـــی ســـەربازییان ئەنجامـــدا. دیاربـــوو مەبەســـتیان لـــەو مانـــۆڕەدا، تەنیـــا پیشـــاندانی نیازێکـــی دیپلۆماسییانە بـــوو بـــۆ ڕێگریکـــردن لـــە هـــەر ئاڵۆزییەکـــی چەکدارییـــی نـــوێ. بەمجـــۆرە لەژێـــر داواکاری و فشـــاری ئینگلیزەکانـــدا، حکومەتـــی عێـــراق بڕیاریـــدا گـــەڕی گفتوگۆیەکـــی جـــددی لەگـــەڵ نوێنەرانـــی ڕاپەڕینـــە کوردییەکـــەدا دەســـت پێبـــکات. لەســـەر ئـــەم بنەمایـــە و لـــە ٢٩ی تشـــرینی دووەمـــی ١٩٤٣دا، لایەنـــی حکومـــەت، نـــوری ئاغـــا ڕەواندوزییـــان ناردبـــوو لای مســـتەفا بارزانـــی و پێشـــنیاری دانوســـتانیان خســـتبووە بەردەمـــی. بارزانیـــش وەك نەریتـــی هەمیشـــەیی خـــۆی، ڕەزامەنـــدی خـــۆی بـــۆ هـــەر هەوڵێکـــی ئاشـــتی و گفتوگۆیەکـــی دۆزینـــەوەی ڕێگـــەی چارەســـەریی نیشـــاندا بـــوو. هـــەر لـــە یەکـــەم دیداریـــدا لەگـــەڵ

(1) Там же, С. 69–70.

نوێنەرەکـــەی حکومەتـــدا وتبووی:"پرســـی پێکهاتنـــەوە و دانوســـتان، پەیوەنـــدی بـــە مافـــی نەتەوەیەکـــەوە هەیـــە و هیـــچ پەیوەندییەکـــی بـــە خواســـت و بەرژەوەندییـــە کەسـییەکانی بەنـدە، یـان هـەر کەسـێکی دیکـەوە نییـە، بۆیـە بەڵـێ ئامـادەی هـەر گفتوگۆیەکیـــن، مـــادام لەبەرژەوەنـــدی خەڵکـــدا بێـــت". دوابـــەدوای تێپەڕبوونـــی هەفتەیـــەک لـــە پێشـــنیاری دانوستانەکە، شـــاندێکی نوێنەرانـــی حکومـــەت گەیشـــتنە بـارەگای بارزانی. پێـش هـەر شـتێک داوایـان لـە بارزانـی کـرد بـوو، بەڵکـو گەمـارۆی شۆڕشـگێڕەکانی بۆسـەر هێزەکانـی حکومـەت لـە ناوچەکانـی مێرگەسـوردا هەڵبگرێـت. بـەڵام بارزانـی نەچوویـە ژێربـاری ئـەم داواکارییـەی ئەوانـەوە، چونکـە پێـی وابـوو، ئـــەوان بەخوێـــن و ئارەقـــەی نێوچەوانـــی ڕۆڵەکانیـــان هـــەر بەرەوپێشـــچوونێکیان لـــە گۆڕەپانـــی جەنگەکـــەدا ئەنجامـــداوە، بۆیـــە هەرگیـــز مەیدانەکـــە نادەنـــەوە دەســـتی ئەوانـــەی بەکامـــی ئارەزووەکانـــی دەســـەڵات، خەڵکەکەیـــان دوچـــاری دەســـتدرێژی و زوڵـــم و زۆرداریـــی بکەنـــەوە. بۆیـــە بارزانـــی هـــەر داواکارییەکـــی پێشـــوەختە و مەرجێکـــی میریـــی بەوپـــەڕی ڕاشـــکاوییەوە دابوویـــە دواوە. هەربۆیـــە دەســـەڵاتدارانی ڕژێمـــی دوایایەتـــی بـــۆ قوتاربوونـــی ســـەربازەکانیان، نـــەکا بکەونـــە دەســـتی جەنگاوەرانـــی کـــورد و وەکـــو بارمتـــە و کارتێکـــی فشـــار بەکاریـــان بهێنـــن، ناچاربـــوون لـــە ڕێگـــەی ئاسمانییـــەوە و بـــە ( بەکارهێنانـــی پەرەشـــوت) پێداویســـتییەکانی ڕۆژانـــە بـــۆ هێـــزە گەمارۆدراوەکەیـــان لـــە مێرگەســـوردا دابینبکـــەن. ئـــەوە لەکاتێکـــدا بـــوو زۆرتریـــن پێداویســـتییە ســـەرەتاییەکانی هێـــزە ســـەربازییەکانی ڕژێـــم کەوتبوونـــە دەســـت جەنگاوەرانـــی بارزانییـــەوە. هـــەر لەهەمـــان کاتـــدا و وەک هەمیشـــە حکومەتـــی عێراقیـــی لـــە پێنـــاو بەدەســـتهێنانی هـــەر هاوکارییەکـــی ســـوپایی، دەســـتیان نابوویـــەوە بـــە دەرگانـــەی باڵیۆزخانـــەی بەریتانیـــاوە لـــە عێراق. لـــەم کاتـــەدا (کۆرنوالیـــس) بەدەنـــگ داواکاریی عێراقییەکانـــەوە هـــات و ڕەزامەنـــدی ئینگلیزەکانـــی وەک ناوبژیوانێـــک لـــە نێـــوان دەســـەڵاتدارانی عێـــراق و کـــورددا نیشـــان دابـــوو. ناوبـــراو بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش نامەیەکـــی ئاڕاســـتەی مســـتەفا بارزانـــی کـــرد بـــوو. لـــە ناوەرۆکـــی نامەکـــەدا بەنـــاوی بەریتانیاوە، پێشـــنیاری کۆتاییهاتنـــی گەمارۆکانـــی ســـەر ســـوپای عێراقییـــان دابوویـــە مســـتەفا بارزانـــی. دیـــارە ئـــەم پێشـــنیارە لـــە ســـۆنگەی سیاســـەتی بەریتانیـــاوە داڕێـــژرا بـــوو. ئـــەوان ئەوەیـــان بـــە بیـــری بارزانـــی خســـتبوویەوە کـــە خەریکـــن لەگـــەڵ وڵاتێکـــدا

بەشـەڕەاتوون کـە هاوپەیمانـی بەریتانیـا و یەکێتـی سـۆڤێتییە و لـە ئێستاشـدا گرفتـاری شـەڕی ئەڵمانییـە نازییەکانن. هـەر لـە درێـژەی ناوەرۆکـی نامـەی ئینگلیزەکانـدا بـۆ بارزانی، کۆرنوالیس دڵنیایـی دابوویە بارزانـی و لـە نیازپاکـی ئینگلتـەراش دڵنیـای کردبوویـەوە. تەنانـەت نوسـیوویان دڵنیاتـان دەکەینـەوە کـە بەریتانیـای مـەزن، پێداگریـی و پشـتیوانی خـۆی لـە داخوازییەکانـی گەلـی کـورد دوپاتدەکاتـەوە.

هەڵبەتـە بـۆ ئـەو قۆناغـەی جوڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـی، نامەیەکـی وەهـا وێڕێکـی گەلـێ چارەنوسسـاز و بـە بایەخـی لەنـاودا کرابـوو. هەربۆیـە هەمـان نامـەی ئینگلیـزەکان بـۆ بارزانـی، لـە دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، لـە ئەرشـیفی ئینگلیزەکانـەوە، بەشـێوەی جیـا کەوتبـووە دەسـتی میدیـاکان و دەنگدانـەوە و نیگەرانییەکـی ئەوتـۆی لای وڵاتانـی هەرێمـی لێکەوتبوویـەوە. نامەکـە هـەر لـە میدیاکانـەوە، بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و ئینگلیـزی بڵاوکرابوویـەوە. دوایـان ئینگلیـزەکان بەمەبەسـتەوە ناوەرۆکـی هەمـان نامەیـان دابـوو بـە گوێـی لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی هەریـەک لـەو دەسـەڵاتانەدا بەشـەکانی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکرا بـوو. ئـەوە ڕاسـت بـوو کـە نامەیەکـی وەهـا بایەخێکـی ئەوتـۆی خـۆی هەبـوو، وەلـێ هیچکاتێـك جەنگاوەرانـی کـورد، هیوایەکیـان لەسـەر بەڵێنەکانـی بەریتانیـا هەڵنەدەچنـی. دیـارە ئـەم بێمتمانەییـە بـە بەریتانییـەکان، بابەتێکـی هەوانتـە نەبـوو، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای ئەزمـوون و مامەڵـەی ڕابردوویانـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو. ئـەوان دڵنیابـوون لـەوەی ئینگلیـزەکان لـە پەیمانشـکێنی و بێبەڵێنیـدا دەسـتێکی باڵایـان هەبـووە. بناغـەی بابەتێکـی وەهـاش، دوای ئـەوە دەهـات کـە ویلایەتـی موسـلی ان بـە دەوڵەتـی تـازە دروسـتکراوی عێراقـەوە لکاندبـوو و کوردیـان لەهەر مـاف و مامەڵەیەکـی دەوڵەتدارییـدا کـردە دەرەوەی دەوڵـەت نەتەوەکانـی ناوچەکـەوە. کەواتـە لەخـۆڕا نەبـوو، وەکـو لـەو ئەزموونـە تـاڵ و تاریکـەی ئینگلیزەکانـەوە تاوەکـو کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٣، ئـەوە یەکەمجـار بـوو جوڵانـەوەی جەنگاوەرانـی کـورد، لـە ئاسـتێکی ئێجـگار گـەورەدا، گۆڕانکارییەکانـی ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـان بـەرەو ئاقارێکـی ئـاوا گرنـگ ئـاوڕی لێبدرێتـەوە. دیـارە ئـەم سـەرکەوتنەش، ڕۆڵێکی گرنگـی لـە چەسـپاندنی ڕاسـتییەکی مێژووییـدا بینیـوە.

لـەو سـەردەمەدا شانبەشـانی جوڵانـەوە چەکدارییەکـەی بارزانییـەکان، کۆمەڵـەی هیـوا، دەسـتی دابوویـە بانگەشـەیەکی بەرفـراوان و لـە نێـو دانیشـتوانی کـورددا، بـە

گوتارێکی ناسیۆنالیستییەوە، ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان دووپاتدەکردەوە. کۆمەڵەی هیوا مەبەستی بوو، سەرنجی سیاسەتەکانی هەریەک لە حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیا بەرەو گرنی و بایەخی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕابکێشێت. هیوا هەمان ئەو باوەڕەی لەلا گەڵاڵە ببوو کە جوڵانەوەی بارزانییەکان، جوڵانەوەیەکی بەرتەسکی خێڵەکیی و ناوچەیی نییە. بەڵکو دەرهایشتەی بندەستی نەتەوەیی و بڵاوبوونەوەی هۆشیارییەکانی میللەتێکە لەپێناو ماف و ئازادی ئینسانی کورددا.

هاوکات جەختیشیان لەو ڕاستییە دەکردەوە کە بارزانی سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی چەکداری نیشتمانی دەکات و خەڵکی کوردستانیش لە دەرەوەی لۆژیکی ناوچەگەرێتی و نیپۆتیزم و خێڵگەراییەوە خەریکن پشتیوانی لێدەکەن. هەروەها لەناو هەوادار و شوێنکەوتووانی بارزانیدا، جیاوازییە چینایەتییەکان لە ئاستێکی لاوازدا مابوونەوە. ئەوەتا بارزانی لە هەناوی هێزە کۆمەڵایەتییەکەوە کەوتبووە کۆڕی خەباتێکی نەتەوەییەوە. چینی خوێندەواری کوردیش، خەریکبوون پاڵپشتییەکی گەلێ گەورەیان لێدەکرد. تەنانەت دەکرا بوترێت، هەموو دانیشتوانی کورد لە هەر بەشێکی کوردستانەوە پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوون.

لەسەر ئاستی حکومەتی عێراقیش تاڕادەیەك ڕەچاوی ڕۆڵی کارەکتەرەکانی کورد و بەشداری سیاسیی کورد لەسەر ئاستی دامەزراوە حکومییەکان ببووە مایەی قسە و باسی ناوەندە فەرمییەکان. ئەوەتا لە کابینەی حکومەتەکەی نوری سەعیددا، پۆستێکی داتاشراوی نوێ، بەناوی وەزارەت و وەزیری کاروباری کورد بە ماجید مستەفا سپێردرا بوو. ناوبراو کەسایەتییەکی بە ڕەچەڵەک کورد بوو. ئەم پۆست و پێناوەی وەزیرێکی کورد، ئەویان وەک نێوەندگیرێکی نێوان بارزانی و میریی دیاریکردبوو. ماجید مستەفاش بۆخۆی کەسێکی کوردپەروەر بوو، بۆیە توانی ڕۆڵێکی دڵسۆزانە و دلێرانە دەرهەق بە بەرەوپێشچوونی دانوستانەکانی نێوانیان ببینێت. بۆنموونە هەر لە سەرەتادا ئەوە ماجید مستەفا بوو پێشنیاری دابوویە بارزانی، تاوەکو هەماهەنگی پێویست لەهەمبەر ئایندەی پەیوەندییەکانی عێراق و بەغدا بگرێتەبەر. دواجار لەلایەن عێراقەوە ڕاسپاردنی ماجید مستەفا، وەک هەنگاوی یەکەمی ئاگربەستی نێوان سەرکردایەتی کورد و بەغدا دەستی پێکرد. هەڵبەتە ماجید مستەفا ئاشنایەتی لەگەڵ بارزانیدا هەبوو. هەروەکچۆن لەناو دەستەبژێری

کوردیشـدا، کاریگەرییەکی ئەوتـۆی هەبـوو. بۆیـە نـوری سـەعید هەوڵیدابـوو لـە ڕێگـەی ماجیـد مسـتەفاوە ڕەزامەنـدی بارزانـی بـە دانانـی چـەک و وازهێنـان لـە خەباتـی چەکداریـی بەدەسـتبهێنێت. ئەوەبـوو لـە یەکـەم دیـدار و یەکتربینینـی بارزانـی و ماجیـددا، بەڵێنـی پێویسـت درابوویـە بارزانـی، تەنانـەت دووپاتیـان کردبوویـەوە کـە سـەرجەمی داواکارییەکانـی کـورد جێبەجێبکـەن.

سـەرەتا ماجیـد مسـتەفا سـەردانی شـێخ ئەحمـەد بارزانـی کـرد بـوو. ئـەوکات شـێخ ئەحمـەد لـە شـاری بابـل (حلـە)دا بەدەسبەسـەری مابوویـەوە. دوای ئـەوەی سـەردانی ناوبـراوی کـرد بـوو، پێشـنیاری کردبـوو یەکێـک لـە کوڕەکانـی ناوبراویـش بنێرێتـە لای بارزانـی، هەڵبەتـە مەبەسـتیان لـەم پێشـنیارە ئـەوە بـووە، ڕاوێـژ لەگـەڵ بارزانیـدا بکـەن و زیاتـر زەمینـەی متمانـە و مامەڵـەی نێزیکـی نێـوان بارزانییـەکان و حکومـەت بەرجەسـتە بکـەن. هەربۆیـە چوونـی یەکێـک لـە کوڕەکانـی شـێخ ئەحمـەد کـە لـە ئەسـارەت و دەربەدەریـدا ژیانیـان دەگوزەرانـد، پەیامێـک بـوو بـە بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی ڕێککەوتـن و ڕەزامەنـدی هـەردوولا.

سـەرەتا شـێخ ئەحمـەد بارزانـی ئـەو پێشـنیارەی دابوویـە دواوە، وەلـێ دواتـر داواکارییەکـەی پەسـەند کـرد و دەسـتووری دابوویـە محەمـەد خالیـدی کـوڕی تاوەکـو لەگـەڵ شـاندەکەدا خۆیـان ئامادەی سـەردانی بارزانـی بکـەن. بـەم پێیـەش ناوبـراو بوویـە یەکێـک لـە ئەندامانـی دانوسـتانکاری نێـوان بارزانـی و شـاندی حکومەتـی عێراقـی. بەمجـۆرە ڕۆژی ٢٩ی کانونـی یەکـەم، شـاندی حکومـەت بـە مەبەسـتی دیـداری بارزانـی، لـە ڕێگەی عەلـی ئەفەندییـەوە وەک نێوەندگیرێـک گەیشـتنە مێرگەسـۆر. ئەم دیـدارە دوای دابڕانێکـی زۆر و دوای چەندیـن ڕووداوی خوێنـاوی و پشـێوی و ئـاژاوەی ناوخۆیـی دەسـتی پێکـرد. لێـرەوە جارێکـی تـر هـەردوو لایـەن، لەسـەر مێزێکـی گفتوگـۆدا گەیشـتنەوە بـە دیـداری یەکتریـی. بارزانـی هـاوڕێ لەگـەڵ پاسـەوانە پارێزەرەکانیـدا، لەبـارەگای دیاریکـراوی خـۆی کـە لـە شـوێنێکی پەنهـان و چەپەکـدا بـوو، پێشـوەخت هاتبوویـە خـوارێ و لـە چاوڕوانـی شـاندی دانوسـکاردا بـوو. دروسـت لـەم کاتـەدا ئاژاوەیەکـی نـوێ قەومایـەوە. دیسـانەوە وەک نەریتـی هەمیشـەیی بەریەککەوتـن و بـەزم و گێچەڵگێڕانێـك ڕوویدابـوو. دواتـر دەرکـەوت شـەڕێکی چەکداریـی توندی نێـوان چەنـد چەکدارێکـی کورد و هێزەکانـی میرییـە و بەریەککەوتـن لەنێوانیانـدا ڕوویـداوە. قەومانـی ئـەو شـەڕەی

نێوان هەردوولا، ببووە هۆی کوژرانی لاوێک بەناوی محەمەد کاکەشار. بارزانی پێش ئەوەی لەگەڵ شاندەکەدا کۆبێتەوە. گوێبیستی ئەم هەواڵە خەمناکە بوو. بۆیە لە حەسرەتی ئەم خوێنڕێژییە ناهەق و ناگوناهەدا، ڕاستەوخۆ فەرمانی دابوو، پێویستە بەرپەرچی هەموو ئەو هێزانەی سنوورەکە بدەنەوە و چیدی نەهێڵن هەروا بە بە خۆڕایی خوێنی لاوانی کورد بڕێژن. بۆیە بە فەرمانی بارزانی لە چەندین لاوە بەتوندی هێرشی جەنگاوەرانی کورد کرابووە سەر شوێن و بارەگای لیوا سەربازییەکانی سوپای عێراقی. هەموو ئەو پشێوییانەش زیاتر سنووری مێرگەسۆری گرتبوویەوە. لە ئاکامدا، بارزانییەکان توانیبوویان تێکڕای تیمەکانی چاودێریی و ئاسایشیی سنوورەکە تەمبێ و تەفروتونا بکەن، چونکە لە ڕاستیدا ئەو تیمانە، هەمان ئەو سەربازە سەرچڵ و بێبەزەییانە بوون، کە ببوونە بایسی کوشتنی کاکەشار. بەمجۆرە دوای هێوربوونەوەی ئەو دۆخە لە ناکاوەی ڕوویدا، ئینجا شاندەکە توانیبوویان دەرفەتی یەکتربینینیان لەگەڵ بارزانیدا بۆ بڕەخسێت. ئەوەبوو دواجار چاویان بەیەکتر کەوت و کۆبوونەوەکانیان درێژەپێدا.

شایانی بیرهێنانەوەیە لە کۆی کۆبوونەوەکانی نێوانیاندا محەمەد خالیدی برازای بارزانی، وەك ئەوەی پێشتر پێشنیاریان کردبوو ئامادە و بەشداری کۆبوونەوەکان بوو. تەنانەت دەرفەتیان دابوویە کە چەند ڕۆژێک لەگەڵ بارزانیدا مابوویەوە. دواتر دوای ئەوەی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی بابی دووروەڵاتی گەیاندبوویە بارزانی و دیدەنی خۆی کردبوو، ئیتر بەرەو بەغداد گەڕابوویەوە و هەواڵی ڕەوش و ڕازی مانەوەی بارزانییەکانی لەو شاخ و بەندەن و بەردانەدا گەیاندبوویەوە شێخ ئەحمەد بارزانی. بەگشتی حکومەت پەیجووری ئەوە بوو بە زووترین کات لەگەڵ بارزانییەکاندا بگەنە ڕێککەوتنێک، بۆیە هەر کە محەمەد خالید گەڕایوویەوە پایتەخت و دوای ئەوەی ئامادەیی بارزانیشیان بۆ گفتوگۆ و گیانی ئاشتەوایی نێوانیان پێگەیەنرا بوو. ڕاستەوخۆ ماجید مستەفا، بە نوێنەرایەتی سەرۆکوەزیرانی عێراق، بە مەبەستی لێکتێگەیشتنی زێدەتر، بە مەبەستی بینینی بارزانی بەرەو کوردستان کەوتبووەڕێ. لە ڕاستیدا ئەم پەلەپڕوزێ پێشوەختەی شاندی حکومەت بۆ دیداری بارزانی هەوانتە نەبوو، چونکە حکومەتی نوری سەعید زانیارییان هەبوو کە سەرکوتی جوڵانەوەی بارزانییەکان کارێکی ئاسان نییە. بۆیە لە ڕەوشێکی وەهادا وێری گفتوگۆیان دەکرد و گەرەکیان بوو، بەهەر نرخێک بووە، بارزانی بهێننە ژێرباری بارودۆخێکەوە کە

بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان بتوانن سوود لە کاتی زیاتر ببینن. ئاخر ئەوان لەو ڕاستییە تێگەیشتبوون کە زاڵبوون بەسەر بابەتی بزووتنەوە کوردییەکەدا، ئاتاجی بە بوونی دامەزراوەیەکی دووربینی هەواڵگیری و هێزێکی تۆکمەی توانای سەربازی و ستراتیژێکی ورد هەبوو. هەربۆیە لە میکانیزمی دەستاوەستکردنی وەختی پێویستدا، هەستان بە هێنان و دامەزراندنی ئەفسەرانی هەواڵگیریی پەیوەست بە ڕژێم. هەموو ئەوانەیان وەک وەردیان و ناوبژیوانی نێوان جەنگاوەرانی بارزانی و کاربەدەستانی دەوڵەتیدا دامەزراند بوون. ئیتر لەڕێی ئەوانەوە لینک و لێکۆڵینەوە و لایەنی کات و شوێنی کۆبوونەوەکان بڕیاریان لەسەر دەدرا. بەمەش کەم تا زۆرێک برستی بزووتنەوە نەتەوەییەکە کەوتبووە مشتی مەزنەکانی دەسەڵاتی دوایایەتییەوە. ماوەتەوە بڵێین لەو قۆناغەدا، ناوچە کوردییەکان، تێکڕای شار و شارۆچکەکانی سنوورەکە، خاوەنداریێتی دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنییان لە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی ئیداری لیوا و قەزا کوردییەکاندا بوو. بەتایبەتی ئەم تایبەتمەندییە لە ناوچە کوردستانییەکانی عێراقدا، مۆرکێکی ئێجگار زەق و بەرچاو بوو.

بۆنموونە ئەفسەرە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە ناوبژیوانی نێوان کورد و حکومەت، ئەوانەی بە بڕیارێکی نوێ و بە مەبەستی بەرەودان بە بەرنامە هەواڵگیرییەکانی ڕژێم هێنرابوونە ناو ناوانەوە، هەرکامێکیان کوردێکی دەربارى دەوڵەت دەیبردن بەڕێوە و هەمووشیان لەژێر بەرپرسایەتی کوردێکدا بوون. ئەو ئەفسەرە کوردەش دەبوایە پلەی جەنەڕاڵی لە ڕیزەکانی سوپای عێراقیدا وەرگرتبوایە. دیارە ئەو کارەکتەرە کوردەش ناوی بەهادین نوری دوایا بوو. ناوبراو وێڕای ئەوەی لە ڕووکەشدا پۆستی بەڕێوەبردنی سلێمانی پێدرا بوو. لە هەمان کاتیشدا ئەرکە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتگەلی تێروتەسەل و بەرزکردنەوەیان بۆ (عەقید کینگ)ی بەریتانی. ئەو لەم ئەرکەیدا هەمان ڕۆڵی ئەفسەرانی پەیوەندی هەبوو، ئەوانەی لە شاروشارۆچکەکانی تری کوردستانەوە، ڕاپۆرتە هەواڵگیرییەکانیان دەگەیاندە دەستی ئینگلیزەکان.

لە میانی ئەو پڕۆسەیەدا بێ لە بەڕێوەبەری سلێمانی، (١٠)دانە کوردی دیکە، وەک ئەفسەری پەیوەندی دامەزرابوون و تێکڕایان تێکەڵی کارەکانیان ببوون. بۆنموونە کەسانی وەک میجر عیزەت عەزیز کە سەرۆکی پێشووی ئەرکانی فیرقەی ٢ی عێراقی

بـوو لـە کەرکـووک، هـەم پەیوەندییەکـی نزیکـی لەگـەڵ کەسـایەتییە عەرەبی، کـوردی و ئینگلیزییەکاندا هەبـوو، هەمیـش کردبوویانـە بەڕێوەبـەری ئیـداری سـنووری بـارزان. هەمانـکات عەقیدێکـی ڕەواندوزیـش، کربوویـە بەڕێوەبـەری ئیـدارەی ڕەواندوز. جیـا لەوانـە هەریـەك لـە کاپتن مسـتەفا خوشـناو وەکـو بەرپرسـی سـەربازی سـنووری زێبـار، کاپتن میرحاجیـش، کرابوویـە بەڕێوەبـەری ئیـداری ئاکـرێ، کاپتن سـەید عەزیـز عەبـدوڵڵا، کرابوویـە بەڕێوەبـەری سـەربازی مێرگەسـۆر، کاپتن فوئـاد عـارف کرابوویـە بەڕێوەبـەری سـەربازی قـەڵادزێ، کاپتن مەجیـد عەلـی، کرابوویـە بەڕێوەبـەری سـەربازی ئامێـدی، بەمجـۆرە هەمـوو ئەوانـە لـە هەمانکاتـدا لینکـی نێـوان لایەنـی کـوردی و دەوڵەتـی عێراقیـان پێسـپێردرا بـوو. دیـارە ئـەوان بـە فەرمـی ئەرکـی ئامادەکـردن و ڕەخسـاندنی زەمینـەی دانوسـتان و گفتوگۆکانیـان دەبردبەڕێـوە. هەڵبەتـە سـەختی ئابـووری و نەبوونـی چـەک و خواسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتیانە بـۆ پرسـی کـورد، تێکڕایـان پاڵنـەری ئـەوە بـوون کـە مسـتەفا بارزانـی لـە کۆتایـی مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٣دا، لـە کۆبوونـەوەی ئەفسـەرانی پەیوەندیـدا، ئـەم خاڵانـەی کردبـووە بنەمایەکـی بابەتییانـە بـۆ ڕێککەوتـن لەسـەریان:

- دانانـی کوردێـک بـۆ هـەر کابینەیەکـی وەزیـران کـە ئەرکـی بریتـی بێـت لـە سەرپەرشـتی کـردن و بەڕێوەبردنـی هەرێمـی کوردسـتان.
- دانانی کوردێک وەک یاریدەدەر و بریکاری هەر وەزیرێک لە وەزارەتەکاندا.
- داننـان بـە زمانـی کـوردی وەک زمانێکـی فەرمـی و سـەرەکی، ڕێـک هاوشـانی زمانـی فەرمـی و سـەرەکی عەرەبـی.
- دەستکردن بە جێبەجێکردنی چاکسازیی ئابووریی لە سەرانسەری کوردستاندا.
- قەرەبووکردنـەوەی هەمـوو ئەوانـەی بوونەتـە قوربانـی و زەبـر و زیانیـان لـە بەرکەوتـەی جەنگەکانـدا بەرکەوتـووە.
- کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانەی نوێ و دروستکردنی ڕێگاوبان و یەکەی نیشتەجێبوون.
- کایـەی حکومەتـی ناوەنـدی لـە بـواری بەرگـری و دارایـی و کاروبـاری دەرەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە و کوردسـتان لـەو بوارانـەدا پەیوەسـتە بـە ناوەنـدەوە.
- بڕیاری خێرای لێبوردن و گەڕانەوەی هەموو دەربەدەر و زیندانییە سیاسییانەی کورد[1].

---

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 74–75.

بــۆ یەکەمجــار مســتەفا بارزانــی، هەمــوو ئــەو داواکارییــە نیشــتمانی و نەتەوەییانــەی خســتنەڕوو. دواتر لــە ٧ی ژانویــەی ١٩٤٤ دا، ماجیــد مســتەفا بــە ســەرۆکایەتی شــاندی میریــی، گەیشــتەوە ناوچــە ئازادکراوەکانــی ژێــر دەســەڵاتی بارزانــی. هەڵبەتــە بــەر لــەوەی ماجیــد مســتەفا بگاتــە بــەرەوە، پێشــوەختە مســتەفا بارزانــی پەیوەســت بــە هەڵوێســتەکانی و پێداگریــی لەســەر داوا ڕەواکانــی نەتــەوەی کــورد، لەگــەڵ نوێنەرانــی کۆمەڵــەی هیــوا، ســەبارەت بــە تــەواوی داواکارییەکانیــان گەیشــتبوویە ڕێککەوتــن و هەردوولاشــیان هەمــان داواکارییــان لەمــەڕ دۆز و داواکارییەکانــی کــوردەوە بەرزکردبوویەوە. ئەوەبــوو بــە گەیشــتنی شــاندی دانوســتانکار، کۆبوونەوەکانــی نێوانیــان دەســتی پێکــرد بــوو. دوای ئــەوەی خولــی گفتوگــۆکان هەفتەیەکیــان خایانــد. دواجــار گەیشــتنە ڕێککەوتــن. بەپێــی ڕێککەوتنەکــە دەبــوو بەبــێ بوونــی هیــچ مەرجێکــی پێشــوەخت، شــێخ ئەحمــەد بارزانــی و ســەرکردەکانی دیکــەی بــارزان بگەڕێنــەوە ســەر زەمیــن و زێــدی خۆیــان لــە ناوچــەی بارزانــدا. دوای نزیکبوونــەوەی هــەردوولا و ڕەزامەندییــان لەســەر تێکــڕای خاڵەکانــی ڕێککەوتنەکــە. ئــیتر بڕیــار بــوو مســتەفا بارزانیــش، وەک نیشــاندانی نیشــانەی نیازپاکــی و چێکردنــی متمانــەی زێدەتــر لەنێــوان هەردوولایانــدا تەشریفیــان بەرنــە بەغــداد. بەمجــۆرە و بەشــێوەیەکی خێــرا، وەکئــەوەی بڵێــن بابەتەکــە جدییــە، پەیوەســت بــە بەندەکانــی ڕێککەوتنەکــەی نێــوان نوێنەرانــی کــورد و میرییــەوە. بــە زوویــی حکومەتیــش بەڵێنیــدا، دەســت بکــەن بــە کردنــەوەی قوتابخانەگەلێــك لــە بــارزان و دەوربەریــدا. لەگــەڵ ئەوەشــدا بڕیــار درابــوو دەســتبەجێ دۆخــی داڕووخــاوی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی ناوچەکــە جارێکــی تــر ببوژێننــەوە.

بارزانــی لەمیانــی ئــەم هەلومەرجــەدا کــە بــە ســاتەوەختێکی هەســتیاردا تێدەپەڕیــن، دۆخەکــەی قۆســتەوە بــۆ ســازدانی دیدارەکانــی خــۆی لەگــەڵ ئــەو ئەفســەرە کوردانــەی هێشــتا لەنێــو ســوپای عێراقیــدا مابوونــەوە، وەلــێ بــە هاودڵــی و هاوســۆزییان بــۆ بارزانییــەکان و بزووتنــەوە ڕزگاریخوازییەکــەی کــورد نــاسرا بــوون. ســەرەڕای ئــەوەی ئــەم ڕێککەوتنانــە بایەخێکــی ئەرێنیــان هەبــوو، هــاوکات دانپێدانانێکــی دروســتی دەوڵەتــی عێراقیشــیان دەگەیانــد. لەگــەڵ ئەوەشــدا هێشــتا ڕێککەوتنەکەیــان لەچوارچێــوە تیۆرییەکەیــەوە نەترازابوویــە دەرەوەی مێــزی گفتوگــۆکان. بەڵکــو هێشــتا ئــەوەی دەگوزەرا، ڕێککەوتنێکــی ســنووردار و بەرایــی بوو. بــەو پێیــەی پەیــڕەوی پەیماننامەکــە لــە دیــدی دەوڵەتــی عێراقیــدا، بەتەنــێ ئاڵابوویە دەڤــەری بارزانــەوە. هەربۆیــە لــە کاردانــەوەی

لۆژیکێکــی وەهادا، ژمارەیــەک ڕێکخــراوی دیموکراتــی و نیشــتمانی لــە کوردســتانەوە، ســەرکەوتنەکانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کــورد و ڕێککەوتنــی ناچاریــی حکومەتیــان لــەدوای گــەڕی دانوســتان و بگــرەو بەردەیەکــی زۆر، کــۆی پێشــهاتە نوێیەکانیــان وەك ڕووداوێکــی گەلــێ گرنــگ و گۆڕانکارییەکــی مێژوویــی ناوبــردن. هەڵبەتــە ئــەوان پێیــان وابــوو، قۆناغــی پرســی نەتــەوەی کــورد گەیشــتووەتە ئاســتێک، چیدیکــە وەک لایەنێکــی ســەرەکی و خــاوەن خواســتی نەتەوەیــەک ئامــاژەی بــۆ دەکرێــت. هــاوکات ئەوەشــیان ڕاگەیانــد بــوو کــە ئــەوان وەک نەتــەوەی کــورد، بوونەتــە داینەمــۆی چالاککردنــی ژیانــی سیاســی و مەدەنــی لــە کوردســتان و عێراقــدا. دواجــار دوا واژۆ لەســەر کــۆی بەندەکانــی ڕێککەوتنەکــە کــرا و هەریــەک لــە لایەنــی کــوردی بــە ڕابەرایەتــی مســتەفا بارزانــی و لایەنــی دەوڵەتیــش پێکــەوە لەســەر ئــەم خاڵانــەی خــوارەوە گەیشــتنە ئەنجامــی کۆتایــی:

١. هەمــوو ئــەو ناوچــە ئازادکراوانــەی کەوتبوونــە ژێــر ڕکێفــی ڕاپەڕینــەوە، تێکڕایــان هــەر لەژێــر فەرمانڕەوایەتــی بارزانیــدا دەمێننــەوە.
٢. پێویســتە دەســتبەجێ هەمــوو ئــەو کەســانەی لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ ڕووداوەکانــی (باکــووری عێــراق)دا خراونەتــە بەندیخانــەوە، ئــازاد بکرێــن.
٣. تێکــڕای ئــەو چەکانــەی لــە دەســتی جەنگاوەرانــی کــورددا ماونەتــەوە، تەنانــەت ئــەو چەکانــەش کــە لــە جەنگەکانــدا دەســتیان بەســەردا گیــراوە، بەهەمــان شــێوە لەدەســتی جەنگاوەرانــدا دەمێننــەوە و کەســیان لــە چــەک داناماڵرێــن.
٤. پێویســتە بەشــێوەیەکی دادپەروەرانــە و بەگوێــرەی بنەمــای دادپەروەرێتی لە ســەروەت و ســاماندا، بەرهەمــە پیشەســازیی و خواردەمەنییــەکان، تێکڕایــان کوردســتانیش بگرنەوە.
٥. لە ناوچە کوردستانییەکاندا، فەرمانڕەوایی لە دەستی کورددا دەبێت.
٦. پێدانــی مافــی ئۆتۆنۆمییەکــی ســنووردار بــۆ کوردســتانی عێــراق، پەیوەســت بــە چەســپاندن و چارەســەریی مافــە ڕۆشــنبیری و پەروەردەییەکانــە، بەشــێوەیەک حکومەتــی عێراقیــش لــە ســەریەتی پــارەی پێویســت بــۆ دروســتکردنی قوتابخانــە و نەخۆشــخانەکان لــە کوردســتاندا دابیــن بــکات[1].

دیــارە دەســەڵاتدارانی عێراقیــی، ڕەزامەندییــان لەســەر کــۆی مــەرج و داواکارییەکانــی بارزانیــی نــەدا، نــەك هــەر ئەوەنــدی، تەنانــەت ســەربازانی حکومــەت، وەک ئــەوەی

(1) Там же, С. 168–169.

ڕێککەوتنێ لە گۆڕێدا نەبووبێ، گەڕانەوە سەربازگەکانیان. ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە لە زۆربەی زۆری ناوچە کوردنشینەکاندا، شتێک نەمابوو بەناوی حکومەت و تەنانەت لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدا خۆیان دەبینیەوە. کەواتە ناکرێ ئەو ڕاستییانە فەرامۆش بکەین کە هەرچەندە دەسەڵاتداران هەنگاوی گرنگیان بۆ چەسپاندنی خواستەکانی کورد نەگرتبووەبەر، بەتایبەتیش هەندی گرفتی ناوخۆیی لە کەرتی کشتوکاڵ و ئابووریدا وەکخۆیان مابوونەوە، لەوانە: نەهێشتن و سنووردارکردنی بەرهەمهێنانی توتن، دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ ناوچە کوردستانییەکان و هتد. بە گشتی لایەنی دەوڵەتیی هیچ نیازێکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامانە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لە چوارچێوەی ئاساییکردنەوەی دۆخەکەدا، جارێکی تریش ماجید مستەفا لە بەغداوە بەرەو کوردستان ناردیانەوە. ئەوەبوو لە ئاکامی ئەم سەردانەیدا، دروست لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٤٤ دا، ئەمجارەیان بە یاوەری بارزانی پێکەوە چوونەوە بەغداد. لەڕوانینی ماجید مستەفادا ئەم نزیکایەتی و نواندنی دۆستایەتییە، هەمووی بە مەبەستی دروستکردنی متمانە و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان و نەمانی نیاز و وزەی نەرێنی نێوانیان بوو. هاوکات لە ڕوانینی بارزانیشدا بابەتەکە وەک دەرفەتێک بۆ دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی هیوا و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و چێکردنی ڕایەڵە و ڕازی پێوەندییەکی تۆکمە تەماشا دەکرا. ئەگین بارزانی ئەسلەن باوەڕی بە بەڵێنی عێراقییەکان نەمابوو. هەرچۆنێك بێت بارزانی لە دواین سەردانیدا بۆ بەغداد، لە (هۆتێل شەتولعەرەب) دا مابوویەوە و هەر لەوێش لەگەڵ نوری سەعیدی سەرۆک وەزیران و چەند وەزیرێکدا کۆبوونەوەی ئەنجامدابوو. ئەوەبوو بۆ دواینجار حکومەت جێبەجێکردنی تێکڕای خاڵەکانی ڕێککەوتنامەی نێوانیانی پشتڕاستکردبوویەوە. ئەو ڕێککەوتنەی کە لەلایەن ماجید مستەفا و خودی بارزانییەوە لە کۆتاجاردا هەردوولا واژۆیان لەسەر کردبوو. بارزانی دوای مانەوەی بۆ یەك هەفتە لە ناوەندا، ئیدی بەیەکجاری گەڕایەوە بارزان. دوای گەڕانەوەی، دروست لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٤دا، دەسەڵاتدارانی عێراقی، بەتایبەت بەرپرسانی ئیداری و سەربازانی ناوچەکە، تێکڕای سەرۆکهۆز و شێخەکانی کوردیان کۆکردنەوە. لە کۆبوونەوەکەدا خودی سەرۆکوەزیران نوری سەعید، قسەی بۆ ئامادەبووان کردبوو. ناوبراو لەمیانی قسەکانیدا گرێنتی

ئـەوەی دابوویـە هەمـووان کـە ڕێککەوتنـی نێوانیان لەگـەڵ بارزانیـدا جێبەجـێ دەکات. لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٤٤ دا، جارێکـی تریـش نـوری سـەعید بـە یـاوەری ماجیـد مسـتەفا، گەشـتێکی دیکەیـان بـۆ کوردسـتان دەسـتپێکردەوە. ئەمجارەیـان لـە هەریـەک لـە شـارەکانی کەرکـووک و هەولێـردا بەجیـا، ستایشـی نیشـتمانپەروەری و ئازایەتـی و بوێـری و بەرخودانی گەلـی کوردسـتانیان کـرد بـوو. هـاوکات جەختیـان لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە کردبوویـەوە کـە بۆخۆیـان بنچەیـان کـوردە و کـوردن، بۆیـە ناکرێـت خواسـتێکی دڵسـۆزانە و پەرۆشـییەکی لەڕادەبەدەریـان بـۆ کـوردەواری نەبێـت. جارێکـی تریـش لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٤٤ دا، نـوری سـەعیدی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق، دیسـانەوە کۆبوونەوەیەکـی بەرفراوانـی لەگـەڵ سـەرکردە و سـەرۆکهۆزەکانی کورددا ئەنجامدایـەوە. ئەوەبـوو لـە کۆبوونەوەکـەدا ڕایگەیاند:"هـەر ئـەم ڕێوشـوێنانەن کـە دەبنـە هەنـگاوی یەکـەم بـەرەو دروسـتکردنی ئۆتۆنۆمییەکـی تـەواو بـۆ ناوچـە کوردنشـینەکانی عێـراق".[1] ئەوەبـوو سـەرانی کوردیـش بـە کـۆی دەنـگ ئـەم ڕێکارانـەی حکومەتـی عێراقیـان پـێ پەسـەند و بەلایانـەوە شـتانێکی شـیاو و بـە بایـەخ بـوون. سـەبارەت بـە فۆرمەکانـی ئۆتۆنۆمییەکـی نوێـی پەیوەسـت بـە ناوچـە کوردنشـینەکان، ئـەم دۆسـییەیە وا بڕیـاری لەسـەر درابـوو کـە لـە لایـەن ئەفسـەرانی پەیوەنـدی بەریتانیـاوە، سەرپەرشـتی بکرێـت و ئەوانیـش وەك ناوبژیوانێـك لـە پرۆسـەکەدا بـن. هەڵبەتـە کەسـێک بەنـاوی عەقیـد لایـن کـە سیاسـییەکی بەریتانـی بـوو، هـەم نەخشـەی بـۆ داڕشـتبوو، هەمیـش پـەرەی پێـدا بـوو. بۆیـە بەپێـی ئـەو بەڵگەنامەیـەی ئینگلیـزەکان دایانڕشـتبوو، پێشتریش وەکـو داواکاری بارزانـی سـووربوونی خـۆی لەسـەریان دووپاتکردبوویـەوە، بۆیـە دەبـوو هەرێمـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان هـەر پێنـج لیـوا کوردییەکـە لەخـۆ بگرێـت. دیـارە بـە گوێـرەی ڕێککەوتنـی نێوانیشـیان، بڕیـار بـوو بەشـەگەلێکی تایبـەت بـە کەرتـی پـەروەردە و ئـەو لایەنانـەی دادپەروەرییـان تێـدا ڕەچاودەکرێـت، دابمەزرێـن. هەروەکچـۆن بڕیـار بوو کوردێـک وەک جێگـری سـەرۆکوەزیرانی عێـراق دیـاری بکرێـت. لـە کۆتایـدا ئـەم بابەتانـە بەشـێوەی تیـۆری مابونـەوە و هیچـکام لـە بڕگـەکان و ئـەو بڕیارانـە دەسـتیان بـۆ نەبـرا. بـە گشـتی پرۆژەیاسـا تایبەتەکانـی پەیوەسـت بـە پرسـی کـورد ڕوون و ئاشـکرا بـوون، هەمـوو ئـەو پرۆژانـەش لەلایـەن خـودی نـوری سـەعیدی سـەرۆک وەزیـران و

(1) Там же, С. 79.

زۆربەی وەزیرەکانی کابینەکەیەوە واژۆیان لەسەر کرابوو، بەڵام نە عەبدولئیلای وەسی شافەیسەڵی بچوک و نە نوێنەرانی پەرلەمانی عێراق، هیچکامیان لەگەڵ پرۆژەیاسای کابینەکەدا ڕازی نەبوون و سەرلەبەری پرۆژەبڕیار و پرۆژەیاساکانیان دانە دواوە. لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا، حکومەت بۆ جارێکی دیکە پێشنیاری لێبوردنی گشتی بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی بەرزکردەوە، وەلێ ئەم بڕگەیەش لەلایەن فراکسیۆنەکانی نزیک بە سوپاوە پەراوێزخران. چون سوپای عێراقی هەستی بەشکست و دۆڕانێکی مێژوویی دەکرد لە تەواوی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کردبوویانە سەر خەباتکارانی کورد. بۆیە بۆ پینەکردنی پلار و تانەی ئاراستەکراوی سەر شکۆمەندییان، وەها خۆیان نیشاندەدا کە دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دژ بە بارزانی، بابەتێکی لەپێشینەی سوپای عێراقییە و دەسبەرداریان نابن. دواجار لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ دا، نوری سەعید لەژێر فشارێکی ئێجگار بەرفراوانی سوپا و نەیارانی ڕێککەوتنەکەدا، ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە کرا. بەمەش کابینەی نوێی حکومەت، سپێردرایە حەمدی پاچەچی. ناوبراویش لەگەڵ یەکەم کاری دوای دەستبەکاربوونیدا، دامەزراوەی ئەفسەرانی پەیوەندی کوردی هەڵوەشاندەوە و ناوچە کوردستانییەکانی عێراقیشی گەڕاندنەوە دۆخی پێشوویان. بە گوتەی مەسعود بارزانی:" لەپشت پەردەی پێشهاتێکی سیناریۆئامێزی وەهادا، ئینگلیزەکان ئامادەبوون، چون ئەوان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە سیاسەتی عێراقیدا هەبوو، ئەوان لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەبێ هیچ دوودڵییەک، چارەسەریی هەر کێشە و گرفتێکیان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە دەبینی، چونکە ئەوان لە خەمی لەدەستدانی پێگە و هەژموونی پێشووتریاندا بوون. دەترسان کاریگەرییان کەم بێتەوە. هەربۆیە ئینگلیزەکان ئارەزووی چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردی عێراقیان، تەنیا لە ڕێگەی مەکر و میزاجی ساختە و سیناریۆی سیاسییەوە خستبووە نەخشە نەریتیی و نەرێنییەکەی سیاسەتیانەوە".

لەڕاستیدا نوری سەعید نیازی پابەندبوونی بە بەڵێنەکانی پێشوویەوە هەبوو. هەربۆیە ئینگلیزەکان کڵاویان لەسەر دانا و لە شوێنیدا سەرۆکوەزیرانێکی نوێیان دیاریکرد، بەجۆرێک ئەمجارەیان خەیاڵیان تەخت بێت، چونکە ئەم سەرۆکوەزیرانە نوێیە دوور لە هەموو پابەندبوون و پەیمانێکی پێشووترەوە پرۆژەکانی چارەسەریی

دانـە دواوە. بەمـەش بـە ماوەیەکـی کـەم لـە دوای دەستلەکارکێشانەوەی نـوری سـەعید، سـەرۆکوەزیرانی نـوێ، لـە ڕاپۆرتێکیـدا کـە لـە سـاڵی ١٩٤٤ دا ئامـادەی کردبـوو، تێیـدا زۆر بـە کورتی، پرسـی کـوردی شـیکردەوە، هـاوکات هەڵسـەنگاندنی حکومەتەکـەی بـۆ دۆخـی کوردسـتان بـەم شـێوەیە خسـتەڕوو: " ئێسـتا کـورد لـە عێراقـدا، بەسـەر سـێ گروپـدا دابەشـبوون: گروپـی یەکەمیـان، پێکدێـن لـە سـەرۆکهۆز و خێڵەکییـەکان کـە تێکڕایـان پابەنـدن و پەیجـوری پەیوەندییـە نێرسـالارییەکانن. ئـەم گروپـە داواکاریـی سیاسـی تایبەتییـان ناخەنـە ڕوو. تەنیـا ئامانجێکـی سـەرەکییان بریتییـە لـە پاراسـتنی دەسـەڵات و هێشـتنەوەی هەژموونیـان بەسـەر هـۆز و خێـڵ و خـاک و پاوانـی ژێردەسـتەکانیان. گروپی دووەمیـان، بریتیـن لـە سـەروەتمەندە بازرگانـەکان، ئەمانـە پێکدێـن لەوانـەی هەمیشـە دەخـوازن حکومـەت پارێـزگاری لـە ئاشـتی و دابینکردنـی ئارامـی و دوورکەوتنـەوە لـە شەڕوشـۆڕ بگرێتەبـەر. تەنیـا پەرۆشـی پێناوێکـن تـا بتوانـن بازرگانییەکانیـان فـراوان و بەرژەوەندییەکانیـان بـاشتر بپارێـزن. تاقمـی سـێهەم، خۆیان لـە ڕۆشـنبیر و خوێنـدەوارەکان دەبیننـەوە، ئـەم گروپـەش پێکدێـن، لەوانـەی بـەردەوام لـە گەشـونماکردنداان و بـەردەوام داوای مافـی یەکسـانی و هاوبەشـایەتی دەکـەن لەگـەڵ ئـیتن و ئاینـە جیاوازەکانـی عێراقدا، هـەر ئەوانیشـن بانگەشـە بـۆ دروسـتکردنی قوتابخانـە و بڵاوبوونـەوەی پـەروەردە و پەرەپێدانـی چاودێـری تەندروسـتی ناوچە کوردسـتانییەکان دەکـەن. ئـەوان دەیانەوێـت ئیدارەیەکـی لۆکاڵـی لـە کوردسـتاندا دروسـت بکرێـت، ئیدارەیـەک کـە لـە دەسـتی کـورد خۆیـدا هەڵسـوڕێت و کاریگەریـی سـەرۆکهۆزەکانی بەسـەرەوە کەمبێتەوە". [1]

بـێ لـە ناوەرۆکـی ئـەو ڕاپۆرتـەی سـەرەوە، پێـشتر نـوری سـەعید، هەڵسـەنگاندنێکی جیاوازتـری سـەبارەت بـە پرسـی کـورد هەبـوو، ئـەو پێـی وابـوو:" ئەگـەر بـە وردی لـە پێشـهات و گەشەسـەندنی ڕووداوەکان بکۆڵینـەوە، ئەوانـەی ببوونـە بایسـی شـەڕ و ماڵوێرانیـی هاووڵاتیـان، ئـەوا بەڕوونـی لـەو ڕاسـتییە تێدەگەیـن کـە زلهێـزەکان بـوون، ئەوانـن گەرەکیـان بـووە کێشـەی کـورد لەپێنـاو بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاربهێنـن". هەڵبەتـە تێکـڕای ڕووداوەکانـی ئـەو قۆناغـەی کوردسـتان، لـە چاپەمەنـی سـۆڤیەتدا، بایەخێکـی فرەیـان پێـدەدرا و بـە وردیـش ڕوومـاڵ دەکـران و هەڵسـەنگاندنیان بـۆ دەکـرا. لەمبارەیـەوە، نموونەیەکـی پەیامنێـری ڕۆژنامـەی پراڤـدا، پ.دەمچنکـۆ

(1) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq. Syracuse, 1981, c. 33.

دەهێنینــەوە کــە نووســیبووی:" کــورد چەندیــن لاپــەڕەی شــکۆمەندی لــە مێــژووی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی عێراقــدا نووســیوەتەوە. ئــەوان لــە ســاڵی ١٩٤٣دا ئــاڵای خەباتــی نەتەوەییــان لەلایــەن یەکێــک لــە ســەرکردەکانی هــۆزی بارزانیــی کــوردەوە، (مــەلا مســتەفا بارزانی)یــەوە بەرزکــردەوە و ڕاپەڕینەکــەی بــە ئامانجــی بەدەســتهێنانی ئۆتۆنۆمــی نەتەوەیــی بــۆ کــورد لــە عێــراق، زۆر بــە خێرایــی پــەرەی ســەند". لەبەشــێکی دیکــەی وتارەکــەی پراڤــدادا هاتبــوو: "بارزانــی بــە هەموانــی ڕاگەیانــد: بــە برایەتــی لەگــەڵ عەرەبــدا، دەتوانــن پێکــەوە خەباتێکــی هاوبــەش لــە دژی ڕژێمــی فاشیســت، لــە پێنــاو ئــازادی و دیموکراســیدا درێــژە پێبــدەن".[1]

لەڕاســتیدا تــا ڕادەیەکــی دیاریکــراو، ئــەو ڕوانینانــەی بارزانــی ئامــاژە بــوون کــە ئــەوان لەپێنــاو بزووتنەوەیەکــی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی پانکوردیــدا تێدەکۆشــن. هەربۆیە مســتەفا بارزانــی لــە تــەواوی قۆناغەکانــی ڕاپەڕینەکەیــدا، واتە لــە ئەیلوولــی ١٩٤٣ وە تاوەکــو مانگــی ئایــاری ١٩٤٤، پێکدادانەکانیــان لەنێــوان دەربــارە سیاســییەکانی بەریتانیــا و حکومەتــدا بــەردەوام بــوو. دواجار ئــەوە ڕوونبــووەوە کــە دەســەڵاتدارانی عێــراق دیســانەوە بەنیــازن هێرشــێکی نــوێ بــۆ ســەر بارزانییــەکان بەڕێوەبــەرن و کۆتایــی بــە ڕێککەوتنەکانــی نێوانیــان بهێنــن. بارزانیــش زانیــاری تــەواوی هەبــوو، بۆیــە یەکســەر هەمــوو یەکــە ســەربازییەکانی بارزانــی خســتنە بــاری نائاســایی و ئامادەباشــییەوە. هاوکات جەختیشــی لەســەر یەکڕیزیــی و یەکگرتوویــی ڕیزەکانــی ڕاپەڕیــن کــردەوە. بــەم بۆنەیــەوە داوای نەهێشــتنی جیاوازییــە ناوخۆییــەکان و شــەڕی کۆنەقینی نێــوان هۆزەکانــی کوردیشــی دووپاتکــردەوە. هــاوکات لەپێنــاو کۆکردنــەوەی هێــزی مرۆیــی جەوانــان و جەنگاوەرانــی نوێــدا، داوای پشــتیوانی لــە ســەرۆکهۆزەکانی کــورد کــرد. بــۆ ئــەم مەبەســتەس گەشــتێکی فراوانــی بــە مەبەستی بەسەرکردنەوەی هــۆزە کاریگەرەکانــی دەســتپێکرد. دیــارە بارزانــی دەمێك بــوو لــە سروشــتی خێڵەکییانــەی خەڵکەکــە ئــاگادار بوو، بــەو پێیــەی دەیزانــی دڵســۆزی و گوێڕایەڵــی بــۆ ســەرۆکۆزەکانی خۆیــان لەســەر بنەمــای داب و نەریتــی خێڵەکییــان بابەتێکــی چەســپاوە. هەربۆیــە هەوڵــی دەدا یــان ســەرۆکهۆزکان بهێنێتــە نــاو ڕیزەکانــی ڕاپەڕینــەوە یاخــود ئەوەشــی پێنەکرابایــە ،بەڵکــو توانیبــای بــە بێلایەنــی بیانهێڵێتــەوە. لەســەر ئــەم بنەمایــە بارزانــی پرۆســەی بەســەرکرکردنەوەی

(1) 9. Современный Восток. 01.01.1960.

هۆزەکانی لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٤ دا دەست پێکرد بوو. سەرەتا ناوچەی هەژمونی هۆزەکانی سورچی و زێباری بەسەرکردەوە. هەڵبەتە هۆزی سورچی و زێباری جۆرێک لە پێکدادان و پشێویی پێشینەداریان لەتەک بارزانییەکاندا هەبوو. بۆیە بارزانی هەوڵیدەدا هەم ئاوێک بکات بەسەر ئەو ئاشوب و ئاگرەدا، هەمیش بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ڕایانکێشێتە ناو جوڵانەوە نەتەوەییەکەوە. بەم بۆنەیەوە لەسەرەتاوە هۆشداریی ئەوەی پێدان کە حکومەت دەیەوێ بەکاریانبهێنێت و خەریکی نانەوەی پشێوی و پیلانی شەڕانگێزانەیە لەنێوانیاندا. هەر لەوچوارچێوەیەدا ڕاستەوخۆ دوای ئەوان، هۆزەکانی دەشتی هەولێریشی بەسەرکردەوە. لەوێ سەردانی سەرۆکهۆزی خۆشناوەکانی کرد و لە ماڵی ساڵح بەگی میراندا میوانداریی کرا. هەر لە میوانداریيەکەدا، ساڵح بەگ بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانیی پێدا. ئەوەش وایکرد بارزانی کاتێکی زۆرتری لە دەشتی هەولێردا بەسەر برد و زیاتر لەناو هۆز و تیرەکانی ئەوێدا مایەوە. هەر لە چوارچێوی مانەوەی لەناو خۆشناوەکانی سنووری هەولێردا، دیوەخان و ماڵی مەلا ئەفەندی بەسەرکردەوە و کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵیاندا ئەنجامدا، دوایان بەرەو گوندی میران کەوتەڕێ و سەردانی ماڵی فەتاح ئاغای هەرکی کرد. لەوێش هەرکییەکان لە ئەگەر هەر هێرشێکدا بۆسەر کوردستان، بەڵێنی پشتیوانییان بۆ بارزانی دووپاتکردەوە. لە دوای ماڵی فەتاح ئاغا، بەرەو ماڵی موتەسەڕیفی هەولێر سەعید قەزاز درێژەی بەسەردانەکانی دا. بارزانی لەلایەن موتەسەڕیفەوە پێشوازییەکی دۆستانەیان لێکرا و پێکەوە ڕەوشەکەیان تاوتوێ کرد. لە کۆتاجاردا دوای گەشتە چڕوپڕەکەی گەڕایەوە بارزان و ئیدی لەوێوە نەخشەی سەرلەنوێ ڕووبەڕووبوونەوەی هێز و هێزشەکانی حکومەتی داڕشت. بارازنی دەیەویست ئەمجارەیان ڕاپەڕینەکە لە سنورێکی بەرتەسکدا نەبێت، بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٥دا، سەردانی چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستانی کرد.[1] دیارە تا ئەوکات، هەوێنی هێزەکانی بارزانی، زیاتر لە کوڕانی هۆزەکانی بارزان و زێبار و بەشێک لە پیاوانی هۆزی بۆکسی پێکهاتبوون. هەڵبەتە بارزانی لە هەوڵەکانی ئەمجارەیدا، نەیتوانی پاڵپشتییەکییەکی ئەوتۆ لە هۆزە زەنگین و خاوەمولکەکانی سنووی ناوچەی

(1) 10. Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движение, С. 83.

سلێمانی بەدەستبهێنێ. ئەوە لەکاتێکدا بوو بارزانی لە دەسپێکی ڕاپەڕینی دژ بە بەریتانییەکانەوە، لە دەرەوەی سیاسەتی ئەواندا و لە دەرەوەی هەژموونی ئەواندا مابوویەوە، بەڵام شانبەشانی ئەفسەر و ڕاوێژکارانی ئینگلیز، بۆ لە بارزانییەکان، زۆرترینی هۆزەکانی کورد، پشتیوانییان لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی کورد دەکرد[1]. هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو ئینگلیزەکان هیچکاتێک ئامادەی پشتگیریی و پشتوانی لە بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانەی بارزانییەکان نەبوون. هەڵبەتە بارزانی دەیزانی سیاسەتی ئینگلیزەکان لەسەر ئاستێکی ئێجگار بەرزی پیلانگێڕیدا، زۆربەی هۆزەکانی کوردیان کەمەندکێشی کەلتووره کولۆنیکارەکانی خۆیان کردوون. بۆیە بارزانی بەتەنیا هەموو هێلکەکانی نەخستبووە ناو سەبەتەی سیاسەتی هۆزەکانەوە، بەڵکو نیازی نزیکبوونەوەی لە چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانیش هەبوو. توێژەری بەریتانی دیڤێد ماکداوڵ، لەم بارەیەوە نوسیویەتی:" پێش ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی، بەرەو ناسیۆنالیزمی کوردیی هەنگاوبنێت، ئەوا ناسیۆنالیستەکانی کورد، تێکڕا بەو ڕازی بوون و ئەویان هەڵبژارد بوو، چونکە ئەوان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و تاکتیک و توانای بەهێزی بارزانی ئەویان کردبووە سیمولی ڕزگاریخوازیی هەموو کورد و ئەو بارە سەختەی بەرپرسایەتییان، تەنیا و تەنیا بە بارزانی ڕەوادەبینی و هەر بەویش هەڵدەگیرا".

هەڵبەتە ئەزموونیش ئەوەی سەلماندبوو کە فشارخستنە سەر حکومەت و تەنگپێهەڵچنینی میریی، تەنیا کاری بارزانییە و بە بارزانیش دەکرێت. دواتر بارزانی بۆخۆی ناوێکی بەشۆرەت و ناسراوی ئەو قۆناغەی ناو سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیی بوو. هەروەها ئەوان پێیان وابوو، بارزانی هەڵگری تایبەتمەندی کارێزمایی لەخۆدا بەرجەستە کردووە. ئەمەش جێگەی هەستی شکۆ و شانازیی دەبێت بۆ هەموویان، بەتایبەتی گەر ئەفسانەیەکی وەک بارزانی پێشەنگایەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکی کورد بکات[2]. فاکتەرێکی سەرەکی لە هەڵوێست وەرگرتنی بارزانی و گۆڕانکاریی لە ئاڕاستە سیاسییەکەیدا، لەسۆنگەی ئاشنایەتی لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانەوە دروست بوو. ئەوە جگە لەوەی بۆ بارزانی

(1) Там же.

(2) MacDowell D. A modern History of the Kurds, c. 293.

ڕوونبوویـەوە کـە زۆرێـک لـە کاربەدەسـتانی کـوردی عێراق، بـە تایەتـی بەڕێوەبـەرە سـەربازییە دەستنیشـانکراوەکانی بەریتانیـا، ئەوانـەی لـە ناوچـە کوردسـتانییەکاندا ئـەرک و ئیدارەیـان پێسـپێردرابوو، دەرکـەوت بەشـێکی زۆری ئـەو بەڕێوەبـەرە سـەربازییانەی کـە ئینگلیـز دایناببـوون، ژێبەژێـر هەماهەنگییـان کـردووە، یاخـۆ ئەندامـی ڕێکخـراوی ناسیۆنالیسـتی کـوردی سـەر بـە (ژێکاف)بـوون.

هەڵبەتـە ژێـکاف بنکـەی سـەرەکی خـۆی لـە کوردسـتانی ئێرانـدا بـوو. ڕێکخراوەکـەش بـۆ یەکـەم جـار لەلایـەن کۆمەڵێـک لـە ڕۆشـنبیرانی کـوردەوە دامـەزرا بـوو. ئـەوان هەوڵیـان دەدا خۆیـان لـە نەریتخـواز و نەزمـی فیوداڵـی دوور بخەنـەوە و لەبری ئـەوە، هەوڵـی هێنانەپێشـەوەی کۆمەڵگەیەکـی مەدەنییـان دەدا.[1] هەربۆیـە دەرکەوتنـی ئەوانـە لەنـاو گۆڕەپانـە سیاسییەکەدا بـە مانـای گەشـەپێدانی پەیوەندییەکانـی بـازاڕ، پـەروەردەی سـیکولار و سـەردەمی حوکمڕانییەکـی مۆدێـرن دەهـات. هـاوکات پەیوەندییەکانـی مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ ئـەو ڕێکخـراوە پێشـکەوتووخوازانەدا، بوویـە بناغەکـی بەهێـز بـۆ خەملێنـی داواکارییـە نیشـتمانی و نەتەوەییـەکان لـە لۆژیکـی بارزانیـدا. لەسـەر ئـەم بنەمایـە بـوو، دانوسـتانەکانی مسـتەفا بارزانـی لـە مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٤٤ لەسـەر ڕێنمایـی کاپتن میرحـاج و هەماهەنگـی لەگـەڵ ئەفسـەرانی کـوردی نـاو سـوپای عێراقـدا بەرنامەڕێژییـان بـۆ کـرا بـوو. دواتریـش هـەر لەسـەر بنەمـای ڕاوێـژ و ڕێنومایـی بارزانـی هەریـەک لـە میرحـاج و مسـتەفا خۆشـناو کـە کەسـایەتیی و ڕووناکبیـر و دیموکراتخـوازی قۆناغەکـە بـوون، ڕەوانـەی ئێـران کـران. ئـەم دەسپێشـخەرییەی بارزانـی لـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ڕووناکبیـر و نەتەوەییەکانـی کـورددا، بـۆ ئـەوە بـوو، تاوەکـو لەگـەڵ کوردەکانـی ئێرانیشـدا هـاوکاری و هەماهەنگـی یەکتریـی بکـەن. نێردراوەکانـی بارزانـی بـۆ لای ڕێکخـراوی ژێـکاف، پەیوەندیـدار بـوون بـە پرسـێکی چارەنوسسـازەوە، چونکـە ژێـکاف وردەوردە لەسـەر ئاسـتی زۆرێـک لـە شـارەکانی کوردسـتاندا ناوەنـدی و لـق و شـانەی نهێنـی دامەزراندبـوو. ئـەوان لـە شـاری مەهابـادەوە مەیدانخـوازی سیسـتەمی پەهلەوییان کـرد و بۆیەکەمجـار گۆڤارێکیـان بەنـاوی نیشـتمان دەرکـرد. دوای ئـەوەی بارزانـی پەیوەندیـی پێوەکـردن، ئەوانیـش دوای ڕەوینـەوەی هەندێـک لـە گومـان و گریمانەکانـی پەیوەسـت بـەو بانگەشـە ساختانەی کـە دژ بـە جوڵانـەوەی کـوردی لـە کوردسـتانی عێـراق

---

(1) Vali A. Kurdish Nationalism in Iran: The Formative Period, 1942– 1947, c. 1–2.

کرابـوو. بەکـۆی دەنـگ کۆمیتـەی ناوەنـدی ژێـکاف، بڕیاریانـدا پشـتیوانی لـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی بکـەن و خەباتـی کـورد لەپێنـاو ئۆتۆنۆمیـدا بەرزبنرخێنـن.

دیـارە لـە ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٤٤ ئینگلیـزەکان لـەم کەینوبەینـەی نێـوان بارزانـی و خەباتـی نەتـەوەی کـوردی ئێـران ئـاگادار کرابوونـەوە. هەربۆیـە بەخێرایـی ڕێوشـوێنی پێویسـتیان بـۆ نەهێـشتن و لادان و دوورخسـتنەوەی ئـەو ئەفسـەرە کوردانـە دا، بەتایبەتـی کاتێـك کـە زانرابـوو لەژێـرەوە پەیوەسـت بـوون بـە بارزانییـەوە. ئەوەبـوو لەیەکـەم کاردانـەوەدا کۆمەڵێـک ئەفسـەری کـوردی عێراقـی کـە پەیوەندییـان بـە ژێکافـەوە کردبوو، دەسـتگیرکران و ڕەوانـەی ئـۆردوگای ئاوارەکانـی کـوردی عێـراق لـە عەمـارە کـران. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم ڕێوشـوێنەی ئینگلیزییـەکان سـودی نەبـوو، چـون زۆری نەخایانـد، یەکسـەر هەندێـک لـەو ئەفسـەرانەی توانیبوویـان هەڵبێـن، بـۆ جارێکـی دیکـە پەیوەندییـان بـە مـەلا مسـتەفای بارزانـی کـردەوە. لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٤دا، مـەلا مستەفا بارزانـی بـۆ جارێکـی تـر، داواکارییەکانـی جوڵانەوەکەی خسـتنەوە بـەردەم حکومـەت. ئەمجـار داواکارییـەکان بریتـی بـوون لـە:

١. ئازادکردنی دەسبەجێی زیندانیانی سیاسی.
٢. دانانـی کۆمیسـارێکی کـورد لـە بەغـدا، بەمەرجێـک مافـی ڤیتۆکردنـی هەمـوو ئەو بڕیارانـەی حکومەتـی هەبێـت کـە پەیوەسـتن بـە کوردسـتانەوە.
٣. دابینکردنی بڕی ١٤٤ هەزار لیرە، وەک بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان، تاوەکو لەپێناو گەشەپێدانی کشتوکاڵ و چەندین کاری دیکەی خزمەتگوزاری بەکاریبهێنن.[(1)]

هەڵبەتـە ئەمجـارەش داواکارییـە سـەرەتاییەکانی بارزانـی بـۆ کوردسـتان، وا لێکدرانـەوە کـە پێچەوانـەی بەرژەوەندییـە باڵاکانـی حکومـەت بـوون، بۆیـە دواجـار هەمـوو ئـەو داواکاریانـە درانـە دواوە.

لـە هەمـان کاتـدا کۆبوونـەوەی هـۆز و چینەجیاوازەکانی کوردیشـدا لـە دەوری بارزانی، ئەمـەش پێشـهاتەش بابەتێـک بـوو بـۆ حکومەتـی عێراقـی هـەزم نەدەکـرا. هەربۆیـە بـە پێچەوانـەوەی ئـەوەی بارزانـی خەریکـە ناکۆکییـە ناوخۆییـەکان بنەبـڕ دەکات، ڕێـك لـەم کاتـەدا خۆیـان بـۆ هەڵمەتێکـی سـەربازی نـوێ لـە دژی کـورد ئامـادە کـرد.

(1) Meiselas S. Kurdistan. In the Shadow of History, C. 292.

لەلایەنـــی کوردیشـــەوی لـــە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٤٥ەوە ئامادەکارییەکـــی چالاکانـــە بـــۆ ڕاپەڕینێکـــی تـــری بارزانییـــەکان بـــە ســـەرکردایەتی مـــەلا مســـتەفا بارزانـــی دەســـتی پێکـرد. ئەمجارەیـان بارزانـی وەک ڕابەرێکـی نەتەوەیـی دیـار و بەرچـاو پێناسـە دەکـرا. ڕابەرێـک لەپێنـاو دۆزێکـی نەتەوەیـی چارەنوسسـازدا، دروشـمی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی بەرزکردووەتـەوە. لیژنـەی ئـازادی بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بارزانـی، دوای ئـەوەی شـێخ ئەحمـەد بارزانـی ڕێنمایـی پێویسـتی دەرکـرد بـۆ هەموویـان. ئـیتر بارزانـی، هەمـوو ئـەو ئەفسـەرە کوردانـەی نـاو سـوپا کـە پێوەندییـان کردبـوو پێیـەوە، لـە بارزانـدا کۆیکردنـەوە و پێکـەوە تاوتوێـی دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی نیشـتمانیان کـرد، ڕێکخراوێـک کـە لـە ئاسـتی هەماهەنگی هێـزە دیموکراسـییەکانی کوردسـتاندا بێـت. (١)

(1) Meiselas S. Kurdistan. In a Shadow of the History, c. 179.

## مستەفا بارزانی و دامەزراندنی لیژنەی ئازادی

لــە شــوباتی ســاڵی ١٩٤٥ دا، ڕێکخســتنێکی سیاســی نــوێ، بەنــاوی لیژنــەی ئــازادی پێکهــێنرا. ئــەم لیژنەیــە پێکهاتبــوو لــە حــەوت ئەفســەری کــورد و لەلایــەن مســتەفا بارزانییــەوە ســەرۆکایەتی دەکــران. ئەفســەرەکان لــەو لاوە کوردانــە پێکدەهاتــن کــە بەنهێنــی پێوەندیــان بــە جوڵانــەوەی نەتەوەیــی بارزانــەوە هەبــوو. دواجــار هــەر ئــەم ئەفســەرە کوردانــەی نــاو ســوپای عێــراق، ڕیزەکانــی نــاو ســوپایان جێهــێڵا و پەیوەندییــان بــە ناوچــە ئازادەکانی ژێــر دەســەڵاتی بارزانییــەوە کــرد. بــە گەیشــتنیان بــۆ کوردســتان دەســتیانکرد بــە ڕێکخســتنەوەی ڕیزەکانیــان و شــانە بنەڕەتییەکانــی خۆیانیــان لــە هەمــوو ناوچــە ڕزگارکراوەکانــدا ڕێکخــستن. دوایــان بەرنامەیەکــی دروســت و میتۆدێکــی نیشــتمانییان داڕشــت کــە تێیــدا ڕزگارکردنــی کوردســتانیان لــە ســتەم و بندەســتی، وەک ئامانجــی ســەرەکی خۆیــان دیاریکــرد بــوو. هــاوکات پێکهێنانــی هێــزی چەکــداری پێویســت بــۆ بەرگریکــردن لــە کوردســتانی خســتە چوارچێــوەی کارەکانییــەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا چالاکییەکانــی پەیوەســت بــە بەرژەوەندییــە نیشــتمانییەکان چڕکردنــەوە، لەوانــە:

١. دامەزراندنــی پەیوەنــدی برایانــە لەگــەڵ هەمــوو حــزب و ڕێکخراوەکانــی دیکــەی کوردســتاندا.
٢. ئاشــکراکردن و پەردەهەڵماڵیــن لەســەر سیاســەتی دوژمنکارانــەی حکومەتــی عێــراق بەرانبــەر بــە گەلــی کــورد.
٣. داواکــردن و جێبەجێکردنــی ڕێککەوتننامەکانــی ســاڵی ١٩٤٣ی نێــوان بارزانــی و حکومەتــی عێــراق.
٤. ڕاگەیاندنــی ئاگربەســت و دەسپێکردنەوەی دانوســتان وەک کاری لــە پێشــینەی ناوەنــد و بەرهەڵســتکارانی کــورد.
٥. پێویستی یەکخستنی هەوڵی هەموو ڕێکخراو و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد.
٦. ئاگادارکردنــەوەی کۆمەڵگــەی جیهانــی لــە دۆخــی ڕاســتەقینەی کــورد، دوایــن خاڵــی ئەجێنــدا و ئەندێشــەی سیاســی کاری لیژنــەی ئــازادی بــوو. لــەم پێودانگــەوە، یەکــەم هەنــگاوی لیژنــەی ئــازادی، بریتیبــوو لــە داڕشــتن و بەرزکردنــەوەی یاداشــتێک بــۆ حکومەتــی عێراقیــی کــە تێیــدا ڕێکخــراوە نوێیەکــە، بەنــاوی لیژنــەی ئــازادی خــۆی

ناساند. هاوکات پێداگریی و داوای وەستاندنی هەر ئامادەکارییەکی سەربازیی و ئۆپەراسیۆنیکی سوپایی بە حکومەت ڕاگەیاند. بێ لەوەش کۆپی یاداشتەکە بۆ سەرجەم باڵیۆزخانەکانی دەرەوە و نوێنەری ڕۆشنبیرانی عەرەبی- کوردی نێردرا.

بەمجۆرە لیژنەی ئازادی لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی کەمیش دامەزرا بوو، بوویە داکۆکیکاری سەرجەمی داواکارییەکانی نەتەوەی کورد و پشتیوانی خۆیشی بۆ بەردەوامیدان بە ڕاپەڕین و ڕاسانەکان ڕاگەیاند.

سەبارەت بە چارەنوسی ڕێکخراوی هیوا، جێگەی ئاماژەیە، هەر لەم سەروبەندەدا بوو، لە دواین کۆنفرانسی ناوخۆیی خۆی لە بەغدا کە لە ڕێکەوتی ١٠ی شوباتی ١٩٤٥ دا گرێی دابوو، بڕیاریاندا یەکێکیان بە نوێنەرایەتی خۆیان بنێرنە لای بارزانی تاوەکو پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکەی نێوان بارزانی و هەوڵی یەکبوونی ڕێکخراوە کوردییەکان بکات. بۆ ئەم مەبەستەش، محەمەد قودسی یەکێک لە ئەفسەرە ئازادخواز و چالاکەکانیان پەیوەست بەم کارە بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە ڕەوانەی لای بارزانی کرد. هەموو ئەم پێشهاتانە، بەرەبەرە بوونە بایسی نیگەرانی ناوەندە فەرمییەکانی عێراق. دیارە لەو کاتەدا بزووتنەوەی دیموکراسی لە کوردستانی ئێرانیشدا بەهێزتر ببوو. چونکە بەشێک لە نوێنەرانی بازنە فیۆداڵییەکەی کورد، بەهەماهەنگی دەستەبژێری ڕۆشنبیری ناوچەی موکریان، کەڵکەڵەی دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆی کوردی کەوتبووە سەریان[1]. لەم هەلومەرجەدا کابینەی حکومەتی حەمدی پاچەچی سیاسەتێکی دوڕووانەی پەیڕەو دەکرد. چونکە لەلایەکەوە نوێنەر و ناوبژیوانی خۆی دەناردە لای مستەفا بارزانی، گوایا لە هەوڵی چارەسەری ئاشتیانەی پرسەکەدایە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕێوشوێنە سەربازییەکانی بە ئامانجی سەرکوتکردنی زێدەتری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد چڕکردبوونەوە. لە بەرانبەر ئامادەکارییە سەربازییەکانی حکومەتدا، مستەفا بارزانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەسەر سێ بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باشووردا دابەش کرد و بۆ هەر بەرەیەکی ڕاپەڕینەکە، یەکێک لە ئەفسەرە زرنگ و دڵسۆزەکانی شوێنکەوتەی خۆی دانا. بەم پێیە هەریەک لە مستەفا

---

(1) Вильчевский О. Л. Курды Северо-Западного Ирана. Тбилиси, 1944, **С**. 77.

خۆشـناو، محەمەد قودسـی، عیزەت عەزیـز، عەبدولحەمیـد بەکـر و سـلێمان بارزانـی بـە هەماهەنگـی یەکتریی سـەرکردایەتی ڕووبەڕووبوونەوەکانـی حکومەتیـان لـە سـەرجەم بەرەکانـی جەنگـدا دەکرد. هـاوکات کۆمیتـەی ئـازادی، دەسـتیدابوویە چالاکیگەلێکـی بەرفراوان و بەهێـز، بەمەبەسـتی کۆکردنـەوە و پشـتیوانی هێـزی مرۆیـی گەلـی کوردسـتان هەمـوو هەوڵێکـی خـۆی خسـتبووەگەڕ. دیـارە هەوڵەکانـی ئـازادی بـە ئامانجـی دەسـتەبەرکردنی هەماهەنگـی هاوبـەش، لەلایـەن هەمـوو ناوچـە کوردسـتانییەکانەوە کاریـان لەسـەر دەکـرا. [1] هەرچەنـد ئـەم هەوڵانـە ئاسـان نەبـوون، چونکـە تایبەتمەندیـی ناوچەکانـی کوردسـتان گەلـێ ئاڵـۆز بـوون، ئـەوەش وایکردبـوو هێزەکانـی کـورد بـە سـانایی لـە سـەنگەرێکی سەرتاسـەریی خەباتـدا یەکنەدەخـران. هەربۆیـە ئـازادی لـەم هەنگاوەیـدا نەیتوانـی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنـێ. دیـارە مانـەوەی شـوێنی پەیوەندییـە فیۆداڵـی و پیاوسـالارییەکان و کاریگەریـی بەهێـزی سـەرۆکهۆزەکانی کـورد، هێشـتا هـەر چـالاک بـوون. هـاوکات دژایەتـی بزووتنـەوەی دیموکراسـی و نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی زیهنییەتـی زەمینـە کۆمەڵایەتییەکـەدا، زۆر بەهێـز بـوو. بەتایەتـی بزاڤـی هۆشـیاری لەنـاو چوارچێـوەی چینایەتـی و بیرکردنـەوەی نەریتیانـەی جووتیارانـی کـورددا، شـتێکی هـەروا ئاسـان نەبـوو. یەکێـک لـە گرنگتریـن سـاتەوەختەکانی بزووتنـەوەی ئۆتۆنۆمـی کـوردی ئـەو قۆناغـە، بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا بارزانـی، پەیوەسـت بـوو بـە پرسـی کـوردەوە. برسـی کوردیـش تەنیـا بـە خواسـتی بەدەسـتهێنانی مافـی دیموکراسـی بـۆ هەمـوو گەلـی عێـراق دەسـتەبەر دەکـرا. ئـەم خواسـتە بـە تایبەتـی لـە بانگـەوازە بـەردەوام و دووبارەبووەکانـی سـەرکردایەتی سیاسـیی کـوردەوە خـۆی دەبینییـەوە. لـەم پێنـاوەدا جوڵانـەوە کوردییەکـە بـە مەبەسـتی پەیداکردنـی پشـتیوانی بـۆ خەباتـە ڕەواکەیـان، تهنانـەت بـەر لـە دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی حکومـەت بـۆ گیانـی ئاواییەکانـی کوردسـتان، سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، جارێکـی تـر بانگـەوازی بـۆ ڕایگشـتی عەرەبـی پاتەکـردەوە. لـە بانگەوازەکـەدا خەباتـی کـورد، بـۆ مافـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی گەلـی عێـراق پێداگریـی لەسـەر کرابوویـەوە. مسـتەفا بارزانـی تـا کۆتایـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، هەرچەنـدە دژایەتییەکانـی حکومەتـی دژ بـە گەلـی کـورد، لـە ئاسـتێکی گەلـێ ترسـناکدا وێنـا دەکـرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا

(1) Курдское национальное движение в новое и новейшее время, С. 70–171.

هیـوای ئـەوەی مابـوو، لـە عێراقـی بندەسـتی پادشـایەتیدا ڕێگەچارەیـەك بدۆزنـەوە تاوەکـو خواسـتەکانیان بـۆ مافـی خۆبەڕێوەبەریـی شـوێنبکەنەوە، بـەڵام ئـیتر وادیـار بـوو کۆتایـی ڕێگەکـە بەدیـار دەکـەوت، چـون دەسـەڵاتدارانی عێـراق بـە پاڵپشـتی بەریتانیا، دوا پەیامـی خۆیـان بـە زەبـری چـەک و شـاڵاوی سـەربازیی گەیاندبـوو. ئـەوان دەیانویسـت تەنیـا ڕێگـە لەبەردەمیانـدا، کۆتاییهێنـان بێـت بـە کێشـەی باکـووری وڵاتەکەیـان.

هەڵبەتـە، مەبەسـتی حکومـەت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، بریتـی بـوو لـە سـڕینەوەی بوونـی نەتەوایەتـی کـورد، بۆیـە بـۆ کۆتاجـار سـەرکردایەتی کـورد نامەیەکیـان لـە ڕێکخـراوی هیـواوە پێگەیشـت و بارزانیـان لـە هەندێـک پێشـهاتی نەخـوازراو ئـاگادار کردبـووەوە. لـە نامەکـەدا بەرنامـەی سـوپای عێراقییـان بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی پێگـە ستراتیژییەکانـی سـنووری کوردسـتان، بەتایبەتـی کۆنتڕۆڵـی ڕێگاکانـی سـەر بـە چیاکانـی ناوچـەی ڕەواندوز ڕوونکردبوویـەوە. لـەم کاتـەدا و لەپێشـهاتێکی چاوەڕوان نەکـراودا، لـە نێوان ڕۆژانـی ٥ - ١٤ی ئاداری ١٩٤٥، مـەلا مسـتەفا بارزانـی و بەشـێک لـە جەنگاوەرانی کـورد، ئەوانـەی پێـشتر لـە شـوباتی ١٩٤٥دا بەشـدارییان لـە ئۆپەراسـیۆنەکانی دژ بـە حکومـەت کردبـوو، بـە بڕیارێـک لێبوردنـی گشـتییان بۆ دەرکـرا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەوان ئـاگاداری پلانـی سـەربازی و نەخشـەڕێژی و هەژموونـی سـەربازی حکومـەت بـوون بـۆ هەرێمەکەیـان[1]. حکومـەت ئـەم نەخشـەیەی بـە کاوەخـۆ فـراوانتر دەکـرد، بەربـەرە تاوەکـو مانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٤٥، حکومەتـی عێـراق زیاتـر لـە نیـوەی سـوپا و پۆلیسـی ناوخـۆی لـە کوردسـتاندا کۆکردنەوە. بـە گشـتی نزیکـەی ٢٥ هـەزار سـەربازی حکومـەت دابارینـە ناوچەکـەوە (بەپێـی سـەرچاوەکانی دیکـە - ٣٠ هـەزار سـەربازی ئاسـایی و ١٢ هـەزار پۆلیـس و جەندرمـە لـە ژێـر فەرمانـی ژەنـەڕاڵ ڕێنتۆنـی بەریتانیـدا بـۆ لێـدان لـە دوا بنکـە و بارەگاکانـی بارزانییـەکان ئامادەکـرا بـوون)[2].

لـــە بەرانبـــەردا جەنگاوەرانـــی بارزانـــی کـــە ڕابەرایەتـــی تێکـــڕای جەنـــگاوەری هـــۆزە کوردییەکانـــی بـــارزان و هـــۆزە تێکۆشـــەرەکانی کوردیـــان دەکـــرد، لـــە ٧ی ئابـــی ١٩٤٥ دا، بـــۆ پێشـــگرتن بـــە پیلانگێڕییەکانـــی حکومـــەت، بڕیـــاری ڕووبەڕووبوونـــەوەی ئـــۆردووی ســـەربازیی عێراقیـــان دا. ســـەرەتا هێزەکانـــی حکومـــەت لـــە ئاڕاســـتەی

(1) Eagleton W. The Mahabad Republic 1946, c. 53.

(2) Лазарев М. С. Курдистан и курдский вопрос, С. 229.

ڕەواندوزەوە هێرشیان دەستپێکرد. لە یەکەم کاردانەوەی ڕاپەڕینی بارزانییەکاندا، بارزانی پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا کرد و لێرەوە بۆ یەکەمجار لێژنەی ئازادی، بە شێوەیەکی پراکتیکی کەوتە ناو گۆڕەپانی ململانێکانەوە. لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئازادیدا، خۆسازدان بۆ ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی بووە ڕۆژەڤی ڕاگەیاندنەکانی جوڵانەوەکە، هەروەکچۆن لە نیازی پشتپەردەشیاندا، بزواندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێراندا دەخوێنرایەوە. هەڵبەتە گرنگە بزانین لیژنەی ئازادی، تێکۆشانی لەپێناو ماف و بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستاندا، لەناو میتۆد و کارنامەی سیاسی خۆیاندا تیۆریزە کردبوو. بەجۆرێک لە ئاستێکی فراوانتردا، فەلسەفەیەکی چەپگەرایانەیان خستبووە چوارچێوەی ئەو ستراتیژەی کە لەسەری دامەزرابوون. لەو فەلسەفەیەدا جیاوازییە ئێتنییەکان و سنوورەکانی نەتەوەگەراییان لە دواوەی لۆژیکی هاوبەشایەتی و دیموکراسییەوە دادەنان. کەواتە لەڕووی تیۆرییەوە هاوبەشی لەگەڵ گەلی عەرەب بەشێکی گرنگی ستراتیژی ئازادی بوو. لەم کاتەدا بارزانی توانی تێکڕای تیۆر و بەرنامە و خەونی ئەم ڕێکخراوە کوردییانە و هەرچی هونەر و ئەزموون و ڕوانگەی خەباتی ئازادیخوازییان هەبوو، بهێنێتە ناو ئەرزی واقیعەوە. کەواتە بارزانی نەک لەگەڵ ئازادیدا، بەڵکو لەگەڵ هیوا و هەر ڕێکخراوێکی تری کوردیدا، وەها مامەڵەی دەکرد کە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو ئەزموونی خەباتەن کە پێویستە تاکی کوردی لەسەر گۆشکر بکرێت. بۆیە ئاشنابوونی بارزانی بە چالاکییە کردارییەکانی ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی خۆیبوونیش، هەمان هونەری مامەڵە و مەدی پەیوەندی دیپلۆماسی و دنیابینی کوردانەی ئەو ڕابەرەی کورد بوو. بارزانی بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک، هەمیشە، هەنگاوەکانی لە کایەی لۆژیکی کوردایەتییەوە بە ئاقاری نزیکی و تەبایی تێکۆشانی هەر ڕێکخراوێک ئاوێتە دەکرد. ئەوەتا لە یەکێک لە ڕاپەڕینەکانی کۆمەڵی خۆیبووندا، ڕاستەوخۆ بۆخۆی بەشداریی دەکات و دەبێتە پێشەنگی چالاکییە پارتیزانەکانی ئەو ڕێکخراوە لە باکووری کوردستاندا. بۆیە بارزانی لە هەر ساتەوەختێکدا ڕێکخەری ئامادەکارییەکانی ڕاپەڕین و تێکۆشانی پانکوردیزم بووە و بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیش لە هیچ

لایەنێکــی مەترســی و مەیدانێکــی ترســناکی جەنگــدا ســلی نەکردووەتــەوە. کەواتــە بــە هەڵســەنگاندنی دۆخــی ڕاســتەقینەی پێکهاتــەی کۆمەڵایەتــی و سیاســیی کورد، بارزانــی دروســت بــە ئاقــاری شــکاندنی هــەر بەربەســتێکی بونیــادە فیوداڵییەکــەدا هەنــگاوی دەنــا. هەربۆیــە ئــەوە بارزانــی بــوو، بــۆ یەکەمجــار دانــی بــە هیچــکام لــە ســنوورەکانی ناوچەگەرێتــی و خێــڵ و مەزهــەب و شــێوەزار و شوناســی خێڵەکییانــەدا نەدەنــا، بەڵکــو ســەرلەبەری ســنوورەکانی نێــوان هــەر کۆمەڵگەیەکــی کــوردی پێچایــەوە و بوویــە بازوویەکــی بەهێــز لــە پشــتیوانی کوردانــی ڕۆژهەڵاتــدا. هــەر بــەو جۆرەیــش تاوەکــو ئەوکاتــەی توانــی تێکۆشــانی خــۆی خســتە خزمەتــی کوردســتانی عێــراق و بەدیهێنانــی خەونــی ئۆتۆنۆمــی و ئــازادی ئــەو بەشــەی باشــوورەوە، کاتێکیــش هەمــوو دەرگاکانــی دیالــۆگ و هەمــوو ڕێگاکانــی خەباتــی چەکــداری و ڕاپەڕیــن لەپێشــیدا کوێرکرانــەوە، ئیــدی ســەنگەری تێکۆشــانی بارزانییەکانــی بەبــێ جیــاوازی، هاوشــانی شوناســی شۆڕشــگێڕانەی کۆمــاری کوردســتان گواســتەوە بــۆ ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان.

## ڕاپەڕینی دووەمی كورد، بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی تاوەكو تەموزی ١٩٤٥

پەیتا پەیتا كەسایەتییە دیموكرات و لیبڕاڵەكانی ناو جوڵانەوە نەتەوەییەكەی كورد، لە دەوری ڕابەرایەتی مستەفا بارزانیدا گردەبوونەوە. گردبوونەوەی هەموو ئەو جەوانە جەنگاوەرانەی ناو جوڵانەوە نەتەوەییەكە، بەو هەموو شیرازەی شوناسە هزری و چینایەتییەوە، ئاماژەی خەملینی خواستەكانی خەباتەكە بوون. هەمووان لەپێناو دەسپێكردنی چالاكی و ئۆپەراسیۆنە چەكدارییەكاندا، ئامادەی فەرمانی بارزانی بوون. تێكڕا ڕازی ڕاپەڕینێكی سەركەوتوو، ببوویە باسوخواسی ڕۆژانە و ڕۆژەڤی بەرەكانی پێشەوەی خەباتەكەیان. هەڵبەتە ئەوە ڕێكەوت نەبوو كە لەو سێگۆشە ستراتیژییەی نێوان عێراق و ئێران و توركیادا، بە جارێك هەزاران جەوانی كورد، چەكی خەباتیان كردبووە شان و شیمانەی شۆڕشێكی سەرتاسەری خەوی لەچاویاندا تاراندبوو. لە ڕاستیدا بارزانی پێش هەر جوڵەیەك، بیری بە لای پلانی ئەلف و بێ و تێی تێكۆشانەكەوە بوو. دیاریكردنی هەڵكەوتە و جوگرافیای جوڵانەوەكەش، جێگەی خۆی بوو. لە ئەگەری پاشەكشەی سەنگەرەكانی ڕووبەڕووبوونەوەشدا، ئەوا لە هەر گۆشەیەكی گۆڕەپانەكەوە، دەتوانرا پەنا ببرێتە بەر بژاردەی دووەمی ڕاپەڕینەكە. لە قۆناغی یەكەمی ڕاپەڕیندا، بڕیاری هێرشكردن نەدرا، بەڵكو بە سروشتی حاڵ، بەرگرییەكی بەهێز دەستی پێكرد. ئەم بەرگرییە بەردەوام بوو تاوەكو هێزێكی تۆكمەی كوردی ڕۆژهەڵات، بەخۆیان و چەكوچۆڵ و تفاقی تەواو پێویستەوە، گەیشتنە ناو سەنگەرەكانی ڕووبەڕووبوونەوەی دژ بە حكومەتی عێراقی. لەو كاتەدا فراوانكردنی ئەو ناوچانەی ڕاپەڕینەكەیان تێدا هەڵگیرسابوو، چاوەڕوان دەكرا بگاتە قوڵایی شار و شارۆچكە كوردنشینەكانی عێراق. لە هەمان كاتدا پلانی ئەوەش دانرابوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ناوچە كوردنشینەكانی ئێراندا ببەسترێت و لەوێشەوە شانبەشانی ناوچە ئازادكراوەكانی موكریان و مەهاباد، جوڵەی جەنگاوەرانی كورد، سنوورەكانی دیكەی كوردستان بگرنەوە. هەڵبەتە هێڵی بەرگری یاخیبووانی كورد بە درێژایی ڕێگای سەرەكی ڕەواندوز-مەهاباد هێڵكاریی كرا بوو. ئەمەش زەمینەی هەلومەرجێكی بابەتییانە بوو كە لە كوردستانی ئێراندا هاتبووە پێشەوە. بۆیە هەردوولا، چ لە دیوی عێراق و چ لە دیوی ئێراندا، ئاڕاستەی فراوانبوونی بازنەی ناوچە ئازادكراوەكان، بەسترابوونەوە بە سەركەوتنی ڕاپەڕینی دووەمی بارزانییەكانەوە.

کەواتــە پلانــەکان وەهــا دانرابــوون، لەگــەڵ ســەرکەوتنی بارزانییەکانــدا، بزووتنــەوە نەتەوەییەکــەی کــورد، لــە ڕۆژهەڵاتــەوە دەســتی کراوەتــر بێــت، چونکــە ئــەوکات دەیتوانــی دوورتریــن بەشــەکانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانیش بێنێتــە نــاو چوارچێــوەی ڕزگارییەکــی سەرتاســەرییەوە. بەمجــۆرە ڕاپەڕیــن لــە هەنــگاوی یەکەمــەوە، بــە ســەرۆکایەتی مــەلا مســتەفا بارزانــی دەســتپێکرد.

ڕاسـتە ڕووماڵـی ڕاپەڕینەکـە وابەسـتە بـوو بـە چەندیـن گریمانـە و گۆڕانکارییـەوە کـە چـاوەڕوان دەکـرا ڕووبـدەن. هەربۆیـە پلانـەکان و نەخشـەی ڕاپەڕینیـش مەیدانخوازیـی زۆریــان لــە بەردەمــدا بوون. گرنگترینــی مەیدانخوازییەکانیــش مەرجــی بەشــداریی خەڵکـی کوردسـتان بـوو. چـون سـەرکەوتنی ڕاپەڕینەکـە تاڕادەیەکـی زۆر پەیوەسـت بـوو بـە بەشـداری کارای کـورد لـە بەشـەکانی ئێـران و عێراقـەوە. ئـەم مەرجەیـش هـەروا نەدرابوویـە دەسـت قـەدەری قۆنـاغ و پێشـهاتەکانەوە، بەڵکـو پێـشتر پلانـی بارزانـی ڕوون و ڕەوان بـوو، بۆخـۆی لـە دەرگای دیوەخانـی گەلـێ لـە هـۆز و خێڵـەکان دابـوو، تەنانـەت زۆربــەی ڕێکخــراو و کۆمەڵــە کوردییەکانیشــی هێنابوونــە ژێــر چەتــری چارەنوســی جوڵانەوەکـەوە. بۆیـە بـە پلـەی یەکـەم بارزانییـەکان لەپێنـاو کۆکردنـەوەی دانیشـتووانی کـورددا، هـەوڵ و هیمەتێکـی هۆشـیارانەی گرنگیان دەسـت پێکردبـوو، تەنانـەت بە ناچاری لـە شـێخەکانی بارزانـەوە کـە تێکـڕا کەسـوکاری مـەلا مسـتەفای بارزانـی بـوون، دەبـوو بـۆ بەهێزکردنـی مەعنەویاتـی شـۆڕش و سـەهەندی ڕۆحـی ڕاپەڕینەکـە تێکـڕا ئامادەییـان هەبووایـە، چونکـە هەندێـک لـە شـێخەکانی بـارزان، ئـارەزووی سیاسـەت و دەسـوەردان لــە ڕاپەڕیــن و ململانێــی میللیــان نەبــوو. بــەڵام دیــار بــوو دۆخی کوردســتانی عێــراق، یەکڕیـزی و پشـتیوانی یەکترییـان دەخواسـت، بۆیـە دەبـوو هەمـوو ڕێگەیـەک لەبـەردەم ناکۆکییـە نەریتییەکانـدا دابخرێـن. هەڵبەتە ناکۆکـی بەردەوامـی نێـوان سـەرۆکهۆزەکانی کـورد، مۆرکێکـی مێژوویـی هەبـوو. تەنانـەت پێکدادانەکانـی پێشـوویان مایـەی نەنگییەکی نەتەوەیـی بـوون. شـاراوەش نەبـوو لـەو کاتەشـدا، هەندێـک لـە هـۆزەکان هەڵوێسـتێکی گەلــێ ترســنۆکانەیان تێکــەڵ بــە بەرخودانــی بارزانییــەکان کــرد بــوو. بۆنموونــە لــەو سـاتەوەختە ناسـک و نالەبـارەدا، دروسـت لەکاتـی بەرنامەڕێـژی و پلانـی ورد و نەخشـەی نـاوازەی بارزانییەکانـدا بـۆ دەسـپێکی جەنگێکـی جیـاوازی بـە بەرنامـە. ڕێـک لـەم کاتـەدا، مەرگـی لـە نـاکاوی وەلـی بـەگ، یەکێـک لـە سـەرۆکهۆزە بەشـۆرەت و بەهێزەکانـی کـورد،

لـە خاڵێکـی پشـکنینی میریـدا لـە مێرگەسـۆردا دەدرێتە بـەر دەسـتڕێژی گولـە و دەیکوژن. کوژرانـی وەلـی بـەگ بـووە مایـەی ململانێیەکـی ناوخۆیـی و پشـێوییەکی گەلـێ دژوار. بەجۆرێـک مەرگـی وەلـی بـەگ، ڕاپەڕیـن و ڕاسـانێکی میللـی و خۆڕسـکی خەڵکەکـەی بـەدووادا هـات. ئـەم جـۆش و خرۆشـەی خەڵکـی کـە بەبـێ هیـچ فەرمانێکـی فەرماندەیـی و بەبـێ هیـچ هەڵوێسـتێکی سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد قەومـا، لەئاسـتێکدا بـوو کـە خەڵـک هروژمیـان هێنـا و دەسـتیان بەسـەر هەمـوو ناوچەکـەدا گـرت. لە پێوەنـدی لەگەڵ ئـەم دۆخـەدا، مسـتەفا بارزانـی کۆتایـی بـە بەرنامـەی بەسـەرکردنەوەی هـۆزەکان هێنـا و چیـدی نەیتوانـی تـەواوی ئـەو هۆزانـەی کـورد کـە بڕیاربـوو گفتـی گـەورەی ڕاپەڕیـن و بەشـداری شۆڕشـیان لێوەربگرێـت بەسـەریان بکاتـەوە. بۆیـە بەناچـاری گەڕایـەوە گونـدی بـارزان و دەسـبەجێ کۆبوونەوەیەکی فراوانـی ئەنجامـدا. لـە کۆبوونەوەکـەدا سـەرەتا شـێخ ئەحمـەد بارزانـی قسـەی کـرد. لەمیانـی قسـەکانیدا ڕەزامەندی لەسـەر یاداشـتێکی گرنـگ دا. ئەوەبـوو لەسـەر ڕاسـپاردەی ناوبـراو یاداشـتەکە نـووسرا، دواتـر ڕەوانـەی بەغـدا کـرا. دیـارە وەك هەمیشـە بەغـداد نەدەچـووە ژێـر بـاری بابەتـی ئاشـتەوایيەوە. بۆیـە وێـڕای ئـەوەی ئامادەکارییەکـی ئێجـگار بێوێنـە لەهەمبـەر ڕاپەڕینێکـی سەرتاسـەریدا کرابـوو، بـەڵام جارێکـی تـر، لـە یەکـەم بەنـدی بابەتەکانـدا، داواکاریـی بـۆ وەسـتاندنی جەنـگ، هێنرابوویـەوە حاجـەت.

دواجـار بـۆ هەمـوان ڕوونبوویـەوە، ڕازی دانوسـتان و ئاشـتەوای لەگـەڵ میریـدا، تەنیـا و تەنیـا ئاسـنی سـارد کوتینـە، هەربۆیـە لەمیانـی دوایـن کۆبوونەوەیانـدا، سـەبارەت بـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنە توندەکانـی حکومـەت کـە تـەواوی ناوچەکە چەشـنی سـەربازگەیەک بـە هێـزی چەکـدار و بازگـە و خاڵـی پشـکنین تەنرابـوو. ئەمجارەیـان ناچاربـوون بـۆ گەیاندنـی هـاواری خەڵکـی کوردسـتان هانـا بەرنەبـەر کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی. لێـرەوە داواکارییەکـی تایبـەت بـۆ تـەواوی باڵیۆزخانەکانـی دەرەوە ئامادەکـرا و بەرزکرایـەوە. لەسـەرەتاوە چـاوەڕوان دەکـرا ئـەوان بێنـە وەڵام و هاوکاریـی گەلـی سـتەملێکراوی کوردسـتان و پاراسـتنیان بگرنـە ئەسـتۆ. شـایانی باسـە نـە یاداشـتەکە و نـە داواکاری بـۆ باڵیۆزخانـەکان، نـەك ئاکامێکـی ئەوتۆیـان نەبـوو، بگـرە وەڵامـی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی بریتـی بـوو لـە هێنانـە نـاوەوەی سـەربازی زێدەتـر بـۆ نـاو ناوچـەی هۆزەکانـی بـارزان. کاردانـەوەی ئـەم بێباکییـە بەجارێـک بـووە بایسـی نائارامـی و پشـێوی زیاتـری

ناوچەکە. بێباکـی حکومـەت لـە ئاسـتێکدا بـوو کـە ئـەودەم موتەسـەڕیفی هەولێـر سـەعید قـەزاز، پێشـنیارێکی ئاڕاسـتەی بارزانـی کـرد بـوو تاوەکـو خـۆی ڕادەسـتی دەوڵـەت بـکات. ئـەوە جیـا لـە داواکاری چەکداماڵینـی بارزانییەکانیـش، تەنانـەت داواشـی کردبوو، هـەر سـەرۆکهۆزێک بەرپرسـیارێتی تاوانـی تێکەڵبـوون لەگـەڵ بزووتنـەوەی یاخیبوونـی بارزانییەکانـی بەسـەردا سـاغبووێتەوە، ئـەوا پێویسـتە ڕاکێشـرێنە بـەر دادگای دەوڵـەت و باجـی تاوانەکانیـان بدەن. بەمجـۆرە تادەهـات دەوڵـەت زیاتـر زمانـی زبـر و زەمینـەی توندوتیـژی زێدەتـری دەڕەخسـاند و پەیتـا پەیتـا پێشـهاتەکان، خەڵکـی کوردسـتانیان تـوڕە و تەنگەتاوتـر دەکـردن. سـەرئەنجام لـە ١٩ی ئابـی سـاڵی ١٩٤٥ حکومـەت گەیاندییـە ئەوپـەڕی و بـاری نائاسـایی لـە سـەرجەم پارێزگاکانـی هەولێـر و موسـڵدا ڕاگەیانـد. ئـەم بـارودۆخ و بڕیـاری بـاری نائاسـاییە، دروسـت درێژبـووەوە بـۆ ناوچەکانـی بـارزان، ڕەوانـدوز، ئاکـرێ، ئامێـدی و دهۆکیشـی گرتـەوە. دوای گرتنەبـەری بـاری نائاسـایی، فەرمـان بـە یەکەکانـی سـوپا و تێکـڕای سـەربازانی میـری درا، هەرچـی زووتـرە، هێـرش بەرنـە سـەر ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی ژێردەسـتی بارزانـی و بیانهێننـەوە ژێـر ڕکێفـی دەوڵـەت. وەکـو ئـەوەی چـاوەڕوان دەکـرا، پەیتاپەیتـا یەکـە سـەربازییەکان لـە دەڤـەری بارزانـدا چڕکرانـەوە. بەشـێوەیەک تاوەکـو ئـەو کاتـەی هێرشـەکان دەسـتیان پێکـرد، نزیکـەی (٥٠٠٠) سـەربازی میریـی بەتەنیـا بـۆ مەبەسـتی گەمارۆدانـی بـارزان مۆڵدرابـوون. جیـا لـە هێـزی پیـادەی شـەڕکەریش، زیاتـر لـە ٦٠٠ پارچـە چـەک و چـوار دانـە چەکـی دوورهاوێـژ و ٢٢ دۆشـکە و ٤ وێسـتگەی ڕادیـۆ و یـەک تەلەفۆنـی گـوازراوەی ناوەنـدی و چـوار ناوەنـدی پەیوەنـدی تەلەفۆنـی دابینکرابـوون. هەمـوو ئـەم ئامادەکارییانـە لـە ئانوسـاتی تەقینـەوەی دۆخەکـەدا بـوون. ڕەوشـەکە هێنـد ئاڵـۆز بـوو، چیـدی خواسـتی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد و تێکـڕای ئـەو بەڵێـن و پەیمانـەی لەلایـەن ئینگلیـز و حکومەتـەوە بـە بارزانـی درابـوون، لەباربـران و جارێکـی دیکـە زمانیـان لـە ڕێککەوتنێـک بەنـاوی ڕێککەوتنـی ١٩٤٣ وە نـەدەدا.

دواجـار وەك ئـەوەی چـاوەڕوان دەکـرا، هێرشـەکان دەسـتیان پێکـرد و سـوپای عێراقـی لەتـەواوی بەرەکانـی جەنگـەوە ڕووبـەڕووی بەرگرییەکـی بـەردەوام بوونـەوە. هـەر لەسـەرەتاوە ئاکامگیریـی هێرشـەکان کەوتـە دەسـتی دەوڵـەت و بۆیـان ڕوونبوویـەوە ڕەوشـەکە هـەروا سـادە و سـاکار نامێنێتـەوە. ئەوەبـوو سـەرەتا شـەڕەکە بـە سـەرکەوتنی

بارزانییـەکان شـکایەوە. سـەرەڕای ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی عێراقیـی، دەسـتبەجێ فیرقـەی ٢ی سـوپای عێـراق کـە لـە کەرکووکـدا جێگیـر کرابـوون بـەرەو مەیدانەکانـی ململانێـی بارزانییـەکان جوڵەیـان پێکردبـوون. بەمـەش دەردەکـەوت حکومـەت کەوتووەتـە ژێـر فشـارێکی تونـد، بۆیـە بەهەرنرخێـک بوایـە دەیانەویسـت داهاتـووی ناوچەکـە بـۆ خۆیـان مسـۆگەر بکـەن، بـەڵام وادیـار بـوو شـەڕەکەیان درێـژە دەکێشـێت. حکومـەت بـە هێنانـی فیرقـەی ٢ ی کەرکـووک، ئـیتر ئامـاژەی ئـەوەی دەدا کـە کۆنترۆڵـی کوردسـتان لـە جڵەویانـدا دەبێـت. ئـەوان هەرچەنـد بەشـێوەیەکی دیماگۆجـی دەنگـۆی ئەوەیـان بڵاوکردبوویـەوە کـە تەنیـا گەرەکیانـە بـە گێڕانەوەی دەڤـەری بـارزان بـۆ ڕکێفـی خۆیـان کۆتایـی بـە بـاری نائاسـایی بهێنـن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا نیازیـان بندەسـتکردنی هەمـوو هەرێمەکـە بـوو. بۆیـە بـە ئاشـکرا ئـەو پەیامەشـیان بەگوێـی خەڵکەکـەدا دەدا کـە دەیانەوێ دەسـتی خزمەتگـوزاری و ئاوەدانـی، کردنـەوەی قوتابخانـە و نەخۆشـخانە و دامـودەزگا دەوڵەتییـەکان لـە دەڤەرەکـەدا برەوپێبـدەن. لـەڕووی سـایکۆلۆجییەوە کەوتبوونـە کەمەندکێشـکردنی سـۆزی خەڵکەکـە و ئاشـتکردنەوەیان، بۆیـە بـەردەوام دەیانـوت ئێـوە ئاتاجتـان بـەم خزمەتگوزارییانەیـە نـەک چەکوچـۆڵ و چەپۆکـی شـەڕ. دیـار بـوو ئەمـەش تەنیـا و تەنیـا مامەڵەیەکـی مەکـراوی و ساردکردنەوەی سـایکۆلۆجیای خەڵکانێـک بـوو کـە بەسـانایی دەکەوتنـەوە ژێـر بـاری بەندوبـاوە سـاختەکانەوە.

کاتێــك بارزانییــەکان بینیــان ناوچەکەیــان کردووەتــە گۆڕەپانێکــی ســەربازی و سـل لەهیـچ شـتێك ناکەنـەوە، بۆیـە دەسـتبەجێ بەیاننامەیەکـی بـە پەلـەی ئاڕاسـتەی باڵیۆزخانـەی وڵاتانـی زلهێـزی ڕۆژئـاوا لە بەغـدا کـرد. لـە ناوەرۆکـی ڕاگەیەنراوەکـەی بارزانیـدا هاتبـوو:" لەکاتێکـدا ئـەم نامەیەتـان بـۆ دەنووسـم، ژن و زارۆی گوندەکانـی ئـەم ناوچەیـە، لەژێـر بۆمبـاران و بڵێسـەی ئاگـری چەکەکانی حکومەتـی عێراقیدا گیـان لەدەسـت دەدەن. بۆیـە داواتـان لێدەکەیـن، هەرچـی زووتـرە حکومەتەکانتـان لـەو کارەســاتە مرۆیییــەی خەڵکــی کوردســتان ئاگاداربکەنــەوە. وەرن بەچــاوی خۆتــان ببینــن کــە هەنوکــە هێرشــەکان بەردەوامن. ئێــوە چــاک دەزانــن، ئــەم پێشــهات و پێشـێلکارییانە پێچەوانـەی پەیماننامـەی ئەتڵەسـیین. دەزانـن بەپێـی ئـەو ڕێسـا و ڕاسـپاردە یاسـاییانە مافـە نەتەوەییەکانـی هـەر پێکهاتەیـەک پێویسـتە پارێزراوبـن". هەروەهـا لە درێـژەی داواکارییەکـەی بارزانیـدا هاتبـوو: "گـەلان مافـی دیاریکردنـی

چارەنوسیان چەسپێنراوە. بۆیە نابێت ڕێگە بەهیچ دەسەڵاتێک بدرێت، درێژە بە سیاسەتی ستەمکاری و سڕینەوەی ئەوانی تر بدات"[1]. ئەم هاوار و فەریادەی بارزانی بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەدادی خەڵکی کوردستان نەگەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا ئۆپەراسیۆنی سوپای عێراق بەردەوام بوو، هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا، ٢٥ هەزارسەرباز، لەژێر فەرمان و ڕاوێژی جەنەراڵ ڕێنتۆنی بەریتانیدا هێنرابوونە ناوچەکەوە و پاڵپشتی دەکران. جگە لەوەش حکومەت هەندێک فیۆداڵ و دەرەبەگی دەرباری کوردی لە دژی هێزەکانی بارزانی دنە دابوون. ئەوەبوو لە ٧ی ئابی ١٩٤٥، سوپای عێراقی هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوچەی ڕەواندوز دەستپێکردەوە. هێرشەکان بە ئامانجی لێکدابڕینی باشووری کوردستان بوو بۆ دوو زۆنی سەرەکی، بەمەش ئاسانتر دەیانپەرژایە سەر سەرکوتی جوڵانەوە چەکدارییەکە و چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی کوردیان پەرتوبڵاوە پێدەکردن. ئەوەش لەو سۆنگەیەوە بوو کە حکومەت گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی گەر گەریلاکانی کورد لێکدانەبڕێن، ئەوا بە ئاسانی چارەیان ناکەن. چونکە لەسەرتای جەنگەکەوە سەرەڕای باڵادەستی زۆری سوپای حکومەت لە ڕووی کەرەستە و هێزی مرۆییەوە، هێشتا دەستە گەریلاییەکانی کورد، توانیبوویان چەندین شکستی بەرچاو بەسەر یەکەکانی سوپای عێراقیدا بهێنن. بۆنموونە توانبوویان کۆنترۆڵی تەواوەتییان بەسەر تەواوی ڕێگای سەرەکی ڕەواندوز – مەهاباد بشکێت و گەمارۆی گروپێکی سوپای عێراق لە نزیک ئەو ڕێگە ستراتیژیەدا بدەن. جیالەوەش ١٠٠ سەربازی حکومەت خۆیان ڕادەستی جەنگاوەرانی کورد کردبوو، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە گورزێکی گەورەشیان سرەواندبوویە هێزەکانی حکومەت و چەندەها چەکی قورس و سوکیش کەوتبووە دەستی هێزەکانی کوردەوە. ئەم سەرکەوتنانە لەلایەکەوە ورە و مۆڕاڵی بارزانییەکانی بەرزهێشتبوویەوە، لەلایەکیترەوە حکومەت بۆی دەرکەوت کە خەریکە هێزی یارمەتیدەری کورد، لەناو هۆزەکانی دراوسێ و دەوروبەری ناوچەکە و بەشەکانی کوردستانەوە بەهانای هێزی کوردانەوە دەچن. لە دیمەنێکی دیکەی جەنگەکەدا بارزانییەکان کەوتبوونەخۆ و بە ئاسانی دەیانتوانی ئەو سەربازانەی گەمارۆیان دابوون لەکۆڵیان بکەنەوە. لەم کاتەدا شێخ ئەحمەد بارزانی

---

(1) Цит. по: Курдское национальное движение в новое и новейшее

لەلایــەن عیــزەت عەزیــز و چەنــد ئەفســەرێکی کــوردەوە ئــاگاداری نیازێکــی لەمجــۆرە کرابوویــەوە. بۆیــە ناوبــراو زۆر بەتونــدی ڕێگــری لــە بەکارهێنانــی هــەر جــۆرە لێدانێکــی دوژمــن دەکــرد، نەزانــن ئەوانــەی پێوەدەبــن تاوانبــارن یاخــۆ ســەربازگەلێکن بەتۆپــزی ڕاپێچــی بەرکانــی جەنــگ کــراون. بۆیــە شــێخی بــارزان جارێکــی تــر دووپاتیکــردەوە، ئــەوان لەگــەڵ ئــەوەدا نیــن هیــچ جــۆرە توندوتیژییــەک ڕووبــدات و کەســانی بێتــاوان پێوەبــن. هەرچەنــدە ســەبارەت بــەم بۆچوونانــەی شــێخی بــارزان، هەریــەك لــە مســتەفا بارزانــی و ســەرکردەکانی تــری ڕاپەڕینەکــە بۆچوونــی جیاوازیــان هەبــوو. بۆچوونــی بازرانــی لەهەمبــەر ســەربازێك کــە هاتبوویــە ســەر خاکوئــاوی ئاواییــەکان و بــە نوێتریــن چەکــی ئەوکاتــەوە خەریکــی بۆردومــان و کوشــتنی خەڵکــی بێدەرەتانــی کــوردە، ئــەوا بێجگــە لــە ســزادانی شــتێکی دیکــە نەبــوو. داواجــار شــێخ ئەحمــەد بارزانــی داوای کــرد لەبــری لەناوبردنــی هێــزی مرۆیــی دوژمــن، پیلانــی لێــدان لــە دامەزراوەکانیــان بخەنــە بــواری جێبەجێکردنــەوە. ئەوەبــوو وێســتگە ڕادیۆییــەکان و ئــەو ئامێرانــەی ئاســانکارییان لــە هەڵمەتەکانــی ســوپادا دەکــرد بڕیــاردرا تێکڕایــان لەنــاو بدرێــن. لــەم بارەیــەوە شــێخی بــارزان وتبــووی:" بەکارهێنانــی ڕادیــۆکان و ڕاگەیاندنــی دوژمــن، دژایەتــی ئــاداب و نەریتــی ئیسلامــی خەڵکەکــە دەکات، بــەو پێیــەی لــە قورئانــدا هیــچ شــتێکیان نییــە دەربــارەی ئــەم نەزمــە نوێیــە". لەســەر ئــەم بنەمایــە ســەرجەمی وێســتگە ڕادیۆییەکانــی ناوچەکــە لەناوبــران. بەمــەش توانــرا لێدانێکــی کاریگــەر لەمــەڕ ڕایەڵــە و پەیوەندییەکانــی ســوپای عێراقــی دروســت بکــەن.

هەرچۆنێــك بێــت، تاوەکــو کۆتایــی هەفتــەی دووەمــی پێکدادانــەکان، جەنگاوەرانــی بــارزان پێنــج شــەڕی ســەرکەوتوویان لەگــەڵ ســەربازانی حکومەتــدا بردبوویــەوە. هەڵبەتــە هەڵمەتــی گەریلایــی بارزانییــەکان تەنیــا بــەوەوە نەدەســاچان، بەڵکــو نیــازی لێدانێکــی یەکلاکەرەوەیــان هەبــوو. بۆیــە لــە بــارەگای ســەرەکی بارزانیــدا، ســەرقاڵی نەخشــەیەکی نــوێ بــوون بــۆ ئەنجامدانــی هێرشــێکی بەرەفراوانــی بەرەیــی. ئــەم پلانــەی بارزانــی وابەســتە بــوو بــە گەیشــتنی هێزێکــی پشــتیوانییەوە. هەربۆیــە نەخشــەی پەرچەکــرداری بەرهەڵســتکارانی ڕژێمیــش، وابەســتەبوو بــە گەیشــتنی هێزێکــی کاریگــەر و جەنــگاوەری کــوردەوە. ئەگینــا بڕیاربــوو بەگەیشــتنیان پێکــەوە لــە شــەڕی بەرگرییــەوە بــەرەو هێرشبردنــە ســەر مۆڵگــە و بارەگاکانــی ســوپای عێراقی دەسـپێبکەن.

سەبارەت بە هەلومەرجی کشانەوەی بارزانییەکان بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەسعود بارزانی لە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا نوسیویەتی: "یەکێ لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئەم ڕاپەڕینە، بەهۆی بوونی ململانێی ناوخۆیی نێوان هۆزەکانی کوردەوە بوو، ئەوان لە کۆتاییدا ململانێکانیان گۆڕا بۆ ململانێی نێوان ڕیزەکانی کورد"[1]. لێرەوە بە پاشەکشەی جەنگاوەرانی کورد، هێزەکانی حکومەت کە لە ئاکرێ و ڕەواندوزەوە نیازی پێشڕەوییان هەبوو، هیچ نەخشە و بەرنامەیەکی سەربازییان وەکو خۆی نەچوویە پێشەوە، چونکە بەبوونی بارزانییەکان، نەك هەر ئەستەم بوو پێشڕەوی بکەن، بەڵکو ڕووبەڕووی زیان و زەبرێکی ئێجگار بەرچاویش ببوونەوە. بەمجۆرە لەمیانی دەسپێکی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، لە تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی سەرسنووردا سوپای عێراقی نەك نەیتوانی پێشڕەوی بکات، بەڵکو لە ستراتیژیترین بەرەکانی جەنگەوە، گەریلاکانی کورد گەمارۆیان دابوون.

بەگشتی دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی هۆزەکانی کورد و دوای دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لەناو ڕیزەکانیانی بەرهەڵستکارانی کورد، شانبەشانی ئەوەی کە ڕژێمی دوایایەتی بە هەموو توانایەکی سەربازی خۆیەوە کەوتبووە وێزەی خەڵکی بێدەرەتانی ئاواییەکانی کوردستان، هێشتاش بارزانی بەردەوامی بە بەرەنگاری دەدا و لە ئەنجامدانی نەخشەی هێرش بۆسەر بەرەکانی جەنگی سوپای عێراقی بەردەوام بوو. ئەوەبوو بە پلانێکی وردو تۆکمە، دوای ئەوەی پێگەکانی هێزی چەکداریی کورد لە دۆخێکی پارێزراودا تێکرایان ئامادەکران، نۆرەی نەخشەی هێرشە بەرفراوانەکەیان کە دەمێك بوو نەخشەڕێژییان بۆی کردبوو بڕیاری لەسەر درا. پێش دەسپێکردنی هێرشەکە، بارزانی چەندین بڵاوکراوە و پەیامی کوردانەی دژ بە داگیرکارییەکانی ڕژێم بڵاوکردنەوە. هاوکات لە تەواوی کوردستاندا ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە بڵاوکراوە و بەیانی بەرخودانی نەتەوەییەوە ڕوونکرانەوە. لە بەشێك لە پەیامەکاندا، جەنگاوەرانی بارزانی داوایان لە سەرجەم هۆزەکانی دیکەی کورد دەکرد، بەشداری ڕاپەڕینەکە بکەن و پێکەوە دژ بە زوڵمی دەسەڵاتدارانی عێراق و ئینگلیز ڕاپەڕن. هاوکات جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان بەرگری

---

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 107.

لــە بەرژەوەندییــە گشــتییەکانی خەڵکــی کوردســتان و مافــە ڕەواکانــی گەلــی کــورد دەکەنــە و تەنیــا و تەنیــا نیازیانــە دژی داگیرکاریــی بوەســتنەوە. هەروەهــا ئەوەیــان دەدایــە دواوە کــە شــەڕی ئــەوان لەگــەڵ هیــچ نەتــەوە و مەزهەبێکــدا نییــە، شــەڕی ئــەوان نــە لەگــەڵ عەرەبدایــە نــە کــەس، بەڵکــو دژی ســتەم و زۆرداریــی هــەر سیســتەم و ســتەمکارێک چەکیــان هەڵگرتــووە. تەنانــەت داواشــیان لــە تــەواوی ســەربازانی عێراقــی دەکــرد، هەرچــی زووتــرە شــەڕی کــورد و هێــرش بۆســەر کوردســتان بدەنــە دواوە و نەچنەژێــر بــاری بــاوەڕە فاشیســتی و ڕەگەزپەرســتییەکانی ڕژێمــەوە. دیــارە گەیاندنــی ئــەم پەیامانــە هــەروا ئاســان نەبــوون، چونکــە لــەو کاتــەدا بەهــۆی نەبوونــی چاپخانــە و شــوێنی وەشــانی بڵاوکــراوەکان، ناچــار دەبــوون بانگەوازەکانیــان بــە دەســتنووس بنوســنەوە. هێشــتاش بــەم ڕێگەیــە توانیــان بــە ســەدان دانــە لــەو بڵاوکراوانــە لەڕێگــەی کاربۆنــەوە لەبەریــان بگرنــەوە و بڵاویــان بکەنــەوە. جیــا لــە هۆشــداریی هێزەنیشــتمانییەکان و ئاگادارکردنــەوەی ســەربازانی ســوپای عێــراق، هەوڵیــان دەدا بانگــەوازی بەرخودانەکەیــان بگەیەننــە ئینگلیزەکانیــش. بارزانــی مەبەســتی بــوو ڕای گشــتی ئینگلیــز و بەرپرســە سیاســییەکانیان لــە عێراقــدا ئــاگادار بکاتــەوە کــە لەســەریان پێویســتە هەرچــی زووتــرە دەســتوەردان لــە کاروبــاری ناوخــۆی عێراقــدا بکــەن و نەبنــە فاکتــەری هەڵگیرســاندنی ململانێــی نێــوان کــورد و حکومــەت. لــەم گۆشــەنیگایەوە بــوو کــە خــودی بارزانــی نامەیەکــی هــەم کــراوە و هــەم تایبەتیــی ئاڕســتەی نوێنەرانــی ئینگلیــز لــە عێــراق کــرد. لــە ناوەرۆکــی نامەکــەدا ڕایانگەیاندبــوو:" ڕاپەڕینــی بــارزان، ڕاپەڕینێکــی خۆڕســکی نێوخۆییــە، تەنیــا ئامانجــی لەناوبردنــی ســتەم و چەوســاندنەوەی ڕۆڵەکانــی نەتــەوەی کــوردە کــە ســاڵەهای ســاڵە لەلایــەن دەســەڵاتدارانی عێراقــەوە ســتەمیان دەرهــەق دەکرێــت". هــەر لــە درێــژەی هەمــان نامــەدا نوســیبووی: "ڕاپەڕیــن تەنیــا و تەنیــا بــە ئامانجــی بەدەســتهێنانی مافــە ڕەواکانــی گەلــی کــوردە و هیــچ پاڵنەرێکــی دیکــە لەپشــتپەردەی هەڵایســانی هێــز و خەباتــی چەکدارانــەی کوردانــەوە نییــە". هــاوکات لــە ڕێگــەی نامەکــەوە داواکاری بەرخودانەکەیانــی بــۆ ئینگلیــزەکان دوپاتکردبوویــەوە و پێیانــی ڕاگەیاندبــوو:" بەهیــچ جۆرێــک نەکــەن هــاوکار و دەســباری ســتەمکارییەکانی حکومەتــی عێــراق بــن و بەشــداری لــە ســەرکوتکردنی ڕاپەڕینــی ڕاســت و ڕەوای نەتەوەکەیــان بکــەن."

لـە ڕاسـتیدا ئـەم هـاوار و داد و داواکارییـە مرۆڤانەی کـورد بەبای خەیاڵـی ئینگلیزەکاندا نەهـات و نەبـووە هـۆی ڕاگرتنـی ڕۆڵـی نەرێنـی بەرپرسـانی بـاڵای ئینگلیـز لـە عێراقـدا، بەڵکـو ئینگلیـزەکان تەنیـا بیریـان لـەوە دەکـردەوە ڕاپەڕینـی کـورد لـەو سـاتەدا، مایـەی لێدانــە لــە بەرژەوەندییــە ئابــووری و سیاســییەکانیان. ئــەوان لەخەمــی ئــەوەدا بــوون یاخیبــووان لــە شــاری کەرکووکــی زەنگیــن بــە نــەوت نزیــک ببنــەوە. لــەم ســۆنگەیەوە، نــەک هــەر هەڵوێســتێکی هیومانیســتییان نەنوانــد، بگــرە گرەویــان لەســەر ئــەوە دەکــرد، هەرچـی زووتـرە کۆتایـی بـە بەرخودانـی کـورد و گێچەڵـی تەقوتۆقـی کـوردەکان بهێنـن. دواجــار هــەردوولا، هــەم ڕژێمــی عێــراق و هــەم هاوکارییەکانــی ئینگلیــز، بــە تێچــوو و زیانێکــی فــرەوە، بــە ڕشــتنی خوێــن و  قوربانییەکــی یەکجــار زۆرەوە، تاوەکــو توانیــان هەمــوو ئــەو یەکــە تایبەتییانــەی ســوپاکەیان، لەبــەردەم چەکــی بەرگــری و بەرخودانــی بارزانییەکانــدا قوتاربکــەن و نەکەونــە دەســت بارزانییــەکان. مەبەســت لــەم ڕزگارییــەی یەکەکانــی ســوپای عێــراق، بریتــی بــوو لــەو تاکتیکــەی بارزانییــەکان کــە هــەر لــە ســەرەتای چوونــە پێشــەوەیان، بەجارێــک کەوتنــە بۆســەی بەرهەڵســتکارانی بارزانــەوە و گەمــارۆدران. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو پێشتریــش لــە دەیــەی بیســت و ســییەکانی پێشــووتردا بەهەمـان شـێوە، ئەرتەشـی ئینگلیـز و عێراقییـەکان دەکەوتنـە مەتەرێـزی مەیدانـی جەنگی بارزانییەکانــەوە و ئەوکاتیــش هێــزی ئاسمانــی بەریتانیــا بەهانایانــەوە دەچــوون.

شــایانی باســە، هێــزی ئاسمانــی ئینگلیــز، بەدرێژایــی ئــەو قۆناغانــە، بــەردەوام بەرخودانەکانـی کوردیـان بەشـێوەیەکی نامرۆڤانـە و دوور لـە هەمـوو ئیتیـک و ئەخلاقێکی سـەربازی، دوور لـە هـەر مانایەکـی مـاف و پڕەنسـیپەکانی پارێزگاریـی لـە هاووڵاتیانـی سـیڤیل و بێنـەوا، بۆردومـان دەکـرد. لـەو قۆناغـەدا بـە گوتـەی وەزیـری بەرگـری عێـراق: "بەریتانیـا ٣١ دانـە فڕۆکـەی جەنگـی  بەخشـیبوویە عێـراق".

بەگشـتی  ئینگلیـزەکان بـەردەوام  دەسـتیان بـە هێـزی سـەربازی عێراقـەوە بـوو، بەردەوامیش لەهەر پێشهاتێکی جەنگ و سەرکوتی سەرهەڵدانەکانی بارزاندا، ئینگلیزەکان لـە بـەرەی عێراقییەکانـەوە دژایەتی جوڵانـەوەی ئازادیخوازیـی کوردیان دەکـرد.  تەنانەت لـە دوایین جاریشـدا، بە نیازی شـکاندنی گەمـارۆی جەنگاوەرانی بارزان، لـە ڕێگەی فڕۆکە جەنگییەکانـەوە، بۆردومانێکـی سـەخت و سـامناکی ناوچـەی بارزانیـان کـرد. لـە ئەنجامی ئـەو بۆردومانانەشـدا چەنـدان هاووڵاتـی سـیڤیل بوونـە قوربانـی. بەشـێوەیەك زۆربـەی

ئەوانـەی پێوەببـوون، زیاتـر ئافرەت و منداڵانی دێهاتـەکان بوون. ئەو دێهاتە سـنووریانەی کـە زۆرترینیـان ببـوون بەژێـر بۆردوومانـی بێبەزەییانـەی باڵەفڕەکانـی ئینگلیـزەوە و ڕەزوباخەکانیـان سـوتێنران و کانـی و کارێزەکانیـان کوێرکرانـەوە، وێـڕای ئـەوەش چەندین ئاگـری گـەورە و بـە مەبەسـتیش بەردەدرایـە دارسـتان و بێشـەڵانی سروشـتی ئاواییـەکان. دیاربـوو بـە بەرنامـە مەبەسـتیان بـوو هیچـکام لـەو ئاواییانـەی سـنوورەکانی کوردسـتان کەڵکـی ژیـان و مانەوەیـان نەمێنێـت. ئەوە لەکاتێکدا بـوو، زۆرترینـی بۆردمانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانـی ئینگلیـز، هیـچ زیانێکی ئەوتۆیان بـە جەنگاوەرانی کـورد نەگەیاند. بۆنموونە جارێکیان لـە یەکێـک لە هێرشـە ئاسمانییەکاندا، فڕۆکەوانـە بەریتانییـەکان بۆمبەکانیان بە مەبەسـتەوە بەسـەر کوردانـی ڕەوەنـد و کۆچەرییەکانـی نموونـەی هـۆزی هەرکییەکانـدا دادەبارانـد، مەبەسـت لـەو هەرکییانەیـە کـە سروشـتی ژیانیـان وەها بوو لە سـنوورەکانی ئێرانـەوە، بـەدوای لەوەڕگـە و ڕانەکانیانـەوە بـەرەو سـنورە کوردنشـینەکانی ناوچەکـە گەرمێـن و کوێسـتانیان دەکـرد. دروسـت لـەو ئانوسـاتەی بۆردومانـی فڕۆکـەی ئینگلیـزدا ٢٠ هاووڵاتـی هۆزەکـە پێوەببـوون و ببوونـە قوربانـی. هەروەهـا لـە هەوەڵیـن ڕۆژەکانـی هێرشـەکانی حکومەتـەوە، بریکارەکانـی بەریتانیـا هەوڵیـان دەدا کاریگەرییـان بەسـەر سـەرانی یاخیبوونەکەوە بهێڵنـەوە. ئـەو هەوڵانەیان لەو ڕوانگەیەوە بـوو، تاوەکو ڕاپەڕینی بارزانییـەکان بخەنەژێر جڵەوی جەنگیی خۆیانـەوە و بەکامی بەرژەوەندییەکانیان بیاندەن بەگـژ هـەر نەیارێکیانـدا. ڕوونتر ئەوەیـە، نیازیـان بـوو لـە دژی تورکیا و ئێران ئاڕاسـتەیان بکـەن. هەڵبەتـە ئینگلیـز لـە کەڵکەڵـەی وروژاندنـی ململانێیەکـی فراوانـی ناوچەییـدا نەزمـی کۆڵۆنیـکاری خۆیـان بـرەو پێـدەدا. لەسـەر ئـەم بنەمایـەش بـوو کە بە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ڕێگـەی شـێخ ئەحمـەدی بارزانـەوە مامەڵەیـان دەکـرد. چونکـە دەیانزانـی قسـەی شـێخی بـازران، لـەلای مسـتەفا بارزانیدا گەڕانـەوەی نییە. لەگەڵئەوەشـدا مسـتەفا بارزانی هۆشـی بەلای دەسکیسـە و دنەدانی ئینگلیزەکانەوە بوو. هەربۆیە پێشـنیارەکانی شـێخ ئەحمـەدی بارزنـی لەمـەڕ فراوانکردنـی ڕووبـەری جوگرافـی ناوچـەی ڕاپەڕیـن و کشـان بـەرەو ناوچـە سـنوورییەکانی تورکیـا و ئێـران دابوویـە دواوە. بارزانـی بۆخـۆی لـە نەخشـەی سـەربازی و تاکتیکـی جەنـگ و خوێندنـەوەی هەلومەرجـی هونەرەکانی هێرش و بەرگریـدا، قاڵبـووی قۆناغەکـە بـوو. بۆیـە ئامانجی سـەرەکی مسـتەفا بارزانی، پاراسـتنی کـورد و مافـە سـەرەتاییەکانی ئینسـانی کـورد بـوو، نـەک گەمە و گـرەوی ئێـران و توران.

کەواتــە لــە ڕوانگــەی مســتەبا بارزانییــەوە فراوانبــوون و تەنینــەوەی ڕاپەڕینــی خەڵکــی کوردســتان بــۆ ناوچــە ســنوورییەکانی باکــوری ئێــران و تورکیــا و ئــەو ناوچانــەی کــە زیاتــر لەژێــر هەژموونــی ســۆڤییەتدا بــوون، کردنــەوەی بــەرەی جەنگــی زیاتــر بــوو لەبەرانبەریــان. کارێکــی لــەو جۆرەیــش نــە لــە توانــای ئــەو قۆناغــی بەرەنگارییــەی ئەوانــدا بــوو، نەیــش سەرکێشــییەکی لۆژیکــی بــوو، بۆیــە بارزانــی بــێ هیــچ دوودڵییــەك، زۆر بــە تونــدی پابەنــد بــوو بــە لۆکاڵیکردنــی ڕاپەڕینەکــەوە و دەیەویســت لــەو قۆناغــەدا خەباتەکەیــان تەنیــا لــە چوارچێــوەی خاکــی عێراقــدا بمێنێتــەوە. لەبەرانبــەردا بەپێچەوانــەی خواســتی بارزانییەکانەوە، ڕژێمــی دوایایەتــی عێــراق هەوڵیــدەدا بەشــێک لــە وڵاتانــی دراوســێ، ئــەو وڵاتانــەی بــە هەمانشــێوە نەیــاری نەتــەوەی کــورد بــوون، بیانگلێنێتــە بەرەیەکــی فراوانــی ڕووبەڕووبوونــەوەی ڕاســانە کوردییەکــەوە. دیاربــوو ئــەو هەوڵانــەی عێــراق بێبەرهــەم نەبــوون، چــون توانیبوویــان تورکــەکان بهێننــە ســەرخەت و بــەردەوام چاودێــری هەلومەرجــی ڕاپەڕینــی بارزانییەکانیــان دەکــرد. بەشــێوەیەک دەوڵەتــی تورکیــا هێزەکانیــان لــە ســنوورەکانی تورکیــا و عێراقــەوە، بەتایبەتــی لــە ناوچــەی ڕاپەڕینــی بارزانییەکانــدا چڕکردبوویــەوە. هــاوکات فڕۆکــە سیخوڕیەکانیشــیان بــە بەردەوامــی بەســەر ئــەو ناوچانــەدا دەســوڕانەوە کــە لەژێــر قەڵەمــڕەوی بارزانییەکانــدا بــوون. دواجــار ئــەم هەماهەنگییــە هەرێمییــەی عێــراق و تورکیــا، سەریکێشــا بــۆ ســەردانی فەرمــی بەرپرســانی بــاڵای عێــراق بــۆ تورکیــا. ئەوەبــوو لــە ناوەڕاســتی ئەیلوولــی ١٩٤٥دا، لــە ئەنقــەرەی پایتەختــی تورکیــاوە فەرمــان بــە هێــزی جەندرمــە و ســوپای تورکیــا کــرا بــوو، پێویســتە بەدرێژایــی ســنوورەکانی ئێــران و عێــراق هێزەکانیــان جێگیــر بکــەن. ئەمەیــش بەشــێك بــوو لــەو هەماهەنگییــە هەرێمییــەی کــە لــە دەرهاویشــتەی ڕاســانە کوردییەکــەی بارزانــدا بارهاتبــوو. هەڵبەتــە بارزانــی بێئــاگا نەبــوو، بەڵکــو بەشــێکن لــە بەرنامــەی بەرپرســانی ڕژێمــی دوایایەتــی دژ بــە جوڵانــەوەی کــوردی عێــراق. ئەوەبــوو بــۆ پێشــگرتن لــە پیلانگێــڕی زیاتــری حکومەتــی عێراقــی، مســتەفا بارزانــی و ســەرکردە مەیدانییەکانی ڕاپەڕین، نامەیەکــی تایبەتیــان ئاڕاســتەی هەریــەک لــە ســتالینی ســەرۆکی ڕوســیا، ســەرۆکی ئەنجومەنــی کۆمیســاری گەلانــی یەکێتــی ســۆڤیەت و ڤــی.م. مۆلۆتــۆڤ، کۆمیســاری گــەل بــۆ کاروبــاری دەرەوە کــرد. لــە

نامەکـەدا مـەلا مسـتەفا بارزانـی دڵنیایـی دابوویـە حکوومەتی سـۆڤیەت کـە ڕاپەڕینـی کـورد و خەباتـی بارزانییـەکان، بەهیـچ جۆرێـک مایـەی زیـان و دژی بەرژەوەندییەکانـی سـۆڤیەت نییـە، بەڵکـو جوڵانەوەکەیـان، لەپێنـاو مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کورددایـە لـە ناوخـۆی عێراقـدا. هەربۆیـەش ناڕەزایـی خۆیـان بەرانبـەر بـە بەشـداریی ئینگلتـەرا و دەسـتێوەردانی سـەربازیی بەریتانیـا لـە سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەیانـدا دەردەبـڕن و سـەرکۆنەی سیاسـەتی چەوتـی دژ بـە مافـی هاووڵاتیانـی وڵاتەکەیـان دەکـەن، چونکـە ئـەوان هـەر لـە دەسـپێکی دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە، دانیـان بـە مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد لـە ویلایەتـی موسـڵدا نابـوو، ئـەوە ڕاپۆرتەکانـی ئـەوان بـوو لـە کۆمەڵـەی گەلانـدا سـەلماندیان کـە کوردسـتان خاکـی لەمێژینـەی نەتـەوەی کـوردە.

هـەر لەچوارچێـوەی پەیامەکـەی بارزانیـدا بـۆ بەرپرسـانی سـۆڤییەت، ئامـاژە بـە هەڵوێسـتی هیومانیسـتی حزبی شـیوعی عێراقـی درابـوو. ئـەوەی بیرهێنابوونـەوە کـە حزبـی شـیوعی لەپێنـاو بەرگریکـردن لـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد هاتوونەتـە دەنـگ و داوای دەسـتبەجێی کۆتایـی هێنانیـان بـە کـردە سـەربازییەکانی سـەربازانی عێـراق لـە کوردسـتان کـردووە. هەروەکچـۆن داوای دەسـتەبەری مافـی دیموکراسـییان بـۆ هەمـوو گەلانـی عێراقیـش دوپاتکردووەتـەوە.

لەلایەکـی تـرەوە پلانـی حکومـەت بـێ لـەوەی وڵاتانـی هەرێمـی هێنابوویـە سـەرخەت و بەریتانیـای بـە گوێـرەی بەرژەوەندییەکانـی بەکاردەهێنـا، هـاوکات دەرهـەق بـە دانیشـتوانی ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتانیش پیلانگێڕییـان لـە ئـارادا بـوو، هەربۆیـە نوێتریـن پیلانیـان دەسبردن بـوو بـۆ بەکارهێنانـی بەکرێگیراوانـی کـورد، چونکـە لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا چالاکییـە سـەربازییەکانی میریـی بێهـودە بـوون، هەربۆیـە هێـزی سـەرەکییان لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاپەڕینـی کـورددا، بەکرێگیراوەکانـی هەندێـک لـە فیـۆداڵ و ئاغاکانـی کـورد بـوون. لـە ٢٥ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٤٥ دا، ڕێـک لـە دووری ٢٤ کـم لـە شـارەدێی بارزانەوە، شـەڕێکی یەکلاکـەرەوەی توند لەنێـوان ئـەو بەکرێگیراوانـە و بارزانییـە خەباتکارەکانـدا ڕوویـدا. لـە ئەنجامـدا بارزانییـەکان توانیـان لـە گەمـارۆ و مەتەرێـزی جاشـەکاندا، تەوقەکـەی سـەریان تێکبشـکێنن و بەڕێگایـەک کـە کەمتریـن زیانیـان بەرکەوێـت، پاشەکشـە بـە جەنگاوەرەکانیـان بکـەن. هـاوکات لـە سـەرەتای مانگی تشـرینی یەکەمیشدا، سـەربازانی

حکومـەت لە بلـێ، گەلـی باڵنـدە، ئەرگـوش و چەنـد ناوچەیەکـی دیکـەی نزیـک زێبـاردا بنکـە و بـارەگای نوێیـان دانـا و دەسـتیان گـرت بەسـەر هەمـوو ئـەو ناوچانـەدا. دواجـار کارگەیشـتە ئـەوەی لـە ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبـەردا، بـە فەرمـی دەستبەسـەراگرتنی بـارزان، لـە میدیاکانـی بەغـدای پایتەختـەوە ڕابگەیەنـن.[1] هـاوکات پێکدادانـەکان زیاتـر لەگـەڵ جاشـەکاندا بەتـەواوی بەرنامـەی بەرخودانـی بارزانییـان ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگ کردبوویـەوە. ئـەم ململانێیـە بـەردەوام چەکـی ستراتیـژی ڕژێمـەکان بـوو دژ بـە بەرخودانـی کـوردەکان. بەتایبەتـی لـەم سـاتەوەختە هەسـتیارەی دۆخـی بارزانیـدا کـە دنیـا لـە دژی راوەسـتا بـوو، لەناوخۆشـدا سـەرباری هەمـو ئـەو ئاسـتەنگانە، جۆرێـک لـە ناکۆکـی کۆمەڵایەتـی نوێـی هێنابوویـە ئاراوە. تێکـڕای ئـەم هۆکارانە، مسـتەفا بارزانـی ناچـار کـرد، هـاوڕێ لەگـەڵ ئەندامانـی لیژنـەی ئـازادی و خـودی شـێخ ئەحمـەد بارزانیـدا پێکـەوە ڕاوێـژ بکـەن، بەڵکـو سـەبارەت بـە هەنگاوەکانـی داهاتـووی جوڵانەوەکـە، بـە ستراتیژێکـی سـەرکەوتووانەوە بێنـە دەرەوە. لەمیانـی هەماهەنگـی و ڕاوێژێکـی هەمەلایەنـەدا، پێکـەوە بڕیاریانـدا، ئەوانیـش لـەم قۆناغـەدا بـەرەو سـنوورەکانی ئێـران و ڕووە و کوردسـتان پاشەکشـە بکـەن. ئـەوەی بڕیارێکـی لـەم جـۆرەی خێراتـر هێنایـە گـۆڕێ، لەلایەکـەوە توندبوونـەوەی بەرەکانـی جەنـگ بـوو، چونکـە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ هێرشـەکان و بۆردومانـی فڕۆکـەکان و کوشـتنی خەڵکـی سـیڤیلی دێهاتـەکان زیاتـر ژانـی دەخسـتە دڵـی بارزانییـەوە، لەلایەکیترەوە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی و دیموکراتـی کـوردی ئێـران لـە ئاسـتی گەشـەکردنێکی گەلـێ خێـرادا بـوو. بەجۆرێـک هێزەکانیـان توانیبوویـان لـە ناوچەیەکـی بەرفراوانـی ستراتیژیـدا بکەونەخۆیـان و سـەرکەوتووبن، لـەم کاتەشـدا تەنیـا شـتێك کـە ئومێدیکـی گەورەیـان لەسـەری هەڵچنـی بـوو، پشـتیوانی بارزانـی بـوو لـە دەسـکەوتەکانی ئـەو هەماهەنگییـەی کوردانـی ڕۆژهـەڵات.

بارزانییـەکان ئەوەشـیان لەپێشـچاوگرتبوو کـە چیـدی ناتوانـن لـە سـەرماو سـۆڵە و بەسـتەڵەکی ناوچـە شـاخاوییە سـنوورییەکاندا بـە سـانایی هاموشـۆبکەن و پێداویسـتییەکانی هـەزاران جەنـگاوەری کـورد دابیـن بکـەن. بۆیـە بارزانـی هەلومەرجـی نوێـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی بـە دەرفـەت زانـی و فەرمانـی بـە چەکدارەکانـی کـرد،

(1) Федченко А. Ф. Ирак в борьбе за независимость. М., 1970, С. 100.

بــە شــێوەیەکی ڕێکخــراو، لەســەر بنەمــای بەرنامەڕێــژی پێشــوەختەی ســەربازی نێــوان خۆیــان و بەتاکتیکێکــی وردی ســەرکەوتوو بــەرەو ســنوورەکانی کوردســتانی ئێـران بکشـێنە دواوە. بەمجـۆرە نزیکـەی ١٠ هـەزار هاووڵاتـی کـورد، لـە منـداڵ و ژن و بــە تەمــەن، تێکــڕا شانبەشــانی جەنگاوەرانــی بــارزان، پێکــەوە لــە هەلومەرجێکــی یەکجـار سـەختدا پاشەکشـەیان بـەرەو سـنوورەکانی ئێـران کـرد. هـەر لـەو کـۆڕەوەی بارزانییەکاندا، چەندیــن کەســیان بەهــۆی برســێتی و شــەختە و زریانــی ڕێگاکــەوە گیانیــان لەدەســتدا. هەڵبەتــە بــێ لــە کــوردە بارزانییەکان، زۆرێــک لــە هۆزەکانــی دەوروبــەری ڕەوانــدوز و ئامێــدی، ئەوانیــش هەڵوێســتی بــەرزی کوردانەیــان نوانــد و شانبەشـانی بارزانییـەکان پەڕینـەوە بـۆ نـاو خاکـی ئێـران و لـە نێـو شاروشـارۆچکەکانی کوردســـتانی ئێرانـــدا نیشـــتەجێ بـــوون. ئەودەم فەرماندەیـــی یەکینەکانـــی ســـوپای سـۆڤیەت لـە باکووری ئێرانـدا جێگیـر ببـوون. چـون هاتنەپێشـەوەی سـوپای سـۆڤیەت، لەئەنجامـی ڕێککەوتنێکـی سـەرەتاییدا هاتبوویـە ئـاراوە. چۆڵکردنـی بەرەکانـی جەنـگ و گواســتنەوەی مەفــرەزە چەکدارەکانــی بــارزان، شانبەشــانی خێــزان و کەســوکار و ماڵباتەکانیــان بــۆ ئێــران، [1]بەشــێوەیەکی هەڕەمەکــی نەبــوو، بەڵکــو پێشــوەختە دەســەڵاتدارانی ســۆڤیەتی ئــاگاداری گۆڕانکارییــەکان و هاتنــی بارزانییــەکان بــوون بــۆ ســنوورەکە. هەڵبەتــە بــە گەیشــتنی بارزانییــەکان، ڕێــك وەکــو کەرنەڤاڵێکــی جەمــاوەری گــەورە لەلایــەن کــوردی ناوچــەی موکریانــەوە پێشــوازییەکی مێژووییــان لێکــرا. هــاوکات ڕاســتەوخۆ بارزانی پەیوەنــدی بــە نوێنەرانــی ســۆڤیەتەوە کــرد. لەبەرانبــەردا ژمارەیــەک لــە کەســایەتییە متمانەپێکراوەکانــی بارزانــی لەگــەڵ چەنــد ئەفســەرێکی سـۆڤیەتیدا سـەردانی بارزانییـان کـرد. لـەم بابەتـەدا عەبـدوڵڵا ئەفەنـدی و شـێخ عەبـدوڵڵا زەینـوڤ دووان لـە کەسـایەتیە کوردەکانـی نزیـک لـە بارزانی، ڕۆڵـی کارایــان لــە چێکردنــی پێوەندییــە پێشــوەختەکاندا دەبینــی. بارزانییــەکان لــە کاتــی گواسـتنەوەیان بـۆ سـنوورەکانی ئێـران نزیکـەی تـەواوی موڵـک و ماڵـی خۆیانیـان جێـهێڵا بـوو. ئەمـەش هـۆکاری خراپـی ڕەوشـی ئابـووری و سـەختی گوزەرانـی ژیانـی خانـەوادە و خێزانــە بارزانییــەکان بــوو لــە کوردســتانی ئێرانــدا. هەروەهــا پێویســتە ئامــاژە بــەوە بکرێــت؛ ڕاپەڕینــی دووەم لــە ڕووی سروشــتی ڕاپەڕینەکەوە، جیاوازییەکــی بەرچــاوی

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 108–109.

لەگـەڵ ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٤٣دا هەبـوو. چونکـە یەکەمیـان لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە نـەک دژایەتـی نەدەکـران، بگـرە بەریتانییـەکان بانگەشـەی ڕەوایەتـی ڕاپەڕینەکەیـان دەکـرد. هەروەهـا ڕاپەڕینەکـە لەپێنـاو ئۆتۆنۆمیـدا بـوو، بـەم پێیـەش سروشـتێکی جوداخوازانـەی نەبـوو. تەنانـەت تاوەکـو ئەوکاتیـش بارزانییـەکان خۆیـان بـە بەشـێک لـە دانیشـتووانی عێـراق دەزانـی. هـاوکات جوڵانەوەکەیـان بـە هەنگاوێکـی پێویسـت دەزانـی لـە گۆڕانکارییەکانـی خەبـات و لەدایکبوونـی بزووتنەوەیەکـی دیموکراسـی بـۆ سەرانسـەری عێـراق.(1)

بەگشــتی لــە قۆناغــی دووەمــی ڕاپەڕینــی بارزانــدا، وردەوردە هەندێــک دەرهاویشـتەی نـوێ بەدیـار دەکەوتـن، بەجۆرێـک سـاڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ بوونـە بناغەیەکـی بەهێـزی بەرخودانـی نەتەوەیـی لەسەرانسـەری کوردسـتاندا. ئەوەتـا ئـەو ڕاپەڕینانـە بــە ســەرکردایەتی مــەلا مســتەفای بــارزان، لــە لۆژیــک و لێکدانــەوەی کوردناســی ڕووســی (ن.ڤی.ســتیپانۆڤا)دا، تەنیــا ڕاپەڕینێکــی لۆکاڵــی و هەڵایســانێکی هۆزگــەرای ناوچەیـی نەبـوون. هـاوکات تەنیـا کاردانەوەیـەک نەبـوون بـەڕووی سـتەمکارییەکانی سیسـتەمی دوایایەتـی عێراقیـدا، بەڵکـو جۆشوخرۆشـێکی جەماوەریـی و جوڵانەوەیەکـی ناسیۆنالیسـتی کوردیـی بـوون. بەشـێوەیەک بزووتنـەوەی نەتەویـی کـوردی لـە سـاڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ دا، پەیوەسـت بـە بنەمـای پانکوردیـزم پێناسـە دەکـرد. ئـەم جوڵانەوەیـە بـە سـەرۆکایەتیی مسـتەفا بارزانـی خاوەندارێتـی خواسـتە نەتەوەییەکانـی کـورد بـوو. ئـەو خواسـتانەی وەک نەتەوەیەکـی سـەربەخۆ، خۆیـان لـە ڕەوایەتـی مافـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی سـەربەخۆ و یەکڕیزییەکـی سیاسـیی هەمیشـەیی لـە چوارچێـوەی عێراقـدا دەبینییـەوە. هـاوکات ڕاپەڕینـی یەکـەم و دووەمـی بـارزان، لەسـۆنگەی سیسـتەمێکی یەکسـان و یادەوەریـی یەکڕیزییەکـی نەتەوەییـەوە، سـەرەتایەکی دانـا تاوەکـو هـەر هێمایەکـی هۆزگەرایـی و هـەر هونەرێکـی هێـزە فیوداڵییەکـە لەخۆیـدا دابماڵێـت. ئەوەتـا لـە سـەرجەم ناڕەزایەتییەکانـی بارزانـدا، بانگەشـەیان بـۆ گۆڕینـی ڕژێمـی سیاسـی و بـە دیموکراسـیکردنی عێـراق بەرزکردبوویـەوە. ئەمـەش دەربـڕی ئـەو بناغـە بابەتییـەی پێناسـەکردنی پانکوردیزمـی پەیامـی ڕاپەڕینـی بارزانییـەکان بـوو.

---

(1) Степанова Н. В. Курдский вопрос в Республиканском Ираке. 1958–1979 гг. Канд. дисс. М., 1972, С. 67.

کەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن، ڕاپەڕینەکانـی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا بارزانـی، ئاڕاسـتەی ئەندێشـەی نەتەوایەتـی کـوردی لـە چوارچێوەیەکـی کلاسـیکییەوە، بـەرەو بونیادنانـی باوەڕێکـی بەهێـز و ئایندەیەکـی جیاوازتـری جوڵانـەوە کوردییەکـە گواسـتەوە. لـەم گۆڕانکارییەشـدا، بارزانـی ڕۆڵی لە گەشـەکردنی هۆشـیارییە نەتەوەییەکەدا هەبـوو. هـاوکات هەمـوو ئـەو دروشمانـەی لـە ئەدەبیاتـی ڕاپەڕینەکـەدا سـەبارەت بـە خەباتـی پێکەوەیـی و هاوبەشـی نەتـەوەی کـورد و عـەرەب لـە دژی هەژموونـی بەریتانیـا دەوترانـەوە، تێکـڕا بوونـە بنەمایەکـی بەهێـز و ڕەنگدانەوەیـان لەسـەر بیرکردنـەوە و هۆشـیاریی هەمـوو پێکهاتـە نەتەوەییەکـەی عێراقـدا دانا.[1] هـەروەک چـۆن کوردناسـی ڕووسـی (ن.ڤی.سـتیپانۆڤا)، زۆر بـە وردی و بابەتییـەوە تێبینـی و تێڕامانەکانـی لەمـەڕ لۆژیکـی کۆمەڵایەتـی و کاریگەرییەکانـی بەرخودانـی بـارزان بەسـەر بیرکردنـەوەی نەتەوایەتـی و نیـازی گۆڕانکاریـی کۆمەڵـی عێراقییـەوە خسـتووەتەڕوو. لەگـەڵ ئـەوەی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان، لـە ١١ی ئۆکتۆبەری سـاڵی ١٩٤٥ دا، کۆتایی هـات و بارزانییەکان لـە ڕێگـەی خاڵـی سنووری کێلێشـینەوە بـەرەو کوردسـتانی ئێـران دەربازیـان بـوو. ئـەوان لـە کۆڕەوێکـی مێژوویـدا بـە خۆیـان و ژن و زارۆ و بەتەمەکانییانەوە، بە ڕێگـەی پـڕ لـە هـەوراز و هەڵدێـری دامێنـی چیـای داڵامپـەڕەوە، سـێکوچکەی سـنووریی (ئێران-عێـراق-تورکیا)یـان تێپەڕانـد. لێـرەوە قۆناغێکـی نـوێ و سـەرەتای سـەردەمێکی نـوێ لـە تۆمـاری تێکۆشـانی ژیانـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی دەسـتی پێکـرد.

(1) Конфликты на Востоке: этнические и конфессиональные, С. 210.

# بەشی سێهەم

**قۆناغی کشانەوەی مستەفا بارزانی و بارزانییەکان بۆ کوردستانی ئێراندا**

"دەخـوازم، بـە یەکدەسـت و بـە یەکـدڵ و گیـان، هەمـوو هەوڵەکانتـان لەپێنـاو بەرژەوەنییـە نەتەوەییەکانـی کـورددا بێـت"

**مستەفا بارزانی**

دوای بڕیـاری دوایەکشـەی بارزانییـەکان بـۆ دیـوی سـنووری کوردسـتانی ئێـران، بەریتانییـەکان هێشـتا لێنەدەگـەڕان و بـەردەوام لەلایـەن باڵەفـڕە جەنگییەکانیانـەوە سـۆراخی شـوێنی مانـەوە و ئـەرک و ئـەدای بارزانییەکانیـان دەکـرد. لەڕاسـتیدا بارزانییـەکان هـەروا هەوەنتـە و بێبەرنامـە پاشەکشـەیان نەکـرد بـوو، بەڵکـو پاشەکشـەی بارزانییـەکان بـە پێـی پلان و نەخشـەیەکی سـەربازی ڕێکخـراو، وەکـو ئـەوەی دایانڕشـتبوو چـووە پێشـەوە. ئـەوان بەشـێوەیەك بەرەکانـی بەرخودانـی بارزانیـان جێهـێڵا، مەبەسـتیان بـوو هیچـکام لـە بارزانییـەکان ڕووبـەڕووی زیـان نەبێتـەوە. مسـتەفا بارزانـی بۆخـۆی کەسـێکی ورد و وریـا و بەدەسـتوبرد بـوو. لـەم بارەیـەوە بـەردەوام نوێنـەران و کاربەدەسـتانی سـۆڤیەتی، سەرسـوڕمانی خۆیـان لەمـەڕ زرنگـی و دووربینـی بارزانـی دەردەبڕی. هـەر ئـەوەش هۆکارێـک بـوو کـە بـە گرنگییـەوە گوێیـان لـە داواکارییەکانـی بارزانـی دەگـرت و لەگـەڵ یەکەمیـن دیداریانـدا کەوتنـە نـاو هەماهەنگـی و دەسـپێکی دیپلۆماسـییەتی پێوەندییەکـی نوێـوە. ئەوەبـوو بـە گەیشـتنی بارزانییـەکان، هـەر لەسـەرەتاوە بە ئـاگاداری سـۆڤیەتییەکان بڕیاریانـدا تێکـڕای خێزانەکانیـان لەسـنووری گوندەکانـی دەوروبـەری مهابـاددا نیشـتەجێ بن. ئەوەبـوو ئـەو هـەزاران بارزانییـە، تێکڕایـان دابەشـببوون بەسـەر (٤٩) گونـدی ناوچەکانـی دەرروبـەری مهابـاددا و لـەوێ شـوێنی نیشـتەجێبوون و مـاڵ و حـاڵ و تەنانـەت پێداویسـتییەکانی ژیـان و خۆراکـی پێویستیشـیان بـۆ دابیـن دەکـرا.

هاوکات بەشێک لەو هۆزانەی خزم و خوێش و هاوتیرەی بارزانییەکان بوون، ئەوا هەر بە ئافرەت و منداڵەکانیانەوە وەک کەسوکاری خۆیان دەرگای ماڵەکانیان خستەسەر پشت بۆیان. بەم جۆرە ڕێک لە سنووری باکووری ڕۆژئاواوە تا دەگەیشتەوە سنوورەکانی عێراق، یانی لە خانێوە تاوەکو شاری شنۆ، ماڵومناڵ و خاوخێزانی بارزانییەکان بەوپەڕی خۆشحاڵی و ڕووخۆشییەوە دەرگایان بۆ والاکرا و نیشتەجێ کران. دیارە ئەو بارزانییانەی چەکداربوون، یانی جەنگاوەرانی بارزان زیاتر لە چەند گوندێکدا کە نزیکەی (١٠)کم، لە مەهابادەوە دوور بوون جێگیرکرابوون. سەرەتا مستەفا بارزانی بۆخۆی چووبووە گوندی نێرگی و لەوێدا دامەزرا بوو. وەکو ئاماژەمان بۆکرد، ڕێوشوێنی بارزانییەکان و ڕێکخستن و شوێنکردنەوەیان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی بالای سۆڤیەتییەکاندا بوو. ئەوان نوێنەرایەتی هێز و دەسەڵاتی تەواوی ناوچەکەیان دەکرد. هەربۆیە ئاگاداری ئەوەبوون کە بارزانییەکان لە هەرێمی کوردستان و لە مەهابادا، یانی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێراندا نیازی مانەوەیان هەیە. هەڵبەتە بەوەدا دەرکەوت، سۆڤییەتییەکان لەگەڵ بارزانییەکاندا تەبا بوون، چونکە جیا لەوەی مۆڵەتی مانەوەیان پێدان، داواشیانکربوو پێویستە ئاسانکاری و ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ فەراهەم بکرێت. هەر لەسەر داوای سۆڤیەتییەکان چەندین یەکەی پزیشکیان ناردبووە ئەو گوندانەی بارزانییەکان بەسەریاندا دابەش ببوون، تاوەکو لەنزیکەوە لە دۆخی تەندورستیان ئاگاداربن و ئەوەی پێویست بوو بۆیان دابینکرابوو. تەنانەت دوای سەردانی یەکەپزیشکییەکانی سۆڤیەت، بڕیاریاندابوو بەزوویی بنکەیەکی تەندروستی تایبەت بە بارزانییەکان لە یەکێک لە گوندەکاندا بۆ بارودۆخی تەندروستی و خزمەتی بارزانییەکان دابمەزرێنن.[1]

حکومەتی عێراق و نوێنەرایەتی بەریتانیا لە بەغداد ئاگاداری ئەم پێشوازی و بەدەمەوەچوونەی سۆڤیەتییەکان و سوپای سووری سۆڤیەتی بوون کە دەرهەق بارزانییەکان دەینوێنن. بۆیە بەردەوام لەسەر خەت بوون و نیگەرانی ئەو بایەخپێدانەی بەرهەڵستکارانی بارزان بوون. لەکۆتایدا ئەوان ناڕەزایەتی خۆیان

(1) Судоплатов П. А. Спецоперации. Лубянка и Кремль в 1930–1950 годы. – 100 лет Мустафе Барзани, С. 44.

لەمەڕ داڵدەدان و دەمەوەچوونی بارزانییەکان و کشانەوەیان بۆ ئێران گەیاندبوویە بەرپرسانی ئێران و تورکیا و بەرپرسانی سۆڤییەتیشیان لە باکووری ئێراندا ئاگادار کردبوونەوە. جارێ حکومەتی عێراق، هەمیشە وەک دەربارێکی دڵاوای ئینگلیزەکان، هەرچەندە هەواڵی وەستانی شەڕەکانیان دەگەڵ بارزانییەکان ڕاگەیاند بوو، لەگەڵ ئەوەشدا داواشیان دەکرد، دەبێت هەرچی زووترە سەرۆکهۆزە هەڵهاتووەکان و خودی بارزانی لەمیانی ماوەی ٤٨ کاتژمێردا چەک بکەن و چەکەکانیشیان ڕادەستی پاسەوانانی سنووری عێراق بکرێنەوە. هاوکات هەواڵی ئەوەشیان بڵاوکردبوویەوە گەر بزانن هەرکەسێك کۆمەکی بەو یاخیبووانە کردووە، هەر هۆزێك داڵدەی داون و لێیانی پرسیوەتەوە، ئەوا بێگومان بە سزای توندی دەگەیەنن. تەنانەت وردەکاریی شێوازی کۆمەکپێکردنی بارزانییەکانیان ڕوونکردبویەوە و ڕایانگەیاندبوو؛ گەر بەهەر ڕەنگێک ڕێنومایی و هامکاری هێزی یاخیبووانی کوردیان کرد بێت، ئەوا سزای توند چاوەڕوانیان دەکات. هەروەها هەڕەشەشیان لە خەڵکی ئاوایی سنوورەکان گەیاندبووە موختار و سەرۆکهۆز و ڕیشسپیان و وتبوویان، گەر لەکاتی پشکنین و کێومالّی کەسانی یاخی و لێکۆڵینەوە لە لاوانی لادێکاندا بۆیان دەربکەوێت تەنانەت گەر خەنجەرێکی بەرپشتوێنیش لەماڵەکەیاندا هەبێت، ئەوا ڕاپێچی لێپێچینەوەی توند و ڕاپێچی بەندیخانەیان دەکەن.

ئەوە لەکاتێکدا بوو، مستەفا بارزانی و بەرهەڵستکارانی هۆزەکەی و هاوەڵەکانی، بەرەبەرە خۆیان لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا ڕادەهێنا و ڕیزەکانیان ڕێکدەخستەوە. ئەوەبوو تەواوی هێزە چەکدارەکانیان ڕووە و دەڤەری سەردەشت لە یەکەیەکی تایبەتیدا ڕێکخستن و هەر لەوێ لە گوندێك بەناوی میرۆڤا نیشتەجێکران. بەدەر لەوەش هێزی چەکداری بارزانییەکان بۆیان هەبوو لە پانتاییەکی بەرفراوانی ناوچەکەدا ئازادانە بە چەکەکانیانەوە هاموشۆ بکەن و کەسیش بۆی نەبوو لێپێچینەوە و ڕێگرییەکیان لێبکات. ئەوان لەو ژینگە نوێیەدا تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ بەوپەڕی ورەو وێری ئازادییەوە نەك هەر ڕێگرییان لێنەدەکرا، بەڵکو بۆخۆیان ئامادەی پاراستنی ئەو ئەزموونە نوێیەی ناو بۆشایی سیاسیی ئەوێ بوون. بارزانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ دا، بەخۆیی وماڵبات و کەسوکاری نێزیکی خێزانەکەیەوە ڕوویان لە شارۆچکە شنۆی کوردنشین کرد و ئیتر بڕیاربوو تاوەکو دۆخەکە دەبڕێت بە

باریکـدا جـارێ لـەوێ بمێننـەوە. ئـەوە لەکاتێـدا بـوو، بنەماڵـەی بابـۆی بـرای بارزانـی، هـەر لەوێـدا نیشـتەجێ بـوون. هەروەها بنەماڵـەی شـێخ ئەحمـەد بارزانـی براگـەورەی، دیـارە پێـشتر ڕوویـان لـە شـاری مەهابـاد کـرد بـوو، بۆیـە هـەر لەوێـدا جێگیرکرابـوون. مانـەوەی بارزانـی لـە شـارۆچکەی شـنۆدا زۆری نەخایانـدا، ئەوەبـوو بـە بڕیاڕێـک لـە سـەرەتای مانگـی ئـاداردا بارزانـی و ٣٠٠٠ جەنـگاوەری بارزان، خۆیـان و بنەماڵەکانیـان جارێکـی تـر برانـە شـاری مەهابـاد و ئـیتر هـەر لەوێـش بڕیـاردرا بـارەگای سـەرەکی بارزانییەکان دابمەزرێنـن[1].

لەڕاسـتیدا بارزانییـەکان لـە مەهاباددا زەمینەیەکـی ئـارام و هێوریـان بـۆ ڕەخسـا بـوو، زەمینەیـەك کـە بەهیـچ جۆرێـک دووچـاری پێکدادانـی کۆمەڵایەتـی و بەریەککەوتنـی هـۆزەکان نەدەبـوون. ئـەوە لەکاتێکیشـدا بـوو لـە زێـد و زەمینـی بابوباپیرانیـان هەڵکەنرابـوون وماڵوحـاڵ و ڕەزوباخیـان بەجـارێ دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو. جیالـەوەش تاڕەدەیـەک لـە مهاباددا لـە ڕووی شـێوەزار و فەرهەنـگ و فۆڕمـی ژیانـی کۆمەڵایەتییـەوە لەگـەڵ خەڵکـی ناوچەکـەدا نامـۆ و نائاشـنای ئـەو داب و دەسـتووری ئـەوان بـوون.

شـایانی باسـە، ئـەو هەسـتی دڵنیایـی و تەناهییـەی بارزانییـەکان لەکاتێکـدا بـوو کـە لـە ئەوەڵـی کارەوە کارەکتـەرە سـەرەکییەکانی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی ئێـران، تاڕادەیـەک متمانەیەکـی ئەوتـۆ و بێختورەیـان بـە بارزانییـەکان نەبـوو. (بەهـۆی بانگەشـەی بەهێـزی دامـەزراوە دەربـار و سـیخوڕەکانی عێراقـەوە، هاوکاتیـش هەوڵێکـی هەرێمـی و هەماهەنگییەکـی توندوتـۆڵ و تـەواو بـە بەرنامـە لـە گۆڕێـدا بـوو، تاوەکـو بارزانییـەکان لـە لایەنـی سـۆڤییەتییەوە لەکـەدار بکـەن و وەک وێنـای ئاغـا و دەرەبەگێکـی دواکەوتـوو و دەسـکەلای ئینگلیـزەکان ناسـاندبوویان)، بـەڵام وادیاربـوو کاتێـك لـە نزیکـەوە لـە ئـاکاری بـەرزی بارزانییەکانیـان ڕوانـی بـوو، تێگەیشـتبوون چەنـدە دلاوەر و دڵسـۆزی کوردایەتیـن و چەنـدە وابەسـتەن بـە ئیتیـك و ئەخلاقـی بـەرز و جوانـی کوردانـەوە، هەمـوو ئـەو خەسـڵەتانە، بەزوویـی شـوێنی بارزانییەکانیـان لـە دڵودەروونـی خەڵکـی ناوچەکـەدا کردبوویـەوە. بۆیـە بەگشـتی دوای ئـەوەی ڕاپەڕیـن و ڕاسـانی بارزانییـەکان بـە زەبـری هێـز و بـە بڕسـتی بۆردومانـی بەربەڕیانـەی باڵەفڕەکانـی بەریتانیـا کۆتایـی پێهـێنرا، ئـەوکات بـژاردەی

(1) Eagleton W. The Mahabad Republic 1946, c. 75–76.

بەردەم بارزانییەكان، بریتیبوو لە هانابردن بۆ ئەو بۆشاییە ئارام و ئازادەی ناوچەی موكریانی كوردەواریی كە هاوزەمان دەرفەتی دەركەوتن و جۆرێك لە هەلی خۆبەڕێوەبەرییان بۆ هاتبووە پێشەوە. لێرەوە هاتنی بارزانییەكان، هێمایەكی گەلێ گرنگی گۆڕانكارییەكانی كوردستانی ئێرانی خستبووە سەر سكەی سیستەمێكی خۆبەڕێوەبەری واوە كە دەربڕی كیانێكی كوردیی بكات، نەك كیانێكی لۆكاڵی و ناوچەیی[1]. بۆیە ئینگلیزەكان دەمودەست دەنگۆی ئەوەیان لە ناوچە كوردنشینەكانی ئێراندا بڵاوكردەوە كە گوایە بارزانییەكان بەنیازن بۆخۆیان بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی كورد لە كوردستانی ئێراندا ئاراستە بكەن و بەرەی بنپێی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمییەكەی ئەوێ، دەركێشنە دەرێ و بۆخۆیان ڕابەرایەتی ڕاسانەكە بگرنە دەست. ئەوان بەم دنەدان و درۆودەلەسانە تەنیا دەیانەویست، هەر هیچ نەبێت تۆوی گومان و گرەوی ناتەبایی لە نێوان كوردانی ئێران و عێراقدا بچێنن. ئەوەتا كاتێك لە مانگی ئابی ١٩٤٥دا پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران دامەزرا. پارتەكە لە ژێر كاریگەریی بزووتنەوەی دیموكراتی نەتەوەی ئازەردا لە ئازەربایجانی دراوسێی ئێرانەوە سەریهەڵدا بوو. تەنانەت ڕاستەوخۆ هەمان ئەندامانی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد (ژێكاف)، ڕێكخستنە كوردییەكەی خۆیان هەڵوەشاندەوە و ناو و ناونیشان و پرۆگرامی پارتەكەیان گۆڕی و كردیانە حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران. مەبەست لەم گۆڕانكارییە، گەمەیەكی تاكتیكی بوو، تاوەكو بە هۆیەوە یەكخستنی هەموو هێزە دیموكراسییەكانی كورد لە باكووری ڕۆژئاوای ئێراندا بخەنە ناو خانەی خەباتی ڕێكخراوەیی خۆیانەوە. لێرەوە حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ( حدكا) ئامادەكارییەكانی بۆ دروستكردنی هەرێمێكی ئۆتۆنۆمی لە باكووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە دەستپێكرد. هەڵبەتە تاوەكو ئەوكات ناوچەی چالاكی حدكا، زیاتر لەو ناوچانەدا دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بوو كە چەند ساڵێك بوو بەبۆنەی هەلومەرجی ناوخۆی ئێران و لاوازی لایەنی ناوەندەوە، لە دەرەوەی ڕكێفی حكومەتی ناوەندی ئێراندا مابوونەوە. ئەگەرنا، نموونەگەلی وەك هۆزەكانی دیكەی دەرودراوسێیان، تاوەكو

---

(1) О пребывании М. Барзани и его отряда в Иранском Курдистане подробнее см.: Хаврами А. Мустафа Барзани.

ئەوکاتیش نەچووبوونە ژێر ڕکێفی ڕێکخستنەکانی حدکاوە، بەڵکو لەسەروەختی پاشەکشە و ئاشبەتاڵی ئیدارەی ناوەندیی تاراندا، سوک و ئاسان گەڕابوونەوە ناو نەزمە نەریتییە فیوداڵییەکەی خۆیان و تەنیا یەک دانە هەنگاویش چییە، بەرەو مۆدێرنیزەکردن و سازانی سەردەمەکە خۆیان رانەپسکاندبوو، بەڵکو وێڕای ئەوەی دەرەبەگ و ئاغاکانی ئەوێ خواخوای ئەو پێناوە دوایاگەردانەییەیان هەبوو، هاوکات خودی ناوەندیش ئەو چەتەگەرییەی پێ باشتربوو، تاوەکو سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری هاوشێوەی کۆماری مهاباد. بۆیە دەشێت پاڵنەریشیان دەسەڵاتدارانی ئێران بووبن، چون ئەوان لەباری هەواڵگیرییەوە، هێزەکانیان هەر مابوون و هیچکاتێک و لە هیچ هەلومەرجێکدا دەسبەرداری ململانێ خێڵەکییەکانی کوردەواری نەدەبوون، بەردەوام نانیان لەناو ڕۆنی ڕکوکینەی هۆزەکانی کورددا خوسابوو. هەر ئەمەش وایکرد، هۆزەکان بڕستی بوونەیەک و یەکڕیزییان بۆ نەڕەخسێت. کەواتە هەرچی بارزانییەکانیش بوون، لەکاتی پاشەکشەیان بۆ سنوورەکانی ئێران و دەسەڵاتی سۆڤیەت، ناچار بوون بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو دیمەن و دەسەڵاتە ناوچەییانەدا هەبێت[1].

دوای ئەوەی لە ٢٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٩٤٦، کۆماری میللی و ئۆتۆنۆمی کورد لە شاری مەهاباددا ڕاگەیەندرا. ئیتر بە فەرمی مستەفا بارزانی و جەنگاوەرەکانی بوونە بازووی بەهێزی بەرخودان و بەرگریکردن لە کۆماری مهاباد. لێرەوە قۆناغێکی نوێ و خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان وێری کاریگەری و پێناسەی پێشمەرگایەتی بارزانییەکان کرا. چونکە هەر لە سایەی کۆمار، مستەفا بارزانی پلەی جەنەڕاڵی وەرگرت. ئیتر بەفەرمی وەک فەرماندەی هێزی چەکداری یەکگرتووی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستان دیاریکرا. دیارە هەریەک لە کۆمارەکانی مهاباد و ئازەربایجان وەک دوو هاوپەیمانی نێزیک بڕیاری هەماهەنگی و هاوپەیمانییان دووپاتکردەوە. بارزانی لە پێگەکەیدا و هەر لەو ماوەیەدا، وەک سوارچاکێکی چالاک، بەشداریی لە کپکردنی چەند دانە ئاژاوە و پشێویدا کرد. بۆنموونە لە کوژانەوەی چوار دانە یاخیبوونی یەک لەدوا یەکدا، ڕۆڵی مەزنی مستەفا بارزانی بەبەرزی نرخێنرا. لە سەرەتا چەند ئاغە و ئەغەواتێکی کوردی ناوچەی موکریان، لە ڕێگەی دنەدان و دەسبارگرتنی تارانەوە، تینیان بۆ

(1) Вильчевский О. Л. Курды Северо-Западного Ирана, С. 75.

کۆمـاره سـاواکه هێنابـوو. لـەم بارەیـەوە (ئینگلٚتـۆن جۆنیـر) لـە کتێبـی کۆمـاری مهابـاددا، نووسـیویەتی:" بارزانییـەکان ئەندازیـاری شـەڕی چەکداریـی ناوچـە شـاخاوییەکان بـوون و کـردەی پارتیزانیـش هـەر لـە خۆیـان دەهـات، بۆیـە لـەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا، هـۆزە یاخیبــووەکان، شــەڕی شــاخە و شــاخی بارزانییەکانیــان پێندەکــرا. ئەوەبــوو بەســانایی چەکـدارە چەتەکانیـان گەمـارۆدان و ئاژاوەکانیـان کۆتایـی پێهێنـا". هەروەهـا لـە بەشـێکی دیکـەی کتێبەکەیـدا دەنووسـێت: "بارزانییـەکان لـە گەمارۆدانی بنکـە و بارەگاکانـی میریدا، لـە گیردانـی پۆلیـس و جەندرمـەی جەیـش و جاشـەکاندا، خاوەنـی ئەزموونێکـی گەلـێ دەوڵەمەنـد و سـەرکەوتوو بـوون. لـە هیـچ داسـتانێکی پارتیزانیدا، گەلەکەیان نەخسـتووەتە بـەر فیشـەکی ڕاسـتەوخۆی ڕووبەڕووبوونەوەکانـی نەیارانـی نەتەوەکەیانـەوە". کەواتـە بوونـی بارزانییـەکان بـۆ ئـەو سـاتەوەختە هەسـتیارەی هێـزی سـەربازی کۆمـاری مهابـاد، دەرویەکـی خێـر و خۆشـی بـوو. چـون ئـەوان بەزوویـی بوونە یەکەیەکـی پاسـەوانی نەتەوەیـی لـە مەهابـاددا. جیـا لـە شـاری مهابـاد، بگـرە ڕۆڵـی یەکەی چەکـداری ڕاهـێنراوی ڕەسـمی بارزانییەکان لـە شـار و شـارۆچکەکانی دیکـەی کۆمـاردا کـەم نەبـوون. دواجـار ئـەم یەکـە سـەربازییانە، بوونـە پێکهاتەیەکـی سـەربازی یەکپارچـە، یـەک جـۆری چـەک و یـەک پـەلاس و بەرگـی سـەربازی هاوشـێوەیان دەپۆشـی و دەناسرانـەوە. سـەربازەکانی کۆماریـش بەگشـتی کڵاو یـان بێرییەکـی تایبـەت و چاکـەت و پانتۆڵـی پەیوەسـت بەخۆیـان پێدرابـوو. تەنانـەت ئـەو نەزمـە نیزامییـەی بارزانییـەکان گرتبوویانـە بـەر، دواتـر ببوویـە بناغـەی پێکهێنانـی یەکەکانـی تایبەتـی سـوپای کۆمـاری میللـی مهابـاد. [1]

لەمیانــی ســەلماندنی لێهاتوویــی و نیشــاندانی دڵســۆزییان بــۆ پاراســتنی کۆمــاری کوردسـتان، ئەوەبـوو لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٤٦ دا، شۆڕشـگێڕانی مسـتەفا بارزانـی، وەک فەرمانـدەی تـەواوی کەتیبـە و ئەفسـەرانی کۆمـار دیاریکـران. تەنانـەت بارزانـی بوویـە فەرمانــدەی هەمــوو ئــەو ئەفســەرە کوردانــەش کــە لەگــەڵ خۆیــدا لــە کوردســتانی عێراقــەوە هاتبوونــە مهابــاد. لەوانــە: عیــزەت عەبدولعەزیــز، ســەید عەزیــز عەبــدوڵڵا، مسـتەفا خۆشـناو، میرحـاج ئەحمـەد، محەمـەد مەحمـود قودسـی، عەبدوڕەحمان قودسـی، عەبدولـڕەحمان موفتــی و شــەوکەت ئەفەنــدی. دیــارە بەشــێکی دیکــە لــەو ئەفســەرە کوردانـەی کوردسـتانی عێـراق، یـان لەڕێـی ڕێکخـراوی هیـوا، یـان بۆخۆیـان لەکات و سـاتی

(1) Eagleton W. The Mahabad Republic 1946, c. 91.

جیاجیـادا بەگـەڵ ڕاپەڕینـی بـارزان کەوتبـوون و هاتبوونـە کۆمـاری مهابـاد، نموونـەی: بەکـر عەبدولکەریـم، خەیـروڵڵا عەبدولکەریـم، نـوری ئەحمـەد تەهـا، محەمـەد سـاڵح، ئەحمـەد ئەفەنـدی کۆیـە. هەمـوو ئەوانـەش ببوونـە هێزێکـی کاریگـەر و بەئەزمـوون و خـاوەن بیرۆکـەی بابەتیانـەی نەزمـی سـەربازی، چـون لـە ڕیزەکانـی سـوپای عێراقیـدا زۆرێکیـان ئاسـتی بـەرز و پێگـەی گرنگیـان پێدرابـوو. جیـا لـەو ئەفسـەرە ئەکادیمـی و پلەدارانـەی نـاو سـوپای عێـراق، لەنـاو هۆزەکانیشـەوە چەندیـن فەرمانـدەی هەڵکەوتـوو و جەنـگاوەری بەشـۆرەت بـە ڕیزەکانـی کۆمـارەوە پەیوەسـتببوون، لەوانـە وەهـاب محەمـەد ئاغـای جوندیـان، سـلێمان بـەگ دەرگەلەیـی، بەتایبەتـی سـلێمان بـەگ لەگـەڵ مسـتەفا بارزانیـدا ببوویـە یەکێـک لـە فەرمانـدەی هێـزە سـەرەکییەکانی کۆمـار. هەروەهـا بـۆ ڕێکخـستن و گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ تۆمـاری سـەربازانی نـوێ، بڕیـار بـە دامەزراندنـی ناوەنـدی تۆمـاری وەرگیراوانـی نـوێ درا، ئـەم بەشـە تایبـەت بـوو بـە سـوپای تازەپێگەیشـتووانی شـاری مەهابـاد کـە زۆربەیـان نەوجـەوان بـوون و بەگشـتی تەمەنـی ئەوانـەی لـەم سـوپایەدا ناویـان تۆمـار دەکـرا لەنێـوان ١٥ بـۆ ٦٠ سـاڵیدا بـوون. ئـەم سـەربازانە بـە مەبەسـتی ڕاهێنـان و ئامادەکردنیـان دەبـوو لـە بنکـەکان دوورنەکەونـەوە، هەربۆیـە دەبـوو شـوێنی مانەوەیـان لەنزیـك بارەگاکانـی مەشـقیان بـۆ فەراهـەم بکـەن، بـەو بۆنەیـەوە بڕیـاردرا بەسـەر مزگەوتەکانـی شـاردا دابەشـبکرێن.

بەگشـتی هەرچـی پەیوەسـت بـوو بـە هێـزی سـەربازی بارزانییەکانـەوە، بریتیبـوو لـە سـێ کەتیبـەی سـەرەکی کـە تیکڕایـان لـە بارزانییـەکان پێکدەهاتـن. ژمـارەی ئـەو سـێ کەتیبەیـە نزیکـەی ١٥٠٠ سـەرباز دەبـوون. تێکڕایـان چەکـی نوێـی وەکـو تفەنـگ، دۆشـکە، نارنجـۆک و چەندیـن جـۆری چـەك بەگوێـرەی ئاسـت و هونـەری بەکارهێنانیـان پێیـان درابـوو. لەهەمـووی گرنـگتر، ئەوەبـوو بارزانییـەکان بەگشـتی دارای دیرۆکێکـی تـژی لـە شەڕوشـۆڕ و جەنگـی مەیـدان و پێشـمەرگایەتی بـوون، لەگـەڵ ئەوشـدا دەبـوو بـۆ زیاتـر ئاشـنابوونیان بـە فۆرمـی سـوپایەکی ڕاهێنراوی دەوڵەتـی کـە بەگوێـرەی ڕێسـاکانی سـوپایەکی مۆدێـرن و سـەردەمی یەکبگرنـەوە، تێکڕایـان دەسـتیان بـە مەشـق و ڕاهێنـان و وانـەی تیـۆری و پراکتیکـی سـەربازی کـرد. تەنانـەت بـەدەر لـەو ژمارەیـەی بەسـەر سـێ کەتیبـەدا دابەشـکرابوون، بەنزیکـەی ٧٠٠ بارزانـی دیکـە، وەکـو سـەربازی یـەدەگ، لەڕیزەکانـی سـوپای کۆمـاردا ناویـان تۆمارکرابـوو. ئەوانیـش وەک سـەربازی نوێـی کۆمـار،

دوای وەرگرتنــی کــۆرس و ڕاهێنانــی چڕوپــڕ، لەگــەڵ تەواوبوونی مەشــقپێکردنیان لــە کەتیبەیەکیــی نوێــدا، بۆنەیەکــی تایبەتیــان بــۆ ڕێکخــرا. لــەو بۆنەیــەدا بــە ئامادەبوونــی خــودی بارزانــی و ســەرکردەکانی کۆمــاری مهابــاد، مســتەفا بارزانــی وتارێکــی پێشــکەش بــە ئەفســەرە نوێیەکانــی بــارزان کــرد. لــە وتارەکەیــدا وێــڕای پیرۆزبایــی ســەرکەوتنیان لــە مەشــق و ڕاهێنانەکانیانــدا. داوای لێکــردن بــەردەوام بــە ڕێکوپێکــی و بــە دیســیپلینی بــەرزی ســەربازییەوە دەســت بــە بەهــا باڵاکانــی ژیانــی ســەربازییانەوە بگــرن. هــاوکات داوای لێکــردن بــێ هیــچ ســەرپێچییەک، گوێڕایەڵــی فەرمانــی فەرمانــدەی کەتیبەکانیــان بــن و فەرمانەکانیــان وەکخــۆی بەبــێ زیــاد و کــەم جێبەجێبکــەن.

دوای وتارەکــەی بارزانــی، تێکــڕای ســەربازەکان بــە  نمایــش و مانۆڕێکــی ســەربازییەوە، بــە ڕێپێــوان تاوەکــو ســنووری ناوچــەی ســەقز بــە پێیــان ڕۆیــشتن. ئــەوان لــەو نمایشــەدا، بــە پۆشــاکی پێشــمەرگانەوە، دیمەنێکــی گەلــێ شــیرین و شۆڕشــگێرانەیان نیشــانی ئــەو خەڵکــە کوردپــەروەرەدا کــە بەدرێژایــی ڕێگەکەیــان لــەم ســەرو ئەوســەری ڕێگــە خاکییەکــەدا ئەویندارانــە بــۆ بەکەمجــار تەماشــای تێکۆشــەران و پێشــمەرگە پارێزەرەکانــی کۆمــاری کوردســتانیان دەکــرد. بەمجــۆرە ئاپــۆڕای پێشــمەرگە ڕاهــێنراوەکان و زەواری ســوپای کوردســتان تاوەکــو نزیــک ســنووری ســەربازانی عەجــەم لــە ناوچــەی ســەقزدا درێژببوونــەوە. بەمجــۆرە بارزانییــەکان لــە کەرنەڤاڵێکــی بەشــکۆی نیشــاندانی هێــزی کۆمــاردا چەندیــن کیلۆمەتــر ڕێگەیــان بــڕی. بەمــەش توانیــان بونیــاد و بڕســتی خۆیــان لــە ســوپای کۆمــاردا، وەک هەوێنــی هێزێکــی نیشــتمانی نیشــان بــدەن.

جیــا لــەو ســەربازە نوێیانــە، ئەفســەرانی بەئەزمــوون و پســپۆڕی نــاو ســتافی بارزانییــەکان، ئەوانیــش زیاتــر پێگــە و پلــەی باڵایــان پێــدرا بــوو. بەجۆرێــک هــەر لەنــاو ســوپای کۆمــاردا، چەندیــن پلــەی نەقیــب و کاپتن و مەیجــەر و عەقیدیــان پێبەخشــرا بــوو. ئــەم بایەخدانــە بــە ســوپای کوردســتان گەیشــتە ئاســتێکی وا کــە لــە کۆتایــی مانگــی ئایــاری ســاڵی ١٩٤٦دا بەشــێک لــە هــۆزە کوردییەکانــی کوردســتانی ئێــران و بــە تایبــەت هۆزەکانــی بەشــی ســەرووی ناوچەکــە، لــە ژێــر کاریگەریــی و جۆشــدانی جەنگاوەرانــی بارزانــدا، ئەوانیــش هاتبوونــە پێشــەوە و پەیوەســت ببــوون بــە ســوپای میللــی کۆمــارەوە. ئەوەبــوو بارزانــی نــەك دەســتی نەنــا بەڕوویانــەوە، بەڵکــو بەوپــەڕی پێزانینــی پێشــمەرگانەوە، هەموویانــی ڕێکخســت و توانــی لیوایەکــی گرنگــی ســوپای کۆماریــان لێپێکبهێنێــت. بــە

گوێـرەی داتاکانــی ئـەوکات، کـۆی ژمارەیان لەنـاو لیواکـەدا ٨٨٠٠ سـەرباز دەبـوون.

لەنـاو ئـەو هێزانەشـدا ١٧٠٠ یـان هێـزی سـوارە، یانـی سـوراچاک بـوون و ئەوانـی تریـان پیـادە بـوون. بەمجـۆرە دەتوانیــن بڵێیــن بارزانــی نــەک تەنیـا لــە ڕێکخســتنە سـەربازییەکەدا بەهرەمەنـد بـوو، بەڵکـو لـە بـواری سـەربازییدا دیسـانەوە دنیابینــی و دووربیــن بــوو، چونکــە بــەردەوام بــە ستراتیــژ و تاکتیکــە ســەربازییەکانی نەخشــەکانی جەنگـی بـە ئاڕاسـتەیەکی چاوەڕواننەکـراو بـۆ نەیارانـی نیشـان دەدا. لێـرەدا پێشـهاتی داســتانێکی بەرگریکارانـــە وەك نموونـــەی پلانێکـــی جەنگـــی و یەکەمیـــن هێرشـــی فەوجــی یەکەمــی ســوپای کۆمــار، لـــە دیارترینـــی ئـــەو نەخشـــە ســـەرکەوتوانەی سـوپای کۆمـار بـوون کـە بارزانـی توانـی بەوپـەڕی بـاوەڕەوە بۆیەکەمجـار، بڕسـتی کۆمـاری کوردسـتان لـە بەرانبـەر بێباکـی و غـروری غـەوارە پەهلەوییەکانـدا پیشـان بدات. ئەوەبـوو فەوجـی یەکـی سـوپای کۆمـار لـە ڕووبـاری قـەرەوا، لـە چوارچێـوی نەخشــەیەکی وردی ســەربازیدا، توانــی هێزێکــی زەبەلاحــی ســەربازانی ئێرانیــی تووشـــی شکســـت و پەرتەوازەیـــی و دابـــڕان بکات. دیـــارە بارزانییـــەکان فەوجـــی یەکەمـی سـوپای کۆمـار بـوون. لـەم داسـتانە مێژووییـەدا توانیـان یەکـەم سـەرکەوتنی کۆمـاری کوردسـتان تۆمـار بکـەن، ئـەوە لەکاتێکـدا بـێ لـە چـەک و کەرەسـتە و جبەخانەیەکـی زۆر، چەندەهـا دیلـی دوژمنیـان کەوتـە دەسـت، بەمـەش شـکۆمەندی کۆماریـان گەیانـدە تـاک بەتاکـی خەڵکـی کوردسـتان و ڕایگشـتی کۆمەڵانـی خەڵکـی ئێـران و ناوچەکـە. بەمـەش بارزانییـەکان جگـە لـەوەی چەندیـن گومانـی نەیارانیـان ڕەوانـدەوە، هـاوکات بـۆ هەمـوو کوردێکـی کۆماریـان سـەلماند، ئـەوان هـێمای هێـز و قـەڵای پـاراستن و پشـتیوانی کۆمـاری مهابـادن. دواجـار وەك پێزانینـی دلاوەرانـی ئـەو داسـتانە مێژووییـە، تەنیـا ڕۆژێـک بەسـەر سـەرکەوتنەکەدا تێپـەڕی بـوو، هەریـەک لـە پێشـەوا قـازی محەمـەد سـەرۆکی کۆمـار، بـە یـاوەری مسـتەفا بارزانـی فەرمانـدەی کۆمـاری مهابـاد، پێکـەوە سـەردانی فەوجـی یەکـی سـوپای کۆماریـان کـرد. لـەوێ وێـڕای سـوپاس و پێزانیـن و دابەشـکردنی خـەڵات بەسـەریاندا، بارزانـی لـەڕووی ستراتیژییـەوە، سـەرکەوتنەکەی شـیکردەوە، چونکـە بـەم شکسـتەی پەهلەوییـەکان، بەتـەواوی پێگـەی خۆیـان لـە سـەقزدا لەدەسـتدا. نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکـو ڕایەڵـەی ڕێـگا سـەرەکییەکانی سەردەشـت و بانەشـیان بەتـەواوی لەدەسـتدا نەمـا. ئـەوەش

بەواتــای نەمانــی جڵــەوی ســوپای ئێرانــی بــوو لــەو ناوچــە ســنوورییە ستراتیژییانــەدا کــە بــەردەوام  بــە هاندانــی هۆزگەلێکــی دەربــار و دەســکەلای دوژمــن خەرکیــی کێشــەنانەوە بــوون بــۆ کۆمــار و بارزانییــەکان.

خاڵێکــی تــری ئــەم ســەرکەوتنە ستراتیژییــە، ملــدان و ئامادەیــی ئێــران بــوو بــۆ دانوســتان لەگــەڵ کاربەدەســتانی کۆمــاردا. ئــەوە لەکاتێــدا بــوو پێــشتر پیاوانــی عەجــەم، نەدەچوونــە ژێربــاری داننــان بــە بوونــی کۆمــاردا. ڕاســتە ئــەم داواکارییەشــیان بــۆ دانوســتان، بەنیازێکــی پــاك و پێناوێکــی ئاشــتەواییەوە نەبــوو، بەڵکــو بەدەنگەوەهاتنیــان بــۆ دانوســتانەکە، تەنیــا جــۆرە مەکرێکــی عەجەمانــە و مەرانێکــی تاکتیکــی بــوو. ئەوەبــوو دواتــر بەزوویــی دەرکــەوت  هــەر لەگــەڵ ئارامکردنــەوەی بەرەکانــی جەنگــدا، لەپڕێــدا هێرشــیان هێنایــەوە ســەر بــەرەی کەتیبــەی ســەربازانی کۆمــار لــە  فەوجــی دوودا. هەرچەنــدە ئــەوان بەشــێوەیەکی ناگەهــان پێشــڕەوییان کــرد و هاتنــە پێشــەوە، وەلــێ بــۆ جارێکــی تــر دیســانەوە بارزنییــەکان، بەزوویــی بەهانــای فەوجــی دووی کۆمــارەوە هاتــن. هەڵبەتــە ئەمجارەشــیان وێــڕای ئــەوەی بــەراوردی بارزانییــەکان بــە هێزەکانــی ســوپای ئێــران، لــەڕووی ژمــارە و چەکوچۆڵــی ســەربازییەوە نابەرابــەر بــوون. دیســانەوە بارزانییــەکان توانیــان لــە شــەڕێکی ســەختدا بوونــی خۆیــان بســەلمێنن، ئەوەبــوو دوای گەیشــتنیان بــە ناوچــەی جەنــگ و پێشــگرتنیان لــە هێرشــەکانی ســوپای ئێرانــی، تەنیــا لەمــاوەی یەککاتژمێــردا، کاتێــك زانــرا، تێکــڕای هێزەکانــی ئێرانیــان گەمــارۆدا بــوون. لــە ڕاســتیدا ئــەم ئازایەتییــە نــە جــادوی جەنــگ بــوو، نــە دارئاســای دەورانەکــە، بەڵکــو ئــەم تەکتیکــی تێکۆشــانە چەکدارییــە ئەزموونێکــی گرنگــی گیانــی پێشــمەرگەیی بــوو کــە بارزانیــەکان لەناویــدا گــرەوی زۆرتریــن جەنگەکانیــان بردبوویــەوە. بەتایبەتــی دوژمنانــی دۆزی کــورد هیچکاتــێ لــەو شــێوازەی شــەڕە شــاخاوییەکاندا، نەیانتوانــی نیــازی خۆیــان لــە ڕێگــەی تانکوتــۆپ و باڵەفــڕ و زاڵــی زەمینــەی چۆنیەتی چەکەکانــەوە جێبەجــێ بکــەن، بۆیــە لــەو دەســپێکەی هێرشــی ئێرانییــەکان بــۆ ســەر ســنورەکانی کۆمــاری کوردســتان، هێشــتا بانگەشــەی بابەتــی جەنــگ نەببــووە بانگەشــەیەکی فەرمــی نێــوان ناوەنــد و کۆمــار، بەڵکــو دانوســتان و خواســتی خۆبەڕێوەبــەری دروشــمی دەســەڵاتدارانی کۆمــار بــوو. وەلــێ ئێرانیــەکان باکیــان بــە بوونــی نەتەوەیــی کــورد و کۆمــار و ئۆتۆنۆمــی

نەبــوو. بۆیــە شکســتی دەســپێکیان، هێمایەکــی گەلــێ گرنگــی بوونــی کۆمــار و پێگــەی بارزانییــەکان و ســەلماندنی ســڕینەوەی ســنووره دەســکردەکانی نێــوان کــوردەکان و یەکڕیــزی گەلــی کــورد بــوو. بەمجــۆرە پرەنســیپ و بەرنامەســازییەکانی کۆمــاری مهابــاد، لــەو قۆناغــەدا ئەزموونێکــی وەهــا بــوون، دەتوانــرا خزمــەت بــە ئامانجــی یەکخســتنی هێــزە جیاوازەکانــی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد و زۆرینــەی کەســایەتییە پێشــکەوتووەکانی کــوردی عێــراق بکــەن. دواتــر لــە بەڵگەنامەکانــی حــدکادا کــە لــە ســاڵی ١٩٧٧دا بڵاوکراونەتــەوە، ئاماژەیــان بــەوە کردبــوو: "پارتــی ئێمــە وەک پارتێکــی پێشــکەوتنخواز، گوزارشــت لــە بەرژەوەندییەکانــی نەتەوەیەکــی بندەســت دەکات، نەتەوەیــەک کــە لــە پێنــاو ئازادیــدا تێدەکۆشــێت."[1] ئــەو نموونەیــە، لەســۆنگەی سیاســەتی یەکڕیــزی و یادەوەریــی بوونــی بارزانییــەکان لــە کۆمــاردا، خزایــە نــاو بەرنامــە و ئەدەبیاتــی کۆمــار و دواتریــش ڕەنگدانــەوەی لەنــاو تێکۆشــانی تێکــڕای ڕێکخســتنە کوردییەکانــدا بەجێهێشــت.

(1) The Road of the Kurdish Liberation Movement/November 1977. Published by International Relations Committee of the Kurdistan Democratic Party, c. 24.

## مستەفا بارزانی ئیلهامبەخش و دەستپێشخەری دامەزراندنی ڕێکخستنی سیاسی کوردییە لە عێراقدا

مستەفا بارزانی وەک سیاسەتمەدارێکی لۆژیکی و لێهاتوو، خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ دۆخی کوردستانی عێراق کردبوو. ئەوە لەکاتێدا بوو کە خودی ماڵباتی خۆیان و بارزانییەکان و جەنگاوەرانی کوردی عێراق بە ناچاری پەنایان بردبووە بەر سنوورەکانی کوردستانی ئێران و نیشتەجێ ببوون، بەڵام بەگەیشتنی بارزانییەکان بۆ ناو کیانە کوردییەکەی کۆمار، ئەوکات بارزانی تێگەیشت ئێستا ئاتاجیان بە هەبوون و چێبوونی ئۆرگانێکی سیاسی و ڕێکخستنێکی نەتەوەییە. ڕێکخستنێک تاوەکو ببێتە سەهەندێک و سەرجەم سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی عێراق لە سایەیدا کۆبکرێنەوە. هەڵبەتە چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراقدا، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا، بە هۆی دابەشبوون و ناتەبایی نێوخۆییانەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە گۆڕەپانەکەدا نەمابوو. ئەودەم کاریگەرییەکانی کۆمەڵەیەکی وەک هیوا، کە لە گردبوونەوەی گەنجانی ڕۆشنبیر و کەسانی سەربازی پێکهاتبوو، تەنیا جۆرە پەیوەندییەکی لاوازیان لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکانی سوریا و ئێراندا مابوو. تەنانەت لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیشدا بە شێوەیەکی بەرچاو ڕایەڵەی ڕێکخراوەیی جارانیان نەمابوو. دەتوانین بڵێین کاریگەریی هیوا لە دوای ساڵی ١٩٤٠وە بە هۆکاری چەندین فاکتەری ناوخۆیی ڕووە و کاڵبوونەوە و پوکانەوە چووبوون. دەکرێت هۆکاری کاریگەر لە لاوازییەکەدا پەیوەست بێت بە ڕوانگەی خەڵکانی خێڵەکی و زیهییەتی دواکەوتووی دەستە و تاقمە فیوداڵییەکەی کوردەوە، ئەوانەی هەر خۆشیان بەشکێکی کاریگەریی سەرکردایەتی هیوایان لە دەستدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکانیان لە بازنەی بیرکردنەوە سیاسی و سەربازییەکەی عێراقەوە نزیک بوو، دروست بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە ڕۆشنبیر و چەپگەرایەی ناو سەرکردایەتی خودی ڕێکخراوەکە کە زۆرینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان لەو قۆناغەدا پێکدەهێنا. ئەم دووبەرەکییەی لە سۆنگەی جیاوازیی چین و دەستەبژێرەکانی کۆمەڵی کوردی و بیروڕای جیاوازەوە هاتبووە ئاراوە، دواجار لە ساڵی ١٩٤٤ دا بووە بایسی دابەشبوونی ڕیزەکانیان و تاڕادەی ئەوەی لە کۆتایدا سەریان لە هەڵوشانەوەی هیواوە دەرچوو.

لەهەمانکاتـدا دامەزراندنـی حـدکا کـە ناوەندەکـەی لـە شـاری مەهابـاددا بـوو، بـووە مایـەی هەڵوێسـتەیەکی مێژوویـی لـە هەمبـەر مـەلا مسـتەفای بارزانـی و هەمـوو ئـەو کـوردە نەتەوەپەروەرانـەی عێـراق و تورکیـا کـە لـەو کاتـەدا هاتبوونـە مهابـاد و بەنیـازی هەماهەنگـی لەگـەڵ یەکتریـدا بیریـان لـە ستراتیژێکی سەرتاسـەریی نەتەوەیـی دەکردەوە. هەمـوو ئـەو کوردپەروەرانـە بـە ئامانجـی دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی کـوردی کـە لـە خاکـی ئەسـکەندەرۆنەی سـەر دەریـای ناوەڕاسـتەوە تاوەکـو کەنارەکانـی باکـووری کەنـداو درێژبێتـەوە دڵیـان بـەو ئەزموونـە خـۆش بـوو. ئـەم ڕوانگەیـە، لەبـاری تیۆرییەوە، تێڕوانینـی کوردانـی نەتەوەپەرسـتی بەجاڕێـک جۆشـدابوو. هەڵبەتـە ئەمـە خەونێکـی لەمێژینـەی تـەواوی کوردپـەروەر و ئەوانـە بـوو کـە لەپەنـای لۆژیکـی نەتەوەپەروەریـدا بەئـاگا هاتبـوون. بۆیـە بـەردەوام بیریـان لـە کوردسـتانێکی سـەربەخۆ و یەکگرتـووی سەرتاسـەریی دەکـردەوە، کوردسـتانێک کـە بەسـەر خاکـی سـوریا، تورکیـا، عێـراق و ئێرانـدا دابەشـکرابوو. ڕوانگـەی ناسیونالیسـتانی کـورد، جیـا لـە خەونـی یەکگرتوویـی و نەمانـی سـنوورە دەسـکردەکان، چاویـان لـەو سـامان و سـەروەتە نیشـتمانییە بـوو کـە لـە خاکـی کودسـتانەوە وەک گەنجینەیەکـی گرانبەهـا، کەوتبـووە دەسـتی سیسـتەمە سـتەمکار و داگیـرکارە دژە کوردەکانـەوە. هەربۆیـە لـەو دەمەشـدا نـەوت و کانـزاکان و کرۆکـی کوردسـتانی تورکیـا و نەوتـی ناوچـەی کەرکـووک و موسـڵ و چەندەهـا چاڵەنەوتـی گرنـک و ستراتیـژی بایەخـی خاکـی کوردسـتانی عێراقیـان کردبـووە کرۆکـی فەلسـەفەی خەباتـی نەتەوەپەروەرانـی کـورد. بـەم بۆنەیـەوە قـازی محەمـەد ڕێبـەری حـدکا، وەک سـەرۆکی کۆمـاری میللـی مهابـاد، لـە چاوپێکەوتنێکـی تایبەتـدا، هەمـوو ئـەو باسوخواسـانەی پوچـەڵ کردنـەوە کـە گوایـە گۆڕانکارییەکانـی کۆمـاری میللـی مهابـاد بـەرەو ئاڕاسـتەیەکی وا دەبـەن کـە ئیـدی باوەڕیـان بەناوەنـد و چوارچێـوە ئێرانییەکـە نەبێـت، بەڵکـو چاویـان لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان دەبێـت. بۆیـە قـازی محەمـەد بەڕاشـکاوی هەمـوو ئـەو دەنگۆیانـەی دانـە دواوە و بـە ڕوونـی دوپاتـی کـردەوە کـە ئـەوان لەچوارچێـوەی ئێرانێکـی دیموکراتـدا دەسـتیان پیکـردووە. هـاوکات ئەوەیشـی دایـە دواوە کـە نیـازی دروسـتکردنی ڕێکخراوێکـی سیاسـی و سەرتاسـەری کوردیـی بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا بارزانـی لـە ئـارادا هەبێـت. سـەبارەت بەڕەوشـی ڕێکخسـتنە سیاسـییەکانیش لـە کوردسـتانی عێراقـدا، ئـەوا پێـشتر و لـە

بەهـاری سـاڵی ١٩٤٥ دا، لقـی کـوردی حیزبـی شـیوعی و کۆمیتـەی شـۆڕش پێکـەوە بـە سـەرکردایەتی سـاڵح حەیـدەری ڕکخراوێکـی نوێیـان پێکهێنـا بـوو. لـە هەوڵێکـیتری ڕاکێشـانی سـەرۆکهۆزەکانی تـردا، لایەنگرانـی بارزانیـش جۆرێـک لـە دابەشـبوونیان لـێ کەوتبوویـەوە. دروسـت لـەم کاتەدا، کۆمیتـەی شـۆڕش هـاوکار بـوو لـە چێبوونـی ڕێکخسـتنێکی نوێـدا، بەنـاوی پارتـی ڕزگاری یـان (بـەرەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان). دیـارە هەمـوو ئـەو پارتانـە لـەڕووی ناوەرۆکەوە خاوەندارێتیـان لـە بیرۆکـەی مارکسیستی-لینینیسـتی لـە نێـو کـورددا دەکـردەوە. لێـرەوە دوای دروسـتبوون و کۆبوونـەوی باڵەکانـی چەپـی کـورد لەژێـر نـاوی ڕزگاریـدا، ئیتر بـە هـاوکاری سـۆڤیەت و بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجـە سیاسـییەکانی کـورد کەوتنـە نـاو ململانـێ سیاسـییەکانەوە. پێویسـتە ئـەوە بزانرێـت ئـەم کۆمەڵەی هیوایـە، بەتایبەتـی ئەوانـەی خاوەندارێتـی خەباتـی چەپگەرایانەیـان دەکـرد، بـە بیسـتنی هـەواڵ و بـە بوونـی یەکینەکانـی سـوپای سـۆڤیەت لـە باکـووری ئێرانـدا، زیاتـر و بەهێزتـر خۆیـان وێنـا دەکـرد. هـەر لـەم قۆناغـەدا ئەوەبـوو کـوردی ئێـران بەجیـا، دروسـتبوونی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانیـان ڕاگەیانـد. ئـەم پارتـە خواسـتی خـۆی لـە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد لـە چوارچێـوی ئێراندا هەڵهێنجـراوی هاوسـەنگییە سیاسـییەکانی قۆناغەکـە بـوو. ئـەوە لەکاتێکیشـدا بـوو کـە مسـتەفا بارزانـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ قـازی محەمـەد دا بەهێـز بـوون. دیـارە خـودی قازیـش ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو لـە بڕیـاری خواسـتی ئۆتۆنۆمیـدا. هـاوکات هەمـوو جەنگاوەرانـی بارزانیـش لـە لایـەن حـدکاوە پاڵپشـتییان وەرگرتبـوو. لـەم کاتـەدا بارزانـی بڕیاریـدا لـەڕووی سـەربەخۆیی دارایـی و سیاسـییەوە تایبەتمەنـدی خواسـت و خەباتـی کـوردی عێـراق لـەو تایبەتمەندییانـەی کـە حـدکا بەرزیکردبوونـەوە جیـا بکاتـەوە. ئەوەبـوو لـە شـوباتی ١٩٤٦ دا، هەریـەک لـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی و هەمـزە عەبـدوڵڵای نوێنـەری کۆمیتـەی شـۆڕش، دەسـتەیەکی دامەزرێنەریـان دامەزرانـد. لـەم بارەیـەوە قـازی محەمـەد ڕاشـکاوانە ئامـاژەی بـەو هەلومەرجـە نوێیـەی ژیانـی سیاسـیی کـرد بـوو. پێشتریـش لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٤٥ دا، حیزبـی شـیوعی عێراقـی، لـە کوردسـتاندا لقـی (شـۆڕش) بـە سـەرکردایەتی سـاڵح حەیـدەری دامەزرانـد بـوو. ئـەم ڕێکخسـتنە کوردییـەی حزبـی شـیوعی، بـۆ کەمەندکێشـکردنی خەڵکی کوردسـتان، هەوڵیدەدا لە سـەرۆکهۆزەکانی کـورد نزیکبنـەوە. ئـەوکات زۆربـەی زۆری سـەرۆکهۆزەکان لەژێـر کاریگـەری بارزانیـدا

بـوون. لـەم پێودانگـەوە ڕێکخسـتنە چەپگەراکـەی کـورد کـە بەنـاوی (شـۆڕش)وە کاریـان دەکـرد، زمینەسـازیان کـرد بـۆ دروسـتبوونی ڕێکخسـتنێکی سـەربەخۆی چەپگـەرا، دواتـر ئەوانیـش بەنـاوی پارتـی ڕزگاری یـان (بـەرەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان) لـە شـیوعی جیابوونـەوە. تێکـڕای ئـەم شێوەڕێکخسـتنانە بیرۆکە و مۆرکـی مارکسیستی-لینینیسـتیان پێوەدیـار بـوو. ئەمانـە دەسـپێکی دنیابینـی چـەپ و چەپگەرییـان لـە نێـو کـورددا بڵاوکـردەوە و هەمـوو هیوایەکیـان لـە گەیـشتن بـە ئامانجـە سیاسـییەکانی کـورد، تەنیـا لەسـەر هاوکارییەکانـی سـۆڤیەت هەڵچنـی بـوو. هەڵبەتـە کاتێـک ئەرتەشـی سـوری سـۆڤییەتی لـە باکـوری ئێرانـەوە بـەرەو ناوچـە کوردییـەکان کشـان و لەوێـدا جێگیـر بـوون، ئـیتر ئـەم هیوایـەی ڕێکخـراوە چەپەگەراکانـی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران، زیاتـر کەوتـە مێشـکی جەوانانـی کـورد و کادیرانـی ڕێکخسـتنەکانی چەپـی کـوردەوە. لـەم میانـەدا دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و ڕۆڵـی ئـەو حزبـە لـە پێکهێنانـی کۆمـاری مهابـاد لـە چوارچێـوەی ئێرانـدا، ئـەوەش بوویـە ئیلهامبەخشـێکی ئێجـگار سـەرەکی و سـەرچاوەیەکی تـری وابەسـتەبوونی ڕۆشـنبیر و سیاسـی و جەمـاوەری کـورد بـە چەمکـە چەپگەراییەکانـە خەباتـی نەتەوەییـەوە. هـاوکات پەیوەندییەکانـی مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ قـازی محەمـەددا، دیسـانەوە لـە کوردسـتاندا ڕۆڵیـان لـە بەرەوپێشـچوونی بزووتنـەوەی چەپگەراییـدا هەبـوو. هەڵبەتە لـە سـەرەتاوە جەنگاوەرانی بارزانـی لـە لایـەن کۆمـاری میللـی مهابـادەوە پاڵپشـتیی دەکـران و بەفەرمـی هێـزی سـەرەکی پاراسـتنی کۆمـار بـوون، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بارزانـی بڕیاریـدا، بەجۆرێک سـەربەخۆیی دارایـی و سیاسـییان لـە بڕیـار و ئـەرک و ئامانجەکانیانـدا بپارێـزن. ئـەوەش وابەسـتەی پلان و پرۆگرامێکـی دیپلۆماسـی و سیاسـیی خۆیـان بـوو کـە بـۆ دەمکوتـی داگیرکـەران دەبـوو پـڕۆژەی بارزانییـەکان و کۆمـار وەک دوو هێـزی سـەربەخۆ، ستراتیـژی ئایندەیـان دیـاری بکـەن. ئەوەبـوو لـە شـوباتی ١٩٤٦ دا، هەریـەک لـە مـەلا مسـتەفا و هەمـزە عەبـدوڵڵای نوێنەری ڕێکخراوی شـۆڕش، سـەرەتا دەسـتەی دامەزرێنەری بارزانییەکانیـان لـە کوردسـتانی ئێرانـدا دامەزرانـد. هەڵبەتـە قـازی محەمـەد لەگـەڵ دروسـت بوونـی حیزبێکـی کـوردی عێراقـی لـە کوردسـتانی ئێراندا نەبـوو. بۆیـە هـەر زوو دوای ئـەوەی زانـرا مستەفا بارزانـی داوای لـە شـێخ بابـا عەلـی (کـوڕی شـێخ مەحمـودی بەرزنجـی) کـردووە کـە مۆڵەتـی حزبێکـی لـە بەغـدا بـۆ ڕاپەڕێنێـت. کەواتـە لێـرەدا

دەردەکەوت بارزانی نیازی هەبووە بگەڕێتەوە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و بە فەرمی کاری سیاسیی خۆیان درێژە پێبدەن. هاوکات ئەوەش زانرا کە لە نامەیەکی تری بارزانیدا نیازی خۆی بۆ دروستکردنی پارتێکی سیاسی کوردی لە عێراقدا خستبووەڕوو. مەبەستی مەلا مستەفای بارزانی ئەوبوو کە تەنیا لە ڕێگەی ڕێکخستنێکی کوردی سەربەخۆوە دەتوانن بنەی هێزی فشار لە کوردستانی عێراقدا. بارزانی ئەوەی بۆ ڕوونبوویەوە کە وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی ناسراوە، چونکە ئەوان یەکەمین کەس بوون بوێری بەرگریکردن و ڕاپەڕینیان لە عێراقدا نیشانی هەمووان دابوو، هەروەکچۆن توانیشیان لە کۆماری مهابادا بنە پارێزەری ئەزموونە کوردییەکە. لێرەوە لیژنەی ئازادی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، بۆ ئەوەی ئەو ناڕەزایەتییەی حدکا بەرانبەر بە چالاکیی ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی عێراقیی لە کوردستانی ئێراندا بڕەوێننەوە. بڕیاری بەگەڕخستن و دامەزراندنی پارتەکەیان گەڕاندەوە بۆ دەرەوەی کوردستانی ئێران. ئەگینا بارزانی هەر لە کۆماری مهابادا دەیتوانی بڕیاری دامەزراندنی پارتی و کۆنگرەی دامەزراندنی لەوێدا ببەستێت، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی وەك زویرنەبوونی پێشەوا قازی، دانەدواوەی دەنگۆی نیازی مانەوەی بەردەوامی بازرانییەکان و گواستنەوەی خەباتیان بۆ دژایەتی ئێران و چەند هۆکارێکی تر، بەزوویی بارزانی بڕیاریدا هەمزە عەبدوڵلا ڕەوانەی کوردستانی عێراق بکاتەوە. بەم جۆرە گەڕانەوەی ناوبراو بۆ ئەوە بوو تاوەکو پەیوەندیی پێویست لەگەڵ ڕێکخراوەکانی شۆڕش و ڕزگاری و هەروەها لەگەڵ لقی ڕێکخستنەکانیان لە سلێمانیدا دروست بکات. هەمزە ئەم ڕاسپاردە و ڕێنماییانەی لە بارزانی و دەستەی دامەزرێنەر وەرگرت و بە تەواوی هەمووی گەیاندە شوێنی مەبەست.

ئەوەبوو بەگوێرەی ڕاسپاردەکان:

١. شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود وەک جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزب.
٢. هەڵبژاردنی کاکە محەمەد زیاد وەک جێگری دووەمی سەرۆک.
٣. قەدەغەکردنی گۆڕانکاری لە پەیمان و بەرنامە و میساقی حزب بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
٤. هیچ ڕێوشوێنێک نەگیرێتە بەر کە کاریگەریی بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، چونکە وروژانی بەریتانیا لە دژیان دەبوویە هۆی گۆشەگیرییان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقییەوە.

بەمجـۆرە  پارتێکـی نـوێ، بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کـورد، وەک حزبێکـی سیاسـیی لـە عێراقـدا خـۆی ڕاگەیانـد. سـەبارەت بـە سیاسـیی و ڕووناکبیرانـی کـوردەوە هەندێـک بیروبۆچوونـی جیاجیـا سـەبارەت بـە حزبەکـە سـەریان هەڵـدا بـوو. بۆنموونـە برایـم ئەحمـەد ئـەوەی دابوویـە دواوە بەبـێ مۆڵەتـی قـازی محەمـەدی سـەرۆکی حـدکا، بچێتـە نـاو پارتـە نوێیەکـەوە ( برایـم ئەحمـەد پێـشتر ئەندامـی لقـی ژێـکاف بوو لـە کوردسـتانی عێـراق)دا. جگـە لـەوەش جۆرێـک ناکۆکـی لـە نێـوان نوێنـەری ڕزگاری و سـاڵح حەیدەریـدا سـەریهەڵدابوو، چونکـە ئـەوان بـە تونـدی ناڕەزایەتییـان بەرانبـەر بـە دانانـی سـەرۆک هـۆزەکان وەک ئەندامـی سـەرەکی لەسـەرکردایەتی پارتـە نوێیەکـەدا دەربـڕی بـوو. ئـەوە لـە کاتێکـدا بـوو کـە هەمـزە عەبـدوڵڵا بـە پێچەوانـەوە پشـتگیری لـە کاندیدکردنـی سـەرۆکهۆزەکان دەکـرد.

دواجـار لـە ١٦ی ئابـی ١٩٤٦دا، دوای بگرەوبەردەیەکـی زۆر یەکـەم کۆنگـرەی پارتـی لــە بەغــدادەوە بەسترا.لـە کۆنگرەکـەدا دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕاگەیەنـرا و بەزۆرینـەی دەنگـی ئەندامانـی کۆنگـرە بڕیـاری دامەزرانـدن و بەرنامـەی حزبەکـە پەسـەندکرا. دوای ئـەوەی بەگوێـرەی بڕیارەکانـی کۆنگـرەی یەکـەم، مسـتەفا بارزانــی وەک ســەرۆکی حــزب و شــێخ لەتیفــی کــوڕی شــێخ مەحمــود بــە جێگــری یەکەمــی ســەرۆک هەڵبژێردران، وەکــو نیشــاندانی ناڕەزایەتییــەک بەرانبــەر بــە بەربژێرکردنـی چەندیـن سـەرۆکهۆز وەک ئەندامانـی سـەرکردایەتی حزبەکـە، هەریـەک لـە برایـم ئەحمـەد و سـاڵح حەیـدەری کۆنگرەکەیـان بەجێهێشـت. هـاوکات هەریـەک لــە ئەندامانــی بــاڵای ڕێکخراوەکانــی شــۆڕش و ڕزگاریــش بەکــۆی دەنــگ خۆیــان هەڵوەشــاندەوە و بڕیاریــان دا بچنــە نــاو پارتییــەوە[1].

لە گرنگترین خواستەکانی پارتی، بریتی بوون لە:

١. داواکاری مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.
٢. جەختکردنەوە لە برایەتی و خەباتی هاوبەشی گەلی عەرەب و کورد.
٣. کۆتاییهێنـان بـە هەژمـوون و داگیرکارییەکانـی ڕۆژئـاوا لە پێناو گەیشـتن بە سـەربەخۆیی تەواوەتی وڵات و دروسـتکردنی سیسـتمێکی پەرلەمانی دیموکراتیک.

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 127

٤. چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.
٥. بە نیشتمانیکردنی پیشەسازی و نەهێشتنی نەخوێندەواری و برەوپێدان بە هۆشیاری و زانست و زانیاری.
٦. ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی فێرکاری لە قوتابخانەکان و دامەزراوە حکومییەکانی کوردستاندا.

دروستبوونی پارتی و بەرنامە و ڕوانگەکانی بوونە مایەی ململانێیەکی سیاسی و هزری لەگەڵ حزبی شیوعیدا. هەڵبەت تاوەکو ئەوکات مستەفا بارزانی سەرۆک بۆخۆی لە دەرەوەی سنووری چالاکییەکانی پارتیدا بوو. بەڵکو لە کوردستاندا ڕێکخستنەکانی لەناو چین و توێژە جیاوازەکاندا جێگەی خۆیان کردبوویەوە.

## ڕۆڵی بارزانی لە کۆماری مهابادا

بارزانـــی وەك فەرماندەیەکـــی ســـەربازی سەپەرشـــتی یەکـــە ســـەربازییەکانی دەکـرد. بـەردەوام بـوو لـە بەسـەرکردنەوەی بـارەگا و پێگـە سـەربازییەکانی میانـدواو، سـەقز و بـۆکان و سەرپەرشـتی کردەیـی فەرماندەییەکانـی سـەقز و بـۆکان و میاندواویشـی دەکـرد. بەگشـتی ڕۆڵـی بارزانـی لـە ئاڕاسـتەکردنی هێـزە چەکدارییەکانـدا، ڕۆڵێکـی گەلـێ گرنـگ و بـە بایـەخ بـوو. بەجۆرێـک لـەو مـاوە دیاریکـراوەدا هەڤاڵەکانـی شـوێنی بازرانیـان بـە بـەرزی دەنرخانـد. ئەوەتـا لـە ستایشـی لێهاتوویـی و دڵسـۆزییەکانی ئـەو قۆناغـەی تەمەنیـدا و لەخوێنـدەوە بـۆ شـێوە و ئـاکاری ژیانـی ڕۆژانـەی و شـوێنی لەنـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی ناوچەکـەدا دەڵێـن: "بارزانـی بایەخـی بـە ڕووکـەش نـەدەدا، ئەوەتـا قـەد جلوبەرگـی ژەنەراڵێکـی نەدەپۆشـی، بەڵکـو لەبـری بەرگوپەڵاسـی جەنەڕاڵێـک، کـۆت و شـەرواڵی کوردیـی دەپۆشـی، بەسـەریدا پشـتوێنێکی پانوپـۆڕی گرێـدەدا. بەردەوامیـش جامەدانەیەکـی سـوری بەسـەرییەوە دەپێچانـد. ئـەو پیاوێـک بـوو لـە هەڕەتـی تەمەنـی لاوێتیـدا بـوو. هێشـتا سەروڕیشـی ڕەش ڕەش بـوو، برۆکانیشـی ئەسـتوور و پێکـەوە پەیوەسـت بـوون". هـەر لـە درێـژەی ناسـاندنی ئـەم سـەرکردە مێژووییـەی ئـەو قۆناغـەدا وتوویانـە: "بارزانـی بەژنێکـی مەیلـە و کـورت و پتـەو، ڕووخسـارێکی سـەرنجڕاکێش و چاوانێکـی بەویقـار و ڕوانینێکـی قوڵـی هەبـوو. جیـا لـە شکڵوشـێوەش خاوەنـی کەسـایەتییەکی بەهێـز و پـڕ لـە چالاکـی و وزەی هەبـوو"[(1)]. لەلایەکـیتروە بەمجـۆرە لـە دڵسـۆزییەکانی بـۆ کۆمـار و ڕوانگـەی بـۆ مافـی ئـازادی ئـەوان ئاماژەیـان بـۆ دەکـرد: "بەشـێوەیەک جەنـەڕاڵ بارزانـی لـە نێـو کوردانـی ئێـران و عێراقـدا دەسـەڵات و هێـزی خـۆی لـە پشـتیوانی خەڵکـەوە وەرگرتبـوو، ئـەو پشـتیوانی و پێداگرییـەی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ بەدەمەوەچوونـی پـڕۆژە و پارتایەتـی و پێنـاوی کوردایەتـی بارزانـی، لـە ئاسـتێکی وادا بـوو کـە وەکـو سـەرکردەیەکی کارێزماتیکـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد تەماشـا دەکـرا".

دواجـار لـەم سـەروەختەدا بـە هـۆی توندبوونـەوەی نەیارێتـی و بەرژەوەندییەکانـی نێـوان مەهابـاد و تەورێـز، دۆخـی سیاسـی کوردسـتانی ئێـران، بـە ڕەوشـێکی گەلـێ گرنگـی

(1) Зарбахт М. От Иракского Курдистана до другого берега реки Аракс. М. – СПб., 2003, С. 16.

پــڕ لــە گۆڕانکاریــدا تێدەپــەڕی. بارازنــی گەرەکــی نەبــوو ببێتــە بەشــێک لــە ململانێــی نێــوان مهابــاد و تەورێــز. لــە هەمانکاتیــدا هــەر هەلومەرجێکــی نێوانیــان بەبــێ ســوچ و کاریگەریــی بارزانــی تێنەدەپەڕیــی. بۆنموونــە بارزانــی لــە وتارێکیــدا کــە ســەبارەت بــە پەیوەندییەکانیــان لەگــەڵ یەکێتی ســۆڤییەت ئاڕاســتەی کردبــوو، تیشــکی خســتبووە ســەر هەمــوو ئــەو پرســە ســەربازییانەی لــە هەلومەرجــی نوێــی ناوچەکــەدا هاتوونەتــە ئــاراوە.

بارزانــی بەمەبەســتی کەمکردنــەوەی گرژییەکانــی نێــوان کــورد و ئازەربایجــان بــاوەڕی بــە ســازان و هەماهەنگییەکــی دوولایەنــە هەبــوو. هــەر لــەو چوارچێوەیــەدا بــوو داوای کــرد بــوو دانوســتان لەگــەڵ حکومەتــی تەورێــزدا بکرێــت. ئەوەبــوو لەســەر ئــەو بنەمــای پێداگرییانــەی بارزانــی، لــە ناوەڕاســتی ســاڵی ١٩٤٦دا دەســپێکی دانوســتانگەلێکی فەرمــی لەنێــوان کۆمــار و ئازربایجــان لــە تەورێــزدا ئەنجامــدران.[1]

لەمکاتــەدا بارزانــی خەریکــی ئامادەکردنــی نەخشــە و پلانێــک بوو بۆ هێرشــکردنە ســەر شــاری ســنەی کوردنشــین. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو کــە نیــازی ســۆڤیەت بــە گوێــرەی نیــازی بەرفراوانبوونــی ســنوورەکانی کۆمــاری کوردســتان نەدەچــووە پێشــەوە. ئەوەتــا لەگــەڵ ئــەو نەخشــەیەی بارزانیــدا، ڕێــک بــە پێچەوانــەوە، مۆســکۆ بــە گوێــرەی بەڵێنەکانــی پێشــووتری نەجوڵایــەوە، بەڵکــو وردەوردە لــە بەشــەکانی باکووری ئێرانــدا هێزەکانیکشــاندەوە.

ئــەم جموجوڵــە نوێیــەی ســۆڤیەت، ســەرەتای هەواڵێکــی تــاڵ و تەونێکــی نێودەوڵەتــی بــوو بــۆ گەمارۆدانــی کۆمــار. ئەوەبــوو تارانیــش دەســتبەجێ دەســتی کــرد بــە چڕکردنەوەی هێزەکانــی خــۆی، بــەرەو باکــووری ڕۆژئــاوای ئێــران. هێزەکانــی ئێــران بــەرەو نزیکــەی (٢٠)دانــە کەتیبــەی پڕچەکــی ســەربازیی، توانیان ئازەربایجانــی ئێــران بــێ هیــچ هــەرا و تەقوتۆقێــک بگرنــەوە. ئەوەبــوو لــە تشرینــی دووەمــی ١٩٤٦دا بەتــەواوی بــەرەو ســنوورەکانی کۆمــاری کەوتنەگــەڕ.

لێــرەوە ناکۆکییەکــی بەرفــراوان کەوتــە وێــزەی ســەرکردایەتی سیاســی کۆمــاری مەهابــادەوە. ســەرەتا بارزانــی پێشــنیازی کــرد، باشتروایــە تــەواوی دامەزراوەکانــی حکومەت بەشــێوەیەکی تاکتیکــی بــەرەو بنــار و دامێنــی چیــاکان بکشــێننە دواوە، بەڵام قــازی محەمەد لەگــەڵ گرتنەبــەری ڕێوشــوێنی ســەربازی و پلانــی پێشــوەختەی ڕووبەڕووبوونــەوەی

(1) Цит по: Барзани М Мустафа Барзани и курдское освободитель-ное движение, **С** 170

ڕەوشـەکەدا نەبـوو. بەڵکـو بـاوەڕی وابـوو لەڕێگـەی ئاشـتی و لێکتێگەیشـتنەوە دەتوانـن چارەسـەری کێشـەی نێـوان خۆیـان و تـاران بکـەن. هەڵبەتـە قـازی محەمـەد زیاتـر دڵـی لـەلای ئـەو بەڵێنـی لێبوردنـەی شـا بـوو کـە پێـش کشـانی بـەرەو ناوچـە پەرتەوازەکانـی ئێـران ئاڕاسـتەی هەمـوو هێـزە یاخیبووەکانـی کردبـوو. ئـەوکات بارزانییـەکان گەلـێ دڕدۆنـگ ببـوون. تێکـڕای هێزەکانیـان لـە دەوروبـەری مەهابـاد و نەغـەدەدا گردببوونـەوە. لــە نــاو شــاری مهابادیشــدا خەڵکــی خەریکبــوون تۆمــاری و وێنــە و بەڵگەنامەکانــی پەیوەسـت بـە یادەوەرییەکانـی یاخیبوونیـان دەسـوتاند و لەناویـان دەبـردن.

خەڵکـی سـڤیل کەوتبوونـە خۆیـان، ئـیتر لـە نامـە و نوسراوەکانـەوە بگـرە تاوەکـو هـەر شـتێک کـە نیشـاندەری نارەزایـی میریـی و بەڵگـەی تێوەگلانیـان بـە پشـتیوانی لـە کۆمـاری مەهابـادەوە بووبێـت، تێکڕایـان حەشـاردەدان یاخـۆ مەڵـۆ مەڵـۆ لـە شـوێنە پەنهانەکانــدا گڕیــان تێبــەردەدان. ئەوانەیــش کــە دەســتیان بــە چەکوچــۆڵ و هــەر هێمایەکـی نیزامـی گەشـتبووایە، ئـەوا بێپـەروا بـەرەو شـوێنێکی نادیـار دەیانشـاردنەوە یـان لەکۆڵخۆیـان دەکردنـەوە.

لـەم کاتـەدا بارزانییـەکان بـە پێچەوانـەی ئەوانـەوە، بەڵکـو ڕەوشـەکەیان بـە دەرفـەت دەزانـی و دەسـتیان دایـە خۆسـازدان و بـڕی (٣٠٠٠) پارچـەی چەکیـان لـە باشترـین جـۆری تفەنـگ و ١٢٠ دۆشـکە و دوو پارچـەی تـۆپ و بـە سـەدان نارنجۆکـی دەسـتییان گواسـتەوە بـۆ مەتەرێزەکانـی خۆیـان لـە نەغـەدەدا. ئـەم بارودۆخـە تاوەکـو ١٦ی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٦ مایــەوە. لێــرە بــە دواوە دروســت لــەو ڕێککەوتــەدا شــاری مەهابــاد لەلایــەن سـەربازانی ئێرانییـەوە بەبـێ هیـچ بەرگرییـەک داگیرکرایـەوە. هەرزوویـش ڕوونبوویـەوە کـە هیچـکام لـە پێشـهاتەکان بەوجـۆرە نەبـوون کـە قـازی محەمـەد هیـوا و ئومێـدی ئاینـدەی ئێرانـی لەسـەر هەڵچنیبـوون، بەڵکـو ڕژێمـی پەهلـەوی بـە پێچەوانـەی هەمـوو بەڵێنەکانیانـەوە، پێـش هـەر هەنگاوێـک، ئەندامانـی بـاڵاو بەرپرسـانی حکومەتـی میللـی مهابـاد و پێکهاتـە چەکدارییەکـەی تێکڕایـان چەککـران. ئەفسـەرێکی کـوردی عێـراق کـە ئـەوکات لـە کۆمـار بـوو، ئـەم ڕووداوانـە وەکوخـۆی بـە بیردێنێتـەوە و دەگێڕێتـەوە کـە عەقیـد غەفـاری ناوێـك بـە مەبەسـتی دانوسـتان لەتـەک بارزانییەکانـدا گەیشـتبووە نەغـەدە. جەنـەڕاڵ بارزانـی و دوایماوەی هێـزی چەکـداری کۆمـار کـە زیاتـر بارزانییـەکان بـوون، لـە نەغــەدەدا جێگیربــوون. لــەم کاتــەدا نوێنــەری فەرمانــدە ســەربازییەکانی

ڕژێمیــش جەنــەڕاڵ هۆمایونــی لەگــەڵ بارزانیــدا لــە کۆبوونــەوەدا بــوو. مەبەســت لــەم کۆبوونەوەیـە بریتـی بـوو لـە ڕێگریکـردن لـە هـەر هـەوڵ و پێشـهاتێك، نـەکا ببێتـە مایـەی ململانێـی سـەربازی و پێکدادانـی نێـوان یەکەکانـی سـوپا و بارزانییـەکان. پەهلەوییـەکان لـە گـەڕی سیاسـیدا گەلـێ بـە ئاگابـوون، بۆیـە بـە لەبەرچاوگرتنـی مێژووی بارزانییـەکان و ململانێکانـی ڕابردوویـان لەگـەڵ هەریـەک لـە حکومەتەکانـی تورکیـا و عێراقـدا، زۆر بەباشـی لـەو ڕاستییە تێگەیشـتبوون کە وەسـتانەوە لـەڕووی بارزانییـەکان بابەتێکـی هەروا ئاسـان نابێـت. هـەر سـەبارەت بـەم خۆپارێزییـەی پەهلەوییـەکان لـە هـەر پێکدادانێـك لەگــەڵ بارزانییەکانــدا، مورتــەزا زەربەخــت لــە بیرەوەرییەکانــی خۆیــدا نوســیویەتی: "ئــەوان ترسـیان لــە هەمـان پەرەسـەندن و ئاڵۆزبوونـی ڕووداوەکانـی نێـوان خۆیـان و بارزانییـەکان هەبـوو." ئـەو ڕوانگەیـە لـە سـۆنگەی ڕاسـتییەکی مێژوویی و واقیعی ئێسـتای بارزانییەکانـەوە بـوو. چونکـە بارزانـی و سـەربازەکانی نوێنەرایەتـی هێزێکـی بەرچاویـان دەکـرد، بۆیـە پرسـیاری ئـەوەی کـە ئایـا بارزانییـەکان و هۆزەکوردییـەکان چەکەکانیـان دادەنێــن، یــان شــەڕی ســەربازانی ئێرانــی دەکــەن؟ وەڵامــی ئــەم پرســیارە پەیوەســت بـوو بـە ڕادەی دیپلۆماسـی و نەخشـەی ئەرکانـی گشـتیی سـوپای ئێرانییـەوە. ئایـا ئـەوان ئامـادەی ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازین بـۆ لەناوبردنـی یەکـە سـەربازییەکەی بارزانـی؟ ئایـا مەبەسـت لـە دانوسـتانەکان لەگـەڵ بارزانیـدا تەنیـا و تەنیـا بـۆ فەراهەمـی دەرفەتـی پێویسـت بـوو؟ دیاربـوو بارزانیـش لـە یەککاتـدا هەوڵـی دەسـتەبەرکردن و دابینکردنـی سـەلامەتی گیانـی بارزانییـەکان و بنەماڵەکانیانـی دەدا. دواجـار درێـژەی دانوسـتانەکان دەرفەتیـان دایـە بارزانییـەکان تاوەکـو لـە سنووری سـەقز و بۆکانـەوە، لـە ماوەیەکـی زۆر کورتـدا، ڕێوشـوێنیان بـۆ خێزانەکانیـان ڕێکخسـت و لـە مەهابـادەوە بـۆ شـوێنێکی گونجـاو گوازرانـەوە. دوایـان یەکـە چەکدارەکانیشـیان لـە شـنۆ و نەغـەدەوە فەرمانـی پێکـرا خۆیـان ئامـادەی هـەر جوڵەیەکـی سـەربازیی سـوپای ئێرانـی بکەن. هەڵبەتـە هـەر لەوکاتـەوەی ڕژێمـی ئێـران بڕیـاری گەڕانـەوەی دا، بارزانـی دەیزانی پێشـهاتێکی ترسـناک لـە ڕێگەدایە و ڕەوشـێکی دژوار خەریکـە بەرۆکیـان پێدەگرێـت. ئـەم هۆشـدارییەی بارزانـی پێشـوەختە لــە بڕیــاری ڕادەســتبوونی ســەرانی مهابــاددا بــە ڕاشــکاوی خرابوویــەڕوو. بۆیــە لــە سیاسـەتی بارزانیـدا بـە ئەسـتەم بـژاردەی دەسـبەرداربوون و وازهێنانـی لـە بەرخـۆدان و بەرگریکـردن بەرانبـەر بـە سـەربازانی ئێرانـی بیـری لێدەکرایـەوە، بگـرە هـەر ئەوکاتیـش

بڕیاردانــی ســەرانی کۆمــاری مهابــادی بــە بڕیارێکــی تاکلایەنــە و بەبــێ هیــچ مشــۆرەت و ڕاوێژێکــی پێشــوەختە ببــووە مایــەی نیگەرانییەکــی قــوڵ لــەلای. هەربۆیــە پێــی وابــوو دەکــرا دووربیــنتر تەماشــای تەمــا و تەکبیــری پەهلەوییــەکان بکرایــە. هەربۆیــە کاتێکیــش بڕیــاری ڕادەســتبوونی ســەرانی کۆمــای بیســت، بــە بڕیارێکــی ســەرپێیی و نابەجێــی زانــی، بۆیــە دەســبەجێ بەمەبەســتی گەیاندنــی گلــە و گازاندەکانــی، دوای وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی شــێخ ئەحمــەد بارزانــی و ئاگادارکردنــەوەی ســەرۆکهۆزەکان لــە نەخشــە و پلانــی هــەر جوڵــە و جموجوڵێکــی نوێــی ســەرانی پەهلــەوی، دوایــان بــە مەبەســتی پەشــیمانکردنەوەی قــازی محەمــەد و ســەرانی کۆمــار، بــە یــاوەری هەریــەک لــە ئەفســەرە کوردپەروەرەکانــی وەك: عەقیــد عیــزەت عەبدولعەزیــز و عەقیــد میرحــاج عەقــراوی، هــاوڕێ لەتــەك یەکێــک لــەو ئەفســەرە کوردانــەی لــە ســوپای ئێرانــدا دوورخرابوویــەوە، پێکــەوە بــەرەو شــاری مەهابــاد بەڕێکەوتــن. بارزانــی بــە پلــەی یەکــەم مەبەســتی بــوو تێبــگات هــۆکاری بڕیارێکــی وەهــا پەلــە و لەنــاکاو، لەکوێــوە ســەرچاوەی گرتــووە. ئینجــا ئــیتر بۆچــوون و بەرنامــەی خۆیشــی بەڕاشــکاوی دەگەیانــدە پێشــەوا قــازی و ســەرانی تــری کۆمــار. لەســەر ئــەم بنەمایــە و بــە مەبەســتی بەرچاوڕوونــی زیاتــر، دوای ئــەوەی لەگــەڵ ســەرانی کۆمــاردا کۆبوونــەوە، بۆیــان دەرکــەوت بڕیارێکــە و داویانــە و لێیشــی دوایگــەز نابنــەوە. بارزانیــش بــێ هیــچ دوودڵییــەك نەخشــەڕێی خۆیانــی بــە بڕیــاری بەردەوامــی بەرخــودان و مانەوەیــان لــە ســەنگەری دژ بــە پەهلەوییەکانــدا دووپاتکــردەوە. هــەر لەوێــش فەرمانــی بــە تــەواوی یەکــە ســەربازییەکانی ژێــر فەرماندەیــی خــۆی کــرد، بەخێرایــی ڕووە و ســنوورەکانی دەوروبــەری مەهابــاد پێشــڕەوی بکــەن و بیانکەنــە ســەنگەری بەرەنگاربوونــەوەی ئەرتەشــی پەهلەوییــەکان. دیاربــوو ئــەو گەرموگوڕییــەی گیانــی بەرەنگاریــی لــە خوێندنــەوەی پێشــەوا قازیــدا بەجۆرێکــی تــر بــوو. هەربۆیــە تــکای لــە بارزانــی و جەنگاوەرانــی کــوردی بــارزان کــرد، نەکــەن نیازێکــی وا تێکــەڵ بــە نەخشــەی گەڕانــەوەی پەهلەوییــەکان بکــەن. بۆیــە تــکای ئەوەبــوو هەرچــی زووتــرە لــە مەهابــاددا بکشــێنەوە، چــون ئــەوان لــە ئێســتادا ئاتاجیــان بــە هیــچ هێزێکــی دەرەکــی نییــە و بڕیــاری خۆیانیــان داوە. هەڵبەتــە ئــەم پێداگرییــەی قــازی لــە نەیارێتــی بارزانییــەوە نەبــوو، بەڵکــو پەیوەندیــدار بــوو بــەو پەیمانــەی بــە هێزەکانــی عەجەمــی دابــوو، بۆیــە دەیەویســت بــە بارزانــی بڵــێ، لــە کاتــی هاتنــەوەی هێــزی

فەرمـی ناوەنـددا، بەڵێنیـان پێـداون کـە هیـچ جـۆرە پێکدادانێـک ڕوونـادات. لەبەرئـەوە بارزانیـش لـەو ڕاسـتییانە تێگەیشـت کـە پێشـوەختە هەمـوو شـتیکیان بڕاندووەتـەوە و بڕیـاری خۆیـان داوە، بۆیـە ناشـیانەوێ لەوبـارەوە بۆچوونـی ئـەوان وەربگـرن. هـەر لـەو میانەشـدا بۆیانڕوونبوویـەوە خەریکـە جۆرێـک لـە ڕوانیـن و ڕەخنـەی نابەجـێ و نیـازی نەیارێتـی دەرهەقیـان دەنوێنرێـت. تەنانـەت ئـەوە ڕاسـت بـوو کـە پێشـووتریش جۆرێـک لـە دنـەدان و پەڵـپ و بیانـوو یاخـود فشـاری نـاڕەوا بۆسـەر میواندۆسـتی و نزیکایەتییـان لـە قازییـەوە، ڕووبـەڕووی قـازی محەمـەد ببوویـەوە، بۆیـە چیتر قازیـش نایـەوێ لەژێـر ئـەو فشـارە ناوخۆیـی و دەرەکییـەدا بمێنێتـەوە.[1] لەگـەڵ ئەوەشـدا هۆکارگەلـی هەرێمـی و ناخۆیـی فـراوان لـە نەیارێتـی دەرهـەق بـە مانـەوەی بارزانییـەکان لـە کۆمـاردا ڕۆڵیـان هەبـوو. بۆیـە هـەر پێـش ئـەم ڕووداوانـە بارزانـی بۆخـۆی لـە دڵپاکـی و دۆسـتایەتی و بێگـەردی پێشـەوا قـازی دڵنیابـوو، وەلـێ لـە دانـی ڕۆکـراوی دەسـتی دەرەکـی و دوژمنانـی کـورد دڵنیـا نەبـوو. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەش بـوو بارزانـی پێشـوەختە بڕیـاری خـۆی دابـوو، بڕیاڕێـک کـە پارتـی دامەزرانـد و ڕێوشـوێنی گونجاویشـی بـۆ گەڕانەوەیـان بـۆ کوردسـتانی عێـراق خسـتبوو بەرنامـەی پارتییـەوە. کەواتـە جوڵەکانـی بارزانـی و بارزانییـەکان ئەوەیـان دووپاتدەکـردەوە کـە چاویـان لـە هیـچ پۆسـت و پلـە و دەسکەوتێکی ئەوێندەرنەبـوو. جگـە لـەوەی بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە دەسـتیان دەبـرد بـۆ هـەر بابەتێـک کـە بیزانیایـە لەبەرژەوەنـدی کۆماردایـە. پێشتریـش بەنیازبـوون تاوەکـو هاتنـی سـەروەختی بەهـار لـە ناوچەکانـی مەرگـەوەڕ و شـنۆدا بمێننـەوە، هەڵبەتـە ئـەوە کاتێـک ڕوویدەدا، ئەگـەر بهاتایـە حکومەتـی عێراقیـی پەیوەسـت بـە گەڕانەوەیـان بـۆ کوردسـتانی عێـراق بگەشـتایەتە ڕێککەوتـن.

---

(١) لـە رەوشـێکی وەهـادا بارزانییـەکان دەیانتوانـی نەچنەژێـر بـاری داواکارییەکانـی قازییـەوە، وەلـێ دڵسـۆزیان بـۆ قـازی و سـەرانی کۆمـار، لـە ئاسـتێکدا بـوو کـە گوێیـان بـە پەراوێزخسـتنیان یاخـۆ کردنەدەرەوەیـان لـە گـۆڕەپانـی بڕیـاردان لـە چارەنوسـی ناوچەکـە نـەدەدا. لەڕاسـتیدا بارزانییـەکان هەقی خۆیـان بـوو راوێژیـان پێبکرایـە، چـوون پێشـووتر لەچەندیـن ڕووداوی چارەنوسسـازدا ببوونـە پارێـزەری کۆمارەکـە. تەنانـەت لـە میانـی ئـەو یـازدە مانگـەدا تەنها بارزانییـەکان ئەرکـی کۆتاییهێنـان بـە هـەر پشـێوییەکیان بەوپـەڕی جوامێرییـەوە ئەنجـام دەدا، وەڵـی کاتێـك گڵۆڵـەی کۆمارەکـە کەوتـە لێـژی، بەبێ هیـچ خوێندەنەوەیـەك بـۆ چارەنوسـی بارزانییـەکان تاکلایەنـە چووبوونـە نـاو دانوسـتانەکانەوە. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو هـەر دوژمنایەتییەکـی بارزانییـەکان و پەهلەوییـەکان تاوەکـو ئەوکاتـە تەنها لە سـۆنگەی ئـەو چەنـد ڕووبەڕووبوونـەوە دروسـت ببـوو کـە بەفەرمانـی خـودی قـازی محەمـەد ئەنجامیـان دابـوون.

بەگشــتی بارزانــی دوای ئــەوەی لــە پەشــیمانبوونەوەی قــازی و ســەرانی کومــاری میللــی مهابــاد نائومێــد بــوو. ئــیتر بەبــێ هیــچ کاردانەوەیەکــی ئەوتــۆ، ماڵئاوایــی یەکجارەکــی لــە هــاوڕێ و هەڤــاڵ و دۆســتەکانی و خــودی پێشــەوا قــازی کــرد و بەخێرایــی لەگــەڵ ســەربازە بارزانییــەکان و ئەوانەیــش کــە ئامادەنەبــوون چەکەکانیــان ڕادەســت بکــەن، شــاری مەهابادیــان بەجێهێشــت و بــەرەو ســەنگەرەکانی مانەوەیــان لــە نەغــەدە و شــنۆ  بەڕێکەوتــن. بــە گەیشــتنیان بــۆ شــوێنی ســەرەکییان و دواســەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەیــان لەگــەڵ ئەرتەشــی ئێرانیــدا. ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ شــێخ ئەحمــەدی بــارزان و فەرمانــدە ســەربازییەکاندا کۆبوونەوەیەکیــان ئەنجامــدا. کۆبوونەوەکــە لەبــارەی دوایــن پێشــهاتەکانی ناوچەکــە بــوو. هــەر لــە کۆبوونەوەکــەدا، پەیجــوری پلانــی نوێــی و نەخشــەڕێگەی هــەر هەنگاوێکــی پراکتیکییــان شــیکردەوە. دروســت لەگەرمــەی کۆبوونــەوە چارەنوســازەکەدا بــوون، هەواڵــی ڕادەســتبوونی یەکجارەکــی ســەرانی مهابادیــان بەدەســت گەیشــت و زانیــان کــە ســەربازانی ئێــران بــە ســەرۆکایەتی ژەنــەڕاڵ هۆمایونــی بەوپــەڕی بەربەرییەتــەوە و بەبــێ ڕەچــاوی هیــچ پــەیمان و پێناوێکــی پێشــوەختەی نێوانیــان، ئێســتاکە لەنــاو گۆڕەپــان و گەڕەکــە بــە گەڕەکــی شــاری مەهابــاددا تەراتێــن دەکــەن و ماڵەومــاڵ ئــەوەی دەســتی تفەنگــی بگرێــت دەیدەنــە بــەر و ڕاپێچــی بەندیخانــە ســەربازییەکانی شــارەکەی دەکــەن. تەنانــەت زانیــان کــە همایونــی دڵــی ئــاوی نەخواردبوویــەوە، چــون دەیزانــی هێشــتا هێــزی کۆمارەکــە لــە ســەنگەردایە و ڕادەســت نەبــووە. دواتــر  لەســەر بنەمــای ئــەو نیگەرانییــەی همایۆنــی بــوو کــە  دەمودەســت نوێنەرەکانــی خــۆی ڕەوانــەی لای مستەفا بارزانــی و شــێخ ئەحمــەد بارزانــی کــردن. هەڵبەتــە هماێۆنــی مەبەســتی بــوو ســەرەتا پەیامــی خــۆی بگەیەنێتــە بارزانییــەکان، گوایــە نیازییەتــی پێکــەوە کۆبوونەوەیــەک ڕێکبخــەن. وەلــێ لەگــەڵ ئــەوەی مەرامــی مامەڵەیەکــی وەهــا ڕۆشــن بــوو، بــەڵام بارزانییــەکان هیــچ کاتێــک هیــچ هەوڵێکــی دانوســتانیان نەداوەتــە دواوە، بۆیــە ڕەزامەنــدی خۆیــان نیشــاندا و دواتــر کۆبوونەوەکەیــان لــە شــاری نەغــەدەدا بەڕێوەچــوو. ســەرەتا ژەنــەڕاڵ هۆمایونــی پرســیاری لــە بــارەی پلان و نەخشــەی بارزانییــەکان کردبــوو. پرســی بــووی نیازتــان چییــە و چیتــان دەوێ؟ بارزانیــش بەبــێ هیــچ دودڵییــەک، زۆر بــە ڕاشــکاوی وەڵامی دابوویــەوە و وتبــووی" "ئەگــەر حکومەتــی بەریتانیــا گرێنتــی

سـەلامەتی و نیازپاکییـان دەرهـەق بـە ئێمـەی بارزانـی نیشـان بـدەن، ئـەوا بۆخـۆم و هەمـوو ماڵبـات و هۆزەکـەشمان، بـێ هیـچ دوودڵییـەک دەگەڕێینـەوە زێـد و ژیـان و ژیـواری خۆمـان لە بـارزان". دوایـان بارزانـی ناوبـراوی تێگەیانـد، ئـەوان ئێسـتا وەک پەنابـەر لـە ئێرانـدان، گرفتـی ئـەوان لـە ئێسـتادا لەگـەڵ ئێرانـدا نییـە، بەڵکـو پابەنـدن بـە یاساوڕێسـای هـەر وڵاتێـک کـە مافـی پەنابەرییـان بداتـێ. دوای ئـەوەی ژەنـەڕاڵ هومایونـی لـە بەڵێـن و هەڵوێسـتی سەرڕاسـتانەی بارزانـی دڵنیابوویـەوە، بانگهێشـتی هەریـەک لـە بارزانـی و میرحـاج و عیـزەت عەبدولعەزیـز و نـوری بەگـی کـرد بـۆ ئـەوەی پێکـەوە وەکـو شـاندێک لەگـەڵ عەقیـد غەفـاری بێنـە تـاران، تاوەکـو گفتوگۆکانیـان لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدا سـەبارەت بـە مافـی پەنابەرییـان ئەنجـام بـدەن. هەروەهـا هیومانـی ڕایگەیانـد، ئـەوان دەتوانـن لـە ڕێگـەی باڵیـۆزی بەریتانیـاوە لـە تـاران گرێنتـی لـە حکومەتـی عێراقـی سـەبارەت بـە میکانیزمـی گەڕانەوەیـان بـۆ عێـراق فەراهـەم بکـەن. ژەنـەڕاڵ هومایونـی ئـەم پێشـنیازانەی بەبـێ ڕاوێـژی پێشـوەختەی لەگـەڵ تارانـدا خسـتبوونە بـەردەم بارزانـی و شـاندەکەی یاوەریـی. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو شـتێکی لەبـارەی هەوڵـی داماڵینـی چەکەکانیـان نەدرکانـد بـوو. هەڵبەتـە وەهـا بیریکردبوویـەوە کـە ئـەوان پەنابـەرن و بـەو پێیـەش لـە ژێـر دەسـتی ئـەودان ئـیتر پێویسـت بـەوە نـاکات چەکداربـن.[1]

وەك ئـەوەی لـە کۆبوونەوەکـەدا زەمینەسـازیان بـۆ دیـداری بارزانـی لەگـەڵ بەرپرسـانی بـاڵای ڕژێمـی پەهلەویـدا کردبـوو، ئەوەبـوو لـە بەرەبەیانـی ٢١ی کانوونـی دووەمدا، مـەلا مسـتەفا و هەڤاڵەکانـی بـە ئۆتۆمبێلێکـی تایبەتـی میرییـەوە، بـەرەو شـاری تەورێـز بەڕێکەوتـن. لـەم بارەیـەوە کریـس کۆچێـرای ڕۆژنامەنووسـی فەڕەنسـی، پشتڕاسـتی دەکاتـەوە، لـە ٢٠ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٦دا، لـە کۆبوونـەوەی نێـوان بارزانـی و ژەنـەڕاڵ هۆمایونیـدا، گوایا مـەلا مسـتەفا ڕایگەیانـدووە، ئەگـەر ئینگلیـزەکان گرێنتـی ژیانـی بارزنییـەکان بکـەن، ئامـادەن بگەڕێنـەوە عێـراق.[2]

---

(1) В отсутствие М. Барзани в Ираке она стала функционировать под руководством Хамзы Абдаллаха как левая организация, полу- чившая подназвание "Азади" ("Свобода"), претендующая на роль авангарда курдского национального движения всего региона Курдистан.

(2) Кучера К. Курды в XIX – XX веке. Париж, 1979, С. 288.

دوای ئـەوەش  مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەدی برایـدا هەماهەنگـی تـەواوی کـرد، ئینجـا  بـەرەو تەورێـز بـە مەبەسـتی گفتوگـۆ لەتـەک ئێرانییـەکان کەوتبـووەڕێ. دیـارە لـە تەورێـزەوە وای پێویسـت کـردووە بارزانـی بـە یـاوەری عەقیـد غەفـاری بـە مەبەسـتی بینینـی بەرپرسـانی بـاڵای تـاران، شـاندەکەیان بچنـە تـاران. دیـارە نیـازی ئـەم دیـدارە، بینینـی محەمـەد شـای ئێـران و  قـەوام سـەڵتەنەی سـەرۆکوەزیران و هەریـەک لـە ڕەزمئـارا و سـەرۆکی ئەرکانـی گشـتیی سـوپای ئێـران بـوو. شـاندەکەی بارزانیـش  پێکدەهاتـن لـە هەریـەک لـە میـر حـاج و عیزەت عەبدولعەزیـز و نـوری ئەحمـەد تەهـا. هـەر بـە گەیشـتنی شـاندەکەیان بـۆ تـاران، ڕاسـتەوخۆ  لەگـەڵ شـا و سـەرۆکوەزیران و کەسـایەتیگەلێکی دیکەی باڵادا کۆببونـەوە. دیاربـوو دوای مشـتومڕ و کۆبوونـەوەی پەیوەندیـدار بـە ڕەوشـی ناوچەکـە و ئاینـدەی بارزانییـەکان، ئـەوە زانرابـوو دوای ئاگادارکردنــەوەی باڵوێزخانــەی بەریتانیـا لــە تــاران،  لــە ئەگــەری پێشــنیاری گەڕانـەوەی بارزانییەکانـدا بـۆ عێـراق، بەهیـچ جۆرێـک نەچوونەتـە ژێربـاری  گەرێنتـی سـەلامەتی و پاراسـتنی گیانیـان. لەلایەکـیترەوە لـە مـاوەی مانـەوەی شـاندەکەدا لـە تـاران، گەلـێ دەنگـۆی خـراپ و هەواڵـی ڕووخێنـەر لەمـەڕ چارەنوسسـی شـاندەکە لەنـاو عێـل و عـەشرەت و کەسـوکاری بارزانییـەکان و  بەگشـتی لەنـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتاندا بڵاوکرابوونـەوە. بۆنموونـە لـە هەواڵـی دەسـتگیرکردنیانەوە تاوەکـو ئەشـکەنجەی جەسـتەیی و تەنانـەت کوشـتنیان بڵاودەکرایـەوە. دواتریـش دەرکەوتبـوو تێکـڕای ئـەم هەواڵانـە مەکـر و مەڵامەتـی عەجەمەکانـی لەپشـتەوە بـووە و مەبەسـتیان ئەوەبـوو، پێـش گەڕانـەوەی بارزانـی بـۆ نەغـەدە و شـنۆ، تێکـڕای هێـزی بارزانییـەکان بـێ هیـچ تەقوتۆقێـک بەخۆیـان و چەکەکانیانـەوە خۆیـان ڕادەسـتی حکومـەت بکەن. بـۆ نموونـە پیلانگێڕییەکـەی سـیخوڕەکانی پەهلـەوی پێشـوەختە داڕێژرابـوو. بەجۆرێـک هـەر ئەوکاتـەی شـاندی بارزانییـەکان و مسـتەفا بارزانـی لـە تارانـدا بـوون، ڕاسـتەوخۆ هەواڵـی دەسـگیرکردنیان بڵاوکرایـەوە، ڕێـک لـەم کاتـەدا شـاندێکی حکومـەت بـە چەند داواکارییەکـەوە ڕەوانـەی لای شـێخ ئەحمـەدی بـارزان کـران. داواکارییەکانـی شـاندەکە، لـە ئەگـەری نەچوونـە ژێربـاری جێبەجێکردنیـان لەلایـەن شـێخ ئەحمـەد بارزانیـەوە، چارەنوسـی ژیانـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی و شـاندەکەیان کردبـوو بـە مەرجـی جێبەجێکردنیـان. بـەو پێیـەی ئـەوان بارمتـەن و گەربێـت و ڕادەسـتی داواکارییـەکان

نەبن، ئەوا ژیانیان لە مەترسیدایە. ئەوەی لێرەدا گرنگ بوو، ئازایەتی و حیکمەتی شێخ ئەحمەد بازرانی بوو کە بەهیچ جۆرێک نەچووبووە ژێر باری بانگەشەی هەڕشەکانیانەوە، بەڵکو بەوپەڕی بوێرییەوە و بەڕاشکاوییەوە پێیانی ڕاگەیاندبوو:" هەر ئەندامێکی بارزانییەکان لەناو یەکە سەربازییەکانیاندا، بۆخۆی مستەفا بارزانییەکە. بۆیە بەهیچ جۆرێک بە ڕادەستکردنی چەکەکانیان ڕازی نابن". تەنانەت شێخی بارزان ڕووبەڕووی شاندەکەی ڕژێم سوێندی خوارد بوو، تاوەکو مەردێکی بارزانییەکان لە ژیاندا مابێت، لەپێناو تۆڵەی ژیانی هەر بارمتەیەکییاندا دەجەنگێن، تاوەکو تۆڵەی خوێنی هەموویان وەردەگرنەوە. لەڕاستیدا دواتر ڕوونبوویەوە کە ئەوە تەنیا نەخشەیەکی گڵاو و گێچەڵێکی نابەجێی بەرپرسانی پەهلەوی بوو بەو خەڵکانەی هانایان بردبووە بەر خاکەکەیان و گوایە داڵدەیان داون. بۆیە هەموو هەواڵەکان ساختە و سەرجەمیان سایکۆلجیای بارزانییەکانیان تاقیدەکردنەوە. بۆیە دەرکەوت پەیامی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆ شاندەکەی بارزانی، مەرجی مانەوەی بارزانییەکانیان گەلێ سنووردار کردووە. مەرجێک شوێنی نیشتەجێبوونیان تەنیا بۆ ماوەی (٦) مانگ پێدەدەن. لەمەوە ڕۆشنبوویەوە بەرپرسانی باڵا نەوەکو بەهیچ جۆرێک نیازی پەنادانی بارزانییەکانیان لە هەگبەدا نەبوو، بەڵکو گەرەکیان بووە ئەو هێزەی بارزانییەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان لە هاوکێشە هەرێمییەکەدا وەک کارتێکی فشار دەرهەق بە بەریتانیا و عێراق مامەڵەیان پێبکەن. دوای ئەوەی بارزانی و هەڤاڵەکانی تارانیان بەجێهێشت و گەڕانەوە. لەکاتێکدا، وەک نەریتی باوی پەنابەرانی هەر وڵاتێکی دنیا، بۆ سەلماندنی سنوورەکانی مرۆڤدۆستی خۆیان لە میدیا جیهانییەکاندا. شاندەکە تەنیا بڕی ١٠٠ هەزار تۆمان (نزیکەی ١٨ هەزار دۆلار)یان لە وەزارەتی داراییەوە، بە مەبەستی گواستنەوە و دابینکردنی خۆراک وەرگرتبوو. هاوکات سەبارەت بە مافی نیشتەجێبوونی بێمەرجی بارزانییەکان چەند ڕێنماییەکیشیان پێدرا بوو. دیاربوو هیچکام لەو مەرجانە بۆ بارزانی قبوڵکراو نەبوون، بەڵکو بارزانی نیازی بوو کاتی پێویست بەدەست بهێنێ و بەجۆرێک هێمنی و ئارامیی خۆیان پیشانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بدەن، بەوەی هیچ پڕۆژە و پلانێکی دیکە لەژێر سەریاندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی بە باشی لە نیازی سەربازانی ئێرانی و ئامادەباشی تەواوەتییان بۆ شەڕ و گرتنەوەی شوێنەکانیان ئاگادار بوو.

ڕژێمــی ئێرانییــش لــەوە دڵنیــا بــوون، بارزانــی و هەڤاڵانــی بەچوونەوەیــان لــە عێراقــدا ڕووبــەڕووی ســزای لەســێدارەدان دەبنــەوە، بــەو پێیــەی پێــشتر دادگای ســەربازیی عێراقیــی ســزای لــە ســێدارەدانی بەســەریاندا ســەپاندبوون. ئێرانییــەکان دەیانویســت ئــەم ڕەوشــە ناهەمــوارەی چاوەڕوانــی بارزانییەکانــی دەکــرد، بکەنــە کارتێکــی فشــار، تاوەکــو بەهــەر نرخێــک بــووە، بەخواســتی خۆیــان مەرجیــان بەســەردا بســەپێنن و چەشــنی دەســکەلایەک جڵەوگیریــان بکــەن. لەڕاســتیدا ئێرانییــەکان تەنیــا بــەو فشــارانەوە تەنگیــان بــە بارزانییــەکان هەڵنەچنــی بــوو، بەڵکــو پڕوپاگەندەیەکــی بەرفراوانیــان لــە نێــو هــۆزە کوردییەکانــی کوردســتانی ئێرانــدا لــەدژ وروژاندبــوون. بــەو پێیــەی ئــەوان کرێگرتــەی ئینگلیــزن و هاووڵاتــی ئێرانــی نیــن. بەمــەش بەشــێک لــە ســەرۆکهۆزە کوردییــەکان کــە پێشتریــش لەگــەڵ کۆمــاری میللــی مهابــاددا دانــوی بەرژەوەندییەکانیــان پێکــەوە نەدەکــولا، پڕچەککــران و هانیــان دان تاوەکــو بەگــژ بارزانییەکانــدا بچنــەوە و لــە ســنوورەکەدا قاویــان بــدەن و دەریانپەڕێنــن. پێویســتە ئامــاژەش بــۆ ئــەوە بکەیــن کــە هەندێــک لــە ســەرۆکهۆزەکانی کــورد نەچوونــە نــاو گەمــەی گڵاوی ئێرانییەکانــەوە. وەلــێ هەندێکیــش هــەرزوو کەوتنــە نــاو داوی داگیرکارییەکــەوە. دوای ئــەوەی مــەلا مســتەفا و هاوەڵەکانــی لــە (٢٩ی ژانویــەی ١٩٤٧) دا لــە تارانــەوە گەڕانــەوە. ڕاســتەوخۆ هــەر ئــەو شــەوەی گەیشــتبوونە بــەرەوە. دەمودەســت لەگەڵ ئەفســەرە بــە ئەزمــوون و ئەکادیمییەکانــی جەنگــدا کۆبوونــەوە. جگــە لــەوەی کورتــەی کاری شــاندەکە و دەمــودووی بەرپرســانی بــاڵای تــاران و شــای ئێرانیــان تێگەیانــدن. بۆیــە بــە ســەرجەم ئەفســەرە کــوردەکان و فەرمانــدە جەنگییــەکان ڕاگەیەنــرا ڕێگەکــە ڕۆشــنبووەتەوە و ئــەوان بێجگــە لــە جەنــگ لەگــەڵ نەیارەکانیــان، هیــچ بــژاردە و بەڵێنێکــی هــاوکاری و لێکتێگەیــشتن و ئاشــتی لەبەردەمیانــدا نییــە. ئــەوەی هەیــە، هەمــووان دەیانەوێــت ببینــە بەردەســت، ئێمــەش گــەر غوڵامێتــی غەوارەکانمــان بکردایــە، ئــەوا هــەر لەســەرەتاوە ڕێمان نەدەکەوتــە بــەر ئــەم ئەرتەشــە بێبەزەیــی و بــێ بەڵێــن و پەیامــەی عەجەمــەوە. بەرەبــەرە ڕێگەکانــی بــەردەم بارزانییــەکان ڕۆشــن ببوویــەوە. ئێرانییەکانیــش کــە زانیــان بارزانــی و هەڤاڵەکانــی ئامــادە نیــن ناوچــە هاوســنوورییەکەی عێــراق و ئێــران بەجێبهێڵــن. بۆدواجــار عەقیــد غەفارییــان ناردەوە نەغــەدە. دیــارە ژەنــەڕاڵ هۆمایونــی، بــۆ چەندینجــار

بــوو عەقیــد غەفــاری بنێرێتــە لای بارزانــی، دواجاریــش لــە (١٩ی شــوباتی ١٩٤٧) دا بــە چەنــد ڕاســپاردەیەکی نوێــوە ناردبوویــەوە لای و لــەوێ دیســان وەک پێشــووتر دانوســتانەکانیان بــێ ئەنجــام بــوون. تەنانــەت بارزانــی دواپەیامــی دابوویــە غەفــاری کــە نــە چەکەکانیــان ڕادەســت دەکــەن، نــە دەچنەژێــر بــاری یــەك دانــە مەرجــی پەهلەوییەکانــەوە و هیچکاتێکیــش ئامــادە نیــن لــە شــوێنێکی وەک هەمەدانــدا بەدەستبەســەری ژیــان بەســەر بــەرن. هەروەکچــۆن ئامــادەش نیــن خاکــی ئێــران بەجێبهێڵــن و خۆیــان ڕادەســتی حکومەتــی عێراقــی بکەنــەوە. بەمــەش بارزانییــەکان هیــچ بژاردەیەکــی دیکەیــان بــێ لــە ڕووبەڕووبوونــەوە لەبەردەمــدا نەمابوویــەوە.

داویــن بەرنامــەی بارزانییــەکان لەلایــەن شــێخ ئەحمــەد بارزانیــەوە ئامــاژەی پێکرابــوو و وتبــووی دەیانــەوێ دەمەوبەهــار، هەرکــە بەفــر بەســتەڵەکی ڕێگاوبانەکانــی بــەردا. دەشــێت لەگــەڵ عێراقییەکانــدا بەشــەڕ بێــت یــان بــە ئاشــتی، بــەرەو مەنــزڵ و مــاوای خۆمــان بگەڕێینــەوە. هەڵبەتــە بــاش دەیزانــی ناچــارن بەشــەڕ بــەرەو زێــد و زادگــەی لەمێژینــەی خۆیــان بچنــەوە، چونکــە گــەر بەبــێ چــەک ڕادەســتبوونایە، هیــچ گرێنتییــەک دەرهــەق بــە ســەلامەتییان نەبــوو. ئینگلیزەکانیــش نەچووبوونــە ژێــر بــاری بابەتێکــی وەهــاوە. لەکۆتایــدا ژەنــەڕاڵ هۆمایونی، دوایــن بڕیــاری خۆیــدا، چــون چیــدی بەرگــەی مانــەوەی هێزێکــی چەکــداری کــوردی نەدەگــرت. فشــارەکانیش ڕژێمیــش لەســەر همایۆنــی زۆرتــر ببــوون، چــون دەربــاری دوایایەتــی پەیتــا پەیتــا دەیانپرســی، کامەیــە بڕســتی بەرگریــی و ســەروەریی خاکــی شاهەنشــاهی، کاتێــك نەتوانــن هێزێکــی چەکــدار و نامــۆ بــە خاکەکەمــان تاربنێــن؟ دیاربــوو همایۆنــی بۆخــۆی کەســێکی ســەربازی بەئــاگا بــوو. دەیزانــی ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەو ســوارچاکە سەرکەشــانە کارێکــی ئاســان نییــە، ئــەو بەباشــی دەیزانــی کــە بیــری بــەلای شــۆڕەتی خۆیــەوە بێــت و نەبێتــە مەهزەلــەی دەســتی نەیارەکانــی. ئەوەتانــێ لەدوایــن دەرفەتــی پێــش ڕوودانــی جەنگــدا، دیسانەوە ســێ بەدیلــی دیکــەی پێشــکەش کــردن:

١. یان یەکسەر بەبێ مەرج، بەرەو عێراق دەبنەوە و خواحافیزتان بێت.
٢. چــەک دادەنێــن و هەمــوو هۆزەکانــی دیکــەش کــە لەژێــر کایگەریــی ئێــوەدان ڕازی دەکــەن، بەهەمانشــێوە چەکەکانیــان دابنێــن.
٣. یاخۆ ئــەوە ئــەرز و ئەوەتانــێ گــەزی گۆڕەپانــی جەنگەکــە. هێشــتا دواییــن وەڵامیــان

نەدرابوویـەوە، لـە دەوروبـەری نەغەدەوە شـەڕی چەکـداری لـە نێـوان بارزانییـەکان و یەکــە ســەربازییەکانی هۆمایونیــدا ڕوویــدا. شــەڕێکی هێنــد ماوەدرێــژ نەبــوو، تەنانـەت هیـچ کەسـێکیش برینـدار نەبـوو. بەکۆتاییهاتنـی دوایـن کۆبوونـەوە، وەک پێشـووتر بـە چەقبەسـتوویی کۆتایـی هـات. ئیـتر ڕوون بـووەوە بارزانییـەکان بڕیـاری بـژاردەی جەنگیـان هەڵبـژاردووە.

لـە ئەنجامـدا مسـتەفا بارزانـی نەچوویـە ژێربـاری ژیانێکـی بندەسـت و شـەرمەندەی گەلەکەیـەوە. دەیزانـی ژیانێکـی زەلیلانـە، زامنـی هیـچ مافێکـی میللەتەکـەی نـاکات. دەیزانـی پاراسـتنی ژیانـی خـۆی و خانەوادەکـەی لـە هەمەدانـدا، هیـچ هونەرێکـی مرۆڤانـەی تێـدا نییـە. کەوایـە ئـیتر نـۆرەی گەڕێکـی نوێـی جەنـگ بـوو. ئێرانیـەکان لێنەدەگـەڕان تاوەکـو هەلومەرجـی نوێـی کەشـوهەوا و شـەختەی زسـتان و زریانـی ناگەهانـی ئـەو بەنـدەن و بـەردە بڕەوێتـەوە، چونکـە ئـەوەی دۆخەکـەی لەسەرشـانی بارزانییــەکان قــورستر کردبــوو، ژن و زارۆ و چەندەهــا داپیــرە و باپیــرەی بەتەمەنیــان لەگەڵـدا بـوون. چلـۆن بتوانـن بـدەن بـەو هـەوراز و نشـێوە نالەبارانـەی چیاوچۆڵـی ئەوێدا. بارزانــی پلانێکــی دانابــوو، ئــەم پلانــەی بــێ کۆمەکــی کــوردی ئــەوێ و گوندشـینەکانی سەرسـنوور سـەرکەوتوو نەدەبـوو. دەبـوو هێزەکانیـان بەسـەر چەندیـن دەسـتە و گروپـی بچـوک بچوکـدا دابـەش بکـەن، تاوەکـو سـاناتر بژێـوی ژیانیـان لــەو گونــدە سەرســنووریانەی نێــوان عێــراق و تورکیــادا بگوزەرێنــن. ئــەو گوندانــەی زیاتـر هەڵکەوتەیـان لـە شـیو و دۆڵـە درێژکۆڵـە و قوڵەکانـی ناوچـە شـاخاوییەکانەوە لەنگەریــان گرتبــوو. پلانەکــەی بارزانــی بەجۆرێــک بــوو، لــە لاهیجانــی ڕۆژئــاوای مەهابـاد و باکوورییـەوە تاوەکـو دۆڵـی تەنگـەوەر و ڕۆژئـاوای ڕەزاییـە دابـەش بن. ئــەم تاکتیکــە تەنیــا ڕێگەیــەک بــوو تاوەکــو بتوانێــت بژیــن و خۆشــیان لــە گەمــارۆ و هەڵکوتانــە ســەر ڕیزەکانیــان بپارێــزن. هەڵبەتــە نیــازی بارزانــی لــەو خۆدابڕانــدن و خۆمەڵاســدانەی خەباتکارەکانیــدا، تەنیا چاوەڕوانیــی هاتنــی وەرزی بەهاریــان دەکــرد. ئــەوان ناچــار بــوون تاوەکــو بەهــار و ســاڵی نوێــی کــوردی بــەو جــۆرە ژیانیــان بدەنەبــەر. لــە ڕاســتیدا شــارۆچکەی شــنۆ، وەک ڕێگەیەکــی ســنووریی عێراق بــۆ مانــەوەی هێــزی بارزانییــەکان بایەخــی خــۆی هەبــوو. هەروەهــا مەرگەوەریــش کــە ناوچەیەکـی کوردنشـین و شـوێنی نیشـتەجێبوونی شـێخ عەبـدوڵڵا ئەفەنـدی گەیلانـی

بوو. بۆیــە بارزانییــەکان بەهۆکاری دەســتەبەرکردنی ڕزق و ڕۆزی و پێداویســتییەکانی ژیانــی ڕۆژانەیانــەوە ناچاربــوون لــە نەغــەدەوە، ڕووەو شــنۆ پاشەکشــە بکــەن. دوایــان زیاتــر لــە ســێ مانگــی ڕەبــەق لــەوێ مانــەوە. ئەوەبــوو بــەم پاشەکشــەیەش توانیــان هێرشــە چاوەڕوانکراوەکانــی ســوپای ئێرانیــی ڕابگــرن.

بارزانییــەکان دوای ئــەوەی بــەرەی جەنگەکەیــان چڕترکــردەوە، چــون پانتایــی و ڕووبەرێکــی بەرفــراوان لــە بەرژەوەنــدی ژمــارە و چــەک و هێــزی مرۆیــی ئەوانــدا نەبــوو. بۆیــە بڕیاریانــدا هێڵەکانــی بەرگریــی خۆیــان لــە دەرەوەی نەغــەدە و شــنۆدا ڕێکبخــەن. بــەم نەخشــەیەش لــە میانــی ئــەو ســێ مانگــەی مەلاســی ئەرتەشــی عەجەمــدا، چەندیــن هــۆزی کوردییــان هێنابوویــە ناوچەکــەوە و چــەک و پارەیــان پێدابــوون، تاوەکــو بەگــژ بارزانییەکانــدا ڕاســتیان بکەنــەوە. جیــا لــەوەش ئێرانییــەکان هەوڵــە هەرێمییەکانیــان هێنابوونــە نــاوەوە، بەتایبەتــی هەریــەک لــە حکومەتەکانــی ئێران، عێــراق و تورکیــا هەماهەنگییــان لەنێوانــدا هەبــوو. لەســەر ئــەم بنەمایــەش زانیارییــان لەســەر بوونــی بارزانییــەکان و مانەوەیــان لــەو ســنوورانەدا بــە هێزەکانــی تورکیــا و عێــراق گەیاندبــوو. [1]

هەڵبــەت بارزانیــش دەستەوەســان نەوەســتا، بەڵکــو بەنیــازی هــاوکاری و هێنانەپێشــەوەی هۆزەکوردییــەکان، لــە هەوڵــی ڕازیکردنــی کوردانــی ئێرانــدا بــوو. بــۆ ئــەم مەبەســتەش زۆر بــە نهێنــی، چەندیــن دەرچوونــی بــۆ نــاو هــۆز و تیرەکانــی کــورد دەســتپێکرد بــوو. بەتایبەتی چووبــووە ســنووری ناوچــەی هۆزەکانــی شــکاک و هەرکییانــەوە. بارزانــی دەیزانی دەســەڵاتی بــاڵای نێــو هــۆزی گــەورەی شــکاکەکان لــە دەســتی نەوەکانــی ئیسماعیــل ئاغــا (ســمکۆ)دا نەمابوویــەوە. ئــەوان باپیریــان ســاڵی ١٩٣٠ لەسەردەســتی جەندرمەکانــی ڕەزاشــای پەهلەویــدا بەوپــەڕی نامەردییــەوە و بــەدەم بەڵێنــی دانوســتانەوە تیرۆریــان کرابــوو. ئێســتاش ئەوەتــا هەژموونــی هۆزەکــە و جڵــەوی دەســەڵاتی کۆمەڵایەتــی تێکــڕای شــکاک، کەوتبــووە دەســتی عومــەر ئاغــاوە. عومــەر بۆخــۆی وەزیــری پێشــووتری جەنگ و ســەرتیپ بــوو. هەروەهــا لــە نێــو شکاکەکانیشــدا بەهــۆی ئازایەتــی و ڕاســتگۆییەوە نــاو و ناوبانگــی بــە باشــی بازنــە کۆمەڵایەتییەکــەی شــکاکەکانی تەنیبــوو، دیاربــوو دەستیشــی لــە کایــەی سیاســی و

(1) Песьян Н. Аз Мехабаде хунин та каранехае Арас. [Б. м., б. г.], С. 98–99.

دیپلۆماسـیدا تەنـگ نەبـوو، بەڵكـو وەك هاوسـۆز و سـەودایەكی سـۆڤیەتییەكان، لـە شـەڕی دژی فاشـیزمدا فێـری گەلـێ پێوەندیـی و پێنـاوی دیپلۆماسـی كرابـوو. [1] بەشـی باشـووری ئـەو شـوێنانەی شـكاكەكانی تێـدا جێگیـر ببـوون، بەدرێژایـی سـنوورەكانی ئێران-تـورك -عێـراق درێـژ دەبوویـەوە. ئـەوە بێجگـە لـەوەی لـەو هەڵكەوتـە جوگرافییەیـدا كـە بەشـێوەی شـیوێكی درێژكۆلـە ناوچـە سـنوورییەكە هەڵكەوتـووە، هەركییـە كۆچەرییەكانـی تێـدا نیشـتەجێ بـوون. هەركییـەكان هۆزێكـی فـرە و فـراوان بـوون، ژمارەیەكـی بەرچاویـان هەركـە وەرزی هاویـن دادەهـات، لـە عێراقـەوە بەدرێژایـی ئـەو سـنوورانە تاوەكـو شـاری شـنۆ قەتـارە و ڕەوی ڕەوەندانەیـان درێـژ دەبوویـەوە. ئەوانیـش ڕێـك وەك شـكاكەكان بـەردەوام لـە دەرەوەی جڵـەوی دەسـەڵاتدارانی ئێرانـدا مابوونـەوە. خەڵكانێـك بـوون ئاتـاج بـە ئاوڕدانـەوەی میریـی نەبـوون و تەنیـا گوێڕایەڵـی سـەرۆكهۆزەكانی خۆیـان دەبوون. هەڵبـەت سروشـت و ئاڕاسـتەی ڕەوەكانیـان ڕێگەكانـی جیـاواز بـوو. شـكاكەكان بـەرەو سـنوورەكانی توركیـا دەكشـان. وەلێ هەركییـەكان بـەرەو عێـراق درێـژ دەبوونەوە. هەركییەكانـی ئێرانیـش دەچوونـەوە سـەر یـەك خێڵـی سـەرەكی كـە ئەوانیـش لـە بەرەبـاب وماڵباتـی مانـداوە بڵاوبوونـەوە. لـە كاریگەرتریـن سـەركردەكانی ئـەم هەركییانـە، دەتوانیـن ئامـاژە بـە كەسـانێكی وەك ڕەشـید بـەگ و نـوری بـەگ بكەیـن. هەردووكیـان دوو مرۆڤـی خوێنـەوار و دنیادیـدە بوون، هەردووكیشـان بڕوانامـەی خوێندنیـان لـە ئەوروپـادا بەدەسـتهێنابوو، بـەڵام لـە ئـارەزوو و ئەندێشـەی سیاسـییاندا وەكـو یـەك نەبـوون، بەڵكـو جیـاواز بیریـان دەكـردەوە. بۆنموونـە ڕەشـید بـەگ هاوسـۆزی خـۆی بـۆ خۆرئـاوا دەردەبـڕی، وەلـێ نـوری بـەگ بۆچوونەكانـی و لایەنگرییەكانـی زیاتـر بـەرەو سیاسـەتی سـۆڤیەت بـوون. بەگشـتی هەركییـەكان خاوەنـی سـەركردەیەكی سیاسـی نەبـوون، سـەركردەیەك كـە توانـای یەكخسـتنی هەمـوو هۆزەكەیانـی هەبێـت. بۆیـە بـەردەوام لـە نێـو خۆیانـدا خەریكـی شەڕوشـۆڕی لابـەلا و ناپێویسـت بـوون. هـەر ئـەوەش هۆكارێكـی سـەرەكی بـوو بـەرەو لاوازی بچـن. بارزانییـەكان دوای ئـەوەی لـە ٢٢ی شـوباتی ١٩٤٧دا شـاری نەغەدەیـان جێهـێڵا. ئـیتر ناچاربـوون بەدرێژایـی دۆڵی لاهیجـان بـەرەو سـنووری باكـوور، ڕێـك بەنـاو سـنوورەكانی دەوروبـەری شـنۆوە یانـی زیاتـر

(1) Вильчевский О. Л. Курды Северо-Западного Ирана, С. 73.

بەدرێژایـی شـیوەکانی ناوچـەی تەنگـەوەر و مەرگـەوەرەوە بـەرەو سـنوورەکانی باکـوور شـۆڕبنەنەوە. ئـەوە لـە کاتێکـدا بـوو ژەنـەڕاڵ هومایونـی، لـە شـنۆدا، هێشـتا لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد بارزانیـدا خەریکی گفتوگۆکـردن بـوو. دروسـت لـەم کاتەدا، ڕووداوێکـی گەلـێ ناخـۆش لـە گونـدی سـیلڤای سـەربە هـۆزی مامەشـدا ڕوویـدا. ڕووداوەکـەش بریتـی بـوو لـەوەی، کاتێـک دەسـتەیەک لـە جەنگاوەرانـی بارزانـی بـەم گونـدەدا تێدەپەڕیـن، لەپێنـاو سـەلامەتی گیانـی خۆیانـدا، داوا لـە سـەرۆکهۆز و ڕیشسـپیانی هۆزی مامـەش دەکـەن، ئـەوان تەنیـا تێدەپـەڕن و چەکەکانیـان بەمەبەسـتی شـەڕی ئـەوان نییـە. بۆیـە ئـەوان پێویسـت بـەوە نـاکات بەچەکـەوە لەسـەر ڕێگاکانیـان ڕاسـتبنەوە. هەربۆیـە لـە پێنـاو دڵنیابـوون لـە تێپەڕبوونـی بارزانییـەکان بـەم ناوچەیـەدا. یەکێـک لـە کوڕەکانـی مـام حسـێنی مامـەش، فەرمـان بـە هـاو هۆزەکانـی خۆیـان دەکات کـە چەکەکانیـان ڕادەسـت بکـەن. لـەم کاتـەدا کوڕێکـی دیکـەی مـام حسـێن دەمانچەکـەی دەردەهێنـێ تاوەکـو نیشـانی بـدات ئەوەتـا چەکەکـەی ڕادەسـت دەکات، بـەڵام ئـەم ئاماژەیـە لەلایـەن یەکێـک لـە بارزانییەکانـەوە بـە ئاماژەیەکـی هەڵـە لێکدرایـەوە، هەربۆیـە یەکسـەر دەسـتدەکەن بـە تەقەکـردن بەنـاو پیاوانـی مامەشـدا و لـە ئەنجامـدا (١١) کـەس لـە کوڕانـی هـۆزی مامـەش پێوەدەبـن. لەنێـو کوژراوەکانـدا ئیبراهیمـی بـرا گچکـەی عەلـی ئاغایـان تێـدا بـوو. ئـیتر ئـەم کارە بێمانـا و ئـەم هەڵـە هەرزەکارانەیـە، کاریگەرییەکـی ئێجـگار نەرێنـی لەسـەر نـاو و ناوبانگـی بارزانییـەکان دادەنـا. بـەو پێیـەی سەریکێشـا بـۆ دوژمنایەتییەکـی خوێنـاوی لـە نێـوان ئـەوان و مامەشـەکان و هاوپەیمانەکانیـان. ئـەوە لەلایەک، لـە لایەکـیترەوە مەترسـی هێـرش بۆسـەر هۆزەکوردییەکانـی خەڵکـی مهابـاد ئەوانـەی داڵـدەی بارزانییەکانیـان دابـوو، گەلـێ زیاتردەبـوو هەمـوو ئـەم تێکپژانـە خێڵەکییانـە، زۆر بـە ئاسـانی سـوچی سیاسـەتی ئاژاوەکانیـان دەدۆزرانـەوە کـە بەرنامەکـی لەمێژینـەی لۆژیکـی سیسـتەمە سیاسـییەکانی عەجـەم بـوو. ئـەوان بـەو بابەتـەوە ساڵەهابوو ڕازی داگیرکاریـی خۆیـان شـاردبوویەوە و درێژەیـان پێـدەدا.

بەگشـتی لە مانگـی ئـازارەوە شـەڕ و پێکدادانـی بـەردەوام لـە نێـوان بارزانیـەکان و سـوپای ئێرانـدا سـەریهەڵدایەوە. دیـارە ئـەوکات سـوپای ئێـران بەرەیەکـی بەرگریـی بەهێـزی پێکهێنـا بـوو. بەجۆرێـک ڕێـگای بارزانییەکانیـان بـەرەو سـنوورەکانی باکـوور

لـێ گرتبـوون. ژەنـەڕاڵ بارزانـی لـەم بەرەیـەوە ناچاربـوو ڕێگـە بـەرەو هێزەکانیـان بکەنـەوە. هەربۆیـە بەناچـاری ڕووبـەڕووی چەندیـن شـەڕ و پێکدادانـی تونـد لەگـەڵ سـەربازانی ئێرانـی بوونـەوە. لـە شـەڕێکی تونـدی بارزانییەکانـدا کـە لەگـەڵ فوجێکـی سـەربازی ئەرتەشـی ئێرانـدا، ئێرانییـەکان ناچارکـران لـەو قۆڵـە سـەرەکییەی بەرەی باکووری بارزانییەکانـدا پاشەکشـە بکـەن. لەگـەڵ گەیشـتنی هەواڵـی زیانـە قورسـەکانی سـەربازانی ئێرانیـدا، بەرپرسـانی باڵانـی تـاران، فەرمانـی لەناوبردنـی دەسـتبەجێی بارزانییەکانیـان خسـتەبواری جێبەجێردنـەوە. ئـەم فەرمانـە بەجۆرکێـک بـوو کـە نەدەبـوو ڕەچـاوی هیـچ بەهایەکـی مرۆڤانـە و پاراسـتنی هەرکەسـێکی سـیڤیل و ژن و زارۆ و پیروپەککەوتەیـان بکرێـت. بەمجـۆرە بۆردومانکردنـی شـوێنەکانیان و ئـەو گوندانـەی خێزانەکانیـان لـێ بـوون خرایـە بەرنامـەی کاری سـوپایەکی دەوڵەتیـی مۆدێرنـەوە!. تەنانـەت شـای ئێـران فەرمانـی دابـوو پێویسـتە ئۆپەراسیۆنەکانیان تاوەکـو مانگـی نیسـانی ١٩٤٧ تـەواو بکرێـن و ڕێگـری لـە ڕۆشـتنی بارزانییەکانیـش بکـەن و نەهێڵـن لـە دەسـتی تۆڵـەی شاهەنشـاهیدا قوتاربـن.

دۆخـی جەنگـەکان بەکامـی بەختـی شـای ئێـران نەدەسـوڕان. تەنانـەت دوو تۆپـی (٧٥ میلیم)یـان هەبـوون کـە جارێکـی تـر نەیانگەڕاندنـەوە بـۆ هومایۆنی. ئـەوە لەکاتێدابـوو کـۆی گشـتی جەنـگاوەران تەنیـا دوو هـەزار و ٥٠٠ چەکـدار بـوون. چەکـی قورسیشـیان تەنیـا بریتـی بـوو لـە ٥٠ دۆشـکە و برێکـی زۆر تەقەمەنیـی کـە بۆمبـی سـووتێنەر و نارنجۆکیشـیان تێدابـوو[1]. ئـەم چەکوچۆڵـە سـەربازییەی بارزانییـەکان و سـوپای دەوڵەتێـک زۆر نابەرابـەر بـوون دواجـار لـە ٣٠ی ئـاداری ١٩٤٧دا، لـەو ڕێکەوتـەی قازی-محەمـەد و سـەدری قـازی بـرای و سـەیفی قازیـی مامـی، هـەر لـە هەمـان گۆڕەپانـی چوارچـرا، دروسـت ١٤ مانـگ پێـشتر لـەو جێگەیـەی کۆمـاری خۆسـەری کوردیـان تێیـدا ڕاگەیاندبـوو هەڵـواسران. هـاوکات ١٥ بەشـداربووی دیکـەی کـورد، ئەوانیـش بـە بڕیـاری دادگای مەیدانـی سـەربازیی، درانەبـەر دەسـترێژی گولـە. لـەم نێوەنـدەدا مسـتەفا بارزانـی و بارزانییـەکان لـە شـاخدا، سـەرقاڵی جەنگـی پارتیزانـی بوون. دۆخـی چەکدارانـی بـارزان و خێزانەکانیـان لـە ڕەوشـێکی سـەخت و سـەهەننەدا تێدەپەڕیـن. بۆیـە لـەم دۆخـەدا جەنـەڕاڵ بارزانـی جارێکـی تـر پێشـنیاری دانوسـتانی

(1) Песьян Н. Мехабаде хунин та каранехае Арас, С. 9.

لەگــەڵ حکومەتــی عێراقیدا کــردەوە. بارزانــی مەبەســتی بــوو لــە کاتــی دانوســتانەکاندا دەرفەتێــک بدۆزێتــەوە و وچانێــک وەربگــرن تاوەکــو بتوانــن ژن و زارۆکانیــان لــە ئاگــری شــەڕ بــەدوور بگــرن. ئەوەبــوو ئەمجارەشــیان بــە ئامانجــی گەڕانەوەیــان بــۆ بــارزان کەوتنــە دانوســتانەوە. لــەم میانەشــدا دەرفەتیــان بــۆ ڕەخســا لــە سەرانســەری باکــوری ڕۆژهەڵاتــی وڵاتەوە، دەســتە بــە دەســتە پــەرش و بڵاو بــوون. دروســت لــە کاتــی دانوســتانەکاندا لەگــەڵ دەســەڵاتدارانی عێراقیــدا، بەشــێک لــە هاووڵاتییــە مەدەنییەکانــی بارزانییــەکان توانیــان خۆیــان لــە کــردەوە ســەربازییەکانی ســوپای ئێرانــی بەدووربگــرن و لــە ئاواییەکانــی ســنوورەکانی کوردســتاندا خۆیــان دەربــاز بکــەن. دانوســتانەکانیش لــە بەغــدا، لــە پەرلەمانــی عێــراق، بــە بەشــداری نوێنەرانــی کــورد بەڕێوەدەچــوون. بەشــێک لــە چاودێرانــی ســەر دانوســتانەکان، تاڕادەیــەک متمانەیــان بــۆ دروســت ببــوو. متمانەیــەک کــە پێیــان وابــوو، ئــەم جارەیــان دەســەڵاتداران جدیــن و نیازیــان هەیــە لــە بارزانییــەکان خــۆشبن. ئــەوان بــەو دەنگۆیانــە باوەڕیــان کردبــوو کــە حوکمــی ســەر بارزانییــەکان و چــوار ئەفســەرە کوردەکــەی ســوپای عێــراق کــە ئێســتە لەپــاڵ مســتەفا بارزانیــدا بەرخــودان دەکــەن، کەمدەکرێتــەوە، بــەڵام لەڕاســتیدا ئەوانــە دەنگــۆ بــوون، ئەگێــن حکومەتــی عێراقیــی هیــچ نەرمییەکــی نیشــان نەدابــوو، تەنانــەت هەرکــە ئەفســەرە کــوردەکان ڕادەســتبوونەوە، ڕاســتەوخۆ دوای دادگاییکردنیــان، بەتۆمەتــی خیانــەت لــە ســوپا و نیشــتمان و یەکپارچەیــی عێــراق لــە ســێدارە دران. دواجــار دوای زنجیرەیــەک دیــداری بێئەنجام، مســتەفا بارزانــی بڕیارێکــی لەڕادەبــەدەر ســەخت و دژوار و نابەدڵــی دا. ئەوەبــوو بڕیــاری دا ژن و منــداڵ و بەســاڵاچووانی نــاو بارزانییــەکان، تێکڕایــان بــە ســەرۆکایەتی شــێخ ئەحمــەد بارزانــی، باشتریــن بژاردەیــان ئەوەیــە خۆیــان ڕادەســتی دەســەڵاتدارانی عێراقــی بکەنــەوە. هەڵبەتــە ئــەم بڕیــارەی بارزانــی لەکاتێکــدا بــوو کــە دەوڵەتــی عێــراق بەڵێنــی لێبوردنیشــی لێوەرگیرابــوو، لەگــەڵ ئەوەشــدا دوای ڕادەســتبوون و گەڕانەوەیــان بــۆ خاکــی خۆیــان، ڕاســتەوخۆ هــەر هەموویــان برانــە نــاو کەمــپ و ئۆردوگاکانــەوە و بەدەستبەســەری و لەنــاو تەلبەنــد و چاودێــری تونــدی ســەربازیدا ژیانێکــی تــاڵ و مەمــرە و مەژیــان بەســەر بــرد. لەبەرانبــەردا خــودی مســتەفا بارزانیــش بــە خــۆی و ٥٠٠ چەکداریــی هەڵبژێــردراوی نێــو جەنــگاوەرە جەربــەزە و جوامێرەکانییــەوە، خۆیــان یەکلاییکــردەوە تاوەکــو بــەدەم جەنــگ و تێکشــکاندنی

بەربەسـته سـنوورییەکانی بەردەمییانـەوە خۆیـان بگەیەننـە سـنوورەکانی یەکێتـی سـۆڤییەت. دواجـار لەسـەر بنەمـای بڕیارەکانـی پێشـوویان شـێخ ئەحمـەد بارزانـی لـە ناوەڕاسـتی مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٤٧دا، لەگـەڵ بەشـێکی زۆر لـە خانـەوادە و ماڵباتـی بـارزان بـە ناچـاری بـەدەم بڕیـاری لێخۆشـبوونی میرییـەوە ڕۆیـشتن و گەڕانـەوە نـاو سـنووری عێـراق. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو بارزانـی هـەر دڵـی لـەلای ئـەو کەسـوکارەیەوە بـوو کـە دەگەڕانـەوە، بۆیـە تاوەکـو نزیـک سـنوورەکانی عێـراق یـاوەری شـێخ ئەحمـەد و خانـەوادە و خێزانەکانـی کـردن. دوای ماڵئاوایـی یەکجـارەی لێیـان، بۆخـۆی گەڕایـەوە نـاو خاکـی ئێـران.

## کۆچ و ڕەوی بارزانییەکان بەرەو یەکێتی سۆڤییەت

مـەلا مسـتەفای بـارزان دەیزانـی ئێرانییـەکان تـوڕەن و تۆڵـەی شکسـتەکانیان، بەرچـاوی سـوورکردوون. بۆیـە بەڕاسـتی هەسـتی بـە مەترسییەکانی ڕژێمـی شـای ئێرانـی دەکـرد. لـە کۆتایـدا گەیشـتە ئەنجامێکـی یەکلاکـەرەوە، ئەنجامێـک کـە لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٤٧دا وەکـو تاکـە ڕێگـە بـۆ ڕزگارکردنـی خـۆی و هاوڕێکانـی هەڵبـژارد. ئەویـش ئەوەبـوو داوای پەنابەریـی لەیەکێـك لـەو دەوڵەتانـە بکـەن کـە دۆسـتی جوڵانـەوەی نەتەوەیـی کـورد بێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕوونبوویـەوە کـە هەمـوو ڕێـگاکان داخـراون و بەڕادەیـەك هیـچ هیوایـەک بـۆ دەربازبـوون نەمابوویـەوە. هەرچـی ئێـران بـوو، ڕێککەوتنـی لەگـەڵ تورکیـادا ئەنجامدابـوو، هەردوکیـان ڕێککەوتبـوون لەسـەر شـەڕێکی هاوبـەش دژ بـە بارزانییـەکان. لـەلای عێراقیش بارزانـی و بارزانییـەکان سـزای سێدارەیان هەبـوو. کەواتـە تاکـە ڕێـگای دەربازبوونیـان تەنیـا پاشەکشـەکردنیان بـوو بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبـوو (ڕووبـاری ئـاراس) کـە نزیکـەی سـێ سـەد کیلۆمەتـر لێیانـەوە دوور بـوو ببـڕن دواجـار ئـەم بڕیـارە لـە ئەنجوومەنـی سـەرۆکهۆزاکانەوە درا. بارزانـی ئامادەیـی هەرکەسـێکی بـۆ دەربازبـوون بەهەنـد وەردەگرت. هەرکەسـێک ڕەزامەنـدی لەسـەر دەدرا، بەمەرجـێ لـە حاڵەتـی نەبوونـی ئـەودا، خێـزان و ماڵباتەکـەی پەکیـان نەکەوێـت و ئاتاجێکـی ئەوتۆیـان بـەو نەبـێ، ئـەوکات دەتوانـرا سـاغبینەوە لەسـەر ئـەوەی بیخەنـە تـەک خۆیـان و ڕێگەیەکـی پـڕ لـە هاتونەهاتـی وەهـاوە. سـەرئەنجام دوای تاوتوێکردنـی بـە مـەرج و ڕەزامەنـدی لەسـەر تۆمـاری تێکۆشـەرانی ڕێگـە بـەرەو یەکێتـی سـۆڤییەت، زۆربەی زۆری بارزانییـەکان ئامادەیـی خۆیـان دەربـڕی تاوەکـو لەگـەڵ بارزانیـدا بمێننـەوە. لەکاتێکـدا، بارزانـی بۆخـۆی ئامادەیـی بەشـێک لـە خۆبەخشـەکانی دایـەدواوە. دواجـار لـە تەنگـەی مەغریبێکـی درەنگـدا، مـەلا مسـتەفا و (٥٠٠) لـە باشتریـن پێشـمەرگەکانی بـارزان بـەرەو بەرزاییەکانـی باکـوری فەلاتـی گادەر سـەرکەوتن، ڕێـک لەوێـوە پەنایـان بـۆ چادرگـە ڕەشـەکانی هـۆزی هەرکییـان بـرد. لەوێـش تەنیـا ٥٠-٦٠ کەسـێکیان توانیـان لـە نـاوەوەی خێوەتەکانـدا پەناگەیـەک بۆخۆیـان بدۆزنـەوە. ئەوانـی تـر، هەموویـان لـە دەرەوەدا مابوونـەوە و بەپێیانـەوە سماقەیـان کردبوو. دۆخەکـە تادەهات سـەخت و ئاڵۆزتـر دەبـوو. بـەو

پێیـەی بەفروبـاران، بەجارێـک بـواری وەنەوزێکـی نـەدەدا. تەنانـەت ڕۆژی دواتریـش بەهـۆی بارینـی بەفرێکـی زۆر و زەبەنـدەوە، دیسـانەوە نەیانتوانـی بـەو شـەوەش هیـچ پێشـڕەوییەک بکـەن. دواجـار لـە ٢٧ی ئایـاردا بـە هەرجۆرێـک بـووە، دەسـتە بـە دەسـتە سـنووری خاکـی تورکیایـان بەزانـد. لەوێـش دوای ئـەوەی پێنـج ڕۆژی ڕەبـەق بەبـێ وچـان، بەپێیـان بەنـاو خاکـی تورکیـادا تێپەڕیـن، تاوەکـو گەیشـتنە شـاخەکانی بیـداڤ و ئاسـانجەرە و ئەسـپیرازدا کـە ناوچەیەکـی شـاخاوی و بەفـراوی و بەتـەواوی سـەخت و دژوار بـوو. دوایـان توانیـان لەوێشـڕا تێپەڕبـن، ئینجـا ڕووبـەڕووی ناوچەیەکـی بەفـراوی دیکـە بوونـەوە. ئـەم ناوچەیـەش بەنـاوی دێزاگاڤـرا دەنـاسرا، لـەوێ لـە گونـدە سـنوورییەکانی بیـدگار و ئورمییـەوە جارێکـی تـر ڕێگەیـان کەوتـەوە نـاو خاکـی ئێـران (نزیـک عەمبـێ کـە دەکەوێتـە نـاو گـەرووی تەرگـەوەر). لـەوێ لەسـەر خاکـی ئێـران، دروسـت هەر لـەو کاتـەدا زانیـاری ئەوەیـان دەسـکەوت کـە ژەنـەڕاڵ هومایونـی چاوەڕێـی سـەردانی شـای ئێـران دەکات بـۆ ناوچەکـە، چونکـە وادیاربـوو شـای ئێـران گەشـتێکی بەسـەرکردنەوەی بـۆ ناوچەکانـی باکـووری ڕۆژئـاوای ئێـران دەسـتپێکردووە.[1].

بـەو بۆنەیـە و لەبەرئـەوەی ڕێوشـونی ئاسایشـی تونـد گیراوەتەبـەر، ناچارلـە ٢٩ی ئایـاردا بارزانییـەکان بەخێرایـی سـنووری تەرگـەوەر بەجێدەهێڵـن و دەچنـە نـاو دەڤـەری سـومەی. هەڵبەتـە ئەفسـەرانی ئێرانـی، هـەردەم هەوڵیـان دەدا، ئـەو هـۆزە کوردییانـەی دڵسـۆزی خۆیـان بـۆ شـا و دەسـەڵاتی پەهلـەوی نیشـانداوە، باشتریـن جەوانەکانیـان بـەرەو خزمەتـی سـەربازی ڕاپێـچ بکـەن، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی لـەو پرۆسـەیەدا کـە پرۆسـەی سـەربازگیریی نـاو هۆزەکانـی کـورد بـوو، نەیانتوانـی بوو سـەرکەوتوو بـن، بـەڵام لـە بڵاوکردنـەوەی چەندیـن تـۆڕی هەواڵگـر و ڕاپۆرتنووسـی لـە ئاواییەکانـدا، تاڕادەیـەک توانیبوویـان سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنن.

هەرچۆنێـک بێـت، ئێرانییـەکان زانیارییـان دەسـکەوت کەوتبـوو کـە بارزانییـەکان لـە ناوچـەی تەرگـەوەرەوە بـەرەو سـنوورەکانی سـۆڤییەت کشـاون. لەکاتێکـدا، بارزانییـەکان خەریـک بـوون بـە فـرە وریاییـەوە ڕێگەیـان دەبـڕی. کاروانـی بارزانییـەکان هـەروا ئاسـان نەبـوو، بریندارەکانیـان و بـار و شـمەکەکانیان بـە چەنـد ئەسـپ و قاترێـک دەگواسـتەوە.

(1) Eagleton W. The Mehabad Republic 1946, c. 126–291.

ئەوانـی تریـان، تەنانـەت خـودی مسـتەفا بارزانیش بەپێیـان ڕێگەکەیـان دەبڕی. لـەم کاتەدا سـەرۆک ئەرکانـی سـوپای ئێـران، فەرمانـی بـە یەکـە سـەربازییەکانی خـۆی کردبوو، ڕێـگای بارزانییـەکان بـۆ سـنووری سـۆڤیەت لە گـەرووی قتـورەوە دابخـەن و نەهێڵـن دەربازبن. بۆ ئـەم مەبەسـتە دوو کەتیبـەی سـەربازیی، لـە خـویێ و سەڵماسـەوە تەرخـان کرابـوون تاوەکو بەشـوێن بارزانییەکانـەوە بـن. ئاڕاسـتەیەکی ئـەو ڕێگەیـە بـەرەو ماکـۆ دەڕۆیشـت، وەلـێ تاڕادەیـەک لـە بەشـی باکـوورەوە ڕێگەکـە گەلـێ دووتـر بـوو. لـە ٩ی نیسـانی ١٩٤٧دا، ئێرانییـەکان لـە ماکـۆوە هەوڵیـان دا هێـرش بکەنـە سـەر جەنگاوەرانـی بـارزان. ژەنـەڕاڵ بارزانـی بۆخـۆی فەرماندەیـی شـەڕەکەی کـرد. سـەرەڕای ئـەوەی هەفتەیـەک پێـشتر لـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـدا خـودی بارزانـی بریـنـدار ببـوو. ئەوەتـا دیسـانەوە شەڕێکی سـێ ڕۆژە خەریکـە بەرۆکـی گرتـوون. لـە ئەنجامـدا شـەڕەکە قەومـا و بـە سـەرکەوتنێکی یەکلاکـەرەوە بـۆ بارزانییـەکان کۆتایـی هـات. جەنـگاوەرە بـە ئەزموونەکانـی کـورد بـە لێهاتوویـیـەوە شـەڕیان ئەنجامدەدا. هەڵبەتـە بابەتـی جەنـگ لـەلای بارزانییـەکان، وەکـو پسـپۆڕی تەماشـا دەکـرا، چـون لەهـەر لایەکـەوە تەماشـای جەنگێکـی پارتیزانـی بکرایـە، دەبـوو دۆخـی جەنگەکـە جۆرێک ئەندازەگیریـی بۆبکرایـە. ئەمـەش وایکردبـوو، ئـەوان وەک ئەندازیاریـی جەنگـەکان زۆر بـە جوانـی نەخشـەی سـەرەتا و کۆتاییـان دادەڕشـت و دەیانتوانـی گـرەوی گەمەکـە بەرنـەوە. بارزانـی بۆخـۆی لاوێکـی لێهاتـوو، خـاوەن تاکتیـک و تێڕامانێکـی بـێ هاوتـا بـوو. لەبەرامبـەردا ئێرانییـەکان هیـچ جـۆرە ئەزموونێکیـان لـە شـەڕی شـاخدا نەبـوو. بۆیـە بـەردەوام زیانێکـی زۆریـان بەردەکـەوت و بەشـێوەی چاوەڕواننەکـراو جـار لـەدوای جـار جەربەزەیـان بەدەسـت بارزانییەکانـەوە دەچەشـت. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو کـە نـە تۆپخانـە و نـە هێـزی ئاسمانـی یارمەتیـان نـەدەدان. هەربۆیـە لـەم جەنگەشـدا جەنـگاوەرەکان سـەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەیـان بەدەسـتهێنا. سەرکەوتنەکەشـیان بەخوێنـی چـوار پێشـمەرگە و برینداربوونـی ١٥ کـەس تۆمارکـرد.

لـە ١٨ی نیسـاندا، کـۆڕەوی بارزانییـەکان بـەردەوام بەنـاو زەوییـە پـان و بەرینەکانـدا تێدەپەڕیـن. کۆبەکـۆ بەرزاییەکانیـان دەبـڕی، بـە ڕووبـاری گادەردا تێپەڕیـن و بەسـەر چەنـد بنەماڵەیەکـی هـۆزی زێرۆخارکیـدا کـە ئەوانیـش لـە خێوەتەکانیانـدا دەژیـان و ڕەوەنـد بوون، دابـەش بوون. ئـەم هـۆزە تێکڕایـان نزیکـەی ٧-٨ ماڵبـات بـوون. بەگشـتی لـە دەوروبـەری دۆڵـی گادەردا، لـە ناوچـەی سـنووری ئێـران و عێـراق، لـە

نزیــک چیــای نــازدارداغ بڵاوببوونــەوە. بارزانییــەکان ماوەیــەک لــە میوانداریــی هــۆزە دەوارنشــینەکەدا مانــەوە. دواتــر لــە بەرەبەیانــی ١٩ی نیســاندا، ئەوێیان جێهــێڵا و بــەرەو چەنــد دەوارنشــینێکی دیکــەی دراوســێیان ڕۆیــشتن. لەوێشــدا بارزانــی هەڤاڵەکانــی خــۆی بەســەر چەنــد گروپێکــدا دابەشــکردن و هــەر گروپێکیــش بــە ڕێگایەکــی تایبەتــی خۆیــان، ڕێنومایــی پێویســتی پێــدان تاوەکــو دیســانەوە ڕووە و ســنوورەکانی عێــراق ئاڕاســتەی کاروانەکەیــان بگــۆڕن. بــەم بەرنامەیــە توانیــان تاوەکــو ٢٠ی نیســان، هەرهەموویــان لەســەر خاکــی عێراقــدا یەکبگرنەوە. لەوێــدا بارزانــی هەموو فەرماندەکانــی کۆکــردەوە و پێکــەوە گەڵاڵــەی نەخشــەیەکی نوێیــان لەمــەڕ بڕیــاردان بــەرەو ڕێگەگەلێکــی نــوێ کــردەوە. بەرنامەکــەی بارزانــی وابــوو، پێویســتە پێشــوەختە هــەر فەرماندەیــەک بــە خســتنەڕووی پێشــنیار و بژاردەکانــی خــۆی بۆچوونــی بخاتــەڕوو. لــە کۆتاییــدا ژەنــەڕاڵ بارزانــی پێشــنیاری یەکێکیانی هەڵبــژارد، ئەویــش ئەوەبــوو کــە تابۆیــان دەکرێــت خۆیــان لــە پێکــدادان لەگــەڵ هێــزە ســەربازییەکانی ســنووری عێراقــدا بپارێــزن. شــایانی باســە دانیشــتووانی ئــەو گوندانــەی خۆبەخشــانە خــواردن و پێدویســتییان بــۆ پیاوانــی بارزانــی دابیندەکــرد. تێکڕایــان لەئاســتی ماڵەکانیانــدا خۆیــان بــە خــاوەن مــاڵ نەدەزانــی، بەڵکــو بــە ڕۆحێکــی کوردانــە و مرۆڤانــەوە هــاوکاری و دەســباری بارزانییــەکان بــوون. دیــارە ئــەو خــۆراک و خواردنــەوەی بەســەر بەرپرســانی بــاڵای نێــو فەرماندەکانــەوە دابەشــدەکرا. بــڕ و ڕێــژەی خۆراکــی پێویســت بەگوێــرەی ژمــارەی چەکدارەکانــی هــەر دەســتە و گروپێکــی بارزانییــەکان دابــەش دەکــران بەســەریاندا. دواجــار دوای گەیشــتنەوەیان بــە ســنوورەکانی عێــراق، لــە ٢٣ی نیســاندا بارزانییــەکان لــە ناوچــەی ئارگوشــەوە تێپەڕیــن و لەکۆتایــدا گەیشــتنە گوندێکــی دەڤــەری (بانێ-خاکــوراک)، کەچــی هێنــد لــەوێ نەمانــەوە، بــەو پێیــەی هۆزەکانــی برادۆســت لــەوێ دەژیــان، ئەوانیــش لــە مێژبــوو کینەبەرایەتــی کۆمەڵایەتییــان لەگــەڵ بارزانییەکانــدا هەبــوو، هەربۆیــە بارزانــی بــۆ دوورکەوتنەوەیــان لــە ئەگــەری هــەر پێشــهاتێکی نەخــوازراو، بەخێرایــی ئــەو ناوەیــان جێهــێڵا. شــایانی باســە بەشــێک لــە برادۆســتییەکانیش یاوەریــی بارزانییەکانیــان کــرد و لــە هــەر زەفــەر و زەبرێکــی کەســانی ناحــەزی ناویــان دووریانخســتنەوە. لەســەر ڕاســپاردەی کەســایەتییەکی دڵســۆزی بارزانــی لەنــاو برادۆســتییەکاندا. ئێــوارەی ئــەو

ڕۆژە، سەرۆکهۆزێکی برادۆستییەکان لەگەڵ چوار لە پیاوەکانیاندا کە زۆر بە باشی بەڵەد و ئاشنای ناوچەکە بوون، گەیشتنە لای بارزانییەکان و بوونە چاوساغیان. ئەوە لەکاتێکدا ئەم سەرۆکهۆزە پەیوەندییەکانیشی هێند تۆکمە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، توانی تەواوی کاروانی بارزانییەکان بە سەلامەتی و بە بێوچان و ماندوونەناسانە، لە زۆرترین مەترسییەکانی ڕێگە قوتاریان بکات. لەکاتێکدا، سەربازانی عێراقیش لە زۆرترین خاڵە سنوورییە ستراتیژییەکانی ناوچەکەوە دامەزرابوون. لە کۆتاییدا بارزانییەکان بێ هیچ زیان و بەریەککەوتنێکیان لەگەڵ هێزەسنوورییەکانی عێراقدا گەیشتنە ڕۆخی ڕووباری دەریاسور کە لەسەر سنووری نێوان ئێران و تورکیادا هەڵکەوتبوو. دیاربوو تاوەکو ئەوکاتە بارزانییەکان تاڕادەیەک توانیبوویان ئامادەکاریی بۆ ڕێگەیەکی دژوار و دوورتر بکەن، ئەوەبوو دوای بەزاندنی سنووری تورکیا، بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژئاوا ڕێگەیان دایەوەبەر. لێرەوە بە درێژایی دۆڵی نێوان شاخی گۆڤەند (جول) و مەنگوڕ کە هۆزی بەناوبانگی سالاری بە درێژایی ئاواییەکانی ئەو شیو و کەندڕانە نیشتەجێبوون. جیا لەوانیش بەشێک هۆزکانی گەردیش کەوتبوونە ئەوێوە و لەوێ دەژیان. بەگشتی لەناو قەڵەمڕەوی خاکی تورکیادا، هەموو ئەو هۆزانەی بارزانییەکان خەریکبوون بەناو پاوان و پێدەشت و شیوو و دامێنی دێهاتەکانیاندا تێدەپەڕین، زیاتر ئەو هۆزانە بوون کە وابەستەی نەزمی سۆفیگەریی بارزانییەکان بوون. واتە ئەو ئەدەبیاتەی ڕەوگەی نەقشبەندی کە شێخەکانی بارزان ساڵەهای ساڵ بوو لەسەری گۆشکرابوون، مورید و مەنسوب و مەددی میتۆدە سۆفیگەرییەکەیان بووە هۆکاری ئەوەی، سنووری دەڤەری بارزانی بەرەو زۆرترین ژینگە و ژیواری کوردەواری تەنیبوویەوە. ئەم تایبەتمەندییەش بووە دەستێکی نەوازش و بە فریای بارزانییەکانەوە هات، ئەوەتا هەر بە گەیشتنی بارزانییەکان بۆ دەروازەی سنووریی نێوان تورکیا و عێراق، تاڕادەیەک لەو گومان و گریمانە خراپانەی لەناو هۆزگەلێکی کوردی عێراقدا گرفتاری ببوون، کەچی لەوێندەر ڕێک بە پێچەوانەوە، سەهەندە سۆفیگەرییەکەی بارزان، جۆرێک لە دڵنیایی زێدەتری پێدان. دوای ئەو ماوەیە، دیسانەوە هاتنەوە ناو سنووری خاکی عێراقەوە. دیارە لەو خاڵەی کە لێیەوە دەبوو بێنەوە سنووری عێراق، بنکەیەکی پۆلیسی سنووری عێراقییەکان هەبوو. هەرچۆنێک بێت، ئایا

هەواڵیــان لەســەر بارزانییــەکان دابــوو یاخــۆ هــەر بەڕێکــەوت بــوو، پۆلیســەکانی بنکەکە بۆســەیەکیان بــۆ بارزانییــەکان دانــا بــوو. هەربۆیــە کاتێــک بەخۆیــان زانــی، کەوتبوونــە مەتەرێــزی پۆلیســی عێراقییــەوە و درابوونــە بــەر گــڕی فیشــەک و دەســترێژی گولــەی ڕەمەکــی پۆلیســەکانی ســنوور. بارزانییــەکان بەشــێوەیەکی زۆر ئازایانــە توانیــان لــەم داوەی دوژمنەکانیــان دەربازیــان بێــت. لێــرەوە، دەبــوو دانیشــتوانی ناوچەکــە کــە زیاتــر ئەرگوشــییەکان بــوون، ئەرکــی پــاراستن و پەڕینــەوەی بارزانییەکانیــان لــە ئەســتۆدا بــێ. ئــەوە لەکاتێکــدا بــوو کــە تــازە بەتــازە بریندارانــی بۆســەکەیان دەگواســتنەوە شــوێنێکی ئــارام. دیاربــوو لــە تێکپژانەکــەی پۆلیســەکاندا دوو دانــە لاوی جــوان و جوامێــری ڕیــزی بارزانییــەکان گیانیــان لەدەســت دابــوو. لەبەرامبەریشــدا پۆلیســێکیش کــوژرا و دوو دانەشــان لەلایــەن بارزانییەکانــەوە قۆڵبەســتکران.

دەکرێــت بڵێین ئەمــە یەکەمیــن شــەڕ و پێکدادانــی نێــوان ئــەم دەســتەیەی بارزانییــەکان و هێــزە عێراقییــەکان بــوو. لەکۆتاییــدا جەنگاوەرانــی بارزانــی لەلایــەن ئەرگوشــییەکانەوە، ئەرکــی کوردانــە و ئازایانــەی خۆیــان بەجێهێنــا و تێکڕایــان بەســەلامەت دەربــازی دەروازەی زێــت کــران. ئــەم شــوێنە، پێــشتر وەک بەشــێک لــە خاکــی عوسمانــی هەژمــار دەکــرا. لــەم دەروازەیــەدا دوای پشــودان و حەســانەوە و دەرکردنــی ماندووبوونــی جەنــگ و پێکدادانەکانــی پێشــوویان، بارزانــی فەرمانــی دەرکــرد کــە پێویســتە لێــرە بــەدواوە دیســانەوە دابەشــبنەوە بەســەر چەنــد گروپێکــی گچکەتــر و جیاجیــادا و لەنێــو گوندەکانــدا بڵاوەیــان پێبکرێــت. لەســەر ئــەم بنەمایــە بڕیاریــدا، هەریــەک لــە ئەســعەد خۆشــەوی و ئەوانــەی لەگەڵیــدا بــوون، بــەرەو ناوچــەی ڤــالات، بــۆ گوندەکانــی ســیلێکی، پۆنــدرو، دێــزو و ســێپیندار بڵاوە بکــەن. بارزانــی بۆیــە ئەســعەد خۆشــەوی خســتبووە ئــەو قۆڵــەوە، چــون بــۆ خــۆی ئاشــنای ناوچەکــە و منداڵــی ئــەوێ بــوو. هەروەهــا مســتو میــرۆزی وەک فەرمانــدەی گروپێکــی دیکــە بــەرەو میــرۆز، بوســێ، بێژییــان و بەرکــۆل ئاراســتەکرا. دواجــار خــودی بارزانیــش هــاوڕێ لەگــەڵ گروپێکــی دیکــەی جەنگاوەرەکانیــدا، لــە گوندەکانــی ئەرگــوش و دەوروبەریــدا بڵاوەیــان کــرد. جەنــەڕاڵ بارزانــی لەســەربنەمای شــارەزایی و ئەزموون، بڕیارگەلێکــی پەیوەســت بــە ڕەوەکەیــان بــەرەو ســۆڤیەت دەرکــرد. هــاوکات ئەرکــی بــۆ هــەرکام لــەو گروپــە ســەرەکییانە دیاریکــرد. دیــارە ئــەم دابەشــبوونەی بارزانییــەکان بەســەر

گوندەکانــدا، ئاســانکاری کــرد بۆیــان تاوەکــو تــەواوی هێزەکــە بەرگــەی مانــەوەی ٢٥ ڕۆژ لــە دەڤــەری ئەرگوشــدا بگــرن و نەبنــە بارگرانــی و دەنگوباســی هــەر ســیخوڕێکی ناوچەکــە. لەگــەڵ ئەوەشــدا حکومەتــی عێراقــی بەجۆرێــک لــە جــۆرەکان جموجوڵــی بارزانییەکانــی پــێ گەیشــت بــوو. وەلــێ وادەردەکــەوت کــە هێنــد پەرۆشــی و تەمــای تێکهەڵپــژان و شــەڕیی بەرەییان لــە دژی بارزانییــەکان پێــوە دیارنەبــوو. چونکــە بــە گەیشــتنی هەواڵــی بارزانییــەکان و زانینــی پێکدادانەکانیــان لەتــەک پۆلیســی ســنوور و دواتــر دزەکردنەوەیــان بۆنــاو خاکــی عێــراق، وەك ئــەوەی چاوەڕوانییــان دەکــرد، هێزی ســەربازی عێراقــی نەجــوڵان. بــەس تەنیــا هێنــد کاردانەوەیــان لێبــینرا کــە دواتــر شــاندێکیان بــە ســەرۆکایەتی عەلــی بــەگ، یەکێــک لــە ســەرۆکهۆزەکانی کــوردی ناوچەکــە، بــە نوێنەرایەتــی حکومــەت ڕەوانــەی لای مســتەفا  بارزانــی کــرد. دەرکــەوت عەلــی بــەگ هەڵگــری چەنــد ڕاســپاردە و پێشــنیارێکی دەســەڵاتدار و ئیــدارەی ســەربازی ناوچەکــە بــوو، بۆیــەش بــە مەبەســتی دانوســتان لەســەر ئــەو پێشــنیارانە ڕەوانەیــان کردبــوو. بــەڵام بــە پێشــنیار و پرســە لاوەکییەکانــی هەگبەکــەی عەلــی بەگــدا ئــەوە بەدیارکــەوت کــە تەنیــا مەبەســتیان بــووە هەڵســەنگاندنی توانــای ســەربازیی و بڕســتی بارزانییــەکان بکەوێتــە مشــتییانەوە. لەڕاســتیدا هەمــووان بــاش دەیانزانــی عەلــی بــەگ بایــی چەنــدە. چــون ئــەوە شــاراوە نەبــوو کــە یەکێکــە لــەو ســەرۆکهۆزە دەربــار و داخ لەدڵانــەی بــە خوێنــی ســەری دانەبەدانــەی بارزانییــەکان و هــەر کوردێکــی جوداخــواز تینــو بــوو. عەلــی لــە بنەڕەتــدا کوردێکــی خەڵکــی شــاری ســلێمانی بــوو.

هــەر لەســەروەختی ڕاســان و ڕاپەڕینەکانــی ســاڵانی ١٩٣٣-١٩٣٦ وە، لەژێــر فەرماندەیی خەلیــل خۆشــەویدا خەباتێکــی کوردانــە ناوچەکــەی تەنیبوویەوە. هــەر ئــەوکات عەلی بەگ نوێنەرایەتــی بــەرەی بەرگریــی لــە دەوڵــەت و دامەزراوەکانــی ڕژێمــی دوایایەتی دەکــرد و بــە ئاشــکرا بــە ڕووی شۆڕشــگڕاندا وەکــو هارومــار ببوویــە پێشــقەڕەوڵی پیاوانــی ڕژێــم و دژ بــە هاوخوێــن و زمانەکانــی خــۆی خزابوویــە نــاو ململانێــی میللەتەکــەی خۆیــەوە. عەلــی بــەگ هــەم غــەددار بــوو، چــون دەســتی بــە خوێنــی دەیــان بارزانــی ســوور ببــوو، هــەم غەییــان بــە خــاک و ئــاو و نیشــتمان و نەتەوەکــەی بوو. بۆیــە کەســێک چەندیــن بارزانیــی کوشــتبێ، چەندیــش لەســەر فەرمانــی ئەو برابنــە بەردەم پەتی ســێدارە، دەبــێ چ چارەیەکی نەحســی لــێ چــاوەڕێ بکرایــە. بــۆ نموونــە ســاڵی ١٩٣٣ کاتێــک مــەلا مســتەفا بارزانــی دوای

ئـەوەی لـە ناوچەکانـی باشـوور و ناوەڕاسـتەوە بەنیـازی سـووکبوونی سـزاکەی، دەیهێننـە سـلێمانی، لـە سـلێمانی کەسـانێک دەبنـەوە کەواسـووری پێـش پێنـاوە سـیخوڕییەکە بـۆ دەسـەڵاتداران. یەکێـک لـەو پیـاوە پیسـخۆر و پۆپۆلیسـتانەی پەنـاو بەرقاپـی پیاوانـی ڕژێم، بریتییـە لـە عەلـی بـەگ. هـەر ئـەوکات عەلـی بـەگ دوای ماوەیـەک چەنـد پشـێوییەک دەخوڵقێنـێ. دواجـار لـە یەکێـک لـە ئاژاوەکانیـدا دەرهـەق بارزانییـە لێقەوکاوەکانـی سـلێمانی، چەنـد جەوانێکـی کوردپـەروەر و کارامـەی لای بارزانـی، ئـەم پیـاوە بەرماوەخـۆر و کاسەلێسـەی ڕژێمـی دوایایەتـی بەدیلـی و بـە بریـنـداری پـەت دەکـەن و دەیخەنـە بـەردەم بارزانـی. وەلـێ بارزانـی هیچکاتێـک بـاوەڕی بـە کـوشتن نەبـوو. بۆیـە وێـڕای ئـەوەی زۆر بـە باشـی مۆخـی مرۆڤگەلێکـی وهـای وێنـا دەکـرد، بڕیـار دەدات لێیگەڕێـن و بـەرەڵای بکـەن بـا بـڕوات. ئەوەتـا دوای زیاتـر لـە دەیەیـەک، دیسـانەوە هـەر ئـەم کابرایە، کەوتووەتـەوە کەمینـی کەتـن و کاری سـیخوڕییەوە دژ بـە هاوزمانەکانـی خـۆی. ئەوەتـا بارزانـی جارێکـی تـر لەگـەڵ عەلـی بـەگ کۆبووەتـەوە. ئەمجارەشـیان بـاش دەزانـن کـە بـۆ ئەنجامدانـی کاری سیخوڕی هاتۆتـە ناوچـەی ئەرگـوش. عەلـی بـەگ هـەر بەوجـۆرەی کـە گومانیـان دەبـرد، نێردرابـوو تـا بـە وردی لـە نیـاز و نواڕیـن و نەخشـەی نوێـی بەرزانییـەکان شـتێک هەڵکرێنـێ. تومـەز کـە گەڕابوویـەوە و بـەوردی چیرۆکـی بارزانـی و بارزانییەکانـی گێڕابوویـەوە. تەنانـەت هەمـوو چەکوچـۆڵ و ژمـارە و جـۆری چـەک و نیـازی کۆچوباریـان، تێکـڕای بێکەموزیـاد هەمـووی خسـتبووە نـاو مشـتی موتەسـەڕیفی هەولێـر و فەرماندەکانـی سـوپای عێراقـەوە. ئەوەبـوو زانیارییەکانـی عەلـی بـەگ، ڕاسـتەوخۆ سـەرباز و پاسـەوانەکانی عێـراق لـە سـێ بـەرەی ڕەوانـدوز، ئاکـری و ئامێدیـدا دەسـتیان دابوویە پێشـڕەوی کـردن و جموجوڵەکانیـان بەڕادەیـەك بـوو کـە جـۆرە نیگەرانییەکـی نوێیـان خسـتبووە دڵـی بارزانییەکانـەوە. بەتایبەتـی کاتێـك لـە بـەرەی ئامێدییـەوە سـوپای عێـراق، دەسـتیان کـرد بـوو بـە پێشـڕەویکردن و بـە تـەواوی لـە شـوێنی بارزانییـەکان نزیکببوونـەوە. هـاوکات ئـەو هێزانـەی لـە بـەرەی ڕەوانـدوزدا کۆکرابوونـەوە، ئەوانیـش گەیشـتبوونە ناوچـەی شـیروان - بـۆزۆرگ. دروسـت لـەم کاتـەدا شـەوێکیان سـەربازانی عێراقـی بـە ئـاگاداری و چاوسـاغی بەکرێگیراوانـی کـورد (جـاش)، هێرشـیان کـردە سـەر گروپێـک لـە گروپەکانـی بارزانـی کـە لەژێـر فەرماندەیـی میـرزا ئاغـا بـوون. ئـەم گروپـەی میـرزا ئاغـا بـارەگا و بنـەی خۆیان لـە (چێـی)دا خسـتبوو. مـەلا مسـتەفای بـارزان ئـەوکات

لـە ئەرگـوش دەمایـەوە و چاودێـری بەرەکانـی جەنـگ و جوڵـەی جاشـەکانی دەکرد. لـەم هەلومەرجـە نوێیـەدا ئـاگاداری پەرەسـەندنی پێشـهاتەکانی ئەوێـش بوو. لەیەکێـك لـە ڕووداوەکانـی ئـەو قۆناغـەدا کـە بەسـەر بارزانیـدا هـات، ئـەوە بـوو کەڕتێکیـان بارزانـی لـە تەنیشـت یەکێـک لـە کارێزەکانـدا، نزیـک ماڵـی سـەید عەبدولوەهـاب و هەندێـک هەڤاڵانیـدا دانیشـتبوون. دروسـت لـەم کاتـەدا پیاوێکـی هـۆزی گـەردی لێیـان نزیـک بووەوە.کابـرای گـەردی وەک نیشـاندانی نەریتـی بـاوی ناوچەکەیـان، بـۆ هـەر دۆسـتێکی نێزیکـی خۆیـان، ڕاسـتەوخۆ دەسـتی بـرد بـۆ بوخچەکـەی برێـک تووتنـی دەرهێنـا و وەک دیـاری بەخشـییە مـەلا مسـتەفای بارزانـی. دواتـر بارزانـی کـە تورەکـە توتنەکـەی وازکـرد بـوو، بینیبـووی وا نامەیەکـی تێدایـە. دوای ئـەوەی بارزانـی نامەکـەی خوێنـدەوە و دواتریـش بـۆ هەمـوو هەڤاڵانـی ئامادەبـووی دانیشـتنەکە خوێنـدەوە. تەماشـا دەکـەن لەنـاو نامەکـەدا هۆشـداری دراوە کـە هێزێکـی زۆری تورکیـا لەسـەر سـنووری عێراقـدا کۆبوونەتـەوە و پێویسـتە ئـاگاداری خۆیـانبن. شـایانی باسـە، هـەر لەوکاتـەدا زانیـان کـە پاسـەوانانی سـنووری ئێرانیـش لـە نوێتریـن پێشـهاتی سـنوریدا، هەمـوو ڕێـگا سـەرەکی و لاوەکییەکانیـان داخسـتوون. لێـرەدا ڕاسـتەوخۆ دوای خوێندنـەوەی نامەکـە، بارزانـی فەرمانـی بـە چەکدارەکانـی کـرد بـوو، بەبـێ هیـچ دواکەوتنێـک، ڕوو لـە پـردی باسـییە و گونـدی دێـرێ بکـەن. ئـەو ناوچەیـە لەژێـر هەژموونـی هۆزگەرایـی شـێخ سلێماندا بـوو. بەمـەش دەمودەسـت گروپەکانی ژێردەسـتی بارزانـی، بـە گوێـرەی ئـەو دەسـتوورەی بارزانـی دایڕشـتبوو، بـەرەو شـوێنی مەبەسـت جـولان. ئەوەبـوو کاتێـک بەخۆیـان زانی، لەیەکێـک لـە شـیوەکانی ڕێگەیانـدا خۆیـان بینیـەوە. هەمـوو ئـەو ڕێگەسـەرەکییەش وابەسـتەی هۆزی هەرکیـان بـوو. چـون بـە درێژایـی ڕێگەکـە ئـەو ئاواییانـەی دانیشـتوانی هەرکییـان تێدابـوو لـەو ناوچەیـەدا هەڵکەوتبـوون. هەڵبەتـە خودی جەنـەڕاڵ بارزانیـش لەگـەڵ گروپەکانـی هێـزی بارزانـدا گەیشـتبوونە ئـەوێ. ئـەوکات بۆیـان ڕوونبوویـەوە کـە پلانێکـی هەرێمـی لەبەرانبـەر مانەوەیـان لـەو سێگۆشـە سـنووریەدا لـە ئارادایـە. بـەو پێیـەی هەرکـە گەیشـتنە ئـەو ناوچەیـەی سلێمان ئاغـا تێیـدا خـاوەن دەسـەڵات و ساحێب هێـزی ناوچەکەبـوو، زانیاریـی درابوویـە بارزانـی، کـەوا دیسـانەوە شـاندێکی حکومەتـی عێراقـی بـۆ جـاری دووەم گەرەکیانـە لەگەڵیانـدا بکەونـە دانوسـتانەوە. ئەمجـارە ئـەم شـاندەیان لە شـاری ئامێدییـەوە گەیشـتبووە ناوچەکـە.

لـە ڕاسـتیدا ئـەم شـاندەیش نیـازی سـەرەکییان دانوسـتان نەبـوو، بەڵکـو وەک جـاری پێشـوو، بـۆ هەڵسـەنگاندنی هێزەکانـی بارزانـی و نەخشـەی نوێیـان هاتبوونـە پێشـەوە. بارزانـی فەرمانـی بـە هێـزی ئەسـعەد خۆشـەوی و مسـتۆ میـرۆزی کـرد، پێویسـتە لەکاتـی هاتنـی شـاندەکەی حکومەتـدا، ئـەوان لـە دۆڵەکـەدا بمێننـەوە. هـاوکات بارزانـی شـوێنی دانیشـتنی شـاندەکەی خۆیانـی ئاشـکرا نەکـرد، تەنانـەت تاوەکـو بۆخـۆی لـە کۆتـا خولەکدا ڕێوشـوێنی کۆبوونەوەکـەی دیـاری نەکـرد، کەسـێک نەیدەزانـی لـە کوێیـە و نیازیانـە بـەرەو کـوێ بـڕۆن. سـەرنجام دەرکـەوت تێکـڕای گومانەکانـی بارزانـی سـەبارەت بـە پیلانگێـڕی ڕژێـم دژیـان، لەجێگـەی خۆیانـدا بـوون. ئەوەبـوو هەرکـە گروپەکـەی ئەسـعەد خۆشـەوی بـە فەرمانـی بارزانـی گەیشـتنە دامێنـی دۆڵەکـە، یەکسـەر باڵەفـڕە عێراقییـەکان دەرکەوتـن و دەسـتیان کـرد بـە تۆپبـاران و بۆردومانـی ئـەو دۆڵـەی کـە بڕیـار وابـوو دانیشـتنەکەی تێـدا ئەنجـام بـدەن. هەڵبەتـە هەڵکەوتـەی شـیوەکە بەوجـۆرە بـوو، بەهـۆی ئـەوەی شـوێنی حەشـاردانیان نەبـوو، دوو کـەس لـە پیاوەکانـی خۆشـەوی کـوژران و حـەوت کەسـی دیکەشـیان برینـدار بـوون. بەمـەش مستەفا بارزانـی لـە نیـازی ئینگلیـز و عێراقییـەکان تێگەیشـت، زانـی دنەدنـی دانوسـتان و فرتوفێڵـی نوێیـان، لەپێنـاو غافڵکـوژی و تیـرۆری لەنـاکاوی خـودی خـۆی و لەناوبردنـی هێزەکەیدایەتی. بۆیـە فەرمانی جوڵـەی بـەرەو سـنوورەکانی تورکیـا دەرکـردەوە و دەسـبەجێ تـەواوی گروپـە چەکدارکانیـان بەخێرایـی خاکـی عێراقیـان بەجێهێشـت. لـەم کاتـەدا سـەدان چەکـداری بارزانـی بـە تێپەڕینیـان بەنـاو دەرەتەنـگ و دژوارەکانـی بەفـر و شـەختەی شـاخەکاندا، بەخۆیـان و چەکوتفـاق و بارگـە و بنەیانـەوە، بەخۆیـان و ترسـی کەمیـن و بۆسـەی لەنـاکاو و زامـی قوڵـی برینـدارەکانیانەوە هەنگاویـان بـەرەو چارەنوسـێکی نادیـار هەڵگرتبـوو. بارزانییـەکان بۆداجـار ماڵئاواییـان لـە دوایـن ئاوایـیەکانـی سـنوری کوردسـتانی عێـراق کـردەوە. هـەر لـەم کاتەشـدا جوانتریـن هەڵوێسـتی جوامێرانەشـیان لەگـەڵ گونـدی بیـداودا بۆدەرکـەوت. دوای ئـەوەی خەڵکـی ئاوایـیەکـە بۆمـاوەی سـێ دانـە ڕۆژ، برینـدارە بارزانییەکانیـان داڵـدەدا و تیماریـان کـردن، هەروەهـا نەشـیانهێڵا بکەونەدەسـتی دوژمنـەوە. بارزانییـەکان بەهـۆکاری هەسـتیاری هەلومـەرج و دۆخـی نالەبارییـان لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی هـەر وڵاتێکـی هەرێمیـدا، بـەردەوام لـە بۆسـە و قەومانـی قـەدەری نادیـاری ژیانیانـدا بـوون. بۆیـە یەکبیـن بەلایەنـی کەمـەوە نزیکـەی (١٠-١٥ ) برینـدار لەگـەڵ کاروانەکەیانـدا

هەبـوون. ئـەو بریندارانـە لەگـەڵ ئـەوەی پزیشـک و شـوێنی حەوانـەوە و چارەسـەرییەکی پێویسـت نەدەکـران، ناچاردەبـوون لەگەڵ خۆیانـدا و بـە ئەسـپ یـان بە هێـستر و قاترەکان بەڕێگـە دژوارەکانـدا بیانگوازنـەوە و دەسـبەرداریان نەبـن. ئـەم برینداارانە زۆرجـار گرفتـی سـەرەکی هێزەکـە بـوون و لەبـەر گیانـی ئـەوان دەبـوو بـەردەوام بـن لـە بەرگریـی و نەدەکـرا بەخێرایـی خۆیـان لـە شەڕوشـۆڕ و گێچەڵـەکان بەدووربگـرن. بۆیـە هەندێکجـار ئەوانـەی برینـی سـوکیان هەبووایـە، تابۆیـان بلوایـە بۆخۆیـان ڕێگەیـان دەبـڕی. بەمجـۆرە بارزانییـەکان جارێکـی تـر ڕێیـان کەوتـەوە کەنـدەڵان و کێوەکانـی سـنووری تورکیـا. لەوێش لـە ڕێـگادا هەندێکجـار ڕووبـەڕووی جەندرمەکانـی تورکیـا دەبوونـەوە، بـەڵام تاوەکـو بۆیـان بکرایـە خۆیـان لـە شـەڕی ئاگریـن و تەقوتۆقـی سـوپای تـورک بـەدوور دەگـرت. ئـەوەی مایـەی دڵخۆشـی بارزانییـەکان بـوو، خانەدانـی و خاوێنـی گوندنشـینانی کـوردی تورکیـا بـوو. بـۆ وێنـە دوای بڕینـی قۆناغێکـی سـەخت و دژوار بارزانییـەکان گەیشـتنە ناوچـەی دیزاگاڤـر، دروسـت لـەو کاتـەدا تـەواوی خەڵکـی ئاواییـەکان، وەک ئـەوەی ئامێـز بـۆ فریشـەیەکی فەریـادڕەس بکەنـەوە، بەوپـەڕی کەیـف و کەیلـی بینینـی بارزانـی و بارزانییەکانـەوە ڕژان بەسـەریاندا، بەجۆرێـک بـە تاسـەوە، تێـر لـە جەنگاوەرانـی کـورد و بۆیەکەمجـار لـە پێشـمەرگەی چەکبەدەسـتی کوردیـان دەڕوانـی. بارزانیـش باسـی لـە دژوارییەکانـی ڕێ و ناسـۆرییەکانی ئـەو ڕێگایـە بـۆ دەکـردن کـە پێیـدا تێپـەڕی بـوون. دوای ئـەوەی لەلایـەن خەڵکەکـەوە میواندارییـی کـران، بڕیاریانـدا پێـش ئـەوەی دنیـا سـارد بـکات، دەبێـت هەرچـی زووە بـەرەو چیـای ئاسـانگەر بەڕێکـەون و خۆیـان بگەیەننـە دامێنـی دێهاتەکانـی ئـەوێ. دوایـان بارزانییـەکان بەڕێکەوتـن و گەیشـتنە گونـدی جۆرمـی. لـەوێ بارزانییـە برسـی و شـەکەت و مانـدووەکان، جارێکـی تـر گەیشـتنەوە نـاو کـوردی هۆزی هەرکـی. پێـشتر مـەلا مسـتەفا گەیشـتبووە ئـەوێ و ئاشـنای ناوچەکـە بـوو، هـەر لـەو ڕۆژەدا، ئاوایـی جۆرمییـان بەجێهێشـت و بـەرەو دەشـتی تەرگـەوەر ڕۆیـشتن.

دیـار بـوو کـوردی هـۆزی بەگـزادە کـە پیاوێـک بەنـاوی نـوری بـەگ، سـەرۆکایەتی هۆزەکـەی دەکـرد، هێند بـە دەرکەوتنـەوەی چەکدارانـی بارزانـی دڵخـۆش نەبوو، هەربۆیە لەلایەن هۆزەکانـی بەگـزادە و هەرکییـەوە ببینرێـن، خـۆی لـە پێشـوازی و هەماهەنگـی و چاوسـاغی بارزانییـەکان دزییـەوە. بـەو پێیـەش سـوپای ئێـران هێزەکانـی خـۆی لـە ناوچـەی مۆڤانـەدا گردکردبوویـەوە، لـەم کاتـەدا نـوری بـەگ نامەیەکـی لەلایەن مـەلا مسـتەفاوە

پێگەیشــت. بارزانــی داوای لــە نــوری بــەگ کــرد بــوو، بەڵکــو وەک نێوەندگیرێــک لــە نێــوان هێزەکەیــان و حکومەتــی ئێرانیــدا بــە ڕۆڵــی جوامێرانــەی خــۆی هەســتێت. هــاوکات لــە درێــژەی پەیامەکــەدا پێــی وتبــوو، مەبەســت لــە هاتنــەوەی مەفرەزەکانیــان بــۆ ئێــران، تەنیــا ئەوەیــە گەرەکیانــە خۆیــان ڕادەســتی حکومەتــی ئێــران بکــەن و بــە مەرجەکانــی پێشــوویان ڕازی بــن! لــە ڕاســتیدا بارزانــی نیــازی بــوو بــەم دەســتەواژانە، دەمــی نــوری بــەگ دابخــات و ئێرانییەکانیــش لــە هــەر هەڵپــە و هێرشــێکی لەنــاکاو بــەدوور بگرێــت. ئەوەبــوو بــە مــەلا مســتەفا ڕاگەیەنــرا، دەی کەوایــە مــادام ڕادەســت دەبــن، ئــەوا بــێ هیــچ مــەرج و مامەڵەیــەک، دەســتبەجێ بــەرەو ڕەزاییــە بــڕۆن. هەرچەنــد ســوپای ئێرانــی هــەرزوو تێگەیــشتن کــە ئەمــە فێڵێکــی بارزانییەکانــە، ئــەوان نیــازی ســەرەکییان لەوەدایــە پێشــڕەوی ســتوونی هێزەکانیــان بــە ئاڕاســتەی مۆڤانــێ خێراتــر ئەنجــام بــدەن. هەروەهــا بۆ هەمووانیــش ڕوونبوویــەوە، ئــەم جەنەڕاڵــە جەربەزەیــە، چەنــدە چەلەنگ و ماندوونەناســە. بۆیــە بەگەڕانــەوەی بارزانییــەکان بــۆ دیــوی ســنووریی ئێــران، ئــیتر بــاس ببــوو بەباســی بارزانــی، بەجــارێ ســەرنجیان خســتبووە ســەر بوێرییــە کەســییەکانی، نەرمــی و نەزمــە سیاســییەکەی، تەنانــەت بڕســت و بەردەوامییەکانــی بەرخودانــی. هەروەهــا باســکردن لــە زیرەکییــە نائاســاییەکەی و چوســت و چەلەنگییەکانــی نەدەبڕایــەوە. ئــەم دەنگوباســانە لەکاتێکــدا ســەریانهەڵدا، نزیکــەی ٢١ ڕۆژی ڕەبــەق بــوو، بارزانییــەکان بــەردەوام بــە بــێ پشــوو، لەڕێــگا بــەرەو ناوچــەی هــۆزی داریجــوری لەڕێگــەدا بــوون. ئــەو دەڤەرانــەش لــە نێــوان هۆزەکانــی شــکاک و هەرکــی و بەگــزادەدا هەڵکەوتبــوون. هەڵبەتــە ئەمجــارە پشــکی شــێری شــەوڕەوی و ڕێگــەی نالەبــاری بــەردەم قەرەوڵــی ســوپای ئێرانییــەکان، بــەر خــاک و خاوەندارێتــی زەوییەکانــی شــکاکەکان کەتبــوو.

هــەر لــەو ماوەیــەدا جارێکیــان بارزانییــەکان نزیــک بــە ســەد ســوارەی شــکاکەکان چاولێدەکــەن کــە خەریکــن بەســەر شاخێکدا هەڵدەگەڕێــن. بارزانــی بەخێرایــی لــە نیــازی ناگەهانــی شــکاکەکان تێــدەگات و نیگەرانــی دایدەگرێــت و دەپرســێ:" تۆبڵێــی ئەمانــە کەتنێکــی تــر لەژێــر ســەریاندا نەبــێ". هەربۆیــە دەمودەســت بارزانــی فەرمــان بــە میرحــاج دەکات و دەڵێ:"ئــادەی لەگــەڵ کۆمەڵــێ لــە تیرهاوێــژدا پشــتەوەیان لێبگــرن، هــاوکات ڕێــک لەدیــوی ســنووری تورکیاشــەوە، واتــە دیوەکــەی تــری چیاکــەوە کــە دەکەوتــە بــەر ســنووری تورکیــا، لەوێشــەوە لێنــەون، بــەڵام تاوەکــو توانــا و تاقەتتــان هەبــێ، تەقــە مەکــەن

و تەنیا تەنگیان پێهەڵچنن، بەڵکو ڕێگە بۆ مەفرەزەکانمان بکەنەوە". بەمجۆرە مستۆ میرۆزی و پیاوەکانی لەپێناو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بارزانیدا، پێکرا بە ڕێکەوتن. لە ئاکامدا بەریەککەوتن ڕویدا و شەڕێکی سەختیان بەدوای خۆیاندا هێنا. ئەوەبوو دوای چەند خولەکێک، چەکدارەکانی شکاک، شکستیان هێنا و هەموویان هەڵهاتن. ئەوەی گرنگبوو لەم شەڕەدا، ئەوەبوو کە کەسیان نەکوژرا. دیارە بارزانییەکان لەم ناوچەیەدا یادەوەرییەکی تاڵیان لەگەڵ یەکێك لە هەڵوێستە نابەجێکانی کەسایەتییەکی ئەم هۆزەدا هەبوو. دیارە ئەوان تێکڕا سەر بە هۆزی گەورەی عەبداوی بوون. ئەم هۆزە لە ساڵی ١٩١٤ دا لەلایەن شێخ عەبدولسەلامی برای مستەفا بارزانییەوە، دروست دوای سەردان و بانگهێشتی عەبدولسەلام بۆ ڕوسیای تزاری، ڕێک لە کاتی گەڕانەوەیدا، شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەبێتە میوانی یەکێك لە کەسایەتییەکانی ئەم هۆزەی کورد بەناوی سۆفی عەبدوڵا. ناوبراو خێرا ئەم سەردان و میوانداریيەی ماڵەکەی دەقۆزێتەوە و تومەز پوختوپاک پێخامی گەیاندبوویە دەسەڵاتدارانی تورکیا. ئەوەبوو دوای چەند کاتژمێرێک سەربازانی تورکیا دەڕژێنە ماڵی کابراوە. دیارە نایانەوێ خۆیان ڕادەست بکەن، ناچار شەڕ لەنێوانیاندا دەقەومێ. لە کاتی شەڕەکەدا دوو کەس لە دەوروبەری شێخ عەبدولسەلام دەکوژرێن و ئەوانی دیکەش دەستگیردەکرێن. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شێخ عەبدولسەلام و دوو هاوەڵی نزیکی، لەوانە (عەزیز گەورە و محمد ئەمین باب سەیفی) دوای دادگاییەکی سەرپێیی تورکەلاوە کۆدەتاچییەکانی ١٩٠٩، لە ساڵی ١٩١٤دا لە جەرگەی شاری موسڵدا هەڵدەواسن. هەربۆیە بە لەپێشچاوگرتنی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو لەگەڵ کەسانی کاسەلێس و نامەرددا، بارزانی لەبەر چەندین هۆکاری لەوجۆرە، زۆر بەوریاییەوە لەمەڕ سەلامەتی جەنگاوەرەکانی ڕێوشوێنی توندی دەگرتەبەر، بەردەوام لەگەڵ مەفرەزەکەیدا بە درێژایی ناوچە سنوورییەکان وردەکاری زیاد لەڕەدەی پێویست بوو. ئەوە لەکاتێکدا بوو، دەبوو هەر لەناو گوندەکانی سنووی ئێرانەوە، ڕزق و ڕۆزی و پێداویستی خۆراک و پەلاسی پێشمەرگەکانی مسۆگەر بکرادیە. لە هەمانکاتیشدا هێزە چەکدارەکانی ئێرانیش لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کەتیبە و هێزی مرۆیی و چەکی هاوچەرخەوە هاتبوونە سنوورەکەوە. ئەوان تامەزرۆی تۆڵەکردنەوە بوون لە بارزانییەکان، تا ئەوکات ئۆپەراسیۆنێکی هێند کارا و

سەرکەوتوویان لەدژی بارزانیەکان ئەنجام نەدا بوو. هەرچی سوپای تورکیایش بوو، لەگەڵ ئەوەی هێزێکی بەرچاویان لە سنورەکانی کوردستانی باکوور چڕکردبوویەوە، هاوکات فڕۆکەکانیشیان بەسەر بەرزاییەکانی ناوچەکەوە دەفڕین و چاودێریی وردی بارزانییەکانیان دەکرد، بەڵام ئەوانیش هێشتا نەیانتوانی ئامانجیان بپێکن و مەفرەزەکەیان بخەنە داوی داگیرکارییانەوە، هەموو ئەم دەربازبوونەی بارزانییەکان، تەنانەت بە نووسینیش ئاسان نەبوو، بەو پێیەی بارزانییەکان بەنەخشەیەکی پارتیزانی پێشەنگەوە، بە تایبەتمەندیی و تاکتیکێکی جەنگی هەڵهێنجراوی هێزی کلتووری و ئەزموونی تایبەت بە بونیاد و بڕستی بارزانییەکانەوە، بەرەبەرە ببوونە پێشەنگ و ببوونە ئەندازیاری کردە چەکدارییە چارەنوسسازەکانی نەتەوەکەیان. زۆری نەخایاند بارزانی و مەفرەزەکەی خاکی تورکیایان بەجێهێشت و لە گەرووی قتورەوە چوونەوە ناو خاکی ئێرانەوە. بارزانی بە شێوەیەک سەرکردایەتی مەفرەزەکەی دەکرد، تاوەکو بەزوویی هێڵی بەرگری خوێ-قتور بەجێبهێڵێت. ئەوبوو دوای وەرگرتنی پشوویەکی کورت لە گوندی کەلێتا، هەر پێنج سەد بارزانییە جەنگاوەرەکە، سەرکەوتوانە سەرکەوتنە سەر بەرزاییەکانی ناوچەکە و دەستە بە دەستە لە دامێنەوە بەرەو لوتکەی چیاکان جێگەی خۆیان گرت. مەلا مستەفا بارزانی، وەک نیشاندانی پەیامێکی هاوسۆزی بۆ هاوەڵانی، دوربینەکەی بەرز کردەوە و لەگەڵ ڕوانینی دوور دووردا بۆ دامێن و پێدەشتی خوارەوەی چیاکە، هەلومەرجەکەی بۆ هەمووان باسکرد، دواتریش داوای کرد دووان لە هاووڵاتیانی ئەو سنوورەی بۆ بانگ بکەن. دیاربوو پێشوەختە ئاشنایەتی لەگەڵیاندا هەبوو. ئەوانەش بەناوەکانی تەیمور و بێجان (ئەم دووانە، دوو کوردی ناو هۆزی شکاک بوون، پێشتر پەیوەندییان بە بارزانییەکانەوە کردبوو. دواتر بوونە یاوەری بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت). ئەوان بەهۆی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە بوون، وەک چاوساغ و ڕێبەرێک ڕۆڵێکی گەلێ گرنگیان دەگێڕا. هاوکات بارزانییەکان لەناوچە سنووریەیکانی ئاراراتیشدا بەجۆش و خرۆشێکی گەلێ گەورەی خەڵکەکەوە پێشوازییان لێدەکرا. بۆنموونە کاتێك لە لوتکەکانی ئاراراتەوە ڕێک حەوت دانە ڕۆژی ڕەبەق لە گەشتێکی دوور و درێژەوە تێپەڕبوون، جیا لەوەی بارزانی ئاشنای ناوچەکە بوو، چون پێشتر و لە ڕاپەڕینی ئاراراتدا ڕۆڵێکی گەلێ کاریگەریان بینی بوو. بارزانی دەیزانی دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئارارات، بە

هێرشـی ئاسمانـی و تۆپخانەکانـی تورکیـا ترسـێکی گەلـێ گـەورە لە ناخـی دانیشـتوانەکەیدا چـێنرا بـوو. هەروەهـا ناوچەکـە بـەردەوام بـە هەماهەنگـی ئێـران و تورکیـا لـە هـەر جموجوڵیکـی کوردانـەدا ڕووبـەڕووی پـیلان ببوونـەوە. داوجـار بەپێـی ڕێککەوتنـی نێـوان ئێـران و تورکیـا هەمـوو لێوارەکانـی باشـووری ئـارارات کەوتبـووە ژێـر دەسـەڵاتی تورکیـاوە. بۆیـە باررانییـەکان لەگـەڵ پێشـڕەوییاندا بـۆ گونـدە جۆراوجۆرەکانـی دەڤەرەکـە، تێکـڕای خەڵکی ناوچەکـە، وەک ئـەوەی جارێکـی تـر خاکەکەیـان بۆنـی پێشـمەرگەی کـورد بکـەن و چەقـۆی داگیـرکاری بەگەردنیانـەوە لادرابـێ. بەلێشـاو خەڵکـی ناوچەکـە هـاوکاری و خواردنیـان بـۆ بارزانییـەکان دابیـن دەکـرد و دەبوونـە چاوسـاغی چیـاکان و چالاکییەکانیان. هەرچەنـد ئەودڵسـۆزییەی خەڵکـی بـەو واتایـە نەدەهـات کـە هیـچ مەترسـییەکیان لەسـەر نەبـوو، بەڵکـو ناوبەنـاو ڕووبەڕووبوونـەوەی ناخـۆش لەگـەڵ سـوارەکانی هەندێـک خێڵـە کوردییەکانـدا ڕوویـدەدا. تەنانـەت تـاڕادەی پێکدادانـی چەکداریـش و پێشـهاتی کـەم تـازۆر دەقەومـان. تـاڕادەی ئـەوەی دواتـر پێکدادانەکانیـان لەگـەڵ چەنـد دانـە هـۆزی ئەوێـدا سـەریان کێشـا بـۆ پێکـدادان لەگـەڵ هێـزە چەکدارەکانـی ئێرانـدا. مـەلا مسـتەفا بەنیـازی ئـەوە بـوو بچێتـە نـاو ماکـۆ و لەگـەڵ کوردانـی هۆزی جەلالیـدا، هەماهەنگـی و یەکڕیزییەکـی بایەخـدار بەرهەمبهێنـێ. ئـەم هەوڵـەی بارزانـی لەلایـەن جێگـری کونسـوڵی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ماکـۆدا، زانیاری لەبـارەوە درابـوو. ئـەی مورادیانی کونسـوڵی ڕوس لـە ماکـۆ، ئـەم زانیارییانـەی ڕەوانەی مۆسـکۆ کردبوون. تەنانـەت هـەر لەوکاتـەوەی بارزانـی لەلایـەن ژەنـەراڵ هومایونـی فەرمانـدەی هێزەکانـی ئێرانـەوە سـەردانی ئەوێیـان کـرد بـوو، دروسـت هـەر لەوکاتـەوە، ڕاپۆرتیـان لەوبارەیـەوە دابـوو، گوایا بارزانـی لـە هەوڵـی بەزاندنـی سـنووری تورکیادایـە و دەیەوێـت خـۆی و هێزەکـەی خۆیـان بگەیەننـە یەکێتـی سـۆڤیەت. هـاوکات لـە ڕاپۆرتەکەیانـدا ئەوەشـیان درکاندبـوو کـە ئێرانییـەکان داوای هاوکارییـان لـە فەرماندەیـی سـۆڤیەت و جێگـری کونسـوڵی ڕووس کـردووە بـەوەی، بەڵکـو ڕێگربـن لـە هاتنـە نـاوەوەی مەفرەزەکانـی بارزانـی بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت. هەر لـەو پێنـاوەدا بـوو ئێرانییـەکان پێنـج هـەزار سـەربازیان ناردبوویـە سـەر بارزانییـەکان و لـە دژیـان شـەڕیان دەکـرد. لەکاتێکـدا، ئـەوکات بارزانییـەکان لـە دووری ٢٥ کـم لـە ماکـۆوە نیشـتەجێ ببـوون.(١) مەفرەزەکـەی بارزانـی لـەو پێکدادانانـەدا لەگـەڵ

(١) ڕاپۆرتێکـی ئا.مورادیانـە، کـە لەسـەر هاتنـی مەلا مسـتەفا بارزانـی بۆ قـەزای ماکینسـکی بڵاوکراوەتەوە.

ئێرانییەکان چەند پیاوێکیان لەدەستدابوو. هەڵبەتە بارزانییەکان بۆ ئەوەی لەژێر ئەو گەمارۆیەدا دەربچن، تێکڕا لە شاخەکانەوە دابەزیوونە خوارێ و ناچار بووون لە ئەرتەش و سەربازە ئێرانییەکان بەتەواوی نزیک ببنەوە. بەجۆرێک بە درێژایی ڕێگای خێرای نزیک گوندی کەدال-داگ (١٤ کم لە ماکۆوە دوور) بوون. لەم کاتەدا هەریەک لە گروپەکانی شێخ سلێمان و ئەسعەد خۆشەوی ئاڕاستەیەکی تریان گرتوو و ناچار بوون لەیەکتریی دابڕێن و شوێنەکانیان بەنادیاری بمێنێتەوە. دوایان مەفرەزەکەی بارزانیش بەنێو ڕێڕەوی چۆمەکەدا چووبوونە ئەوبەرەوە. خودی بارزانی لە ناوەڕاستی چۆمەکەدا لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا تێپەڕی. لەم کاتەدا جارێکی دی لەگەڵ گروپەکەی شێخ سلێمان و ئەسعەد خۆشەویدا گەیشتنەوە یەک. ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی پلانەکانیان بوو، چون هەموو گروپەکان بەسەلامەتی یەکیان گرتەوە. لەم کاتەدا سەربازە ئێرانییەکان کاتێک زانیان هەموو جەنگاوەرانی بارزانی بەسەرکەوتوویی لە سنوورەکانەوە دەربازبوون، ئەوەبوو لەوبەری چۆمەکەوە دەستیانکرد بە تەقەکردنی ڕەمەکی و لە ئاکامدا یەکێک لە ئەندامانی گروپەکانی بارزانی پێوەبوو. بەمجۆرە هەوڵیاندا بەخێرایی لە ناوچە سەرسنوورییەکانی ئێران دووربکەونەوە. بەمەش بارزانییەکان هەم لە گەمارۆی ئێرانییەکان دەربازبوون، هەمیش مەترسییەکی ئەوتۆی ئێرانیان لەسەر نەما. لێرەوە وردەوردە بەرەو بەرزاییەکانی شاخی گاسمێ کەوتنەڕێ. ئەو ناوچەیە چەندین ئاوایی کوردنشینی لێبوون.

شایانی باسە ئەوان ڕۆڵێکی جوامێرانەیان لە هاوکارکردنی جەنگاوەرانی بارزانیدا دەبینی. بەوەی لە ڕێگادا خواردن و مەڕومالاتیان لە دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکە وەرگرت و خۆشیان لەهەر بەریەککەوتنێک لەگەڵ هێزە نیزامییەکاندا بەدوور دەگرت. هاوکات بەشێک لەو خەڵکانەی ئاواییەکان کە وەک کرێگرتەی دامەزراوەکانی میری ناسرابوون. بەگەیشتنی بارزانییەکان ئاواییەکانیان جێهێڵا و خۆیان لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ بارزانییەکان پاراست. هەڵبەت هەرکە مەلا مستەفا بارزانی گەیشتە ئاواییەکان، هەموو لایەکی ئاگاداردەکردەوە کە پێویستە ئاگاداری ئەو شمەک و پێخەف و خواردنانە بن کە بەدەستیان گەیشتووە. نابێ زێدەڕۆیی بکەن

---

ڕاپۆرتەکە لە ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٧ وەرگیراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانن بۆ.(شەریف محەمەد ئەفراسیاب: مستەفا بارزانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٠٢، ٢٠٤).

و دەبێت دەستیان پێوەبگرن. جگە لەوەش بارزانی هەمووانی ئاگادارکردبوویەوە کە نابێ بەهیچ جۆرێک دەستبەرن بۆ موڵکوماڵی هەر هاووڵاتییەک و دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندی و ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئاواییەکان بکەن و بەوپەڕی ئەدەب و ئەخلاقی بەرزی بارزانییەکانەوە بجوڵێنەوە.

لەم کاتەدا ئێرانییەکان پلانی پێشگرتن بە بارزانییەکانیان داڕشتوو. بۆیە لە پرۆسەی شوێنپێهەڵگرتنی شوێنکەوتوانی بارزانیدا بەردەوام بوون. بەجۆرێک فەرماندەیی سوپای ئێرانییەکان بۆماوەی سێ ڕۆژ بە سەختییەکی زۆرەوە سەرباز و کەرەستەی گواستنەوەیان بۆدەم سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت ئامادەکردبوو. جێگری کونسوڵی ڕوسیاش لە ماکۆ، لە ڕاپۆرتێکیدا کە ڕەوانەی مۆسکۆیان کردبوو، ئەوەیان خستبووەڕوو، ژمارەی ئەو سەربازانەی ئێران کە لە دژی بارزانییەکاندا جێگیرکرابوون، بریتی بوون لە ١٠ هەزار سەرباز. ئەوە جگە لەوەش سێ هەزار هێزی تایبەتی چەکداریان هەبوون کە لە ئۆپەراسیۆنەکاندا، دژ بە جەنگاوەرەکانی بارزانی ئامادەباش بوون.[1] هەروەها بەشێک لەو کوردانەش کە بۆ دەزگا هەواڵگیرییەکانی ئێران کاریان دەکرد، ئەوانیش لەناو هۆزەکانیاندا چەکدار کرابوون. هەڵبەتە زۆرترینی ئەم هۆزە کوردییانە، وەک باندی چەتە و ڕێگر، بە ئامانجی تاڵانکردنی خەڵکی ئاواییەکان و هێرشکردنە سەر گوندەکان دەرفەتیان قۆستبوویەوە و حکومەتیش پاڵپشتی کارە دزێوەکانی ئەوانی دەکرد و پشێوییەکانیان دەنایە مل بارزانییەکان. لە هەمان کاتدا هەر ئەم هۆزە بەکرێگیراوانە خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتداران دەکرد و بە مەبەستی پێدانی ئیمتیاز و کاری کرێگرتەیی کەوتبوونە ناو پشێوییەکانی ناوچەکەوە. جیا لەوانیش هێزە ئاسمانییەکان بەردەوام بوون لە هێرشکردنە سەر ڕێڕەوی بارزانییەکان و بەردەوام بە شوێن هەر جوڵە و پێشڕەوییەکی ئەوانەوە بوون.

بەگشتی لەم ڕێپێوانە مێژووییە سەختەی بارزانییەکاندا، لە دواین دەسدرێژی چەکدارانی سوپای ئێرانیدا چوار جەنگاوەری بارزانییەکان گیانیان لەدەستدا. بارزانییەکان دوای پەڕینەوە لە چۆمی سەرەکیی سەرسنووریی ئێران، بۆیان دەرکەوت کە چەند کەسێکیان بێسەروشوێنن. ئەوان تاوەکو تێپەڕبوونیان بەنێو هۆزی جەلالیدا

---

(1) Справка "О проведении иранскими войсками операций против отряда Муллы Барзани" от 17 июня 1947 г. – См.: Шариф М. А. Мустафа Барзани, с. 205.

لەگـەڵ گروپەکانیانـدا مابـوون، دواتـر هێشـتا لەنـاو گوندەکانـی ئـەو هـۆزەدا بـوون، مسـتەفا بارزانـی زۆر دڵخـۆش بـوو بـە بینینـەوەی هەمـوو جەنگاوەرەکانـی، ئەوانـەی بـە چەنـد گروپێکـی جیاجیـا توانیبوویـان لەسـنووردا بپەڕنـەوە و جارێکـی تـر یەکبگرنـەوە. لـەم هەلومەرجـەی دۆخـی بارزانییەکانـدا، ئێرانییـەکان هێشـتا لێنەدەگـەڕان و چاوەڕوانـی تۆڵەکردنـەوە بـوون. هەربۆیـە لەلایـەن باڵەفڕەکانیانـەوە هێرش کرایـە سـەر سـەرجەم کاروانـی جەنـگاوەرە بارزانییـەکان. لەکاتێکـدا، هێشـتا لەناو دێهاتەکانـی هۆزی جەلالیـدا تێنەپەڕیبـوون. دروسـت لـەم کاتەدا سـەرۆکهۆزی جەلالییـەکان عومـەر ئاغـای جەلالـی لەلایـەن حکومەتـی ئێرانییەوە تۆمەتبارکـرا بـەوەی پەیوەندییـان بـە بارزانیەکانـەوە هەیـە و بوونەتـە بایسـی پشـتیوانی و داڵدەدانـی بارزانییەکان، ئـەم تۆمەتبارکردنـەی جەلالییەکان، خەڵکانێکـی هانـدا تاوەکـو بەگـژ بارزانییەکانـدا بچـن و ڕێگـە نـەدەن داڵـدەی بارزانییەکان بـدەن. لـەم دۆخـەدا بارزانـی بڕیـاری دەرکـرد بـەوەی  نابێـت لەهـەر پێشـهاتێکدا دژ بـە هـۆزە کوردییـەکان هیـچ هەڵوێسـتێکی نەرێنـی بنوێنـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا عومـەر ئاغـا چووبوویـە ژێربـاری هەڕەشـە و گوڕەشـەکانی دەوڵەتـەوە. ئەوەبـوو هاریکاریـی هێزەکانـی ئێـران ی کـرد و پێشـوەخت دەسـەڵاتدارانی ئێرانیـی لەمـەڕ هاتـن و مانـەوەی مەفرەزەکانی بارزانـی  بـۆ گوندەکانـی هـۆزی  جەلالـی ئـاگادار کـردەوە. بۆیـە بارزانییـەکان بـێ هیـچ کاردانەوەیـەک دژ بـە هاووڵاتیانـی هۆزەکـە، دەسـبەجێ خۆیـان کۆکـردەوە و ناوچەکەیـان جێهـێڵا. لەکاتێکـدا، ڕێـڕەوی تێپەڕبوونـی بارزانییـەکان بەنێـو خاکـی تورکیـادا، کەوتـە بـەر بۆردومـان و ڕێگریـی هێـزە سـەربازییەکانەوە، چونکـە تورکەکانیـش لەهەمبـەر ئامادەیـی بارزانییــەکان و چەنــد پشــێوییەکی ســنووریدا ڕێوشــوێنی توندوتیژیــان گرتبوویەبــەر. تەنانـەت هـەردوو هێـزی سـەربازیی تورکیـا و ئێـران، هەماهەنگیـان لەگـەڵ یەکترییـدا نواندبـوو. بەشـێوەیەک ئـەو هێزانـەی هاتبوونەسـەر سـنووری  ئێـران، ژمارەیـان (نزیکـەی ٧٠ هەزار)سـەرباز دەبـوون، تێکڕایـان بـە درێژایـی سـنووری ئێـران و سـۆڤیەت ناوچەکەیان تەنـی بـوو[1]. لەدۆخێکـی وا دژواردا بارزانییـەکان بەهـەر زەحمەتێـک بێـت، توانیـان لـە ڕووبـاری ئـاراس نزیکبنـەوە. پێـشتر بارزانـی نوێنەرانـی خـۆی ناردبـوو تاوەکـو بتوانـن ڕێوشـوێنی پێویسـت و دۆخـی دەم ڕۆخـی ڕووبـاری ئـاراس هەڵسـەنگێنن. ئـەو کەسـانەی نێـردرا بـوون بریتـی بـوون لـە:  میرحـاج، لاوکـو (ئاشـووری) و محێدیـن بابـازاد (ئەفسـەری

(1)Там же, С. 208–209.

پێشـووی بـەرەی دیموکراتـی ئازەربایجـان) بـوو، ئەمانـە شـاندێک بـوون، تاوەکـو لـە نزیکـەوە زانیـاری لەسـەر توانـای تێپەڕبوونـی ئـەو هەمـوو هێزەچەکدارە زانیاری دروست و پێشـوەختە ببەنـەوە بـۆ بارزانـی. کەسێکی وەک لاوکو، پێشتر وەک وەرگێڕێکـی ڕووسـی لـە کونسـوڵخانەی سـۆڤیەت و دوایـان لـە ورمێـدا کاری تایبـەت بـە کونسـوڵخانەی ڕوسـیا دەکـرد. هەروەهـا محێدیـن بابازادیـش فەرمانبـەری هەمـان کونسـوڵخانەی ڕووسـەکان بـوو. ئـەوان کاتێـک چوونـە تەماشـای ناوچەکە، بڕیـار بـوو پێـش ئـەوەی مەفرەزەکانـی بارزانـی بگەنـە شـوێنی مەبەسـت، پێشـوەختە لەگـەڵ پاسـەوانانی سـنووری سـۆڤیەتدا، بـە مەبەسـتی ئاسـانکاری و ئامـادەکاری پێویسـت دانوسـتانیان بکردایـە. دیاربـوو دانوسـتانەکە بـۆ ئەوەبـوو زەمینەسـازی وەرگرتـن و پەنادانـی بارزانییـەکان بکەن. دواتـر دەرکـەوت شـاندەکە دوای ئـەوەی چوونەتـە کـن سـۆڤییەتییەکان و چەنـد کاتژمێرێکیـش لەتەکیانـدا نیـازی هاتـن و داڵدەدانـی بارزانییەکانیـان تێگەیانـدوون. کەچـی ئـەوان هیچـکام لـەم ڕوونکردنەوانەیـان پێهـەزم نەکرابـوو. بۆیـە بەبـێ هیـچ وەڵامێکـی ئەوتـۆ و بـە هەمـان ئەو ڕێگایـەی کـە لێیـەوە نێردرابـوون، گەڕێنرابوونـەوە لای بارزانییـەکان.

بەگشـتی سـەرنج و بۆچوونـی پاسـەوانانی سـنووری سـۆڤیەت بـەم شـێوەیە بـە شـاندەکە ڕاگەیەنـرا بـوو:

"پێویسـتە سـەرەتا لـە مۆسـکۆوە ڕێنمایـی وەربگریـن، ئـەوکات گـەر هێزەکانتـان بیانەوێـت بپەڕێتـەوە بـۆ سـنووری سـۆڤیەت، ئـەوا ڕێگرییـەک ناکەیـن، بـەڵام لەئێسـتادا ئێمـە هیـچ مۆڵەتیـکمان نییـە و ناتوانیـن لـە پرۆسـەی پەڕینەوەتانـدا هاوکارتـان بیـن"[1]

بەمجـۆرە بارزانییـەکان دوای ڕێپێـوان و بڕینـی ڕێگەیەکـی سـەخت و دژوار، تێکڕایـان بـە تینوێتـی و برسـێتییەوە ڕووە ڕۆخـی ڕووبـاری ئـاراس توانیـان ڕێگـەی سـەختی سـنوورەکانی چەنـد وڵاتێکـی نەیاریـان ببـڕن. دوای ئـەوەی بارزانـی وەڵامـی پاسـەوانە سـنوورییەکانی سـۆڤییەتی بەدەسـت گەیشـتبوویەوە، ڕایگەیاندبـوو: "ئێمـە ناتوانیـن لـە چاوەڕوانـی وەڵامـی مۆسـکۆدا بمێنینـەوە، چونکـە لـە دۆخێکـی وادا نیـن بتوانیـن لـەوە زیاتـر چـاوەڕوان بیـن. ئەوەتـا سەرماوسـۆڵە و برسـێتی و هەڕەشـەی یەکبینـی نەیارانمـان لـە ئاسـتێکدا نییـە بتوانیـن زیاتـر ئۆقـرە بگریـن، گـەر

(1) Зарбахт М. От Иракского Курдистана до другого берега реки Аракс, с. 56.

لـەم ڕەوشـەدا بمێنینـەوە، تـاقمان بـە زیندوویـی دەربـاز نابیـن".[١] لـە سـۆنگەی ئـەم بـاوەڕەوە، بارزانـی فەرمانـی دا، بەبـێ گوێدانـە بـاری سـەرنجی پاسـەوانەکانی سـۆڤیەت، دەسـبەجێ ڕێگەکانـی پێـش مەفـرەزەکان پاکبکرێتـەوە و تێکـڕای هـەژگ و گژوگیـا و دارودرەختـی بەردەمیـان ڕامالێـن و بەزوویـی دەسـت بـە دروسـتکردنی تەخـت و ئامڕازەکانـی پەڕینـەوەی هەڤاڵانیـان بکـەن. ئەوەبـوو دوای دروسـتکردنی چەندیـن تەختـی سـادە و سـاکار بـۆ پەڕینەوەیـان، وردە وردە لەسـەر ڕەفتەکانـەوە دەسـتە بەدەسـتە پەڕینـەوە. ئـەم ئامادەکارییـە زۆر بـە باشـی چوویـە پێشـەوە، چـون واخەریـک بـوو پەیتـا پەیتـا هەڤاڵانـی بارزانـی دەپەڕینـەوە. خـودی مـەلا مسـتەفای بارزانیـش چاوڕێـی کـرد تـا دوادانـەی هەڤاڵانیـان بەسـەلامەتی پەڕینـەوە. دوایـان بۆخۆیشـی کـە دوایـن کـەس بـوو، ڕووبارەکەیـان تێپەڕانـد و پەڕینـەوە. بەمـەش چالاکـی و بڕیـاری ئازایانـەی قوتاربـوون و قارەمانێتـی پەڕینـەوەی مـەلا مسـتەفا بارزانـی و هەڤاڵانـی وەک ڕووداوێکـی گرنگـی مێژوویـی، بوویـە داسـتانێك و نـەوە لـەدوای نـەوە دەنگیدایـەوە.

بەگشـتی ئەوانـەی هاوڕێـی بارزانی بوون و توانیان دەرباز بـن، بریتی بوون لە: (٥٠٢ پیـاوی بارزانـی لەگەڵ دوو دانە کوردی هۆزی شـکاک، تێکڕایان ٥٠٤ کەس دەبوون).

بەمجـۆرە پڕۆسـەی پەڕینـەوەی بارزانییـەکان لـە سـەرەتای مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٤٧وە دەسـتی پێکـرد. ئـیتر ئـەو ڕووداوە لـە ڕۆخـی چۆمـی ئاراسـدا، لـە گونـدی بیداڤـەوە کـە گوندێکـی سـەر سـنووری نێـوان تورکیـا و عێراقـە دەسـتی پێکـرد. بەمجـۆرە دوای تێپەڕبوونـی گەشـتێکی دووردرێـژی ٥٠٠ کیلۆمەتـری، تێکـڕا توانییـان بـە سـەرکەوتوویی لـە کەنـاری ڕووبـاری ئاراسـەوە کۆتایی بـە پڕۆسـەی پەڕینـەوە و تێپەڕاندنـی سـنوورەکانی نێـوان عێـراق و ئێـران و تورکیـا بهێنـن. هەڵبـەت لـە ژێـر سـەرکردایەتی لێهاتـووی ژەنـەراڵ بارزانیـدا، بـۆ مـاوەی ٢٠ ڕۆژی ڕەبـەق، ڕێگـەی سـنووری شـاخاوی، پـڕ لەکەنـد و کۆسـپ و تەڵـە و تەکبیـری شـەڕەنگێزانەی سـێ وڵاتـی نەیـار، جـا توانیـان بەسـەلامەتی و بەوپـەڕی شـکۆمەندییەوە دەربـازی خاکـی ڕوسـیاو ڕێـڕەوی ئـاوی ئـاراس بـن. بەدرێژایـی ئـەو بیسـت ڕۆژە، بارزانییـەکان ڕۆژانـە ٢٠ کـم بەپێیـان دەڕۆیـشتن. بـەم پڕۆسـە پارتیزانییـەی پاشەکشـەی چەکدارانـی بـارزان،

(1) Там же.

ئـەو ڕاسـتییە بـۆ هەمـووان سـەلما کـە مسـتەفا بارزانـی ڕابەرێکـی سیاسـیی و سـەربازی بەئەزمـوون و پارتیزانێکـی پێشـمەرگەی پێنـاوی نەتەوەیەکـی بنەدەسـتە. بارزانی بـەم کـردە ستراتیژیـی و سـەربازییە دەگمەنـە، لە نـاو شـوێنکەوتوانی و هەمـوو هاووڵاتییەکی کـورد، بوویـە کەسـێکی کارێزمـا و ڕەمزێکـی ڕاسـانە نەتەوەییەکـە و بەوپـەڕی ئومێدەوە، لەنـاو هەمـوو ئـەو ئاواییانـەی کوردنشـینانی سـنوور و وڵاتانی عێـراق و ئێرانـدا، ڕەچاوی ڕێنومایـی و ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتـی و بەرژەوەندییـە باڵاکانـی ئەوانـی دەکـرد. هـاوکات توانـی بەسـەر پیلانـی هاوبـەش و نەخشـەی سـڕینەوەی سـەربازیی ئێـران و عێـراق و تورکیـادا زاڵ بێـت. ئـەو بەشـێوەیەکی تاکتیکـی نـە جارێـک و نـەدووان، دەهاتە سـنووری عێـراق و دەچـووە سـنووری تورکیـا و دوایـان لـە ئێرانـدا سـەریان هەڵدەدایـەوە. بـەم بـاوەڕە سـەربازییە و بـەم نەخشـە ورد و وێنـا دەگمەنـەی پلانـی پارتیزانییـەوە، زۆر بـە باشـی توانـی لەژێـر چنگـی چەنـدان هـەزار سـەربازی پڕچەکـی سەرسـنووری سـێ دەوڵـەدا دەربـاز بێـت. لەکاتێکـدا، لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٧ دا، حکومەتـی عێراقـی یاسـای سـەربازیی لـە ناوچـە کوردسـتانییەکانی هاوسـنوور لەگـەڵ ئێرانـدا سـەپاند بـوو. هـاوکات هەمـوو یاسـا مەدەنییەکانیـش ڕاگیـرا بـوون. بەمـەش بەرپرسـیارێتی پاراسـتنی ئاشـتی و ئارامـی ناوچەکـە کەوتبـووە دەسـت فەرماندە سـەربازییەکان و لـە تێکـڕای ناوچەکانـی باکـووری وڵاتـدا پەیـڕەو دەکـران. بۆیـە ئـەم هەلومەرجـە تاکتیکییـە لەنـاو مەفرەزەکانـی بارزانـدا ڕەچاوکـرا بوو. مەفرەزەکـەی شـێخ سـلێمان، یەکێـک بـوو لـە دەسـتە بەهێزەکانـی بارزانییـەکان کـە خـۆی وەک نوێنـەری ڕاهێنـەری شـێخ ئەحمـەد بارزانـی، تێـڕای مەفرەزەکـەی خسـتبوونە خزمەتـی بەهاباڵاکانـی بارزانییەکانـەوە، شـێخ لـەو کەسـایەتییە بـە ئەمـەک بـە باوەڕانـە بـوو کـە پاڵپشـتی لـە مۆڕاڵـی ئـەو جەنگاوەرانـە دەکـرد، ئەوانـەی زۆر بەسـانایی و ئیـرادەی بـەرز و بـاوەڕەوە بەسـەر دژوارتریـن سـەختەکاندا تێدەپەڕین.کاتێـک مەفرەزەکەیـان بەنـاو خـاک و قەڵەمڕەوی هـۆزە جیاوازەکانـدا تێپەڕدەبـوون، زۆر بـە ڕێـز و ڕوخسـەتی تـەواوەوە لـەو ناوچانـەدا دەمانـەوە و تێیانـدا نیشـتەجێ دەبـوون. هەرچەنـد هـۆزەکان هەندێکجار بەشـێوەیەکی دووفاقییانـە مامەڵەیـان لەگـەڵ بارزانییەکانـدا دەکـرد. بۆنموونـە هەندێکیـان یارمەتیـان دەدان و خۆراکیـان پێـدەدان، هەندێکـی دیکەیان بە پێچەوانەوە، ڕێـڕەوی مەفرەزەکەیان بـۆ دەسـەڵاتدارانی تورکیـا و عێـراق و ئێـران ئاشـکرا دەکـرد. بەگشـتی پەیوەنـدی نێـوان

هـۆزە کوردییەکانیـش ڕۆڵێکـی بەرچاویـان لـە ڕێـڕەوە پارتیزانییەکـەدا دەگێڕا. چـون هەمـوو ئـەو هۆزانـەی دوژمنایەتـی بارزانییەکانیـان دەکـرد، زیاتـر هەوڵیـان دەدا کێشـە و گێچەڵیـان بـۆ دروسـتبکەن. مسـتەفا بارزانـی بۆخـۆی کـە کەسـێکی ئـارام و خۆڕاگـر و خـاوەن دیسـپلین و دنیابینییەکـی کـراوە بـوو، سروشـتی وابـوو هـەر مرۆڤێـک لـەلای ئـەو شـایانی بایـەخ و گرنگیپێـدان بـوو. لەکاتێـدا بـە باشـی بڕیـار و ڕێسـاکانی خـۆی کـە بـۆ بارزانییـەکان وەک یاسـابوو بەهەنـد وەردەگرتـن، هەرچەنـد لەهەمبـەر هۆزەکانـی دیکـە، دەکـرا لـە دەرەوەی فەرمـان و بڕیارەکانـی بارزانییـەوە خاوەنـی دیـد و دنیابینـی جیـاوازی خۆیـان بـن. کەوابـوو بارزانـی بـە باشـی دەرک و داوەری خـۆی لەهەمبـەر لۆژیکـی هۆزەکانـەوە پێدەزانـی. هـەر ئـەو تایبەتمەندیـی و تێڕوانینـە تایبەتـەی بـوو کـە شـوێنکەوتوانی بەتـەواوی پابەنـدی بڕیارەکانـی بـوون. ئـەو بڕیارانـەی هەڵهێنجـراوی هونـەری مامەڵـە و مەدێکـی مرۆڤگەرایـی بـوون کـە لـە ڕێبـازی شـێخانی بارزانـەوە بارگاویکرابـوون. پابەنـدی پێشـمەرگە و شـوێنکەوتوان بـۆ بارزانـی وەک پابەنـدی هـەر ئەندامێـک وەهابـوو بـە یاسـاو ڕێسـاکانی ئـەو سـەرکردەیەوە. ئەمـەش هـۆکاری سـەرەکی سـەرکەوتنی مەفـرەزەکان بـوو. فاکتـەری وابەسـتەبوونی ویژدانـی ئـەوان بـوو بـە ئەخلاقـی بـەرز و بەهـاو بڕسـتی مرۆڤانـەوە. هەرئـەوەش وایکـرد هیچکاتێـک چەکدارەکانـی بارزانـی و جەنگاوەرەکانـی، وەک نەریتـی بـاوی هێـزە یاخییـەکان، نەبوونـە چەتـە و ڕێگـر، نەبوونە دەسـتەیەکی تالانچـی و دەسـتدرێژیکار و تۆڵەسـێنی سیسـتەمە هۆزگـەراو خێڵەکییەکـە.

لەڕاسـتیدا مسـتەفا بارزانـی توندوتیـژ بـوو، بـەڵام هەمیشـە دەسـتی دادپەروەرانـەی درێژتـر بـوو. هەربۆیـە شـەڕڤانانیش بـەردەوام ترسـی سـەرەکییان لـە سـەرپێچی و سـنووربەزاندنی یاسـاکانی بارزانـی هەبـوو کـە تێکڕایـان یاسـای ئەخلاقـی و ئەرکـی بـەرزی باوەڕداریـی بوون. هەربۆیـە بەهـۆی ئـەم سـەرکردایەتییە لێهاتـووەوە، لەشـکرەکەی بارزانـی لـە بنەڕەتـدا توانیـان خۆیـان بپارێـزن و بەبـێ زیانێکـی ئەوتـۆ بگەنـە سـنووری یەکێتـی سـۆڤیەت . دواجـار لـە ١٨ی حوزەیرانـی ١٩٤٧دا دەسـتە بەدەسـتە، لەشـکرەکەی مەلامسـتەفای بارزانـی بـە فەرمـی لەنـاو کیانـی سیاسـی و سـنووری جوگرافـی سـۆڤیەتدا خۆیـان بینییـەوە. لـە ٢٠ی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٤٧دا، ڕۆژنامـەی نیویـۆرک تایمـزی ئەمریکـی لـە هەواڵێکـدا بەمجـۆرە بڵاویکردبوویـەوە:"

مەفرەزەکـەی بارزانـی، دوای ڕێوڕۆیشـتنێکی ٢٠٠ میلیـی، توانیویانـە بـدەن بـە چۆمـی ئاراسـدا و بپەڕنـەوە دیـوی سـنووری خاکـی سـۆڤیەت. ئـەم خاڵـە سـنوورییەی سـۆڤیەت لـە سـنوورەکانی ئێـران و عێـراق و تورکیـاوە هێنـد دوور نییـە[1]. ئـەوان لەڕێگـەدا زەجـر و زەبرێکـی زۆریـان بینی بـوو. پێشتریـش لـە موڵـک و مـاڵ و زێـد و ژیانـی خۆیـان هەڵکەنـراون و دەربـەدەر کـراون"[2]. هەروەهـا ئەکادیمیسـتێکی ئەکادیمیـای زانسـتی ئەرمەنسـتان لـەم بارەیـەوە نووسـی بـووی:" ئـەم پاشەکشـە چەکدارییـەی بارزانـی، بـە هـەق، یەکێکـە لـە دەرکەوتـە هـەرە سـەرنجڕاکێش و سەرکێشـییەکانی ژیانـی پارتیزانـی کـە تەنیـا پەیوەسـتە بـە بەهـرەی سـەرکردایەتی سـەربازی و دنیابینـی دەروشـاوەی بارزانییـەوە. ئـەوان لـە دۆخێکـی سـەخت و نالەبـاردا، توانیـان بەوپـەڕی سـەرچڵی سـەربازییەوە، بەسـەر بەرزایـی و هـەوراز و نشـێوەکاندا زاڵبن و سـەرما و سـۆڵە و شـەختەی زسـتانی بێئامانـی سـنوورەکان ببەزێنـن. هـاوکات توانیـان ڕووبـەڕووی شـەڕ و شـۆڕ و پـیلان و داوی دەسـەڵاتە سـەربازییەکانی ئێـران و تورکیـا و عێـراق ببنـەوە". [3]

مسـتەفا بارزانـی خاوەندارێتـی بیروبـاوەڕ و ڕێبازێکـی جیاوازتـر بـوو لـە پێشـەوا قـازی محەممـەد، ئـەو جیاوازییـە پەیوەسـت بـوو بـە تایبەتمەندییەکانـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی عێـراق و ئێرانەوە. قـازی محەمـەد بانگەشـەی بـە خۆجێیکـردنی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی دەکـرد و هیچکاتێـک پشـتیوانی لـە دروسـتکردنی پارتێکـی دیموکـراتی پانکوردیـی نەدەکـرد. هەڵبەتـە هەلومەرجـی سیاسـی ئـەو قۆناغـەش هـەر بـەو پێودانگـە دەپێـورا. ئـەم بابەتانـە هیـچ دابڕانێکـی لـە نەزمـی نواندنـی دڵسـۆزی و دۆسـتایەتی یەکتریـدا چێنەکـرد. بۆیـە ئـەو دوو سـەرکردەیە، بەتایبەتـی دوای شکسـتی کۆمـاری مهابـاد، هـەروا هۆگـر و هانـدەری پـڕۆژە نەتەوەییەکـەی ئاینـدەی کوردسـتان بـوون. ئەوەتـا لەگـەڵ ئـەوەی گلۆڵـەی کۆمـار کەوتـە لێـژی و ئەرتەشـی شاهەنشـا بـەرەو کۆمـار دەکشـا. لەوکاتـە هەسـتیارەدا قازی-محەمـەد ئـاڵای کوردسـتانی هێنـا و بـە دەقکـراوی ڕادەسـتی مسـتەفا بارزانـی کـرد.[4]

---

(1) The New York Times, 20.06.1947.

(2) The New York Times, 20.06.1947.

(3) лет Мулле Мустафе Барзани, С. 74

(4) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 140

هـاوکات پێویسـتە ئامـاژە بـەو ڕاسـتییەش بکرێـت؛ لـە کوردسـتانی ئێرانـدا، بۆچوونـی جیـاوازی ڕابـەرەکان، ڕێگـەی بـۆ هیـچ جـۆرە ناکۆکییەکـی نەتەوەیـی نەنایـەوە، بەڵکـو وەک وێنایەکـی تاکتیکـی، تیـۆری سیاسـیی خۆیـان و مامەڵـەی جیـاوازی خۆیـان درێژەپێـدا. ئەوەتـا هـەر لـە قۆناغـی کەوتنـی کۆمـاردا، شـێخ ئەحمـەد بارزانـی نـەک تەنیـا لەسـەر بارزانیـەکان، بەڵکـو لەسـەر پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ حکومەتـی ئێرانـدا هەڵوێسـتی تونـدی هەبـوو. بەتایبەتـی یەکەمجـار داوای فەرمـی حکومەتـی ئێرانـی بـۆ داماڵینـی چـەک و ڕادەسـتکردنی بارزانییەکانـی دایـەدواوە[١]. دیـارە هەڵوێسـتێکی وەهـا یەکلاکـەرەوە، هەمـوو هیواکانـی تارانـی هێنـد هەژانـد کـە ناچـاری کـردن، بـە نـەزم و نەرمییەکـی زیاتـرەوە لـە پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ بارزانییەکانـدا مامەڵـە بکـەن. هـاوکات بارزانییـەکان لەڕێگـەی کارمەندانـی کونسـوڵخانەی سـۆڤیەتەوە پەیوەنـدی سیاسـی و دیپلۆماسـییان چێکردبـوو. هەروەهـا پەیوەندییـان بـە سـەرکردایەتی ئازەربایجانـەوە هەبـوو و هەماهەنگـی و نەخشـەی بەرگـری هاوبەشـیان داڕشـتووە.

تـا کۆتایـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی بـە لانیکەمـەوە ١٠٠ هـەزار کـورد لەنـاو سـنوورەکانی ئازەربایجانـی سـۆڤیەتدا دەژیـان[٢]. پەیوەندییەکانـی کـورد و ئازەربایجـان لـەو کۆمـارەدا نائـارام و ئاسـایی نەبـوو. ئـەم گرفتـە پێشـینە مێژووییەکـەی دەگەڕایـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٣٠، لـەو ساڵەوە ڕێوشـوێنە توندەکانـی دەسـەڵاتی سیاسـی ئازەربایجـان بەتـەواوی فشـاری خسـتبووە سـەر پێکهاتـەی ئیتنـی کـورد، بەجۆرێـک زمانـی کـوردی بەیاسـا قەدەغـە کـرا بـوو کـە وشـەی کـوردی وەک تاوانێـک ناسـێنرا بـوو[٣]. هەڵبەتـە پێـشتر لـە دەسـپێکی بیسـتەکاندا دروسـت لـەو هەرێمانـەدا، لەنـاو کـوردی قەرەباخـدا، کیانێکـی دانپێدانـراوی خۆسـەر، بەنـاوی کوردسـتانی سـور دامـەزار بـوو. هەربۆیـە کاتێـک بارزانییـەکان گەیشـتنە سـنوری کۆمارەکانـی سـۆڤیەیەت، لەکاتێکـدا بـوو ئـەو کۆمارانـە لـە هەمبـەر هەرێمێکـی کـوردی خۆسـەری خۆیانـدا، خراپتریـن جـۆری جیـاوازی ئیتنییـان پێـڕەو دەکـرد. کاتێـک بارزانییـەکان بڕیـان دایـە بـەرەوە، یەکسـەر لەسەرسـنوورا وەک پەنابـەر خۆیـان ناسـاند و تـەواوی چەکەکانیـان لـێ وەرگرتـن. دوایـان لـە چاوەڕوانـی ڕێنماییەکانـی مۆسـکۆدا مانـەوە.

---

(1) Барзани М. Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С. 140

(2) История Курдистана, С. 307.

(3) Там же, С. 53

بەگشتی پێویستە بزانرێت سالانی چلەکان، قۆناغێکی گرنگ و تایبەت بوو لە گەشەسەندنی گیانی سیاسی مەلا مستەفای بارزانیدا، بەتایبەتی ئەو وەک کەسایەتییەکی سەربازی و سیاسیی لەئاستێکی بەرزی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ناوی چووبووە ناو ناوانەوە. بارزانی لەسەرەتاوە هەستی بەجۆرێک لە نائویدی لە کاردانەوەکان و بێباکی سۆڤییەتییەکان لێدەخوێنرایەوە. بەدەر لەوە تەڤگەری بارزانییەکان لە ئاستێکدا بوو کە وەک تەزوویەکی تەنراو بەڕۆحی کوردبوون، وەختێ بەنێو سنوورەکانی تورکیا و عێراق و ئێراندا تێدەپەڕین، بەتایبەت بەناو هۆزەکانی کورددا، بەجارێ ئەو گیانە ڕێکخراوەیی و ڕزگاریخوازییەی کورد زیندووببوویەوە و کورد چاوەڕوانی پێشهات و هەواڵی نوێ بوون لە بارەی بارزانییەکانەوە.

لەم بارەوە ڕۆژنامەنووس پ.دەمچنکۆ نووسیویەتی: "دوای شکستی کۆماری میللی مهاباد و بەرپەرچدانەوەی هێرشە توند و تیژەکانی یەکەسەربازییەکانی ئێرانی و تورکیا، لەلایەن بارزانییەکانەوە، لەکاتێدا نەیارەکانیان لەڕووی چەندێتی هێزی مرۆیی و چۆنێتی چەکی بەهێزەوە، نابەرابەر بوون، هێشتاش بارزانییەکان گرەویان بردەوە و چوونە ناو سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت و لەوێشدا وەک پەنابەری سیاسی، میوانداریی کران"[1].

لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت لە سەرەتادا، کەمتەرخەم و بێباک بوون، بەڵکو بارزانییەکانیان لە کەمپێکی وەک گولاگدا گلدابوونەوە. بەجۆرێک لە ساڵی ١٩٤٧ دا وەزیری ئاسایشی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت، عەقید جەنەڕاڵ ڤی. ئاباکومۆڤ، فەرمانی بۆ سودۆپلاتۆڤتا دەرکردبوو سەردانی بارزانییەکان بکات و بەتایبەتی لەگەڵ مستەفا بارزانیدا کۆبێتەوە. لەو دیدارەدا ڕایگەیاندبوو مافی پەنابەری سیاسی و مافی نیشتەجێبوون ببەخشێتە مستەفا بارزانی و تەواوی ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵیدا بوون. ئەوەبوو هەر لەوێدا بڕیاریدابوو کە تێکڕایان لە ناوچە دێهاتییەکانی نزیک بە تاشکەندی ئۆزبەگستاندا نیشتەجێ بکەن. بەمجۆرە و لە هەلومەرجی جیاواز و ناوچەگەلێکی جیاوازدا بۆ ماوەی ١٢ساڵی ڕەبەق لە یەکێتی سۆڤیەتدا مافی مانەوە درایە بارزانی و بارزانییەکان[2].

(1) Современный Восток, 01.01.1960.

(2) Судоплатов П. А. Спецоперации. Лубянка и Кремль в 1930–1950 годы, С. 308.

# بەشی چوارەم:

**مانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتدا**

گەلـی کـورد، جێـی شـکۆمەندی و شـانازی ژیانمـە، سـەرەڕای سـەختی بارودۆخـەکان، بەرگەگرتنـی برسـێتی و سـەرما و شـەختەی زسـتانان، مەترسـیی مەرگەسـات، ئەشـکەنجە و زینـدان، گرتـن و ڕاوەدوونـان، کۆڵنادەیـن و لەهەرکاتێـك زیاتـر سـوورین لەسـەر سـەندنی مافـە ڕەواکانـی نەتەوەکەمـان.

**مستەفا بارزانی**

**دەسپێکی ساڵانی مانەوەی مستەفا بارزانی و بارزانییەکان لە خاکی سۆڤییەتدا**

لەگـەڵ کەوتنـی کۆمـاری مهابـاددا. بارزانییـەکان کەوتنـە ژێـر تینوتـاوی مـەرج و مامەڵـەی توندی سـوپای ئێرانییـەوە. بۆیـە پاشەکشـەی پارتیزانییانـە و دڕادان بە ئاسـتەنگە ئەرتەشـی و بازگـە تەنراوەکانـی سـوپای سـێ وڵات و پەنابردنـە بـەر سنوورەکانی یەکێتـی سـۆڤیەت، تێکـڕای ئـەو پرۆسـەیە وەک داسـتانێک لـە ڕۆژەڤـی ڕاگەیاندنـی ئەوێدەمـی سـۆڤییتدا ناسـێنرا. هەمـوو ئـەو پرۆسـەکەش بـە هێرشـی سـوفوروف نـاوی دەرکـرد.

ئـەوە ڕوونـە کاتێک بارزانییـەکان گەیشـتنە ڕۆخـی سـنوورەکانی خاکـی سـۆڤیەت، لـەوێ بـە چـەک و تەقەمەنـی و ئەسـپەکانیانەوە بێئـەوەی یـەك جەنگاوەریـان خـۆی ڕادەسـتی نەیارەکانیـان کردبێـت، ئەوەیـان دووپاتکـردەوە، ئیـرادەی ئازادیخوازییـان بەسـەر تـەواوی کەندوکۆسـپەکانی ڕێگـەی هاتونەهاتـی بەردەمیانـدا سـەرکەوت. دوای ئـەوەی تـەواوی چەکەکانیـان لەنـاو بـردو توانیـان لـە ڕووبـاری ئاراسـەوە بپەڕنـەوە ئەوبـەری سـنوور، دیسـانەوە لەوێـش ڕێگەکـەی بەردەمیـان هێنـدە تەخـت و ڕازاوە نەبـوو، بەڵکـو بەزوویـی دوچـاری لێپێچینـەوە و ڕێوشـوێنی تونـد و بڕیـای لەپـڕ و ناگەهـان هاتـن، بەجۆرێـک لـە هەمـوو چەکێکـی سـوکیش کـە تائـەوکات پێیـان مابـوون

داماڵـێنران و تێکرایـان لـە کەمپێکـدا دەستبەسـەر کـران[1]. دیاربـوو بارزانـی گەلـێ نیگەرانـی مامەڵەیەکـی نەشـیاوی لـەم جـۆرە بـوو، بۆیـە بەزوویـی کەوتەخـۆ و لـە نامەیەکـدا کـە ئاڕاسـتەی جۆزیـف سـتالینی کردبـوو، زۆرێـک لـە ڕەفتـارە ناپەسـەندەکانی سـەربازانی سـنوور و بەرپرسـانی کەمپەکانـی خسـتبوویەڕوو و نوسـیبووی: "هەرکـە گەیشـتینە سـنوورەکانی سـۆڤیەت، وەک ئـەوەی چاوەڕوانمـان دەکـرد بـە دەنگمانـەوە نەهاتـن، نـەك هەرئـەوە، بەڵکـو بەداخـەوە کرێکارانـی سـۆڤیەتی زۆرخەمسـاردانە، نـە خوڵـق و خـووی خێرهاتنیـان هەبـوو، نـە لەکاتـێ پەڕینەوەمانـدا پێیـان ڕاگەیاندیـن لـە کوێـوە و لـە کامـە بـواردا بـاشترە بدەیـن بەنێـو ڕووبارەکـەدا[2]. باشـە ئـەوەش هیـچ کـە دەسـبارمان نەبـوون و بۆخۆمـان خۆمـان دایـە دەسـت مەترسـییەکانی مـەرگ و خنکانـەوە. کەچـی بـە پەڕینـەوەشمان دەسـبەجێ دەستبەسـەریان کردیـن و وەکـو بەندییـەك لەگەڵمانـدا دەجوڵانـەوە. ئێمـە لەپێنـاو سـوککردنی بـاری سەرشـانمان، ناچاربوویـن بـە تەنیـا، چەکوچـۆڵ و فیشـەکدانەکانمان هـەروا فڕێدەینـە بەردەسـت دوژمنەکانمـان، دوایـان توانـیمان بدەیـن بەنێـو ڕووبارەکـەدا"[3]. ئـەم نامەیـەی بارزانـی، نیشـاندانی گلەیـی و ئاسـتی چاوەڕواننەکـراوی ئـەوان بـوو بـۆ مامەڵەیەکـی وا. هەربۆیـە لـە بەشـێکی دیکـەی نامەکەیـدا نووسـیبووی: "لـە شـاری نەخچەوانـدا بـۆ مـاوەی ٤٠ ڕۆژی ڕەبـەق، بەندەیـان بەجیـا لـە کەسـوکارەکەم گلداوەتەوە. هەمـوو ئـەو ماوەیەش لـە هۆدەیەکـدا، ڕێـک وەک بەندییـەک بەندکرابـووم. نایشـارمەوە هەرگیز ئاکارێکـی وەهـام بەشـیاوی خۆم نەدەزانـی، چـون هیچکاتـێ چاوەڕوانـی وەهـا دۆخێکـم لـە سـۆڤیەت نەکـردووە، کەچـی ئەوەتـا بەچـاوی خـۆم دوچـاری بوومەتـەوە"[4].

لـە ڕاستیدا سـکرتێری کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی شـیوعی (بەلشـەفییەکان)ی ئازەربایجـان باگیرۆڤ، لـە پێشـنیارێکیدا کـە پێشـکەش بـە حکومەتـی یەکێتـی سـۆڤیەتی کـرد بـوو، داوای کردبـوو، هەرچـی زووتـرە بارزانییـەکان ببرێنـە کەمپەکانـی کەناراوەکانـی دەریـای خـەزەر و لـەوێ تێکڕایـان تونـدی زینـدان بکـەن. جیـا لـەو پێشـنیار و پەڵـپ

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С 47

(2) Meiselas S Kurdistan In the Shadow of the History, c 216

(3) Барзани М Мустафа Барзани и курдское национально-освободительное движение, С 310

(4) Там же

و بیانووانـەی کەسـانێک کـە ئیرەیـی و ئامـاژەی سـایکۆلۆجیایەکی نەخـۆش، دژ بـە بارزانییـەکان ببوونـە بایسـی ئـەو دۆخـە دژوارەی ژیانیـان. کـۆی کۆمارەکانـی سـۆڤیەتیش، هێشـتا هونـەری هیومانیسـتی و مۆرکـی مافەکانـی مـرۆڤ و ڕیفۆرمەکانـی ڕێسـا ئینسـانییەکانیان ئەزمـوون نەکردبـوو. بۆیـە بارزانییەکانیـش وەک زیندانییـەک کەوتبوونـە ژێـر سـایەی سیسـتەمە سـتەمکارەکانی سـۆڤیەتەوە. لـە ڕاسـتیدا ئـەوان وەک پەنابـەر پێناسـەیان نەدەکـرا، بەڵکـو زیاتـر بەنـد و دەستبەسـەر بـوون. تەنانـەت لـە بـواری دابینکردنـی سـادەترین پێداویسـتییەکانی وەك خزمەتگوزارییـە سـەرەتاییەکانەوە، هەریەکەیـان بەشـەخۆراکی ٥٠٠ گـرام نـان و تەنیـا دەورییـەک شـۆربایان بـۆ هـەر ڕۆژێـك بـۆ تەرخانکرابـوو. جیـا لـەوەش یـەک بـە یەکـی ئەندامانیـان لێپرسـینەوەیان لەگەڵـدا دەکـرا[1]. بەجۆرێـک ئـەو بریندارانەشـیان کـە هێشـتا زەخمەکانـی ڕۆژانـی جەنـگ و ڕووبەڕووبوونەوەکانیـان سـاڕێژنەکرابوون، ڕاسـتە ڕەوانـەی نەخۆشـخانەکان کرابـوون بـۆ چارەسـەرکردن، وەلـێ بەشـێوەیەکی زۆر سـنووردار چارەسـەردەکران و هیچکاتـێ وەک پێویسـت چارەسـەرییەکانیان شـوێنی نەدەگـرت. بۆیـە بەگشـتی بارودۆخـی بارزانییـەکان، لـە دۆخێکـی شایسـتە بـە ژیانێکـی ئاسـایی خۆیـان نەبینییـەوە. بۆیـە بـەردەوام بارزانـی لـە خەمـی هەڤاڵەکانیـدا بـوو، هەمیشـە نیگەرانـی ئـەو دۆخـە نالەبـارە بـوو کـە بەڕاسـتی گیـرۆدەی ببـوون. ئەوەبـوو بـۆ جارێکـی تریـش بەناچاریـی، لـە نامەیەکیـدا بـۆ سـتالین کـە لـە ڕێککەوتـی ١٥ی تشـرینی دووەمـی ١٩٤٧دا ئاڕاسـتەی کـرد. بەمجـۆرە لەبـارەی ڕەوش و ڕازی ژیانیانـەوە نووسـیبووی: "تاوەکـو ئەمـڕۆ هیـچ هەلومەرجێکـی ئاسـاییمان بـۆ فەراهـەم نەکـراوە[2]. ئێسـتا ئەوەتـا لـە کەمپـی بەکۆمەڵـدا ژیـان دەگوزەرێنیـن. زیاتـر کێڵگـەی بەرینـی کشـتوکاڵین و خەریکـن کاری سـەختی وەرزێـری و ئیشـی پاچوبێـڵ بـە پەنابەرانمـان دەکەن. دۆخێکـی سـەختی وا، لەگـەڵ شـێواز و سروشـتی ژیانـی ئەوانـدا یەکناگرێتـەوە. ئـەوان ناتوانـن هاوشـانی هـەرەوەزی بەکۆمـەڵ، هاوتـای وەرزێـر و جوتیـارە بـە ئەزموونەکانـی شـێوەژیانی وەرزێـری بەربـەرن. چـون بـە سروشـت و کەلتـووری کشـوکاڵ و کاری ئـەوێ ڕانەهاتـوون. هـاوکات ئەوکارانـە وزە و تینوتـاوی تـەواو تەندروسـتانەی دەوێ، خزمەتـی بـاش و خۆراکـی بەهێـز و بـەرگ و پەڵاسـی لەبـار.

(1) Судоплатов П А Разведка и Кремль М, 1992, С 309
(2) 5 Там же

وەلێ ئەوانـەی ئێمـە هیچـکام لەوانەیـان بـۆ دابیننەکـراوە، ئەسـڵەن هێشـتا بەشـێکی زۆریـان جلوبەرگێکـی پۆشـتەیان نییـە و هەندێکیشـیان هـەر لـەو شـوێنانەدا دەژیـن کـە کاری تێیدایـە، ئـەو شـوێنانە تەنانـەت ئەسـتەمە ئاژەڵدارەکانیـش بتوانـن تێیانـدا بمێننـەوە".

ئـەم وردەکارییـە وێنەیەکـی خێـرا و خسـتنەڕووی ڕۆژانـەی بارزانییـەکان بـوو. بارزانـی هـەر لـەو نامەیـەدا زۆر وردەکاری دیکـەی دابـوو بەدەسـتەوە. بەکورتـی بارزانـی نیـازی بـوو بڵێـت، ئـەوان ئاتاجیـان بـە مامەڵەیەکـی مرۆڤانـە و شـایان بەژیانـە. ئـەوان نەهاتوونەتـە ئـەوێ تاوەکـو تونـدی کێڵگـەکان بکرێـن و بەنانەشـقەم هـەروا هەڵیانسـوڕێنن. هـەروەک بارزانـی لەدرێـژەی نامەکەیـدا نووسـیبووی:" دوایـن ئامانجـی ئێمـە، خەبـات و خولیـای هـەر هـۆز و هێزێکـی کۆمەڵایەتـی کـورد، تەنیـا گەیـشتن و بەدەسـتهێنانی ئـازادی و سـەربەخۆیی بـووە. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، چەندەهاجـار ڕاپەڕیـن و دەرچـوون لـە سیسـتەمە سیاسـییە سـتەمکارەکان گیراوەتەبـەر. چونکـە ئێمـە ئاتـاجمان ئـازادی و سـەربەخۆییە. بۆیـە خەبـات بـۆ ئـەو ئاماجانـە، ئەرکـی سـەرەکی و بەرپرسـیارێتی سەرشـانی نەتەوەییمانـە. ئێمـە لـەم ڕێگەیـەدا بـژاردەی چارەنووسـی خەباتەکەمـان، گرێـداوە بـە پەنابردنـە بـەر سـنوور و خاکـی سـۆڤیەتەوە. چونکـە پێمان وایـە، سـۆڤیەت بریتیـە لـەو سیسـتەمە سیاسـییەی پشـتیوانی ئـازادی و هیـوای گەلانـی بندەسـتی جیهانـە".

دوای ئـەم نامەیـەی بارزانـی، هێنـدەی نەخایانـد، هەمـوو ئـەو نوێنەرانـەی لـە مۆسـکۆوە ڕەوانـەی لای بارزانـی کرابـوون. تێکڕایـان بـە مەبەسـتی ئـەوە هاتبـوون تـا لەنزیکـەوە هـەم گـوێ لـە داخوازییەکانـی بارزانـی بگـن، هەمیـش لـە ڕاسـتی و پاکـی پێنـاوی بارزانییـەکان و نیـازی داهاتوویـان تێبگـەن. هەڵبەتـە لـەو قۆناغـەدا پوختـەی داواکارییەکانـی بارزانـی کـە لـە نوێنەرانـی سـۆڤییەتی کردبـوون، بریتـی بـوون لـە:

- دەسـپێکردن بـە پەروەردەیەکـی سـەربازی سـەردەمییانە، بـۆ ئەمـەش داوایکردبوو ڕێگەبـدەن بەوەرگرتنـی قوتابییەکانیـان بـە مەبەسـتی خوێنـدن لـەو بوارانـەدا. بارزانـی بۆخـۆی لـەم کاتـەدا لـە شـوێنێک بەنـاوی شووشـە نیشـتەجێ بـوو، بـەڵام دوای ماوەیـەک گواسـتیانەوە باکـۆ. دیسـانەوە بـۆ جارێکـی تـر داوای دانیشـتنی تایبەتیـان لەگـەڵ بارزانیـدا کردبـوو. ئەوەبـوو لەسـەر ڕاسـپاردەی پاڤێـل سـودۆپلاتۆف کـە ژەنەراڵێکـی بـاڵای دامـەزراوەی هەواڵگریـی سـۆڤیەت بـوو، کەسـێکی بـە نـاوی

ماتڤییێـڤ بـۆ ئـەو مەبەسـتە ڕاسـپارد، ناوبرایـش وەک جێگـری بەڕێوەبـەری گشـتی ئاژانسـی تـاس و نوێنـەری فەرمـی حکومەتـی سـۆڤێت ناسـێنرا.

لـەم بارەیـەوە خـودی سـودۆپلاتۆڤ نووسـیوبووی: "هێنـدەی سـەرنجدەدەم، بارزانـی سیاسـەتمەدارێکی تـەواو تێگەیشـتوو، سـەرکردەیەکی سـەربازی ئێجـگار بـە ئەزموونـە". هەروەهـا بارزانیـش لەمیانـی دیدارێکیـدا بـە سـودۆفلاتوڤی ڕاگەیانـد بـوو:" لـە مـاوەی سـەد سـاڵی ڕابـردوودا، کـورد مژوڵـی ململانـێ و ڕاپەڕینـی دژ بـە فـارس، تـورک، عێراقـی و ئینگلیـزەکان بـوون. لـە زۆرترینـی ئـەو قۆناغـی ڕاسـان و ڕاپەڕینانـەدا، زیاتـر لـە شەسـت کـەڕەت، کـورد بـە فەرمـی داوای یارمەتـی و دەسـبارێتییان لـە ڕووسـییەکان کـردووە. هـەر لـەم گۆشـەنیگایەوە بـوو، ئەمجـارەش بزووتنەوەکەمـان بـە ساتەوەختێکی گەلـێ هەسـتیاردا تێدەپەڕیـی. لەکاتێکـدا دەسـەڵاتدارانی ئێـران، کەوتنـە وێـزەی کۆمـاری مهابـاد و پاکتـاوی پێشـمەرگە و ئازادیخوازانـی کوردیـان دەکـرد، بۆیـە بـە هەڵوێسـتێکی سروشـتی و دورسـتمان زانیـوە، تاوەکـو وەک جارەهـای جـاری ڕابـردووی ڕاپەڕینەکانمـان، ئـەم جارەیـش ڕوومـان بنێیـن لـە یەکێتـی سـۆڤیەت و داوای دەسبارێتی و هاوکارییـان لێبکەین".لـەدوای ئـەم ڕوونکردنەوەیـەی بارزانـی، ئەمجارەیـان سـودۆپلاتۆڤ ڕوویکـردە بارزانـی و پێـی ڕاگەیانـد: "لـە ئێسـتادا بەخۆشـحاڵییەوە لایەنـی سـۆڤیەتیی بـە داواکاریـی کردنـەوەی ڕاهێنانـی سـەربازی و پەروەردەییـن بـە قوتابیانـی بارزانـی ڕازییـە. بۆیـە بەشـێک لـە ئەفسـەرە بارزنییـەکان ڕێگەیـان پێـدرا، تاوەکـو بتوانـن لـە قوتابخانـە و ئەکادیمیـا سـەربازییەکانی سـۆڤیەتدا مەشـقی تایبەتییـان پێبکرێـت". هەروەهـا ناوبـراو دڵنیاییشـی دابوویـە بارزانـی کـە مانەوەیـان لـەو دۆخـە نەسـاز و نالەبـارەدا کـە ئێسـتا لـە ئاسـیای ناوەڕاسـتدا هەیـە. تەنیـا بـۆ ماوەیەکـی کاتییـە، دروسـت تاوەکو مەرجەکانیـان بـۆ گەڕانەوەیـان بـۆ کوردسـتان لـە هەلومەرجێکـی لەبارتـردا زەمینەیـان بـۆ بڕەخسـێت. لەکاتێکـدا بەپێـی بڕیـاری حکومەتـی سـۆڤیەت، سـێ کۆمپانیـای تفەنـگ و تۆپخانـە و فەوجەکانـی پەیوەنـدی و تانـک و چەنـد فەوجێکـی تایبەتمەنـدی تـر پەیوەسـت بـە ڕاهێنانـی بارزانییـەکان ڕێشـوێنی پێویسـتیان بـۆ تەرخانکـرا. هەروەهـا پەیوەسـت بـە وەزارەتـی بەرگـری یەکێتـی سـۆڤیەت، ٢٠ ئەفسـەری سـوپای سـۆڤیەتی، پەیوەسـت بـە ڕاهێنانـی بارزانییـەکان ڕاسـپێردران. ئەرکەکانـی ئـەو ئەفسـەرانەی سـۆڤیەت، تایبەتمەندکرابـوون بـە ڕاهێنانـی کارمەندانـی دەسـتەیەکی بارزانییـەکان، پەیوەسـت بـە

کاروبـاره سـەربازییەکان. لـە هەمانکاتـدا نوێنەرانـی سـۆڤیەت هەوڵیـان دەدا لـە پلان و نەخشـە درێژخایەنەکانـی بارزانـی و بارزانییـەکان ئاگاداربـن.[١] ئەوەبـوو لـە داهاتـوودا بارزانیـش بـۆی دەرکـەوت، ئـەو ژەنەڕاڵـەی پەیجـوری پـەروەردە و پێگەیاندنـی سـەربازییان ببـوو، مەبەسـتی بـووە دواتـر وەک هەڵسـوڕاوێکی سـۆڤیەت بنێردێتـە عێراقـەوە. تەنانـەت دەنگـۆی ئـەوەش لەسـەر ئـەو جەنەڕاڵـە هەبـوو کـە پێشـنیاری کـردووە، کیانێکـی تایبەتـی سیاسـی، لەشـێوەی میرنشـینێک بـۆ هـۆز و تیرەکانـی کـورد لـە باکـوری عێراقـدا دروسـت بکـەن و وەک بریکارێکـی بەرژەوەندییەکانـی سـۆڤییەت لـە ناوچەکـەدا قوتیبکەنـەوە. هەمـوو ئـەم پرۆپـۆزەڵ و پێشـنیارانە لـەو ڕاسـپاردە و ڕاپۆرتانـەدا بەرچـاو دەکەوتـن کـە لەلایـەن جەنـەڕاڵ و سیاسـەتمەدارانی پەیوەسـت بـە پێوەندییـە دەرەکییەکانـی سـۆڤیەتەوە بـۆ نووسـینگەکانی سـتالین بەرزدەکرانـەوە. جگـە لـەوەش مسـتەفا بارزانـی بۆخۆیشـی خاوەندارێتـی ڕوانیـن و ڕازێکـی تایبەتمەنـد بـوو بـە ئاینـدەی کاری سیاسـی و بەرژەوەندییەکانـی نەتەوەکـەی. ئەوەتـا لـە نامەیەکیـدا بـۆ سـتالین، جەختی لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە کردبوویـەوە کـە لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٤٤دا، پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ نوێنەرانـی سـەربازی و سیاسـی دەوڵەتـی سـۆڤیەتدا بـە بارێکـی پێشـکەوتوودا پاراسـتووە[٢].

خواسـتی بارزانـی ئـەوە بـوو؛ یەکێتـی سـۆڤیەت بـە شـێوەیەکی فەرمـی بێتـە پێشـەوە و دان بـە ڕەوایەتـی خواسـتە نەتەوەییەکانیانـدا بنێـت. بارازنـی دەیەویسـت بـۆ سـتالینی بسـەلمێنێ، ئـەوان سـەرکردایەتی جوڵانـەوە نەتەوەییەکـە و خواسـتەڕەواکانی خەڵکـی کوردسـتانیان لـە ئەسـتۆدایە. ئەوەتـا لـە ناوەرۆکـی نامەکەیـدا بـۆ سـتالین نوسـیویەتی: "لـە ئەگـەری ناسـاندنی ناسـنامەی نەتەوەیـی و ڕەوایەتـی دۆزی نەتـەوەی کـورد لەلایـەن سـۆڤییەتەوە، دۆزەکەمـان پێدەنێتـە ئاسـتێکی نێونەتەوەیـی و چیـدی لـە پەراوێـز و پایماڵـی پێشـهاتەکاندا نامێنینـەوە. ئەمـەش بابەتێکـی بەهێـزی بنەمـا سیاسـیی و ستراتیژییەکانـی هەژموونـی سـۆڤیەت لـە ناوچەکـەدا دەسـەلمێنێ. [٣]

هـەر لـەو پێوەندییـەدا داوای لـە سـتالین کردبـوو، بـە نوێنەرایەتـی دۆزی نەتـەوەی

(1) Свободный Курдистан Июнь 2002

(2) Барзани М Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С 318

(3) Там же, С 323

کوردەوە، بە مەبەستی گفتوگۆ و بەرچاوڕوونی، دەرفەتی بۆ بڕەخسێت تاوەکو لە نزیکەوە لەگەڵیدا کۆببنەوە و پرس و پاکێجی خواستەکانی نەتەوەکەی ڕۆشنبکاتەوە. هەموو ئەم پێشنیار و داواکارییانەی بارزانی، تێکڕا بێ وەڵام مانەوە. لەگەڵ ئەوەی هیچ وەڵامێکی ئەوتۆ نەدرایەوە، وەلێ واپێدەچوو سەرۆکی ئازەربایجان، جەعفەر باگیرۆڤ، چووبووە بنکڵیشی بەرپرسانی باڵای سۆڤیەت و بە گوێرەی بەرژەوەندی و کینەبەرایەتییەکانی خۆی لەگەڵ بارزانی و بارزانییەکان، بەکامی خۆی، بەوپەڕی شێواندنی شوناسی نەتەوەیی کوردەوە، بابەتەکەی گەیاندبووە ستالین. بە گوێرەی نووسینی دبلیو ئیگلتۆن بێت، هەر لە ساڵی ١٩٤٦وە، واتە لە میانی دیدارێکی باقیرۆڤ لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کۆماری میللی مهاباد، هەر لەوێ و لە دانوستانی نێوانیاندا، سەرکۆنەی پێشەوا قازی کردووە و هەوڵیداوە بارزانی و بارزانییەکان وەک گێچەڵێک بۆ گیانی کۆمار و ئایندەی ئازادیی کۆمارەکە بناسێنێ. بۆیە دوپاتیکردووەتەوە متمانە بەبارزانی نەکەن و بە گومان و دڕدۆنگییەوە لێیان بڕوانن[1].

لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٤٧ سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی ئازەربایجان، باقیرۆڤ، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٧دا، بۆیەکەمجار پێشوازی لە مستەفا بارزانی کرد. ئەم کۆبوونەوەیە بووە سەرەتایەک بۆ زنجیرە دیدارێکی دواتری نێوانیان. هەربۆیە ئاستی پێوەندیان وابەستەی چەندین بەرژەوەندی جیاوازی نێوانیان بوو. لەم بارەیەوە مەلا مستەفا بارزانی وەک بیرخستنەوەیەک لەمەڕ ئاستی پەیوەندیی و دیدارەکانی نێوانیان وتبووی: "کەڕەتێک لەگەڵ باقیرۆڤدا کۆبوومەوە، پێم گوت: ئێمە گەلێکی ستەملێکراوین و چاومان لە هەرهاوکاری گەلانی یەکێتی سۆڤیەتە لە بواری ڕاوێژ و پسپۆڕییە سەربازییەکاندا. هەربۆیە داوای هاوکاری و پاڵپشتی نەتەوەکەمان دەکەین و دەمانەوێ ڕۆڵتان لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا هەبێت. ئێستاش بە ناوی هەموو گەلی کوردەوە دەستی هاوکاریمان درێژکردووە. بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە داوام لە باقیرۆڤ کرد، ئەم بانگەوازم بگەیەنرێتە ئەندامانی سەرکردایەتی لە مۆسکۆدا"[2].

---

(1) Eagleton W The Mahabad Republic 1946, c 46

(2)Цит по: Барзани М Мустафа Барзани и курдское освободитель-ное движение, с 170

هەرچەنـدە تاوەکـو ئـەوکات هیـچ وەڵامێکـی وەهـا کـە بـەری دڵـی بارزانـی بگرێـت لـە ئـارادا نەبـوو. تەنیـا ئـەوە نەبێـت لـە پێشـهاتێکی نوێـدا، پەیوەسـت بـە مەشـق و ڕاهێنانـەکان، هەلومەرجێکـی لـە باریـان بـۆ ڕەخسـێنرا.

پەیوەسـت بـەو پێشـهاتە نوێیـە، لـە ٢ی کانونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٧دا، بارزانـی پێشـنیاری بـۆ شـێخ سـلێمان و بنەماڵەکـەی کردبـوو کـە پێویسـتە هەرچـی زووە شـوێنی خۆیـان بگوازنـەوە باکـۆ. ئەوەبـوو هـەر بەگەیشـتنی ڕاسـپاردەکەی بارزانـی، دەسـبەجێ لـە ٩ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٧دا، مـاڵ وحاڵـی ناوبـراو گواسترانـەوە کەمپێکـی نێزیـک لـە باکـۆ. هەروەهـا لـە ڕۆژی ٢٢ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٧دا، بارزانـی بەیـاوەری جەنـەراڵ ئەتاکچییێـڤ سـەردانی کەمپـی نوێـی بارزانییەکانـی کـرد. لـەوێ بـە بینینـی بارودۆخـی باشـی ژیانیـان، خۆشـحاڵی خـۆی بـە دۆخـی هەڤاڵەکانـی دەربـڕی بـوو. ئـەم ژینگـە نوێیـە لـە دوای تێپەڕبوونـی چەنـد ڕۆژێکـی کـەم، بارزانـی هانـدا تاوەکـو فەرمـان بـە کردنـەوە و پێکهێنانـی کەتیبەیەکـی نـوێ بـکات و ئەسـعەد خۆشـەویش وەکـو لێپـرسرا و فەرمانـدەی کەتیبـە سـەربازییە بناسـێنێت. دواتـر جیـا لـە ئەسـعەد خۆشـەوی، هەمـوو ئـەم هەڤاڵانـەی دیکـەی بارزانـی، وەک فەرمانـدەی سـەربازی ناسـێنران و دەسـتبەکاربوون، لەوانـە: سـەعید وەلی-بـەگ، محەمـەد ئەمیـن میرخـان، مامەنـد مەسـیح و مسـتۆ مـزووری. هـاوکات هـەر لەوێـدا کەسـێکی وەک کازیمـۆڤ، ئـەوەی سـەردەمانێک وەک پشـکنەری ڕاهێنانـە سـەربازییەکانی کۆمـاری مهابـاد دەسـتبەکار ببـوو، دوای ئـەوەی جارێکـی تـر لەنـاو کەمپـی پەنابەرانـی بارزانیـدا، بەدیـداری بارزانییـەکان شـادببوویەوە، بڕیـاری دابـوو هەمـان ئەرکـی ڕاهێنانـی سـەربازی بارزانییەکانـی بگرێتـەوە ئەسـتۆ. هەڵبەتـە جگـە لـەم ئەفسـەرە باڵایـەی سـۆڤیەت، ئەفسـەرانی دیکـەی وەک عەبـدوڵڵا کولییێـڤ، کێریمـۆڤ، زەینەلـۆڤ، مامێـدۆڤ و شـارینۆڤ تێکڕایـان ئەرکـی ڕاهێنانـی کوردەکانیـان خرابوویـە ئەسـتۆ. لێرەوە لـەو بـارە ناهەمـوارە دەرویەکـی دروسـت و پێویسـت بـەڕووی بەخـت و ئیقباڵـی بارزانییەکانـدا کرایـەوە. تەنانـەت نوێتریـن چەکـی سـەربازییان پێـدرا و ڕۆژانـەش هەشـت کاتژمێـری ڕێـک لەنـاو ڕاهێنانێکـی سـەربازیی چڕوپـڕ و یەکبینـدا یادگیرییـە سـەربازییان پـێ فێردەکـران. هـەر سـەبارەت بـەو کۆرسـانەی ڕاهێنانـەکان و لەچوارچێـوەی هونـەر و فەننـە فیزیۆلۆجـی و جەسـتەییەکاندا،

ڕۆژانــە چــوار کاتژمێریــش تەرخــان کرابوو بــۆ خوێندنــی زمانــی کــوردی. ئەمەیــان لــە ژێــر ڕێنمایــی ئــەو وانەبێــژە کوردانــەدا دانرابــوو کــە پێــشتر بەشــێوەی پێویســت ئاشــنای خوێندنــی زمانــی کــوردی ببــوون. دیــارە ئــەو گرنگیپێدانــەی بەرپرســانی بــاڵای سـۆڤیەتی بـە مسـتەفا بارزانـی، گەواهیـدەری گۆڕانکارییەکـی جۆریـی و جیـاواز بـوو لـە ڕوانگـە و ڕێوشـوێنی سیاسـی سـۆڤیەتییەکاندا. بـە ڕادەیـەک بیریـان لـەوە کردبوویـەوە، چیـدی نـۆرەی دەسـتکردنەوە بـە چالاکییـە سیاسـییەکان، لـە ئانوسـاتدایە. هـەر لەسـەر ئــەم بنەمایــە بــوو، لــە ١٩ی بانەمــەڕی ســاڵی ١٩٤٨ دا، بــە ئامادەبوونــی نوێنەرانــی کــوردی ئێــران و عێــراق، کۆنگرەیەکــی گرنــگ بەڕێوەچــوو. لــە کۆنگرەکــەدا بارزانــی بــە فەرمــی وەک نوێنــەری نەتــەوەی کــوردی عێــراق، بانگهێشــتکرا بوو. ئــەم بانگهێشــتە وێــڕای ئــەوەی وەرچەرخانێکــی گرنــگ و گۆڕانکارییەکــی گــەورەی پەیوەســت بــە هاتنەوەمەیدانــی ڕابەڕێکــی دەربــەدەری وەك بارزانــی بــوو، هــاوکات یەکەمیــن دەرکەوتنەوەیشــی بــوو لەنــاو بۆنەیەکــی گرنــگ و گــەورەی زانســتیدا. بۆیــە بارزانیــش بۆنەکــەی بەدەرفەتێکــی گەلــێ گونجــاو دەزانــی تاوەکــو بەرنامەیــەك دابنێــت بــۆ ئــەوەی  کۆنگرەکــە بکاتــە ســەکۆیەکی ستراتیــژی و هــەر هیــچ نەبێــت لەوێــوە لایـەك بـە لای خەباتـی پەراوێزخـراوی نەتـەوەی کـورددا بکرێتـەوە. ئەوەبـوو بارزانـی بەزوویــی بەرنامــەی داڕشــت و توانــی لــە نــۆرەی خۆیــدا ڕاپۆرتێکــی ڕاشــکاوانەی تێروتەســەل پێشــکەش بــکات. لــە ڕاپۆرتەکــەدا تێکــڕای تێڕوانیــن و خواســتی خەباتــی نەتــەوەی کــوردی بــە دەنگێکــی گەلــێ زوڵاڵ نومایــان کردبــوو.[1] هــەر لــە کۆنگرەکــەدا گەلــێ بەڵگەنامــە و بابەتــی جۆراوجــۆری دیکــە لەلایــەن کەســانی ئەکادیمــی و کوردناسـانەوە هەڵدرانـەوە. دوایـان هەڵبـژاردن بـۆ پێکهێنانـی سـەرکردایەتییەکی سیاسـی ئەنجامـدرا. داواتـر ئـەم سـەرکردایەتییە بەنـاوی  ئەنجومەنـی ڕزگاریخوازی کـورد خـۆی ڕاگەیانــد. دیــار بــوو پێکهاتــەی ئەندامانــی بــاڵای ئەنجومەنەکــە بریتــی بــوون لــە هــەردوو نوێنەرانــی کوردســتانی ئێــران و عێــراق و هەمووشــیان لــە حــەوت ئەندامــی دەسـتەی سـەرۆکایەتی دیاریکرابـوون. هـەر حەوتیشـیان دەبـوو لەژێـر سـەرکردایەتی کەسـێکدا بن. جیـا لـەم لیژنەیـەش، بابەتێکـی گرنـگ کـە بڕیـاری لەبـارەوە درابێـت، بریتیبــوو لــە پرســی پەخشــی بەرنامــە کوردییەکانــی ڕادیــۆی باکــۆ، چــون بڕیــاردرا بــۆ

---

(1) Там же, с 172

یەکەمجـار بـە زمانـی کـوردی بەرنامەیەکـی پەیوەسـت بـە کـورد و کوردسـتان پەخـش بکرێـت. هـەر لـە چوارچێـوەی کاری میدیـا و ڕاگەیاندنـی کوردیـدا، بڕیـاری دەرچـوون و وەشـانی ڕۆژنامەیەکیش بەزمانـی کـوردی، یەکلایـی کرایـەوە.

سـەبارەت بـەم کۆنگـرە کوردییـە، کاردانـەوەی وڵاتانـی هەرێمـی لـە ئاسـتێکی ئێجگار تونـدا نـوێنرا. ئەوەبـوو لـە یاداشـتێکی بەرپرسـانی بـاڵای ئێرانیـدا کـە ئاڕاسـتەی باڵیـۆزی سـۆڤیەتیان لـە تارانـدا کردبـوو، سـەرکۆنەی سیاسـەتێکی فەرهەنگـی وەهـا کرابـوو. هەروەهـا لـە ڕێککەوتـی ١٤ی بانەمـەڕی ١٩٤٨، کاردانـەوەی باقیـرۆڤ توندتـر لـە هـەر هەوڵێکـی هەرێمـی تورکیـا و ئێـران نیشـاندرا. ناوبـراو پێـشتر گلەوگازانـدەی لـە بارزانییـەکان و سـنووردارکردنی چالاکیـی سیاسـیی مسـتەفا بارزانـی و دەوروبەرەکـەی هەبـوو. هەربۆیـە وتـارە مێژووییەکـەی بارزانـی، ناوبـراوی قەڵـس و قوشـقی کردبـوو.[1] هەڵبەتـە باقیـرۆڤ لـەو کۆنگرەیـەدا چـاوی بـە بینینـی بارزانـی هەڵنەدەهـات، چیجـای کاردانـەوەی بەهێـزی وتـارە مێژوویـی و زوڵاڵەکـەی بارزانـی کـە هەمـوو ئامادەبـووان ئاماژەیـان بـە بەهێـزی و ڕەوایەتـی ڕوانگەکانـی دەکـرد. بۆیـە دەرفەتێکـی وا بـۆ بارزانـی، بوویـە مایـەی نیگەرانـی باقیـرۆڤ و سـەرەتای ئاڵۆزتربوونـی پەیوەندییەکانیان. هـەر ئـەوەش هۆکارێـک بـوو کـە باقیـرۆڤ زەفـەر بەرێـت بـە کارەکانـی داهاتـووی کۆنگرەکـە. دواجـار کۆمیتـەی ڕزگاریخـوازی کـورد لێکهەڵوەشـا و تاوەکـو بـە تـەواوی تێکـڕای کارەکانـی ڕاگیـران. تەنانـەت دواتریـش باقیـرۆڤ پێشـنیاری دابوویـە حکومەتـی سـۆڤییەت، تاوەکـو بارزانییـەکان لـە ئازەربایجانـی سـۆڤیەتدا دوور بخەنـەوە. مەبەسـتی بـوو دوورتـر لـە سـنووری خاکـی ئێـران دەربەدەریـان بکـەن. ئـەم پێشـنیارەی باقیـرۆڤ دەشـێ پەیوەندیـدار بوویێـت بـە ڕەچاوکردنـی بەرژەوەندییەکانـی خـۆی، لـە ئازەربایجانـی ئێرانـدا، بـەڵام مۆسـکۆ مەیدانخوازییەکانـی باقیرۆڤـی زۆرجـار بەهەنـد وەرنەدەگرتـن. چـون پێیـان وابـوو کاتـی ئـەوە هاتـووە سـوود لـە بوونـی بارزانییـەکان لـە هاوکێشـە سیاسـییەکانی ناوخـۆی عێراقـدا وەربگـرن. [2]دواجـار بەپێـی بڕیارنامـەی ئەنجومەنـی وەزیرانـی یەکێتـی سـۆڤیەت، ڕێـک لـە ڕێکەوتـی ٩ی ئابـی ١٩٤٨ بـە ژمـارە ٢٩٤٣-١٢١ی وەزارەتـی ناوخـۆی یەکێتـی سـۆڤیەت ئامـاژەی پێدرابـوو. بڕیـاردرا

(1) Там же, С 173

(2) Судоплатов П А Разведка и Кремль, С 309

بـە گواسـتنەوەی پەنابـەرە بارزانییـەکان لـە ناوچـەی باکـۆوە بـۆ نـاو سـنووری خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ئۆزبەکسـتان. بەمـەش بارزانییـەکان برانـە ژینگـە و ژیانێکـی جیـاوازەوە. وادیـار بـوو ئاماژەکانـی دۆخـی ژیانیـان جێگیرتـر بێـت. چـون لەوێـش درێژەیـان بـە مەشـقە سـەربازییەکانیان دەدا[1]. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٨ دا، بارزانـی جارێکـی تـر داوای کـرد دەرفەتـی کۆبوونەوەیەکیـان لەگـەڵ سـتالیندا بـۆ ڕێکبخـەن. بارزانـی مەبەسـتی بـوو لـە نزیکـەوە ڕوونکردنـەوەی دۆخـی خـۆی و بارزانییـەکان و نەخشـەی سیاسـییان نیشـان بـدات. لـەم میانـەدا مـەلا مسـتەفا بارزانـی داوای لـە جەنەڕاڵـی سـۆڤیەتی لیوسـپۆڤ کرد، پێویسـتیان بەوەیـە پێنـج ئەفسـەری نـاو مەفرەزەکـەی بخەنـە بـەر خوێنـدن و لـە قوتابخانـەی حزبـی تاشـکەنددا درێـژە بـە خوێندنـی ئەکادیمـی بـدەن. هـاوکات داوایکـرد مەشـقی سـەرباز و ئەفسـەرەکانیان ڕێکبخـات. بارازنـی بەئاشـکرا مەبەسـتی بـوو لەنـاو هەڤاڵانیـدا، چەنـد ئەفسـەرێکی ئەکادیمـی ئامادەبـکات تاوەکـو ببنـە خەلەبـان. جیالـەوەش چەنـد پسـپۆڕییەکی وردی سـەربازی دیکـەی داواکردبـوون.

هەڵبەتـە وێـڕای وردی و خەمخـۆری بارزانـی بـۆ ئاینـدەی ئەوانـەی لەگەڵیـدا بـوون. ئـەوە دەخوێندرایـەوە کـە هـەم بێباکـی سـۆڤیەتییەکان و هەمیـش بوونـی کەسـانێکی کینەلـەدڵ و ناحـەز بـە بارزانییـەکان ڕۆڵیـان لـە شـێواندنی ڕاسـتییەکانی ڕەوایەتـی دۆزی کـورددا بینیـوە. ئەوەبـوو ئەمجاریـش س.کروگلۆڤـی وەزیـری ناوخـۆی سـۆڤیەت لەنوێتریـن پێشـهاتی پەیجـوری بارزانییەکانـدا، داوای هەڵوەشـاندنەوەی هەمـوو کەتیبەکانـی ڕاهێنانـی بارزانییەکانـی کردبـوو. لێـرەوە بڕیارەکـە بـۆ دەسـەڵاتدارانی خۆجێـی شـۆڕببوویەوە، هەربۆیـە ئـیتر لێـرە بـەدواوە بارزانییـەکان ناچاربـوون، خۆیـان لـە دەرەوەی دامـەزراوە و ناوەنـدە سـەربازییەکاندا ببیننـەوە و زیاتـر بچنـە نـاو کەرتـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازییەوە. سـەبارەت بـە لێپێچینـەوە لـە هـەر لادانێکـی ئەندامانـی دەسـتەکەی بارزانـی، ئـەوا جڵەوگیرییـان سـپێردرابوویە چاودێـری ئیداریـی پەیوەسـت بـە ئۆرگانەکانـی وەزارەتـی ناوخـۆی ئۆزبەکسـتان[2]. هەمـوو ئـەو ڕێوشـوێنانە ڕاسـتییەکیان نیشـان دەدا، کـەوا ترسـێکی لـە ڕادەبەدەریـان لەسـەر بارزانییـەکان

(1) Свободный Курдистан Июнь, 2002

(2) Там же

خستووەتە دەروونی دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانەوە. هەر ئەو ترسوبیم و پێداگرییەی ئێرانییەکانیش پێکەوە ڕۆڵیان لەو بڕیارە توندانەی کۆمارەکانی سۆڤییەتدا هەبوو. بۆیە تا بۆیان کرا، جارلەدوای جار، هەوڵی ئەوەیان دەدا، تا بۆیان دەکرێت شوێنکەوتەی بارزانی، دوورتر لە خاڵە سنووورییەکانی ئێران یشتەجێیان بکەن. هەرچەندە بارزانی هەر بەردەوام بوو لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی. ئەوەبوو لە ١٣ی ئاداری ١٩٤٩ ژەنەراڵێکی سۆڤیەت، بەمەبەستی دیدار لەگەڵ بارزانیدا گەیشتە تاشکەند. لەوێ لەگەڵ مستەفا بارزانیدا کۆبوونەوە و دوایان بڕیاریدا دووان لە پێشمەرگە چالاکەکانی بارزان، لەوانە سەعید مەلا عەبدوڵڵا و زیاب داڤری وەک دوو لە قوتابیانی بواری پسپۆڕییە سەربازییەکان بنێرنە بەرخوێندن. لەسەر بنەمای ڕێگریی و ڕێنومابییەکانی حکومەتی سۆڤیەتیی، بارزانییەکان تەنیا لە شوێنانی وەک کێڵگە کشوکاڵییەکانی دێهاتە دوورەدەستەکان و هەندێک پڕۆژەی بچوکی پیشەسازیدا ڕێگەیان پێدەدرا کاروکەسابەتی خۆیان بکەن. هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەیانتوانی بژێوی و ژیانێکی کولەمەرگی بۆ خۆیان دابین بکەن. ئەوە لەکاتێکدا بوو، ئەم مۆڵەتپێدانە خودی بارزانی نەدەگرتەوە، بەڵکو ئەو بەردەوام لەژێر چاودێری دامەزراوە ئاسایشییەکانی میریدا بوو. سەرەڕای ئەمەش هەموو ئەوانەی لەگەڵ بارزانییدا پەنایان بردبوویە بەر سنوورەکانی سۆڤیەت، وابەستەیی تەواویان بە خودی بارزانییەوە مابوو. بەجۆرێک بەردەوام وەکو تیمێکی گیانی بەگیانی هاوکار و ئاگاداری ڕەوشی ژیان و گوزەرانی یەکتریی بوون. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە تێکڕا هاوکار و مشورخۆی پێگە و پێناوی ڕابەرەکەیان بوون و لەهەر دزەکردن و دەستێوەردانێکی دامەزراوە سیخوڕییەکانی سۆڤیەت بەدووریان دەگرت. بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی پ.سودۆپلاتۆڤ، تاکە بریکارێک کە (ئێم جی بی) لە ماوەی هەنگاوە هەواڵگیرییەکانیدا، بەهەموو هەوڵەکانییانەوە دزەیان کردبووە نێو بارزانییە پەنابەرەکانەوە. ئەوان وەک هەر نەریتێکی خەڵکانی لێقەوماو، لە گۆشەنیگای گیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووورە خێڵەکییەکەوە لایان وابوو دەتوانن دزەبکەنە ناو ناسنامە ئیتیکی و ئەخلاقییەکەی ئەوانەوە. وەلێ ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانی قوڵی ناوەندە هەواڵگیرییەکان بوو. ئەوەبوو، لە تەواوی هەوڵەکانیاندا، توانیان تەنیا کەسێک ڕامی ڕوانگە هەواڵگیرییەکەیان بکەن.

ئەویش کاتێکیان زانی، بێسەروشوێن کرا و دیارنەما، بەجۆرێک ئێستاش و ئێستاش کەس نەیزانی چ چارەنوسێکی ڕووبەڕووبوویەوە.[1]

بەگشتی بارزانییەکان لەو ئۆردوگا و کەمپانەی بۆیان دانرابوون.هەر هاموشۆ و هەڵسوکەوتێکیان لەژێر چاودێری توندی دەزگا ئاسایشییەکاندا بوون. تەنانەت دابڕانێکیان لەنێوان بارزانی و کەسوکار و هەڤاڵەکانیدا دروستکردبوو. نەکا پێوەندی و ڕایەڵەیەکی ڕێکخراوەیی لەناویاندا دروست بکەن. تەنانەت نەیاندەهێشت پۆستە و بابەتی بەرید و نامە و نامەکاریش لەنێویاندا بوونی هەبێت. لەگەڵ هەموو ئەو کۆنترۆڵ و کۆت و بەندانەی بەردەوام باری سەرشانی تێکڕای بارزانییەکانی گەلێ گران کردبوو. کەچی ئەوان هەمیشە ئیتیک و ئایدیاڵەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەهای بەرزی باوەڕە کوردییەکەیان لەپێش هەر ڕەنج و مەینەتێکی ژیانی تایبەتییان بەلاوە گرنگتربوو. هەربۆیە بارزانییەکان لەڕێی سیاسەتی گۆشەگیرکردن و لێکدابڕانەوە، ملیان نەدا. بەڵکو پێکەوە لەیەک هەڵوێستی و یەکڕیزیی نێوانیاندا، ڕازی ڕابەرەکەیان پاراست و نەچوونەژێر باری هیچ جۆرە فشار و زەجرێکی زەمینە هەواڵگیرییەکەوە. تەنانەت هەر بارزانییەک بەبێ جیاوازی، بوونە بازوویەکی بەهێز لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانخوازییەکانی سۆڤیەتدا، ئەم کارەشیان وەک ئەرکێکی ئینسانی و نیشتمانی نیشان دەدا. لەم میانەشدا پێکەوە نەخشەڕێ و گردبوونەوە و دەنگی ناڕەزاییان لەهەمبەر سەرکوت و دابڕانی کەسوکار و ئەندامانی یەکتریی بەرزکرداوە، ئەم هەڵوێستەشیان وەک جۆرێک لە مانگرتن و ناڕەزایەتی، لە گردبوونەوەیەکی ٧٢ کاتژمێرییاندا خستەڕوو[2]. دواجار هەموو ئەم ئەزموونی جڵەوگیرییە، لەماوەی شەووڕۆژێکدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا هات. ئەوەبوو لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا. ڕەوشێکی نوێ هاتە پێشەوە. ڕەوشێک ڕەنگە پێشتر بەخەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتبێت. ئەویش ئەوەبوو لەناکاو هەموو ڕێساکان هەڵوەشێنرانەوە. ئیدی لەوە بەدوا ڕێگەیان دەدا بەوپەڕی ئازادییەوە بارزانییەکان پەیوەندی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خودی بارزانیدا بکەن. تەنانەت ڕێگەیان بە بارزانی دا کە بارزانییەکان بنێرێتە مۆسکۆ و لەوێ بەوپەڕی ڕاشکاوی و بەوپەڕی گیانی ڕەخنە و ئازادییەوە ناڕەزایەتی و

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С 15

(2) Mojab S, Hassanpour A The Politics of Nationality and Ethnic Diversity — Iran after the Revolution L — N Y, 1996, c 233

داواکارییەکانیـان بخەنەپێشچاو دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەتیی. لەگـەڵ هاتنـە پێشـەوەی ئـەم هەلومەرجـە نوێیـەدا، بارزانی دیسـانەوە بۆ چەندەمین جار، لەڕێگەی پەیامێکەوە، سـتالینی لـە تـەواوی ناسـۆر و نەگبەتییەکانی نەتەوەکـەی ئاگادارکردەوە. هەڵبەتـە ئەمەیان تاکە نامە بـوو کـە لـە نێـو دەیـان نامـەی دیکـەی بارزانیـدا، لەنـاو هەمـوو ئەونامانـەی پێشـوویدا کە تێکڕایان لەڕێی سانسـۆری ناوخۆییەوە دەسـتیان بەسـەردا گیرابوو، بەشـێوەیەک نەیانهێڵابوو بگەنـە شـوێنی مەبەسـت. وەلـێ ئـەم دوایـن نامـەی گەیشـتە کۆشـکی کرێملیـن.[1] بۆیـە بەپێچەوانـەی نامەکانـی تـری بارزانییـەوە کـە بێـوەڵام مابوونـەوە. ئەمجارەیـان لەلایـەن سـتالینەوە، ناوەڕۆکـی نامەکـەی بارزانـی، زۆر بەجدی لەبەرچاو گیرا بوو، چونکە ڕاسـتەوخۆ دوای گەیشـتنی پەیامـی بارزانـی، بڕیاردرا کۆمیسـیۆنێکی تایبـەت بۆ کاروبـاری بارزانییەکان لـە مۆسـکۆدا پێکبهێنرێـت. ئەوەبـوو لـە مانگی ئـاداری سـاڵی ١٩٥١ دا، کۆمیسـیۆنەکە هەم دامـەزرا، هەمیـش دەسـتی بـە کارەکانـی خۆی کـرد. کاری کۆمیسـیۆنەکە ئاوڕدانـەوە بوو لە ڕەوشـی ژیـان و داواکارییەکانـی بارزانییـەکان. هەربۆیە لەیەکـەم چالاکییانـدا، ئەندامەکانی کۆمیسـیۆن سـەردانی سـەرجەم ئـەو کەمپانەیـان کـرد کـە بارزانییـەکان تێیانـدا نیشـتەجێ بـوون. لەیەکەم سـەرداندا، سـەبارەت بە هـۆکاری مانگرتنی بارزانییەکان کەوتنـە لێپێچینەوە و وردەکاری وردەوە. ئـەوان نیازیـان بـوو بزانـن، ئایا چۆن چۆنی ئەمـە ڕوویداوە و لەبەرچی مانیـان گرتـووە. ئەوەی لێرەشـدا جێگەی سـەرنجی هەموان بوو، بریتیبوو لـەوەی لە تەواوی کەمپـی بارزانییەکانـدا، هەمان جۆری وەڵامدانەوەیان پێدرابوویـەوە. دواجار هەر ئەندامانی لیژنەکـە هەمووڵایەکیان دڵنیاکردەوە کە ئەوان شانبەشـانی بارزانـی هاتوونەتە مەیدانەکەوە و تەنیـا دەیانەوێـت لەبارزانییـەوە نزیـکبن و لەبەرژەوەنـدی بارزانییەکان هەڵسـوڕێن. دوای وردەکارییەکـی چڕوپـڕ، کۆمیسـیۆنەکە کارەکانـی تەواوکـرد و دواجار گەڕانـەوە مۆسـکۆ. لـە مۆسکۆدا تەواوی ئەنجام و فیدباکی کارەکان و دیدار و دنیابینی بارزانییەکانیان تاوتوێ کرد. هەربۆیـە بەزوویی گەیشـتنە ڕاسـتیگەلێک. هـەر ئـەم ئەنجامگیرییـە هۆکارێکـی سـەرەکی بـوون، تاوەکـو بڕیـاری ئازادکردنـی سـەرجەمی مانگرتـووان و بارزانییـە ناڕازییـەکان بـدەن. لەگـەڵ ئەواشـدا بڕیـاری باشـکردنی ژیان و دابینکردنـی کارو ئازادی هاموشـۆی بارزانییەکان درا. لێـرەوە، واتـە لـە کۆتایی مانگی ئابی سـاڵی ١٩٥١دا کۆمیسـیۆن بڕیاریـدا ڕێنماییگەلێکی

(1) Сведения о пребывании М Барзани в СССР см: Хаврами А Мустафа Барзани Материалы и документы о пребывании в СССР 1945–1958 гг

نـوێ لـە بەرژەوەنـدی بارزانییەکانـدا دەربـکات . لـە ١ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٥١دا لەڕێگەی فڕۆکەیەکـی تایبەتییـەوە، مسـتەفا بارزانـی ڕەوانەی تاشـکەندی پایتەختی ئۆزبەگسـتان کرا. بارزانـی لـەوێ لـە دیـداری بەرپرسـانی بـاڵای سـۆڤیەتدا، چـاوی بەزۆرێـک لـەو بەرپرسـانە کەوتبـوو کـە دڵنیایـان کردبوویـەوە، ئەوان وەک سیاسـەتی ئێسـتای مۆسـکۆ، زۆر بـە قووڵی پەشـیمانیی لـە هـەر هەڵەتێگەیـشتن و کەمتەرخەمیـی و بێباکییـەک دەردەبڕن کـە بەرانبەر بارزانییـەکان نواندبێتیـان. هـاوکات بارزانییـان لـە ڕاسـتییەک دڵنیـا کردبوویـەوە کـە ئـەوان گەرەکیانە سـەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستەکانی خۆیان بەرانبەر بارزانییەکان بکەن. لـە هەمانکاتـدا داوایـان لـە بارزانـی کرد، نامـە و پەیامـی تایبەتی خۆی ئاڕاسـتەی سـەرجەم بارزانییـەکان بـکات و ئاگاداریـان بکاتـەوە لەو ڕێـکارە نوێیانـەی لەپێنـاو باشترکردنی دۆخی ژیانیـان گیراوەتەبـەر. هـاوکات بێجگـە لـە بارزانـی، کەسـایەتییەکی وەک شـێخ سـلێمانیش کـە هـاوەڵ و هاوسـەفەر و هاوڕێـی نزیکـی بارزانـی بـوو، ناوبراویـش لەڕێگـەی باڵەفـڕی تایبەتییـەوە، بەوپـەڕی ڕێزەوە لە سـەمەرقەندەوە گوازرابوویەوە تاشـکەند. بێجگە لەوانیش هەریەک لە ئەسـعەد خۆشـەوی و چەند بارزانییەکی دیکەش، ئەوانەی هاوسەفەر و هەڤاڵی ڕێگـەی بارزانـی بـوون تێکڕایان بەوپەڕی نواندنـی ڕێزەوە، تاوەکو مانگـی نۆڤەمبەری ١٩٥١ لەڕێگـەی فڕۆکـەی تایبەتییـەوە دەهێنرانـەوە تاشـکەند. دیـارە لـەوێ، لـە گەڕەکێکی شـاری تاشـقەند، بـۆ ماڵـی مسـتەفا بارزانـی، وەک شـوێنی مانەوەی خانوێکی شـیاوی بـۆ دایاریکرا. هـاوکات حکومەتـی ئۆزبەکسـتانیش کۆمیسـیۆنێکی تایبەتی بۆ کاروباری کـوردان پێکهێنا. لە کۆمیسـیۆنەکەدا گەنجـان ڕێگەیـان پێدرابـوو لـە دامەزراوەکانـی خوێندنی ناوەنـدی و باڵادا نـاوی خۆیـان تۆمـار بکـەن. لـە بیرەوەرییەکانـی پ.سـودۆپلاتۆڤدا هاتووە، گفتوگۆکانیـان لەگەڵ بارزانیدا لەکەشـوهەوایەکی ئێجگار دۆسـتانەدا بەڕێوەدەچوون. بەشێوەیەک نزیکەی (٣٠) کەسـێک لەکۆبوونەوەکـەدا، دوای ئەوەی کۆتاییان بە دانیشـتنەکانیان هێنا، هەموویان ڕێـک بەپێـی دابونەریتـی ڕۆژهەڵاتییانـە، دەسـتیان لە ملی یەکتریـی ئاڵانـد و یەکترییان ماچ دەکـرد. دیـارە ئـەم دیمەنانـە لـە ڕوانگـەی سـۆڤییەتییەکانەوە گەلـێ جێگەی تێڕامـان بووە. چـون وابەسـتەبوونی کەسـانێک بـە سـەرکردەکەیانەوە لەئاسـتێکی ئێجـگار سـەیری ڕۆحیدا کەمەندکێشـی ڕوانینـی ئەوانیانـی کردبـوو. بەشـێوەیەک کـە نوێنەرانـی سـۆڤیەتی تووشـی شـۆک کـرد بـوو. هەڵبەتە  وادیار بوو، ئـەوان بێئاگابوون لەوەی بارزانییەکان سـەر بە نەریت و نەزمێکـی ئاینـی و هۆزگەرایـی تایبەتـن. بەشـێوەیەک کـە هەمـوو بنەماڵـە و ماڵباتەکـە،

مستەفا بارزانی وەک سەرکردەیەکی ئایینی و سیاسی خۆیان تەماشا دەکەن. بەگشتی هەلومەرجی بارزانییەکان کەوتە دۆخێکی گەلێ گەشبین و گۆڕانکارییەکی ئەرێنییەوە. بەجۆرێک قوتابییە کوردەکان، ئەوانەی لە قۆناغێکدا تەرکی دەرگەی قوتابخانەکانیان پێکرابوو، تێکڕایان گەڕێنرانەوە سەر قوتابخانەکانیان. هاوکات هەموو ئەوانەشیان بۆ کاروکەسابەت لە کێڵگە بەکۆمەڵەکاندا مابوونەوە. لە دۆخێکی باشتری ژیان و ماف و کرێی کاردا خۆیان بینییەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو بارزانییەکان بیریان لە چێکردنی ژیانی خێزانی خۆیان کردبوویەوە. لێرە بەدوواوە هەموو ئەو کوڕە گەنجانەی لە تەمەنی لاوێتیدا مابوونەوە، زۆربەیان زەمینەی ژیانی خێزانداریی و خۆشەیستی و ماڵ و ماڵدارییان بۆ ڕەخسا. بارزانی بۆخۆی لە لێدوانێکیدا بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکان بەناوی (دانا ئادەمز شمیت)، سەبارەت بەم قۆناغەی ژیانیان پرسیاری ئەوەی لێکرد بوو، ئایا ڕووسییەکان بە چ جۆرێک سڵاویان لە بارزانی کردووە. بارزانیش لە وەڵامدا وتبووی: "جا ئەوان کەی سڵاویان کردووە، تەنیا شتێک کردبێتیان ئەوەبوو کە بە تۆپزی نەیانناردووینەتەوە عێراق". دوایان بارزانی مەبەستەکەی خۆی بۆ ڕۆژنامەوانە ئەمەریکییەکە ڕوونیکردبوویەوە، کەوا هەموو حکومەتێک سەبارەت بە سنوور و پەنابەر، یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕاستە ڕووسییەکانیش ئێمەیان وەک پەنابەر داڵدەدا و لە سەرانسەری وڵاتەکەیاندا بڵاویان کردینەوە. هاوکات بەسەر گروپەکاندا دابەشیان کردین. هەندێکمان لە شوێنێ و ئەوانی تر لە شوێنێکی تر لێکدابڕاین. ئەوە ڕاستە کە بەپێی ئارەزووی خۆمان، خواستی کار و خوێندنمان هەبوو. مەبەستمان بوو لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان کاربکەین و لەسەرپێی خۆمان ڕاوەستین. دەمانەویست فێربین و داوای مامۆستامان دەکرد. بارزانییەکان هەرجۆرە کارێکیان دەکرد، دەبوونە شۆفێری تراکتۆر و مەکینە، دەبوونە بەڕێوەبەر و ورزێر و کشتوکاڵیان دەکرد. بەدەر لەو کارانە، خولیای خوێندن و زانستەکانمان زۆر زۆر بوو. هەندێکمان زانستی جیۆلۆجی، زانستە مرۆییەکان، ئابووریمان خوێند. بۆخۆم داوام کرد لە ئەکادیمیای زمانەوانی لە مۆسکۆدا بخوێنم، ئەوەبوو ماوەیەک نێدرامە مۆسکۆ".[١]

---

(1) 20 Meiselas S Kurdistan In the Shadow of History, c 216

## یەكەمین سەردانی بارزانی بۆ مۆسكۆ

هەوەڵ سەردانی مستەفا بارزانی بۆ مۆسكۆ، ڕێک ڕاستەوخۆ لەدوای مەرگی ستالیندا بوو. لەم كاتەدا بوو كە بارزانی بڕیاریدا سەرێک لە مۆسكۆ بدات. بۆ ئەم مەبەستەش، بەبێئەوەی بیكاتە باسوخواسی هیچ لایەک، بەنهێنی بلیتی فڕۆكەی بڕی و بەرەو مۆسكۆ كەوتەڕێ. بارزانی نیازی وابوو لەگەڵ بەرپرسانی نوێی سۆڤیەتدا ئاشنایەتی و دیدارگەلێ ئەنجامبدات. دیسانەوە ئامانجەكانی هەر لە چوارچێوەی كەیس و كرۆكی كێشەی كورددا دەسوڕانەوە. گەرەكی بوو گوڕێک بداتەوە بە بزووتنەوە بندەستكراوەكەی پرسوجۆی جوڵانەوە سیاسییەكەی كوردستان و كۆت و بەندەكانی سەر جوڵانەوەی سیاسی كورد لە ئازەربایجان و ئۆزبەكستاندا هەرچۆنێک بێت هەڵبگرێت. ئەو پێی وابوو ئەم پرس و پێناوەی كورد شتێک نییە، تاوەكو بە هەوڵ و تێكۆشانی یەک دوو كۆماری سۆڤیەتیی ببڕێتەوە و تەواو، بەڵكو نیازی بوو دەستپێشخەرییەكی فراوان بۆ سازدانی دیدار و دیبەیت و گەڵاڵەی گیانێكی نوێ بداتەوە بە بزووتنەوە نەتەوەییەكە. هەربۆیە هەر لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ مۆسكۆ، یەكسەر لە كرێملینەوە دەستی بە تەقەڵا و تێكۆشانێكی لێبڕاوانەی لۆژیی كرد. بەگوێرەی گێڕانەوەكانی پەیوەست بەو گەشتەی بارزانی: "سەرەتا لە دەروازەی سپاسكییەوە دەستی ناوە بە زەنگی دەرگای وڵاتێكی ساحێب سوپا و سانی وەک سۆڤییەتەوە. نە جارێک و نەدوان، زەنگەكە دەڕوات. دوای ئەوەی دەرگای سەرەكی بەڕووی بارزانیدا واز دەكرێت.

یەكێک لە وەردیانی دەرگاكە بە پڕتاو دێتەپێشێ و دەپرسێت:

+ فەرموون، ئێوە كێن؟!

بارزانیش بە هێمنی وەڵامی دەداتەوە:

- قوربان ئەوەی لە دەرگا دەدات، كەسێكە نوێنەرایەتی نەتەوەیەک دەكات، نەتەوەی كورد.[1]

لەسەرەتادا، دەستوپێوەند و وەردیانی بارەگاكە، لە ئاماژە و ئیتیكی داواكارییەكانی بارزانی تێنەگەیشتن. هەربۆیە تاوێک دەستبەسەریان كرد. وەلێ بەزوویی دوای

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С 15

ئـەوەی ناسـنامەی بارزانییـان بـۆ ڕوونبوویـەوە، ئیـدی دەرفەتییـان دایـە تاوەکـو پەیوەنـدی بـە بەشـی زانیارییەکانـەوە بـکات. بارزانـی لـە پەیوەنـدی بـەم بەشـەوە وتبووی،"بەنـدە، مـەلا مسـتەفا بارزانیـم، هاتوومەتـە ئێـرە، تاوەکـو کێشـەی گەلێکـی سـتەملێکراو، لەپێـش هاوبیرانـی لینیـن و هەوادارانـی پارتەکەیـدا ڕۆشـنبکەمەوە. مـن دەزانـم، ئێـوە لەگـەڵ یەکـەم هەنـگاودا، پاڵپشـتی خەباتـی ڕزگاریخوازیـی گـەلان بوونـە".[1] دوای ئـەم کەینوبەینـە، بارزانـی لـە یەکێـک لە هۆتێلەکانـی مۆسـکۆدا هێشـتیانەوە. هەر لەوێـش لەگـەڵ چەنـد نوێنەرێکـی بـاڵای سـۆڤیەتدا کۆبـووەوە. دیسـانەوە دوای شرۆڤـە و شـیکاری شوناسـە نەتەوەییەکـەی کـورد. مسـتەفا بارزانـی دوای ئـەوەی زۆر بـە جوانـی، جەوهـەری کێشـەی کـورد و بارودۆخـی بابەتـی و ئەزموونـی داگیرکەرانـی نیشـان دا، بەگشـتی توانـی زۆر بــە شــێوەیەکی هاوســەنگ و دیپلۆماســییانە، ئــەوەی ســاڵەهابوو لەناخیــدا بــوو، دەریببڕێـت و زۆر بەسـەرکەوتوویی دەنگـی خـۆی بگەیەنێتـە جەمسـەرێکی جیـاواز و سـەرەکی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی. بارزانـی لـەو سـەفەرەیدا توانـی، تێکـڕای تێکۆشـانی ڕەوای ڕابـردووی نەتەوەکـەی بـاس بـکات. باسـی لەو یادەوەرییـە تاڵانـەش کـرد کـە بارزانییــە پەنابــەرەکان لــە ســنوورەکانی ئازەربایجــان و ئۆزبەکستاندا چەشــتوویانە. هەربۆیــە هێنــدەی نەخایانــد، کاریگەرییەکانــی کــردە دیپلۆماســییەکەی بارزانــی، بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان ڕەنگدانەوەیـان بەسـەر بیرکردنـەوەی سـۆڤییەتەکانەوە جێهـێڵا بـوو. بەوپێیـەی بارزانـی دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ ڕەخسـێنرا، تاوەکـو لەگـەڵ خـودی خرۆشـۆفدا چاویـان بەیـەکتر بکەوێـت. ئەوەبـوو دوای چەنـد ڕۆژێـک بارزانـی چـاوی بـە خرۆشـۆف کـەوت. ئـەوەش بوویـە سـەرەتایەک بـۆ ئاشـنایەتی و ئامادەیـی پرسـی کـورد لـە نەخشـەڕێی نەزمـە کۆمۆنیسـتیەکەدا. بۆنموونـە لـە یەکێـک لـە دیدارەکانـی خرۆشـۆف و بارزانیـدا، ناوبـراو داوای لـە بارزانـی کـرد بـوو، بەوپـەڕی پەرۆشـییەوە دەیـەوێ هەمـوو ڕووداوەکانـی ڕێـڕەوی تێکۆشـانی بارزانییـەکان لـەزاری خۆیـەوە ببیسـتێت. بەتایبەتـی لـەو سـاتەوەختەی کـە پێڕەکەیـان، دەسـتە بەدەسـتە هاتوونەتـە نـاو خاکـی سـۆڤیەتەوە تاوەکو ئـەم ڕۆژانـەی کـە گەیشـتووەتە مۆسـکۆ. بارزانیـش بـەم بابەتـە گەلێ خۆشـحاڵ بـوو. ئـەو هەمیشـە هەڵـوەدای هێزێـک و هیمەتێـک بـوو تاوەکـو گوێبداتـە گیانـی خەبـات و خواسـتی نەتـەوەی کـورد. بۆیـە بـە خۆشـحاڵییەوە تـەواوی داسـتانی پاشەکشـە و پێنـاوی

---

(1) Барзани М Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, С 178

پارتیـزای خـۆی و هەڤاڵانـی زۆر بـە وردی بـۆ گێڕایـەوە و لـە کۆتایـی قسەکانیشـدا وتـی: "مـن و هەڤاڵەكانـم تاوەكـو ئـەم سـاتەی گەیشـتوومەتە مۆسـكۆ، شـەڕی حـەوت دانـە وڵاتمـان کـردووە". لـەم کاتـەدا خرۆشـۆف، بەوپـەڕی سەرسـوڕمانەوە داوای لـە بارزانـی کـرد، دەکرێـت ئاماژە بـە نـاوی ئـەم وڵاتانـە بەریت. بارزانیـش لـە وەڵامـدا وتـی: "بەڵـێ ئـەو وڵاتانـە بریتیـن لـە: ئەمەریـكا، بەریتانیـا، عێـراق، تورکیـا، ئێـران، ئازەربایجـان و ئۆزبەكسـتان". بارزانـی دواتـر وتـی: "ئـەم دەوڵەتانـە شـەڕی نەتەوەیەكـی بندەسـت و بێدەرەتـان دەکـەن. هەربۆیـە ئێمـە لـە ئێسـتادا چاومـان لـە سـەر هـەر هەڵوێسـتێكی مرۆڤدۆسـتانەی یەكێتـی سـۆڤیەتە."[1] جگـە لـەوەش هەمـوو ئـەو ڕاسـتیانە پشتڕاسـت کرانـەوە کـە بەڵـێ لـە قۆناغەكانـی پێشـووتردا، هەوڵێـک هەبـووە تاوەكـو ڕێگریـی لـە گەیاندنـی پەیامـی بارزانییـەكان و كـورد بـە سـەرکردایەتی سیاسـی سـۆڤیەت بكـەن.

لێـرەدا دەکرێـت بڵێیـن، دوای ئـەوەی بارزانـی گەیشـتە مۆسـكۆ و توانـی سـەرنجی سـەرکردایەتی سـۆڤیەتی بـۆ پرسـی كـورد ڕابكێشـێت. ئـیتر لێـرە بـەدواوە، پەیوەندییەكـی نزیـک، لەسـەر بنەمـای متمانـە و لێكتێگەیشـتنی یـەكتر، لەنێـوان بارزانـی لەلایـەک و بەرپرسـانی بـاڵای سـەرکردایەتی سـۆڤیەت لەلایەكـی تـرەوە دروسـت بـوو. دواتـر بارزانـی كەوتـە سـۆراغی هاوبیـر و هەڤاڵەكانـی دیكـەی کـە زۆرێكیـان لـە یەكتریـی لێكدابڕابـوون. بۆیـە بەزوویـی پەیوەنـدی بـەو هەڤاڵانەیـەوە کـرد کـە تاوەكـو ئـەوكات لـە تاشـكەندا مابوونـەوە و لـە مۆسـكۆوە چاوەڕوانـی جوڵـە دیپلۆماسـییەكانی بارزانـی بـوون. هەربۆیـە بارزانـی دانـە بەدانەیانـی لە سـەرکەوتنی ئەرکـە دیپلۆماسـییەكەیدا ڕاگەیانـد. لێـرەوە پەیوەندییەكانـی بارزانـی لەگـەڵ سـەرکردایەتی یەكێتـی سـۆڤیەتدا، بـە ئاقارێكـی بەهێـز و دامـەزراو، بـە دیوێكـی فەرمـی و ڕێكوپێكـدا شـكانەوە. بۆنموونـە کۆمیتـەی ناوەنـدی CPSU ڤۆلۆشـین، یاریـدەدەری N.S. بەرپرسـی پەیوەندییەكانـی خـۆشرۆف لەگـەڵ بارزانـی گشـیان پێكـەوە، بنەمـای چەندیـن کاری هاوبـەش و نەخشـەڕێی كارگەلێكـی ئایندەییـان داڕشتن. لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٣دا بارازنـی بەیـاوەری ڤۆلۆشـین گەڕایـەوە تاشـكەند. ئەمجارەیـان دۆخەكـە دیاربـوو گـۆڕاوە. ئەوەتـا هـەر لـە تاشـكەندا لـە لایـەن سـەرکردەكانی ئۆزبەكسـتانەوە، دیـداری ئاسـت بـاڵا لەگـەڵ بارزانیـدا هاتنـە ئـاراوە. هەڵبەتـە هەڵوێسـتی کۆمـاری ئۆزبەگسـتانیش

(1) Там же, с 178–179

گۆڕانکاریــی ڕیشــەیی بەســەردا هــات بــوو. ئەوەتــا دوای هەفتەیــەک، لــە گەڕانــەوەی بارزانــی بــۆ تاشــکەند، بارزانــی خواســت و خولیــای ســۆڤیەی بــۆ ئاســایکردنەوەی دۆخــی پەنابــەران و خستنەڕووی خواســتەڕەواکانیان لــە دیــداری بەرپرســانی بــاڵای ســۆڤیەتدا بەهرەمەنــد ببــوو. بارزانــی بــە یــاوەری ئەســعەد خۆشــەی گەڕایــەوە مۆســکۆ. ئــەم فەرمانــدە ئەمەکــدارەی بارزانــی، نەخۆشــی تەنگــی پێهەڵچنــی بــوو[1]. بۆیــە دەبــوو لــە مۆســکۆ چارەســەری پێویســتی وەربگرتایــە. بارزانــی جارێکــی تــر لــە مۆســکۆ دەرفەتــی قۆســتەوە و داواکاریــی قوتابیانــی کــوردی کردبــووە پاکێجێکــی گرنــگ و بەرزیکردبوونــەوە. پاکێجەکــەی بارزانــی، بریتیبــوو لــە پرۆپۆزەڵــی ١٠٤ قوتابــی کــورد. ئــەوان نیازیــان وابــوو لــە زانکــۆی کۆمارییەکانــی ســۆڤییەتدا درێــژە بــە خوێنــدی بــاڵا بــدەن. ئــەو زانکۆیانــەی پێشــنیاریان کردبــوون لەنێویانــدا زانکۆکانــی بیلاروســیا، داواکاری زۆری لەســەر هەبــوو. هەربۆیــە بارزانــی قوتابییەکانــی بەگوێــرەی زانکــۆکان، بەســەر چــوار گروپــی ســەرەکیدا دابەشــکردن. ئەوانیــش بریتــی بــوون لــە زانکۆکانــی ســاراتۆڤ، تامبــۆڤ، گۆرکــی و ئیڤانۆڤــۆ. هەڵبەتــە هێشــتا بەشــێک لــەو لاوە بارزانییانــە، پێــشتر چووبوونــە زانکــۆی تاشــکەند و لــەوێ دەســتیان بــە خوێنــدن کردبــوو. بارزانــی شــان بەشــانی، شوناســە نەتەوەییەکــە، نیــازی ڕاهێنانــە ســەربازییەکانی، کردبــووە کەینوونــەی ئاینــدەی نەتەوەکــەی. لەگــەڵ ئەوەشــدا، خوێنــدن و خوێندەواریــی، خواســتێکی بەردەوامــی بیرکردنەوەکانــی بارزانــی بــوون. بۆیــە هەمیشــە ئــەو قوتابیانــەی بــە پــەروەردەی پێنــاوە نەتەوەییەکــە گۆشــدەکرد، ئینجــا دەیناردنــە بــەر خوێندنــی زانکۆیــی. ئەوانیــش بەردەوام ئامۆژگارییەکانــی ســەرکردەکەیان، وەک ئەڵقەیــەک لــە گوێیانــدا دەزرنگایــەوە و لــە پەیێــڕەوی ڕێبــازی بارزانیــدا لایــان نــەدەدا. بارزانــی بــەردەوام ئەوانــی هۆگــری ئــەم ئیدیــۆم و ئەدەبیاتــە کردبــوو کــە دەیــوت: " بخوێنــن و زانســت بەدەســت بهێنــن، تاوەکــو تواناکانتــان لەپێنــاو نەتەوەکەتانــدا بخەنەگــەڕ، چونکــە ڕزگارکردنــی گەلەکەتــان لــە نەخوێندەواریــی، وەک ڕزگارکردنــی گەلەکەتانــە لــە داگیرکاریــی و ســتەمی داگیرکــەران."[2] بەگشــتی لــەم گۆڕانکارییــە نوێیانــەی نەزمــە ســۆڤیەتییەکەدا، بەرەبــەرە کــۆت و پێوەندەکانــی پێنــاوە نەتەوەییەکــەی کــورد

---

(1) лет Мулле Мустафе Барзани, С 41

(2) 1 лет Мулле Мустафе Барзани, С 41

دەکرانــەوە. لــە هەرجــێ و شــوێنێکەوە، پێشــوازیی و خۆشــهاتی گەرموگــوڕ ڕووی لــە ڕەوەنــدە کوردییەکــە نابــوو. خــودی مســتەفا بارزانــی، خەریــک بــوو چالاکانــە ســوودی لــە ئــازادی هاتووچــۆ و ســەردان و بەســەرکردنەوەکانی وەردەگــرت. هــەر لــە هاوینــی ئــەو ســاڵەدا، کــوردی کەمــپ و ئۆردوگاکانــی بەنــۆرە بەســەرکردنەوە. هەڵبەتــە تاوکــو ئــەوکات تێکــڕای ڕەوەنــدە کوردییەکــەی ســنووری ســۆڤیەت، بەســەر ناوچــە جیاجیاکانــی یەکێتــی ســۆڤیەتدا پەرشــوبڵاو ببوونــەوە.

## شوێنی نیشتەجێبوونی مستەفا بارزانی لە مۆسكۆدا

بارزانی دەستیدایە چەند كۆرسێكی خوێندن، دواجار كۆرسەكانی لە ئەكادیمیای سەربازی مۆسكۆدا بەسەركەوتوویی تەواوكردن. هەرلەوێش توانی خوێندنی زانستی سەربازی تەواو بكات، لە هەمانكاتدا زۆرێك لە هەڤاڵەكانیشی، بەگوێرەی توانا و ئاست و ئەندێشەی زانستی خۆیان، بێگومان ئەوانیش مژوڵی میتۆد و پەروەردەی سیاسی خۆیان بوون. بۆنموونە لە ئەكادیمیای زانستەكاندا، كەسانی پسپۆڕی وەك ئۆردیخان و جەلیلی جەلیل ئاشنایەتییان لەگەڵ بارزانیدا پەیدا كرد. ئەوان ئەكادیمیستی بابەتی و توێژەری زانستەمرۆڤایەتیەكان بوون و خۆیان بۆ كوردناسی یەكلاكردبوویەوە. بەتایبەتی ڕۆڵی گرنگیان لە بابەتی ساغكردنەوەی مێژووی كورد، بنەچە و ڕەچەڵەكی كورددا هەبوو. جەلیلی جەلیل لەبارەی پەرۆشی بارزانییەوە بۆ زانستەكان ئاماژەی بەوەدابوو: "هەر لەسەرەتاوە گفتوگۆی نێوانمان، وەك ئەوەی زەمەنێكی زۆربێت یەكمان ناسی بێت، دەستی پێكرد و بەردەوام بوو. هەڵبەتە سەرەڕای جیاوازییەكی بەرچاو لە تافی تەمەنماندا، وەلێ هێشتا بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر نواندنی ڕێز و خوڵقوخوی خۆی بۆ ئێمە دەنواند". جارێكیان لە گفتوگۆی نێوانیاندا، بارزانی ڕوو لە جەلیلی جەلیل دەكات و لێی دەپرسێت:" ئەوە ئەز بەنی ئێستا چی دەكەیت؟". دیارە جەلیلی جەلیل لە مانای وشەی (ئەز بەنی) تێناگات. بۆیە دەڵێت:" هەرچەند لەنێو ئێمەی كوردی ئەرمینیادا، ئەم دەستەواژەیە بەكارنەهاتووە، وەلێ لە ئینتۆناسیۆن و تۆنی دەنگەكەوە، تێگەیشتم كەوا ئەم دەربڕینە، نیازی نیشاندانی گەرموگوڕی و خوڵق و خۆشمەشرەبییە، هاوكات نیشاندانی ڕێزە بۆ بەرانبەرەكەت. ئەمەیە سیحری وشەسازیی ئەخلاقی كوردیی و ئەو ئاكارە جوانەی كە لەپشت هەر دێڕێكی دەربڕینی كوردییەوە ئامادەیی هەیە". لێرەدا و لەم گفتوگۆیەدا تێدەگەین كە مستەفا بارزانی چۆن بەڕێز و ڕەونەقی مرۆڤانەوە، چۆن بە پێزانین و پەسنەوە، لەگەڵ هەر كەسێكدا دواوە. ئیتر بەبێ گوێدانە هەر نازناو و تافێكی تەمەن و ئاست و پێگەیەكی جیاواز[1]. مستەفا بارزانی پیاوێكی زۆر زانا و زمانزان بوو. زمانەكانی كوردی، عەرەبی، توركی، فارسی و ڕووسی دەزانی

---

(1) Там же, с 46

و شــارەزاییەکی گەلــێ باشــی لــە ئەدەبیاتــی فارســی ســەدەکانی ناوەڕاســتدا هەبــوو. بەتایبەتــی لەبــارەی حافــز، فیردەوســی، جەلالەدینــی ڕۆمــی (مەولــەوی) و بیرمەنــد و فەیلەسوفەکانی عەرەبی سـەدەکانی پشـوو ئاشـنایەتی و شـارەزا بـوو. جگـە لـە مەیدانـی مێـژوو و ئـەدەب، هـاوکات شـارەزاییەکی فـرەی دەربـارەی ئیـسلام و بزووتنـەوە ئایینیـەکان و ئاینـزاکان هەبـووە. لەبـاری ئاینداریـی کوردییـەوە، لەژێرکاریگەریـی ڕەوگەکانی سـۆفیزمی کـوردی، نەزمـی نەقشـبەندیدا بـوو. بەجۆرێـک هۆگـری هونـەری نەرمونیانـی و نـەوای پێکەوەیــی و ئاشــتیخوازی ئەو ڕێچکــە عیرفانییانــەی ســەدەی شــازدەهەمی شوناســی ئاینداریـی کوردەواریـی بـوو کـە ڕەنگدانەوەیـان بەسـەر بیروبـاوەڕی مرۆڤخوازانەیـەوە هەبـوون. بەتایبەتـی بیروبـاوەڕی بارزانییـەکان، بناغەیەکـی نەلەخشـاوی نـاو و ناوبانگـی دادپـەروەری و داد و یەکسـانی و یـادەوەری ئاشـتی و ئازادییـان کردووەتە سـیمبوڵی سـیما هەردیارەکانـی ژیانـی ئـارام و ئەندێشـەی لێبـوردەی لۆژیکـی ئینسـانەکانی ئـەوێ. ئەوەتـا هەوەنتـە نەبـوو، ئـەو ڕۆحـە شۆڕشـگێڕییە، بـەو ئەندازەیـە بەرخودانـی بارزانییەکانـی گەیاندبوویـە ئـەو قۆناغـەی قـەدەری ڕزگاریخـوازی نەتەوەکەیـان. چـون گـەر تەماشـای ئەدەبـی کـوردی و هۆنراوەکانـی مـەلای جەزیـری بکەیـن، ئینجـا تێدەگەیـن کـە بۆچـی ببوویـە ئەدیبـی دڵخـوازی بارزانـی.

بەگشـتی گەنجانـی کـورد دوای شکسـتی کۆمـاری مەهابـاد، ڕوویـان لـە مـاوا و مەنـزڵ و ماڵـی بارزانـی نـا. ئـەوان بەرگـەی برینێکـی هێنـد قوڵیـان نەدەگـرت. خۆیـان خسـتە حەوشـە و حەسـاری حەکایەتەکانـی دەیـان داسـتانی ئیـرادە و بەردەوامییـەوە. بۆیـە بارزانـی لـە سـۆنگەی سیاسـەتەوە نـا، بەڵکـو لـە سـۆنگەی هزرێکـی ڕۆشـنگەرانەی هەڵهێنجـراوی هۆنـراوە و مێـژوو، ئـەدەب و فەرهەنـگ، ئایـن و سـۆفیزمەوە، بـاوەڕی بــە بەردەوامــی بیرکردنــەوە لــە ســەرلەنوێ ڕاســان و ڕاپەڕیــن و شــۆڕش هەبــوو. بەسـەرکردنەوەی کوردانـی سـۆڤیەت کاتێـک بارزانـی بۆخـۆی لـە یەکێتـی سـۆڤیەتدا بـوو، بڕیـاری دا سـەردانی ناوچـە کوردنشـینەکانی ئەرمینیـا بـکات. بەتایەتـی سـەردانی شـارو شـارۆچکە کوردییەکانـی ئـەوێ. لەوانـە سـەردانی: ئاراگاتـس، ئابـاران، تالیـن، ئارتاشـات و ماسـیس. بەگشـتی کـورد لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی کۆمپاکتـدا دەژیـان. کـورد لـە ئەرمینیـا ئاشـنای ئەزمـوون و ڕابـردووی ڕاپەڕینەکانـی بـارزان بـوون. پەڕینـەوەی ئـاراس، بەجارێـک بوێـری و بیـری ئازادخـوازی و ئازایەتییـان خزاندبـوە خوێنـی تـاک بەتاکـی کوردانـی

ئەوێوە. بۆیە هەر دیدارێکیان لەگەڵ بارزانیدا، بێگومان، دەبووە یادگارییەکی شیرینی هەرگیز فەرامۆشنەکراو. بەتایبەتی هۆزەکانی ئەوێ، یەکپارچە بەوپەڕی ڕەچاوی ڕازی ڕۆحە کوردییەکەوە، بەخۆشحاڵی و خۆشهاتی و خرۆشەوە، خرۆشابوون و خەرکیبوون سڵاویان بۆ سەرکردەیەکی ئەفسانەیی ناو خوێن و دەمار و دڵی خۆیان دەنارد، ئەفسانەیەک، کەچی ئەوەتا بەچاوی خۆیان دەیانبینی. هەر هۆزەکان نا، هەر چینی گشتی و ئەو ئەویندارانەی ئاواییەکان نا، نەخێر، بەڵکو بیرمەند و هونەرمەندو نووسەرانی کوردی ئەوێ بەڕێز وەستابوون و سڵاویان دەکرد. ئەوەتانێ نووسەر و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد: نادۆ مەخمودۆڤی پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەت، سیاباندۆڤی ڕۆژهەڵاتناس، ئادژیێ جندی، خالیت چاتۆیڤ، مامەد ئابایێڤ، نووسەر عەلی عەبدولرەحمان و چەندانی تریش. زۆرێک لەو بلیمەتانەی بیری نەتەوەیی، ئەدەبی کوردی، دەشێ ئەو قۆناغە تەنیا نەوجەوانێ بووبن، وەلێ شاهیدی ئەو جۆش و خرۆشەی کوردانی سۆڤیەت بوون و سڵاویان لە بارزانی دەکرد. مەلا مستەفا بە خۆشحاڵی و تامازرۆییەکی زۆرەوە لەگەڵ پیاوماقوڵان و چالاکوانانی ڕێکخراوە گشتییەکان و قوتابیانی قوتابخانەکاندا کۆبووەوە. ناوبراو بەوپەڕی دڵی پڕ لە ئەمەک و پێزانینەوە، بەوپەڕی ئامادەییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە و بە وردی باسی ئەو کێشە و گرفتانەی بەردەم خەڵکی کوردستانی دەکردن. ئەو کێشانەی کە لە لایەن هەژموونی هێزی زیاتر لە چوار دەوڵەت نەتەوەوە پارچە پارچە کرابوون. یەکێک لەو کارەکتەرە کاریگەرانەی کوردی ئەرمەنستان (میرزۆیڤ) بوو. ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسایەتییە کاریگەرانەی ئەوەی بە بیری هێنایەوە، کەوا بارزانی زۆر بە گەرمییەوە گەشتەکەی بۆ ناو کوردانی ئەرمینیا دەستپێرد.

بە گشتی لە میانی ئەو گەشتەیدا، تێکڕای ئەو شتانەی دەیبینین گەلێ دڵخۆش بوو پێیان. بێگومان سەرکردایەتی حیزبی کۆماریش لە ئەرمەنستاندا، بەجۆرێک مەرایی مستەفا بارزانی دەکرد، وەک ئەوەی میوانێکیان لە مۆسکۆوە هاتبێتە ئەوێ، بەو واتایەی ڕێک هاوتای ڕووسییەك ڕوویان لە بارزانی نابوو. هەربۆیە هەموو هەوایەکیان دەدا، تاوەکو خودا نەخواستە میوانەکەیان لە گوڵ کاڵتری پێنەگوترێت و بەوپەڕی دڵخۆشییەوە تەشریفی خێریان بگەڕێنەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە بەرپرسانی ئەرمەنستان بێ ئاگا بوون لە وەها ڕۆژانێکی پێشوو، ڕۆژانێک هەر ئەم

کەسایەتییە لەناو جەرگەی جەماوەری کوردی سنوورەکانی کازاخ و ئازەربایجاندا، بە چ دەردێک و دیدێکی نامرۆڤانەوە پەیجوری خۆی و خەڵکانی هاوسەفەر و هاوڕێکانی بوون. بارزانی بەباشی لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان تێگەیشتبوو. هاوکات ڕۆڵی جوامێرانەی جوڵانەوە ڕووناکبیریی و فەرهەنگییەکەی کوردانی ئەوێشی دەبینی. لەو قۆناغەدا قەدەری دۆزە نەتەوەییەکە، بەشێکی بەند بوو بە بەرپرسایەتی ڕۆشنبیریی، پەروەردە، پێشکەوتنی پسپۆڕییە سەربازییەکان لە گۆڕەپانەکانی ڕاهێنانە سەردەمییەکاندا تێکڕا گرنگی و بایەخێکی بابەتیانەی دروستکردنی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی پرسە نیشتمانییەکەی کورد بوون.

مستەفا بارزانی هەر لەمیانی بەسەرکردنەوە مەیدانییەکەیدا، هەرهێندەی بۆی پەرژا، هەڵیقۆسەوە و سەردانی نووسینگەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)ی کرد. لەوێشدا فرە بە وردی باسی لە گرنگی و بایەخی پەخش و پەیامی ڕادیۆیی، بەتایبەتی بە زمانی کوردی ڕوونکردەوە. دەیزانی بەرنامەیەکی کوردی، لەناو کوردانی ئەوێ و هەموو ئەوانەی دەنگیان دەگاتێ، چ دەسپێکی جوانی جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی لەپشتییەوە لێدەنەوێت. بە وتەی بارزانی پەخشی ڕادیۆیی و بەرنامەکانی ڕادیۆی ئەرمینیا، دروست دەنگی دەرون و سیمای سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی کوردبوون. هەربۆیە بەوپەڕی نرخاندنەوە نەوا و دەنگی بەرنامە کوردییەکانی وەکو هاوار و فەریادی ویژدانی وڵاتە وێران و داگیرکراوەکەی ناساند. هاوکات بارزانی بەوپەڕی تینوتاوی برایەتییەوە، ڕەهەندە ئیتنییەکانی ئەرمەنەکانی ئەوێی یادەوەریی کردن. ئەو ئەرمەنییانەی بەدرێژایی مێژووی پێکەوەبوونیان لەو خاک و ئاوەدا، بێ لە هەماهەنگی و هەست و هۆشی مرۆڤانە بەرانبەر بە یەکتریی شتێکی دیکە لە نێوانیاندا شوێنێکی نەبووە. تەنانەت بە پێچەوانە، پاراستنی ئەرمەنییەکان، داڵدەدانی دێهاتییەکان و ئەوانەیان لەزێدی خۆیان هەڵکەنرابوون. هەموو ئەوانە، دەرگەی ماڵ بەماڵی بارزانییەکان، بەوپەڕی باوەڕی پێکەوەییەوە لەسەرپشت بووە بۆیان. کەواتە دەکرێت بوترێت، مەلا مستەفا و هەڤاڵەکانی هەرگیزا و هەرگیز، بۆ ساتێکیش دەسبەرداری پرەنسیپی پێکەوەیی و چاندنی ئومێدی گەڕاندنەوەی ئەرمەن و کوردەکان بۆ زێدی خۆیان نەبووە. هەڵبەتە، سیستەمە سیاسییەکان و ڕێککەوتنە نهێنییەکانی وەختی جەنگی یەکەم، یادەوەرییەکی ترشوتاڵی لەمەڕ نەتەوەی کورد و ئەرمەن ئاماژە

پێدەدا. لەم میانەدا گلۆڵەی بەخت و بوونی نەتەوەیی کورد، گەلێ لێژتر و چارەنوسییان بە خەتێکی گەلێ لارتر نووسرایەوە. ئەو ڕەوشەی کە دەگوزەرا، دەربڕی ئەو مەرام و مەبەستە ژەهراوییانەی ژیانی سیاسیی و نێودەوڵەتی دوای جەنگەکان بوو. لەوێدا هەر شار و شارۆچە و ئاواییەکی بێخزمەت و پەراوێزخراوی کۆمارەکانی سۆڤییەت، کوردە بەشمەینەت و بندەستەکانیان تێدا دەربەدەر و سەرگەردان کرابوون. ئێستاش ئەوەتا چارەنوسی بارزانییەکان، لەناو گۆشە چەپەکەکان و چیرۆکە تراژیدییەکانی ئەو کۆمارانەدا، وەک پێکهاتەیەکی لێقەوما و لانەواز ئاماژەیان پێدەکرا. خودی بارزانی دوای ڕەوینەوەی تۆمەتگەلێکی بێبنەما و نەمانی ڕۆڵی خەڵکانێکی نەحس و نەیار بە پرسی کورد و بارزانییەکان، هاوکات هاتنەئارای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی سۆڤیەت. ئەبوو خودی بارزانی و بارزانییەکان، تاڕادەیەک ئاوڕی جدیان لێ درایەوە. بارزانی و بارەگا نوێیەکەی، لە شەقامی نۆڤۆسلۆبۆدسکیا و لە شوققەیەکی تایبەت بەخۆیدا جێگیر کرابوو. بارزانی بەردەوام بیری بەلای زێدەکەیەوە بوو. هەمیشە لە خەمی گەڕانەوە و جارێکی تر تێهەڵچوونەوە بوو بۆ بەردەوامیدان بە خەباتی خەڵکی کوردستان. وردەوردە، وێڕای گەڕانەوەیان و زانیارییەکان لەمەڕ گەڕانەوەیان وەختبوو ڕۆژە لە چاوەڕوانییەوە ببێتە بابەت و ڕۆژەڤی ڕاگەیاندنەکان. دواجار لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا، ئەم خەمەی بارزنییەکان ڕەوییەوە و ئەم غوربەتە تاڵەی دوای چەشتنی زیاتر لە دەیەیەک دووری کۆتایی هات. ئەوەبوو دوای ڕۆیشتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ پراگ، لەوێوە بەرەو بەغدا قۆناغی ژیان و مانەوەیان لە سۆڤیەت کۆتاییان هات. لەم نێوەندەدا مستەفا بارزانی هەر لە بەغداوە چاوەڕێی هەموو هەڤاڵەکانی تری خۆی دەکرد. ئەوانەی دوانزە ساڵ پێکەوە لە یەکێتی سۆڤیەتدا، لە هەستیارترین ساتەوەختەکانی تەمەنیانـدا، تاڵی و سوێری ڕۆژگارەکەیان چەشتبوو[1].

(1) Там же, c

## بەشی پێنجەم:

مـەلا مسـتەفا بارزانـی، ڕێکخـەری بزووتنـەوەی خواسـتی خۆبەڕێوەبـەری کـورد لـە سـەردەمی عەبدولکەریـم قاسـمدا

ئەگـەر پشتئەسـتوور بـە گەلەکەمـان بیـن، هیچکاتێـک دوژمنانمـان ناتوانـن بچوکتریـن زەفەرمـان پێببـەن. تەنانـەت گـەر هێـزی چـەک و تـۆپ و تانـک و ژمارەشـیان هـەزار هێنـدەی ئێمـەش زێدەتـر بـن.

**"مستەفا بارزانی"**

**گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق**

دوای ئـەوەی کۆتایـی بـە فەرمانڕەوایـی دەسـەڵاتی پاشـایەتی هـێنرا و سیسـتەمێکی کۆمـاری ڕاگەیەنـرا. مسـتەفا بارزانـی لەبـارەی بیسـتنی هەواڵـی کەوتنـی سیسـتمی پاشـەیەتیدا، ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە لـە پەیوەندییەکـی تەلەفۆنـی نێـوان خـۆی و ڤۆلۆشـینی یاریـدەدەری نووسـینەگەی کاروبـاری سـۆڤیەتدا دەسـبەجێ مزگێنـی کەوتنـی ڕژێمـی پاشـایەتییان پێـداوە. لـەوکات مـەلا مسـتەفا لـە مۆسـکۆدا دەمایـەوە. بۆیـە بەبیسـتی مزگێنییەکـی وا، یەکسـەر هەواڵەکـە وەکـو خـۆی بـۆ سـەرجەمی هەڤاڵەکانـی دەنێرێـت و ئاگاداریـان دەکاتـەوە. ئـیتر لـە هەمـوو ئـەو شـارانەی کـوردی تێیـدا پەنابـەر و داڵـدەدراوی دەسـەڵاتی کۆمارەکانـی سـۆڤیەت بـوون. وەک بروسـکەیەکی خێـرا، بـە پڕتـاو هەواڵەکـە بەنێویانـدا بڵاوبوویـەوە. ئـەم هـەواڵ و مزگێنییـە مێژووییـە، مایـەی دڵخۆشـی و کەیفـی کـوردە بارزانییـەکان بـوو. ئـەوان دڵخـۆش بـوون، چـون دەیانزانـی ئیـدی پاسـاوێکی پەنهـان بـۆ مانەوەیـان لـە سـۆڤییەتدا نامێنێتـەوە. دیاربـوو هـەر بەوجـۆرەش بابەتـەکان دەچوونـە پێشـەوە کـە چاوەڕوانـی بـوون. ئـەوە بـوو کۆتاجـار، بارزانـی و هاوڵەکانـی بـە زێـد و مەنزڵـی باوباپیرنیـان شـادبوونەوە.

گەڕانــەوەی بارزانـــی لــە ٢١ی ئابـــی ١٩٥٨ دا بـــوو. ســـەرەتا ســـەرجەم مـــەرج و مۆڵەتـــی فەرمـــی ڕێنوێنییەکانـــی گەڕانەوەکـــەی گرتبوویەبـــەر. خێـــرا چووبـــووە بوخارێســـت و دوایـــان لەوێـــوە بـــە شـــێوەیەکی یاســـایی، لـــە ڕێگـــەی باڵیۆزخانـــەی کۆمـــاری یەکگرتـــووی عەرەبییـــەوە (UAR)، تەلەگرامێکـــی تایبەتـــی بـــۆ بەغـــدا نـــارد. لـــە ناوەرۆکـــی تەلگرامەکـــەدا وێـــڕای پیرۆزباییکـــردن لـــە ســـەرکەوتنی شۆڕشـــەکە، هـــەر پشـــتیوانییەکی بـــۆ کۆمـــارە ســـاوا و ســـەرکەوتووەکەیان، بێهیـــچ دوودڵییـــەک دووپاتکردبوویـــەوە. بەوپـــەڕی پەرۆشـــی و بێســـەبرانە داوای گەڕانـــەوەی خـــۆی و هەمـــوو هەڤاڵەکانـــی بـــۆ زێـــدی خۆیـــان ئامـــاژە پێدابـــوو. ئـــەم نامـــە کراوەیـــەی بارزانـــی، بایەخێکـــی گەلـــێ گرنگـــی پێـــدرا. بەشـــێوەیەک لـــە تـــەواوی ڕاگەیانـــدن و ڕۆژنامەکانـــی ئەوکاتـــدا بڵاوکرایـــەوە. ســـەرەتا پێویســـتە هەڵوێســـتی ڕوونوڕەوانـــی قاســـم ســـەبارەت بـــەم پرســـە تێبگەیـــن. دیـــارە ئـــەو کابرایـــە هەڵوێســـتێکی نەرمونیانـــی هەبـــوو. وەلـــێ ســـەبارەت بـــە بارزانییـــەکان و دۆزی کوردیـــش خاوەنـــی خواســـتی تایبەتـــی خـــۆی بـــوو. کەڕەتێکیـــان لـــە پێشـــوازی یەکێـــک لـــە شـــاندە کوردییەکانـــدا وتبـــووی: " ئـــەوە بـــۆ مـــن، گەلـــێ ئازاربەخـــش دەبێـــت، کاتێـــک ببینـــم هاووڵاتییەکـــی کـــوردی وڵاتەکـــەم لـــە دەربەدەریـــدا ژیانـــی دەگوزەرێنـــێ". لەشـــوێنێ تـــردا وتبووی:"حەمـــد و ســـەنا بـــۆ خـــوا، هەمـــوو ئـــەو هەولانـــەی نیـــازی دوبەرەکـــی و دابەشـــکردنی نێوانمانیـــان هەبـــوو. تێکڕایـــان توانـــەوە. ئێســـتا ئـــیتر کاتـــی ئـــەوە هاتـــووە هەمووومـــان پێکـــەوە بەبـــێ جیـــاوازی لـــەم خاکوئـــاوەی کۆمـــارە کۆرپەکەمانـــدا بـــە دڵخۆشـــییەوە بژیـــن"[(1)]. لـــە ١٠ی ئەیلوولـــی ســـاڵی ١٩٥٨دا، بەگوێـــرەی دەرکردنـــی فەرمانێکـــی دیوانـــی ســـەرۆکایەتی کۆمـــار، فەرمانـــی لێخۆشـــبوونی گشـــتی بـــۆ هەمـــوو ئەوانـــەی بەشـــداری ڕاپەڕینەکانـــی بـــارزان بـــوون دەرکـــرا و بڵاوکرایـــەوە. دوای بڕیـــاری لێخۆشـــبوونەکەی قاســـم، پڕۆســـەی گەڕانـــەوەی بارزانییـــەکان دەســـتی پێکـــرد. بارزانـــی بۆخـــۆی چـــووە چیکۆســـلۆڤاکیا. لـــەوێ لـــە شـــاری پراگـــەوە، لـــە لایـــەن ئەنتۆنیـــن نۆڤۆتنـــی ســـەرۆکی ئـــەو وڵاتـــەوە پێشـــوازی لێکـــرا. ئـــەم ســـەرۆکەی چیـــک، زۆر سەرســـامی بارزانـــی بـــوو. بەشـــێوەیەک تاوەکـــو ئـــەو ڕۆژەی بارزانـــی ماڵئاوایـــی یەکجارەکـــی لەژیـــان کـــرد، پێوەنـــدی پتـــەو و هاوڕێیانەیـــان مابوویـــەوە. ئەوەبـــوو بارزانـــی لـــە پراگیشـــەوە دەرفەتـــی قۆســـتەوە

(1) Цит по: 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С 17

تاوەکو سوپاس و سڵاوی خۆیان لەپای بڕیاری لێخۆشبوونەکە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا ئاڵوگۆڕ بکەن. بارزانی سوپاس و ستایشی خۆی و هەموو هاوڵەکانی لە هەموو وڵاتانی سۆشیالیستییەوە گەیاندە سەرۆککۆماری نوێ، هاوکات وەک نواندنی ڕووخسەت وەرگرتن و ڕێزی هەموویان، مۆڵەتی گەڕانەوەیانی بۆ زێدی خۆیان و تەنانەت هەرلەوێشەوە دەرفەتی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی پێشخستن و پارێزگاری لە کۆماری نوێی عێراق بۆ دووپاتکرایەوە. قاسم لە وەڵامی بارزانیدا ڕایگەیاند بوو: "عێراق زێدی بارازنییە و لە زێدی خۆیشیدا پێشوازییەکی گەرم و شایستەی لێدەکرێت". ئەوەبوو ئەویش دەستبەجێ بروسکەیەکی بۆ باڵیۆزی وڵاتەکەی لە پراگ نارد و داوای هەر هاوکاریی و ئاسانکارییەکی پێویست و بە پەلەی کرد بوو بۆ گەڕانەوەی بارزانی. بەمجۆرە بارزانی نزیکەی مانگێکی لە چیکۆسلۆڤاکیادا خەریکی ئامادەکارییەکانی گەڕانەوەیان و لە چاوەڕوانی وەڵامی فەرمی و نووسراوی حکومەتی عێراقی بوو[1]. دواجار لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٨دا، بارزانی بە یاوەری شەش کەسی دیکەی کورددا کە هاوسەفەری بوون، کۆتاجار شاری پراگیان جێهێڵا و بەرەو قاهیرەی پایتەختی میسر بەڕێکەوتن. بەگەیشتنیان بەو وڵاتە، لەلایەن خودی جەمال عەبدول ناسر سەرۆکی میسرەوە. پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا، دواتریش لە شوێنی سەرۆکایەتی خۆیدا لەگەڵ بارزانیدا کۆبوویەوە. ئەم کۆبوونەوەیە سەرەتایەکی سەرکەوتووانە بوو، چون بارزانی توانی پەیوەندییەکی پێویست و دۆستانە لەگەڵ ڕابەری کاریزمای عەرەبی و سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیی ئەوکاتدا دابمەزرێنێت. ئەم پێشوازی و پێوەندیانەی بارزانی، لە ئاستێکی گەلێ باڵاوە، بوویە مایەی ململانێ و قەڵس و قینی نەیارانی کورد. لەو میانەدا دەسەڵاتدارانی تورکیا بەوپەڕی نیگەرانییەوە لەم هەلومەرجە نوێیەیان دەڕوانی، نەک هەر تورکیا، بگرە ئێرانییەکان زیاتر زەندەقیان چووبوو. ئەوەبوو هەر پەیوەست بەو پێوەندییەوە، ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی نووسیبووی: "چاودێرانی سیاسەتی ئێران، بەوپەڕی سەرسامییەوە لەو پێشوازیی و پەیوەندییە نائاساییانەی جەمال عەبدولناسر و بارزانی دەڕوانن. بایەخپێدانی بارزانی لە کاتێکدایە. دوای ساڵانێک گۆشەگیری و دەربەدەریی بەر لیخۆشبوونی

(1) Ни ОАР, ни Ирак тогда не имели своих посольств в Москве

گشـتی کەوتـوون و گەڕاونەتـەوە". کەواتـە هـەم لەسەرئاسـتی کەسـیی، هەمیـش لەسـەر ئاسـتی ڕەوت و گـروپ و دەوڵەتـان، دەکـرا خۆشـحاڵی و دەشـکرا نیگەرانـی نومایـان بوایـە. بەگشـتی بیرکردنـەوەی نەتەوەییانـەی عـەرەب و فـارس و تـورک لێـرەو لـەوێ لەئاسـتێکدا بـوو کـە باوەڕیـان بـە هیـچ جوڵانەوەیەکـی دەرهـەق بـە مافـی نەتەوەیـی کـورد هەبووبـێ[1]. لـەم کاتـەدا زۆربـەی ڕۆژنامـە سـۆڤیەتییەکان لـە هەمـان کاتـدا نووسـیبوویان:" جەمـاوەری عێـراق ئامادەکاریـی بـۆ پێشـوازی و ڕێوڕەسـمی ڕێزلێنـان لـە ڕێبـەری ڕاپەڕینـی سـاڵانی ١٩٤٥-١٩٤٧ی کـورد، مسـتەفا بارزانـی کـە ئێسـتا لـە پراگـە ئەنجـام دەدەن". [2] ڕۆژی ٦ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٥٨ بارزانـی گەیشـتە بەغـدا و لـەوێ لـە پێشـوازییەکی پـڕ لـە جـۆش و خرۆشـی خەڵکیـدا خۆشـهاتی کـرا.. چەنـد هـەزار عێراقـی و عـەرەب و کـورد و نوێنـەری نەتەوەکانـی دیکـە لـە فڕۆکەخانـەی موسـەننا بـۆ دیـدار لەگـەڵ بارزانـی کۆببوونـەوە و هاواریـان دەکـرد: "بەخێـر بێیـت بارزانـی، خەڵکـی عێـراق بەخێرهاتنـت دەکـەن"

یەکێـک لـە ڕۆژنامەنووسـە بەناوبانگەکانـی سـۆڤیەت، بەنـاوی پ.دەمچنکـۆ، بۆخـۆی گەواهیـدەری گەڕانـەوەی بارزانـی بـووە لـە بەغـدا. هەربۆیـە بـەم شـێوەیە بـاس لـە سـاتەوەختی گەڕانـەوەی مسـتەفا بارزانـی کـردووە و نووسـیویەتی:" هـەر هێنـدەم زانـی لەگـەڵ بـەزم و بوقـی تاکسـییەکانی شـار و شـەیپوری شـەقامەکانی بەغـدادا ڕاچڵـەکام، کاتـێ تەماشـام کـرد، گشـت تاکسـییەکان پەرچەمی عێراقیـان بـە شـوڵی بۆنیدەکانیانـەوە بەرزکردبوویـەوە. هـاوکات دروشـمگەلێکی دەربـڕی هەسـتی برایەتـی کـورد و عـەرەب بـە جامـی ئۆتۆمبێلەکانیانـەوە لکاندبـوو. [3] ئاپـۆرای خەڵکەکـە، بەجـارێ هۆسـە و هروژمـی دەبـردە پێشـێ و دڕیـان بـە جەنجاڵییەکـەی پێشـێیان دەدا. هەمـوو ئەوانـە نوێنـەری چیـن و توێژەکانـی شـارەکانی عێـراق بـوون، لـە هـەر گۆشـەیەکی وڵاتـەوە دەسـتە بەدەسـتە، بـە هوتـاف و هۆنینـەوەی خۆشـهاتییەوە، هاتبـوون تاوەکـو لەنێزیکـەوە، بەوپـەڕی پەرۆشـی و تاسـەی دیـدارەوە، دەسـتی سڵاو و ستایشـیان بـۆ بارزانـی، بـۆ پاڵەوانـی نەتەوەیـی کـوردان بەرزبکەنـەوە. بـە هـەزاران کـەس ڕژابوونە سـەر شۆسـتە و پـرد و گۆڕەپانـە گەورەکانـی

(1) Эттелаат, 06101958

(2) Известия, 27091958

(3) Демченко П Иракский Курдистан в огне М, 1963, С 8

ناوەنـدی شـارەوە. پۆسـتەر و دروشـمەکان، کـۆڕ و کۆبوونـەوەی قاوەخانـەکان، بەجارێـک بـاس باسـی بارزانـی بـوو. پەیامـی بارزانییـەکان بـۆ هەمـوو گەلانـی عێـراق، پەیامێکـی ڕۆشـن بـوو. ئـەوان سـاڵانێکی زۆر بـوو لـە دەربەدەریـدا دەژیـان. دواجـار ڕادەسـت نەبـوون و بەوپەڕی شـکۆمەندیی و شـانازییەوە گەڕانـەوە. گەڕانـەوە تاوەکـو پێکـەوە لەگـەڵ بـرا عەرەبەکانیان بەرگـری لـە نیشـتمان و لـە زێـدی خۆیـان بکـەن.[1]

پەیامـی بارزانییـەکان ڕۆشـن بـوو، ئـەوان لەپێنـاو عێراقێکـی پێکەوەیـی و پێکەوەژیانـی نەتەوەییـدا جەنـگان، هـەر لـەو گۆشـەنیگایەوە بـوو، هەمـوو کـورد ئامادەبـوون لـە پێنـاو کۆمـاردا بمـرن. گەڕانـەوەی بارزانـی ڕووداوێکـی ئاسـایی نەبـوو، بـەو پێیـەی کـورد، ببـووە بـازووی بەهێـزی ڕاگەیاندنـی کۆمـار و پشـتیوانێکی پتـەوی عێراقـی نوێبـوون. گەڕانـەوەی بارزانـی بەواتـای سـەقامگیری سیاسـی و سـەرکەوتنی تەواوەتـی تێکۆشـانی شۆڕشـگێڕانی عێـراق بـوو. هەربۆیـە بەوپـەڕی پەرۆشـییەوە، کۆمەڵانـی خەڵکـی عێـراق، بەدیـار یەکەمین وتـاری مێژوویـی مسـتەفا بارزانـی، گوێیـان دابوویـە ڕادیـۆی بەغـدا. ئـەوە پەیامـی بارزانـی بـوو بـۆ هەموو عێراقییەکان. پەیامی سەرسـەختترین شۆڕشـگێڕ و نەیاری نەزمـی دوایایەتی، ئەوەتـا ئێسـتا لـە ڕادیـۆی پایتەختـەوە پەیامەکـەی پەخشـدەکرێت. بارزانـی لـە کورتـەی پەیامەکەیـدا سـوپاس و ستایشـی سـەرکەوتنی شـکۆمەندانەی عەبدولکەریـم قاسـمی کـرد، ئەوبـوو توانـی سـەرکردایەتی شۆڕشـێک بـکات و تەخـت و تاراجـی ستەمکاری لـە عێراقـدا لەبێخـەوە ببڕێتـەوە.[2] دەکرێـت بڵێیـن گەڕانـەوەی بارزانـی ئاسـایی نەبـوو، چونکـە چاوەڕوانییەکانـی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـوردی بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەرزکـردەوە. جیالـەوەش گەڕانەوەیـان زەمینـەی لەبەردەم دابەشـبوونی بزووتنـەوە نەتەوەییەکـەی کورددا ڕەخسـاند. بۆنموونـە ئـەوکات مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەلایـەن ئیبراهیـم ئەحمـەدەوە سـەرۆکایەتی دەکـرا، وەلـێ بەشـێوەیەکی فەرمـی خـودی بارزانـی سـەرۆکی پارتـی بـوو. کەچـی ناوبـراو خـۆی بـە سـەرۆکی ڕێکخسـتنە سیاسـییەکە و بڕیـار و بەرنامـەی مەکتەبـی سیاسـیی دەزانـی. یەکـەم دانیشـتنی فەرمـی نێـوان بارزانـی و ناوەنـد لـە ٧ی ئۆکتۆبـەری هەمانسـاڵدا بـوو. ئەوەبـوو قاسـم پێشـوازی لـە بارزانـی و شـاندێکی بـاڵای نوێنەرایەتـی کـورد کـرد. هـەر لـە هەمـان ڕۆژدا بارزانـی لەگـەڵ زۆرێـک

---

(1) Цит по: Мгои ШХ Курдский национальный вопрос в Ираке

(2) Правда, 12101958

لـە سـەرۆک و ئەندامانـی ئەنجومەنـی بـاڵای دەوڵەتـی عێـراق کۆبـووەوە. لەسـەرەتاوە قاسـم وەهـای خسـتبووە مێشـکییەوە، کـەوا بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە دەشـێت بارزانـی وەک ڕکابەرێکـی بەهێـزی ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان بکەوێتـە نـاو گۆڕەپانـە سیاسـییەکەوە. چـون دەیزانـی هاوپەیمانیـی نێـوان بارزانـی و ئـەو ڕەوتـە نەتەوەییانـە تاسـەر بـەردەوام بێـت. هەروەهـا بارزانـی لـە ڕووی تیۆرییـەوە، بـۆ مـاوەی ١١ سـاڵی ڕەبـەق، لەکاتێکـدا لـە دەرەوەی وڵاتـدا بـوو، هێشـتا بـە پۆسـتی سـەرۆکایەتی پارتییـەوە پەیوەسـت بـوو. وەلـێ ئێسـتا ئـیتر بۆخـۆی هاتووەتـە نـاو نەزمە سیاسـییەکەوە. بەجۆرێـک بڕیـاردرا هـەر لـە بەغـدادا بمێنێتـەوە. ئەوەبـوو بـە فەرمـی لـە مەنزڵـی پێشـووتری نـوری سـەعیددا شـوێنی مانـەوەی بـۆ تەرخانکـرا. ئـەوە جگـە لـە تەرخانکردنـی مانگانـەی پێویسـت و ئۆتۆمبێلـی تایبـەت بـۆ بەڕێوەچوونـی کارەکانـی. لەهەمـووی گرنـگتر، قاسـم وەک سـەرۆککۆماری عێـراق، بارزانـی وەکـو ڕابـەری نەتـەوەی کـورد ناسـاند. جیـا لـە قاسـم و سـەرۆک وەزیرانی عێـراق و ڕەوتـە ناسیۆنالیسـتەکانی ئەودەمـی عێـراق، تێکـڕا هاوشـێوەی شـیوعییەکان، هەوڵـی ئەوەیـان دەدا پێگـە و پێنـاوی بارزانـی و بنکـە بەرفراوانـە جەماوەرییەکـەی، بـە قازانجـی خۆیـان بەکاربهێنـن. بارزانـی بـەو سـانایيە، نەدەچـووە ژێـر بـاری بگرەوبـەردەی بزووتنـەوە سیاسـییەکەی عێراقـەوە. تەنانـەت میتـۆدی بارزانییـەکان، لـە لۆژیکـی سیاسـەت و سـنووری کاری نەتەوایەتـی و پارتایەتیـدا، زۆر جیـاواز بـوو لـە هەریـەک لـە ڕەوتـە ڕۆشـنبیرییەکەی شـار، ئـەو ڕەوتـەی ئیبراهیـم ئەحمـەد یاخود جـەلال تاڵەبانـی خەریکبوون لەگـەڵ بەرپرسـانی حکومەتـی عێراقیـدا هێنابوویانـە ئـاراوە. بارزانـی، نـە متمانـەی بـە قاسـم بـوو، نـە هاوبیـری کەلتـووره سیاسـییەکەی شـیوعییەکان. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەم قاسـم و هـەم حزبـی شـیوعی ئومێدێکـی زۆریـان بـە بارزانـی هەبـوو. چـون ئـەوان گەرەکیـان بـوو لـەو پێگـە و پەیوەندییـە جەماوەرییـەی بارزانـی بەهرەمەنـد بـن. چونکـە بەڕاسـتی بارزانـی لـەدوای گەڕانـەوەی لـە سـۆڤیەت، بـەو کەرنەڤاڵـەی کۆمەڵانـی خەڵکـی عێـراق، بەشـێوەیەکی خۆکـرد لـە پێشـوازییەکەیدا نواندیـان، بۆیـان دەرکەوتبوو کـە بارزانی بەهزتریـن کەسـایەتی کارێزمایـی و سـەرکردەی سیاسـی قۆناغەکەیە. کۆمۆنیسـتەکان بـەو خەیـاڵ و خولیایـەی بیرکردنـەوەی خۆیانـەوە، مانـەوەی ١٢ سـاڵەی بارزانییـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت، کردبـووە بنەمـای بیرکردنەوەیـان لـە نزیکبوونـەوە لـە بارزانـی. ئـەوان لـەو سـۆنگە و گریمانەیـەوە بارزانییـان دەبینـی کـە ئایدۆلۆژیـای مارکسیستی-لینینیسـتی،

کاریگەرییـان لەسـەر دانابـێ و جیهانبینـی ئێسـتەکەی ئاوێزانـی ئایدیۆلۆجیـای کۆمۆنیـزم بوبێـت، بـەڵام بەرەبـەرە دەرکـەوت دەربەهـەق بـە بیرکردنـەوەی بارزانـی خەیاڵیـان خـاو بـووە و نەیانپێـکاوە. چـون مـەلا مسـتەفا بارزانـی، سروشـی خـۆی چـۆن بـوو، وەهـا وێنـای ژیانـی سیاسیشـی دەکـرد. ئـەو لـە سروشـتیدا سیاسـەتمەدارێکی نـەرم و نیـان بـوو. بـۆ نموونـە هەمـوو ئـەو بەڵێنانـەی سـەبارەت بـە هاوبەشـی نیشـتمانی نێـوان کـورد و عـەرەب درابـوون، ئـیتر نـۆرەی ناسـاندن و کاتـی جێبەجێکردنـی تێکـڕای بەڵێنـەکان بـوو. لـەم کاتـەدا، وا پێدەچـوو شـیوعییەکان بەشـێوەیەکی ژێربەژێـر هەنگاوەکانیـان هاوشـانی سیاسـەتەکانی قاسـم نابێـت. لـە هەمـان کاتـدا بارزانیـش دەسـتی دابوویـە گەمـە و گۆڵێکـی سیاسـی ورد و وریـاوە.[1] بەتایبەتـی قاسـم و کۆمۆنیسـتەکان جێگـەی مەبەسـتی بـوون. بۆنموونـە بارزانـی لـە تـەواوی وتـارە گشـتیەکانی ئـەو قۆناغەیـدا، دوور تانزیـک توخنـی پرسـە ئایدیۆلۆژییـەکان نەدەکـەوت. لەکاتێکـدا، لـە گفتوگـۆ تایبەتییەکانیـدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسـە بیانییەکاندا. هیـچ نهێنیەکـی لەبـارەی ئـەو بۆچوونـە نەرێنیانـەی خۆیـەوە لەبـارەی لۆژیکـی چـەپ و کۆمۆنیسـتەکان نەدەدرکانـد. هەڵبەتـە بەشـێک لـە میدیاکانـی دەرەوە بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد بارزانـی خەریکـی بانگەشـەیە بـۆ یەکخسـتنی ڕیزەکانـی نەتـەوەی کـورد و ئـەم ئامانجەشـی لەپێنـاو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کوردیدایـە، بـەڵام ئـەوەی لـە واقیعـی ژیانـی سیاسـی بارزانیـدا دەگـوزەرا بریتیبـوو لـەوەی، لەلایەکەوە ستایشـی جەنـەڕاڵ قاسـمی سـەرۆک کۆمـاری عێراقـی دەکـرد و لەلایەکـی دیکـەوە داوای دەکـرد پێویسـتە تێکـڕای ناوچـە دەوڵەمەنـدە نەوتییەکانـی کوردسـتان، ڕادەسـتی ڕۆژئـاوا نەکرێـن. لەڕاسـتیدا بـە وردبوونـەوە لـە لۆژیکـی سیاسـی بارزانـی ئـەم ڕاسـتییە ڕێگـەی دەبوویـەوە کـە ئـەم هەڵوێسـتەی بارزانـی، هەڵوێسـتێکی نەیارانـەی سیاسـەتی ناوخۆیـی و دەرەوەیـی ناوەنـدە. هەرچەنـد قاسـم سـەرکردەی دانپێدانـراوی عێـراق بـوو، بـەڵام نـاوی مـەلا مسـتەفا بارزانـی، ناوێـک بـوو کـە لەسـەر زاری هەمـوو عێراقـی و عـەرەب و کوردێکـدا دەنگدانـەوەی بەرینـی هەبـوو. تەنانـەت گۆشـەی گـەڕەک و شـەقام و بـازاڕەکان بەجارێـک ببوونـە گۆڕەپانـی خسـتنەڕووی ئـاڵا و هـێمای کوردسـتان. وێنەکانـی بارزانیـش لەهەمـوو شـوێنێک دەفـرۆشران، بەتایبەتـی ئـەو وێنانـەی بـە جلوبەرگـی سـەربازی ژەنەراڵێکـەوە، یاخـۆ بـە جلوبەرگـی کوردیـی سـوارچاکێکەوە گیرابـوون، ڕێـک لـە

(1) Newsweek, 10101958

زۆرترین شوێنەکانی بازاڕدا بوونیان هەبوو. بارزانی بۆخۆی دەڵێ:" ئەو قۆناغانەی ئەو وێنانەی گیراون. قۆناغی ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران بووە، ئەوانە وێنەی ساتەوەختێکی شۆڕشگێڕانەی وەهان کە ئەستمە لە یادەوەرییەکانیدا بسڕێنەوە". هەر لەو قۆناغەدا، هونەر و ئەدەبی کوردی و بڵاوکراوە کوردییەکان پەرەیان سەند بوو. لە هەر شوێنێک بچویتایە، ئەوا دەنگ و میلۆدی شەماڵ سائیب وەک بەناوبانگترین گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە سترانەکانی بەباڵای بارزانیدا دەوتن. جیا لەوەش پەسن و پیاهەڵدانی پاڵەوانانە، ستایش و سەنای سەرکەوتنەکانی بارزانی، بەردەوام لەسەر زاری خەڵکی بوون. هاوکات وەکو ئیدیۆمێک ئازاییەتی بارزانی ببووە باسی ڕادیۆی بەغداد. بەتایەتی ئەوکات ئەم دەربڕینانە زۆر باوبوون: "بارزانی، شێری کوردستان، بارزانی، ئەستێرەیەک لە ئاسمانی ئێمەدا، بارزانی، ئەوە کێیە ناو و ناوبانگی تۆ پێنازانێ؟!"[1]. جگە لەوانەش ڕەوتە سیاسییەکانی عێراق، وەها پێشبینیان دەکرد، بارزانی هەرگیز لەهەمبەر ئەو نائارامی و نەریتی ململانێ بێزراوەی ڕەوتەکانی عێراقدا بەرنابات. بۆیە دەشێت بەم زووانە ڕووبکاتەوە زێدی خۆی و لەوێ دەستپێبکاتەوە.

---

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С 58

## دەسپێکی چالاکی سیاسی مستەفا بارزانی لە کۆماری عێراقدا

مستەفا بارزانی دەیەویست لە ڕێگەی پارتییەوە پەیوەندییە سیاسییەکانی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان و ئامانجە لەمێژینەکانی نەتەوەی کورد بەدیبهێنێت. هەربۆیە بە گەڕانەوەی، هەوڵیدا وەک سەرۆکێکی مەیدانی، جڵەوی سیاسیی پارتەکە پەیوەست بکات بەخۆیەوە. هەڵبەتە دابڕان و قۆناغی دەربەدەریی و دووربوونی لە گۆڕەپانی گەمە سیاسییەکانی حزبەکەی و واقیعی سیاسی ناوخۆی کوردستان و عێراق، بووە مایەی مەیدانخوازیی نەریتە ناسیۆنالیستییەکەی بارزانییەکان و لەبەرانبەردا بەرەو بە بابەتە چەپگەراییەکە و تەدارەکی تیۆرە چەپگەراییەکە، کەوتبووە دەست چەپەکانی ناو پارتی. تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٣ دا، کاتێک کۆنگرەی سێهەمی پارتی دەبەستن، بەجارێک گۆڕانکاریی لە پرۆگرامی پارتیدا دەکەن، گۆڕانکارییەک کە بەڕوونی وەکو پارتێکی چەپگەرای مارکسی خۆیان دەناسێنن و ناوی پارتەکەش لە پارتی دیموکراتی کوردەوە دەگۆڕن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان. هاوکات ئیبراهیم ئەحمەد وەک سکرتێری پارتی دەستنیشان دەکرێت. دیارە ڕەنگدانەوەی ڕووخسارەکانی ڕێکخستنە چەپگەراییەکە بریتی دەبێت لەم خاڵانەی خوارەوە: خەبات بۆ چاکسازی کشتوکاڵی، زاڵبوون بەسەر دوایماوەکانی سیستەمی خێڵ و دەرەبەگایەتی، پشتیوانی لە مافی کرێکاران و پەرەپێدانی تواناکانیان، بایەخدان بە وڵاتانی سۆشیالیستی و دانەدواوەی سیاسەتی بێلایەنی لە ململانێی نێوان جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، هەڵوەشانەوەی هەموو گرێبەست و پەیماننامە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و بەریتانیا، کشانەوەی دەسبەجێی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا، چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا[1].

بەگشتی لە بەرنامەی پارتیدا، خواستی هاوپەیمانی نێوان نەتەوەکانی کورد و عەرەب و پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی کرێکاری نێودەوڵەتی ئاماژەی پێدرابوو. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەدا، بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پارتی، ئەوانەی بەهۆکاری ناکۆکییە ئایدیۆلۆجییەکانەوە ڕیزەکانی ڕێکخستنیان جێهێڵابوو، بەرەبەرە گەڕانەوە ژێر چەترە چارەنوسسازەکەی پارتی،

(1) Ghareeb E The Kurdish Question in Iraq, c 36–37

لەگەڵ هاتنەوەی بارزانیدا، بارودۆخی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆرانکاری گەورەی بەسەردا هات. بەتایبەتی بارزانی نیگەرانی بیرکردنەوە مارکسییەکە و میتۆدە چەپگەراییەکەی پارتی بوو. دواجار کار لە نیگەرانیدا نەماو بەشێوەیەکی پراکتیکی کەوتە کێوماڵ و شەنوکەوکردنی شیرازەی ڕێکخستنە سیاسییەکە. دیارە بارزانی لە سایەی ناوبانگ و شکۆی شوناسە نەتەوەییەکەیدا، بەجۆرێک کە دەتوانرێت بوترێت، سەرجەم چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی خستەوە ژێر ڕکێفی ڕێبازی خۆیەوە. ئەم هەنگاوانەی بارزانی بەردەوام بوون تاوەکو دواجار لە کۆنگرەی چوارەمی حزبدا کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٩ بەڕێوەچوو، توانی تەواوی تێرمە پیرۆز و پێناوە ناسیۆنالیستییەکە، بە پارتیی پەیوەستیان بکاتەوە و پارێزگاریش لە هەر بیر و بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی بگرنەئەستۆ. ئەم ئاڵوگۆڕە ئەندێشەیی و ئایدیۆلۆژییەی کۆنگرەی چوارەمی پارتی، نەک هەر سەرکردایەتی سیاسی پارتی، بەڵکو باڵی سەربازی(پێشمەرگە)یشی کەمەندکێشی کاریگەرییە کارێزماتیکەکەی خۆی کردنەوە. ئیتر لێرە بەدواوە لەژێر باڵی بارزانی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی نەتەوەی کورد، توانی گرەوی گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەی ئەرکە سیاسییەکانی قۆناغەکە بباتەسەر.

بارزانی لە یەکەم هەنگاودا، هەوڵیدا سنوورێک بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دابنێ. هەروەکچۆن دەیزانی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان کەوتوونەتەخۆ و نیازیانە پێوەندییەکانی نێوان کورد و قاسم بە ئاراستەی کەموکوڕی و کردەی دوژمنکارانە بەرن. بارزانی نیازی بوو پارتی وەک هێزێکی نەتەوەیی و کوردستانی، لە هەر هەژمونێکی ئایدیۆلۆژیی و چەپگەرایی داماڵێت. لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە ڕێوشوێنی پێویست بۆ پلانێکی لەو جۆرە دارێژرا. لەیەکەم هەنگاودا، پێویست بوو ئیبراهیم ئەحمەد لە پۆستەکەی لاببرێت، بۆ ئەم مەبەستە، زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی، دایانەپاڵ پێشنیارەکەی بارزانی و بە ئاسانی پشتیوانی مەکتەبی سیاسییان بۆ لابردنی ئیبراهیم ئەحمەد مسۆگەر کرد. ئەوەبوو لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٩دا، هەمزە عەبدوڵڵا جێگەی گرتەوە. [1] دەستبەکاربوونی ناوبراو ململانێی ئایدیۆلۆژیی ناوخۆی پارتی زەقتر کردوە. ململانێکان شۆڕبوونەوە بۆ داواکارییەکانی حزب، ئایا تێزی سەربەخۆیی کوردستان بەردەوام بێ، یان ئاراستەی ئۆتۆنۆمی لە خەباتی پارتیدا

(1) Млечин Л Особая папка Путин, Буш и война в Ираке М, 2005, С 93

بچەسپێنن، تاوەکو ئەوکاتیش بارزانی هاوکاری قاسم بوو. حکومەت پابەندی بڕیاری لێخۆشبوونی ئەو بارزانییانە بوو کە لە ڕاپەڕینی ١٩٤٣-١٩٤٥ تێوەگلابوون. هاوکات زۆرێکی وەهای نەخایاند کە لایەنگرانی مەلا مستەفا بارزان، دڵسۆزی خۆیان بە یارمەتیدانی حکومەت بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی موسڵی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٥٩ سەلماند. ئەو یاخیبوونە لەلایەن ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە، وەک پیلانگێڕاییەکی دژ بە قاسم ڕێکخرابوو. ئەوان نەیاری دانپێدانانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوون. هەربۆیە جگە لە بەرپرسانی حکومی و لایەنگرەکانی سیستەمی پێشووی دوایایەتی، هاوکات سەرۆکهۆزەکانی شەممەر و شێخەکانی هەمان هۆز، پێکەوە دژایەتی ڕژێمی کۆمارییان گەیاندە ئاستێک کە لە یاخیبوونەکەدا بەشدارییەکی بەهێزیان کرد[1].لەکاتێکدا یاخیبووان نیازیان بوو بەتەواوی کۆنترۆڵی شاری موسڵ بکەن، لەم کاتەدا بە فەرمانی مستەفا بارزانی، پێشمەرگەکانی پارتی ڕەوانەی موسڵ کران و توانیان ڕووبەڕووی یاخیبوان بنەوە. لە ئەنجامی تێکهەڵچوونی نێوان هەردوولادا ٢٠٠-٢٥٠ کەس لەنێوان هەردوولادا بوونە قوربانی. ئەم ڕووداوە بووە بایسی هەڵوێستوەرگرتنی قاسم دژ بە ناسیۆنالیستە پەڕگیرەکان و بەعسییەکان لە حکومەتدا، ئەوەبوو پاکسازی کران و لە دامەزراوەکانی میریدا دوورخرانەوە[2]. لەیەکێک لە ڕووداوە نەخوازراوەکانی هەمان ساڵدا، ڕووداوی ڕەشید لۆلان دێتەپێشەوە. ناوبراو وەک سەرۆکهۆزێکی کورد، نەدەچووە ژێرباری یاساکانی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی میرییەوە. بۆیە دیسانەوە بارزانییەکان بوونە بایسی سەرکوتی ڕاپەڕینەکە و نەیانهێشت پشێوییەکانیان درێژەپێبدەن. ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٥٩دا پارتی و بارزانی بە پشتیوانی و پارێزگاریی لە ئارامی و ئاسایشی کۆماری عێراق و دەسکەوتەکانی شۆڕش، بوونی خۆیان و پێگەی خۆیان زیاتر بەهێزکرد. جارێکی دیکە لە ساڵیادی سەرکەوتنی شۆڕشدا، دروست لە تەمووزی ١٩٥٩دا، شاری کەرکووک ڕووداوێکی خوێناوی بەخۆیەوە بینی. کاتێک لایەنگرانی بارزانی و شیوعیەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕاپەڕینێکی دژە حکومەتیان سەرکوت کرد. ئەم ڕووداوەش

(1) Подробнее см: Мгои ШХ Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, С 132–133

(2) McDowell D A Modern History of the Kurds, с 304

هــاوكات بــوو لەگــەڵ هەوڵێكــی كۆمۆنیســتەكان بــۆ گرتنەدەســت و بەدەســتهێنانی پۆســتە حكومییەكانــی كەركــووك. ئەمــەش بەپێچەوانــەی بەرژەوەندییــە باوەكانــی قاســم لێكدانــەوەی بــۆ كــرا. بۆیــە قاســم بــە پاســاوی ئــەوەی بەشــێوەیەكی نامرۆڤانــە ڕاپەڕینەكــە دامركاوەتــەوە، هەڵمەتێكــی بەرفراوانــی دژ بــە شــیوعییەكان دەســتپێكرد. هەڵبەتە بــێ لــە شــیوعییەكان، ڕووداوەكــە بــووە بایســی ئــەوەی زیــان بــە نــاو و ناوبانگــی بارزانییــەكان و كوردیــش بگەیەنێــت. بەرەبــەرە لێرەولــەوێ ناوكۆكــی ناوخۆیــی لەنێــوان چەكدارانــی پارتــی و كۆمۆنیســتەكاندا دەقەومــا. [1] بەگوێــرەی زانیاریــی بڵاوكراوەكانــی ئــەوكات، هــۆكاری ئــەم پێكدادانانــە، زیاتــر بــۆ خواســتەكانی پارتــی و هەڵوەشــاندنەوەی هێزەكانــی بەرگــری نیشــتمانی دەگەڕانــەوە كــە زیاتــر لەلایــەن كۆمۆنیســتەكانەوە كۆنترۆڵكرابــوون، چونكــە بــە گوێــرەی ســەرچاوەكان، بەشــێك لــە كەســایەتییەكانی نــاو ئــەم بــەرەی بەرگرییــە زۆر بــە ئاشــكرا دەســتیان دابوویــە دەســتوەردان لــە كاروبــاری پارتــی و وەختبــوو جموجــوڵ و كاروچالاكییەكانــی پارتیــان ســنودار دەكــرد. ئــەم ڕێگرییانــەش بەهیــچ جۆرێــك لەلایــەن پارتییــەوە هــەزم نەدەكــرا. لــە ڕاســتیدا خــودی بارزانــی پێداگــر و پابەنــد بــوو بــە ڕێبــازی كوردایەتــی و میتــۆدە میلــی و نیشــتمانییەوە، بۆیــە دەبــوو لــە هەمبــەر هەژموونــی چەپەكانــدا بەســەركەوتوویی بێتەدەرەوە.بــەم بۆنەیــەوە بڕیارنامەیەكــی یەكلاكــەرەوە لــە پلینۆمــی كۆمیتــەی ناوەنــدی پارتییــەوە دەرچــوێنرا. بڕیارنامەكــە لــە ٣٠ی حوزەیرانــی ١٩٥٩دا پەســەند كــرا. هــەر لــەو كۆبوونەوەیــەدا بڕیــار بــە دوورخســتنەوەی هەمــزە عەبــدوڵڵا و لایەنگرەكانــی لــە حیزبــدرا. بارزانــی بــە تێگەیشتن لــە نیازی قاســم بــۆ گۆڕینی باڵادەســتی كۆمۆنیســتەكان، ئــەم نیــازەی حكومەتــی بــە دەرفــەت زانــی، بۆیــە بەزوویــی مەكتەبــی سیاســی پارتــی دیموكراتــی كوردســتانی لــە هەمــوو ئەندامانــی چــەپ و ئەوانــەی لــە شــیوعییەوە نزیــك بــوون پاككــردەوە. دواتــر لــەدوای ڕووداوەكانــی كەركــووك بارزانــی لەڕێگــەی دەســتەیەك لــە پێشــمەرگەكانییەوە، هەمــوو بارەگاكانــی پارتــی دیموكراتــی كوردســتانیان لــە هەوادارانــی هەمــزە عەبــدوڵا پاككــردەوە. كاتێكــدا، هــەر ڕێوشــوێنێكیان بــۆ دانوســتان و گفتوگــۆ و ڕێگەچارەیەكــی گونجــاو دابوویــە دواوە. ئــیتر لێــرە بــەدوواوە هەمــوو ئــەو ئەندامانــەی مەكتەبــی سیاســی مابوونــەوە كــە پشــتیوانیان لــە بڕیارەكانــی بارزانــی دەكــرد و پابەندبــوون بــە بەرنامــەی حزبەكەیانــەوە دەركــرد. ئــەوان تــا ئەوكاتیــش

---

(1) Конфликты на Востоке: этнические и конфессиональные, С 213– 214

پابەندبـوون بـە بڕیارەکانـی حکومـەت و پشـتیوانی خۆیـان بـۆ قاسـم دووپاتدەکـردەوە. لێـرە بـەدواوە ناکۆکییەکـی ناوخۆیـی دیکـە دەرکـەوت. ئەوەبـوو لـە کۆتایـی مانگـی ئابـدا، بەئاشـکرا ململانێـی نێـوان پارتـی و بەشـێک لـە پێکهاتـە خێڵەکییەکانـی کـورد زەقبوویـەوە. دیاربـوو ئـەوان لەلایـەن شـیوعییەکانەوە دنـەدەدران. لـەم کاتـەدا مـەلا مسـتەفا بارزانـی یارمەتـی قاسـمی دەدا، تاوەکـو پێکـەوە بتوانـن سـەرکوتی کۆمۆنیسـتەکان بکـەن و زیاتـر لـە مەیدانەکـەدا بەدووریـان بگـرن. تاوەکـو ئـەم قۆناغـەش هێشـتا پارتـی پێـی وابـوو داواکارییەکانـی کـورد، لەڕێگـەی قاسـم و حکومەتـی عێراقییـەوە بەدیدێـن[١].

بارزانـی لەمیانـی ئەزموونـی ژیانیـدا و بـە لەپێشـچاوگرتنی قۆناغەکانـی ژیانـی لـە وڵاتانـی کۆمـارە سۆشیالیسـتییەکاندا، وەک دنیادیدەیەکـی بـە ئـاگا، لـە مەترسـی بیرۆکـەی کۆمۆنیسـتی و کەلتـوورە سیاسـییەکەیان تێگەیشـت بـوو. هەربۆیـە پێـی وابـوو، بەرنامەیەکـی لەوجـۆرە هیچکاتێـک ناتوانێـت کێشـە بنەڕەتییەکانـی نێـوان کـورد و عەرەب چارەسـەر بـکات. لەمبارەیـەوە بارزانـی تیشـکی خستبووەسـەر ئـەم ڕاسـتییە و وتبـووی:" ١٢ سـاڵی ڕەبـەق لـە ڕووسـیادا ماومەتـەوە، هێشـتا بـاوەڕم بـەوە نەبـووە ببمـە شـیوعی". [٢] هەربۆیـە بارزانـی لەپێنـاو پارتەکـەی و خواسـتی پاراسـتنی سـەربەخۆیی پارتیـدا، دەبـوو لـە چەپگـەراکان خۆیـان داماڵـن، بـەڵام بـۆ گەیـشتن بـەم ئامانجـە و لـە میکانیزمـی زاڵبوون بەسـەر کۆمۆنیسـتەکاندا، زۆرجـار ڕووبـەڕووی توندوتیـژی و ڕووداوگەلـی خوێنـاوی دەبوونـەوە. هەڵبەتـە هەمـوو ئـەو میکانیزمـە توندانـە، وابەسـتە بـوو بـە سروشـتی مامەڵـەی میرییـەوە و هەوڵێـک بـوون بـۆ نیشـاندانی دڵسـۆزی و چێکردنـی متمانـەی زیاتـر لەگـەڵ دەسـەڵاتەکەی قاسـمدا، چونکـە بارزانیـی خـۆی هاوپەیمانی قاسـم دەزانی. هەرچەنـدە ڕەوشـەکە، تەنیـا پەیوەنـدی بـە کـورد و بارزانییـەوە نەبـوو، بەڵکـو لادانـی کۆمۆنیسـتەکان لـە گۆڕەپانەکـەدا، گەمەیەکـی گەورەتـری خۆرئاوابـوو، یانـی لەسـەرووی لۆژیکـی ململانێ ناوخۆییەکانـی پارتییـەوە بـوون. ئەوەتـا لەلایـەن میدیاکانـی ڕۆژئـاواوە، لەوانـە ئەسۆشـێتد پرێـس، یونایتـد پرێـس و فرانـس پرێسـەوە، تێکـڕا بـە ئامـاژەدان بـەو زانیاریانـەی لـە پـۆرت سـەعیدەوە وەرگیـرا بـوون، گوایـە ٨٥٥ کـوردی چەکـداری سـۆڤیەتی کـە بـە باشـی بـۆ ئەنجامدانـی شـەڕی گەریلایـی ڕاهـێنراون، لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە

(1) Барзани М Мустафа Барзани и курдское освободительное движе- ние, C 249

(2) Meiselas S Kurdistan In the Shadow of History, c 217

هێنراونەتەوە ناوخۆی عێراق. ئەم دەنگۆ میدیاییە، ململانێ ناوخۆییەکەیان گەیاندبووە ئاستێکی ئاڵۆز. لەکاتێکدا، خودی بارزانی لە زۆرێک لە هەڵوێستەکانیدا بەیەکچاو تەماشای تێکۆشانی شیوعییەکان و کوردی دەکرد[١]. هەروەکچۆن ئەوانیش و میدیاکانی دەروەش بەهەمان شێوە وەک یەک پاکێج سەیری چەپ و کوردیان دەکرد. ئەم ڕاپۆرتانەی میدیا جیهانییەکان کە لەبارەی هێنانی گەریلای سۆڤیەتی و کەشتیی جۆرجیاوە دەدوان، زیاتر مەبەستیان لە بارزانییەکان و بنەماڵەکانیان بوون. ئەوانەی بە بڕیاری میریی گەڕێنرانەوە عێراق، بەڵام ئەوان ڕاستییەکانیان بەئاقارێکی نەرێنیدا شێواندبوون. ئەوەبوو ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژنامەکانی سۆڤیەتدا ڕووماڵ کرا و ڕاستییەکانیان بۆ ئاشکرا کردن [٢] . هەروەها لە چوارچێوەی وەڵامی هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی گەڕانەوەی بارزانییەکاندا، کۆمەڵێک لە کوردە گەڕێندراوەکان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە. لە بەیاننامەکەدا سوپاس و پێزانینیان بۆ پشتیوانیکردنیان لەلایەن گەلی سۆڤیەت دەربڕی بوو. هەروەها جەختیان لەوە کردبوویەوە کە دۆستایەتی و برایەتی و ئاشتی نێوان گەلان، تاکە چەکێکە کە لەو ژیانی پەنابەرییاندا لەسۆڤییەتەوە، لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویانەوە.[٣] هەر لەسۆنگەی ئەم هەڵمەتە میدیاییەی خۆرئاوادا بوو چەپەکانی عێراق بەرەیەکی نیشتمانیان دروست کرد. ئەوەبوو هەر ئەم بەرە نیشتمانییە یاداشتێکی بۆ قاسم بەرزکردەوە و تێیدا داوای مۆڵەتیان لە حکومەت کرد، تاوەکو وەکو ڕێکخراوێک بوونی خۆیان ڕابگەیەنن. دواتر مستەفا بارزانی ئەوەی دایە دواوە کە واژۆ لەسەر پێویستی بوونی ڕێکخراوێکی وەها بکات. هەروەها کاتێک لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٩دا، ململانێ لە نێوان تورکمانەکان و دانیشتوانی کورد لە کەرکووکدا سەریهەڵدا. ئەوەبوو بەهۆکاری سەردانی مستەفا بارزانی و دەسپێکی هەوڵەکانی بۆ گێڕانەوەی ئارامی بۆ ئەوشارە و دواجار لەو قۆناغەدا کۆتایی بە تەنگژە ئیتنییەکان هێنرا. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ دا، زۆرینەی مەکتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ بڕیارەکانی بارزانیدا بوون. ئەوانیش لەگەڵ دوورکەوتنەوەی هەمزە عەبدوڵادا بوون. لە هەمان کاتدا ئیبراهیم ئەحمەد

---

(1) Заря Востока, 12041959

(2) 18 Правда, 18041959

(3) 19 Мгои ШХ Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, С 140

لـە هەوڵەکانیـدا بـۆ کەمکردنـەوەی هەژموونـی بارزانـی بەسـەر پارتیـدا، بـەردەوام بـوو. لـە ڕاسـتیدا سـەرەڕای هەبوونـی جۆرێـک لـە رکەبەرایەتـی لەنێـوان ئیبراهیـم ئەحمـەد و بارزانیـدا، وەلـێ هەمـوان، بەتایبەتـی خـودی ئیبراهیـم ئەحمەدیـش گەیشـتبوونە ئـەو بـاوەڕەی کـە ڕابەرایەتـی بارزانـی، بابەتێکـی یەکلایـی و پێداویسـتییەکی بێلاموجیمـی بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کوردییـە لـەو قۆناغـەدا. لـە بەرنامـەی نوێـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا کـە لەلایـەن ئەندامانـی کۆنگـرەی چوارەمـی پارتییـەوە دەنگـی لەسـەر درابـوو، دیسـانەوە پارتـی پاتـەی کردبوویـەوە کـە حیـزب لەسـەر بنەمـای ئۆتۆنۆمـی و لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا خەبـات بـۆ فراوانکردنـی مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد دەکات. ئـەم پێداگرییـە بەجۆرێـک بـوو کـە لـە مادەیەکـی تایبەتـی پرۆگرامەکـەدا ئامـاژە بـە پێویسـتی چەسـپاندنی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان لـە دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـدا ببـووە کرۆکـی کارکردنـی پێکەوەیـی عـەرەب و کـورد لـە عێراقێکـی نوێـدا. لێرەوە ئـیتر کەمتەرخەمـی و بێباکییەکانـی قاسـم و حکومەتـی عێراقـی لەسـەر چەسـپاندنی چارەسـەرییەکی لەوجـۆرە بەدیـار دەکەوتـن. ئەوەبـوو لـە مانگـی بانەمەڕی سـاڵی ١٩٦٠دا، بەئاشـکرا، قاسـم لەسـەر مـاددە بنچینەییەکانـی بەرنامـەی پارتـی هاتەدەنـگ. هەڵبەتـە هەڵوێسـتی قاسـم، لـە ئاسـتێکدا بـوو کـە جڵـەوی جوڵانـەوە کوردییەکـە لەڕێگـەی وەسـتاندنی پارتـی و داواکارییەکانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـکات[1]. هەربۆیـە بـۆ یەکەمجـار بـە پاسـاوی نەسـازانیان لەگـەڵ چەنـد بەندێکـی بنەڕەتـی بەرنامـەی پارتـی، ئـەوەی دایـەدواوە، تەنانـەت پارتـی وەکـو حزبێکـی ڕێگەپێـدراو تۆمـار بکرێـت. هـاوکات زۆر بـە توندییـش دژ بـە هـەر بیرۆکەیەکـی دابەشـکردنی عێـراق و سـەربەخۆیی کـورد کەوتـە هەڕەشـە و گوڕەشـە لـە پارتـی و بارزانـی. بـە بۆچوونـی ئـەو، ئامانجێکـی وەک ئۆتۆنۆمـی، ئامانجێکـی نەگونجـاوی نـاو میتـۆدی پارتییـە و لـە ئاینـدەدا دەبێتـە سەرکێشـی سیسـتەمە سیاسـییەکەیان و زمینـەی دەسـتێوەردان و دوژمنکاریـی و دنـەی دەرەکـی زیاتـر دەکات. وادیـار بـوو قاسـم کەوتووتـە ژێرفشـاری پڕوپاگەنـدەی نەیارانـی کـوردەوە. بەتایبەتـی لـە لایـەن ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان و ناسرییەکانـەوە نـاو و ناتـۆرەی پەیوەسـت بـە هەوڵـدان بـۆ دابەشـبوونی عێراقـی خرابوویـە شـوێن. هەربۆیە سیاسـەتەکانی قاسـم لـە شـوێنێکدا خۆیـان بینییـەوە کـە لـە ڕۆژنامـەی شـۆڕش (الثورة)ی زمانحاڵـی حکومەتـدا مافـی ئـەوە

(1) Мгои ШХ Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, С 140

بدرێـت بـە کەسـانێک تاوەکـو بـە ئاشـکرا داوای نەمانـی نەتەوەگەرایـی کورد و سـڕینەوەی پێکهاتـە و زمانـی کـوردی لـە بۆتـەی پێکهاتـەی عەرەبـدا بکرێـت.[1] ئـەم پەرەسـەندنەی ڕووداوەکان و ئـەم ئاڵۆزییانـە تێکڕایـان هـاوکات بـوون لەگـەڵ ململانێـی ناوخۆییەکانـی نـاو پارتیـدا. بارزانـی بـەردەوام بـوو لـە وەسـتانەوە بـەڕووی ئەوانـەی لەژێـر نـاوی ڕەوتـی ڕۆشـنبیرانی نـاو پارتیـدا کەوتبوونـە نـاو ململانێـی مسـتەفا بارزانییـەوە. ئـەوان ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی تیۆرێکـی تـەواو جیاوازیـان لـە لۆژیکـی بارزانـی بـۆ بزووتنەوە نەتەوەییەکـەی کـورد گەڵاڵـە کردبـوو. ئـەوان بۆچوونـە سیاسـییەکانیان لـە کەشـێکی سیاسـی و مشـتومڕ و ململانێـدا بـەڕووی بارزانیـدا قوتکردبوویـەوە. بەگشـتی پێـڕی ڕۆشـنبیرانی نـاو پارتـی، پێداگریەکانـی پارتایەتییـان بـە بیروبـاوەڕی خۆیانـەوە گرێدابـوو. وەلـێ پێیـان وابـوو، وا خەریکـە حزبەکەیـان دەبێتـە ئامرازێکـی سـادە و کەوتۆوەتـە دەسـتی سـەرۆکهۆزێک. ئەمەشـیان بـە پێچەوانـەی پێنـاوی پارتێکـی پێشـکەوتوو شرۆڤـە دەکـرد، بـەڵام لەڕاسـتیدا پێگـە و پێنـاوی پارتـی لەژێـر سـەرۆکایەتی بارزانیـدا، بەوجـۆرە نەبـوو کـە ئـەوا هەڵسـەنگاندنیان بـۆ کردبـوو. چونکـە لـەو قۆناغـەدا پارتـی بـە مانـا کلاسـیکییەکەی پارتایەتـی نەدەنـاسرا. بەڵکـو پارتـی گۆڕابـوو بـۆ ڕێکخراوێکـی سـەربازی-سیاسـی، ڕێکخراوێـک کـە سـەرجەمی سیاسـەت و چالاکییەکانـی وابەسـتە بـە بەدیهێنـان و چەسـپاندنی مافـی ئۆتۆنۆمـی نەتەوەییـەوە گرێدابـوو. لـەم دۆخـەدا بارزانـی هەوڵیـدەدا بەپێچەوانـەی پاسـاوەکانی نەریـت و ناوچەگەرییەتییـەک کـە ئـەوان دەیانوروژانـد، دەیەویسـت چەسـپاندنی هەمـوو هـۆزە کوردییەکانـی کوردسـتانی عێـراق لـە دەوری خۆیـدا، لـە پێنـاو ڕێگریکـردن لـە هـەر هەوڵێکـی حکومـەت بـۆ بەکارهێنانیـان وەک جـاش (کرێگرتـە و دەربـار) لـە دژی پارتـی و بارزانییەکان و خـودی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازییەکەی کـورد بەکاربهێنـن. مـەلا مسـتەفا بەشـێوەیەکی چالاکانـە هەوڵـی ئـەوەی دەدا هەمـوو هۆزەکوردییـەکان لـە خەباتـی خواسـتی ئۆتۆنۆمیـدا بەشـداریی پێبـکات.

لەڕاسـتیدا هەندێـک لـەو هـۆزە کوردییانـە، سـەرکەوتنی شۆڕشـی سـەربەخۆیی عێـراق و گەڕانـەوەی مسـتەفا بارزانییـان بـە شـتێک لـەدەرەوەی بەرژەوەنـدی فیوداڵـی و ئابـوری خۆیـان لێکدابوویـەوە. لێـرەدا ئامـاژە بـە چەنـد هۆکارێکـی نیگەرانـی ئـەو هۆزەکوردیانـە دەکەیـن:

---

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, c 19

**یەکەم:** دەسەڵاتی کۆمارە نوێیەکە، پێشێلی مافە ئابوری و سیاسییەکانیانی کردبوو، چونکە پێشتر لە ماوەی ٣٧ ساڵی دەسەڵاتی دوایایەتیدا، ئەوان لە خاوەندارێتی زەوی و پاوانێکی بەرفراوان و سەدان دۆنم زەوی و زاری ژێردەستیان بەهرەمەند ببوون.

**دووەم:** بەشێک لەوان پێیان خۆش نەبوو مەلا مستەفا بارزانی گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە هاوپەیمانی دەسەڵاتی کۆمار و قاسم. بە تایبەتی ئەو سەرۆکهۆزانەی ناڕازی بوون، ئەوانە بوون کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا، یارمەتیدەر و پشتیوانی حکومەتی عێراقیان کرد. هەربۆیە ئەوان ترسێکی زۆریان لەوە هەبوو بارزانی هەرکات بیەوێ تۆڵەی ئەو ناپاکییەیان لێدەکاتەوە کە دەرهەق بە ڕاپەڕینەکانی بارزان نواندبوویان. بارزانی لە یەکەم گفتوگۆیدا لەگەڵ قاسم، دەیگوت: "نەیارە کۆنەکانم لەبیر نەکردوون، بەو پێیەی ئەوان توخمێکی تاوانکارن. لە نێویاندا هەندێک سەرۆکهۆزەکان هەبوون. هەروەکو ئەوەی بارزانی ئاماژەی بە هەستیاری ئەم دۆخە دەدا. لەم کاتەدا هەندێک لە سەرۆک هۆزەکانی کورد، بەپەلە خۆیان لە سنوورەکانی ئێراندا شاردەوە. هەر زوو دەرکەوت مەلا مستەفا چەک و کەرەستەی پێویستی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە کوردستان بەدەستهێناوە. ئەمەش هۆزەکانی ناوچە سنوورییەکەیانی نیگەران کردبوو. ئەو دەنگۆیانە و گەلێ هۆکاری دیکەش، یاخیبوونێکی لە چەند سنورێکی کوردستاندا لێکەوتەوە[1]. ئەوەبوو لە مانگەکانی نیسان و ئایاری ساڵی ١٩٥٩، هەریەک لە پشدەری و برادۆستییەکان لەهەمبەر حکومەتی ناوەندی و خودی دەسەڵاتی مستەفا بارزانی یاخیبوونی خۆیان ڕاگەیاند.[2] ئەم یاخیبوونە، مایەی نیگەرانی بارزانی بوو، بەو پێیەی بارزانی ناچاربوو بەزوویی بڵاوە بە یاخیبووەکان بکات و پێش بە دوایاگەردانی و نەچوونە ژێر چەتری یاسا و ڕێنومایی و یاساکانی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی بگرێت. هاوکات زانیاری تەواویشی هەبوو کە بەشێک لەو هۆزانە بە دەستکیسەی تورکیا و بەشەکەی تریان بە ئامۆژگاری و هاندانی ئێرانییەکان یاخیبوون. هەربۆیە کاتێک بارزانی و سوپای عێراقی لەدژیان وەستانەوە، زۆرێکیان پەنایان بردە بەر ئەو دەوڵەتانەو ئەوانیش داڵدەیان دان.[3] لەم پشێوییانەدا، بارزانی بەبێ هیچ زیانێک،

---

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, с 19

(2) McDowell D A Modern History of the Kurds, c 306

(3) Там же, с 307

بەسەرکەوتوویی توانی بەسەر پشێوییە خێڵەکییەکانی خەڵکی سنوورەکانی کوردستاندا زاڵ بێت. لێرە بەدواوە شوێندەستی بارزانی و هێز و تواناکانی، گەیشتنە ئاستێک کە ئیتر ببووە مایەی مەراق و ئیرەیی قاسم و ڕژێمەکەی. پێدەچوو قاسم، وەک ڕکابەرێکی خۆی لە بارزانی بڕوانێت. هەربۆیە لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا، لێخۆشبوونی بۆ هەریەک لە هۆزەکان ڕاگەیاند و دەتوانن بگەڕێنەوە زێد و شوێنی پێشووی خۆیان. لەم نێوەندەدا بارزانی زۆر بە باشی، بابەتەکانی بۆ ڕۆشن بوونەوە، هەربۆیە دەستی کرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی تردا. هەڵبەتە هەموو ئەوانەی نەیاری قاسم بوون، بوونە شوێن نیشانەی نێزیکبوونەوە لەبارزانی. ئەوەبوو لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩دا، هەندێ سەرۆکهۆز پشێویان دروست کرد. دوای ئەو پشێوییانە، بارزانی یەکانیش هێرشیان کردە سەریان. خواستی سەرەکی مەلا مستەفا بارزانی گەڕانەوەی هەموو هۆزەکان بوو بۆ ژێر یەک چەتری چارەنوسسازی نەتەوەیی و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە کوردستاندا، بەڵام قاسم هیچکات دڵی بەم بەهێزبوونەی بارزانی خۆش نەبوو، بۆیە دەستی کرد بە باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ دوژمنانی مەلا مستەفا بارزانی. لەو میانەدا، ئەم هۆزانە بوونە بابەتی مامەڵەی سیاسی قاسم.

دیارە لێرەوە دوژمنایەتی نێوان بارزانی و قاسم پەرەی سەند. بەجۆرێک قاسم دەستی کرد بە دوورکەوتنەوە لە مەلا مستەفا و پارتی و بە ئاشکراش ئەم دوورکەوتنەوەی ڕاگەیاند. ماوەیەکی کەم پێش ئەم سیاسەتەی، دەستی کرد بوو بە دابینکردنی چەک و پارە بۆ هەموو ئەو هۆزانەی دوژمنایەتییان لەگەڵ مستەفا بارزانیدا هەبوو. لێرەوە ڕۆشنبوویەوە کە هەمووی لەپێناو پەراوێزخستنی مافە نەتەوەییەکانی کورددایە کە بارزانی بەردەوام دەیدان بە گوێی ناوەندا. بۆیە دەرکەوت نە قاسم و نە حکومەتەکەی مەبەستیان نەبووە ئۆتۆنۆمی ئیداری بە کورد ببەخشن. بە پێچەوانەوە حکومەت بە گومانێکی زۆرەوە سەیری بەهێزبوونی پێگەی بارزانی دەکرد، تاوەکو ئەوکات کورد پێیوابوو هەوڵدان بۆ هاوبەشی عەرەب و کورد لە دەستوورێکی چەسپاودا، یاریدەدەرە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی هەردوولا لە کایە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی وڵاتدا. هەر لەم پێناوەشدا بوو پارتی داواکاری و شاندەکانی ڕەوانەی حکومەت دەکرد و داوای چاکسازی کشتوکاڵی و پاراستنی ئازادییە

دیموکراتییەکانیان دەکرد[١]. داواکارییەکان لەلایەن بەشێکی زۆری دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە واژۆ کرابوون. بۆ نموونە لە هەولێردا پێنج هەزار و ٦٠٠ کەس واژۆیان لەسەر داواکارییەکانی کورد کرد بوو. بەڵام لەبەرانبەر داواکارییەکانی خەڵکی کورددا، بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی عێراق ڕێوشوێنی سەرکوتکەرانە لە دژی هەر کوردێکی نارازی بەکارهێنرا. بۆنموونە کرێکارانی مانگرتوو لە سلێمانیدا، زۆر بە توندی تووشی سەرکوتکردن بوونەوە. بەمجۆرە حکومەتی قاسم تا دەهات لە پرەنسیپەکانی یەکسانی نێوان عەرەب و کورد کە لە دەستووردا ڕاگەیەندرا بوون، دووردەکەوتەوە. لەکاتێکدا، لە ڕووماڵی ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی نووسراوی ناوەنددا، ناوی ناوچەی کوردستان بە باکووری عێراق دەبردرا، یاخود زۆر بە سادەیی کوردستان و دۆزی نەتەوەی کوردیان وەک یەکێک لە کەمینە نەتەوەییەکانی ناو نەتەوەی عێراق پۆلین دەکرد.[٢] بەیاننامە و بابەتەکانیان لە ناو ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی عێراقدا شاڵاوێکی دژایەتی مافە نەتەوەیەکانی کوردیان دەست پێکرد و بە ئاشکرا داوای باڵادەستی نەتەوەی عەرەب و دژی دانپێدانانی مافە نەتەوەییەکانی کورد و مافی یەکسانی و هاوبەشایەتی نێوان عەرەب و کورد دەوەستانەوە. بۆ ئەم مەبەستە، حکومەتی عێراقی، بۆ پەراوێزخستنی پارتی و هێنانەپێشەوەی خەڵکانێکی پەیوەست بە بەغدا، لەدەرەوەی دەسەڵاتی پارتی و ئاگاداری بارزانی، بەشێکی تایبەت بە کاروباری کوردستانیان دامەزراند. لەم هەلومەرجەدا کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە ڕاگەیەنراوێک، ئیرادەی بەهێزی خۆیانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پێشێلکارییەکی مافەکانی گەلی کورد دووپاتکردەوە. هاوکات دیسانەوە ڕایگشتیان لەسەر سووربوونی سیاسەتی پارتەکەیان لە هەمبەر پەیڕەوکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و برایەتی کورد و عەرەب دوپاتکردەوە. لە بەرانبەردا، حکومەتی عێراقی، بەفەرمی و لەڕێگەی ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی حکومەتەوە، ڕاگەیەنراوی وەزارەتی ناوخۆیان بڵاوکردەوە کە تێیدا کارەکانی پارتییان بە کاری جوداخوازانە و تێکدانی ئارامی ناوخۆ و جێبەجێردنی دەستی دەرەکی و ئەجێندای سۆڤییەت ناساندن[٣].

(1) Мгои ШХ Проблема национальной автономии курдского народа
(2) в Иракской республике Ереван, 1977, С 113 Хабат, 13081960
(3) Мгои ШХ Проблема национальной автономии курдского народа в

هەلومەرجـــی کوردســـتان کەوتبـــووە نـــاو گۆڕانـــکاری و گێژاوێکـــی سیاســـیی ناهەمـــوارەوە. دیســـانەوە پێکدادانێکـــی توندوتیـــژ لـــە نێـــوان لایەنگرانـــی بارزانـــی و چەنـد هۆزێـک ڕوویدایـەوە. ئەمجـارەش ئـەم هۆزانـە لەلایـەن حکومەتـەوە پاڵپشـتی و پشـــتیوانی دەکـــران. [1]ئـــەم ڕەوشـــە بـــەردەوام بـــوو تاوەکـــو لـــە کۆتایـــی ســـاڵی ١٩٦٠دا سیاســـەتی دژە کوربوونـــی حکومەتـــی قاســـم و دەســـەڵاتە خۆجێیەکان، زیاتـــر سـیمایەکی سـەرکوتگەرانەی ئاشـکرایان بەخـۆوە بینـی. بەجۆرێـک چ لـە خـودی بەغـدا و چ لـــە شـــارەکانی دیکـــەی وڵاتـــدا، ئەندامـــان و بەرپرســـانی پارتـــی ڕۆژ لـــەدوای ڕۆژ دووچـاری پەراوێزخـستن و تیـرۆر و تەنگپێهەڵچنیـن دەبوونـەوە. لـەم دۆخـەدا مسـتەفا بارزانـــی ڕابـــەری جوڵانـــەوە کوردییەکـــە، دوایـــن هەوڵەکانـــی خۆی بـــۆ پێشـــگرتن لـــە پەرەســـەندنی زیاتـــری ململانێکانـــی نێـــوان حکومـــەت و پارتـــی خســـتبوونەکار. بارزانـــی دەیەویســـت هەمـــوو ڕێگاکانـــی دیپلۆماســـییەت و ڕێـــکارە سیاسـییەکان تاقیبکاتـــەوە، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتە چەندیـــن شـــاندی جیاجیـــا لەســـەر ئاســـتی پارتـــی و چینوتوێـــژە کۆمەڵایەتییەکانـــی کـــوردەواری و تەنانـــەت زانـــا ئاینـــی و کەســـایەتییە کاریگـــەرە کۆمەڵایەتییەکانـــی کوردیشـــی کێشـــابوویە نـــاو نوێنەرایەتـــی پرســـەکەوە. دواجـــار، وەک دوایـــن هەوڵـــی چارەســـەریی، شـــاندی کـــوردی و حکومەتـــی عێراقـــی، کەوتنـــە نـــاو وتووێژێکـــی یەکلاکـــەرەوەوە، ئـــەم کۆبوونەوەیـــە، گفتوگۆیەکـــی گەرموگـــوڕ و جـــدی بـــوو. ســـێ کاتژمێـــری ڕێـــک ڕاشـــکاوانە داواکارییەکانـــی یەکتریـــی گەنگەشـــە کـــران، وەلـــێ ئەنجامگەلێکـــی خـــوازراوی وەهـــای لـــێ نەکەوتـــەوە. چونکـــە هەڵوێســـتی عەبدولکەریـــم قاسـم بەرامبـەر بـە کـورد، کەوتبـووە سـەر سیاسـەتێکی نالەبـاری وەهـا کـە نەیدەویسـت جارێکـی تـر لەسـەر مێزێـک میوانداریـی شـاندی پارتـی و بارزانـی بکاتـەوە. بەتایبـەت ئـــەم ڕکئەســـتوورییەی قاســـم کاتێـــک کەوتـــە دۆخێکـــی ئـــاوا پـــڕ لـــە گێـــروگازەوە کـــە زانـــی بارزانـــی دوایـــن ســـەردانی خـــۆی بـــۆ یەکێتـــی ســـۆڤیەت ئەنجامـــداوە. هەڵبەتـــە بارزانـــی لـــە ڕێککەوتـــی تشـــرینی دووەمـــی ســـاڵی ١٩٦٠دا، بەبۆنـــەی یـــادی ســـاڵیادی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری ڕوسـیا، بـە فەرمـی بانگێشـتی ئـەو بیرەوەرییـە مێژووییـە کرابـوو. بارزانـــی لـــە مۆســـکۆدا، بەوپـــەڕی ئەمەکداریـــی و پێزانینـــەوە پێشـــوازیی لێکـــرا بـــوو.

---

Иракской республике, С 116

(1) McDowell D A Modern History of the Kurds, c 307

تەنانـەت زانـرا بـوو کـە لەگـەڵ سـەرکردە باڵاکانـی سۆڤیەتیشـدا، گفتوگـۆی گەلـێ چارەنسـازی ئەنجامـداوە. بەگوێـرەی زانیارییەکانـی بەغـداد، یەکێـک لـەو باسـانەی بەجـدی لەگـەڵ سـۆڤیەتییەکان هێنابوویـە بـەر گفتوگـۆی نێـوان بارزانـی و بەرپرسـانی بـاڵای سـۆڤیەت، بریتیبـوو لـەو هەلومەرجـە هەنوکەییـەی ڕەوشـی کوردسـتان و ڕوانگـەی سیاسـی حکومەتـی عێـراق تێیکەوتبـوو. ئەوەبـوو پەیوەسـت بـەو سـەردانەی بارزانـی بـۆ سـۆڤیەت، واپێدەچـوو حکومەتەکـەی قاسـم لەهەمبـەر نیـازی سـۆڤیەت ئـاگادار کراوەتـەوە. تاوەکـو ئـەوکات سیاسـەتی سـۆڤیەت لەگـەڵ سـازان و پێکهاتـن و دوورکەوتنـەوە لـە توندوتیـژی بـوو. هەربۆیـە سـۆڤیەت وەک ناوبژوانێکـی نێـوان پارتـی و حکومەتـی قاسـم، پرسـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی کردبـووە پاکێجێکـی دیاریکـراوی نـاو دانوسـتانەکانی نێوانیـان. لـەم بارەیـەوە سوسـلۆف، ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی کۆمیتـەی ناوەندیـی حزبـی کۆمۆنیسـتی ڕوسـیا، ڕوانگـەی سـەرکردایەتی سـۆڤیەتی وەهـا گەیاندبـووە حکومەتـی عێراقـی کـە پێویسـتە هەرچـی زووتـرە ئاسـاییکردنەوەی دۆخـی کوردسـتان و پێشـگرتن لـە ڕووداوە مەترسـیدارەکان بکەنـە خاڵـی گفوگۆکانـی نێوانیـان. هەروەهـا ناوبـراو بەڵێنـی پشـتیوانیکردنی لـە گەلـی کـوردی دابوویـە بارزانـی، بەتایبەتـی لـە خەبـات بـۆ مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و تەنانـەت هاریکاریکردنیشـیان لـە ئەگـەری هـەر هێرشـێکی هێزەکانـی حکومەتـدا بۆسـەر کوردسـتان. دواجـار لەسـەر ئـەم بنەمـای بەڵێـن و بیرکردنـەوە سیاسـییەی سـۆڤیەتدا، بارزانـی لـە ١٩٦١/١/١٣ گەڕایـەوە بەغـداد.(1) ئەمجارەیـان بەجـدی بەنیـازی ئـەوە بـوو، تەنیـا ڕۆژێـک لـەدوای گەیشـتنەوەی بـۆ بەغـدا، ئـیتر لەگـەڵ قاسـمدا کۆببێتـەوە و پێکـەوە دۆخەکـە بـە بارێکـدا ببـەن. کەچـی قاسـم زۆر بێباکانـە، دوای هەفتەیـەک چاوەڕوانـی، ئینجـا ئامادەیـی بـۆ دیـدار و کۆبوونـەوەی لەتـەک بارزانیـدا نیشـاندا. هەرچۆنێـک بێـت، گفتوگـۆی نێوانیـان بەسـانایی تێنەپـەڕی، بـەو پێیـەی قاسـم، بارزانی وەکـو ڕکابەرێکـی سەرسـەختی خـۆی دەبینـی. بارزانـی بـاشتر بـۆی ڕوونبوویـەوە کـە قاسـم نایـەوێ بێتـە ژێربـاری بابەتـی ئۆتۆنۆمـی و داننـان بـە بوونـی نەتەوەیـی کـورددا. ئـەوە بـوو دواجـار لـە سـەرەتای مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٦١دا، بەغـدای بەجێهێشـت و بـەرەو بارزانـی زێـدی خـۆی کەوتـەڕێ. لەهەمانکاتیشـدا حکومەتەکـەی قاسـم، دەسـتیدایە سیاسـەتێکی

(1) The Road of the Kurdish Liberation Movement KDP, Novermber, 1977, c 43

ئاشــکرا و بــە بەرنامــەی دژ بــە کورد. بۆنموونــە بڕیاریانــدا دەســبەجێ نووســینگە و بــارەگا و هەمــوو لقەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی لــە کەرکــووک و موســڵدا دابخەن. دواتریــش بەرەبــەرە لــە شــارەکانی دیکــەدا چالاکیــی هەموو ڕێکخراوەکانــی پەیوەســت بــە گەنجــان، ژنــان، ســەندیکای کرێــکاران و مامۆســتایانیان لــە سەرانســەری کوردســتاندا ســنووردار کــردن و دوای ماوەیــەک بەفەرمــی هەرهەموویــان بــە تــەواوی قەدەغــە کــردن. هەڵبەتــە بــۆ هــەر ڕێگرییەک، بیانــووی جۆراوجۆریــان دەهێنایــەوە. تەنانــەت دەســتیانکرد بــە دەرکردنــی هــەر کوردێــک کــە لــە دامەزراوەکانــی میریــدا فەرمانبەرێــک بووایــە. بــەدەر لــە تەنگپێهەڵچنینــی کــوردان لــە شــوێنی کارەکانیــان، لــە شــاڵاوێکی ڕەشــبگیر و توندوتیــژدا دەســتیان کــرد بــە تارنانــی خانــەوادە کوردەکانــی نــاو گەڕەکــە عەرەبنشــینەکان و هــاوکات ماڵباتــی عەرەبیــان دەهێنــان لــە شــوێنی خێزانــە کوردەکانــدا نیشــتەجێیان دەکــردن. ئــەم پێشــهاتانە، بوونــە ڕۆژەڤــی باسوخواســی نــاو شــارەکان. بەشــێوەیەک هــەر بەرپرســێکی بەرەچەڵــەک کــورد، هەبوایــە، ئــەوا دەســتە بــە دەســتە، یــان بــە پــۆل لــە پۆســتەکانیان دووردەخرانــەوە و دەگواسترانــەوە ناوچەکانــی باشــووری عێــراق. دۆخەکــە لــە ئاســتێکی ئێجــگار نەخــوازراودا خــۆی دەبینییــەوە. دواجــار لــە بەهــاری ســاڵی ١٩٦١دا، هیــچ هیوایــەک بــۆ پێکەوەژیــان و هەڵکردنــی پێکەوەیــی نەمابــوو. ئەوەبــوو ڕێــک لــەو ڕێککەوتەدا، هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان، ڕێگــری لــەو چەکانــە کــرد کــە بەئاشــکرا حکومەتەکــەی قاســم خەریکبــوو، بــۆ نەیارەکانــی پارتــی و بارزانییەکانــی دەنــاردن. بۆنموونــە چەکدارانــی پارتــی، لەیەکێــک لــە چالاکییەکانیانــدا، ڕێگرییــان لــەو کاروانــی چەکوچۆڵــە قاچاغانــە کــرد کــە حکومــەت بەڕێیکردبــوون بــۆ نــاو چەکدارانــی هۆزێکــی نەیــار و ڕاســتەوخۆ نیازیــان وابــوو ڕادەســتی سەرۆکهۆزەکەی بکــەن.[1] ئــەم ئەتــوار و ئەزموونــەی ئاشــکرا و بێپاســاوەی حکومــەت، بوویــە بایســی نەمانــی متمانــەی یەکجارەکــی و یارمەتیدەرێکــی باشــی بیرکردنــەوەی بارزانــی بــوو بۆئــەوەی هەڵوێســتی یەکلایەنــە و دوابڕیــاری دەســپێکی خەبــات دژ بــە حکومەتــی ناوەنــدی بخاتــە نەخشــەڕێگەی ئایندەیــەوە. لــەو کاتــەدا، بەهــۆکاری ڕاوەدوونانــی ئەفســەر و ســەربازانی کــورد، یاخــود بەهــۆی هەڵوێســتوەرگرتنیان لەبەرانبــەر نەیارێتیــان

---

(1) Мгои ШХ Проблема национальной автономии курдского народа в Иракской республике, С 120–121

لەمەڕ کوردبوونیان لەڕیزەکانی سوپادا، پەیتاپەیتا ژمارەی جەنگاوەرانی کرد، لەناو هێزی چەکداری کوردستاندا زیاتر دەبوون. لەکاتێکدا، هێشتا لایەنەکان دوودڵ بوون لە بەشداریکردنی پارتی و بڕیاری بارزانی بۆ دەسپێکی شەڕی چەکداری لە دژی بەغداد، چونکە تاوەکو ئەوکات، وێڕای ئەوەی هەڵوێستەکانی بۆنی دژایەتییان لێدەهات و دەرگاکانی لەبەردەم دانوستاندا کڵۆم دابوون، وەلێ هێشتا قاسم خۆزگەی بەوە نەدەخواست شەڕ لە کوردستاندا دەستپێبکات. بەو پێیەی دەیزانی پێویستی بە ڕێژەیەکی زیاتر لە سەرباز هەبوو بۆ بەرگریکردن لە پێگەو پێناوی خۆی لە بەغدا. هاوکات دەیزانی نیازی هێرش و توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ کوێتدا بابەتێکی لەپێشتری سیاسەتەکانییەتی. لەسەر ئەو بنەمایانە بوو کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١دا، قاسم، بانگهێشتی شێخ ئەحمەد بارزانی کرد، چونکە تاوەکو ئەوکات جۆرێک پەیوەندی ئاسایی لەگەڵیدا پاراستبوو. لەئاکامی کۆبوونەوەی نێوان قاسم و شێخ ئەحمەد بارزانیدا. هەندێک بڕیاری پەیوەست بە بڕیاری لێبوردن بۆ کادیرانی پارتی و گەڕانەوەی موچە ڕاگیراوەکانیان درابوو. وەلێ بانگهێشتی شێخ ئەحمەد بارزانی کە بەزەحمەت دەچووە بەغدا، نەبووە بەشێک لە چارەسەری گرفتەکانی نێوان کورد و بارزانییەکان. چونکە لەهەمانکاتدا قاسم زۆرێک لە هۆزە کوردییەکانی کردبووە نەیاری جوڵانەوە کوردییەکە و بەتەواوی دۆخی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی کردبووە مەکۆی ململانێیەکی نوێی نێوان پارتی و چەکدارانی هۆزەکان. قاسم نیازی بوو بەربەستێک لەو پشتێنە سنوورییانەدا دروستبکات کە بەردەوام وەک هێڵی پاراستنی پارتی و بارزانییەکان دەیبینی. ئەمەش لەڕاستیدا نیازی ڕاستەقینەی حکومەتی نیشاندەدا بۆ پەراوێزخستنی پێداگرییەکانی پارتی لەسەر ئۆتۆنۆمی و چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستووری عێراقیدا. لەم هەلومەرجە سەختەدا مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، لە یاداشتێکیدا کە ڕێکەوتی ٣٠ی خاکەلێوەی ١٩٦١ لە ژێر ناوی بارودۆخی هەنوکەیی کوردستان بڵاویکردەوە، تێیدا هۆکارە سەرەکییەکانی خراپتربوونی دۆخەکەی دەستنیشان کرد و ڕێوشوێنی تایبەتیشی بۆ نەهێشتنی ئاریشەکە و ڕێگەچارەی گونجاو خستەڕوو. هەر لە یاداشتەکەدا ١٣ خاڵی سەرەکی تێدابوو کە بەرنامەیەکی ڕوونیان بۆ

جێبەجێکردنــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد ڕوونکردبوویــەوە. بەگشــتی کرۆکــی داواکارییــەکان بــەم شــێوەیەی خــوارەوە ئاماژەیــان بــۆ کرابــوو:

- پێویستە هەرچی زووتـرە قۆناغـی ڕاگـوزەر و بـاری نائاسـایی کۆتایـی پێبێـت و چیـدی ئازادییـە دیموکراسییەکان بگەڕێنـەوە سـەر دۆخی پێشـوویان.
- پێویســتە مافــی ئۆتۆنۆمــی کوردســتان بــە ڕوون و ڕەوانــی لــە دەســتووردا پێناســە بکرێــت و بچەســپێت.
- پێویســتە قوتابخانــە ســەرەتاییەکان لــە هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتانی عێراقــدا بکرێنــەوە و لــە قوتابخانــە ناوەندییەکانیشــدا بــە زمانــی کــوردی بخوێنرێــت.
- دەبێت پارێزگارەکان شارەکانی کوردستان، تێکڕا پارێزگاری کورد بن.
- دەبێــت ڕادیۆیــەک لــە ســلێمانیدا بکرێتــەوە و بــە زمانــی کوردیــش پەخشــی بەرنامەکانــی بــکات.
- ناوەندێکــی زانســتی کــوردی (ئەکادیمیــا) و بەڕێوەبەرایەتییەکــی ســەربەخۆ بــۆ پــەروەردە لــە کوردســتان دابمەزرێــت.
- دروســتکردنی ڕێگەوبــان و ڕێگــەی ســەرەکی بــۆ گواســتنەوە و فرۆشــتنی بەرهەمــە کشــتوکاڵییەکانی کوردســتان.
- کردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەری پزیشکی لە ناوچە کوردستانییەکاندا.
- تەرخانکردنــی بەشــێک لــە داهاتــەکان و کەڵــک وەرگرتــن لــە ســامانە کانزاییەکانــی وڵات بــۆ گەشــەپێدانی ناوچــە کوردســتانییەکان.
- کۆتایــی هێنــان بــە سیاســەتی هــەڵاواردن دژی کــورد، بەتایبەتــی لــە قوتابخانــە و کۆلێــژی ئەفســەراندا.

دیـارە حکومەتـی عێراقـی لەژێـر فشـاری ناوخۆیـی و دەرەکیـدا بـوو، چونکـە بەجـدی ترسـی ئەوەیان هەبـوو. لەئەگـەری پەسـەندکردنی ئـەم یاداشـتنامەیەی پارتیـدا، پێکهاتـەی عەرەبـی شـیعەش ڕاسـتبنەوە و داواکاری هاوشـێوەیان هەبێـت. لەگـەڵ هەمـوو ئـەو فشـار و مەیدانخوازییانـەدا، قاسـم نەیتوانـی وەڵامـی پێشـنیارەکان بداتـەوە. هەربۆیـە بەجارێـک پەیوەنـدی نێـوان مسـتەفا بارزانـی و قاسـم هێنـدەی تـر تێکچوو.بەمـەش ڕێوشـوێن و بارودۆخـی کوردسـتان زیاتـر ئاڵـۆزی ڕووی تێکـرد. لەمکاتـەدا بەشـێک لـە هۆزەکانـی

کورد، کەوتبوونــە دژایەتــی حکومەتــی ناوەندییــەوە. ئــەم هۆزانــە هــەر لەســەرەتاوە نەیــاری جێبەجێکردنــی یاســای چاکســازی کشــتوکاڵی بــوون. چونکــە بەگوێــرەی یاســای ڕیفۆرمــی کســتوکاڵی ســەردەمی شۆڕشــی عێراقــدا، چــاوەڕوان دەکــرا چیــدی پەیوەندییــە نەریتییەکــەی نێــوان جوتیــار و خــاوەن زەوییــەکان بــە شــێوەیەکی ڕیشــەیی گۆڕانکارییــان بەســەردا بێــت. گۆڕانکارییــەک لــە بەرژەوەنــدی جوتیــار و بەزیانــی دەرەبــەگ و خــاوەن زەوییەکانــی کوردەواریــی بێــت. ئەوانــەی ســاڵەهابوو بەوپــەڕی ملهوڕییــەوە دەســتان نابوویــە بینەقاقــای وەرزێــر و جوتیــاری هــەژاری ئاواییەکانــەوە. دیــارە لەگــەڵ بڕیــاری جێبەجێکردنــی یاســاکانی ڕیفۆرمدا، بەشــێک لــە ئاغاکانــی کــورد کاتێــک هەســتیان بــە ناجێگیــری پێگــە و بــاری لاســەنگی لایەنــی حکومــەت و قاســم کــرد، ئــیتر زۆربــەی زۆری ئــەو خــاوەن زەوییانــە لــە ناوچــە ســنوورییەکانی عێــراق و ئێرانــەوە، بەتایبەتــی ئەوانــەی تازەبەتــازە لــە ئۆردوگاکانــی پەنابەرێتــی و ئاوارەییــەوە لــە ئێرانــەوە گەڕابوونــەوە. تێکــڕا تــوڕە و قەڵســی قاســم و قانونەکانــی ڕیفۆرمــی کشــتوکاڵی بــوون. کاتێــک زانیشــیان زەمینــە و گلۆڵــەی پەیوەندییەکانــی کــورد و حکومەتــی ناوەندیــش کەوتووەتــە لێــژی، ئــیتر ململانێکانیــان بــە دەرفــەت زانــی و بەجارێــک بوونــە بــاڵ و بــازووی بەهێــزی پارتــی و پەیوەســت بــوون بــە بارزنــی و پارتییــەوە. بەجاریــک ســەدان جەنــگاوەری جەوانیــان ڕەوانــەی ڕیزەکانــی ڕووبەڕووبوونــەوەی حکومــەت کــرد و بوونــە بایســی زووتــر هەڵگیرســاندنی شۆڕشــی کــورد. لــە مانگــی حوزەیرانــی ڕابــردوودا، شــاندێکی هــۆزە کوردییــەکان بەمەبەســتی چارەســەرکردنی پرســی باجــی زەوی و زارەکانیــان کــە لەیاســای چاکســازی کشــتوکاڵیدا دیــاری کرابــوو، تاڕادەیــەک کۆتاییهێنــان بــەو نائارامییانــە هێنــا کــە لــە گەلێــک ناوچــەی خێڵەکــی و خەڵکانــی هۆزســالاردا لەیــەکتر توندببوونــەوە، بــەڵام دواجــار بــە هــۆی وروژانــی سیاســەتە بەردەوامەکانــی قاســمەوە لــە ناوچەکــەدا، پێویســت بــوو بگەنــە خاڵێکــی چارەســەریی. ئەوەبــوو زۆرێــک لــەم ســەرۆکهۆزانە، بانگهێشــتی بەغــدا کــران. بــەڵام بەگوێــرەی زانیارییــەکان، ئــەو ســەرۆکهۆزانە، وێــڕای نیشــاندانی نیازیــان بــە بەرژەوەنــدی بالایــان لــە زەوییەکانیانــدا، لــە هەمانکاتــدا هەندێــک خواســتی ئیتنــی و ئاوڕدانــەوە لەخزمەتگوزارییەکانــی ناوچەکەیــان پێشکەشــکردبوو. هەربۆیە قاســم نەچوبووە ژێربــاری داواکارییەکانیــان، دواجــار ئەوانیــش بــە دەســتی بەتــاڵ گەڕانــەوە. لەکاتێکــدا، بەڵێنــی کەمکردنــەوەی باجیــان لەلایــەن حکومەتــەوە پێدرابــوو. لــە ئەنجامــدا هــۆزەکان

یاخیبــوون و ڕاپەڕینەکەیــان بــە خێرایــی لــە ســەرجەم شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتانی عێراقــدا بڵاوبــووەوە. ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی کــە یاخیبوونــی کــورد لــە کوردســتانی عێراقــدا، هــاوکات لەگــەڵ توندبوونــەوەی ناکۆکــی نەتەوەیــی نێــوان ســەرکردایەتی کــورد و ئاڵۆزبوونــی پەیوەنــدی هۆزەکانــی کــورد و حکومەتــدا ڕوویــدا. کەواتە لەســەرەتادا خواســتی جوڵانــەوە کوردییەکــە و چەکدارانــی هــۆزەکان دوو خواســتی جیاوازبــوون. لــەم کاتــەدا حکومەتــی عێراقــی بەهــۆی فشــارە ناوخۆییەکانــەوە، ناچــار بــوو گــوێ لــە داواکارییەکانــی پارتــی بگرێــت. ئەوەبــوو داواکارییــە خێراکانــی پارتــی بریتیبــوون لــە:

- هەمــوو ئــەو یەکــە ســەربازییانەی ڕەوانــەی کوردســتان کرابــوون، تێکــڕا بگەڕێننــەوە شــوێنی هەمیشــەیی خۆیــان.
- قەدەغــەی نمایشــە ســەربارییەکان لــە کوردســتاندا. ئــەو نمایشــانەی زیاتــر بــە مەبەســتی چاوترســاندنی ناوچــە کوردنشــینەکان ئەنجامــدەدران.
- لێپێچینــەوە لــەو دامــەزراوە ســەربازی و ئاسایشــییانەی ببوونــە مایــەی نائارامــی و پشــێوی لــە کوردســتاندا. پێویســتە دووپــات لــە پابەندبــوون بــە مــادەی ٣ی دەســتووری عێــراق بکرێتــەوە.

بەگشــتی بــۆ دەرچــوون لــەو بێســەرەوبەرەییە، پارتــی هەوڵــی دەدا، نوێنەرایەتــی جوڵانــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی کــورد، تەنیا بەســەرکردایەتی سیاســی کورد وابەســتە بێــت و کێشــە کۆمەڵایەتییــەکان و دەســتێوەردان و سیاســەتی پڕچەککردنــی هــۆزەکان لەلایــەن حکومەتــەوە کۆتایــی پێبهێنرێت.ئــەم پێداگرییــەی بارزانــی هەوەنتە نەبــوو، چونکە هەریــەک لــە فیــۆداڵ و دەرەبەگــە کــوردەکان، بــە وەرگرتنــی چــەک و کۆمەکــی مــاددی لــە حکومــەت، ڕەزامەنــدی حکومەتیــان بەدەســتهێنا بــوو بــۆ مەبەســتی دژایەتیکردنــی هەمــوو ئــەو چالاکــوان و نەتەوەییــە جوامێرانــەی کــورد کــە لــەدەوری پارتیــدا کۆببوونــەوە و خواســتی ئۆتۆنۆمییــان کردبــووە پاکێجــی گفتوگــۆ لەگــەڵ ناوەنــددا. هەڵبەتــە بەشــێک لــەو هۆزانــە، بۆخۆیــان یەکەمجــار یاخیبوونیــان دژ بــە بەغــدا ڕاگەیانــد بــوو. بەتایبەتــی لــە مانگــی ئایــاری ١٩٥٩دا ببوونــە مایــەی پشــێوی و ئاڵــۆزی لــە ناوچەکانــی خۆیانــدا. ئەوەبــوو حکومەتیــش لەڕێگــەی پارتــی و بارزانییەکانــەوە توانیــان مۆرکــی دوڵەتدارێتــی و ســەروەری یاســا بگەڕێننــەوە بــۆ ناوچەکــە و شکســت بــە ئاژاوەگێڕیــی هەمــوو هــۆزەکان بهێنــن و

تێکڕای یاسابەزێنەکان بەرەو سنوورەکانی ئێران تار بنێن. وەلێ ئەوەتا ئێستا هەمان ئەو هۆزانە ئەمجارەیان بە پاڵپشتی قاسم لە کوردستاندا دەرکەونەتەوە و کراونەتە نەیاری ئەوانەی لەپێناو سەروەری یاسادا ڕووبەڕوویان ببوونەوە.

هەڵبەتە بارزانی بۆخۆی کەسێکی سیاسی و بەئاگا بوو، دەیزانی چلۆن لەگەڵ هاوکێشە هۆزایەتییەکەدا بجوڵێتەوە. ئەوەبو ئەمجارەشیان توانی ڕوبەڕووی هەموو میلیشیا خێڵەکییەکە بێتەوە و شکستیان پێبهێنێ. بەشێوەیەک بەرەو سنوورەکانی تورکیا هەڵهاتن. توێژەری بەریتانی دیڤید ماکداوڵ، ئاماژە بەوە دەکات لە مانگەکانی تەمووز و ئابدا بارزانییەکان توانیان میلیشیاکان لە خاکی خۆیاندا دەرپەڕێنن. چون بەڵگەیان دەستکەوتبوو لەلایەن حکومەتەوە پڕچەککراون. لەم کاتەدا هۆزەکان بۆیان ڕوونبوویەوە کە هێزەکانی حکومەت لەوئاسەدا نین بیانپارێزن. هەربۆیە پەنایان بردە بەر تورکیا. بەگوێری سەرچاوەکان زیاتر لە حەوت هەزار کەس لەو گێرەشێوێنانە پەنایان بردبووە بەر تورکیا و ئێران. لە هەمان کاتدا هەموو ئەو چەکانەی فیوداڵەکان لە دەسەڵاتی عێراق وەریان گرتبوو، کەوتنە دەستی ئۆتۆنۆمیستەکانی کوردەوە. بەگشتی گرفتی فیوداڵەکان و سیاسەتی تێکدەرانەی حکومەت، دەرفەتی زیاتری دایە سەقامگیربوونی پێگەی بارزانی لە ناوچەکەدا. ئەوەبوو لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا وردە وردە بارزانی توانی بەسەر هەموو هۆز و تیرە یاخییەکاندا زاڵ بێت. هاوکات هەموو ئەو هۆزانەی لە سەنگەری کوردایەتیدا مابوونەوە، لەچوارچێوەی نەخشەڕێی نەتەوایەتی پارتی و بارزانیدا یەکخران بۆ نەیارێتی پیلانگێڕیی و پێشهاتە نوێیەکانی حکومەتی عێراقی. بارزانی دەیویست زۆرترینی هۆزە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لەدەوری جوڵانەوە کوردییەکەدا کۆبکاتەوە، بەڵام دیارە ئەم ئەجێندایەی بارزانی کاتی دەویست. هەر لەو چوارچێوەی چەترە نیشتمانییەکەی پارتیدا، بارزانی توانی عەباس مامەند ئاغای هاوپەیمان و دۆستی دێرینی خۆی، وەک هاوپەیمانێکی هێزە نیشتمانییەکەی کورد ڕازی بکات. ئەوەبوو لەسەر هەر پێشهاتێکی نەخوازراو ڕێککەوتن، بەجۆرێک لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی حکومەتدا، ئەوا بارزانییەکان دەبوو یارمەتییان بدەن. لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ڕێگریکردن لە ململانێی چەکداری ئاشکرا لەگەڵ سوپای عێراقدا. بۆیە لە کۆتایی مانگی ئابدا بارزانی یاداشتێکی نوێی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد. لەیاداشتەکەدا

ئەو داواکاریانەی لە یاداشتی پێشوودا خزابوونە ڕوو، جارێکی تر دووبارە داواکرانەوە، بەڵام قاسم بەهیچ جۆرێک لەگەڵ سازان و سیاسەتی پێکەوەییدا پێکنەدەهاتەوە. هەربۆیە قاسم بە بەرنامە بەردەوام بوو لە هاندان و پێکدادانی نێوان هۆزەکان لە کوردستاندا. بەمەش گرژیی و ئاڵۆزییەکان نەک هەر کۆتاییان پێنەهات، بەڵکو زیاتر زەمینەیان بۆ ڕەخسا. دواجار ململانێ چەکدارییەکان لە نێوان ئۆتۆنۆمیستەکانی کورد و هێزە حکومییەکاندا، بوویە بابەتێکی چاوەڕوانکراو و لەئانوساتدا بوو، تاوەکو ڕەوشەکە بتەقێتەوە. ڕووداوەکانی کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٦١دا سیمایەکی تایبەتی و توندوتیژیان بەخۆوە بینی. چونکە حکومەت بەنیازی ئەوە بوو بە زەبری چەک کۆتایی بە ئۆتۆنۆمیستە کوردەکان بهێنێت. کۆتاجار بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، دروست لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا، هێزە جەنگاوەرەکانی کورد، ئامادەییان بۆ وەستاناوە بەڕووی حکومەتدا دووپاتکردەوە. لەبەرانبەردا حکومەتیش ڕێوشوێنی سەربازی و باری نائاسایی زیاتریان لە ناوچە کوردییەکاندا درێژکردەوە. هاوکات فەرمان بە فەرماندەیی فیرقەی ٢ی سوپای عێراقی کرا، ئەوکات بنکەی سەرەکییان لە کەرکووکدا بوو، بڕیاریان دا، بەزوویی ڕووە و ناوچەی بارزان جوڵە بکەن. ئەمە لە بنەڕەتدا، هەڵمەتێکی سزادەرانە بوو لەدژی ئۆتۆنۆمیستەکانی کورد. مستەفا بارزانی و سەرکردەکانی تری پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان کرد بە ڕێکخستنی بەرگری و خەباتی خۆپارێزی بەرانبەر بە هەر دەسپێشخەرییەکی جەنگی ناوەند. لە هەمان کاتدا یاداشتێکی دیکەیان بۆ قاسم بەرزکردەوە. لە یاداشتەکەدا پارتی خوازیاری کۆتایی هاتنی قۆناغی ئینتقالی و باری نائاسایی بوو لە ناوچەکەدا. هەروەکچۆن دیسانەوە دوپاتی خواستی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق درایەوە بە گوێی دەسەڵاتدارانی عێراقیدا. لە کاتێکدا کورد چاوەڕێی وەڵامی قاسم بوون، کەچی حکومەت بەردەوام لە هەوڵی گواستنەوەی هێزی نوێی خۆیدا بوو بۆ کوردستان. هاوکات پارتی نامەیەکی نوێی تری ئاراستەی حکوومەت کرد و داوای چارەسەری ئاشتیانەی ئەو ململانێیانەیان دەکرد. بەڵام ئەم بانگەوازانە لەلایەن حکومەتی عێراقیشەوە پشتگوێ خران و شەڕێکیان دژی ئۆتۆنۆمیستە کوردەکان هەڵگیرساند.[1]

(1) McDowell D A Modern History of the Kurds, c 308–309

## بارزانـی وەک سـەرکردەیەکی سـەربازی و سیاسـیی خوازیارانـی ئۆتۆنۆمـی خەباتی چەکداریـی دژ بـە حکومەتـی عێـراق ڕادەگەیەنن

دژ بـەو کوردانـەی خوازیـاری ئۆتۆنۆمـی بـوو، لـە ڕێککەوتـی ٧ی ئەیلوولـی ١٩٦١ دا، لەلایـەن باڵەفڕەکانـی هێـزی ئاسمانـی عێراقییـەوە بۆردومانـی ناوچـەی بـارزان دەسـتیپێکرد. چـوار ڕۆژ دواتـر، لەکاردانـەوەی ئـەو هێرشـە ئاسمانییانـەدا، دروسـت لـە ١١ی ئەیلوولـدا، هێزەکانـی عەبـاس مامەنـد ئاغـا، کاروانێکـی سـوپای عێراقیـان لـە نزیـک بازیانـدا کـردە ئامانـج و تێکیـان شـکاند. هەربۆیـە دەسـبەجێ جارێکـی تـر هێـزی ئاسمانـی عێراقیـی، بۆردومانـی ناوچەیەکـی فراوانـی کـرد کـە نـاو شـارۆچکەی بازیـان و گوندەکانـی دەوروبـەری پێوەبـوون.

بەمـەش بڕیـار لەسـەر دەسـپێکی خەباتـی چەکداریـی لەلایـەن هێـزە چەکدارەکانـی مەلا مسـتەفای بارزانییـەوە بوویـە ئەمـری واقیـع. ئـیتر خوازیارانـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتانی عێـراق بـەرەو بـژاردەی خەباتـی چکداریـی یەکلایـی بوونـەوە. ئـەم بڕیـارە لەکاتێکـدا گەڵاڵەکـرا، چـون بەشـێوەیەکی سروشـتی، سـەرجەم ناوچەکانـی زاخـۆ و کۆیـەش، لەمـەڕ پێشـهاتەکانی ئـەو دواییـە هاتنـە دەنـگ و پشـتیوانی خۆیـان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هێـزە سـوپاییەکانی حکومـەت دووپاتکـردەوە. [1] دواجـار مسـتەفا بارزانـی، وەک ڕابـەری هێـزە جەنگاوەرەکانـی کـورد، لـە تێکـڕای ناوچـە جۆربەجۆرەکانـی کوردسـتانی عێراقەوە ڕێوشـوێنی پێویسـتی گرتەبـەر. بەمـەش بارزانـی چـووە ژێربـری بەرپرسـایەتی بەرەنگاریـی و بەرخودانی نەتەوەکەیـەوە. هـەر هێنـدەی گەڵاڵـەی گیانـی بەرەنـگاری و خەباتـی چەکداریـی لـە کوردسـتانەوە بڕیـاری لەسـەر درا، ئـیتر بەجارێـک دەسـتە بەدەسـتە چەکبەدەسـتانی کـورد، بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکـراو و بوێرانـە بـەرەو هـەر بنکـە و بارەگایەکی حکومەتـی عێراقی خرۆشـان و هێرشـیان بـردە سـەر کەمـپ و بنکـە سـەربازییەکان و کاروانـە سـەربازییەکانی حکومـەت کـە پەیتـا پەیتـا چەکوچـۆڵ جەبەخانەکانیـان لـە کوردسـتاندا مـۆڵ دەدا. [2] لەسـەرەتاوە مەفـرەزە سـەرەتاییەکانی کـورد، هـەر هەوڵێکـی سـەربازی و بنکـەو بارەگایەکـی حکومەتیـان خسـتە بۆسـەی خۆیانـەوە و هەوڵیانـدەدا تێکـڕای ڕێـگا سـەرەکییەکانیان لـێ

---

(1) 30 Там же, С 165

(2) Там же, с 309–310

گەمـارۆ بـدەن. ئـەم هەوڵانـەی مەفـرەزە سـەرەتاییەکان، وەک تاکتیکێکـی گەریلایـی زۆر بەخێرایـی چـووە پێشـەوە. لەبەرانبـەردا لەناوەندەکانـی بڕیـاری بەغـداوە، دروسـت لـە ١٤ی ئەیلوولـەوە، بڕیـاری یاسـاغکردنی پارتـی و دەسـگیرکردنی تێکـڕای ئەندامانـی پارتـی و هـەر کوردێـک پەیوەسـت بووبێـت بـە یاخیبوانـەوە دەرکرا. قاسـم بەشـێوەیەکی فـراوان و گەورەتر لـەوەی دەگـوزەرا ڕووداوەکانـی دەخوێنـدەوە. بەجۆرێـک دەسـتی تۆمەتـی بـۆ کۆمپانیـا گەورەکانـی نەوتـی بەریتانیـا و ئەمەریـکا درێژدەکـرد و ئەوانـی بـەوە تۆمەتبـار کـرد کـە گوایا لەپشـت هاندانـی کـوردن و بـە مەبەسـتی فشارخستنەسـەر حکومەتەکەیـان کوردیـان هانداون. هەڵبەتـە لـەو کاتـەدا و لەنـاو شـەقامی گشـتی کۆمەڵـی عێراقیـدا، هەسـتێکی ئێجـگار بـەربڵاوی دژە خۆرئاوایـی، هەمـوو چینوتوێژەکانـی گرتبوویەوە. دیـارە بابەتێکـی وەهـا هەوەنتـە نەبـوو، بەڵکـو کۆمەڵـە هۆکارێـک لەپشـت پێناوێکـی لەوجـۆرەوە بـوون. لـە دیارترینـی ئـەو هۆکارانـەش، چڕکردنـەوەی دانوسـتانەکانی پەیوەسـت بـە بەرهەمهێنانـی نـەوت دەبینرا. دانوسـتانەکان بەهـۆی بانگەشـەکانی عێراقـەوە بـۆ گەڕانـەوەی خاوەندارێتـی خاکـی کوەیـت لـە دۆخێکـی ناجێگیـردا بەڕێـوە دەچـوون. هـەر لەوکاتـەدا دوو هاووڵاتـی بەریتانـی کـە لـە کۆمپانیـای نەوتـی عێراقـی (IPC) دەسـتبەکار ببـوون، دەسـتگیرکرا بـوون. هـاوکات حکومەنـی عێراقـی کۆمپانیـا نەوتییەکانـی تۆمەتبارکـردن بـەوەی هـاوکاری و هەماهەنگییـان لەگـەڵ بارزانیـدا هەیـە.

ئەوەبـوو سـەرۆکۆماری عێـراق، بەڕاشـکاوی لـە میانـی کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانیـدا، لـە ڕێکەوتـی ٢٣ی ئەیلولـی ١٩٦١ کـە تایبـەت بـوو بـە پێشـهاتەکانی ئـەو دواییـە، هەریـەک لـە ئینگلیـز و ئەمریکییەکانـی بـە ڕێکخسـتنی ڕاپەڕینێکـی کوردیـی تۆمەتبـار کـردن. [1] دواتریـش میدیـا فەرمییەکانـی عێـراق ئـەم ڕووداوانەیـان وەک "یاخیبوونێـک لـە باکـووری وڵات"دا و وەک "پیلانگێڕییەکـی ئیمپریالیسـتی کوردیـی" دەستنیشـان کـرد. هـەر لـە چوارچێـوەی ئـەم پێوەندییـەدا هێزەکانـی مسـتەفا بارزانـی، لەگـەڵ ئـەوەی لـەڕووی ژمـارەی چەکـدارەوە سـنووردار بـوون، بـەڵام باڵادەسـتی یەکجـار زۆریـان لـە گۆڕەپانەکانـدا نیشـان دا، بەجۆرێـک کـە سـەربازانی حکومـەت نەیانتوانـی بەرخۆدانـی کـورد سـەرکوت بکـەن و ناوچـەکان بگێڕنـەوە ژێـر ڕکێفـی خۆیـان.[2]

(1) Kinanne D The Kurds and Kurdistan L, 1964, c 65

(2) Мгои ШХ Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, C 167

هەڵبەنـە بارزانـی بـە پشـتیوانی دانیشـتوانی کوردنشـینی ناوچەکـە، لـە چوارچێـوەی تاکتیکـی گەریلایـدا، مەفـرەزە سـەرەتاییەکانی توانـی گـورزی بەرچـاو لـە پێگـە سـەربازییەکانی حکومـەت بـدات. لـە ٢٠ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦١، ژەنـەڕاڵ بارزانـی، لـە ڕێگـەی نوێنەرانـی خۆیـەوە، بەیاننامەیەکـی ئاڕاسـتەی ڕایگشـتی عێـراق و دەرەوە کـرد. بەیاننامەکـە پەیوەسـت بـوو بـە ڕووداوە دراماتیکییەکانـی ئـەو ڕۆژانـەی کوردسـتان. لەناوەرۆکـی ڕاگەیەنراوەکـەدا هەمـوو سـەرپێچیەکانی سـوپای عێـراق دژ بـە هاووڵاتیانـی کوردسـتان ڕوونکرایـەوە، هەروەکچـۆن پەیامـی ئاشـتیخوازانەی نەتـەوەی کوردیـش دووپاتکرابوویـەوە.[1] هەروەهـا سـەرکردایەتی پارتیـش بانگەوازێکـی بەپەلـەی بڵاوکـردەوە. بانگەوازێـک بـۆ دەسـتێوەردانی بـە پەلـە و زەمینەسـازیکردن بـۆ ئەنجامدانـی ڕێککەوتنێکـی دادپەروەرانـە لـە نێـوان کـورد و حکوومەتـدا. ئـەم بانگـەوازەی پارتـی، ئاڕاسـتەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و کۆمیتـەی مافـی مـرۆڤ و کۆمیتـەی نێودەوڵەتـی خاچـی سـوور و کۆمیتـەی هەماهەنگـی ئاسـیا و ئەفریقـا کـرا. تێیـدا داوای دەسـتێوەردان و هەوڵـدان بـۆ وەسـتاندنی دەسـتدرێژی و خوێنڕێژییەکانـی سـوپای عێـراق دەرهـەق بـە هاووڵاتیانـی مەدەنـی کـورد گەیەنـرا بـوو. هەمـوو ئـەم هەنگاوانـە ئەنجامێکـی ئەرێنیـی و دڵخۆشـکەریان لێنەکەوتـەوە. بەپێچەوانـەوە شـەڕ لـە کوردسـتاندا پەیتـا پەیتـا پـەرەی سـەند. هێزەکانـی بارزانـی توانیـان چەندیـن خاڵـی ستراتیـژی گرنـگ بگرنـە دەسـت و بەتـەواوی گەمـارۆی ئامێدیشـیان دابـوو. تەنانـەت هێرشـیان کـردە سـەر شـاری دهـۆک کـە نزیکـەی ٦٠ کـم لـە باکـووری موسـڵەوە دوور بـوو. هەروەهـا توانیـان دەسـتیان بگاتـە سـنووری ستراتیـژی و بنکـە جێگیرەکانـی سـوپای عێراقـی لـە سـەر ڕوبـاری خاپـوور. ئـەو هەڵکەوتەیـە، لەڕووی جیۆسیاسـییەوە گەلـێ گرنـگ بـوو، چـۆن لـە خاڵـی یەکگرتنـی سـنوورەکانی عێـراق و تورکیـا و سـوریا پێکدەهـات. هەربۆیـە بارازنـی توانـی دەسـت بەسـەر ئـەو هەڵکەوتـە ستراتیژییـە سـنورییەی عێراقـدا بگرێـت. لەتێکـڕای ناوچـە کوردییەکانـی تـردا، هەڵمەتـی تۆڵـە و بەرپەرچدانـەوەی تونـدی هێزەکانـی حکومـەت بـەردەوام بـوو. لـەم کاتـەدا حکومـەت کەوتـە سـزادانی هـەر بابەتێـک کـە پەیوەسـت بووبـێ بـە کـورد و کوردسـتانەوە. لـەم چوارچێوەیـەدا سـەرجەم ڕێکخـراو و کۆمەڵـە کوردییـەکان و چـاپ و چاپەمەنییەکانـی

(1) McDowell D A Modern History of the Kurds, c 312

پەیوەست بە بڵاوکراوەی زمانی کوردییان داخستن. تەنانەت بە فەرمانی دەسەڵات پۆشینی پەڵاس و جلوبەرگی نەتەوەیی کوردی لە تێکڕای فەرمانبەرانی ئیداری دامەزراوەکانی عێراقدا قەدەغە کرا. هاوکات دەسەڵاتدارانی عێراق سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندن و جێگیرکردنی یەکە چەکدارییە بەکرێگیراوە کوردییەکاندا (جاش). دیارە تەمای هەموو ئەم کارانە، خۆی لە دژایەتی هەموو ئەوانەدا دەبینییەوە کە کەڵکەڵەی خواست و خولیای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەسەریاندا بوو. یەکینەکانی میریی، ئەو کوردانەی بە بەرگی کوردییەوە ببوونە پێشقەڕەوڵی سوپای عێراقی، لەماوەیەکی کەمدا زیانێکی زۆریان بەرکەوت و بەشێکی زۆری کەرەستە سەربازییەکانیان کەوتە دەست هێزە نیشتمانییەکانی بارزانییەوە. لە کاتێکدا، بارزانییەکان هەوڵیان دەدا بە وریاییەوە ئامانجە سەربازییەکان یەک لەدوای یەک لەناوببەن. هەڵبەتە وادیار بوو جاشەکان بەبێ جیاوازی لەنێوان هاووڵاتی مەدەنی و چەکداری کوردپەروەردا، فەرمانیان پێکرا بوو دەستڕێژی گولەکانیان ڕوو بە هەرکەسێک بێت و سڵ لە هیچ کەسێک نەکەنەوە، بەمەش زۆرترین لاوی کوردیان خستەژێر گوشار و ئەشکەنجە و ڕەوانەی زیندانەکانی میرییان کردن. ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو تاوەکو لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١دا، سەربازانی حکومەت توانیان بەوپەڕی زەبرو زەنگ و ڕەچاونەکردنی هیچ پرەنسیپێکی ئینسانی و جەنگ، بەرەبەرە پاشەکشە بە یاخیبووەکان بکەن و توندی چیاوچۆڵەکانی سەرسنووریان بکەن. هاوکات بەشێک لە ڕۆژنامەکانی بەغدا، دەستیان بە بڵاوکردنەوەی هەڵمەتێکی بەرفراوانی پێدانی زانیاری ناڕاست لەسەر بارزانی و بارزانییەکان کرد. لە ڕۆژنامەکاندا باس لەوە کرابوو کە ڕێبەری ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد، دوای شکست و هەڵهاتن، لە ناوچە شاخاوییەکاندا گیرساوەتەوە و خۆی پەناداوە[1]. هاوکات لە ڕێکەوتی ٢٣ هەمان مانگدا، قاسم بۆخۆی لەسەردانێکی فەرمیدا گەیشتە دەڤەری سلێمانی و پرۆژەی بەنداوی دەربەندیخانی بەسەر کردە. هەروەها لە ١٧ی کانوونی دووەمدا، هێزی ئاسمانی عێراقی، لەڕێگەی چەندین بڵاوکراوە و نووسراوی هۆشدارییەوە کە سەرجەمیان واژۆی پارێزگاری گشتییان لەسەر بوو، تێکڕایان لە ئاسمانەوە بەردەدرانەوە سەر

(1) Мгои ШХ Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, С 168

ئاوابیــە دوورەدەســتەکان و تێیانــدا داوایــان لــە یاخیبووانــی کــورد دەکــرد پێویســتە بــێ هیــچ مەرجێـک و دەسـتبەجێ خۆیـان ڕادەسـتی نزیکتریـن بنکـە و بـارەگا ئاسایشـییەکانی ڕژێــم بکــەن. هــاوکات بڕیــاری لێخۆشــبوونیان بــۆ هەرکەســێک دەرکردبــوو گــەر بهاتایــە بەدەنــگ داواکارییەکانیانــەوە چووبایــە. جیــا لــەوەش چەندیــن بەڵێنیــان ســەبارەت بــە خزمەتگوزارییــە گشــتییەکان و بوژانــەوەی کەرتــی ئابــووری کوردســتان دابوویـە هاووڵاتیـان. سـەبارەت بـە ڕەوشـی جەنگاوەرانـی کوردسـتانیش، لـە ژێـر ئـەم هەلومەرجـە سـەخت و سـەهەننەدا، پارتـی توانـی پلینۆمـی کۆمیتـەی ناوەنـدی خـۆی، لــە ١٨ تــا ٢٣ی کانوونــی دووەمــی ١٩٦١ بەڕێوەبەرێــت. ئــەم کۆنگرەیــە بــە مەبەســتی تاوتوێکردنــی کــۆی بارودۆخەکــە بەڕێوەچــوو، هــاوکات هەوڵێــک بــوو بــۆ ڕێکخســتنی هێــزی چەکــداری و ستراتیــژی نوێــی خەبــات لــە کوردســتان و عێراقــدا. لــە کۆنگــرەدا ئەرکەکانــی حیــزب و بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد لــە هەلومەرجــی بەرەنگارییــدا خوێندنــەوە و هەڵســەنگاندنی بــۆ کــرا. هــاوکات ئاســتی بەرەنگاریــی هێزەکانــی حکومــەت لــە چوارچێــوەی خەباتــی چەکــداری کوردســتان لــەدژی دیکتاتــۆری و دەســتدرێژییەکانی ســوپا بــەوردی تاوتــوێ کــرا. جیــا لەوانــەش جارێکــی تــر خواســتی مافــە دیموکراســییەکانی گەلانــی عێــراق و مافــە نەتەوەییەکانــی گەلــی کوردســتان (ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان لــە چوارچێــوەی عێراقێکــی یەکگرتــوودا) دووپاتکرایــەوە.

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پارتـی هەوڵیـدا زۆرتریـن پشـتیوانی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتـی بـۆ دۆزی ڕەوای نەتـەوەی کـورد بهێنێتـە نـاوەوە و بـرەو بـەو مەیدانخوازییـە مێژووییـەی نەتەوەکەیـان بـدەن.

هــەر لەمیانــی ئــەم کۆنگرەیــەدا، بڕیــاردرا هێــزی چەکــداری کوردســتان، وەک هێــزی (پێشــمەرگە)ی کوردســتان بناسرێــن. ئــەو بڕیــارە چارەنوسســازانەی کۆنگرەکــە لەکاتێکـدا بـوو هێشـتا هەندێـک لـە نووسـەرانی بیانـی، کـۆی بۆچوونەکانیـان لەمـەڕ جوڵانــەوەی کــوردی، پەیوەســت کردبــوون بــە شــتانێکی لابــەلای دوور لــە کرۆکــی کەلتـوورە شۆڕشـگێڕییەکەوە. بـەوەی گوایـە جوڵانەوەکـە بـە دەگمـەن پەیوەسـت بـووە بـە مافـە نەتەوایەتییەکانـی کـوردەوە، بەڵکـو هەڵچوونێکـی گرێـدراو بـووە بـە بـە پرسـی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵی و ململانێـی نێـوان ئـەو هۆزانـەی کـە قاسـم پشـتیوانی لێدەکـردن. لێـرەدا بەشـێک لەوانـە پشـت دەبـەستن بـە نووسـینەکانی دیڤیـد ماکـداوڵ،

ناوبــراو لێکۆڵەرێکــی بەریتانییــە و ئامــاژە بــە ئەرشــیفی بەریتانیاییــەکان زۆرێــک بۆچوونــی خۆیانیــان ســەبارەت بــەم جوڵانەوەیــە نیشــانداوە[١]. دیــارە ئینگلیــزەکان لــە کامــە گۆشــەی گۆڕانکارییــە ناوچەییەکانــەوە بیریــان دەکــردەوە. چونکــە لــەو کاتــەدا تــەواوی ســەرنج و پێشــنیارەکانی مســتەفا بارزانــی بــۆ ئینگلیــزەکان پێشــنیارگەلێکی بێئەنجــام بوون[٢].دیــارە لەوکاتــەدا مســتەفا بارزانــی نیــازی بــوو لەڕێگــەی یاداشــت و بانگەوازەکانییــەوە، ڕایگشــتی ڕۆژئاواییــەکان لەمــەڕ پشــتیوانیکردن لــە بەرژەوەندییەکانــی گەلــی کــورد کەمەندکێــش بــکات، بــەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی ئــەم سیاســەتەی بارزانــی نەچــووە پێشــەوە و کاردانەوەیەکــی ئەوتــۆی نەبــوو، چونکــە لەوکاتــەدا سیاســەتی ڕۆژئــاوا متمانەیــان بــە جوڵانەوەکــە نەبــوو، وادیــارە گومانــی ئەوەیــان هەبــووە کــە هەواڵگریــی ســۆڤییەتی تێکــەڵ بــە بگرەوبــەردە ناوخۆییەکــەی عێــراق بووبێــت و دەســتیان وەردابێتــە جوڵانــەوە کوردییەکــەوە. ئەوەتــا (ئــەی کیســلێڤ)ی ئەفســەری بــاڵای (کــەی جــی پــی)، یەکێــک بــوو لەوانــەی لــە بابەتــی قاچاخچێتــی هێنانــی چەکوچۆڵــی ســۆڤییەت و گواســتنەوەی بــۆ شۆڕشــگێڕانی کــورد نــاوی لەنــاو ناوانــدا بــوو. بۆنموونــە لەیەکێــک لــە دیدارەکانیــدا بارزانــی بــە کیســلێڤی وتبــوو: "هەمــوو ئــەو چەکوچۆڵانــەی بــە دەســتمان گەیشــتبوون، شــتانێکی پێویســت بــوون، بەردەوامیــش دەبیــن لــە پێشــوازی لــەو جــۆرە کۆمــەک و پشــتگیرییانە".لە هەمــان کاتــدا، لــە گفتوگۆیەکیــدا لەگــەڵ ڕۆژنامەنووســێکی ئەمریکیــدا، بارزانــی ڕایگەیانــد بــوو:" ئەگــەر ئەمەریکییــەکان ڕێگەیــەک بــۆ یارمەتیدانــی کــورد نەدۆزنــەوە، ئــەوا دەکــرێ دەرئەنجامەکانــی بەدڵــی ئــەوان نەبــێ".

هــاوکات بارزانــی لــە چەندیــن شــوێنی دیکــەدا وتبــووی:" گــەر هەلومەرجەکــە ناچارمــان بــکات، دوور نییــە پێشــوازی لــە هــەر هاوکارییەکــی کۆمۆنیســتەکان بکەیــن"[٣]. لــەم کاتــەدا زۆرێــک لــە ڕۆژنامەنووســانی بیانــی ســەردانی بــارەگای ژەنــەراڵ بارزانییــان دەکــرد و لەبــارەی هەلومەرجــی شۆڕشــەوە دیــداری ڕۆژنامەوانییــان ئەنجــام دەدا. ڕۆژنامەنوســی فەڕەنســی ئێریــک ڕۆڵــۆ لەیەکێــک لــە چاوپێکەوتنەکانیــدا

(1) McDowell D A Modern History of the Kurds, c 321

(2) Там же, c 311

(3) Meiselas S Kurdistan In the Shadow of the History, c 249

لەگـەڵ بارزانیـدا نووسـی بـووی: "خەنجەرێـک لەبەرپشـتوێنیدایە، چـالاک و چەلەنگـە، وێنـای پیاوێکـی بەهێـز و کاریگـەر دەنوێنـێ، سـەرەڕای ئـەوەی لـە شەسـتەکانی تەمەنیدایـە، چەشـنی شـاخاوییەکان بـە بەهێـزی مابوویـەوە، لـە ڕووخسـاریدا لۆچـێ یـان دوان دەبینران"[1].لەهەمـان کاتیشـدا هـەر ڕۆژنامـە ڕۆژئاواییەکانیـش بوونـە بەشـێک لـە شـێواندن و خـراپ نیشـاندانی ڕاسـتیەکانی شۆڕشـەکە. بەشـێکیان بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد ئامانجـی بارزانـی بریتییـە لـە دروسـتکردنی کوردسـتانێکی یەکگرتـوو و سـەربەخۆ، بەجۆرێـک هەمـوو کوردانـی کوردسـتانی گـەورە یەکبخـات. دیـارە خواسـتێکی لەوجـۆرە بـۆ هەلومەرجـی سـەرەتای شەسـتەکانی شـۆڕش، بابەتێکـی ناڕاسـت و شـێوێنراو بـوو، چونکـە لـەو قۆناغـەی خەباتـدا، بارزانـی خەباتـی بـۆ دانپێدانانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـوردی عێـراق دەسـتدابوویە، ئـەوەش لـە دەسـتووری کاتیـی کۆمـاری عێراقـدا گەرەنتـی کرابـوو. ئـەوە بابەتێـک بـوو کـە لەسـەرەتاوە خـودی عەبدولکەریـم قاسـم بـە تـەواوی لەگەڵیـدا بـوو. لـە هەمـان کاتـدا ڕۆژنامـەی نیویـۆرک تایمـز، لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئەیلوولـی ١٩٦٢ نووسـی بووی:"هەرچەنـدە ئامانجـی بارزانـی بەدیهێنانـی ئۆتۆنۆمییـە بـۆ کـورد، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەوڵیـان داوە قاسـم لـە پێگەکـەی دووربخەنـەوە، بـەو پێیـەی وەک نەیارێکـی سەرسـەختی مافـی ئۆتۆنۆمیـان زانییـوە و پێیـان وابـووە هەمـوو هەوڵەکانـی قاسـم بـۆ گەیـشتن بـووە بـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـوردی کوردسـتانی عێـراق. پەیوەسـت بـەو ڕوانگەیـە بارزانـی وتوویەتـی:" بیرمـان لـە بیرۆکـەی کوردسـتانی گـەورە نەکردووەتـەوە ". هەروەهـا لـە شـوێنێکی تـردا وتبـووی: "بەبـێ ڕەزامەنـدی ئەمەریـکا و بەریتانیـا، بیرکردنـەوە لـە خواسـتێکی لەوجـۆرە ئەسـتەمە."٤٠ شۆڕشـگێڕان ڕێوشـوێنی توندیـا بـۆ پاراسـتنی بارزانـی گرتبوویـە بـەر. بەجۆرێـک ڕۆژانـە شـوێنی بـارەگای بارزانییـان دەگـۆڕی. بەشـێوەیەک ژەنـەراڵ هەرگیـز دوو شـەو بەسـەر یەکـەوە لـە یـەک شـوێندا نەماوەتـەوە. ئەمـەش نـەک تەنیـا بـۆ ڕزگارکردنـی ژیانـی خـۆی، بەڵکـو بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـە مەبەسـتی پاراسـتنی سـەرکردەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـی و ڕابـەری خواسـتی ڕەوای ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان بـوو. دانـا ئادەمـز شـمیت، وەک ڕۆژنامەنووسـێکی ئەمریکـی، لـەو بارەیـەوە نووسـیویەتی:" بارزانـی هەمیشـە وەک ئـەوەی نـاوم نـاوە یەدەگـی ئەرستۆکراسـییانە،

---

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С 21

ڕێوشـوێنی گەلـێ تونوتۆڵـی دەگرتەبـەر، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەنگـە لەتـەک میوانێکـی ئاسـایدا گاڵتەوگەپـی بکردایـە، بـەڵام هەمیشـە مـەودای خـۆی و سـنوور و پێگـەی خـۆی بەجوانـی دەپاراسـت و هیـچ پەیوەندییەکـی شەخسـیی لەگـەڵ کەسـدا درێـژە پێنـەدەدا. هـاوکات بـەردەوام شـوێنی کارەکـەی لـە گۆڕانـدا بـوو، بۆیـە کـەس نەیدەتوانـی زەفـەری پێبەرێـت، یـان بـە مەبەسـتەوە کاریگەرییەکـی ئەوتـۆ بەسـەرییەوە بەجێبهێڵێـت. هەروەهـا هیچکاتێـک دەستەڕاسـت یـان یاریدەدەرێکـی هەمیشـەیی و جێگیریـی بۆخـۆی دانەدەنـا." [1]بەگشـتی بارزانـی خـوی گۆڕینـی بەردەوامـی پێگـە و نێزیکـی دەورەوبەرەکـەی ڕەچـاو دەکـرد. پراکتیزەکردنـی گۆڕینـی شـوێنەکەی، ڕەنگـە بەشـێکی بەهـۆی ئامانجـە ئاسایشـییەکانەوە بووبێـت، هەروەکچـۆن میتـۆدی سیاسـی خـۆی بـۆ پاراسـتنی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ فراوانتریـن بازنـەی خەڵکـدا بەشـێوەیەک زۆر سەرسـوڕهێنەر درێـژە پێـدەدا. هەڵبەتـە دەبـوو پاراسـتنی سیاسـی خـۆی لـە هـەر تاکێکـی نەیـار و لـەو ناوەنـدە هۆزگەراییـەدا لـەو ئاسـتە ئاڵـۆزەدا بووایـە، چـون ئـەو لەسـەر بنەمـای بیرکردنـەوە و ئەزموونـی خـۆی، ڕازی پارێزگاریـی لـە پێگەکـەی ئەزمـوون دەکـرد، ئەگینـا پەیوەسـت نەبـوو بـە ڕێوشـوێنێکی سـەربازی و میتۆدێکـی سـەردەمی ڕاهـێنراوەوە وەک ئـەوەی لـە خۆرئـاوا پەیوەسـت بـە پاراسـتنی سـەرکردەکان و سـیکیۆریتی تاکـەکان ڕەچـاو دەکـران. بارزانـی لەگـەڵ ئـەوەی بەشـێوەیەکی نەریتـی پشـتی بـە بیرکردنـەوە و ئەزموونـی قوڵـی خـۆی دەبەسـت، سـەبارەت بـە چالاکییەکانیـش یاخـود ئـەو بڕیارانـەی پەیوەسـت بـە کاری بزووتنـەوە چەکدارییەکـە دەیـدان، تێکڕایانـی بەنهێنـی و لەبازنەیەکـی زۆر سـنووردار دەهێشـتنەوە [2]. پێگـەی مـەلا مستەفای بـارزان لـە ئاسـتێکدا بـوو کـە جیـاواز لـە ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی، دارای دنیابینـی و ڕازی تایبـەت بـە سیاسـەت و بیرکردنـەوەی خـۆی بـوو. ئەمـەش وایکردبـوو لـە هـەر بەرپرسـێکی سیاسـی دیکـە، خاوەنـی تایبەتمەنـدی و ڕۆحێکـی ڕابەرایەتـی و کارێزماتیکـی تایبـەت بەخـۆی بـوو. بەجۆرێـک کـە پێگەیەکـی بەهێزیشـی لەنێـو توێـژە خوێندەوارەکانـی کۆمەڵگـەی کوردیـدا بۆخـۆی دەسـتەبەر کردبـوو کـە هیچـکام لـە بەرپرسـە باڵاکانـی تـر ئـەو پێگـە و پێناوەیـان نەبـوو. بەمجـۆرە لـە سـاڵی

(1) Meiselas S Kurdistan In the Shadow of the History, c 249

(2) Там же

١٩٦١ەوە ئۆتۆنۆمیستانی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی خەباتی چەکدارییان لەدژی حکومەت و هاوپەیمانێتی هۆزە کوردییەکانی نزیک لە قاسم ئەنجامدا کە پشتیوانیان دەکرد. شایانی باسە لە ساڵی ١٩٦٢ەوە تاڕادەیەک سروشتی خەباتی ڕزگاریخوزی کورد، دەستی بە گۆڕانکاری کرد. دیارە ئەوەش بە هۆی کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی ناوخۆیی و گۆڕانکاریی پەیوەست بە بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەییەوە بوو[1].

(1) Ghareeb E The Kurdish Question in Irag, c 44

## پیلانگێڕی حکومەت بۆ تیرۆرکردنی بارزانی

بۆیەکەمجار عەبدولکەریم قاسم، لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٦٢دا ناچار بوو دان بە پێشهاتەکانی پەرەسەندن ڕاپەڕینی کورددا بنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاماژەی بەوەدا ئەوە ئیمپریالیزمە لەپشت جموجوڵی جەماوەری یاخیبوودا و هانیان دەدەن. هەمان ساڵ بارزانی، بانگەوازێکی ئاراستەی ئەمریکا کرد و داوای دەستی هاوکاری و سەندنەوەی مافی زەوتکراوی نەتەوەی کوردی دەکرد. هەر پەیوەست بە هێنانەئارای ئەمەریکییەکان، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دانا ئادەمز شمیت کە ئەوکات وەک پەیامنێری ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز هاتبووە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، یەکەمجاریشی بوو سەردانی کوردستان بکات، لەیەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا، بارزانی، وەڵامی پرسیارێکی پەیوەست بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکای بەم شێوەیە دابوویەوە:" گەر بێت و ئەمریکییەکان هاوکاری سەربازیمان بکەن، ئیتر بە ئاشکرا بێت یان بە نهێنی، بە شێوەیەک کە بتوانین دەستەبەری مافی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بین بۆ نەتەوەکەمان، ئەوا گومانی تێدانییە دەبینە دۆست و پشتیوانی پێگەی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا." ئەم ئامادەیی و ئاتاجەی بارزانی بۆ بزواندنی بیری بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتدا، لە کاتێکدا بوو کە هەڵمەتە سەربازییەکانی حکومەت، بەوپەڕی بەربەرییەتەوە بەربوونە بۆردومانی ئاواییە سنوورییەکان و ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، بە ڕادەیەک زیاتر لە ٥٠٠ گوندی کوردەوارییان وێران و زیاتر لە ٨٠ هەزار هاووڵاتیان بێ ماڵ و حاڵ و سەرگەردان کردبوو. ئەوکات شۆڕش تەنیا لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆکدا، دژ بە هۆزە دەربارەکانی لایەنگری حکومەت، کەوتبوونە چالاکی و وانەیەکی باشیان پێدادابوون. دیارە لە سەرانسەری باشووری کوردستاندا، پارتی ببوویە ئاڵاهەڵگری جوڵانەوە نەتەوەییەکە و سەرکردایەتی چالاکییە پارتیزانییەکان و هەڵمەتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەکرد. هەربۆیە حکومەتەکەی قاسم، ئاگاداری مەترسییەکانی ئەم شەڕە چەکدارییە بوو. دەیزانی دیوە دروستەکەی جەنگە چەکدارییەکە، لەبەرژەوەندی بەغدادا نییە، بۆیە بەزوویی و بۆیەکەمجاریش بوو دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول، بە مەبەستی ڕاگرتنی چالاکییە سەربازییەکان و دەسپێکی دانوستانی نێوانیان

شاندێکی تایبەتییان ڕەوانەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕش کرد [1].دەستپێشخەرییەکەی حکومەت لەلایەن بارزانی و هاوکارەکانییەوە پێشوازی لێکرا. بەو پێیەی حکومەت بڕیاریدا لێبوردنێکی گشتی پێشکەش بە سەرجەم یاخیبووانی کورد بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی بەردەوامی و نوێکردنەوەی پشتیوانی و پێشکەشکردنی پرۆژەی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانیان خستبووە بەرنامەی کاری حکومەتەوە. لەبەرانبەر ئەو دەستپێشخەری و بەڵێنانەدا، بارزانییەکانیش داواکارییەکانی خۆیانیان خستبووەڕوو، ئەوەشیان ڕاگەیاند؛ گەر بێت و حکومەت ئەو داواکارییانە وەک خۆیان جێبەجێ بکات، ئەوا بەڵێن دەدەن بەرخۆدانی چەکدارییان لە کوردستاندا ڕابگرن. کۆبوونەوەی شاندی هەردوولا، لە گوندێکی بچووکی ڕۆخی چۆمێکدا ئەنجامدرا. هەر لەوێش هەردوولا لەسەر چەندین خاڵی هاوبەش گەیشتبوونە ڕێککەوتن. دەبوو درێژەی ناوەرۆکی داواکارییەکان دەستوبردیان تێدا بکرێت. ئەوەبوو لە درێژەی کۆبوونەوەکاندا نوێنەرەکانی حکومەتی عێراقی کە کەسانی سەربازی و ئەفسەرانی باڵای ناو سوپا بوون. دەبوو درێژە بە دانوستانەکان بدەن. بۆنموونە لە فەرماندەیی سەربازیی کەرکووکەوە، پێشنیارەکان خرابوونە بەردەستی بارزانی. سەرەتا دوو ئەفسەری باڵای سوپای عێراقی لەڕێگەی هەلیکۆپتەرەوە گەیشتنە ئەو گوندەی دامێنی ڕووبارەکە. لەڕاستیدا بارزانی باوەڕی بە بەرانبەر نەبوو، بۆیە بەردەوام تاکتیکی ژیرانەی بەکاردەهێنا و شوێنی کۆبوونەوەکانی لەناکاو دەگۆڕی. هەربۆیە بە گەیشتنی کۆپتەرەکان، ئینجا ڕاپۆرتیاندا، کەوا بارزانی بڕیاری داوە شوێنی کۆبوونەوەکان بۆ شوێنێک کە دوو کیلۆمەتر دوورترە بگوازێتەوە. بەم بڕیارە لەناکاوەی بارزانی، ئەفسەرەکان هیچ ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆیان نەنواند. ئەوەبوو کاتێک کەوتنەڕێ بەرەو شوێنی نوێی کۆبوونەوەکان، هێشتا لە نیوەی ڕێگاکەدا بوون، کاتێکیان زانی، ئەوەتا باڵەفڕە جەنگییەکانی سوپای عێراقی دەرکەوتن و دەستیان کرد بە بۆردومانی ئەو گوندەی کە بڕیار بوو لەیەکەمجاردا دانوستانەکەی تێدا ببرێت بەڕێوە.[2] ئەم هەوڵانە بۆ کوشتنی بارزانی، بابەتێکی نوێ نەبوون. بارزانی بۆخۆی ئەوەی پێدەزانی کە لەو ڕووەوە چەندە قەرزاری سۆڤیەتییەکانە، چونکە ئەوان چەندینجار لە هەوڵە

(1) Мгои ШХ Курдский национальный вопрос в Ираке в новейшее время, С 171

(2) Демченко П Иракский Курдистан в огне, С 34

غافڵکوژییەکانی ڕژێمی عێراقیان ئاگادار کردووەتەوە. ئەمجارەشیان ئەلێکساندەر ڤیکترۆڤیچ کیسێلێڤ، پێشوەختە توانیبووی، لە دوایین ساتەکاندا، دەستبەجێ و لەکاتی خۆیدا بارزانی ئاگادار بکاتەوە. ناوبراو بە بارزانی وتبوو، زانیاری تەواویان پێگەیشووە کە قاسم دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بارزانی لەناو بەرن. تەنانەت وردەکارییەکانیشیان وەها بۆ بارزانی باسکردبوو کە تێکڕای پیلانگێڕییەکان پێبەپێ وەکخۆی لەبۆردومانی ئاواییەکە و شوێنی دانوستانەکەوە تێکڕایان وادەرچوون کە پێشوەختە ڕاپۆرتیان بە بارزانی گەیاندبوو. دوای ئەوەی نیازی ڕاستەقینەی قاسم و پیلانگێڕییەکانی زانران، ئەوەبوو جارێکی تر، گەڕێکی تری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان هێزەکانی حکومەت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیپێکردەوە. پێشمەرگە ئەمجارەشیان پەنای بردەوە بەر بەرخودانێکی بێوێنە لە جەنگە گەریلاییەکەیدا. هاوکات زۆربەی گوندەکان، بوونە بارەگا و مەکۆی سەرەکی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستان. بەجۆرێک پێشمەرگەکانیش پەیوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵ دانیشتوانی ئاشتیخوازی کورددا دامەزراند. خەڵکی ئاواییەکان دریغییان لە هاوکاری پێشمەرگەدا نەدەکرد، هەرچییەک لە توانایاندا بوو دابینیان دەکرد. پێشمەرگەکانیش بە مانۆڕکردنێکی لێزانانە، لە ناوچە شاخاوییە دژوار و سەختەکاندا، دەیانتوانی خۆیان لە زیان و زەبری سوپای عێراقی بپارێزن. هەربۆیە لە نەخشەیەکی نوێی حکومەتی عێراقیدا، پیلانیان بۆ پچڕاندنی پەیوەندی پێشمەرگە و دانیشتووانی ئاواییەکان داڕشت. ئەو پیلانەش بریتی بوو لە وێرانکردنی ئاواییەکان و سووتاندنی ڕەزوباخ و کوێرکردنەوەی کانیاو و کاریزەکانیان و نابودکردنی ژێرخانی ئابوورییان. ئەوە بوو لە ڕێگەی هێزی ئاسمانی عێراقییەوە، لە وێرانکردنی گوندەکان بەردەوام بوون. بۆردومانەکان بەچەندین ڕێگە ئەزموون کرابوون، لەڕێگەی بۆمب و مووشەکیشەوە دەدرانە بەر ناپاڵمی ناگەهان و لەناکاو، ئەو دەستدرێژییە دڵڕەق و بەربەریانەی ڕژێم لە ئاستێکدا بوو کە قاسم وەک سەرکەوتن وێنای دەکردن. ئەوەبوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ڕاشکاوانە سەرکەوتنی بەسەر یاخیبووواندا ڕاگەیاند. ئەمجارەش هەریەک لە ئینگلیز و ئەمریکییەکانی بە هاندان و یارمەتی یاخیبووانی کورد تۆمەتبار کردەوە. ئەمجارەیان هێندە دەستی تۆمەتی درێژکرد، تەنانەت هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەی بەریتانیاشی کرد، بەو پێیەی گوایە بەریتانیا بڕی ٤٠٠ هەزار لیرەی بۆ بارزانی دابین کردووە. لە هەمان کاتدا

ڕایگەیاند؛ ئەم "پیلانگێڕییە ئیمپریالیستییە لە ماوەی یەک یان دوو ڕۆژدا بۆ هەمیشە کۆتایی پێدەهێنن". دوای کۆنگرەکەی قاسم، بەجارێک ڕووماڵی ڕاگەیاندنەکانی ڕژێم، باسیان لەوە دەکرد کە یاخیبووەکان شکستیان هێناوە. بەشێوەیەک بابەتەکەیان بردبووە زیهنی خۆیانەوە، کەوا بارزانیش یان هەڵاتووە یان کوژراوە. هەڵبەتە ڕوماڵەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی دوور لە لۆژیک و ڕاستییەکان بوو. پەیامی لەم جۆرەیان لەو کاتەدا، هێند گاڵتەجار بوو، بەشێوەیەک هەر خۆیان تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ لانیکەم شەش جار لەکاتی جیاجیادا ڕایانگەیاند کەوا بارزانی کوژراوە. لەکاتێکدا پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حکومەت بەردەوام بوون.

## کوردستان لە سایەی بارزانیدا

لەگــەڵ ئــەوەی هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان لــەڕووی ژمــارە و چەکوچۆڵــی ســەربازییەوە تاڕادەیەکــی زۆر ســنووردار و نابەرابــەر بــوون. وەلــێ لــە ئاســتی ئیرادەیەکــی ئیجــگار بەهێــزەوە لــە ئەنجامدانــی ئۆپەراســیۆنی ســەربازی ســەرکەوتوو دژی ســوپای عێــراق بــەردەوام بــوون. لەکاتێکــدا، مســتەفا بارزانــی، زۆرتریــن ڕێوشــوێنی بەکاردەهێنــا تاوەکو خوێنــی ســەربازانی عێراقــی نەڕژێــت. گرنگتریــن ئــەم نیــاز و نەریتــەی بارزانــی پێــش هــەر هەڵمەتێکیــان بۆســەر بــارەگا و پێگەیەکــی ســەربازی ڕژێــم، پیشــوەختە ئاگاداردەکرانــەوە کــە پێویســتە ڕادەســت بــن و مەبەســتیان نییــە خوێنــی هیــچ کەســێکیان بڕێــژن. هەروەکچــۆن لەڕێگــەی بڵاوکــراوە و یاداشــت و ئاگاداریــی پێشــوەختەوە، یاخــود بــە بانگــەوازی جۆراوجــۆر ئــەم پەیامەیــان دەگەیانــدە هــەر هێزێکــی ســەربازی ڕژێــم کــە نێردرابوونــە گیانــی پێشــمەرگەی کوردســتان[1]. لەزۆربــەی بڵاوکــراوەکان و بانگــەوازە نووسراوەکانــدا، واژۆی خــودی بارزانــی کرابــوو، واژۆیــەک کــە دڵنیــای دەکردنــەوە، هیــچ کاتێــک ئامانجیــان کوشــتنی ســەربازانی ســوپای عێراقــی نەبــووە. تەنانــەت بارزانــی زۆرتریــن هەوڵــی دەدا، تاوەکــو فەرمانــدە ســەربازییەکان بیربکەنــەوە و دەســبەرداری دەســتدرێژی و دیمەنەکانــی خوێنڕێــژی و ســوتانی ڕەزوباخــی هاووڵاتیــان بــن. لەیەکێــک لــە نووسراوەکانــدا کــە واژۆی بارزانــی بەســەرەوە بــوو، ئامــاژەی بــەوە کــرا بــوو، کــورد نایەوێــت شــەڕ لەگــەڵ عەرەبــدا بــکات، بەڵکــو تەنیــا بەرەنــگاری فشــارەکانی عەبدولکەریــم قاســم دەبێتــەوە و بــەدوای دروســتکردنی حکومەتێکــی دەســتورییەوەن و دەیانــەوێ لــە چوارچێــوەی دەوڵەتێکــی یەکگرتــووی عێراقیــدا دان بــە مافــە بنەڕەتییەکانــی کــورد و مافــی ســەربەخۆیی نەتــەوەی کــورددا بنێــن.[2] هەڵبەتــە بێجگــە لــەوەی ئــەو پەیامانــە بەهەرجۆرێــک بێــت دەگەیەنرانــە دەســت هێــزە ســەربازییەکانی ڕژێــم، هــاوکات شۆڕشــی کــورد، بــەردەوام بانگەوازیــان ئاڕاســتەی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی کــردووە. لەیەکێــک لــەو بەڵگەنامانــەی کــە بــۆ کۆمەڵــی نێودەوڵەتــی ڕەوانــە کــراوە، هاتــووە:

(1) Мгои ШХ Проблема национальной автономии курдского народа в Иракской республике, С 139–140

(2) Там же, С 143

"چەکەکانمــان لەپێنــاو مافــی ڕەوای نەتەوەکەماندایــە، لەپێنــاو مافــی ئۆتۆنۆمیدایــە، بــۆ ســەندنی مافــە زەوتکراوەکانمانــە". هــەر لــە درێــژەی ئــەو بانگەوازانــەدا لــە ســەر زاری بارزانییــەوە ئامــاژە بــەو ڕاســتییە درابــوو:" بۆچــی دەبێــت چاوەڕوانــی لێبوردنــی گشــتی عێــراق بیــن؟ خــۆ ئێمــە ســتەممان لــە کــەس نەکــردووە و مافــی ئەوانمــان زەوت نەکــردووە، ئــەوان مافــی ئێمەیــان زەوت کــردووە. ئێمــە تەنیــا بەرگــری لــە مافــە ڕەواکانــی خۆمــان دەکەیــن، ئێمــە تەنیــا بــەدوای دانــان بــە مافــە ڕەواکانــی گەلــی کوردســتانەوەین و بــەس. ئێمــە لەجیاتــی دەســەڵاتێکی دیکتاتــۆر، داوای دەســەڵاتی یاســادانان و دانــان بــە مافــە سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتییــە کولتوورییەکانــی گەلــی کــورد لــە کۆمــاری عێراقــدا، وەک گەلێکــی ســەربەخۆ دەکەیــن". [1]

هــەر لەمیانــی ناوەڕۆکــی ئــەو بانگەوازانــەی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد بەرزیکردبوونــەوە، تێیانــدا هەوڵدرابــوو تاوەکــو نموونــەی مامەڵــەی دڕندانــەی ڕژێــم لەگــەڵ هاووڵاتیانــی کــورد نیشــان بدرێــت، ئــەو مامەڵــە بێڕەحــم و بەزەییانــەی لەلایــەن ســەربازانی عێراقــەوە دژ بــە خەڵکــی ئەنجــام دەدران. لەگــەڵ ئــەم هەلومەرجــە نوێیــەی نێــوان حکومــەت و شۆڕشــی کــورددا، کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی هەڵوێســتێکی ئەوتــۆی نەنواند. ئەوەبــوو لەکۆتایــی مانگــی ئایــار و ســەرەتای حوزەیرانــی ١٩٦٢ شــەڕ لــە کوردســتان هەڵگیرســایەوە. ئــەم جاریــش ڕاســتەوخۆ بــە فەرماندەیــی مــەلا مســتەفا بارزانــی، هێــزی پێشــمەرگە لــە دەڤــەری کەرکووکــدا، توانــی لــە چالاکییەکــی پارتیزانیدا، شکســتێکی گــەورە بەســەر هێزەکانــی حکومەتــدا بهێنــێ. هەروەهــا لــە دەڤــەری موسڵیشــدا، لەچالاکییەکــی دیکــەی ســەرکەوتوودا، پێشــمەرگە توانــی ســوپای عێراقــی بخاتــە مەتەرێــزی مەفرەزەکانییــەوە یەکێــک لــە گەورەتریــن داســتانەکانی شۆڕشــی ئەیلــوول تۆمــار بکــەن. لــەم چالاکییــەدا نزیکــەی هــەزار و ٣٠٠ ســەربازی عێراقیــان قۆڵبەســت کــرد.

لێــرەوە شۆڕشــی کــورد، بەشــێوەیەکی بەرفــراوان و خۆڕاگــر کەوتەخــۆ. بەجۆرێــک توانیــان قەڵەمڕەوێکــی بەرفــراوان بخەنەژێــر کۆنترۆڵــی خۆیانــەوە کــە ڕووبەرەکــەی لــە بــاری درێژییــدا ٤٠٠ کیلۆمەتــر و پانییەکــەی ١٥٠ کیلۆمەتــر دەبــوو. جیالــەوەش توانیــان ســەرجەم ڕێگاوبانەکانــی باکــووری عێــراق کــۆنترۆڵ بکــەن. لەکاتێکــدا، ڕووبــەڕووی

(1) Там же, с 143–144

٣٠ هـەزار سـەربازی پڕچەککـراوی سـوپای عێراقـی ببوونـەوە. ناچـار ڕژێمـی عێـراق، هێرشـێکی بەرفراوانیـان لەمیانـی بەهار-هاوینـی (١٩٦٢) دا بۆسـەر سـەنگەرەکانی پێشـەوەی پێشـمەرگە ئەنجامـدا. ئـەم هێرشـە نەیتوانـی ببێتـە خاڵێکـی وەرچەرخانـی وەهـا کـە بـە قازانجـی سـوپای عێراقـی بشـکێتەوە. بـە پێچەوانـەوە هێـزی پێشـمەرگە نـەک هـەر توانیـان پێگەکانـی خۆیـان بپارێـزن، بەڵکـو توانیـان هەمـوو ئـەو ناوچانـە فـراوانتر بکـەن کـە لەژێـر ڕکێفیانـدا بـوون. لـەم بـارەوە ڕۆژنامەنووسـی سویسـری (دیـک ئەندەرسـۆن) کـە لـە مانگەکانـی تەمووز-ئابـی ١٩٦٢ سـەردانی ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی ژێرڕکێفـی پێشـمەرگەی کردبـوو، نووسـیویەتی:" پێشـمەرگە بەشـێوەیەکی بەرچـاو، توانـی پێگەکانـی خۆیـان بەهێزتـر بکـەن، بەتایبەتـی لـە دوای هێرشـی مانگـی ئـاداری سـوپای عێراقییـەوە، بەتـەواوی فەوجێکـی سـوپای عێراقـی تەفروتوناکـرا. هـەر لەوهێرشـەدا، دوای دوو مانـگ، پێشـمەرگە توانـی بۆمـاوەی ٢٩ ڕۆژی ڕەبـەق دوو کەتیبـەی دیکـەی سـوپای عێـراق گەمـارۆ بـدەن. دواجـار بـە دەسـبەرداربوون لـە چەکەکانیـان، ڕێگەیـان دان بەبـێ چەکەکانیـان هەڵبێـن. هەروەهـا دوای گەمارۆدانـی دەڤـەری ڕەواندوزیـش، بارزانـی بۆخـۆی لەبـەرەی دۆڵـی خۆشـناوەوە توانـی سـەرکەوتوو بێـت، بەشـێوەیەک بەرەو سـەلاحەدین و چیـای سـەفین هێـزی پیشـمەرگە پێشـڕەوییەکی بەرینیـان کـرد. سـەبارەت بـەم سـەرکەوتنانە بارزانـی ڕایگەیانـد بـوو:" ئێمـە ئێسـتا واخەریکـە پێشـڕەوی دەکەیـن، ناوەنـدی هێرشـی داهاتـووشمان شـەقڵاوە دەبێـت، ئێسـتا لـە قۆناغێکدایـن دوژمـن توانـای هێرشـەکانی لەدەسـتداوە". بەمجـۆرە هێرشـی پیشـمەرگە بـە ئاراسـتەی ناوچەکانـی شـەقڵاوە و ڕەوانـدوز زۆر سـەرکەوتوو بـوون. ئـەم پیشـڕەوییەیان بـە ئامانجـی بەسـتنەوەی هـەردوو بەرەکانـی باشـوور و باکـووری ڕۆژئـاوا بـوو. هێزەکانـی ژێـر فەرماندەیـێ بارزانـی، تابۆیـان بکرایـە خۆیـان لـە چوونـە نـاو شـارەکان بـەدوور دەگـرت، بـۆ ئـەوەی سـەربازانی حکومـەت پەنـا نەبەنـە بـەر بۆردومانـی خەڵکـی مەدەنـی. بەمجـۆرە لـە سـایەی لێهاتوویی جەنـەڕاڵ بارزانـی دا، زیانـی گیانـی هێـزی پێشـمەرگە لەسـەرجەم هێرشـەکاندا بـەراورد بـە سـوپای عێـراق زۆر کـەم بـوون. بەشـێوەیەک لـە مـاوەی سـاڵ و نیوێـک لـە شـەڕی بەردەوامـدا، تەنیـا ١٧٢ کەسـیان ببوونـە قوربانـی. سـەبارەت بـەو زیانانـەی بـەر ناوچـەکان کەوتبـوون، ئـەوا تەنیـا لـە سـاڵی یەکەمـی شـەڕی کوردسـتاندا ١٥٠ گونـد وێـران بـوون و ١٠٠

هـەزار هاووڵاتیـش بـێ مـاڵ و حـاڵ ببـوون. هـاوکات کاڵا و پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی خۆراکـی ڕۆژانــە ڕاگیـرا بــوو و گەمارۆیــان خســتبووە ســەر ناوچەکانــی شــۆڕش، بــەڵام هێشــتاش نەیانتوانــی ئیــرادەی ئازایانــەی پێشــمەرگە و پشــتیوانی خەڵکــی کوردســتان بوەسـتێنن. هـاوکات هێـزی پێشـمەرگە پێـشتر ژمارەیـان ٢٠ هـەزار چەکـدار دەبـوون. ئــەم خۆڕاگرییــە بوویــە هۆکارێــک تاوەکــو ئەمجارەیــان ئــیتر بەعســییەکان پێشــنیاری ڕێککەوتــن بکــەن و بەڵێــن بــدەن پێچەوانــەی حکومەتەکــەی قاســم، لەگــەڵ مافــی ئۆتۆنۆمــی کورددان، هەربۆیــە بەعســییەکان ڕازی بــوون بــە دانوســتان و گوێگرتــن بــۆ داواکارییەکانــی جووڵانــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد[1]. ئەوەبــوو لــە مانگــی کانوونــی دووەم دانوســتانەکان لەگــەڵ بەعســییەکاندا دەســتیان پێکــرد و ڕێککەوتــن کــرا. ئــەو ڕێککەوتنــە لــە کاتێکــدا بــوو کــە ســوپای عێــراق بــە ئامانجــی ڕووخاندنــی قاســم لــە پایەختــدا کۆببوونــەوە. کوردیــش توانــی ســوود لــە لاوازبوونــی پێگــەی بەغــدا وەربگرێــت. ئەوەبــوو پارتــی لەگــەڵ بەعســییەکان ســازان. چاوەڕێــی ئــەوە بــوون لــە بەرامبــەردا دڵنیایــی بدەنــە ســەرکردایەتی کــورد و مافــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان دەســتەبەر بکــەن. دواجــار ڕوونبوویــەوە کــە قۆناغــی دەســەڵاتی قاســم لــە ژیاننامــەی مــەلا مســتەفا بارزانیــدا، قۆناغێکــی هــەم ســەخت و هــەم گرنــگ بــوو. بارزانی هەوڵــی دەدا بــە هــەر ڕێگایەکــی پێویســت، ئامانجەکانی کــورد کــە ئۆتۆنۆمــی سیاســی بــۆ کوردســتان بەدەســت بهێنێــت. هەربۆیــە لەگــەڵ ســەرهەڵدانی خەباتــی چەکداریــدا، چەمکــی ســەربەخۆیی بوویــە بابەتێــک بــۆ دروســتکردنی یەکەیەکــی ئیــداری لــە ناوچــە کوردنشــینەکاندا، ئەمــەش لــە بابەتــی حوکمڕانــی ناوخۆیــی و گەشــەپێدانی ئابــووری و پــەروەردەدا خــۆی دەبینییــەوە. جیــا لەوانــەش بارزانــی پێداگــری لەســەر تەرخانکردنــی پشــکێکی گونجــاو لــە داهاتــی نــەوت بــۆ گەشــەپێدانی کوردســتان دەکــرد. لێــرەوە چەمکــی ئۆتۆنۆمــی لەگــەڵ پەرەســەندنی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورددا، بەتایبەتــی لــە ســاڵانی دواتــردا بوویــە چەمکێکــی کۆنکرێتــی. بەردەوامیش داواکاریــی ئۆتۆنۆمــی نەتەوەیــی کــورد لــە چوارچێــوەی عێراقــدا خــۆی دەبینییــەوە، هەرئەمــەش کرۆکــی هەمــوو دانوســتانەکانی بارزانــی بــوو لەگــەڵ حکومەتەکانــدا. هەڵبەتــە داوایەکــی لــەم جــۆرەش بــەردەوام بــۆ بارزانــی، هەلومەرجێکــی ســەختدا ئەنجامــدراوە، بــەو

(1) 48 Там же, c 146

پێیەی هەموو هۆز و تیرەكانی كوردستانی عێراق، هاوبەشی بۆچوونەكانی بارزانی نەبوون. چون بەردەوام بەشێكیان لەخشتەبراون و بوونەتە بەربەستی بەردەم بارزانی. هەربۆیە زۆربەی كات، زۆرێک لە سەرۆكهۆزەكان لە پابەندبوون بە هەڵوێستە نەریتخوازییەكانیان بەردەوام بوون، بەمەش نەک هەر لەگەڵ پێشمەرگەدا نەبوون، بەڵكو خەریكی پێكدادانی چەكداری بوون لەگەڵیاندا. بەگشتی لەو ماوەیەی قۆناغی دەسەڵاتی قاسمدا، بارزانی خاوەنداریێتی ڕێبازێكی چارەنووسساز و سازشنەكردووی بە ئاراستەی گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی بۆ كورد دەكرد. ئۆتۆنۆمییەک لە چوارچێوەی كۆماری عێراقدا. پێویستە بوترێت لە هەندێک هەلومەرجیشدا پراگماتیزمی سیاسی ناچاری دەكرد هاوپەیمانێتی لایەنەكانی پەیوەندیدار بەحكومەت و هێزە كاریگەرەكانی گۆڕەپانەكەدا بكات. بۆ نموونە سەرەتا لەگەڵ حكومەتی قاسم هاوكاری دەكرد. لێرەدا حسابی بۆ ئەوە دەكرد كە پاڵپشتیی ئەو بۆ حكومەت گەرەنتی گەیشتنیانە بە ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان. هەروەها لەگەڵ كۆمۆنیستەكاندا یارییەكی سیاسی ئاڵۆزیان دەستپێكرد، چون كاتێک بەرژەوەندییەكانی كرد پێویستیيان بە پاراستن بوو لە ڕوانگەی سۆڤییەتەوە، دەبوو بەجۆرێک لەگەڵ چەپەكاندا بێنە پێشەوە. سەرەڕای پەیوەندی سەرڕاست لەگەڵ قاسمدا، بەڵام هەم قاسم و هەم كۆمۆنیستەكان لەژێر فشاری تینوتاوی تردا بوون. بۆیە ئامانجی ڕوونوڕەوانی بارزانی بۆ ئۆنۆنۆمی، حكومەتی خستەسەر هێنانی سوپا بۆسەر كوردستان و هەوڵی تیرۆری بارزانی و شێواندنی ناوبانگی ئەو كەسایەتییە لە ڕاگەیاندنەكانیدا، تاوەكو هاندانی هۆزە كوردییەكان و تۆمەتباركردنی بە دەسكیسەی ئیمپریالیزم. دواجار ڕاگەیاندنی خەباتی چەكداریی بوویە بابەتێكی بێگەڕانەوە و لە هاوینی ١٩٦١ دا، بارودۆخی كوردستان گەیشتە لوتكەی نائارامی. بەجۆرێک هەندێک میدیای بیانی ئاماژەیان بەوە دەكرد كە "بۆرژوازی كورد بۆ یارمەتی ڕووی لە شای ئێران و ئەمریكییەكان كردووە." لێرەوە یەكە چەكدارەكانی بارزانی لەیەككاتدا شەڕی هەردوو هۆزەكانی لایەنگری حكومەت و سوپای عێراقیان دەستپێكرد. بەجۆرێک لە باشووری ناوچەكەدا لەشكرێكی ئاسایی كوردی (پێشمەرگە) لەژێر سەرپەرشتی بارزانیدا كەوتە ململانێ، تاوەكو لە كۆتایی سەردەمی قاسمدا، كورد نزیكەی هەموو كوردستانی عێراقیان

کۆنترۆڵکــرد. لێــرەوە ئــیتر هیوایــان خواســت ڕژێمــی نوێــی بەعــس بــە بەڵێنــی پێدانــی ئۆتۆنۆمــی بــە کــورد سەرڕاســت بــن، بــەڵام ئەمانیــش ئــەوە نەبــوون. بۆیــە بارزانــی ناچــار بــوو تــا کۆتایــی ڕێگاکــە درێــژە بــە خەباتەکــەی بــدات.[1]

(1) Заря Востока, 21021963

# بەشی شەشەم

**مستەفا بارزانی، تێکۆشەرێک لە پێناو سەربەخۆیی کورددا ١٩٦٣-١٩٦٨**

بۆیـە تفەنگـم هەڵگرتـووە، تاوەکـو بۆخۆمـان خاوەنـی خۆمـان بیـن. نـە خزمەتـکار و دەربـاری دەسـەڵات و دەوڵەتێکـی غـەوارە و نامۆیـن، نـە سـیخوڕ و کرێگرتـەی ئەمەریـکا و ڕووس و ئینگلیزەکانین، بەڵکـو خزمەتـکاری خـاک و خەڵکـی خۆمانیـن.

**مستەفا بارزانی**

**بەشداری مستەفا بارزانی لە دانوستان لەگەڵ کابینەی نوێی عێراقدا**

ململانێـی نێـوان پێشـمەرگە و سـەربازانی سـوپای عێـراق تاوەکـو مانگـی یەکـی سـاڵی ١٩٦٣ بـەردەوام بـوو. لـە مانگـی شـوباتەوە بەعسـییەکان قاسـمیان لادا و بوونـە خاوەنـی کابینـەی نوێـی حکومەتـی عێـراق. سـەرەتا ئەنجومەنێکی نیشـتمانیان دامەزرانـد کە هەموو دەسـەڵاتەکانی لـە دەسـتدا بـوو. ئـەم ڕژێمـە نوێیـە، سیاسـەتێکی دوولایەنـەی پەیـڕەو دەکـرد. لەلایەکـەوە دەسـتی دابوویـە توندوتیـژی و تیرۆرێکـی بێوێنـە و دەگمـەن لـە دژی هەمـوو هێـزە دیموکراتییەکانـی عێـراق، لەلایەکـی دیکەشـەوە بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد، ئـەوان بـە پێچەوانـەی قاسـمەوە، کۆتایـی بـە جەنـگ دەهێنـن و نیـازی چارەسـەرکردنی کێشــەی کــورد بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە و دادپەروەرانــە دەهێننــە ئــاراوە. لــە ڕاســتیدا دۆخـی ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان وەهـای دەخواسـت حکومەتی نوێـی بەغـدا، هەرچـی زووتـرە لەگـەڵ کـورددا پرۆسـەی ئاشـتی و چارەسـەریی بگەیەننـە ئەنجـام. ئەوەبـوو لـە ٩ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣دا، لەبڕیارێکـی ئەنجومەنـی نیشـتمانیدا، بڕیـاری ڕاوەسـتاندنی شـەڕ و پێکـدادان دژ بـە کـورد، ئاڕاسـتەی هێـزە چەکدارەکانـی سـوپای عێراقـی کـرا. (1) ئـەو بڕیـارە لەکاتێکـدا بـوو، مسـتەفا بارزانـی و ڕەوتـە سیاسـییەکانی دیکـەی کـورد، هێنـدە

(1) Мгои Ш.Х. Проблема национальной автономии курдского народа в Иракской Республике, С. 169.

متمانەیـان بـە بەڵێـن و بڕیـاری بەعسـییەکان نەبوو، بۆیـە بایەخێکـی ئەوتۆیـان پێنەدا. بەو پێیـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە هەوڵەکانیانـدا بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێمەکـەی قاسـم، پشـتیوانی نەتەوەییەکانـی عەرەبـی دەکـرد، نەوەکـو بەعسـییەکان. هەرچەنـد حکومەتـی نوێـی بەعسـییەکان، دوو کەسـایەتیی کـوردی کـە لـە پێکهاتـەی کابینـەی نوێـدا شـوێن کردبوویـەوە. وەلـێ ڕەزامەنـدی بارزانـی لەبـارەی بەشـداریی کـوردەوە، کاریگەریـی بەسـەر فرەیـی پێکهاتـەی ئیتنـی کابینەکـەوە دادەنـا. ئـەو بەربژێـرە کوردانـەی بەعسـییەکان هەریـەک لـە فوئـاد عـارف و شـێخ بابـا عەلـی بـوون. یەکەمیـان لـە سـاڵی ١٩٤٥دا، دروسـت لـە سـەردەمی ڕاپەڕینـی بارزانـدا، ئەفسـەرێکی بـاڵای کـوردی ناو سـوپای عێراقـی بـوو. دواتریـش ببوویـە ئەندامـی ڕێکخـراوی ئەفسـەرە ئازادیخوزەکانـی عێـراق. ئەوەبـوو دواجـار لـەم کابینەیـەی بەعسـییەکاندا وەک وەزیـری ئەوقـاف دەستنیشـانیان کرد. هەروەهـا بابـا عەلـی کـوڕی شـێخ مەحمودیـش، وەکـو وەزیـری کشـتوکاڵ دەستنیشـانکرا بـوو. دیـارە مـەلا مسـتەفای بـارزان، بەشـێوەیەکی سـنووردار کاردانـەوەی بەرامبـەر بـەم بەشـدارییپێکردنەی کـورد نیشـاندا و گوتـی:" جارێـکا زووە تاوەکـو بڕیـار لەسـەر چۆنێتـی بەشـداریی کـورد بدرێـت". هـاوکات ئەوەشـی وتبـوو:" پێویسـتە کـورد لـە پێکهاتـەی کابینەکانـدا بەشـداربێت، بـەڵام خـۆ دەبێـت ئـەوەش بزانرێـت ئامانجـی سـەرەکی ئێمـە تەنیـا لەسـەرکارلادانی قاسـم نەبـووە، بەڵکـو ئامانجگەلێکـی ڕوون و ڕەوان و چەسـپاومان هەیە، گرنگترینیـان خـۆی لـە دانپێدانانـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورددا دەبینێتـەوە"[1]. بەعسـییەکان نیازیـان بـوو بارزانـی ڕابکێشـنە نـاو گـرەوی گەمەیەکـی سیاسـی و لـە ڕێگـەی بەڵێنگەلێکـی ناڕاسـتەوە، دەسـەڵاتی خۆیـان بچەسـپێنن. هەربۆیـە بەزوویـی لـە ١٠ی شـوباتی ١٩٦٣وە، ڕێککەوتنامەیەکـی ئاشـتیان لەگـەڵ سـەرکردایەتی سیاسـیی کـورد واژۆ کـرد. هەڵبەتـە بارزانـی واژۆی لەسـەر کـۆی خاڵەکانـی ڕێککەوتنەکـە کردبـوو، وەلـێ وەکـو خـودی خـۆی چووبـووە نـاو گفتوگـۆ و واژۆی ڕێککەوتنەکـەوە، نـەک وەکـو سـەرۆکی پارتـی. بەگشـتی بڕگـە سـەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکـە بریتـی بـوون لـە:

- دانانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد، لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا.
- ئازادکردنی سەرجەم گیراوان و زیندانیانی سیاسی.

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С. 23.

- گەڕاندنەوەی دۆخی ئاسایی بۆ شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە باکوری عێراقدا.
- هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری سەر کوردستان.

بەمجۆرە واژۆی ڕێکەوتنی بارزانی و حکومەت، بووە هۆکاری نیگەرانی هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی. ئەوان وەک ڕەوتێک لەناو پارتیدا کەوتبوونە کار و چالاکی و دەرهەق دەسەڵاتەکانی بارزانی گەلێ بە پرتە و بۆڵە بوون. بۆیە بەزوویی دژی ڕێککەوتنەکە ڕاستبوونەوە. ئەوان پێیان وابوو لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا خاڵەکانی پەیوەست بە خۆبەڕێوەبەریی کوردیی لابراون، گوایە لە بەڵگەنامەکەدا لەجیاتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردیی هەرێمی باکور بەکاربراوە. ئەمە و چەند هۆکارێکی تر. بوونە بایسی ئەوەی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی بارزانییان بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرکۆنە دەکرد و پێیان وابوو بارزانی بەبێ بوونی ئەوان پابەندبوونی خۆی نیشانداوە.[1] جیا لەو ناکۆکییانە، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک، گوایە بارزانی بە داواکاریی بەعسییەکان بۆ قەدەغەکردنی هەموو پارتە سیاسییەکان ڕازی بووە. تەنانەت بە گوتەی (دیڤید ماکداوڵ)یش، گوایە حکومەتی عێراق، دەستی کردووە بە پێدانی چەک و پارەی پێویست بۆ بارزانی. لێرەوە و لەسەربنەمای ناکۆکی و دەنگۆی دوژمنایەتی و ناکۆکی ناوخۆی پارتی، ئیتر جووڵانەوە ڕزگاریخوازییەکەی کوردستان بەرەبەرە دابەش دەبوو. لە جەمسەرێکی خەباتە سیاسییەکەدا تاڵەبانییەکان، یان هەموو ئەوانەی پشتیان بە ئایدۆلۆژیای چەپ-ناسیونالیستەکان بەستبوو.[2] بەجۆرێک لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕەبەق، بەو بابەتی چاپگەراییەوە پابەند بوون.

لە جەمسەرەکەی تردا، مستەفا بارزانی ڕاوەستا بوو. جەمسەرەکەی بارزانی لە ئاستێکدا بوو، سەرەڕای بەهێزی ڕێژە و چەندێتی تاڵەبانییەکان، هێشتاش هیچکاتێ نەیانتوانی دەسەڵاتی مستەفا بارزانی لەکەدار و لاواز بکەن. بۆنموونە سەرەڕای گومانی هەموویان لە دڵسۆزی و نیازی حکومەتی نوێی عێراق، یان بەعسییەکان، مستەفا بارزانی، لە ڕۆژی ١٣ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا، لەلایەن شاندێکی باڵای بەغداوە، بە مەبەستی دنوستان سەردانی کرا.[3] شاندەکە

(1) McDowell D. A Modern History of the Kurds, c. 315–316.
(2) Там же, С. 316.
(3) Мгои Ш.Х. Проблема национальной автономии курдского народа

ئەرکـی دامەزراندنـی پەیوەندییەکـی سـەرەتایی لەگـەڵ سـەرکردایەتی کـورددا گرتبـووە ئەسـتۆ. ئەوەبـوو لـە سـەردانەکەیاندا هـەردوو وەزیـرە کـوردەکان بابـا عەلـی و فوئـاد عـارف سـەرۆکایەتی شـاندەکەی حکومەتیـان پێسـپێردرا بـوو. سـەرەتا شـاندەکەی حکومـەت لـە سـلێمانییەوە بـە سـواری هەلیکۆپتەرێـک بـەرەو ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی ژێردەسـتی شـۆڕش، لـە ناوچـە سـنوورییە سـەخت و شـاخاوییەکانی کوردسـتان بەڕێکەوتـن. لەیەکەمیـن دیـداردا، پەیوەندییەکـی سـەرەتایی لـە نێـوان کـورد و نوێنەرانـی حکومەتـدا دەسـتیپێکرد کـە جێگـەی ڕەزامەنـدی هـەردوولا بـوو. بەگوێـرەی سـەرچاوەکانی ئـاگادار لـە کۆبوونەوەکە، مسـتەفا بارزانـی، دەسـبەجێ داوای بـە فەرمـی ناسـاندنی مافـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانی کـردووە. ئۆتۆنۆمـی بـۆ تـەواوی شـارە کوردنشـینەکانی ویلایەتـی موسـڵ، بەجۆرێـک کـە شـاری کەرکـووک و کـۆی کێڵگـە نەوتییەکانـی کەرکـووک بگرێتـەوە. هەروەهـا داواکارییەکانـی دیکـەی بارزانـی بریتـی بـوون لـە گەڕانـەوەی تێکـڕای هێزەکانـی عێـراق لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا. هـاوکات تەرخانکردنـی بەشـێک لـە داهاتـی نەوتـی نیشـتمانی عێـراق بـۆ کوردسـتان. جگـە لـەوەش هۆشداریشـیدا لـەوەی ئەگـەر لەمـاوەی سێ ڕۆژدا حکومـەت ئـەو مەرجانـە قبـوڵ نـەکات، ئـەوا پێشـمەرگە چالاکییـە چەکدارییەکانـی دەسـتپێدەکاتەوە. دیارە ئـەوکات بارزانـی فەرمانـی بـە هەمـوو یەکەکانـی پێشـمەرگە کـرد بـوو کـە خۆیـان بـۆ گەڕێکـی نوێـی خەباتـی چەکـداری و گەریلایـی ئامـادە بکـەن. دواجـار وەڵامـی ئەنجومەنـی فەرماندەیـی شۆڕشـی نیشـتمانی عێـراق بـۆ هەڵوێسـتەکانی بارزانـی و داواکارییەکانـی لـە چوارچێـوی بەیاننامەیەکـدا بڵاوکرایـەوە. ناوەرۆکـی بەیاننامەکـە بـە تایبەتـی تەرخانکرابـوو بـۆ خسـتنەڕووی بەرنامەکانـی حکومـەت سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد بەگشـتی. لەڕاسـتیدا ئـەو پێشـنیاری ناناوەندێتییـەی بەعسـییەکان کردبوویـان، لـە ئاسـتێکدا نەبـوو داواکاریـی ئۆتۆنۆمیسـتە کـوردەکان تێـر بـکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ١٨ی شـوباتەوە دانوسـتانەکان بـەردەوام بـوون. شـاندێکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کەرکووکـەوە گەیشـتە بەغـدا و یاداشـتێکیان پێشـکەش بـە حکومـەت کـرد. لـە یاداشـتەکەدا ئـەو داواکاریانـەی خرانـەڕوو، دەبوونـە بنەمـای یەکلاکردنـەوەی دۆزی کـورد و چەسـپاندنی ئاشـتی لـە باکـووری عێراقـدا. دروسـت لـەم کاتـەدا جـەلال

تاڵەبانـی بـە فڕۆکەیـەک لەبەغـدادەوە گەیشـتەوە کوردسـتان.[1] تاڵەبانـی دەیزانـی بارزانـی نیگەرانـە لـەو ئاڕاسـتە جیاییـەی نێـوان ڕەوتـی ئیبراهیـم ئەحمـەد و تاڵەبانـی. هەربۆیـە ئیـدی نەیدەتوانـی لەنـاو پرۆسـەی پێکهێنانـی ئاشـتەوای کـورد و میریـدا خـۆی ببینێتـەوە. ئەوەبـوو تێکـڕا بڕیـاری دوورەپەرێزییـان داو، لـە یەکێـک لـە شـەوەکاندا، بەجارێـک کەمپـی بارزانییـان بەجێهێشـت و چوونـەوە سـنووری مـاوەت. مـاوەت یەکێـک بـوو لـە بنکـە سـەرەکییەکانی پارتـی. لەکاتێکـدا دانوسـتانەکان لـە ٤ی ئـاداری ١٩٦٣دا لـە کوردسـتانەوە دەسـتیان پێکـردەوە. ئەمجارەیـان لـە شـارۆچکەی کانـی مـاران، بـە بەشـداریی خـودی بارزانـی و ژمارەیـەک بەرپرسـی بـاڵای حکومـەت، لەنێویانـدا جەنـەڕاڵ تاهـر یەحیـا، سـەرۆکی ئەرکانـی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق وەک نوێنـەری حکومـەت سـەرۆکایەتی شـاندەکەی بەغـدادی دەکـرد. ناوبـراو دەسـتی خسـتە سـەر کرۆکـی کێشـەکان و کۆمەڵێـک تێـزی گرنگـی خسـتنەڕوو. تاهـر یەحیـا بـەردەوام ئامـاژەی بـەوە دەدا کـە شـەڕی براکـوژی نێـوان عـەرەب و کـورد، شـەڕێکی سـەپێنراوە و دوایماوەی پیلانگێڕییەکانـی ڕژێمـی پێشـووە. شـاندی عێراقـی هەوڵیـدەدا مـەلا مستەفای بارزانـی لامەرکەزییـەت ڕازی بـکات و چیـدی دەسـبەرداری داواکاریـی سـەربەخۆیی و مافـی ئۆتۆنۆمـی بێـت.

لەهەمـان کاتـدا بەشـێکی تـری دانوسـتانەکان لەبـارەی دانـان بـوو بـە پێگـەی یەکسـانی زمانـی عەرەبـی و کـوردی لـە پارێـزگا کوردنشـینەکاندا.[2] ئـەوەی زۆرتریـن تەنگژەی لەسـەر بـوو، ئەبـوو کـە بەعسـییەکان نیازیـان نەبـوو بـاس لەبـارەی کەرکووکـەوە بکـەن، چونکـە حکومـەت ناچـار لەسـەر گرێبەسـتە نەوتییـەکان بـەردەوام بێـت. هەمـوو ئەوانـەی پێـشتر ئەنجامدرابـوون. بۆیـە پرسـی کەرکـووک بـوو بـە خاڵێکـی سـەرەکی لـە ڕووبەڕووبوونەوەکانـدا. ئـەودەم پرسـی پێکهاتەکانـی کەرکـووک وابەسـتە کرابـوو، بـە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧ی شـارەکەوە، چونکـە بەپێـی ئـەو سـەرژمێرییە کـورد ٥٣٪ی دانیشـتووانی پارێزگاکەیـان پێکدەهێنـا. دواجـار لـە مانگـی ئایـاردا، ئـەوە ڕوون بـووەوە کـە دانوسـتانەکان لـە دۆخێکـی چەقبەسـتوودا خۆیـان دەبیننـەوە. بۆیـە هەمـوو ئـەو هێورییـەی ڕووی کردبـووە ناوچەکـەو تێکـڕای دانوسـتانەکان، نەگەیشـتنە ئەنجـام و لـە

(1) Там же, С. 172.
(2) Там же, С. 176.

کۆتاییدا خەباتی چەکداری پێینایە قۆناغێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەکانەوە. لەگەڵ ئەوەی ئاسۆی دانوستانەکان بەناڕوونی مایەوە و بژاردەی بزووتنەوە چەکدارییەکە هێنرایەوە بەرباس. وەلێ حکومەتی عێراقی دەستی برد بۆ چاکسازیگەلێکی ئیداری، بەشێوەیەک کاریگەریی لەسەر هەموو عێراقەوە جێدەهێلا. بەنیسبەت کوردستانەوە چاکسازییە ئیدارییەکان بەجۆرک بوون کە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانیان دابەشکردبوو بەسەر سێ پارێزگای (موسڵ، کەرکووک، سلێمانی)دا. لەم کاتەدا ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسی، واتە لە مانگی نیسانی ١٩٦٣ دا سەردانی کوردستانی کرد و چاوی بە بارزانی کەوت. ڕۆژنامەنوسەکە لەبارەی دیدارەکەیەوە نووسیبووی:" ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان گلەییان لە پاڵپشتیکردنی ئاگا و هۆزەکانی کورد هەبوو، ئەوانەی بارزانی کردبوونیە هێزی مرۆیی جوڵانەوەکەی. ئەمەش ببووە مایەی ناکۆکی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی.[1] دواتر ئەو ناکۆکییانە سەریانکێشا بۆ ناسەقامگیرییەک ناوخۆیی درێژخایەن لەناو شۆڕشی کوردیدا. [2]هەڵبەتە دەسەڵاتی جەنەڕاڵ بارزانی لە هەرێمی کوردستاندا، دەسەڵاتێکی زۆر زۆر بەهێز و خاوەن پێگەیەکی بەرفراوانی جەماوەری بوو. هەربۆیە گەر بهاتایە هێزە کوردییەکان یەکگرتوو بوونایە، ئەوا ڕەنگە کاریگەرییەکانی کورد، لە پرۆسەی دانوستانەکاندا سەرکەوتووتر بوایە. بەڵام ناکۆکی نێوان ڕەوتەکانی کورد لە ئاستێکدا بوو کە خاڵی لاوازی لایەنەکان بەسانایی درابوویە دەست لایەنە هەواڵگیرییەکانی میرییەوە[3]. لەکاتێکدا جەلال تاڵەبانی بەبێ پرس و ڕای ڕابەرایەتی شۆڕشی کوردستان، کەوتبووە ناو گەمەی چەند وڵاتێکی عەرەبی و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی لەدەرەوەدا برەو پێدابوون. هەربۆیە بارزانی بە ئاشکرا دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن لە هەر چالاکییەکی نێودەوڵەتیی ڕەوتی تاڵەبانی تاوەکو کار گەیشتە ئەو بڕوایەی ئیتر بوارێکیان بۆ مانەوە لەژێر چەترێکی چارەنوسسازی نەتەوەییدا نەمایەوە. لە ١٥ی ئاداری ١٩٦٣ ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی نیشتمانی نەخشەڕێیەکی بۆ "لامەرکەزیکردنی حوکمڕانی" داڕشت. بەگوێرەی ئەم نەخشەیە

---

(1) McDowell D. A Modern History of the Kurds, c. 315–316.

(2) Le Monde, 14.04.1963.

(3) McDowell D. A Modern History of the Kurds, c. 315.

ڕێکارێکـی ئیـداری بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بڵاوکرایەوە. [1]سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد نەچـووە ژێربـاری ئـەو نەخشـەڕێیەوە. هەربۆیـە سـەرەڕای قبوڵنەکردنـی "پلانـی لامەرکـەزی"، هێشـتا بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، گەلاڵـەی پلانـی حکومـەت نەدرایـە دواوە، بەڵکو سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ١٨ی ئـاداری ١٩٦٣ لـە کۆیـەدا، کۆبوونــەوە. لەوێـدا بارزانـی بڕیـاری بەسـتنی کۆنگرەیەکـی سەرتاسـەری دا. ئامانجـی بەشـداربووانی کۆنگـرە سەرتاسـەرییەکەی کـورد، بریتیبـوو لـە تاوتوێکردنـی پلانـی حکومـەت و پەرەپێدانـی داواکارییـە تایبەتەکانـی کـوردەوە. ئەوەبـوو لـە کۆنگرەکـەدا نوێنەرانـی سـەرجەم ناوچەکانـی کوردسـتان بەشـدارییان کـرد. لـەم کاتـەدا، فوئـاد عـارف وەک وەزیـری دەوڵـەت بانگهێشـتی کۆنگرەکـەی پارتـی کرابـوو. ناوبـراو نوێنەرایەتـی دەوڵەتـی دەکـرد. ئـەم کۆنگرەیـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی پێشـنیارەکانی حکومـەت و نواندنـی دوا هەڵوێسـتی سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد بـوو. ئەوەبـوو گفتوگۆکانـی کۆنگرەکـە گەیشـتنە ئاکامێـک کـە دواجـار بارزانـی ڕایگەیانـد، هـەر فۆڕمێکـی تـری چارەسـەریی، بێ لـە بەدیهێنانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی دەدەنـە دواوە. بارزانـی پێـی وابـوو ئۆتۆنۆمـی تاکـە ڕێگایـە بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد. هەروەهـا ئـەوەی دوپاتکـردەوە کـە گەیشتن بـە داواکارییـە ڕەواکانـی کـورد، تەنیـا لەسـەر بنەمـای دیموکراسـییەکی یەکگرتـوو و سەرتاسـەری دەبێـت بـۆ هەمـوو گەلانـی عێـراق. دواجـار دوایـن ڕاسـپاردە و بڕیارەکانـی بارزانـی لـەم کۆنگرەیـەدا بریتـی بـوون لـە:

- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و گەڕاندنەوەی ئاشتی و هاوسەنگی بۆ گەلانی عێراق.
- پێویسـتە کۆتایـی بـە سـەردەمی پیلانگێـڕی و کودەتـا سـەربازییەکان بهێنرێـت، چونکـە کەلتـوری کۆدەتـاکان، نـەک کێشـەکان چارەسـەر ناکـەن، بەڵکـو ڕێگـرن لـە گەشەسـەندنی ژێرخانـی ئابـوری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـی وڵاتـدا.
- هیچکاتێـک دوژمنایەتـی نەتـەوەی عەرەبـی برامـان ناکەیـن و هیـچ نیازێکیشـمان بـە پۆسـت و پێگـەی بـەرزی بەڕێوەبـردن نییـە، بەڵکـو دەمانـەوێ لەسـایەی سیسـتەمێکی دیموکراسـیدا، بەبـێ جیـاوازی ئیتنـی ئاینـدەی نەتەوەکەمـان دیـاری بکەیـن.

(1) 10. Полный текст "плана децентрализации" СМ.: Adamson D. The Kurdish War.N.-Y., 1964, c. 208–211.

لـە کۆتایـدا بارزانـی ڕایگەیانـد:" ڕێگـە بەخـۆم دەدەم، ئامـۆژگاری سـەرکردەکانی ئێسـتای عێـراق بکـەم بـەوەی، ئەگـەر دەتانەوێـت لـە متمانـەی خەڵکیـدا بەهرەمەنـد بـن، دەبێـت لێبوردنێکـی گشـتی ڕابگەیەنـن، بەشـێوەیەک ڕێگـە بـە هەمـوو لایەنـەکان بـدەن تاوەکـو بـە ئازادییـەوە چالاکییەکانیـان بکـەن. هـاوکات پێویسـتە هەرچـی زووتـرە هەڵبژاردنـی ئـازاد ئەنجـام بـدەن و حکومەتێـک پێکبهێنـن کـە تێیـدا هەمـوو ڕەوتـە سیاسـییەکان و هەمـوو کەمینـە نەتەوەیـی و ئایینییـەکان نوێنەرایەتیـان هەبێـت."[1] ئـەم هەڵوێسـتە چارەنووسسـاز و بەهێـزەی مسـتەفا بارزانـی لەکاتێکـی زۆر پێویسـتدا بـوو. لەکاتێکـدا بـوو کـە ڕژێمـی بەعـس، لـە دوای کۆدەتـای ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ دەسـەڵاتی گرتبـووە دەسـت. هـاوکات شـاراوەش نەبـوو ئـەوان بـۆ یەکەمجـار باسـیان لـە خەباتـی کـورد و مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ نەتـەوەی کـورد کـرد بـوو، دیـارە ڕژێمەکانـی پێـشتر، جوڵانـەوەی نەتەوەیـی کوردیـان، وەک یاخیبـوون و جوداخوازانـی خاکـی عێـراق نـاو دەبـرد. کەوایـە پێویسـتە بڵێیـن بەعسـییەکان نـەک هـەر دانیـان بـە بوونـی پرسـی کـورددا نـا، بەڵکـو دانوسـتانی جدیـان لەگـەڵ سـەرکردایەتی شـۆڕش و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورددا ئەنجـام دا. هەرچەنـدە ڕێگاکانـی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە کارنامـەی بەعسـییەکاندا سـەرکەوتوو نەبـوو، بـەڵام توانیـان گەلـێ دانپێدانانـی گرنگـی مێژوویـی و هەڵوێسـتی مانـاداری مێژوویـی پەیوەسـت بە بوونـی نەتـەوەی کـوردەوە تۆمـار بکـەن. لـەو سـەردەمەدا بەعسـییەکان هێشـتا ئەوەنـدە بەهێـز نەبـوون، بۆیـە ئاسـان نەبـوو بۆیـان تاوەکـو داوا ڕەواکانـی کـورد پشـتگوێ بخـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەڵوێسـتی بەعسـییەکان لەسـەر بوونـی نەتـەوەی کـورد، بـووە مایـە نیگەرانـی بەرفراوانـی هەریـەک لـە تورکیـا و ئێـران، بەشـێوەیەک لەڕێگـەی هەماهەنگـی یەکترییـەوە هەڕەشـەکانیان لەبـارەی مافەتەنەوەییەکانـی کـوردەوە چڕتـر کردنـەوە. ئەوەبـوو پێشـنیاریان کـرد هێزەکانیـان، واتـە هێزەکانـی تورکیـا و ئێـران لـەدژی گروپـە شۆڕشـگێڕەکانی کـورد لـە عێراقـدا بەکاربهێنـن. جگـە لـەوەش لەنـاو ڕیزەکانـی پارتیـدا، هاندانـی ڕەوتـی ئیبراهیـم ئەحمەدیـان دا، تاوەکـو دژایەتـی مـەلا مسـتەفا و ناکۆکـی ڕیزەکانیـان بـرەو پێبـدەن. دواجـار لـە مانگـی پووشـپەڕی سـاڵی

---

(1) Цит. по: Мгои Ш.Х. Проблема национальной автономии курд-ского народа в Иракской Республике, С. 178.

١٩٦٣ دا، جارێکی تر کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە ماوەتدا بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا باڵی ئیبراهیم ئەحمەد سەرکۆنەی هەموو ئەو ئەندامانەیان کرد کە لەژێر هەژموونی بارزانیدا لەگەڵ دانوستان و پرۆسەی ئاشتەوایی بەعسییەکاندا بوون. لەکاتێکدا بارزانی لەلایەن زۆرینەی زۆری کورد و ئەندامانی پارتییەوە پاڵپشتی دەکرا. کۆنگرەکەی ماوەت ئاماژەی زەقبوونەوەی زەمینەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بوو. بۆیە حکومەیش دۆخەکەی بەهەلزانی و لە کۆتایی مانگی نیساندا چالاکییە سەربازییەکانی لە کوردستاندا دەست پێکردەوە. سەرەتا دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی هێزەکانیان لە نزیک شارە سەرەکییەکانی کوردستاندا، بە هەرێمی کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوتیشەوە. هاوکات گەمارۆی ئابوری زیاتریان بەسەر هەرێم نوێکردەوە. جیا لەم دۆخە ناهەموارە، بارزانی بڕیاری دەستبەسەرکردنی ئەندامانی سەر بە ڕەوتی برایم ئەحمەدی دابوو. ئەوەبوو زۆرێک لە ئەندامانی پارتی دەستبەسەر کران. هەروەها ڕۆژی ٢٤ی نیسانی ١٩٦٣ شاندێکی تری پارتی ڕەوانەی بەغداد کرایەوە. ئەم شاندەی پارتی تێکڕای داواکارییەکانی کورد کە پێشتر پێشکەشی حکومەت کرابوون، خستنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. لەم کاتەدا تاڵەبانی، چەند ڕۆژێک لە قاهیرەی پایتەختی کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا مابوویەوە، هەربۆیە دوای کۆبوونەوە و دیداری جەمال ناسری سەرۆکی میسر، نەیتوانیبوو میسر بهێنێتە ژێر باری داواکارییەکانییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی میسر ڕایگەیاندبوو:" دەبێت ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدۆزرێتەوە". دواجار لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٣دا، نازم جەواد، وەک بەرپرسی کاروباری عێراق لە لوبنانەوە ڕایگەیاند بوو:" کورد لە عێراقدا، کەوتوونەتە دژایەتی داواکارییەکانی بارزانی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراقدا". ئەم دەنگۆیانە دیسانەوە بەشێک بوون لە شێواندنی شۆڕش و دروستکردنی درز و ناکۆکی لە ڕیزەکانیاندا، چونکە دەرکەوت بەرپرسان بە مەبەستەوە هەڵوێستی بارزانییان دەشێواند، تاوەکو پاساو بۆ کردەوە سەربازییەکان و پیلانەکانیان دژ بە کورد بهێننەوە. بەمجۆرە ئەم تۆمەت و خەیاڵاتەی غەیانەکانی دژ بەکورد بەردەوام بوون. ئەوان بەردەوام کوردیان

بــە جیاخــواز و هــاوکاری ئیمپریالیــزم و فیۆدالیــزم و زایۆنیــزم تۆمەتبــار دەکــرد.[1] بەتایبەتــی بەعســییەکانیش هەوڵیاندەدا، بارزانــی تۆمەتبــار بکــەن، بــەوەی پەیوەندیــی بــە کۆمۆنیســتەکانەوە هەیــە. بەگشــتی بەعســییەکان وێــڕای خســتنەڕووی پرۆســەیەک بــۆ پێکهاتــن لەگــەڵ کــورددا، وەلــێ کاتــێ قســەکان هاتنەســەر کەرکــووک، ئــەوا بــە هیــچ جۆرێــک نەیانتوانــی دەســبەرداری هیــچ گرێبەســتێکی نەوتــی بن و هەژمــوونــی ئــەو شــارە دەوڵەمەنــدە بخەنــە ژێــر دەســتی کــوردەوە. بۆیــە تــەواوی هەوڵەکانیــان بــۆ ئاشــتەوایی وەک مەرەکەبــی ســەر کاغــەز مانــەوە و جارێکــی تــر نێوانــی شۆڕشــی کــورد و حکومەتــی عێراقــی، لــە شــەڕ و شــۆڕێکی بێئامانــەوە ســەری دەرهێنایــەوە.

(1) Edmonds C.S. The Kurdish War in Iraq. The Constitutional Background.—World today. Vol. 24, 12. L., 1965, c. 515.

## دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری نێوان کورد و سەربازانی عێراق

لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا، جارێکی تر چەکدارانی بەعس، شاری سلێمانییان گەمارۆدا و بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆیان سەپاند و دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی زۆرێک لەوانەی کە هەوادار و دۆستی پارتی بوون. تەنگژە و توندوتیژییەکان لە ئاستێکدا بوون، لە دوای کۆتاییهاتنی قەدەغەی هاتووچۆ، ئینجا خەڵکەکە بە دەیان تەرم و ڕۆفاتی کەسوکارەکانیان لە شەقامەکانەوە هەڵگرتەوە و ناشتنیان. ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی هەمان ساڵ، بەغداد لە بەیاننامەیەکدا، پێشمەرگەی وەک تێکدەر و سەرپێچیکەری یاسا لەقەڵەمدان. ئیتر ئەوەبوو بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکییەکانیان لە عێراقدا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

سوپای عێراق هۆشدارییەکی سەرتاسەری دایە سەرجەم ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لەماوەی سێ ڕۆژدا توانی شکست بە بەرگری و بەرخودانی بەهێزی پێشمەرگە بهێنێت. بەتایبەتی لە قۆڵی ئامێدی، ڕەواندوز و کۆیەوە پێشڕەوییان کرد. لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ شانبەشانی هێرشەکەش ڕاگەیەنراوێکی سەربازییان بەناوی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی نیشتمانییەوە بڵاوکردەوە. لە ڕەگەیەنراوەکەدا باری نائاساییان ڕاگەیاند و سەرجەم ناوچەکانی باکوور کە پارێزگاکانی (موسڵ، سلێمانی، هەولێر و کەرکووک)یان دەگرتەوە، وەک زۆنێکی سەربازی و شانۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ناساندن. هەر لە ڕاگەیانراوەکەدا هۆشدارییان دایە سەرجەم ئەو پێشمەرگانەی لەڕیزەکانی شۆڕشدا بوون، هۆشدارییەکە خواستی بێمەرجی ڕادەستکردنی خۆیان و چەکەکانیان بوو بە نزیکترین بارەگاکانی حکومەت لە ناوچەکانیاندا. تەنانەت سەرنجی ڕاگەیانراوەکە خرابوویە سەر تێکڕای جەنگاوەرەکانی بارزان و تێیدا هاتبوو:"گەر بارزانییەکان کەمتەرخەمی بنوێنن لەوەی دەستبەجێ خۆیان ڕادەست بکەن، ئەوا هەر ئاکامێکی نەخوازراویان ڕووبەڕووبوویەوە، بژاردەیەکە بۆخۆیان دیارییان کردووە."[1]

بەمجۆرە یەک ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاگەیەنراوە هەڕەشەئامێزە، حکومەت ڕایگەیاند، بڕیاریان داوە پاداشتی ١٠٠ هەزار دینار کە ئەوکات یەکسان بوو بە بڕی

(1) Там же.

(٢٥٠ هـەزار دۆلار)ی ئەمەریکـی، پێشـکەش بـە هـەر کەسـێک دەکـەن بتوانێـت خـودی مسـتەفا بارزانـی، بـە مردوویـی بێـت یـان بـە زیندوویـی بگـرن و بیگەیەننـە دەسـت پیاوەکانـی حکومـەت. ئـەم ڕاگەیانـراوەی میریـی، بـەو ناوەڕۆکـە پـڕ لـە هەڕەشـە و پاداشـت و پیلانـەی پێکهاتـەی سـوپایی میرییـەوە، وەک پەیامێکـی ئاگریـن چەنـد جارێـک لـە ڕادیـۆی بەغـدادا پەخشـکرا. جیـا لـەوەش، هەڕەشـە و گوڕەشـەی لەسـێدارەدان و کوشـتنی هەرکەسـێک و هـەر هـۆز و تیرەیـەک دەکـرا، گـەر بزانن بوێـری ئەوەیـان هەبووە بارزانـی و بارزانییەکانیـان داڵـدە داوە. بەمجـۆرە لـە ناوەڕاسـتی مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٣ دا، زیاتـر لـە دوو لەسـەر سـێی سـوپای عێراقـی ڕەوانـەی دێهاتـە سەرسـنوورییەکانی سـنووری ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی کوردسـتان کـران. لەگـەڵ ئـەم خۆتەرخانکردنـەی سـوپای عێـراق، بـەم هەمـوو هێـز و ئۆپەراسـیۆنە زەبەلاحـەی ڕژێمـەوە، هێشـتا نەیانتوانـی بچێنـە نـاو ئـەو ناوچانـەی یەکینەکانـی ژێـر فەرماندەیـی مسـتەفا بارزانـی لەژێـر ڕکێفیانـدا بـوون. تەنانـەت سـوپای ڕزگاریخـوازی کـورد هێرشـی بەرپەرچدانەوەیـان لـەدژی سـەربازانی عێراقیـدا دەسـتپێکرد. هێرشـەکان بەجۆرێـک بـوون کـە بێجگـە لـە ناوەنـدی شـارە گـەورەکان، ئـیتر نزیکـەی هەمـوو باکـووری عێـراق کەوتبـووە ژێـر کۆنترۆڵـی کـوردەوە. تەنانـەت هێـزی پێشـمەرگە هێنـد باڵادەسـت بـوون کـە بۆخۆیـان بەرنامـەی چوونـە نـاو شـارەکانیان نەبـوو، ئەگینـا، لـەم پێشـهاتە نوێیانـەدا، بۆیەکەمجـار هەڕەشـەی چوونـە نـاو شـاری کەرکووکیـان دا بـە گوێـی ڕژێمـی عێراقیـدا. بەتایبەتـی ئـەم هەڕەشـەیان کاتێـک ڕاگەیانـد کـە توانیبوویـان بەشـێک لـە دامـەزراوە نەوتییەکانـی نزیـک کەرکـووک و عەیـن زالـە (هەرێمێکـی موسـڵ) لـە چەنـد چالاکییەکـدا، بخەنـە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیانـەوە. بەچەشـنێک سـەربازانی عێـراق ناچـار ببـوون پاشەکشـە بکـەن بـۆ نێـو ناوەنـدی شـارەکان. هێرشـەکانی ڕژێمـی بەعـس دژ بـە کـورد، لەئاسـتێکی زۆر لاوازدا خۆیـان بینیـەوە. ئەمـەش بـووە هۆکارێـک تاوەکـو ڕژێـم ڕەهەندێکـی نێودەوڵەتـی بداتـە پرسـەکە. بـەو پێیـەی هەندێـک وڵات کـە ئەندامـی ڕێکخـراوی پەیمانـی ناوەنـدی (CENTO) بـوون [1]، لەوانـە

---

(١) ڕێکخـراوی پەیمانـی ناوەنـدی (CENTO) گرووپێکـی سەربازی-سیاسـییە لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، بـە دەسـتپێشـخەری بەریتانیـا و ئەمریـکا لـە سـاڵی ١٩٥٥ تـا ١٩٧٩ دروسـتکراوە؛ ئەندامەکانـی بریتـی بـوون لـە بەریتانیـا، ئێـران، پاکسـتان و تورکیـا. ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ئەندامـی فەرمـی سـێنتۆ نەبـوو، بەڵکـو (لـە سـاڵی ١٩٥٧ەوە) بوویـە ئەندامـی لیژنـە سـەرەکییەکانی ئـەو ڕێکخـراوە.

سـوریا و چەنـد وڵاتێکـی تـر، هەروەهـا ئەمریـکا و بەریتانیـا ئـاگاداری مەترسـییەکانی کـورد لەسـەر بەرژەوەنییەکانیـان کرانـەوە. بۆیـە ئەوانیـش لـە شـەڕە نابەرابەرەکەیانـدا دژ بـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کـورد پاڵپشـتی بەعسـییەکانیان کـرد. دیـارە لـە بنەڕەتـدا ئـەم وڵاتانـە دەیانویسـت فاکتـەری کـورد بـۆ بەهێزکردنـی پێگـەی خۆیـان لـە عێـراق و بەدیهێنانـی بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانیـان بەکاربهێنـن. سـەبارەت بـەم پەلەقـاژێ نێونەتەوەییـەی بەعسـییەکان، بارزانـی بەیاننامەیەکـی بڵاوکردەوە و بـە توندی سـەرکۆنەی ئـەو شـەڕە نابەرابـەرەی دژ بـە هاووڵاتیانـی کوردسـتان کـرد.

هەروەهـا حکومەتـی سـۆڤیەتیش نامەیەکـی ڕەوانـەی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـرد و تێیـدا داوای سـەرکۆنەکردنی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی دەکـرد. داواشـی کردبـوو، بەزوویـی ڕێوشـێوێنی پێویسـت بگرنەبـەر و کۆتایـی بـە شـەڕی کوردسـتان بهێنـن. هـاوکات ئـەی گرۆمیکـۆ، وەزیـری دەرەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت، یاداشـتێکی پەلـەی دایـە هەریـەک لـە باڵیۆزەکانـی عێـراق، تورکیـا، ئێـران و سـوریا و تێیـدا هۆشـداری دابوویـە هەموویـان و دەوڵەتانـی دیکەی بەشـدار لـە ململانێـی حکومەتـی عێـراق لەگـەڵ هاووڵاتیانـی کـوردی وڵاتەکەیـدا.

لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام سـەرکردایەتی بەعـس، بـە بڵاوکردنـەوەی زانیـاری ناڕاسـت لـە سـەر سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگە بەسـەر سـەربازانی عێراقیـدا، هەوڵـی شـاردنەوەی شکسـتەکان و پینـەی تێکشـکانی ورەی سـوپاکەی دەکـرد. لـە دەنگـۆی میدیاکانـی بەعسـدا، وەهـا وێناکرابـوو کـە گوایـە بارزانـی بـەرەو سـنووری عێـراق و ئێـران هەڵاتـووە. لەبەرانبـەر ئـەم دەنگۆیانـەدا، دروسـت لـە ١٦ی ئابـی ١٩٦٣دا، نوێنەرایەتـی شۆڕشـی کـورد لـە بەیـروت، هەمـوو ئـەو چەواشـەکارییانەی ڕژێمیـان دایـە دواوە و ڕاسـتی و دروسـتی بەرخودانـی کـوردی بەگوێـی تـەواوی ڕاگەیاندنەکانـی دنیـا دا. بەمجـۆرە سـوپای عێـراق نەیتوانـی دۆخەکـە بەقازانجـی بەرژەوەندییەکانـی بگۆڕێـت. ئەمـەش سەریکێشـا بـۆ بیرکردنـەوە لـە تۆڵەیەکـی سەرتاسـەریی دژ بـە شۆڕشـی کوردسـتان. ئەوەبـوو لەگەڕێکـی تـردا، شـەڕی تونـد لـە کوردسـتان تاوەکـو مانگـی نۆڤەمبـەری سـاڵی ١٩٦٣ درێـژەی کێشـا. دروسـت لـەم ئانوسـاتەدا بۆجارێکـی تـر، ڕژێمـی بەعـس لـە کوردسـتاندا دوچـاری داڕووخانـی ورە و شکسـتێکی سـەربازی گەورەتـر بوویـەوە. لەبەرانبـەردا سـوپای ڕزگاریخـوازی کـورد، لـە بەرخـودان بـەردەوام

بوو و درێژەی بە داکۆکی لە هەڵوێستە نەلەخشاوەکانی خۆی کردەوە. ئەمەش بووە بایسی وەستاندنی وێری ناوەندگەرایی بەعسییەکان لە تەواوی عێراقدا. لە بنەڕەتدا ئەم ئەزموونە لەسەر ئاستی دنیادا، بوویە مۆرکێکی گەلێ دژوار و ڕەنگدانەوەی بەسەر تەواوی چارەنووسی ڕژیمی عێراقییەوە دانا. هەر لەو گۆشەنیگایەوە لە کۆتاییەکانی ئۆکتۆبەر و سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا، دارمانی مسۆگەری ڕژێمی بەعس، بوویە ڕۆژەڤی ڕەوتە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق. ئەوەبوو ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی سەختی سەرکردایەتی بەعس، عەبدولسەلام عارف بە هاوکاری براکەی ژەنەڕاڵ عەبدولڕەحمان عارف و ئەفسەرانی دیکەی دڵسۆز و بە ئەمەکی ناسرییەکان، توانیان لەچوارچێوەی کودەتایەکی سەربازیدا بەعسییەکان لە فەرمانڕەوایەتی دووربخەنەوە. لە ئاکامی کۆدەتاکەدا، عەبدوسەلام عارف بوویە سەرۆک کۆماری عێراق و ئەنجوومەنێکی نوێیان بەناوی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشگێڕانی نیشتمانی دامەزراند. دواتر عێراقی نوێ، حکومەتێکی بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیای هاوڕێی عارف پێکهێنا. ئەوەبوو لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دا حکومەتە نوێی عێراق، بەرنامەیەکی تایبەتی بە لەپێشچاوگرتنی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دارشت. ئەمە لەکاتێکدا بوو لەکاردانەوەی ئەم حکومەتە نوێیەشدا بەتەنیا یەک وشەش لەبارەی کوردەوە نەگوترا، بەڵام پەیوەست بە پرسی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیادا، دە ڕۆژ دوای کودەتا سەربازییەکە، دروست لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا سەرۆک عەبدوسەلام عارف بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا فەرمانی بە کۆتایهێنان بە یاخیبوونی کورد و ڕادەستکردنەوەی خۆیان و چەکەکانیان دا. ئەوەبوو باڵەفڕە جەنگییەکانی سوپای عێراق، لەڕێگەی بەردانەوەی سەدان بڵاوکراوە بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا، داوایان لە هێزی پێشمەرگە کرد بەزوویی چەکەکانیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە. لە بەرامبەریشدا بەڵێنی پێدانی لێبوردنی گشتیان دابوویە هەرکەسێک کە لەو ماوە دیایکراوەدا خۆی ڕادەستبکات و بگەڕێتەوە ناو ماڵوحاڵی خۆیان. جیا لەم ڕاگەیەنراوەی ڕژێم، هەوڵەکانیشیان بۆ دابەشکردن و پەرتبوونی ڕیزی شۆڕش و تێکۆشەرانی کورد کەوتبوونە ناو پیلانێکی ژێربەژێریی و هەواڵگیرییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی نیازەکانیان

وەک ئـەوەی بەرنامەیـان بـۆ داڕشـتبوو بەرنـە پێشـەوە. ناچـار ڕژێمـی نوێـش، وەک بەعسـییەکان، بـژاردەی درێـژەدان بـە چالاکییـە سـەربازییەکانیان گرتەوەبـەر. لەسـەر ئـەم بنەمایە، هـەر لـە یەکـەم ڕۆژەکانـی شـەڕی چەکدارییانـدا لەگـەڵ کوردسـتاندا، خـودی سـەرۆک عـارف بۆخـۆی سەرپەرشـتی یەکـە سـەربازییەکانی سـوپای لـە بـەرەی کەرکـووک و هەولێـرەوە گرتەئەسـتۆ.

سـەرۆک بڕیـاری دابـوو بەزووتریـن کات دەبێـت ئۆپەراسـیۆنەکانیان لـە هەمبـەر پاککردنـەوەی تێکـڕای ئـەو ناوچانـە لـە یاخیبووانـی کـورد بەدیبهێنـن. ئەوەبـوو لـەم گـەرەی شـەڕی ڕژێـم و کـورددا، سـوپای عێراقییـان وەهـا تێگەیانـد کـە شـەڕی ئەمجارەیـان، شـەڕێکە تەنیـا دژ بـە گروپـی یاخیبـووی بارزانییـە. بـەم پێیـە ڕژێمـی نـوێ کەوتـە ناوزڕانـدن و لێـدان لـە شـۆڕەتی شـۆڕش و هەوڵـدان بـۆ قاژکردنـی قـەدەری ڕزگاریخوازیـی ڕاسـانە کوردییەکـە. لـەم کاتـەدا شۆڕشـی کـورد و پێشـمەرگە، سـەرەڕای شـەڕی خوێناوییـان لەگـەڵ سـەربازانی عێراقـدا، جارێکـی تریـش، بارزانـی و سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان، هـەوڵ و نیـازی خۆیـان بۆ چارەسـەری ئاشـتیانەی کێشـەی کـورد دووپاتکـردەوە. هەربۆیـە لەگـەڵ سـەرکەوتنی عارفـدا، ڕاسـتەوخۆ بارزانـی بەنوێنەرایەتـی و بەنـاوی شۆڕشـی کوردسـتانەوە، پەیامـی نوێـی شۆڕشـیان بـۆ کۆدەچاچیـەکان نـارد. دیـارە سـەرۆککۆمار لـە وەڵامـی پەیامەکـەی بارزانیـدا ڕایگەیانـد بـوو:" ئـەوان لێـرە بـەدواوە کێشـەی کـورد بـە هێـزی سـەربازی چارەسـەر دەکـەن، چونکـە کاتـی پێویسـت بـۆ دیپلۆماسـییەت و نواندنـی سـەبر بەسـەرچووە."(١)

لێرەشـدا دیسـانەوە بەهرەمەنـدی و بڕسـتی مسـتەفا بارزانـی وەک سـەرکردەیەکی سـەربازی و بـە ئەزموونـی کـۆڕی ئاشـتەوایی و ئەزموونـی جەنـگ دەرکەوتـەوە. ئەوەبوو دوای دووپاتکردنـەوە و دەسـتووری کۆدەتاچییـەکان بـۆ بـژاردەی جەنـگ و هێـرش بـۆ کوردسـتان، بارزانـی توانـی تاکتیکێکـی بەهێـز بـۆ بڵاوەپێکردنـی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق بگرێتەبـەر و هێرشـی بەرفـراوان بکاتـە سـەر بەرەکانـی سـوپای عێـراق.

---

(1) Цит. по: Мгои Ш.Х. Проблема курдской автономии курдского народа в Иракской Республике, с. 187.

## هەوڵەکانی بارزانی و چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییەکان

بارزانی لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا، چەند سەرۆکهۆزێکی کوردی ڕاسپارد، تاوەکو بەنوێنەرایەتی هەموویان بچنە بەغداد. بارزانی هەمووانی وەها ڕاسپارد بوو، تاوەکو دڵسۆزی خۆیان بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان و کۆتاییهێنان بە ململانێکان دەرببڕن و بتوانن دەسەڵاتدارانی عێراقی دەماری توڕەییان بە پێشنیاری هەڵدانەوەی پەڕەیەکی نوێ هێور بکەنەوە. هەڵبەتە ئەم پێشنیارە لەکاتێکدا بوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی حکومەتی ئەوکات لەوپەڕی بێمتمانەییدا بوونی جوڵانەوە کوردییەکەی وێنا دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هەوڵێکی حکومەت نەیتوانی بوو ڕێگە لە بەرفراوانبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بگرێت. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی بارزانی نیازی بوو بەم دەسپێشخەرییە، گۆمی مەنگی ململانێکانی نێوانیان بشڵەقێنێت و بیرکردنەوەیەکی نوێ و نەریتێکی نوێی چارەسەریی بهێنێتە ئاراوە. هەڵبەتە لە ڕەوشەکەدا هۆکارە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ڕەنگدانەوەیان بەسەر هەر هەوڵێکی چارەسەریی و هەر پرۆسەیەکی ئاشتیانەی نێوان کورد و ناوەندەوە هەبوو. لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ١٩٦٤، کۆنفرانسی پارتی، بە ئامانجی پەرەپێدانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش، پەیوەست بە پرسی کورد بەسترا. لەم کۆنفرانسەدا وێڕای چەندین بڕیاری گرنگ، سەرکردەکانی شۆڕش ڕاسپێردران، تاوەکو بۆ جارێکی تر دەسپێشخەری و پێشنیاری دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەنددا بخەنەوەگەڕ. ئەوەبوو لە ئاکامی ئەم دەسپێشخەرییەدا، لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ دا، ڕێککەوتننامەیەکی نوێ لەبارەی کۆتاییهێنان بە شەڕی چەکداریی لە کوردستان و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی کورد و ناوەند واژۆ کرا. ئەم ڕێککەوتنە لەکاتێکدا بوو کە تاڕادەیەک بەرژەوەندییەکانی حکوومەت لەپێشچاوگیرابوون، هەروەکچۆن ڕەچاوی ڕاسپاردەکانی بارزانیشی تێدا کرابوو. هەربۆیە دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، وتارێکی مێژوویی مستەفا بارزانی بڵاوکرایەوە. لەناوەڕۆکی وتارەکەدا هاتبوو: "برا ئازیزەکانم! ئێمە وەک بەدەمەوەچوونی بانگەوازی سەرۆککۆمار، بۆ دەستەبەرکردنی یەکڕیزی عێراق و کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتییەکان، بڕیارمانداوە شەڕ ڕابگرین و بگەڕێینەوە سەرمێزی گفتوگۆ و ڕێگەچارەی کاری ئاشتیانە. لێرەوە ڕێگە بە دەسەڵاتە نیشتمانییەکان دەدەین لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئارام و

دەستەبەرکردنی دەرفەتی نوێ بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد لەناو عێراقدا زەمینەسازی و ئاسانکاریی بکەن ".[١] یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی دوای ئەم ئاگربەستە لە کوردستاندا، بریتی بوو لە پەسەندکردنی دەستووری کاتی عێراقی. ئەم دەستوورە کاتییە لە ٤ی ئایاری ١٩٦٤دا واژۆ کرا. لە ناو بڕگەکانی دەستوورەکەدا، هیچ ماددە و بڕگەیەکی ڕوونوڕەوانی پەیوەست بە مافە نەتەوەییەکانی کوردی بوونی نەبوو. لەکاتێکدا لەناوخۆی پارتیدا، ململانێی نێوان بارزانی و تاقمی برایم ئەحمەد، لەسەر کۆمەڵێک بابەتی بنچینەیی زیاتر تەنرابوویەوە. تاقمی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی بەردەوام ڕەخنەیان لە هەڵوێستەکانی بارزانی هەبوو. بەتایبەتی سەبارەت بە ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی نێوان کورد و بەغداد، وەها جەختیان دەکردەوە کە ڕێککەوتنەکە تەنیا ئاگربەستێکە و هیچی تر. ئەوان دەیانوت شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ئۆتۆنۆمی و مافەکانی گەلی کوردستانەوە نەهاتووەتە پێشەوە. هەڵبەتە ئەوان دەیانزانی بارزانی بەو سانایییە نایەتە ژێرباری ئاگربەستێکەوە. بۆیە گومانیان بۆ ئەوە دەچوو کە گوایە ڕێککەوتنەکە بڕگەگەلێکی نهێنیان تێدایە. لەکاتێکدا، هەم حکومەت و هەم بارزانیش، هیچ شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی ئەوتۆیان لەسەر ئاگربەست و ڕێککەوتنەکەی نێوانیان نەوروژاندبوو، بەڵکو هەردوولا پێیان وابوو، خاڵەکان، هەمان ئەو خاڵانەن کە لەسەری ڕێککەوتوون، ڕێک ئەوانەن کە ڕاگەیەنراون. هەربۆیە لەسەر ئەم بنەمایە، تاقمی برایم ئەحمەد لەناو پارتیدا، بارزانییان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کەوا لەگەڵ حکومەتدا ڕازێکیان لەنێواندا هەیە. لێرەوە تاقمی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی هەستان بە دانەدواوەی ڕۆڵی ڕابەرایەتی بارزانی. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لە خەباتی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی نەتەوەییدا نابێ بارزانی نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بکات. لێرەوە ناکۆکییەکان تاڕادەیەکی توندتر هاتنەپێشەوە و هەڕەشەی دابڕان و جیابوونەوەیان ڕاگەیاند. هەرچەند ڕۆڵی ئەم پێڕە لەناو پارتیدا بەوجۆرە نەبوو کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەرێنی لەسەر خەباتی کورددا بەجێبهێڵێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێیان وابوو بەشێک لە تۆمەتەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناو پارتی بۆ سەر بارزانی و لایەنگرانی، تۆمەتی بابەتیانە بوون. بۆنموونە لەبابەتی هەڵوێستی بارزانیدا سەبارەت بە قەدەغەکردنی لایەنە سیاسییەکان لە عێراقدا، یاخۆ لە بڕیاری

(1) Там же, С. 215.

گواستنەوەی هەندێک ناوچەی ئازادکراوی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و چەند بابەتێکی تردا پێیان وابوو بارزانی نەیپێکاوە، وەلێ حسابی بۆچوونی هیچکام لەوانی دی نەدەکرد. کەواتە لەسەر کۆی ئەو پرسانە، بارزانی لەڕادەبەدەر خۆی لەگەڵ ڕژێمی عارفدا سازاندبوو، بەبێ ئەوەی ئەو تاقمەی مەکتەبی سیاسی، لە ناوەرۆکی لێکتێگەیشتنەکانی نێوانیان تێگەیشتبن. لەڕاستیدا بابەتەکان بەو ڕووکەشگەراییە نەبوون کە تاقمی مەکتەبی سیاسی پارتی لێیان دەڕوانین، چون ئەوان دواتر بۆیان دەرکەوت ڕازیبوونی بارزانی لە هاوکێشەکەدا، هونەرێکی تاکتیکییانە بووە، چونکە خواستی بارزانی بۆ بە دیهێنانی پێشکەوتن لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ حکومەتدا، بریتی بوو لەوەی پێویستان بەوە بووە، لەسەرەتادا پێش ئەوەی بچنە قوڵایی پرسە چارەنوسسازەکانەوە، جارێک متمانە لەنێوانیاندا دروست بکەنەوە. ئەگینا نەدەبوو ئەوان هێند سادە بیربکەنەوە کە بۆچی بارزانی ئاگربەستی کردووە، بەبێ ئەوەی باسێک لەسەر ئۆتۆنۆمی هاتبێتە ئاراوە. ئەوەبوو دواتر بۆ هەموویان ڕوونبوویەوە کەوا بارزانی حیکمەتی سیاسی نیشان دا و ڕێوشوێنی وزەبەخش و کاریگەرانەی بۆ گەڕاندنەوەی یەکڕیزی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان گرتەبەر. کاتێک پرۆسەی دانوستانەکان کەوتنە بواری قوڵی قسەکردن لەسەر پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد. بارزانی بۆخۆی هەموو ئەوانەی کە نەیاری خۆیشی بوون لەناوپارتیدا، هێنابوونە ناو گفتوگۆکانەوە لەگەڵ حکومەتدا. لێرەوە بۆ هەموان ڕۆشنبوویەوە کە بارزانی هەموو ڕازونیازێکی بێجگە لەڕەخساندنی زەمینەیەکی بابەتی بۆ بەرەوپێشچوونی پرسە نەتەوەییەکە هیچی دیکە نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا دانوستانەکان هیچ ئاکامێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەو پێیەی شاندی حکومەت ئامادە نەبوون بەرنامەیەکی گرنگ پێشنیاز بکەن، بەرنامەیەک کە پرسی نەتەوەی کورد لە عێراقدا بخاتە چوارچێوەیەکی چارەسەرییەوە. هەڵبەتە ئەوان نەخشەی بژاردەیەکی نوێیان دارشت. لەو بژاردەیەدا، جەختیان لەسەر پێشنیارێکی پێشووتری بەعسییەکان کردبوویەوە، لەو پێشنیارەدا بڕیاریان دا تیشکبخرێتە سەر پێناسەی ئۆتۆنۆمی ئیداری بۆ کوردستان. لەو ئۆتۆنۆمییە ئیدارییەدا دەکرا کۆنترۆڵی کورد بەسەر گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانەوە مسۆگەر ببوایە. بۆیە گفتوگۆی گەرموگوڕ لەمەڕ پێشنیارەکە تا ئەو شوێنە بەردەوام بوو کە ناکۆکی نێوان لایەنەکانی قووڵتر بکاتەوە.

هەڵبەتـە دانوسـتانەکان هـەر کۆتاییـان پێنەهـات، بەڵکـو لە ڕانیەشـدا دیسـانەوە بـەردەوام بـوون. لـە دانوسـتانی نێـوان شـۆڕش و ناوەنـدا، بارزانـی پرسـی هەڵوەشـاندنەوەی یەکە بەکرێگیراوەکانـی کـورد و پرسـی هەموارکردنـەوەی ماددەکانـی دەسـتووری کاتـی عێراقـی تایبـەت بـە کـورد وروژانـد. دواجـار شـاندی کـوردی توانیـان هەندێـک بەرەوپێشـچوون لـە کۆبوونەوەکانـدا بهێننـە ئـاراوە. ئـەو بەرەوپێشـچوونانە تایبـەت بـوون بـە زەمینەسـازی بـۆ مافـی ئۆتۆنۆمـی و چەسـپاندنی بوونـی نەتەوەیـی کـورد و مافـی یەکسـانی ژیانیـان لەگـەڵ نەتـەوەی عەرەبـدا.[1] ئـەم هەلومەرجـە لەکاتێکـدا بـوو کـە ناکۆکـی نێـوان بارزانـی و بـەرەی نـاڕازی ئیبراهیـم و جـەلال بـەردەوام بـوو. ئـەودەم تاڵەبانییـەکان کۆنترۆڵـی دارایـی و چاپەمەنـی و ڕاگەیانـدن و ڕادیـۆی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیان کردبـوو. بەشـێوەیەک لـە سـەرەتای مانگـی تەمـووزی ١٩٦٤دا بارازنییـان خسـتبووە ژێـر فشـارێکی وەهـاوە، وەختبـوو بـەڕەی بەرخودانـە نەتەوەییەکـە لەژێـر پێیانـی پێشـمەرگەکانی بارزانیـدا دەربهێنـن. هەربۆیـە مـەلا مسـتەفا، بڕیـاری بەسـتنی کۆنگـرەی شەشـەمی پارتـی دا. ڕێوشـوێنی کۆنگرەکـە لـە قەڵادزێـوە بانگەشـەی بۆکـرا و زۆرێـک لـە کەسـایەتی و کارەکتـەرە سیاسـییەکان بانگهێشـت کـران. بارزانـی لەگـەڵ کردنـەوەی کارەکانـی کۆنگـرەدا، ڕایگەیانـد:" ئامانـج لـەم کۆنگرەیـەدا، گەڕاندنـەوەی یەکڕیـزی و یەکگرتوویـی ڕیزەکانـی ناوخـۆی پارتیمانـە". لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەندامانـی کۆنگـرە کەوتنـە ناو گفتوگـۆ و بگرەوبەردەیەکی گەلێ دژوارەوە، بەشـێوەیەک کەشـوهەوای کۆنگرەکـە ئێجـگار ئاڵـۆز دەبـینرا. دواجـار بارزانـی بەنـاوی ئەنجوومەنـی شۆڕشـی کوردسـتانەوە داوای لـە ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی و تێکـڕای لایەنگرانیـان کرد کـە پێویسـتە ملکەچـی بڕیارەکانـی کۆنگـرە بـن و نەبنـە بایسـی لێکترازانـی ڕیزەکانـی نـاو پارتـی و شۆڕشـی کوردسـتان، بـەڵام ئـەوان هـەرزوو نەچوونـە ژێربـاری بڕیارەکانـی کۆنگـرەوە و داواکارییەکانیـان دایـە دواوە. هەربۆیـە بارزانـی بڕیـاری یەکلاکـەرەوەی دایـە خۆیـان و سـەرجەم ئەوانـەی لەگەڵیانـدا بـوون. بەمـەش کرانـە دەرەوەی ڕیزەکانـی پارتـی و شۆڕشـی کوردسـتانەوە. دوای تێپەڕبوونـی چەنـد ڕۆژێـک، دەسـتەیەک لە پێشـمەرگەکان، بەزەبـری هێـز، هەریـەک لـە برایـم ئەحمـەد و تاڵەبانـی و هەمـوو هێـزە چەکدارەکانیـان کـە نزیکـەی چـوار هـەزار کـەس دەبـوون، تێکڕایـان لەسـنوورەکانی ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی

(1) Там же, С. 222–225.

شۆڕشـدا، ڕووە و سـنوورەکانی خاکـی ئێـران دەربـاز بـوون. لەڕاسـتیدا لـە ڕاسـپاردە و بڕیارەکانـی کۆنگـرەی پارتـی لـە قەڵادزێـدا، جارێکـی تـر جەخـت لەسـەر مافـی ڕەوای ئۆتۆنۆمـی کرایـەوە و ئـەم پەیامـەش ئاڕاسـتەی ڕایگشـتی و حکوومەتـی عێراقـی کرایـەوە. هـاوکات ڕایانگەیانـد؛ وابەسـتەکردنی پرسـی ئۆتۆنۆمـی کـورد بـە گەڕانـەوە بـۆ ئیدارەیەکـی مەدەنـی دەدەنـە دواوە. دوای جیابوونـەوەی بـەرەی بەرهەڵسـتکاری نـاو پارتـی، جارێکـی تـر مسـتەفا بارزانـی ڕیزەکانـی پارتی ڕێکخسـتەوە و هەوڵی بەهێزکـردن و کاریگەرییەکانی پارتەکـەی لـە ژیانـی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتاندا خسـتە بەرنامـەی ئاینـدەی کارەکانیانـەوە. هـاوکات بارزانـی بـە پێویسـتی دەزانـی بـە هەمـوو هێـز و هەرەکـەت و چینوتوێـژە جیاوازەکانـی حزبەکەیـەوە، نەخشـەڕێی ڕیفۆرمـی ئیداری-ئابـووری ئاوایـی و شاروشـارۆچکەکانی ژێـر ڕکێفـی شـۆڕش بخەنـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بڕیـاردرا کۆنفرانسـێکی نوێنەرایەتـی نـوێ گرێبـدەن. ئەوەبـوو بەزوویـی لـە ڕۆژانـی ٩ تاوەکـو ١٧ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٤ کۆنفرانسـی گـەل بـەسترا. ئـەم کۆنفرانسـە هەنگاوێکـی کردەیـی و کرانـەوەی پارتـی بـوو بـەڕووی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری خەڵکـی کوردسـتاندا. لەکۆنفرانسـەکەدا پێشـنیاری پێکهێنانـی سـێ ئەنجومەنـی تایبەتمەنـد بـۆ بەڕێکردنـی کاروبـاری خەڵکـی پەسـەندکران. ئەنجومەنـەکان بریتـی بـوون لـە: ئەنجومەنـی ڕیشسـپیان بـە سـەرۆکایەتی شـێخ لەتیفـی شـێخ مەحمـود، ئەنجومەنـی ڕاوێـژکاری بـە سـەرۆکایەتی مامەنـد ئاغـای عەبـاس ئاغـا، لەگـەڵ ئەنجومەنێکـی جێبەجێکردنـدا پەیوەسـت بـە کاروبـاری شـۆڕش و پێشـمەرگە. تـەواوی خاکـی ژێـر کۆنترۆڵـی گـەریلاکان بەسـەر چـوار لیـوا (پارێـزگا)دا دابەشـکرا کـە لـە بەرامبـەردا بەسـەر (قـەزا) و ناحیـە (شـارۆچکە)دا دابەشـکران. ئیـدارەی مەدەنـی هەمـوو یەکـەکان، لـە گونـدەوە تـا لیـوا، پەیوەسـت کرابـوون بـە کاری لیژنەکانـی کارگێـڕی شارسـتانییەوە. ئیتر لە سەرجەم یەکە ئیدارییەکانەوە ڕاپۆرتەکان بەرزدەکرانەوە بۆ دەستە کارگێڕییەکان.

شـایانی باسـە گرنگتریـن ئەرکـی لیژنـەکان، بریتـی بـوو لـە کۆکردنـەوەی باجـەکان. بۆنموونـە ئـەوەی پەیوەسـت بـوو بـە بەرهەمـی دەغڵودانـەوە، تێیـدا ٥٪ بـۆ بەرهەمـی هـەر دروێنەیـەک دیـاری کرابـوو. یەکێکـی تـر لـە گرنگتریـن کارەکان، پێکهێنانی سیسـتەمی دادگا مەدەنییـەکان بـوو. ئەوانیـش ڕاپۆرتەکانیـان بـۆ مەکتەبـی دادوەری بەرزدەکـردەوە. دواجـار لەکـۆی هەمـوو ئـەم ئەزموونـی ئیدارەدانـەدا، دەسـتورێکی پەیوەسـت بـە

ناوچەڕزگارکراوەکانــی لــێ هاتــە ئــاراوە. دەســتورێک و لــە هەمــان کاتــدا زەمینەســازی نەزمێکــی دەوڵەتداریــی بــۆ کوردســتان و کــۆدی کارکردنــی کولتــورە کۆمەڵایەتییەکــە بــوو کــە لەســەر بنەمــای هەندێــک یاســای عێراقــی هاتبــووە ئــاراوە. بەمجــۆرە سیستەمێکی حوکمڕانــی، پشتبەســتوو بــە ڕەشنوســی یاسایەک، دەســەڵاتی شۆڕشــی کــورد و ئەرکەکانــی دەوڵەتــی عێراقــی لــە کوردســتانی عێراقــدا دارِشــت. لێــرەوە ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شۆڕشــی کوردســتان، بوویــە چەترێکــی چارەنوسسازی هەمــوو چینوتوێژەکان و دەســەڵاتەکانی ڕەوایەتییــان لەنــاو خەڵکیــدا پێدرا. بــەو پێیــەی نوێنەرایەتــی بەرژەوەندییەکانــی گەلــی کــوردی دەکــرد و لــە کاتــی شەڕەکانیشــدا ئەرکەکانــی خــۆی جێبەجێدەکــرد. ئــەم ئەزموونــە هەنگاوێکــی کردەیــی و بنەڕەتــی بــوو، بەگوێــرەی دۆخەکــە تــا ئــەو کاتــەی داواکارییــە بنەڕەتییەکانــی گەلــی کــورد و مافــی چــارەی خۆنووســین لــە چوارچێــوەی کۆمــاری دیموکراتــی عێراقــدا بەدیدەهــات، هەنگاوێکــی واقیعــی و ڕەنگدانــەوەی ڕۆژەڤــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی ئــەو قۆناغــەی شــۆڕش بــوو. بەمجــۆرە ئیــدارەی نــوێ دەســتی کــرد بــە پەیڕەوکردنــی سیاســەتێکی کۆمەڵایەتــی چــالاک. تەنانــەت دەســتی بــرد بــۆ ئــەو زەویــی و موڵکانــەی خاوەندارێتیــان لــە دەوڵەتــەوە ســەرچاوەی گرتبــوو. هەروەهــا هــەر موڵــک وماڵێکیــش کــە خاوەندارێتیــان دەگەڕایــەوە بــۆ نەیارانــی شۆڕشــەکە، ئــەوا بــە بەرنامەیــەک بەســەر کەســانی شــیاودا دابــەش دەکــران. جیالــەوەش ســەدان ناوەنــدی تایبــەت بــە هەڵمەتــی خوێنــدەواری کرانــەوە. وەک ئاســانکارییەکیش بــۆ ژیانــی هەمــوو ئەوانــەی هــەژار و نــەدار و کرێنشــین بــوون، بەیاســایەک بەرگریــی لــە مافەکانیــان ڕێکخــرا و هیــچ هاووڵاتییــەک لەبــەر هەڵنەســووڕانی کرێــی مانگانــەی کــەس بــۆی نەبــوو لــە مــاڵ و حاڵــی خۆیانــدا بیانکاتــە دەرێ. شانبەشــانی چاکســازییە ئیدارییــەکان، پێشــنیاری پێکهێنانــی ســوپایەک لــە کوردســتاندا گەڵاڵە کرابوو. ئــەودەم هێــزی پێشــمەرگەی بارزانــی، وەک چــۆن تاوەکــو ســاڵی ١٩٦٤ شــێوەیەکی دیاریکــراوی خــۆی وەرگرتبــوو، بەجۆرێــک لــە ٣٥ هــەزار پیــاوی جەنــگاوەر پێکهاتبــوون. لــەو ڕێژەیــەدا ١٣ هــەزار و ٤٠٠ کەســیان پێشــمەرگەی پیشــەیی بــوون، هەرچــی ئەوانــی دیکــە بــوو، زیاتــر هێزێکــی دڵســۆز و سەوداســەری کوردایەتــی بــوون و لــە ئەگــەری پێشــهاتی هــەر مەترســییەک بۆســەر ناوچەکــە ســاز و ئامادەبــوون. هێــزی پێشــمەرگە لــەڕووی پێکهاتــەوە وەکــو ســوپایەک، بەســەر ١٠ فیرقــەدا دابــەش ببــوون. لەنــاو هەموویانــدا کەتیبەیەکــی

جیـاواز و تایبەت هەبـوون کـە تەنیـا  لـە ٦٠٠ پیـاو پێکهاتبـوون، ئەوانـە وەک هێـزی پاسـەوانی و وەردیانـی خـودی بارزانـی و هەمـوو هەڤاڵـە دێرینەکانـی دەناسران. هەروەهـا بارزانـی٧٠ ئەفسـەری کـوردی پیشـەیی و پرۆفیشـناڵی پێشـووتری نـاو سـوپای عێراقـی ڕێکخسـتبوون. بەگشـتی هێـزی  پێشـمەرگە بـە چەندیـن چەکـی دەمانچـەی شـاخاوی و ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە تۆپخانـەی دژە فڕۆکـە، لـە چەنـد شـوێنێکی تایبـەت و پارێـزراوی ناوچـە شـاخاوییەکان حەشـارگەی چەکەکانیـان ڕێکخسـتبوون. سـەبارەت بـە پێگەیاندنـی پێشـەرگەی پیشـەیی،  ئەکادیمیایەکـی سـەربازی دروسـتکرا کـە تێیـدا ئەفسـەرانی پیشـەیی وانەیـان دەگوتـەوە.ل ە یەکەکانـدا خولـی ڕاهێنانـی تۆپخانـە و شـێوازی بەکارهێنانی چەکە مۆدێرنـەکان فێردەکـران. سـەبارەت بـە ڕایەڵـە و پێوەنـدی نێـوان هێـزی پێشـمەرگەش، لەلایـەن دوو وێسـتگەی ڕادیۆیـی مەیدانییـەوە، پەیوەسـت بـە ژمارەیەکـی زۆر بنکـەی پەیوەندییـەوە ڕێکدەخـران. هـەر ئەفسـەر و ڕاهێنـەر و سـەربازێکیش موچـەی تایبەتـی خۆیـان هەبـوو. هەروەهـا دامەزراوەیەکـی کۆمیسـاری سیاسـی هەبـوو کـە ئەرکـی بریتـی بـوو لـە ئەنجامـدان و نووسـینی وتـار و گفتوگۆیـان لەگـەڵ حیـزب و هێـزە سیاسییەکاندا. هەڵبەتـە لـە نەزمـی بەڕێوەبردنـی ناوچەکـە و هێزەکانـی پێشـمەرگەدا، بـۆ هـەر سـەرپێچی و تاوانکارییـەک سـزای دیاریکـرا و هەبـوو. سـزای دیسـپلینی بریتیبـوو لـە زیندانیکـردن یـان لێسـەندنەوەی مۆڵـەت، بـەڵام توندتریـن سـزا بـۆ پێشـمەرگە، بریتـی بـوو لـە زەوتکردنـی مافـی هەڵگرتنـی چـەک. سـەبارەت بـە پۆشـاکی پێشـمەرگایەتی، تـا ئـەوکات پێشـمەرگە هیـچ یەکپۆشـییەکیان نەبـوو، بەڵکـو جلوبەرگـی نەریتـی و کلاسـیکی کوردییـان دەپۆشـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەوڵیـان دەدا شـێوە و شوناسـێکی جەنگاوەرانـە لـە سـیمایاندا نیشـان بـدەن. بەتایبەتـی جۆرەکانـی کوڵەباڵـی فـەرودار، چاکەتـی سـەربازی و هەندێـک هـێمای سەرشـان کـە تایبـەت بـوو بـە پێشـمەرگە. هەمـوو ئـەم ڕێوشـوێنانە لە ئۆرگانـی خۆبەڕێوەبـەری کوردسـتاندا، هەنگاوێـک بـوون بـۆ گۆڕینـی حوکمڕانـی بـۆ فەرمانڕەوایەتییەکـی کوردی لـە ناوچەکـەدا. ئـەم ڕێکخسـتنە ئیدارییانـە، ئامـاژەی ئامادەبـوون و بەردەوامـی بەرخـودان و بەرگریـی بـوون. لەبەرانبـەردا پێوەندییەکانـی بارزانـی لەگـەڵ ناوەنـدا، زیاتـر بـەرەو گـرژی و گۆڕانکارییەکـی گەلـێ نەرێنی ڕۆیشـتبوون. هەربۆیـە دەسـتپێکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی چەکـداری نـوێ، لـە ئانوسـاتدا بـوو.

## دەستپێکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە کوردستان

بارزانـی لـە ١٢ی ئـاداری ١٩٦٥وە، بـە نامەیەکـی تایبـەت کـە ئاڕاسـتەی حکومەتـی کـرد بـوو، داوای چارەسـەرێکی ڕیشـەیی و ئاشـتیانەی بـۆ پرسـی کـورد دووپاتکردبوویـەوە. وەلـێ حکومەتـی عـارف هـەر پێداگری لەسـەر جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـی ١٠ی شـوبات دەکـردەوە. بۆیـە هیـچ ئـارەزووی لـەوە نەبـوو داواکارییەکانـی بارزانـی بـە هەنـد وەربگرێـت. شانبەشـانی بارزانـی، بەشـێک لـە حکومەتـی عێـراق، لەوانـە چەنـد وەزیرێکی عێراقـی، دژایەتـی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و پێکدادانەکانیـان دەکـرد. هەربۆیـە بەبڕیـاری عـارف، تێکڕایـان لـە پۆسـتەکانیان و لـە کاروبـاری حکومـەت دوورخرانـەوە. بەمـەش وردە وردە ئـەو ئاگربەسـتەی کـە نزیکـەی ١٤ مانـگ بـوو درێژکرابوویـەوە، وەخـت بـوو کۆتایـی پێبێـت. ئـیتر جەنـگ بوویـە تەنیـا بـژاردەی نێوانیـان و هـەردوولا خۆیـان بـۆ شـەڕ ئامـادە دەکـرد. سـەرەتای مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٥، بـە ١٠٠ هـەزار سـەرباز و هێـزی تایبەتییـەوە، هێرشـیان کـردەوە سـەر کوردسـتان. ئـەم سـوپا زەبەلاحـەی عێـراق، ڕووبـەڕووی ١٥ هـەزار پێشـمەرگە بوونـەوە. ئـەم پێشـمەرگانە تێکـڕا لەژێـر فەرمانـی بارزانـی و لـە دەوری بارزانیـدا گردبوونـەوە، تەنانـەت شـوێنکەوتەی برایـم ئەحمـەد و تاڵەبانـی و هەمـوو ئەوانـەی پێـشتر نەیـاری بارزانـی بـوون، تێکڕایـان پەیوەسـت بوونـەوە بـە خەباتـی ئازادیخوازانـەی کـوردەوە. ئەمجارەیـان مـەلا مسـتەفای بـارزان بەهەمـوو شـێوەیەک هەوڵەکانـی خسـتبووەگەڕ تاوەکـو خوێنڕێژییـە ناوخۆییەکانـی نـاو کـورد لـە کوردسـتاندا ڕابگرێـت. هەروەهـا نامەیەکـی تایبەتـی بـۆ سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی مافـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان (سـەلڤادۆر لۆپێـز) نـارد و داوای لێکـردن ڕێوشـوێنی پێویسـت و کاریگـەر بگرنەبـەر و دەسـتبەجێ ڕۆڵـی خۆیـان لـە کۆتاییهێنـان بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان دژی گەلـی کـورد ببینـن.(1)

لـە ناوەڕاسـتی مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٥دا، سـەرۆککۆماری عێـراق، عەبدوسـەلام عـارف ڕایگەیاند:"سـوپای عێـراق زنجیـرە سـەرکەوتنێکی نـاوازەی لـە شـەڕەکانی دژ بـە یاخیبووانـی کـورد بەدەسـتهێناوە". لێـرەدا عـارف بـە ڕاگەیاندنـی سـەرکەوتنەکانی سـوپای عێـراق لـە کوردسـتاندا، تەنیـا مەبەسـتی بـوو دواییـن پاشەکشـە و شکسـتی سـەربازە

(1) 19. Там же, с. 236.

عێراقییەکان لە گۆڕەپانەکانی شەڕی دژ بە سوپای ڕزگاریخوازی کورد بشارێتەوە و پەردەپۆش بکات. شکستی هەڵمەتی سەربازی سوپای عێراق لە کوردستاندا، گورزێکی سەختی لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی دا. هاوکات قەیرانێکی سیاسی دیکەی خستە ناو ڕۆژەڤی ڕووداوە قەیراناوییەکانی وڵاتەوە. بەجۆرێک بووە مایەی شەپۆلێکی نوێی سەرکوتکردن و سیاسەتی چەوسانەوە دژ بە کورد و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سەرکردە کوردەکان، ئەمەش بەبێ گوێدانە هەر ئاراستەیەکی سیاسییان. بەڵکو تەنیا کوردبوون بەس بوو بۆئەوەی بندەست و نەخوازراوی ناو نەریت و بازنە سیاسییەکەی سیستەمەکەی بەغدا بێت. بەگشتی گرژییە سیاسییەکانی وڵات پەرەیان سەند، دواجار لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٥دا، ناکۆکییەکانی ناو سەرکردایەتی سیاسی عێراق گەیشتە بنبەست. بەجارێک شکاندن و سڕینەوە و کوشتن بوویە مۆرکی ململانێکان. کۆتاجار حکومەتی جەنەڕاڵ تاهر یەحیا لە ٦ی ئەیلوولەوە ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کرا و لەجیاتی ناوبراو، عەبدولسەلام عارف، جەنەڕاڵ عەبدوڕەزاقی فەرماندەی هێزی ئاسمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت دانا. هەڵبەتە هێشتا ئەم ئاڵوگۆڕە نەیتوانی ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی وڵاتدا هەبێت. تەنانەت خودی عارف عەبدولڕەزاق، هەوڵیدا سەردانێکی سەرۆکی وڵات بۆ دەرەوە بقۆزێتەوە و دەستبگرێت بەسەر جومگە سەرەکییەکانی وڵاتدا، وەلێ هەوڵی کۆدەتاکەی نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێت، بۆیە بە زوویی ناچار بوو ڕووە و قاهیرە خۆی قوتار بکات. ئەمجار کابینەی نوێ، لە ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٥ دا، سپێردرایە عەبدولڕەحمان بەزاز و کرایە سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق. هاتنەسەرکاری عەبدولڕەحمان بەزاز بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی حکومەت، ڕەوشی کوردستانی باشتر نەکرد. هەرچەندە ئەو دانی بەوەدانا کە پرسی کورد جێگەیەکی گرنگی لە ژیانی سیاسی ناوخۆی وڵاتدا داگیرکردووە. ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسایەتیە کاریگەرانەی لەڕێگەی دانوستانەکانەوە دژ بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد نەبوو، تەنانەت بانگەشەی بۆ دانپێدانانی شوناسی نەتەوەیی کورد دەکرد. لە جاڕنامەی حکوومەتدا گەلێ گۆڕانکاری گرنگ ئاماژەیان بۆ کرابوو. بۆنموونە لە یاسای نوێی ئیداری ناوچەکەدا، دووپاتکرابوویەوە کە مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی و پەرەپێدانی کولتووری کوردی پەیوەست بە هاووڵاتیانی پارێزگاکانی باکوور ڕەوابینراوە. هەروەها ئەوە خرابوویە

ڕوو کە بەشداریکردنی کوردەکان لە ئۆرگانەکانی حکومەتی خۆجێیدا، بابەتێکی یاساغ و قەدەغەکرا و نییە، بە مەرجێک نابێت ئەو جۆرە چالاکییانە دژایەتی یەکگرتوویی وڵات و هاندەری دابەشکردنی عێراق بن[1]. لەگەڵ ئەوەی سەرۆکوەزیران ڕوانگەیەکی نەرمونیان و خاوەن دید و دنیابینییەکی ئاشتیخوازانە بوو، بەڵام وەزیری بەرگری لە هەمان کابینەدا، ژەنەڕاڵ عەبدولعەزیز عوقەیلی بە پێچەوانەی سەرۆکەوە، ڕوانگەیەکی توندڕەوانە و دەمارگیرانەی بەرامبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ڕابەرایەتی بارزانی نیشان دەدا. ئەمەش وایکرد، لەڕێگەی فشار و پێشنیارەکانییەوە حکومەتی نوێ بە درێژەدان بە هەڵمەتە سەربازییەکان بۆسەر کوردستان ڕازی بکات. کەواتە ڕاستە عەبدولڕەحمان بەزاز بۆخۆی باوەڕی بە بژاردەی سەربازی دەرهەق بە کێشەی کورد نەبوو، بەڵام لەکابینەکەیدا لۆژیکی ئەم بژاردەیە بەردەوام بڕیاری جەنگ و هێرشی لێدەکەوتەوە. ئەوەبوو لە مانگی ئایاردا، سوپای عێراق توانی کۆنترۆڵی ئەو ڕێگەی سەرەکییەی ڕەواندوز بەرەو سنووری ئێران بکات. ئەم ڕێگەیە بەنیسبەت بزووتنەوە کوردییەکەوە گەلێ ستراتیژی بوو، بەو پێیەی ئەوکات بارزانییەکان و پێشمەرگە پشتیوانی پێویستیان لە ئێرانەوە وەردەگرت و بارەگاکانیشیان لەوێ بوون. بۆیە هێرشی ئاسمانی و ناپاڵم و تەنانەت چەکی کیمیایی بۆ لەناوبردنی یەکەکانی پێشمەرگە لەو ڕێگە و سنوورە ستراتیژییەدا بەکارهێنرا. دواجار ئەوە ڕاست بوو کە هەندێک بەرەوپێشچوونی سوپای عێراقی هاتەئاراوە، وەلێ لە کۆتاییدا سوپای عێراق زیانێکی زۆری بەرکەوت و تەرمێ سەدان سەربازیشیان لە گۆڕەپانی چیاوچۆڵەکەدا بەجێمان. هەڵبەتە خاڵی سەرەکی و وەرچەرخانی شەڕەکە دوای ئەوە هات، دەستەیەک پێشمەرگەی ڕاهێنراوی کورد کە ژمارەیان ٤٥٠ پێشمەرگە دەبوون، توانیان دوو فیرقەی سەرەکی سوپای عێراقی بخەنە مەتەرێزی مەیدانی جەنگەکەوە و لەکۆتاییدا سەرپاکیان دەرنەچوون و لەنێوبران. ئەم تاکتیکە گەریلاییە، بە فەرمانی مستەفا بارزانی وەکخۆی جێبەجێکرا. بۆیە ئەم جوامێرییەی جەنەڕاڵ بارزانی، بوویە مایەی دەنگدانەوەیەکی فرەوان لەسەر ئاستی پێشمەرگە و بەجارێک ورەی سوپای عێراقیشی دابوو لە زەوی. سەرکەوتنەکە لەئاستێکدا بوو بارزانی پیرۆزبایی لە فەرماندەی پێشمەرگە و تێکڕای دەستە دلاوەرەکانی ئەو نەبەردییە مێژووییە کرد.

(1) Там же, С. 238–239.

هەربۆیـە ئـەم پیرۆزباییـە بوویـە شـەرەفێکی گـەورە بـۆ پێشـمەرگە، بـەو پێیـەی هەمـووان لـە کوردسـتاندا دەیانزانـی مسـتەفا بارزانـی پێزانیـن و پیرۆزبایـی بـۆ کەسـانی دلاوەر و نەبـەرد چەنـدە شـانازی و شـکۆمەندییەکی گەورەیـە.[١] داسـتانی شـەڕی ڕەوانـدوز سـەرکەوتنێکی مێژوویـی بـۆ هەمـوو هێـزە چەکدارەکانـی کـورد تۆمـار کـرد. بەجۆرێـک ڕۆژنامەنووسـانی بیانـی دوای کۆتایـی داسـتانەکە، نوسـیبوویان: "مسـتەفا بارزانی هەمیشـە هەوڵـی ئـەوە دەدات، ململانێـکان نەبنـە ململانێـی ئیتنـی و نەتەوەیـی". لـە هەمـان کاتـدا نوسـیبوویان:"هیچکاتێک نەبـووە حکومەتـی بەغـدا هێـرش بەرێتـە سـەر عەرەبـەکان، بەڵکـو هێرشـەکانی ئـەوان تەنیـا ئاڕاسـتەی ناوچـە کوردسـتانییەکانە".

بـەدەر لـەو ڕوانگـە بەراوردکارییـە، لەچەندیـن شـوێنی تـردا ئاماژەیـان بـە بیرکردنـەوەی مرۆڤانـەی هێـزی پێشـمەرگە دابـوو. بۆنموونـە نوسـیبوویان:" پێشـمەرگەکان هەمیشــە فەرمانــی ئەوەیــان پێدەکــرا، هیچکاتێــک بۆیــان نییە ســەربازێک کــە خــۆی ڕادەسـتکردووە بیکـوژن، تەنانـەت زۆرجـار چەکەکانیـان لێدەسـتێنن و بەبـێ هیـچ سـزا و سـوکایەتییەک، بەوپـەڕی ڕێـزەوە ئازادیـان دەکـەن."[٢] لـە کۆتاییـدا ئاکامەکانـی شـەڕی ڕەوانـدوز، بـە ڕوون و ڕەوانـی بەشـێک لـە ئەندامانـی بـاڵای حکومەتـی هێنایەسـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە بـژاردەی شـەڕ، ڕێگەیەکـی نەخـوازراوە و دوورە لـە ڕێگـەی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـوردەوە. تەنانـەت خـودی عەبدولسـەلام عارفـی سـەرۆککۆماریش، پێچەوانـەی هێــزە ئاسایشــییە بنــاژۆ و نەژادپەرســتەکان، بڕیاریــدا ســەردانی کوردســتان بــکات و لەنزیکـەوە گـوێ لـە داواکارییەکانـی خـودی مـەلا مسـتەفا بارزانـی بگرێـت. ڕاسـتە هێـزی پێشـمەرگە توانـی بەرەنـگاری سـوپای عێراقـی بێتـەوە، وەلـێ لەلایەکـی تـرەوە، دۆخـی ناوچــە کوردنشــینەکان ئێجــگار ترســناک ببــوو، بەشــێوەیەک ئاکامەکانــی وێرانکاریــی ســوپای عێــراق ئێجــگار نەخــوازراو بــوون. بەجارێــک ٧٥٠ گونــد وێــران ببــوون و چەنــد ســەد گونــدی تریــش بەتــەواوی ڕووخێندرابــوون. ئــەو وێرانکارییــە لەئاســتێکدا بــوو کــە عــارف بۆخــۆی دانــی بەوەدانــا، چارەســەری کێشــەی کــورد بەهــۆی هەڵــەی سیاســی و خراپـی حوکمڕانیـی ناوەنـدەوە ئاوەهـا ئاڵـۆز بـوو. بۆیـە بەڵێنـی جێبەجێکردنـی بڕگـە سـەرەکییەکانی ئـەو جاڕنامەیـەی دا کـە پێشـتر عەبدولـڕەحمان بـەزاز واژۆی کردبـوون.

---

(1) La Croix, 27.09.1966.

(2) Pradier I. Les Kurdes: Revolution sileneleuse. Bordeaux, 1968, c. 95.

نابــراو بڕیاریــدا لەگــەڵ بارزانــی پێکــەوە لەپێنــاو ئاشــتەوایی و چارەســەری کێشــەکانی کــورددا هەماهەنگــی بەردەوامیــان هەبێــت. بەگشــتی عــارف ئــەو بــاوەڕەی بــۆ دروســت ببــوو کــە چارەســەری ســەربازی بــۆ کێشــەی کــورد، چارەســەرێکی بێهــودە و ئەنجامــە. ئەوەبــوو لــە دەرهاویشــتەی ئــەم لۆژیکــی لێکتێگەیشــتنە نوێیــەدا، لــە ڕێککەوتــی ٢٩ی حوزەیرانــدا، هــەردوولا پابەندبوونــی خۆیــان بــە جاڕنامەکــەوە دووپــات کردەوە. هــاوکات جاڕنامەکــە بوویــە بنەمایەکــی گرنــگ لــە مێــژووی خەباتــی نەتەوەیــی کــورددا لەپێنــاو بەدیهێنانــی مافــی ئۆتۆنۆمــی نەتەوەییــدا. هەنگاوەکانــی مســتەفا بارزانــی و چارەســەرکردنی ناکۆکییــەکان لەگــەڵ حکومەتــی بــەزازدا لــە کۆتایــی مانگــی حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٦٥دا، لەســەر داوای بــەزازی سەرۆکوەزیران، شــاندێکی کــوردی بانگهێشــتی بەغــدا کــرا. مەبەســتی ئــەم بانگهێشــتە ئەوەبــوو هــەردوولا لەســەر ئاســتی بــاڵا بکەونــە دانوســتانەوە. لەڕاســتیدا هــەردوولا دەیانویســت لەبــری دەســتپێکردنی جەنــگ و ململانێــی چەکداریــی، بــە شــێوەیەکی ئەرێنــی و ئاشــتیانە ناکۆکییەکانــی نێوانیــان چارەســەر بکــەن. بارزانــی بــەردەوام لەبەرانبــەر پێشــنیاری دانوســتاندا لاری نەبــوو. بۆیــە لــەم خولــەی پێشــنیاری دانوســتانەکاندا، ئامادەیــی شــۆڕشــیان دەربڕی. هەڵبەتــە بــاوەڕی تەواوەتــی بارزانــی بــۆ هــەر دانوســتانێک باوەڕێکــی چەســپاو بــوو. ئــەوان بەڕوونــی داواکارییەکانیــان دووپاتدەکــردەوە کــە پێشــوەختیش ڕایگەیاندبــوو، تەنیــا ئــەو کاتــە دەتوانرێــت ئاگربەســت بکرێــت و دانوســتان دەســتپێبکەن کــە ئامادەیــی ئــەوان بــۆ پرســی ئۆتۆنۆمــی لەئــارادا بێــت، هەروەکچــۆن پێویســتە بتوانــن پێکــەوە بــە هاوبەشــی ســنوورەکانی کوردســتان لــە چوارچێــوەی عێراقــدا دیــاری بکــەن و بگەنــە ڕێککەوتنێکــی ڕیشــەیی. هــەم داواکارییانــە گرێنتــی ئاشــتەوایی نێــوان کــورد و بەغدایــە، ئەمــەش بــە پشــتبەستن بــەو تاقیکردنــەوە و ئەزموونانــەی پێشــوو هاتوونەتــە ئــاراوە. (1) بۆیــە پێــش دەســپێکی دانوســتانەکان و دوای ئــەوەی لــە بەیاننامەیەکــدا هێڵــە ســەرەکییەکانی داواکارییەکانــی کــورد و کێشــە ســەرەکییەکانی خســتەڕوو، دواتــر بارزانــی لــە ڕاگەیەنراوێکیــدا هۆشــداریدا: "ئەگــەر حکومەتــی بەغــدا بــە داواکارییەکانــی ئێمــە ڕازی نەبێــت، ئــەوا دە ســاڵ تاوەکــو بیســت ساڵی دیکــە بەردەوامــی بــە خەباتــی شۆڕشــگێڕانە دەدەیــن. تەنانــەت ئەگەر لــەوەش زیاتر پێویســت بــکات، تاوەکــو ئەوکاتــەی گەلــی کوردســتان بــە تــەواوی مافــە نەتەوەییەکانــی

---

(1) Там же, с. 241.

خـۆی دەگات و عێـراق لـە دیماگۆگـی و دیکتاتۆرییەتـی سـەربازی دادەماڵرێـت، ئـەوا ئێمـە بـەردەوام لـە سـەنگەری سـەرفرازی و بەرگریـن لـە شوناسـی نەتەوەیـی خۆمـان."[1] بارزانی بـەم بـاوەڕەوە چووەنـاو دانوسـتانەکانەوە، هەربۆیـە دوای تێپەڕینـی دوو هەفتـە لـە دانوسـتانەکان، دروسـت لـە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانـدا، عەبـدوڕەحمان بـەزاز، بەرنامەیەکـی ١٥ خاڵیـی وەک دەقـی ڕێککەوتنیـان لەبـارە چارەسـەریی کێشـەی کوردەوە بڵاوکـردەوە. دواتریـش مـەلا مسـتەفا بارزانـی، بـەو پێیـەی نزیکـەی هەمـوو داواکارییەکانـی کـوردی لەخۆگرتبـوو، بڕگەکانـی بەرنامەکـەی پەسـەند کـردن. بـەم شـێوەیە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد لـە ناوخـۆی عێراقـدا دانپێدانـرا و لەسـەری ڕێککەوتـن. هەڵبەتـە ئـەم فۆڕمـەی ئۆتۆنۆمـی، بەجۆرێـک بـوو کـە زیاتـر فۆڕمێکـی ناناوەندیی بـوو. ئـەوە جگە لـە هەڵبژاردنـی ئازادانەی ئەنجومەنـی ئیـداری و نوێنەرایەتـی سـنووورداری کـورد لـە حکومەتـی ناوەنـد دا. هـەر لـە چوارچێـوەی ڕێککەوتنەکـەدا، زمانـی کـوردی هاوشـانی زمانـی عەرەبـی وەک زمانێکـی فەرمـی ناسـێندرا و چاوەڕوانیـش دەکـرا، لـە مـاوەی سـاڵێکدا پەرلەمانێکـی پەیوەسـت بـە کـورد پێکبهێنرێـت. لـە کۆتایـدا، دروسـت لـە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانـدا، هەریـەک لـە لایەنـی کـوردی بـە سـەرۆکایەتی بارزانـی و لایەنـی حکومـەت بـە نوێنەرایەتـی بـەزاز ڕێککەوتننامەکەیـان واژۆ کـرد. بەگشـتی دەتوانیـن بڵێیـن لـەم ڕێککەوتننامەیـەدا بـەزاز لـە چارەسـەرکردنی دوو پرسـی گرنـگ و ستراتیـژی ئاینـدەی عێراق نزیـک ببوویـەوە. پرسـەکان بریتـی بـوون لـە: پرسـی کـورد و پرسـی دیموکراتـی و هەڵبـژاردن بـۆ هەمـوو عێـراق. هەرچەنـد ڕێککەوتنەکـە بریتیبـوو لـە ١٥ خاڵـی سـەرەکی، وەلـێ لـە کـۆی ١٥ خاڵـی ڕێککەوتنەکـەدا، سـێ خاڵیـان نهێنـی بـوون. یەکێـک لـە خاڵەکانـی نێوانیـان پەیوەنـدی بـە لکاندنـی بەشـە کوردنشـینەکانی پارێـزگای موسـڵەوە بـوو بـە پارێـزگای دهۆکـەوە. خاڵێکـی تریـان بریتـی بـوو لـە بەفەرمـی ناسـاندن و ڕێگـەدان بـە چالاکییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. سـێیەمین خاڵـی ڕێککەوتنەکـە پەیوەنـدی بـە هەمـوو ئـەو گـیراوە سیاسـیی و هەڵهاتووانـەوە بـوو کـە لـەدەرەوەی وڵاتـدا یاسـاغبوون. بۆیـە پەیوەنـدی بـە دەرکردنـی لێبوردنێکـی گشـتییەوە هەبـوو. هـەردوولا ڕێککەوتـن بـە شـێوەی قۆناغبەنـدی بڕیـاری لێبوردنـی گشـتی بـۆ هاووڵاتیانـی عێراقـی بدرێـت. لـە ناوەڕاسـتی شـوباتی ١٩٦٦دا بارزانـی بانگەوازێکـی تـری ئاڕاسـتەی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان کـرد. مەبەسـتی بارزانـی

(1) Там же.

لـەم بانگـەوازەدا ئاسـانکاری بـوو بـۆ چارەسـەری ئاشـتیانەی کێشـەی کـورد و کۆتاییهێنـان بـە هێـرش و هەڵکوتانـە سـەر کوردسـتان. جیـا لـەو بانگـەوازە، ناوبـراو لـە نامەیەکیـدا بـۆ سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان نووسـی بـووی:" داواتـان لێدەکەین، شـاندێکی پسـپۆڕ بنێرنـە کوردسـتان تاوەکـو گەواهیـدەری ئـەو جینۆسـاید و کوشـتوبڕە بـن کـە دەرهـەق بـە هاووڵاتیانـی کـورد لـە کوردسـتانی عێراقـدا کـراون".[1]

بەهەمـان شـێوە نامەیەکیشـی ئاڕاسـتەی وڵاتانـی باڵادەسـت و زلهێـزی نێودەوڵەتـی کـرد. تێیـدا سـەرجەم پێشـهات و ڕووداوەکانـی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٦ بـە بیـر هەمـوو ئـەو وڵاتانـە هێنـا کـە پەیجـور و پەرۆشـی پاراسـتنی مافەکانـی مرۆڤن. هـاوکات کاتێـک دانیشـتنی ئەنجومەنـی کۆمیتـەی نێودەوڵەتـی بـۆ لێبوردنـی زیندانیانـی سیاسـی و ڕێزگرتـن لـە مافـی مـرۆڤ لـە عێراقـدا، لە شـوباتی ١٩٦٦ لـە پاریـس کارەکانی دەسـتپێکرد، لەوێشـدا شـەڕی خوێنـاوی ڕژێمـی عێـراق دژ بـە هاووڵاتیانـی کـورد لـە کوردسـتان بـە توونـدی سـەرکۆنەیان کـرد.[2] ئـەم ڕەوشـە بـەردەوام بـوو تاوەکـو جارێکـی تـر، ڕەوتـە نەژادپەرسـتەکانی ناوخـۆ، کەوتنـەوە نـاو مەتەرێـزی ململانێکانـی میللەتـی کـوردەوە. بەجۆرێـک ئاگـری شـەڕ، سـەرلەنوێ بەرۆکـی کوردسـتانی گرتـەوە. ئـیتر هەمـوو ئـەو هەوڵانـە لەپێنـاو پرۆسـەی ئاشـتی و ئارامـی ناوچەکـە هاتبوونـە ئـاراوە، بـە پێشـهاتێکی نوێـی ناوەنـد، بـەدەم ئـاوەوە درانـەوە. ئەوەبـوو لـە ١٣ی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٦، هەریـەک لـە عەبدولسـەلام عارفـی سـەرۆککۆماری عێـراق و ئەندامانـی بازنـەی نـاوەوەی حکومـەت بـە شـێوەیەکی زۆر شـاراوە و نادیـار، تەنیـا وتـرا بەهـۆی نالەبـاری کەشـوهەواوە لەکاتـی بەجێهێنانـی ئەرکەکانیـدا، فڕۆکەکەیـان تێکدەشـکێت و دەسـتبەجێ لـەو ڕووداوەدا، سـەرۆک و هاوەڵەکانـی گیانیـان لەدەستدەدەن. دیـارە بـە هەواڵـی کوژرانی عەبدولسـەلام عـارف، ڕاسـتەوخۆ جارێکـی تـر مـەلا مسـتەفا بارزانـی بـۆ مـاوەی مانگێـک ئاگربەسـتێکی تاکلایەنـە ڕادەگەیەنـێ. لـەم ئاگربەسـتەدا، بارزانـی مەبەسـتی بـوو حکومەتـی نـوێ ڕەچـاوی داواکارییەکانـی کـورد بـکات. هـاوکات هـەم پێشـمەرگە و هـەم سـوپا، هـەردوولا پێویسـتیان بـە پشـوودان بـوو، بـەڵام وادیـار بـوو پەرۆشـیی پێنـاوە سیاسـییەکەی ناوخـۆی بەغـداد، زیاتـر سەوداسـەری جەنـگ و دۆخـی ململانێـی چەکداریـن. بـەو پێیـەی سـەرۆک

---

(1) Kurdistan, vol. XIII, c. 41.

(2) Kurdish facts, 1966, №8, c. 9.

کۆماری نوێی عێراق عەبدوڕەحمان عارف ڕایگەیاندبوو:"هەرگیز داواکارییەکانی کورد پەسەندکراو نین. ناکرێ حکومەت دانوستان لەگەڵ یاخیبووانـدا بکات". هەربۆیە ئەو ئاگربەستەی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٦دا لەلایەن حکومەت و بارزانییەوە هاتبووە ئاراوە زۆر درێژەی نەکێشا. هەرچەند کابینەکەی بەزاز هەندێک هەنگاوی لەپێناو بەهێزکردنی کابینەکەیدا نابوو. لەو هەنگاو و هەوڵانەی ناوبراو بریتی بوو لەوەی لە ٢٧ی تەمووزی ١٩٦٦ دا، سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کردبوو. ئەم سەردانە ئاماژە بوو بۆ قۆناغێکی نوێ لە نزیکبوونەوەی سیاسی لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەتدا. ئەو هەوڵە دەرەکی و دیپلۆماسییانە لە کاتێکدا بوون کە لەناوخۆی وڵاتدا، ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان لایەنگرانی ڕێبازی دیموکراسی و هێزە ئاسایشییەکاندا بەردەوام بوو. لەکاتێکدا وەختبوو دەنگێکی نەژادپەرستی، نیازی وابوو ڕێگەچارەی سەربازیی بۆ چارەسەری پرسی کورد وەک پێوەری پێشهاتێکی نوێ بناسێنێ. تەنانەت ئەم دەنگە بەردەوام ڕاسپاردەی جەنگ و فشار بۆ سەر کوردی، ئاڕاستەی سەرۆک کۆماری عێراق دەکرد. لە کۆتاییدا مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٦ بوو بە دەسپێکی سەرکەوتنی ئیرادەی شەڕخوازی بەسەر بیرکردنەوەی سەرۆکوەزیران و بەرنامەی ڕێککەوتنامەکەیدا. ئەوەبوو فشاری بەردەوامی نەیارانی چارەسەریی ئاشتییانە، بەزازیان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد. لەدوای ئەو، پۆستی سەرۆک وەزیران لەلایەن ژەنەڕاڵێکی خانەنشینەوە پڕکرایەوە بەناوی ن.تالب. هەرچەندە ناوبراو لەسەرەتاوە بە درێژەدان بە پڕۆسەی دانوستان لەگەڵ بارزانی بەردەوام بوو. ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی هەمانساڵ، شاندێکی عێراقییان بە سەرۆکایەتی شاکر مەحمود شوکری وەزیری بەرگری، ڕەوانەی بارەگای بارزانی کرد.

ئەم شاندە وەکو نیشانەی متمانە و ئامادەییان بۆ هەر ئاسانکارییەک، بەتایبەتی لەبارەی سووربوونیان لەسەر جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئاگربەستی ٢٩ی حوزەیران، قورئانێکی پیرۆزیان پێشکەش بە بارزانی کرد، بەڵام بەگوێرەی واقیعی ناوچەکە، دیوێکی تر تێبینی دەکرا. دیوێک کە دۆخی کوردستانی سەقامگیر نەدەبینی. هەربۆیە لەکۆتایدا نیازی ڕاستەقینەی ڕژێم دەرکەوتەوە. ئەوەبوو لە پاییزی ١٩٦٦دا دیسانەوە گرژییە سیاسییەکان پەرەی سەند. بەمەبەستی پێشگرتن لە ئاڵۆزییەکان گەشتێکی بۆ کوردستان و بەتایبەتی بۆ دیدار لەگەڵ مستەفا بارزانی دەستپێکرد. سەرۆککۆمار لە

ڕۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبەردا، دروست لە هاوینەهەواری جوندیانی نزیک ڕەواندوزدا، بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لەگەڵ بارزانید کۆبوویەوە. لەکۆبوونەوەکەدا هەردوولا تاوتوێی جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئاگربەستی ٢٩ی حوزەیرانیان دووپاتکردەوە. لە هەمان کاتدا بارزانی داوایکرد، باشتروایە حکومەت بە تێکرای مەرجەکانی جاڕنامەی ئاشتەواییەوە پابەندبن، لەو میانەدا بە تایبەتی پرسی خستنەڕووی پێگەی کورد لە حکومەت و پێدانی پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار بە بەربژێرێکی کورد و دانانی ژەنەراڵێکی کوردیش وەک فەرماندەی فیرقەی دووی سوپای عێراقی، نیشانەی هاوبەشایەتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبن. ئەم داواکارییانەی بارزانی لە دیدارەکەدا بەڕاشکاوی خرانەڕوو. لەبەرانبەردا سەرۆک کۆماری عێراق مەرجی پێچەوانەی خستنەڕوو، لەوانە:

- گەڕاندنەوەی ئۆرگانە ئیدارییەکان بۆ ژێردەستی حکومەت لە کوردستاندا.
- گەڕانەوەی هەموو ئەو جبەخانە و تۆپخانە قورسانەی کە کورد لە شەڕەکانی بەهارێدا دەستی بەسەردا گرتبوون. دواجار لەکۆتایی دانوستانەکەدا بارزانی ڕایگەیاند بوو:" یەکلاییکردنەوەی پرسی کورد بێ جێبەجێکردنی هەر ١٢ خاڵە ئاشکراو بڵاوکراوەکەی پێشوو، لەگەڵ ٣ خاڵە شاراوە و نهێنییەکەی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، بابەتێکی بێهودەیە و چیدی بیری لێناکرێتەوە. وادیاربوو ئەم ڕاگەیاندنەی بارزانی ئاماژەیەکی نائومێدکەر بووبێ. بۆیە ئەنجامی دانوستانەکان کاردانەوەی نەرێنی و توندی هێزە توندڕەوەکانیشی لێکەوتەوە، چونکە تاوەکو ئەوکات هیچکام لە هێزە ئەمنییەکان نەیاندەویست کورد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداربن. لەم کاتەدا ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی سۆڤیەتی ئی.م.پریماکۆڤ لە یەکێک لە وتارەکانیدا نووسی: "هەڵوێستی شەڕانگێزی هێزە ڕاستڕەوەکانی عێراق ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە هەندێک کەس لە ئەنجامی کردەوە سەربازییەکانی دژ بە کورددا، قازانج دەکەن و خەریکی خۆ دەوڵەمەند کردنن."[1] هاوکات بەڕاشکاوی نیازی گروپە تێکدەرەکانی نیشاندا کە چۆن شەڕوشۆڕ لە بەرژەوەندی بوونی ماددی و پێگەی خۆیاندا دەبینن، تەنانەت لەناو کوردیشدا کەسانێک هەن کە لەوباوەڕەدان پرۆسەی ئاشتی زیان

---

(1) Правда, 15.01.1967.

بەبەرژەوەندییەکانیــان دەگەیەنێــت. بۆیــە بەدڵنیاییــەوە ئەوانــەی لــەلای بارزانــی بابەتــەکان دەوروژێنــن، لــە ناوەنــد بــە جۆرێکــی تــر، تەماشــای ڕەوشــەکە دەکــەن و شرۆڤــەی بــۆ دەکــەن. ڕۆژنامەنوســی ناوبــراو بەئاشــکرا نووســیبووی: لەنــاو ڕژێمــی بەغــدادا، دەســتێک هەیــە نایــەوێ بــەرەی نــاڕازی لەبارزانــی لەچالاکییەکانــی بکــەوێ، بۆیــە بــەردەوام ئــەوان لەبەرانبــەر بارزانیــدا دنــە دەدەن و وەک لەمپەرێــک زیندوویــان ڕادەگــرن."[1] بۆیــە بەگشــتی هێــزی باڵادەســتی بەغــدا، هێزێکــی دژە چارەســەری ئاشــتیانەی پرســی کــورد بــوو. ئــەوان دژی جێبەجێکردنــی ئــەو ڕێککەوتنــە بــوون کــە لەلایــەن بــەزازەوە لەگــەڵ کــورددا واژۆ کرابــوو. هەرچەنــدە بــەزاز خــۆی تــا کۆتایــی بــەردەوام پێداگــری لەســەر گەڕانــەوەی دیموکراســی بــۆ عێــراق و چارەســەری بنەڕەتــی بــۆ پرســی کــورد دەکــرد، بــەڵام قــەد توانــای بەســەر ئــەو هێــزەدا نەدەشــکا کــە خوازیــاری جەنــگ بــوون، تەنانــەت ســەرکردایەتی ســەربازی عێــراق دیــدگای پێچەوانەیــان هەبــوو، ئەوانیــش هەوڵیــان دەدا دوژمنانــی مــەلا مســتەفا بارزانــی بکــەن. ئــەوان لــەو هەوڵەیانــدا بــەردەوام بــوون کــە گوایــا بارزانی نوێنەرایەتــی بەرژەوەنــدی تــەواوی دانیشــتوانی کــوردی عێــراق نــاکات. بۆیــە ئــەو هێزانــە بوونــە بــازووی بەهێــزی ڕاســتکردنەوەی هێزێــک بــۆ دابەشــبوونی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد. لێــرەوە ئــەو هێــزە بەرهەڵســتکارەی کوردیــان هانــدا تاوەکــو ببنــە لەمپــەر لەبــەردەم بارزانــی، هەندێکجاریــش بەریــان دەدانــە جەنگێکــی خوێنــاوی دژ بــە ڕۆڵەکانــی خۆیــان. ڕەوشــەکە گەیشــتە ئاســتێک کــە لەنــاو کۆمەڵانــی خەڵکــی کــورددا، ئــەو دەســتە چەکداریيــەی جــەلال تاڵەبانــی وەک جــاش و کرێگرتــە ناودەبــران و خــودی بارزانــی بــە ســووکایەتییەوە بــە جــاش نــاوی دەبردن. بۆنموونــە زۆرجــار ئــەم هێــزە دەربــارە و بریــکارە لەلایــەن عەبدولعەزیــز عوقەیلییــەوە بەکاردەهێــنران دژ بەکــورد. تەنانــەت کەوتــە پیلانگێڕانیــش بــۆ شکســتپێهێنانی هێزەکانــی بارزانــی. ئەوەبــوو بــە پشــتیوانی کــوردەکان لــە ماوەیەکــی کورتــدا هەڵمەتــی ســەربازی لــە کوردســتاندا دەســتپێکردەوە. لەڕاســتیدا مــەلا مســتەفا بارزانــی بــەردەوام لــە هەوڵــی بەهێزکردنــی پێگــەی خۆیــدا بــوو لــە کوردســتان دا. لــەم میانــەدا و لــە تشــرینی دووەمــی ســاڵی ١٩٦٦ دا، توانــی کۆنگــرەی حەوتەمــی پارتی، بــە ئامانجــی چارەســەرکردنی ململانێکانــی ناوخــۆی کــورد

(1) Там же.

بەڕێوەبەرێت. هەر لە کۆنگرەکەشدا جارێکی تر ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانیان پەسەند کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕایانگەیاند، ئەم پێداگرییە لەسەر ڕێککەوتنەکە بەو مانایە نییە کە ئیتر تەواو، سەرجەم ئامانجەکانی بەدیهاتنی مافی ئۆتۆنۆمی هاتونەتەدی، بەڵکو ئەو ڕێککەوتنە وەک زەمینەسازی بۆ ئۆتۆنۆمییەی گشتگیر تەماشا دەکرا[1]. هەربۆیە پەیامی بارزانی و پارتی زۆر بە ڕوونی بە بەغدایان ڕاگەیاند، پەسەندکردنی ئەو ڕێککەوتنە تەنیا سەرەتای پرۆسەی چارەسەری پرسی کوردە. ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی ئیخوان لە بەغدا، دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد بوو، لەو ڕۆژنامەیەدا زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لە ڕژێمی عێراق دەگرت و بە هۆکاری جەنگ و ئاژاوەی کوردستانیان تاوانبار دەکرد. لە کوردستانیش بارزانی هەوڵیدا ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق بۆ هەمان مەبەستی نیشاندانی ڕووی ڕاستی ئاشتیخوازی کورد بەکاربهێنێت. کۆنگرەی حەوتەم، بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات، لە کۆنگرەدا دووبارە بارزانی وەک سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرایەوە. بارزانی لەوتاری هەڵبژاردنەوەیدا، جارێکی تر بەردەوامی خۆی لەسەر باوەڕی بەرگریکردن لە هەڵوێستەکانی نیشاندایەوە. بۆنموونە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنوسی سۆڤیەتی یڤگنی پریماکۆڤ، بە تایبەتی وتی:" ئێمە جیاخواز نین، ئەگەر حکومەتی عێراقیش داوای جیابوونەوەمان لێ بکات، ئەوا ئێمە ڕازی نابین. ئێمە نامانەوێت عێراق بەجێبهێڵین، ئێرە زێدی خۆمانە، ئێمە دەمانەوێ کورد بە هەموو مافەکانی بەهرەمەند بێت و لەگەڵ عەرەبدا یەکسانبین لەم خاکەدا. ئەمە ئەو ئامانجەیە کە ئێمە شەڕی بۆ دەکەین". بارزانی لە درێژەی سەرنجەکانیدا زیاتر زەمینەی خەباتەکەی ڕوونکردەوە و وتی: "دەمانەوێت حکومەت هەوڵەکانی بەرەو باشترکردنی ژیانی خەڵکەکە ئاراستە بکات، بەرەو خزمەتگوزاری و ئاوەدانی و بونیادنانی بیناسازی لە کوردستاندا هەنگاوی جدی بنێن".[2]

(1) Примаков Е.М. Конфиденциально. Ближний Восток на сцене и за кулисами. М., 2006, с. 329.
(2) Правда, 18.01.1967.

## لایەنە نێودەوڵەتییەکانی پرسی کورد

مەلا مستەفا بارزانی پاڵپشتی نەیارە سەرەکییەکانی ئایدیۆلۆژیای ڕژێمی عێراقی مسۆگەر کرد. هەریەک لە ئێران و ئیسرائیل وەک دوو نەیاری نەریتە سیاسییەکەی ڕژێمی عێراق لەناوچەکەدا ناسرابوون. بەتایبەتی دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی عێراق و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی سۆسیالیستی و ناسیۆنالیستی عەرەبی لەنێو عەرەبەکانی عێراقدا، ئیتر ئێران سیاسەتێکی دۆستانەی بەرامبەر بە کوردی عێراق پەیڕەو دەکرد. ئێران وەک هاوپەیمان لە خەباتی دژ بە ڕژێمی کۆماری عێراقدا تەماشای جوڵانەوەی کوردی دەکرد. بەجۆرێک سنوورەکانی خۆی بەڕووی کورد، بەکراوەیی هێشتبوویەوە و دەستیشی کرد بوو بە پڕچەککردنی کوردە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، تەنانەت بە چەکی مۆدێرن و نوێ مژوڵی ململانێکە بوو. لەسەرەتاوە ساڵی ١٩٦٣، یەکەمجار بوو بەفەرمی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە کوردەکانی ناوخۆی وڵاتی خۆی نەرمتر لە جاران نیشاندا. ئەوەبوو لە کرماشانەوە، لە پەخشی ڕادیۆی فەرمی ئێراندا، سێ کاتژمێریان تەرخان کرد بۆ بەرنامەکانیان بە زمانی کوردی. ئەوە جگە لە دەسپێکی چاکسازیی کشتوکاڵیی لە ناوچە کوردنشینەکانەوە. هەڵبەتە لەدوای ڕووخانی قاسمەوە، سەرکردایەتی ڕژێمی عێراق، ئێرانی بە بەشداری لە هاوپەیمانی سەنتۆدا تۆمەتبار دەکرد، بەوەی ئەوان خەریکن پشتیوانی لە کوردە نەیارەکانی ڕژێمی عێراق دەکەن و چەکیان بۆ فەراهەم دەکەن. یەکێک لە کەسایەتییە کوردەکان بە ناوی کامەران بەدەرخان، لە نووسینێکیدا بڵاویکردەوە، گوایە بارزانی زیاتر لە ٢٠٪ی کەلوپەلە پێویستەکانی جوڵانەوەکەی لە سنوورەکانی ئێرانەوە بەدەستهێناون. هەرچەند توێژەری ئەمریکی ئیدمۆند غەریب ئەم ژمارەیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بە زانیارییەکی زیادەڕۆی لە قەڵەم دەدات.[1] سەبارەت بە وڵاتانی هەرێمی، ئێران نیازی هەماهەنگیکردنی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ڕژێمی عێراق هەبوو. بۆیە لە ساڵی ١٩٦٦ وە، لەگەڵ بارزانیدا ڕێککەوتنێکی دوولایەنەیان واژۆ کرد. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە ئێران بەڵێنی هاوکاریی ئابووری و سەربازیی دابوویە شۆڕشی کورد. لەبەرامبەردا مستەفا بارزانی بەڵێنی دابوویە شای ئێران کە ناوچە ڕزگارکراوەکانی

(1) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c. 43.

ژێر ڕکێفی شۆڕش، نابنە پەناگەی چالاکییەکانی بەرهەڵستکارانی کورد دژ بە تاران. تەنانەت مەرجی پشتیوانیکردنی حکومەتی ئێران لە بەرەنگاربوونەوەی خواستی ئۆتۆنۆمی کورد لە ئێراندا بەشێکی گرنگی مەرایی و مامەڵەی شای ئێرانی لەپشت هەر هاوکارییەکی بارزانییەوە پێدەناسرایەوە[1]. دیارە بارزانی بەشێوەیەکی تاکتیکی تەماشای هەر هاوکارییەکی لایەنی ئێرانییەکانی دەکرد.

لەڕاستیدا لۆژیکی ئەم هەماهەنگیی و مامەڵەیەی مستەفا بارزانی بەهیچ جۆرێک لە سۆنگەی سەرکردنی جوڵانەوەی کوردی ئێرانەوە نەبوو، بەڵکو ڕیشەی ڕاسانەکەی ڕۆژهەڵات، ڕۆحی شۆڕشەکەی بارزانی لەهەناویدا هێشتا زیندوو بوو. بۆیە بارزانی لە دیداری ڕۆژنامەنووسێکی سۆڤیەتیدا، ئەم ئەزموونی ئاشنایەتی و تێکەڵبوونەی لەگەڵ شای ئێراندا، تەنیا وەک بەڵگەردان و ڕەوینەوەی ترسێکی تەوژمە شۆڕشگێڕییەکە لە گۆشەگیربوونی گرەوی شۆڕشەکەدا دەبینی. هەربۆیە بارزانی تایبەت بە ڕۆژنامە سۆڤییەتییەکە وتبووی:" پردی پەیوەندی و ڕایەڵەی ڕاسانەکەمان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، تەنیا و تەنیا یەک ڕێگەی لەبەردەمدایە، ئەویش ڕێگەی سنوورییەکانی ئێرانە، مەگەر دەکرێ دەست بنێین بەڕووی تەنیا ڕێگە و بژاردەی بەردەممانەوە؟"[2] لەکاتێکدا بارەگای سەرەکی بارزانی، لە دەروازە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەراندا بوو کە تەنیا ٣ کم لە سنووری ئێرانەوە دوور بوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی چەک و پێداویستییە سەرەکییەکانی شۆڕش لەو دەروازەیەوە دەگەیشتنە دەستی شۆڕشگێڕان. هاوکات ئەو پەیوەندییانە، ببوونە سەرچاوەی پەیوەندییەکانی شۆڕش لەگەڵ ئیسرائیلدا. بەگوێرەی زانیاری و سەرچاوە فەرمییەکان، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕاهێنەرە سەربازییەکانی ئیسرائیل، ڕاهێنانیان بە پێشمەرگەکانی شۆڕشی کورد دەکرد. بە گوتەی توێژەری ئەمەریکی مایکڵ.گونتەر، ئەم هەماهەنگییانەی ئێران و شۆڕشی کورد لەگەڵ ئیسرائیل، لە پرۆسەی ڕاگواستن و کۆچکردنی جووەکانی عێراقدا بۆ ئیسرائیل، ئاسانکاریی و زەمینەسازییان بۆ بەڕێوەچوونی سەرکەوتووی پرۆسەکە کرد. هاوکات هەر بە

(1) Там же.

(2) Примаков Е.М. Конфиденциально. Ближний Восток на сцене и за кулисами, С. 328

هــاوکاری شۆڕشــی کــورد، لــە مانگــی ئابــی ســاڵی ١٩٦٦ دا، یەکێــک لــە فڕۆکەوانــە عێراقییــە یاخییــەکان، بەخــۆی و فڕۆکــە میکەکەیــەوە، هانایــان بــردە بــەر ئیسرائیــل. هــەر بەگوێــرەی ســەرچاوەکانی ئــەو قۆناغــە، وادیــارە ئەفســەرانی ئیســـرائیلیش، دروســت لــە مانگــی ئایاری ســاڵی ١٩٦٦دا، هــاوکاری و دەســتگرۆیی شۆڕشــی کــرد و بارزانییــان کــردووە. بەتایبەتــی کاتێــک هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان، توانیــان پێــش بــە هێرشــەکانی ســوپای عێراقــی بگــرن و زۆر بەســەختی تێکیــان بشــکێنن.

ئـەوەی شـایانی باسـە، لـەو قۆناغـە دیاریکـراوەدا، بـەردەوام ڕاوێـژکار و ڕاهێنـەرە سـەربازیی و هەواڵگیرییەکانـی ئیسـرائیل بـە جلوبـەرگ و پەڵاسـی پێشـمەرگە و ئێرانییەوە، لـە کوردسـتان دەمانـەوە و جاروبـار دەردەکەوتـن.[1] بەگشـتی لـەو قۆناغـەدا لـەڕووی پەیوەندییـە دەرەکییەکانی شۆڕشـەوە ئـەوە دەردەکەوت کە تاڕادەیـەک تێڕوانینی دیپلۆماسـییانەی شـۆڕش پێشـکەوتنی بەخـۆوە بینیـوە. بۆیـە بارزانـی بەردەوام ئامـاژەی بەوەشـدەکرد کـە هەمیشـە و لـە هەرکاتێکـدا بیت، پێشـوازی لـە ڕێککەوتنـی ئاشـتی دەکات، بـەڵام هیچکاتێکیـش متمانـەی بـە بەغـدا نییـە، چونکە تەوژمـی تونـدڕەوەکان لـە بەغـدادا بـاڵادەستن، ئەوانیـش بـە تونـدی بەرەنـگاری جێبەجێکردنـی ڕێککەوتـن و ئاگربەسـت و پرۆسـەی ئاشـتەوایی دەکـەن. بارزانـی لەپێنـاو بەردەوامیـدان بـە بەرخودان، دەبـوو دەسـتببات بـۆ هـەر بابەتێکـی بقـە و هەسـتیار، بۆیـە ئامانجـی باشترکردنـی ژیانـی دانیشـتوانی کـورد بـوو. لەکاتێکـدا بەغـداد، وێـڕای بەڵێنـی بوژانـەوەی کەرتـی خزمەتگـوزاری خەڵکـی کوردسـتان، وەلـێ هیـچ هەنگاوێکـی ئەوتـۆی نەنابـوو، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە، ناوچەکـەی خسـتبووە دۆخێکـی دەردناکـی گەمـارۆ ئابوورییەکانییـەوە[2]. دکتـۆر مەحمـود عـوسمان، وێنـەی وەزیـری دەرەوەی شۆڕشـی کوردسـتان، گەواهیـدەری گۆڕانکارییـە سیاسـییەکان و پەیوەندییەکانـی شـۆڕش بـوو. ناوبـراو لەوبارەیـەوە وتبـووی: "بارزانییـەکان بـەردەوام ڕەچـاوی پەیوەندییەکـی تەندروسـتیان لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێدا دەکـرد، ناچاربـوون هاوکێشـە هەرێمییـەک هاوسـەنگ بهێڵنـەوە". هەروەهـا ئامـاژەی بـەوەش دابـوو کـە:" شۆڕشـی کـورد، ژمارەیەکـی کاریگـەر و گرنگـی گۆڕەپانـی سیاسـیی

(1) Gunter M.M. The Foreign Policy of the Iraqi Kurds. — Journal of South Asia and Middle Eastern Studies. Vol. XX, №5. Spring, 1997, c. 5.

(2) Там же.

ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە."[1] ئـەو ئاماژەیـەی دکتـۆر مەحمـوود، ڕەنگدانەوەی ڕاسـتییەکانی پرسـی کـورد بـوون، چونکـە بەڕاسـتی لایەنگرانـی ژەنـەڕاڵ بارزانـی و پێگـەی پێشـمەرگەکانی ئـیتر ئـەو گروپـە پەرشـوبڵاوە گەریلاییـە نەبـوون کـە تونـدی چیـا و چۆڵەکانـی کوردسـتان بووبـن. بەڵکـو بابەتەکـە لـەوە دەرچـوو بـوو، وەک هێزێکـی داخـراوی چەپەکـی چیـاکان لـە شۆڕشـی کوردسـتان بڕوانرێـت. ڕاسـتییەکان بەجۆرێکـی تـر بـوون، بەجۆرێـک کـە شـۆڕش خاوەنداریێتـی سـوپایەکی ڕێکخـراو و بـە ئەزموونـی دەکـرد. سـوپایەک کـە ئەفسـەرانی پیشـەیی و پڕۆفیشـناڵ سـەرکردایەتی و ڕێنوماییـان دەکـرد و چەنـدان چەکـی مۆدێـرن و پێشـکەوتوویان لـە دەسـتدا بـوو. بەتایبەتـی خاوەنی چەندیـن بنکـەی تۆپخانـە، چەکـی دژە فڕۆکـە و تەنانـەت نارنجۆکـی بەرهەمهـێنراوی پیشەسـازی لۆکاڵـی شـۆڕش. جیالەوانـە لـەڕووی هاتوچـۆ و گواسـتنەوە و ڕایەڵـەی نێـوان ناوچەکانـی شۆڕشـەوە، بەتـەواوی تێکـڕای هێزەکانـی پێشـمەرگە پەیوەسـت و ئـاگاداری یەکتریـی بـوون. ئـەوەش دەگەڕایـەوە بـۆ پێشـینەی هەوڵەکانـی جەنـەڕاڵ بارزانـی کـە توانیبـووی بناغـەی بەڕێوەبەرایەتییەکـی بەهێـز دابڕێـژێ، بەڕێوەبەراییەتییـەک کـە دەربـڕی دەوڵەتسـازی و دۆخـی هەنگاونـان بـەرەو بابەتـی دەوڵەتداریـی دەچـوون. ئـەودەم ئەنجومەنـی سـەرۆکایەتی شۆڕشـی نەتەوەیـی کوردسـتان، لـە ٦٣ نوێنـەری پارتی، کەسـایەتیی و کوردپـەروەر و سەرۆکهۆزەکان، ڕۆشـنبیر و ئەندامانـی نێـو پێکهاتـەی ئێتنۆئایینییەکانـی وەک (کلـدان و ئاشـوورییەکان) و تەنانـەت لـە چەنـد ئەندامێکـی حیزبـی شـیوعی پێکهاتبـوون. هەڵبەتـە ئـەو ئەنجومەنـە وەک دامـەزراوەی یاسادانانی کوردسـتان ڕۆڵـی دەبینـی. دەسـتەی کارگێـڕی ئەنجومەنەکە لـە ١٧ ئەنـدام پێکهاتبـوون. ئـەوان تـەواوی ئـەو ئەرکانـەی لەملـی حکومەتێکـدا بـوون، ڕایاندەپەڕانـدن. هەروەهـا ئەنجومـەن و دامـەزراوەی دادپـەروەری، تەندروسـتی، پـەروەردە و پلاندانانـی ئابووریـش تێکـڕا زۆر بـە وردی ئاتاجـی ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی ژێـر ڕکێفـی شۆڕشـیان ڕادەپەڕانـد.

لەڕاسـتیدا هەمـوو ئـەم دامەزراوانـە بێکەموکـوڕی نەبـوون، چـوون هێشـتا هەموویـان لـە قۆناغـی سـەرەتاییدا بـوون. بەتایبەتـی پرسـی بودجـەی حکومەتێکـی وەهـا، چـون بـە پلـەی یەکـەم لـە باجـی گومرگـی و باجـە گشـتییەکانی سـەر بەرهەمـە

(1) Le Mond, 9-12.10.1968. См. также: Ирак после двух "бескровных революций". – БПИ, №220, 1968, с. 27.

کشـتوکاڵییەکان پڕدەکرایـەوە، ببوویـە سـەرچاوەیەکی گرنگـی داهاتـی ئەنجومەنـەکان و فەرمانبەرانـی هەڵسـوڕاوی نـاو دامـەزراوەکان. بۆنموونـە باجـە کشـتوکاڵییەکان بـەم شـێوەیە ڕێکخرابـوون: ١٠٪ لەسـەر دانەوێڵـە، ٢٪ لەسـەر تووتـن ( بەرهەمـەکان لـە ڕێگـەی حکومەتـی عێراقییـەوە دەفـرۆشران، بەشـێوەیەک نزیکـەی ٦٠٠ ملیـۆن فرانـک، تەنیـا لـە سـاڵێکدا، بۆ جووتیارانـی کـورد دەگەڕایـەوە). ئـەم هەلومەرجـە بـەو سـانایيە تێنەدەپـەڕی، بـەردەوام ناوچەکـە لەژێـر پەلەپیتکـەی پێشـڕەوی و هێرشـە لەناکاوەکانـی ناوەنـدا بـوو. دواجـار پێکـدادان لەگـەڵ سـەربازانی حکومـەت و جاشـەکانیاندا، گەیشـتە ئاسـتێک، تەنانـەت لـە کاتـی ئاگربەستەکانیشـدا، هیـچ گرێنتییـەک بـۆ ئەگـەری ڕوودانـی پێکـدادان نەبـوو. هەربۆیـە ئاگربەسـتەکان، بەشـێوەی ئاگربەسـتێکی گاڵتەجـاڕ و کۆمیـدی ناودەبـران. تەنیـا ئـەوە هەبـوو، بـەردەوام بارزانـی، دەرفەتـی ئاگربەسـتەکانی دەقۆسـتەوە بـۆ خۆڕێکخـستن و سـەرلەنوێ خۆسـازدانی زۆرینـەی هێزەکانیـان.

## گەڕێکی دیکەی دانوستان لە نێوان بارزانی و حکومەتدا

لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٧دا، دانوسـتاندنەکانی نێـوان حکومـەت و بارزانـی بـە شـێوەیەکی ناجێگیـر بەردەوام بـوون. لەم میانـەدا بارزانـی ڕایگەیانـد: "توخمە توندڕەوەکانـی بەغـدا، کاریگەریـی و فشـارێکی زۆریـان لەسـەر سیاسـەتی حکومەتـی ناوەنـدی هەیـە، ئـەوان لـە هەوڵـی ئـەوەدان، ڕێککەوتنـی ئاگربەسـت و زۆرێـک لـە بەندەکانـی دوانـزە خاڵەکەی نێوانمـان جێبەجـێ نەکەن."[1]بارزانی لە درێـژەی پەیامەکەیدا ئامـاژەی بـە بابەتگەلێکـی گرنـگ کـرد و وتـی: "ئێمـەی کـورد ئاتـاجمان بـە ئاشـتەوایی و ئاشـتبوونەوەی نیشـتمانی هەیـە. هەرگیـز دەسپێشـخەری شـەڕ و پێشـێلی پەیماننامـە و ئاگربەسـتەکان نابیـن". لـە ڕاسـتیدا ئـەو ڕووداوانـەی سـاڵی ١٩٦٧ چ لـە ناوخـۆی عێـراق و چ لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ڕوویانـدا، تێکـڕای پرسـە ناوخۆییەکانـی نـاو وڵاتـان، بـە پرسـی کوردیشـەوە، ناوچەکەیـان بـەرەو خواسـتی خزمەتگـوزاری و خەمـی ئاشـتەوایی ئاڕاسـتە دەکـرد. شـەڕەکان ببوونـە مۆتەکـە و مۆرکـی نائارامـی نەتەوەکانـی ناوچەکـە. ئەوەبـوو لـە ڕێککەوتـی ڕۆژی ٣ی ئایاری هەمـان سـاڵدا، ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێـراق، بڕیاریـدا قۆناغـی گواسـتنەوەی کابینەکـەی بـۆ سـاڵێکی دیکـە درێژبکاتـەوە، ئـەم بڕیـارەش بـووە مایـەی ململانـێ و شـەپۆلێکی نوێـی تووڕەیـی لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا لێکەوتـەوە. لـەم دۆخـەدا سـەرۆک عـارف بڕیاریـدا پۆسـتەکەی تاڵـب بکاتـە قوربانـی تێپەڕبوونـی تەنگژە ناوخۆییەکـە. ئەوەبـوو لـە ٦ی ئایـاردا، تاڵیبـی سـەرۆکوەزیران، ناچـار بـە دەسـت لەکارکێشـانەوە کـرا و عـارف بۆخـۆی سـەرۆکایەتی حکومەتـی نوێـی گرتەدەسـت. دواتـر لـە مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٧دا، شـەڕی ناگەهانـی عـەرەب و ئیسرائیـل، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی بەخۆیـەوە گیـردا. لـەم شـەڕە هەمەلایەنـەدا، وڵاتانـی عەرەبـی وەخۆکەوتـن. ئەوەبـوو هەریـەک لـە مـیسر (کۆمـاری یەکگرتـووی عـەرەب)ی و ئـوردن و سـوریاش بەشـداربوون. بەمـەش هەندێـک گۆڕانـکاری لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان حکومەتـی عێـراق لەگـەڵ سـوریا و یەکێتـی سـۆڤیەتدا ڕوویانـدا. بەتایبەتـی دوای ئـەوەی جەمـال عەبدولناسر ڕاگەیەنراوێکـی بڵاوکـردەوە. لـە ڕاگەیەنراوەکـەدا یەکێتـی سـۆڤیەتی بـە دڵسـۆزترین دۆسـتی عـەرەب ناوبـرد. هـەر لەژێـر کاریگەرییەکانـی ئـەو ڕاگەیەنـراوەدا، حکومەتـی

(1) Правда, 18.01.1967.

عێراقیش هەڵوێستی نواند و لەسەر تێڕوانینەکانی جەمال عەبدولناسر هاتەوەڵام. لەم کاتەدا پرسی ئازادکردنی بەشداربووانی پیلانگێڕییەکانی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦ هاتبووە ئاراوە. دیارە سەرۆکوەزیرانی پێشوو، عارف عەبدولڕەزاق، پێشتر لەکابینەکەی خۆیدا ڕێوشوێنی سیاسی زۆر توندی گرتبوویە بەر، بەجۆرێک هەزاران بەندکراوی سیاسی، سەرانسەری زیندانەکانی وڵاتیان تەنی بوو. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە، ڕووداو و پێشهاتە نوێیەکان ئەوەیان دەخواست، دیمەنەکانی ناوخۆی وڵات، هێوری و ئارامی بەخۆیانەوە ببینن. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا زیندانە سیاسییەکانی کورد و ئەو لاوانەی بەتۆمەتی کوردایەتی و کوردبوون کرابوونە بەندیخانەکانەوە، تاڕادەیەک هیوایان بە دەرچوونی بڕیاری لێبوردنێکی گشتی هەبوو. کەچی وەک ئەوەی دەبینرا، لە دووەم ڕۆژی هێرش و دەستدرێژییەکەی ئیسرائیلدا، ڕاستە فەرمانی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو لاوانەی کورد دەرکرا، ئەوانەی لە ساڵانی ١٩٦١ وە تاوەکو ١٩٦٦ بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژ بە حکومەت کردبوو، بەڵام وێڕای بڕیارەکەش، هێشتا حکومەت بڕیارەکەی نەخستە بواری جێبەجێکردنەوە. لەگەڵ ئەوەی پەرۆشی پێشمەرگە و چاوەڕوانی و تاسەی سەدان خێزانی خەڵکی کوردستان بۆ شادبوونەوە بە دیداری ڕۆڵەکانیان ڕەچاو نەکرا. بارزانیش بەوپەڕی سەبر و سەلوانەوە، سیاسەتی پابەندبوون بە چارەسەری ئاشتیانەی ململانێکانی درێژە پێدا. لەکاتێکدا زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی بەغدا، پێیان وابوو لە هەلومەرجێکی ناسک و نالەباری وەهای وڵاتەکەیاندا، بارزانی بێ هیچ گومانێک، جەنگی عەرەبی-ئیسرائیل دەقۆزێتەوە و گورزی گورچکبڕ لە وڵاتەکەیان دەدا، بەڵام بابەتەکە بەوجۆرە بینین و بیرکردنەوەی هەڵەی ئەوان نەبوو، بەڵکو بارزانی هەڵوێستێکی هاوسەنگی نیشاندا. ئەوەبوو لەکاتی ململانێکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا، بارزانی هەڵوێستی ڕاشکاوانەی شۆڕشی کوردی بۆ پەیامنێرانی ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی ڕوونکردەوە. ئەوکات ستافی ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژنامەی لۆمۆند، سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕشی کوردستانیان کردبوو. بارزانی پەیوەست بەپرسیاری ڕۆژنامەکە ڕایگەیاند: "سێ ڕۆژ پێش جەنگ، بەغدا نێردراوی خۆی ناردە لامان. دیار بوو مەبەستیان بوو داوام لێبکەن، تاوەکو ئێمەش وەک نەتەوەی موسڵمانی کورد، هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ عەرەبدا نیشان بدەین. منیش بەوە وەڵامم دانەوە، باشترین ڕێگە بۆ دوورکەوتنەوە

لە شەڕ و شۆڕی ناوچەکە، بریتییە لەوەی داوا لە جەمال عەبدولناسر بکرێت، تاوەکو دەستبەجێ هێزەکانی خۆیان لە سەرجەم سنوورەکانی ئیسرائیلدا بکشێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو دەستبەجێ کەنداوی عەقەبەش بەڕووی کەشتیگەلی ئیسرائیلیدا بکەنەوە. ئەگەرنا، هیچ گریمانە و گرەوێکی سەرکەوتن نەک لە ئارادا نییە، بەڵکو سەرجەمی سوپای عەرەبی، تووشی شکست و ڕادەستبوون و ڕاکردن دەبنەوە". بارزانی لە درێژەی دەربڕین و وەڵامی پرسیارەکانیدا بە ڕۆژنامەنوسانی لۆمۆندی ڕاگەیاند: "دواتر شاندی عێراقی داوایان لێکردم، تاوەکو یەکەی جەنگاوەرە کوردییەکان بنێرمە گۆڕەپان و شەڕگەکانی عەرەبەوە دژ بە ئیسرائیل، وەلێ منیش بەمە وەڵامم دانەوە: "ئەم کارە لەپای چی؟ ئایا دەزانن ئەوە ئێوەن تاوەکو ئێستاش، شەش ساڵی ڕەبەقە شەڕتان لە دژمان هەڵگیرساندووە و شەڕی کورد دەکەن. ئەوە ئێوەن هەوڵی لەناوبردنی گەلی کورد دەدەن، کەوایە بە چ هەقێک داوای هاوکاری و دەستگرۆیی پێشمەرگە لە من دەکەن؟". کەواتە بارزانی داوای هاوکاریکردن و بەدەمەوەچوونی پێشمەرگەی دایە دواوە، وەلێ دواتر، هیچ لێدوانێکی لەسەر داگیرکاریی ئیسرائیل یان چۆنیەتی چارەسەرکردنی ململانێی نێوان عەرەب و قاوارەی جوی نەدا. تەنانەت لە زۆربەی دیدارەکانی دواتردا، بۆ هەر پرسیارێک دووبارەی دەکردەوە: "نامەوێ هیچ بۆچوون و سەرنجێک سەبارەت بەو پرسە بخەمەڕوو". (١)

کورد پێیان وابوو، بۆخۆیان خاوەنی دۆزێکی نەتەوەیین، بۆیە سەرکردایەتی کورد نارەزایی خۆیان لەمەڕ سیاسەتی بێباکی حکومەت سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد دەردەبڕی.

دواجار بەمەبەستی کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق، عەبدوڕەحمان عارف ناچار بوو، جارێکی تر تاهیر یەحیا وەک سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکات. ئەبوو ناوبراویش دەستبەجێ حکومەتێکی نوێی پێکهێنا، لە حکومەتەکەدا پۆستی وەزیری ناوخۆیشی گرتە ئەستۆ. تاهر یەحیا وەک یەکێک لە لایەنگرانی ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بۆ چارەسەریی کێشەی کورد، بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو، دەستی دایە سیاسەتێکی تێکدەرانە بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنامەی ٢٩ی حوزەیرانی نێوان ناوەند و شۆڕشی کورد.

(1) Ирак после двух "бескровных революций", С. 25–26.

ئەوەبـوو بەزوویـی حکومـەت لـە ڕێگـەی بریکارەکانییـەوە، بـڕە پارەیەکـی بەرچـاوی تایبـەت بـە تێکدانـی یەکگرتوویـی یەکڕیـزی ناوخۆیـی بزووتنـەوەی کـورد تەرخانکـرد. لــەم میانــەدا بــە ئاشــکرا چڕکردنــەوەی چالاکییــە تیرۆریســتییەکانی فیــۆداڵ و توخمەکانـی دیکـەی دژبـەری داواکارانـی ئۆتۆنۆمـی کـورد ڕوویـان لـە زیادبـوون کـرد. لـە هەمـان کاتـدا تاهـر یەحیـای سـەرۆکوەزیران، بۆخـۆی بڕیاریـدا، پەیجـوری پرسـی کـورد بێـت و لەنزیکـەوە ئـاگاداری ئەزموونـی ململانێـکان و میتـۆدی ململانێـی نێـوان کـورد و سـوپای عێراقـی بێـت. تاهـر یەحیـا مەبەسـتی بـوو زووتـر زەمینـەی سـەرکوتی سـەرهەڵدانە نەتەوەییەکـە ببینـێ، چونکـە لەهەمبـەر تەنگـژە ناوخۆییەکانـی ناوەنـد و تێکهەڵچوونـی تەوژمـە بەعسـی و نەتەوەییەکانـی ناوخـۆ، گەلـێ گرفتـار و دڕدۆنـگ بـوو. هەمیشـە دڵـی لەمشـتیا بـوو، نـەکا کۆدەتایەکـی سـەربازی دیکـە، دەسـتی لەبنـی هەمبانەکـەوە دەرچێنـێ. هـەر ئـەم تـرس و تۆقینـەی بـوو لـە ئەگـەری کۆدەتایەکـی دیکـە، بڕیاریـدا گفتوگـۆ لەگـەڵ مسـتەفا بارازنـی دەسـتپێبکاتەوە.

ئەوەبـوو لـە کۆتایـی مانگـی ئەیلوولـی ساڵی ١٩٦٧دا، هەردوولایـان لـە هاوینەهـەواری جوندیانـی نزیـک ڕەوانـدوز کۆبوونـەوە. لـە کۆبوونەوەکـەدا شـاندەکانی هـەردوولا بـە سـەرۆکایەتی هەریـەک لـە ژەنـەراڵ بارزانـی و خـودی تاهـر یەحیـا کۆبوونـەوە. لـەم دانوسـتانەدا بارزانـی داوای بەشـداری سـەرەکی و پشـکی کـوردی لـە فەرمانڕەوایەتـی عێراقـدا دەکـرد. بۆنموونـە ڕاسـپاردنی کـوردی کـرد بـۆ چەنـد پۆسـتێکی وەزیـر و جێگـری سـەرۆک، هەروەهـا پۆسـتی فەرماندەیـی فیرقـەی دوو (ئـەوکات ئـەو فیرقەیـە لـە شـاری کەرکووکـدا جێگیـر بـوو). لـە بەرامبەریشـدا وا دیـار بـوو سـەرۆک وەزیـران چووەتـە ژێـر بـاری جێبەجێکردنـی داواکارییەکانـی بارزانییـەوە. هەڵبـەت حکومەتیـش هەندێـک مەرجـی سـەرەکی هەبـوون، لەوانـە دیسـانەوە داوای گەڕاندنـەوەی ئۆرگانـە فەرمییەکانـی حکومەتی کوردسـتانی دەکـرد بـۆ ژێـر ڕکێفـی حکومەتـی ناوەنـد. هەروەهـا داوای گەڕاندنـەوەی هەمـوو ئـەو چەکانەیـان کـرد کـە لـە شـەڕەکاندا لەلایـەن پێشـمەرگەوە دەسـتیان بەسـەردا گیـرا بـوون. بەشـێوەیەکی سـەرەکی دانوسـتانەکان ئاکامیـان هەبـوو. دەبـوو بەخێرایـی لـە ئەنجامـی دانوسـتانەکاندا دوو وەزیـری پێشـنیارکراوی کـورد، بەخێرایـی دەسـتبەکار بـن. دیـارە ئـەوە دیوێکـی دەسـپێکردنی خاڵەکانـی ڕێککەوتنەکانـی نێوانیـان بـوون، بـەڵام سـەرەڕای ئـەم ئاماژانـەی ڕێککەوتـن، کەچـی هێشـتا گەمـارۆی کوردسـتان، وەک

ئـەوەی بەڵێنیـان لەبـارەوە دابوویـە بارزانـی، بـە تـەواوی هەڵنەگیـرا. هەروەهـا حکومـەت ڕێگـەی بـە کرێکارانـی خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی نـەدەدا بچنـە ناوچـە کوردییەکانـەوە. لەبەرئـەوە دەتوانـرا بوترێـت، گرنگترینـی بەندەکانـی ڕێککەوتنـی هـەردوولا جێبەجێنەکران. بۆیـە دیسـانەوە دۆخەکـە وردە وردە خـراپتر دەبوویـەوە. سـەرەنجام ڕێـک وەکـو جارەکانـی پێشـووتر، بارزانـی بەتـەواوی لـەوە تێگەیشـت بـوو کـە ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکـداری لەگـەڵ سـەربازانی عێراقـدا، ڕێگەیەکی حەتمـی و حەکایەتێکـی نەبـڕاوەی نەریتـی دوای دانوسـتانەکانە. ئەوەبـوو بارزانـی تینـی بـۆ هـات، هیچکاتـێ هێنـدە بـاوەڕی بـە بوونـی بەڵێـن و بنەمـای پەیمانـی سیاسـییەکانی عێـراق لـەق نەبـوو.

ڕۆژی ٦ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٧ جارێکـی دیکـە چـوار وەزیـری حکومەتـی عێراقـی لەگـەڵ شـاندێکی شۆڕشـی کـورد لـە هەولێردا کۆبوونـەوە. لێـرەوە گەڕکێـی گفتوگـۆی نـوێ لەسـەر پرسـی ئۆتۆنۆمی کـورد ئەنجامدرایـەوە. دواتـر ڕۆژی ٨ی ئۆکتۆبەری هەمانسـاڵ، خودی تاهـر یەحیـا گەیشـتەوە هەولێـر و سەرپەرشـتی شـاندی بەغـدای بـۆ درێـژەدان بـە دانوسـتانەکان کـرد. ئـەم دانوسـتانانە لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٦٧ تاوەکـو ژانویـەی ١٩٦٨ بـەردەوام بـوون. دیـارە دۆخـی کوردسـتان لـە ڕادەبـەدەر مەترسـیدارتر دەبـوو. هـەر لەسـەرەتاوە دواکەوتنـی جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی ڕێککەوتنـی ٢٩ی حوزەیـران، هیـچ گومانێکـی ئەوتـۆی تێـدا نەهێشـتەوە کـە حکومـەت تەنیـا ویسـتویەتی دەرفەتـی گونجـاو بـۆ دۆزینـەوەی میکانیزمێکـی لەبـار پێشـنیار بـکات، میکانیزمێـک کـە لـە بـژاردەی سـەربازیدا بـۆ کێشـەی کـورد بتوانێـت سـەرکەوتوو بێـت. تەنانـەت لـە کاتـی دانوسـتانەکانی کوردستانیشـدا، هێشـتا پێکـداداان و هێرشـیان درێـژە پێـدەدا. زۆرجـار لەگەرمـەی دانیشـتنەکان و سـەردانی شـاندەکاندا جاشـەکان دەکەوتنـە وێـزەی هاووڵاتـی و گونـدەکان و بۆردومانـی بارەگاکانـی پێشـمەرگەیان دەکـرد. جگـە لـەوەش بـە پێـی یاسـای ڕۆژنامەوانـی کـە تـازە بەتـازە دەرچـوو بـوو، بەشـێک لـە ڕۆژنامەکانـی عێـراق داخـران. لـە نێویانـدا ڕۆژنامـەی برایەتـی (تآخـي) یاسـاغکرا. لەکاتێکـدا بڕگەکانـی ڕێککەوتنـی هـەردوولا بـواری بـۆ بابەتـی ڕۆژنامەگـەری و بەتایبەتـی ڕۆژنامـەی برایەتـی هێشـتبوویەوە. بەمجـۆرە بێمتمانەیـی و دوودڵـی بارزانـی و دەوروبەرەکـەی بەرامبـەر بـە حکومەتـی عێراقـی و بەڵێنەکانیـان گەیشـتە لوتکـە. سـەبارەت بـەم ڕەوشـی گومـان و بێمتمانەییە، بارزانـی تایبـەت بـە تیمێکـی ڕۆژنامەنووسـانی فەرەنسـی وتبـوو:"

هیچکاتێک باوەڕ بە سەرانی بەغدا ناکەین، بەتایبەتی لەوکاتانەشدا کە پێمان دەڵێن، ئیتر ئێمە تەواو یەکلابووینەتەوە بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی و ڕێککەوتن. ڕێک بزانن لەوکاتەدا، زیاتر لە هەموو کاتێک، پێدانی مافی نەتەوەیی کورد لە نیازیاندا نییە".[١] بۆیە لە هەموو ئاگربەست و دانوستانێکدا، پێشمەرگە بێ ساردبوونەوە و دەستلەخۆ بەردان، بەڵکو بەردەوامییان بە مەشقی سەربازی خۆیان و خۆئامادەکردنیان بە بەرپەرچدانەوەی ئەگەری هێرشی هێزە چەکدارەکانی حکومەت داوە. هاوکات لەناو خوازیارانی خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی کورددا، بەردەوام بیرۆکەی بەرەنگاریی درێژەی هەبووە. ئەو بیرۆکەیەی لە سەردەمی ڕژێمی عارف-یەحیادا، زیاتر زەمینەی بۆ ڕەخسا. بەشێوەیەک خەباتی چەکداریی وەک تاکە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بوو بە پرەنسیپی سەرەکی سیاسەتی پارتی و بارزانی. دوای ئەوەی هەندێک هەنگاوی کرداری لە پرۆسەی دانوستان و ڕێککەوتنەکاندا هاتبووە ئاراوە، لەوانە ساڵی ١٩٦٧ بشداری وەزیرانی کورد لە کابینەی حکومەتدا تاڕادەی دەستبەکاربوونیان چووبووە قۆناغی پراکتیکییەوە. وەلێ دەرکەوت تێکڕای ئەم هەوڵانە سیناریۆ و سیاسەتی سڕینەوەی یەکجارەکی بوونی نەتەوەیی کوردن. ئەوەبوو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٨ دوای ئەوەی لە عێراقدا هەڵبژاردنی نوێنەران دواخرا. ئیتر ئاماژەکانی ئەرتەشی عێراق و ڕوانگەی شەڕەنگێزییان زیاتر دەردەکەوتن. بۆیە بارزانی دەستبەجێ وەزیرە کوردەکانی لە حکومەت بانگکردنەوە. دواتریش هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر چیدی ڕێککەوتنی بەزاز، وەکوخۆی جێبەجێ نەکرێت، ئەوا ئەمجارە ئەمان شەڕ دەستپێدەکەنەوە. لەم کاتەدا، زۆری نەخایاند کودەتایەکی نوێی بە سەرپەرشتی و پیلانی بەعسییەکان لە بەغدادا ڕوویدا. بەمجۆرە پارتی بەعسی عەرەبی، بۆ جاری دووەم هاتە سەر شانۆی دەسەڵات.

لێرەوە ئەم ڕووداوە، وەک وەرچەرخانێک لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی عێراقدا ڕەنگدانەوەی ئەوتۆی جێهێڵا. بەشێوەیەک تەنگژەکان تادەهات تاریکتر دەپێوران. ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ڕووسی، ن.ڤی.ستیپانۆڤا، زۆر بە دروستی ئاماژە بەوە دەکات و دەنووسێت:" ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی کورد بەردەوام لە ژێر کاریگەری گۆڕانێکی هێواشدا بووە. هەربۆیە بەردەوام خەباتەکەیان بۆ دەسەڵاتی

---

(1) Ирак после двух "бескровных революций", С. 25–26.

سیاسی و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان لەژێر تینوتاوی نەریتدا بووە و زات و زەمیەی ڕچەشکاندن گەلێ هێواش بووە."[1] لێرەدا مەبەستەکە ڕۆشنە، ئەوەتا بەعسییەکان دوای ئەوەی دەسەڵاتیان وەرگرتەوە، سودیان لەو نەریتە باڵادەستەی توخمە ناکۆکەکان بینیوە. ئەوەتا ڕاستەوخۆ دەستیان کرد بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەردوو ڕەوتەکەی ناو شۆڕشدا. ئەوانیش ڕەوتی باڵادەستی ناو شۆڕش مستەفا بارزانی لەگەڵ گروپەکەی ئیبراهیم ئەحمەد-تاڵەبانیدا. سەرەتا ڕەوتی باڵادەستی بارزانی، ڕاستەوخۆ نەچوونە ژێرباری بانگهێشتی بەعسییەکانەوە، بەڵکو خۆگرییان نیشان دا. لە کاتێکدا تەوژمەکەی تر، واتە تاڵەبانییەکان زیاتر ئارەزوویەکی ئەرێنییان بەرامبەر بە بەعسییەکان هەبوو. ئەوەبوو سەرکردایەتی پارتی بەعس کە سەدام حوسێنی لەخۆگرتبوو، زیاتر پابەندی ڕێبازێکی بەرپرسیارانە بوو بۆ پرسی کورد، چونکە کارنامەی حیزب بریتی بوو لە پەسەندکردنی بڕیارێکی جێگیر سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانە بۆ پرسی کورد[2]. ئەم بڕیارەی بەرنامەی بەعسییەکان هێندە خواستی پێدانی مافەکانی کورد نەبوو، بەڵکو خواستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی و دوورکەوتنەوەیان بوو لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکانی ساڵی ١٩٦٣، چون بەهۆی شەڕی کوردەوە تەنانەت ساڵێکیش لە دەسەڵاتدا نەمانەوە.

بەعسەکان دوای ئەوەی پێگەیەکی پتەویان لە ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشدا دەستەبەر کرد، ئیتر هەوڵیان دەدا وەهەم و وێری بەشداری نوێنەرایەتی کورد و کۆمۆنیستەکانیش لە حکومەتدا بهێننە پێشەوە.بەمجۆرە لەسەرەتاوە بەعسییەکان پەیوەندییەکی ئاساییان لەگەڵ کورددا دامەزراند. بەجۆرێک ئەوان جیا لە نەتەوەییەکان، چوار وەزیری کوردیان لە حکومەتدا دامەزراند، لەوانە: موحسین دزەیی کە لەهەمانکاتدا نوێنەری مستەفا بارزانیش بوو. بەمەش نیازی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی بەزازی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دەربڕییەوە. لێرەدا بەعسییەکان بژاردەی بەرنامەکەی خۆیان بۆ پرسی ئاشتەوایی ڕووبەڕووی بارزانییەکان کردەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە ئەوانیتر واتە باڵی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی بۆخۆیان

---

(1) Степанова Н.С. Курдская проблема в Ираке. — Центр ближнево-сточных исследований. Вып. 10 (12). Сентябрь. М., 2005, С. 11.

(2) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c

لـە بەغـدادەوە بەشـداری بەدەنگەوەهاتنـی بەعسـییەکان بـوون، بـەڵام بەعسـییەکان لەپێنـاو بـرەودان بەناکۆکییەکانـی ناوخـۆی کـورد، باڵـی برایـم ئەحمەدیـان فەرامۆشـکردن. لەڕاسـتیدا ئەوانـەی ئـەوکات نوێنەرایەتـی شـۆڕشـە کوردییەکـەش بـوون، لەژێـر هەژموونـی بارزانیـدا بـوون. بۆیـە بارازنـی بوویـە نوێنـەری خواسـتەکانی کـورد و لەگـەڵ بەعسـییەکاندا چوونـە نـاو پرۆسـەیەکی نوێـی گفتوگـۆوە.

# بەشی حەوتەم

**مستەفا بارزانی، تێکۆشەری بەدیهێنانی مافەکانی کورد لە عێراقدا (١٩٦٨-١٩٧٥)**

باوەڕم بە دیموکراسی هەیە، پێمخۆشە نەتەوەکەم لە ئاشتی و ئازادیدا بژین. بەوپەڕی پەرۆشییەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم، ئاڵای کوردستان بەسەر لوتکەی چیاکانی کوردستانەوە، لە عێراق، ئێران، سوریا و تورکیادا بەچاوی خۆم ببینم.

**مستەفا بارزانی**

**پەیوەندییەکانی بارزانی و بەعسییەکان**

بارزانی لەگەڵ بەعسییەکاندا چووە ناو زنجیرەیەک دانوستانی گرنگ و چارەنوسسازەوە. بەعسییەکان پەرۆشی ڕێککەوتن و کۆتایهێنان بە ململانێ ناوخۆییەکانیان بوون لەگەڵ کورددا. ئەوان ئەزموونیان وەرگرتبوو کە بە شەڕوشۆڕ لەگەڵ کورددا، ناتوانن بەسەر ڕەوت و تەوژمە سیاسییەکانی دیکەی عێراقدا سەرکەون. هاوکات لەژێر فشاری دەرەکیشدا کەوتبوونە دۆخێکەوە کە دەسپێشخەرییان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ کورد، بە بەرژەوەندی باڵای بەعسیزم لێکدەدایەوە. بۆیە لەسەرەتاوە بە سیستەمێکی ناناوەندی، بارزانیان بە دانوستان و ئاگربەست ڕازی کرد. هەرچەند دروشمی بەردەوامی بارزانی و شۆڕشی کوردستان ئۆتۆنۆمی بوو، چون لە ئۆتۆنۆمیدا تەواوی کوردستان لەژێر ڕکێفی ڕاسانە کوردییەکەدا دەمایەوە. لەلایەکی تریشەوە، ئەو پێشنیارانە پێشهاتێکی کەم نەبوون. چون بەعسییەکان بۆ یەکەمجار لە دەستوردا دانیان بە بوونی نەتەوەیی کورد و زمانی کوردیدا دەنا. هاوکات چوبوونە ژێرباری بەشداریی و نوێنەرایەتی کوردەوە، بەجۆرێک دەبوو لە تەواوی دامەزراوەکانی حکومەتدا، ڕێژە و پێگەی کورد لەپێشچاو بگرن. ئەمە جگە لە هەژماری ئامادەیی کورد لە سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و داراییدا. لەڕاستیدا بابەتی سازشی حکومەتی عێراقی، بابەتێکی هەوەنتە نەبوو، تەنانەت شۆڕشی کورد، دەکرا زیاتر لەوەش ئاستی داواکارییەکانیان بەرزبکردایەتەوە. بەو پێیەی شەش هەفتە پێش

(ڕێککەوتنی بازازۆڤ)، پێشمەرگە لە یەکێک لە داستانەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ حکومەتدا، گەورەترین سەرکەوتنی خۆیان لە بەرزاییەکانی هندرێندا، نزیک ڕەواندوز تۆمار کردبوو. لەو سەرکەوتنەدا، تەنیا دوو سەد پێشمەرگە، بەسەر دوو فیرقەی تەواوی سوپای عێراقیدا زاڵببوون و تێکوپێکیان شکاندبوون، بەڵام بەو پێیەی، وەکو لەمێژبوو وتبوویان لە سیاسەتدا شتێک نییە ناوی ئەستەم بیت، ئەوا لەسەر ئەو بنەمایە، بارزانی ڕوانگەیەکی ڕیالیزمییانەی نیشان دا، چونکە هەر لە سەرەتاوە تێگەیشت، یارییەکە بە ئاڕاستەی سۆز و سەوداسەرێتی ناکرێت، بۆیە بە دیدێکی بەرپرسیارانەوە هاتە پێشەوە. بارزانی گەلێ دووربین بوو، دەیزانی نەک تەنیا هەموو جیهانی عەرەبی، بەڵکو تورکیا و ئێرانیش کە لە تەشەنەکردنی بزووتنەوە هاوشێوەی شۆڕشی کوردی عێراق هەترەشیان چووبوو، ئەوان بەو سانایيە تەماشای تێکۆشانی کورد و سەرکەوتنەکانیان ناکەن. بێگومان تاوەکو ئەوکات ناسیۆنالیستە کوردەکان لەبەردەم مەترسی هێرشەکانی حکومەتی ناوەندیدا بوون. هێشتا شەڕی دڕندانە لە دژی ئەوان بەڕێوەدەچوو. سەرەڕای هەموو ئەو نەیارێتییە، شۆڕش توانیبووی لەڕووی سیاسییەوە، بەشێکی بەرچاو لە بیرکردنەوەی ڕەوتە عەرەبییەکانی عێراق، بە بێلایەنی بهێڵنەوە و هاوسۆزییان بەدەست بهێنن. هاوکات بارزانی توانیبووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرێک لە لایەنە عێراقییەکاندا پێشبخات و لە بۆچوون و پشتیوانییان بەهرەمەند بێت. بۆنموونە بەعسییە چەپەکان، بەتەواوی ببوونە پاڵپشتی خەباتی ڕەوای کورد بۆ بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی. لەکاتێکدا هێشتا بەشێک لە سەرکردە سەربازییەکانی عێراق، بانگەشەی ڕێوشوێنی توندیان لە دژی کورد بڵاودەکردەوە. بەجۆرێک دوژمنایەتی ئەو ڕەوتە سەربازییە باڵادەستەی ناوخۆی عێراق، لە هەندێک هێما و ئاماژەی نەیارێتی کورددا. تاڕادەی شۆڤێنیزم شوێنی دەبوویەوە. لەڕاستیدا جۆرێک لە بێمتمانەیی یان بەرژەوەندییە تاکەکەسی و خۆپەرستییەکان ڕۆڵێکی نەرێنی لەنێوان نزیکبوونەوەی لایەنی کوردی و حکومەتدا دەگێڕا. بۆ وێنە زۆرێک لە ئەفسەرە باڵاکانی عێراق، شەڕەکان ببوونە مایەی بەرزکردنەوەی پێگە و پێدانی پۆستی باڵا و خەڵاتی گرانبەها و چەندین سوودی ماددییان (بەتایبەت لە بواری بەرزکردنەوەی دەرماڵەکان)یاندا بەدەستهێنا بوو. کەواتە ئەوان پێیان وابوو بەردەوامبوونی شەڕەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پاراستنی کاریگەریی و کاراتربوونیان

لەگـەڵ حکومەتـی ناوەندیـدا. لەڕاسـتیدا هەندێکـی تـر هەبـوون، هـەر لـە بنەڕەتـەوە متمانەیـان بـە کـورد نەبـوو. بۆیـە هیچکاتێـک هەزمـی هاوبەشـایەتی کوردیـان پێنەدەکـرا. ئـەوان لـەوە دڵنیابـوون، کـورد بـە ئۆتۆنۆمییـەوە داناکـەوێ و هیـچ گرێنتییـەک نییە سـبەی و دوسـبەی سەرشـاخی ناوەنـد نەگـرن بـۆ بابەتـی سـەربەخۆیی.

دوای کودەتـای بەعسـییەکان لـە ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٨دا. جارێکـی تـر دەسـتووری کاتـی عێـراق، لـە ئەیلوولـی ١٩٦٨ پەسـەند کـرا. دیـارە ئـەم دەسـتوورە لەبـری دەسـتووری کاتـی سـاڵی ١٩٦٤ بـوو. لێـرەوە ڕەوشـێکی نـوێ سـەریهەڵدا. لـەڕووی سیاسـییەوە جگـە لـە حزبـی بەعـس، چالاکیـی هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق قەدەغـە کـرا. لـە دەستوریشـدا هیـچ بڕگەیەکـی دیاریکـراوی پەیوەسـت بە کـورد و سـەبارەت بـە ئۆتۆنۆمـی کـورد لـە گۆڕێـدا نەبـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا حکومەتـی نـوێ، دەسپێشـخەری کـرد و بـە فەرمـی نیـازی خـۆی بـۆ دانـان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورددا ڕاگەیانـد. پارتـی و لایەنگرانـی بارزانـی کـە درێژەپێـدەری فەلسـەفەی فۆرماسـیۆنی چەکـداری خۆیـان بـوون، لـەدەرەوەی کۆنترۆڵـی حکومەتـی نوێـدا مابوونـەوە. سـەبارەت بـەم هەلومەرجـە نوێیـە ڕۆژنامەنووسـێکی ئینگلیـزی نووسـیبووی: "کوردسـتانی عێـراق لـەم ساتەدا، بووەتـە دیفاکتـۆ، چـوون بەشـێوەیەکی کاریگـەر هەرێمێکـی ئۆتۆنۆمـە، ئەوەتـا سـوپا و ئیـدارە و قوتابخانـەکان لەلایـەن لایەنگرانـی بارزانییـەوە بەڕێوەدەبرێـن. وادیـارە بەرەبـەرە و بەکاوەخـۆ، نیازیـان وایـە، بنەمـا چەقبەسـتووەکانی هێـزە کۆمەڵایەتیـی و هۆزگەراییەکـە، بـەرەو مۆدێلێکـی مەدەنـی تێپەڕێنـن. لەکاتێکـدا حکومەتـی ناوەنـدی عەرەبـی لـە بەغـدا، دەمێکـە هـەر بـە ئەنقەسـت، پـارەی بـۆ گەشـەپێدانی ناوچـە کوردسـتانییەکان تەرخـان نەکـردووە."(1) لـە ڕاسـتیدا لـە کوردسـتان، کەوتبـووە سـەرپێی خـۆی. پەروەردەیەکـی نیشـتمانی نەریتەکـەی گۆشـکردبوو. لـە چیاوچۆڵەکانـدا، لـە خانـووە قوڕەکانـی ئاواییەکانـدا، لـە هەمـوو شـارۆچکە و گوندەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی بارزانیدا، دەتوانرا بـە ئاشـکرا دروشـمی کوردسـتان یـان نەمـان ببینرێـت. لـە شـوێنێکی تـردا ڕۆژنامەنووسـێکی ئینگلیـزی ئـەم ڕاسـتیانەی وەبیـری هێنابوویـەوە و نوسـیبووی: "بارزانـی تەمـەن ٦٦ سـاڵە، وەلـێ تەندروسـتی زۆر باشـە. لەگـەڵ ئـەوەی تایبەتمەدیـی پیاوێکـی نەریتـی لـە سروشـتیدا دەبینرێـت، چونکـە لـە هەنـاوی هۆزەکانـەوە هاتووەتـە دەرێ، بـەڵام بێگومـان، دەتوانـێ

(1) Daily Telegraph, 16. 04.1969.

بیسـەلمێنێت، وەک ڕێبـەری ڕاپەڕینـی نەتەوەیـی کـورد دەمێنێتـەوە."[1] ئێسـتا ئـیتر دۆخەکـە دەرکەوتەکانـی بەسـانایی دیاربـوون. بارزانـی لەسـەر خواسـتی خۆبەڕێوەبـەری کـورد، پێداگـر بـوو. دەیەویسـت کـورد و عـەرەب شـان بـە شـانی یەکتریـی بژیـن و لـە مافـی یەکسـانیدا، پێکـەوە وەکـو یـەک بەهرەمەنـد بـن. هـاوکات پێداگرییەکـی سـەرەکی دیکـەی بارزانـی، بەدەسـتێنانی پشـکی دادپەروەرانـەی داهاتـی نەوتـی وڵاتەکـەی بوو بـۆ خەڵکـی کوردسـتان.

(1) Там же.

## ڕۆڵی بارزانی لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا

حکومەتـی نوێـی بەعـس لـە دانوسـتانەکانی لەگـەڵ کـورددا بـەردەوام بـوو، بـەڵام نەچـووە ژێربـاری ڕێککەوتنەکـەی پێشـووی بـەزازەوە، ئـەو ڕێککەوتنـەی بەندەکانـی ببوونە مەرجـی سـەرەکی داواکاری دانوسـتانەکانی بارزانـی. لـەم کاتـەدا دیپلۆماتکارانـی سـۆڤیەتی، ڕۆڵی نێوەندگیرییـان لـە دانوسـتانەکانی نێـوان بارزانـی و حکومەتـدا دەبینـی.[1] ئەوەبـوو لـە مانگـی تەمووزی سـاڵی ١٩٦٩دا، لەسـەر ڕاسـپاردەی ناوەند، ژەنەڕاڵ سـەعدون غەیـدان کـە ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی عێـراق بـوو، ڕاسـپێردرا بـۆ دەسـپێکی کۆبوونـەوە و گفتوگـۆ بەراییـەکان لەگەڵ بارزانیـدا. ناوبراو دەسپێشـخەرییەکانی بەعسـی گەیانـدە بارزانـی و چاویـان بـە یـەکتری کـەوت، وەلێ لە هـەوەڵ سـەردانیدا، هیچ بەرەوپێشـچوونێکی ئەوتـۆ ڕووینـەدا. تەنیـا ئـەوە نەبێـت بەنـاوی حکومەتـەوە، سـەرانی شۆڕشـی کـوردی ڕاگەیانـد بـوو:" ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی عێراق، ئامادەیـە قەرەبـووی هەمـوو ئـەو کەسـانە بکاتـەوە کـە بەهـۆی شەڕوشـۆڕەکانی پێشـووەوە زیانمەندبوونـە". دیـارە بارزانیـش لەپـای ئـەم دەستپێشـخەرییەدا، هـەر لـە بارەگاکـەی خۆیـەوە وەکـو ئامۆژگارییـەک ئـاگاداری کردبوویـەوە کـە ئـەوان لـە ئێستادا، کێشـە چارەسـەرنەکراوەکانیان بـەلاوە مەبەسـتە. هـەر لـەو پێناوەشـدا زیانمەندبوونـە و ئامـادەن ڕووبـەڕووی زیانـی دیکـە ببنـەوە. لـەو میانـەدا کەسـێکی وەک عەزیـز شـەریف کـە وەک سـەرۆکی لیژنـەی ئاشـتی و تەبایی لەلایـەن هـەردوولاوە پەسـەندکرابوو. لـەدوای ئـەو دیـدارەی سـەعدوون غەیدان، ڕەوانـەی کوردسـتان کـرا. ناوبـراو  چووبـووە لای بارزانـی و نیازی حکومەتـی ناوەنـدی بـۆ دەسـتپێکردنی دانوسـتانەکان گەیاندبـوو.[2] لەبەرانبـەردا بارزانـی وەک هەمیشـە پێشـوازی لـە هـەر نیازێکـی ئاشـتەوایی دووپاتکـردەوە. ئەوەبـوو دەسـبەجێ بڕیاریـدا، یەکێـک لـە هـاوکارە نزیکەکانـی خـۆی، بـە نـاوی دارا تۆفیـق، وەک وەڵامـی دەسپێشـخەرییەکانی بەعـس، بنێرێتـە بەغـدا. لەسـەر ئـەو بنەمایـە دارا تۆفیـق چـووە بەغـداد و لەگـەڵ سـەدام حوسـێنی یاریـدەدەری سـکرتێری گشـتی  بەعـس و جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش کۆبـووەوە. کاتێـک دارا تۆفیـق

(1) Примаков Е.М. Конфиденциально. Ближний Восток на сцене и за кулисами, С. 330.
(2) Там же, С. 332.

داخـوازی کـوردی خسـتەڕوو، سـەدام حوسـێن پێشـنیاری پرۆپۆزەڵێکـی کـرد بـوو. سـەدام مەبەسـتی بـوو تێکـڕای داواکارییەکانـی شـۆڕش، بەگوێـرەی بەرنامەیەکـی ورد تاوتـوێ بـکات، تاوەکـو بتوانرێـت بنەڕەتـی کێشـەکان لەلایـەن حکومەتـەوە لەبەرچـاو بگـرن و هێڵـە سـەرەکییەکانی گفتوگـۆکان دیـاری بکرێـن. لـە وەڵامـی داواکارییەکـەی سـەدامدا دارا تۆفیـق وتبووی:"پێویسـتە لەوبارەیـەوە مسـتەفا بارزانـی بڕیـار بـدات". بۆیـە بەزوویـی شـاندێک بـە نوێنەرایەتی بەعـس، ڕەوانـەی کوردسـتان کـران. شـاندەکە دروسـت لـە ٢١ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٩ لـە شـوێنێک بەنـاوی (ناوپـردان) لەگـەڵ شـاندی کوردیـدا کۆبوونـەوە. لـە کۆبوونەوەکـەدا هـەردوولا بڕیاریانـدا بەزوویی شـاندی کوردی بـە گەڵاڵەی نـوسراوی داواکارییەکانییـەوە، بچنـە بەغـدا و لـەوێ تاوتوێـی تـەواوی کێشـەکانی نێوانیـان بکـەن. دیـارە بارزانـی و لایەنگرانـی هێنـد ئـارەزووی سـازش و نزیکوونەوەیـان نەبـوو. چـون شـۆڕەت و شوناسـی بەعسـییەکان، بایـی ئـەوە نەبـوو، هیـچ هیوایەکیـان لەسـەر هەڵبچنـن. لـەم میانـەدا و لەگەرمـەی دانوسـتانەکاندا، دروسـت لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٦٩دا، یاسـایەک سـەبارەت بـە پێکهاتەیەکـی نوێی ئیـداری بۆ عێـراق دەرچـوو[1]. پەیوەندییەکانی نێـوان نوێنەرانـی حکومـەت و پارتـی، دوای بڵاوبوونـەوەی ئـەو یاسـایە بەگوێـرەی بابەتـی دانوسـتانەکان، چوونە چوارچێوەیەکـی فەرمییـەوە. ئەوەبـوو لـە کۆتایـی سـاڵدا، دانوسـتانەکان گەیشـتوونە قۆناغـی گرنـگ و هەنـگاوی زۆریـان بـڕی بـوو. بەجۆرێـک ڕێگـە لەبـەردەم چارەسـەرکردنی کۆمەڵێـک پرسـی گرنـگ واڵاکرابـوو. لـەم بارەیـەوە (ئی.م.پریماکـۆڤ) وتبـووی: " پرسـی سـەرەکی، پرەنسـیپی ئۆتۆنۆمـی کـوردە. لەگـەڵ ئەوەشـدا هیچـکام لـە لایەنـەکان نەیانتوانـی بگەنـە لێکتێگەیشـتنێکی هاوبەشـی وەهـا کـە پرسـی بەشـداریی کـورد لـە ئاسـتەباڵاکاندا یەکلایـی بکەنـەوە. هـاوکات هێشـتا توخنـی گەلـێ بابەتـی سـەرەکی نەکەوتبـوون، لەوانـە پرسـی داهاتـووی کەرکـووک و پێشـمەرگە و سـنووری ئۆتۆنۆمـی کـورد."[2] هەربۆیـە ئی.م.پریماکـۆڤ لـە یەکێـک لـە گفتوگۆکانیـدا نووسـیبووی:" پێگـەی کـورد، پەیوەسـت بـوو بـە پێگـەی بارزانـی و پارتییـەوە›".[3] کەواتـە

---

(1) Daily Telegraph, 16.04.1969.

(2) Примаков Е.М. Конфиденциально. Ближний Восток на сцене и за кулисами, C 331.

(3) Там же.

تاوەكو ئەوكات، پرسە سەرەكییەكان نە وروژابوون. ئەوەبوو لەوكات بەدواوە، دكتۆر مەحمود عوسمان بە سەرۆكی شاندی كورد لە دانوستانەكاندا دەستنیشانكرا. لەگەڵ دەستبەكاربوونی دكتۆر مەحمووددا، نێوەندگیرییەكانی سۆڤیەت سەبارەت بە كەمبوونەوەی گرژییەكان و بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی نێوان ئۆتۆنۆمیستە كوردەكان و حكومەتی بەعس بە شێوەیەكی بەرچاو دەستیان پێكرد. بەجۆرێك هەردوولا هیوایان بە ئاكامی هەوڵەكانیان زیاتر دەبوو. ئەوەبوو دانوستانەكا تاوەكو شوباتی ١٩٧٠ بەردەوام بوون. دروست لە ٦ی شوباتی ١٩٧٠دا، شاندی كوردی جارێكی تر گەیشتنەوە بەغدا. ئەمجارەیان دانوستانەكان لە گەیشتن بە ئەنجامێكی یەكلاكەرەوە لەسەر كۆمەڵێك پرسی سەرەكی سەركەوتوو بوون. ئەوەبوو هەر سەبارەت بە ئەنجامی دانوستانەكان ئی.م.پریماكۆڤ نووسی:" كورد و ناوەند، سەبارەت بە پرسی كەركووك گەیشتنە گرێكوێرەكە و كردیانەوە". ناوبراو ڕونیكردبوویەوە:" تاڕادەی ئەوە بەعسییەكان سازشیان كردبوو كە لە ئایندەدا دەشێت شارەكە بخرێتە ناو سنووری ئۆتۆنۆمی كوردەوە، بەڵام بەمەرجێك دەبوو كاروبار و داهاتی نەوت، هەر لە دەستی حكومەتی ناوەندیدا بمایێتەوە". هەڵبەتە لە كاتی دانوستانەكاندا چەندین ناكۆكی سەریانهەڵدا، ناكۆكییەكان لەسەر پرسی مافەكانی كورد نەبوون، بەڵكو لەسەر چارەنوسی پەیوەندی نێوان لایەنگرانی بارزانی و گروپی برایم ئەحمەد-تاڵەبانی بوون. ئەوان ئەوكات لە پارتی دیموكراتی كوردستان جیاببوونەوە و چووبوونە پاڵ حكومەت. هەڵبەتە حكومەتی پێش بەعسییەكان، پێشتر ئەوانی چەكدار كردبوون. بۆیە ناكۆكییەكانی بارزانی و بەعسییەكان لەسەر مەفرەزە و دەستەچەكدارییەكەی ئەوان بوو كە دەستەیەكی بچووكی ناڕێكخراوی كوردی بوون و لەژێر ناوی سوارەی سەڵاحەدین پەیوەندییان بە سوپای عێراقەوە كردبوو. دیارە ئەندامانی ئەم دەستە چەكدارییە، زیاتر لەو هۆزانەوە هاتبوون كە پێشووتر نەیاری بارزانی بوون. بۆیە كەلتوری كۆنەقین و تامی تۆڵەكردنەوە، شەرمەزاری شۆڕشی كردبوون. كەواتە ناكۆكییەكان لەسەر ئەوە بوون، بارزانییەكان داوایان كردبوو، پێویستە ئەم مەفرەزەیە هەڵبوەشێنرێتەوە و حكومەت هەموو پەیوەندییەكانی لەگەڵ گروپی (برایم ئەحمەد- تاڵەبانی)دا ڕابگرێت. ئەوەبوو لە كۆتاییدا حكومەت بەم داواكارییەی

بارزانــی ڕەزامەنــدی خــۆی دەربــڕی.[1] هــەر لــە ســەروبەندی دەرکەوتنــی ئــاکام و ئاســۆی ڕێککەوتنــی کۆتاییــدا. ســەدام حوســێن بــەرەو باکــووری عێــراق و بەمەبەســتی دیــداری بارزانــی کەوتــەڕێ. ئــەم ســەردانەی ســەدام یەکلاکــەرەوە بــوو. چــون لەکۆتایــدا توانیــان بەڵگەنامــەی ڕێکەوتننامــەی ١١ی ئــادار بگەیەننــە خاڵــی کۆتایــی و ڕێککەوتــن. دواتــر لــە ١١ی ئــاداری ١٩٧٠، ئەحمــەد حەســەن بەکــری ســەرۆککۆماری عێــراق بۆخــۆی ڕاگەیەنراوی ڕێککەوتنەکــەی لــە ڕادیــۆ و تەلەفزیۆنــی بەغداوە خوێنــدەوە. لــە ڕاگەیەنراوەکــەدا بــۆ یەکەمجــار بــە فەرمــی لەســەر بنەمــای دانپێدانانــی مافــی نەتەوەیــی کــورد بــۆ ئۆتۆنۆمــی نیشــتمانی لەنــاو کۆمــاری عێراقــدا ئاشــتەوایی کــورد و عەرەبــی ڕاگەیانــد. جیــا لــە داننــان بــە مافــی ئۆتۆنۆمیــدا، بڕیــاردرا، نەتــەوەی عــەرەب و کــورد وەک دوو نەتــەوەی ســەرەکی لــە عێراقــدا وەکــو یــەک بناسرێــن. هــەر لەســەر بنەمــای ڕاگەیەنراوەکــە، دەبــوو:

- کوردێک ببێتە جێگری سەرۆککۆمار.
- پێنج وەزیری کورد لە هەر کابینەیەکی حکومەتدا بەشداربن.

لەکۆتاییــدا بەڵگەنامەکــە بەنــاوی بەیاننامــەی ١١ی ئــادار ناســێنرا و لــە سەرانســەری عێراقــدا، بــە جــۆش و خــرۆش و خۆشــحاڵی خەڵکــەوە، پێشــوازی لێکــرا. لــەم بارەیــەوە (یڤگێنــی پریماکــۆڤ) لــە بیرەوەرییەکانیــدا، ئــەم ڕۆژانــەی لەیــاد نەکــردووە و نووســیویەتی: "لــە بەرزاییەکانــی دەوروبــەری کەرکووکــەوە، کــورد ئاگریــان کــردەوە و گۆڤەنــدی ســەرکەوتنیان دەگێــڕا. هــاوکات جەماوەرەکــە گۆڕەپانــی تەحریــری بەغدادیــان کــردە ســەکۆی ئاهەنگگێــڕان. بەجارێک خەڵکــی ڕژابوونــە کوچــە و کۆڵانەکانــی شــارەوە. گۆڕەپانەکــە لەگــەڵ شــەپۆل و شــەیپوری هوتافــی هــەزاران ئینســانی ئاشــتیخوازدا هەرایــەک بــوو ئەوســەری دیــار نەبــوو. لــەوێ ســەرۆککۆمار و ســەدام حســێن، شانبەشــانی کوڕانــی بارزانــی، مەســعود مســتەفا و ئیدریــس مســتەفا، دکتــۆر مەحمــود عوسمانیــش لــەولاوە ڕاوەســتابوون و ڕاگەیەنراوەکەیــان دەخوێنــدەوە"[2]. بــەم شــێوەیە ڕێککەوتنامــەی ١١ی ئــاداری ١٩٧٠ کۆتایــی بــە شــەڕی درێژخایەنــی کــورد و بەغــداد هێنــا. بەگوێــرەی بەیاننامەکــە خواســتی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان بەتــەواوی جێبەجــێ

(1) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c. 86.

(2) Примаков Е.М. Конфиденциально. Ближний Восток на сцене и за кулисами, С.332.

کـرا. بڕیـاری پابەندبـوون بـە جێبەجێکردنـی ئـەو بڕگەیـەی پەیوەسـت بـە کەرکـووک درابـوو. دەبـوو لـە مـاوەی چـوار سـاڵی ئاینـدەدا لەڕاپرسـیدا یەکلایـی بکرێتـەوە. بـەم شـێوەیە بناغـەی پێکهاتـەی سیاسـی، مەدەنـی، کولتـووری و ئابـووری بـۆ سیسـتەمی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان دانـرا. دوابـەدوای ئـەوە لەلایـەن پارتـی و حکومەتـەوە کۆمەڵێـک بەڵگەنامـەی گرنگـی دیکـەی پەیوەسـت بـە پرسـی کـورد پەسـەند کـران کـە تێیانـدا ڕێککەوتنـی پێشـوەختە کرابـوو. بەتایبەتـی کار لەسـەر ئەوەکرابـوو ڕێککەوتنەکـە زەمینەسـازی بـۆ سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی کـورد بـکات، تاوەکـو لـە توخمـە خێڵەکـی و فیوداڵـی و مەزهەبییـەکان قوتاربـن.[1] هەربۆیـە لای خۆشـیانەوە هـەردوولا گومانیـان لـە نیشـاندانی هـەر دڵسـۆزی و پشـتیوانییەکی ئێرانییەکان بۆ کـورد و شۆڕشـەکەی هەبوو. بارزانـی بەڕاشـکاوی بـەردەوام بۆچوونەکانـی خـۆی لەسـەر ئێرانییـەکان دەخسـتنەڕوو. ئـەو پێـی وابـوو ئێـران لەسـەر بنەمـای دوژمنایەتـی تەقلیـدی بەرامبـەر بـە عێـراق کۆمەکـی کـوردی دەکـرد.[2] هـاوکات حکومـەت لـە ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ وە، دەسـتی بـە جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـە واژۆکراوەکـەی کـرد. سـەبارەت بـە هەلومەرجـی ڕیزەکانـی ناوخـۆی سیاسـییەکانی کـورد. ئـەوکات برایـم ئەحمـەد کـە لەسـەروبەندی ڕێککەوتنەکـەوە، کاتێـک زانـی بەئـاکام گەیشـتوون، بەغـدای بـەرەو لەنـدەن جێهـێڵا. تاڵەبانیـش وەک دەستبەسـەرێک لەماڵێـدا گۆشـەگیر ببـوو. لـەم کاتـەدا بارزانـی بانگهێشـتی هەمووانـی کـرد تاوەکـو لاپەڕەیەکـی نـوێ هەڵدەنـەوە و بێنەوە نـاو ڕیزی ئۆتۆنۆمیسـتەکانەوە. هـاوکات هـەر لەسـەر داوای بارزانیـش، مەفـرەزەی سـوارەی سـەلاحەدین لـە چـەک داماڵـران و هەڵوەشـایەوە. بەمجـۆرە ئاسایيبوونەوەی پەیوەندییەکانـی نێوانیـان بەشـێوەیەکی گشـتی هاتـە ئـاراوە. لـە تەمـووزی ١٩٧٠ دا، پارتـی کۆنگـرەی داهاتـووی خـۆی لـە شـارۆچکەی گەلاڵـەدا بەسـت. چـاوەڕێ دەکـرا لـە کۆنگـرەدا بارزانـی وەک بەربژێـری پۆسـتی سـەرۆکی کوردسـتان دیـاری بکرێـت، بـەڵام بارزانـی بەربژێربوونـی خـۆی لەنـاو کۆنگرەکـەدا دایـەدواوە. بەمـەش لەلایـەن هەندێـک لـە ئەندامانـەوە بەربژێرکردنـی کەسێکی نـوێ

(1) Там же, с.89.

(2) Подробное изложение см.: Там же, с. 92–103.

بـۆ ئـەو پۆسـتە ناکۆکـی لێکەوتـەوە.[1] بۆیـە دواتـر لـە کۆبوونەوەیەکـی نهێنیـدا کـە پێنـج کاتژمێـری خایانـد، مسـتەفا بارزانـی بـە کـۆی دەنگـی هەموویـان بڕیـار درا وەک سـەرۆکی کوردسـتان هەڵبژێـرن. دوای کونگـرەی گەڵاڵـە، بارزانـی خواسـتی بەرەوپێشبردنـی هەماهەنگـی زیاتـری لەگـەڵ حکومەتـدا هەبـوو. ئـەو لەپێنـاو بەرژەوەنـدی هەمـوو عێراقییـەکان داوای هەماهەنگـی زیاتـری دەکـرد. بەتایبەتـی بانگەشـەی دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی، چاکسـازییە ئابووریـی کۆمەڵایەتییـە بنچینەییـەکان و بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو هێـزە پەڕگیرانـەی ڕێگرییـان لـە جێبەجێکردنـی خاڵەکانـی ڕێککەوتنـەکان دەکـرد ببوونـە داواکاری و کاری لەپێشـینەی بارزانـی. بۆیـە کۆنگرەکـە چەندیـن خاڵـی وەک ڕاسـپاردە ڕاگەیانـد کـە لەناویانـدا متمانـە و ڕەخسـاندنی زەمینـەی دڵنیایـی زیاتـر لەنێـوان کـورد و عـەرەب دوپاتکرایـەوە. هـاوکات بـە پشـتیوانیکردنی حکومـەت لـە هـەر هەوڵێکیـدا بـۆ جێبەجێکردنـی ڕاگەیەنراوەکـە کۆتایـی هـات. بەمجـۆرە بـە درێژایـی سـاڵی ١٩٧٠ و سـەرەتای سـاڵی ١٩٧١ کـورد و حکومەتـی ناوەنـد ڕەچـاوی ڕێککەوتنەکانـی نێوانیـان درێژەیـان بـە ئاشـتەوایی نێوانیـان دەدا. لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٧٠ دا، بارزانـی جەختـی لەسـەر جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـە و پەیمانـی هاوکاریکردنـی حکومەتـی بـۆ جێبەجێکرانـی خاڵەکانـی تـری ڕێککەوتنەکـە دووپاتکـردەوە. هـەردولاش کۆکبـوون لەسـەر ئـەوەی نیازیـان بـە بەرقەراربوونـی ئاشـتی و ئارامـی هەیـە و شەڕوشـۆڕ لەبەرژوەنـدی هیـچ لایەنێکـدا نییـە. هەربۆیـە تاوەکـو ئـەوکات گەشـبین بـوون بـەوەی ئاسایشـی تـەواو لـە هەرێمەکـەدا بەدیهاتـووە و ئەوەیـش کـە مـاوە، لـە داهاتـوودا بەدیهاتنـی دوورنییـە. [2]

لەڕاسـتیدا ڕێککەوتنەکـە بێکێشـە و کەموکـوڕی نەبـوو. بەرەبـەرە کێشـەکان بەدیـار دەکەوتـن. بەجۆرێـک وەک ئاسـتەنگێک ئامـاژەی ئاشـکرایان بـۆ دەکـرا. یەکێـک لـە ئاسـتەنگە سـەرەکییەکانی بـەردەم جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـی ئۆتۆنۆمـی کـورد، کاریگەریـی نەیارانـی نـاو پرۆسـەی ڕێککەوتنـە بـوو. ئـەوان ئاشـکرا چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی کێشـەی کوردیـان دەدایـە دواوە. بۆیـە لـە ماوەکانـی دوای ئاگربەسـتەوە، زۆر تەگـەرە و کۆسـپیان لەبـەردەم پرۆسـەکەدا قوتدەکـردەوە. شـاراوە نەبـوو؛ نەیارێتـی ئـەم

(1) Там же, с. 102.

(2) Цит. по: Washington Post, 13.12.1970

هێزانـە، زیاتـر لـە وڵاتانـی هەرێمییـەوە سـەرچاوەیان دەگـرت. بۆنموونـە ، ئیسماعیـل ئـاراری وەزیـری دادی تورکیـا بەئاشـکرا نەیارێتـی و نیگەرانـی خـۆی بـۆ هاوئاهەنگـی بارزانـی و حکومەتـی عێـراق نەدەشاردەوە. بۆیـە کاتێـک لێـی پرسرا، ئایا بارزانـی بەنیازی یەکخسـتنی کوردەکانـی عێـراق و ئێـران و تورکیایـە؟ بەڕاشـکاوی وەڵام دەداتـەوە: "ئەوانـە کـوردی عێراقـن، ئـەوان تەنیـا لـە چوارچێـوەی عێراقـدا بۆیـان هەیـە مامەڵـە بکـەن". لـە ڕاسـتیدا ئـەم جـۆرە دەربڕینانـە، ئاماژەی نیگەرانـی ئـەوان بـوو، چونکـە لـە خەمـی تەنینـەوەی تێکۆشـانی بارزانـی بـوون بـۆ کوردەکانـی نێـو وڵاتەکەیـان. بۆیـە بارزانـی هەسـتی بـە نیگەرانـی وڵاتانـی هەرێمـی کردبـوو. ئەوەتـا هـەر لـەو سـەروبەندەی دوای ١١ی ئـادار، بـە ڕۆژنامەنووسـانی ڕاگەیاندبـوو: "ئـەوە ڕاسـتە کـە هیـچ پەیوەندییـەکمان لەگـەڵ ئەوانـی تـردا نییـە. تەنیـا هیـوای سـەرکەوتن بـۆ هەمـوو لایەکیـان دەخوازیـن، بـەڵام دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتانـی دیکـەدا ناکەیـن".[1] بەمجۆرە پرۆسـەی ئاشـتەوای نێـوان کـورد و بەغـداد درێـژەی کێشـا. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاسـتەنگ و ناکۆکـی و نیگەرانـی ناوخۆیـی و هەرێمـی هـەر هەبـوون. دوای تێپەڕبوونـی سـاڵێک هەریـەک لـە سـەرکردایەتی کـورد و بەرپرسـانی حکومەتـی عێراقـی بـە هاوبەشـی یەکـەم سـاڵیادی مانیفێسـتی ڕاگەیەنـراوی ١١ی ئاداریـان بـەرز ڕاگـرت. ئەوەبوو لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٧١دا، سـەرۆک کۆمـار ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، فەرمانـی بـە دروسـتکردنی لیژنەیەکـی تایبەتـی بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکانـی ئـادار ڕاگەیانـد. سـەدام حوسـێن وەک سـەرۆکی لیژنەکـە دەسـتبەکار بـوو. لەیەکـەم کاردانـەوەی سـەدامدا لـە بەرامبەر سـەرۆک کۆمـاری عێراقـدا وتـی: "سـەربازانی عێـراق، بەرپرسـن لـە گەڕانـەوەی سـەروەریی یاسـا بـۆ سەرتاسـەری وڵات". ئەمـە وتەیـەی سـەدام، بـە ئاشـکرا هەڕەشـەیەک بـوو بـۆ سـەر کـورد. زۆر بـە فراوانیـش لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوەدا دەنگـی دایـەوە.[2] سـەرەڕای ئـەوەش لـە مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٧١ دا. تەنگژەیـەک لەنێـوان پێشـمەرگە و سـەربازانی حکومەتـدا ڕوویـدا. ئـەم تەنگـژە لـە ناوچـەی بارزانـدا قەومـا. دواجـار سەریکێشـا بـۆ پێکدادانـی چەکـداری لـە نێـوان هێزەکانـی حکومـەت و هێزی پێشـمەرگە. ڕەوشـەکە بەجۆرێـک بـوو، لەبـری هەوڵـدان بـۆ چارەسـەریی کێشـەکە و نەتەنینـەوەی

(1) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c.108
(2) Там же, с. 107–108.

ناكۆكییەكـە، كەچـی سـوپای عێـراق بـە بەكارهێنانـی هێـزی ئاسمانـی و تانـك و تۆپخانـە هێرشـیان بـردە سـەر ناوچەكـە. هەرچەنـد هەریـەك لـە سـەرۆككۆماری عێـراق و بارزانـی یاداشـتێكیان لەنێوانـدا ئاڵوگـۆڕ كـرد، دیاربـوو بـە ئامانجـی چارەسـەركردنی ململانێـكان هەڵوێسـتیان نوانـد بـوو. كێشـەكە بەگوێرەی سـەرچاوە كوردییـەكان، سـوچی حكومەتـی عێراقـی بـوو. هەربۆیـە بەرپرسـیارێتییان خسـتە ئەسـتۆی حكومـەت. ئەوەبـوو بارزانـی داوای پاشەكشـەی ئـەو هێـزە سـەربازییەی سـوپای عێراقـی دەكـرد. بـەڵام بەپێچەوانـەوە، نـەك هـەر هێـزە سـەربازییەكە نەكشـایەوە، بەڵكـو یەكەیەكـی سـەربازی كـە هێزێكـی سـوریی و ئوردنـی بـوون، لـە ناوچەكـەدا جێگیـر بـوون. پاسـاوی سـەرچاوە حكومیـەكان بـە پێچەوانـەوەی نیگەرانـی كـورد بـوو. ئـەوان ئـەو كارانەیـان وەك ڕێوشـوێنی خۆپارێـزی لـە بەرامبـەر ئەگـەری هەڕەشـە سـنوورییەكانی ئێـران پێناسـەدەكرد. ئەوەبـوو هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا پێشـمەرگەی كوردیـش، ڕاكێشرانـە نـاو پێكدادانـە سـنوورییەكانی نێـوان ناكۆكییەكانـی ئێـران و عێراقـەوە. هەڵبەتـە بەگوێـرەی ڕێككەوتنەكـە، ئەركـی سـەرەكی پێشـمەرگە، وەك وەردیانـی سـنورەكان ناویـان هاتبـوو. لەكاتێكـدا پێویسـت بـوو بارزانـی لـە نیـازی حكومـەت ئـاگادار بكرابایـە، بـەڵام بەهێـچ جۆرێـك بارزانـی لەبـارەی گرفتـە سـنوورییەكان و تەنگژەكانـی ئێـران و عێـراق، هیـچ زانیارییەكـی پێنـەدەدرا. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەگوێـرەی ڕێككەوتنـی ١١ی ئـادار، ئەركـی پێشـمەرگە ڕێگریكردنـە لـە دزەكردنـی ئێرانییـەكان بـۆ نـاو خـاك و سـنووری عێـراق. نـەك بەشـداریكردن لـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەكانیان. بۆیە ڕەتكردنـەوەی پێشـمەرگە لـە پابەندبـوون بـە فەرمانـی فەرمانـدە سـەربازییەكانی عێـراق و ناڕازیبوونـی پێشـمەرگە لـە بوونـی سـوپای عێـراق لـە كوردسـتاندا، بوویە بایسـی دوژمنایەتـی حكومەتـی بەغـداد بەرامبـەر بـە بارزانییـەكان و پێشـمەرگەی كوردسـتان. لێـرەوە ئـیتر دەسـتیان كـرد بـە گومانكـردن لـە نیـاز و دڵسـۆزی بارزانـی. ئـەوان پێیـان وابـوو بارزانـی ئامـادە نییـە دەسـەڵاتی دەوڵـەت بگەڕێتـەوە ناوچـە كوردسـتانییەكان و دۆخەكـە ئاسـایی بكاتـەوە. لێـرەوە دیسـانەوە حكومـەت دەسـتی بـردەوە بـۆ چەكـە كلاسـیكییەكە كـە بەكارهێنانـی هێـزە كوردییەكانـی تـر دژ بـە هێـزی پێشـمەرگە و خـودی بارزانـی.

## هەوڵێکی تری تیرۆرکردنی بارزانی

هەوڵێکـی تیرۆریسـتی بۆ کۆتاییهێنـان بـە ئۆتۆنۆمیسـتەکان لـە ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٧١ ئەنجامـدرا. ئـەم هەوڵـە بەتەواوەتـی پەیوەندییەکانی لەگـەڵ حکومـەت، بەتایبەتـی لەگـەڵ سـەدام حسـێندا خسـتە دۆخێکـی ناهەمـوارەوە. لـە ٢٩ی ئەیلوولـی ١٩٧١کۆمەڵـە مەلایـەک بەمەبەسـتی سـەردانی بارزانی، گەیشـتنە بـارەگای سـەرەکی. بارزانـی بۆخـۆی لـە بەگەرمی پێشـوازی لێکـردن. لـەم کاتـەدا یەکێـک لـە مـەلاکان داوای کـرد گفتوگۆکانیـان بـە ئامێرێکـی تۆمارکردنـی گـەورە تۆمـار بکرێن. ئـەوکات ئـەو دەزگایانـەی تۆمارکردنـی دەنـگ، قەبـارە و سـەنگیان چەنـد کیلۆیـەک دەبـوو. لـەم کاتەدا شـۆفێری ئـەو مینـی پاسـەی کـە مەلاکانـی گەیاندبوونـە لای بارزانـی، هێشـتا لەپشـت سـوکانەکەیەوە مابوویـەوە و نەهاتبـووە خـوارێ. هـەروەک دواتـر دەرکـەوت، دەزگای دەنـگ تۆمارکردنەکـە، بڕێـک ماددەی تەقینـەوە تێئاخـێنراوە. بەرنامەکـە بەجۆرێـک داڕێـژرا بـوو کـە دەبـوو شـۆفێری پاسـەکە، لەنێـو ماشـینەکەیەوە دەسـت بـە دوگمـەی تەقینەوەکـەدا بنـێ و کارەکـە ڕاپەڕێنـێ. هەڵبەتـە کابـرای شـۆفێر، هەربۆخـۆی ئەفسـەری هەواڵگـری عێراقـی بـوو. بۆیـە بەرنامەکەیـان بـە ئەنجـام گەیانـد و تەقینەوەکـە ڕوویـدا. تومـەز لـە ئانـی تەقینەوەکـەدا، ئـەو مەلایـەی کـە بڕیـارە لەتـەک بارزانیـدا گفتوگـۆ بـکات، بێئـاگا لـەوەی لەنـاو تەڵـەی تەقینەوەکەدایـە. هـەم دەزگاکـە بەخۆیـدا دەتەقێتـەوە، هەمیـش دەبێتـە ڕێگـر لـەوەی بارزانـی زەفەرێکـی ئەوتـۆی بەرکـەوێ. ئـەم ڕووداوە لەلایـەن ئی.م.پریماکۆڤـەوە گێڕدراوەتـەوە. ناوبـراو بۆخـۆی لـە زاری بارزانـی خۆیـەوە وتەکانـی تۆمارکـردوون. بەمجـۆرە لەسـەر زاری بارزانییـەوە دەنوسـێت: "دەسـبەجێ پاسـەوانەکانم هـەم مـەلاکان، هـەم شـۆفێرەکەیان دابوویـە بـەر دەسـترێژی گولـە، بۆیـە کەسـێک دەربـازی نەبـوو، تاوەکـو لێیـەوە لێکۆڵینـەوە لـە پیلانداڕێـژەران بکەیـن و سـەرەداوەکە بزانیـن، بـەڵام دڵنیـام ئـەم ئەتـوارە لـە کاری سـەدام حسـێن دەوەشـێتەوە." [1] لەڕاسـتیدا بارزانـی خاوەنـی هێزێکـی سـەرنڕاکێش بـوو. بەجۆرێـک هەرکەسـێک بیبینیایـە ڕێـزی

(1) Примаков Е.М. Конфиденциально. Ближний Восток на сцене и за кулисами,С.333

تایبەتـی لێدەگـرت. نەیارەکانی لەبەردەمیـدا بـەردەوام لـە دەربڕینـی بیـروڕای خۆیـان دەترسـان. بارزانـی هیـچ کاتێـک ئامادەنەبـوو لـە هـەر بارودۆخێکـدا سـازش لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی نەتـەوەی کـورد بـکات. جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، لـە ناوەرۆکـی یاداشـتێکیدا بـۆ حکومـەت نیشـاندراون. لـە یاداشـتەکەدا جگـە لـەو داواکاریانـەی پێـشتر ڕێککەوتنیـان لەسـەر کـرا بـوو، چەندیـن پێشـهاتی دیکـە هاتبوونـە ئـاراوە، بـەڵام هەمـوو ئەوانـە لەلایـەن حکومەتـەوە بەتـەواوی خرابوونـە پەرێـزی کارەکانییـەوە. بۆیـە بارزانـی لـە یاداشـتەکەیدا داوای لـە هەمـوو لایەنـەکان کردبـوو ڕۆڵـی جـدی بگێـڕن تاوەکـو کۆتایـی بـەو ناتەبایـی و ململانێیانـە بهێنـن. ئـەو ناکۆکیانـەی هەمـوو هێـزە پێشـکەوتنخواز و نیشـتمانییەکان سـەرکۆنەیان دەکـەن. هـاوکات پێویسـتە هەمـوان بگەنـە ڕێککەوتـن. هـاوکات بارزانـی جەختـی لەسـەر ئـەو ڕاسـتییانەی تێکۆشـانی خۆیـان کـردەوە کـە سـوورن ڕۆڵـی تـەواوی خۆیـان ببینـن. هـاوکات ئامـاژەی بـەوەش دا پێویسـتە هەمـوو هێـزە نیشـتمانپەروەرەکان لـەو هەلومەرجـە سیاسـییە تێبگـەن کـە نەتـەوە و نیشـتمانی کـوردی تێدایـە. ئـەم لێدوانـەی بارزانـی بـە ئامانجـی کەمکردنـەوەی گـرژی پەیوەندییەکانـی نێـوان کـورد و حکومـەت بـوو. هەرچەنـدە زۆرێـک لـە کێشـەکان چارەسـەر نەکـرا بـوون، بـەڵام هـەردوولا بـەردەوام بـوون لـە درێـژەدان بـە گفتوگـۆی ئاشـتیانە و دەسـتگرتن بـە دەسـکەوتەکانی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠وە. لەبەرانبـەردا حکومـەت گەلـێ گازەنـدە و گلەیـی لـە بەرپرسـانی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی هەبـوو. ئـەوان پێیـان وابـوو کـورد کۆمەڵێـک برگـەی ڕێککەوتننامەکەیـان جێبەجـێ نەکـردووە، بۆنموونـە گومانیـان لـەوە هەبـوو بارزانـی زۆرێـک لـە چەکـە قورسـەکانیان ڕادەسـتی حکومـەت کردبێتـەوە. لەکاتێکـدا، مسـتەفا بارزانـی، لەهەمبـەر نیازچاکـی بەعسـییەکاندا هیـچ متمانەیەکـی بـۆ دوسـت نەببـوو.[1] بۆنموونـە ڕۆژانـە بەچـاوی خۆیـان تەسـکبوونەوەی پانتاییەکانـی ئازادییـان لەپێـش ڕێکخسـتن و چالاکییەکانـی پارتیـدا دەبینـی. بەجۆرێـک لـە کوردسـتاندا لقەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بەتایبەتـی لـە شـارەکاندا پاکتاودەکـران و ئەندامانـی بـاڵا و هەڵسـوڕاوانیان بـە بەکارهێنانـی بۆمـب و هەوڵـی تیرۆرکـردن لـە بەغـدا و کەرکـووک و موسـڵ و بـەسرەدا بـە ئامانـج دەگیـران.

(1) Frankfurter Rundschau, 16.02.1972.

لەبەرئـەوە پارتـی پێـی وابـوو خەریکـن هەڵمەتێکـی تـری جینۆسـاید دژ بـە کوردسـتانی عێـراق دەسـتپێدەکەن و ئەمجارەیـان لەلایـەن بەعسـەکانەوە و بـە سـەرۆکایەتی سـەدام حوسـێن ئـەو هەڵمەتـە جێبجێدەکرێـت. جیـا لـەوەش دژایەتـی کـورد لـە ئاسـتەجیاجیاکاندا خرابوویـە بەرنامـەوە. بەرنامـەی بـە عەرەبکـردن لـە کوردسـتاندا کەوتبووەگـەڕ. ئەوەبـوو دەرپەڕانـدن و ڕاگواسـتنی بەکۆمەڵـی کـوردی فەیلـی بـۆ ئێـران، یەکێـک بـوو لـە فرەوانتریـن هەڵمەتەکانـی دەرپەڕانـدن و دوورخسـتنەوەی کـوردەکان لـە زێـد و زەواری کوردبوونـی خۆیـان. لەڕاسـتیدا بیانـووی بەعسـییەکان بـۆ دەرکردنـی بەکۆمەڵـی کـورد و داگیرکردنـی سـێ دوورگـەی سـەرەکی کەنـداوی فـارس لەلایـەن سـەربازانی شـای ئێرانـەوە بریتـی بـوو لـە تەدارەکـی دەسـپێکی بیرۆکەیەکـی دوژمنکارانــە دژ بــە بوونــی نەتەوەیــی کــورد. هەرچەنــدە تاوەکــو ئــەوکات کــورد پێیوابـوو دەرکـردن و تارنانـی فەیلییـەکان، بەشـێکە لـە پابەندنەبـوون بەعسـییەکان بـە ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠وە.

شـایانی باسـە زۆربـەی کـوردە فەیلیـەکان شـیعە مەزهـەب بـوون، لـە کاتێکـدا موسـڵمانانی سـوننە لـە عێراقـدا باڵادەسـت بـوون. لێـرەدا دەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە لـە ڕۆژنامەیەکـی بیانیـدا ئامـاژەی بـۆ کرابوو: بارزانـی بـە ئەسـتەم لـە ڕاگەیاندنەکانـەوە یــان لــە ڕادیــۆوە وتەیەکــی بڵاودەکــردەوە، چون ئــەو ڕقــی لــە دیماگۆجییــەت و هەمــوو بــەو بۆچوونانــە بــوو کــە لــە ڕادیۆکانــەوە وەک ئامــرازی دیماگۆجــی دەریاندەبڕیــن. بارزانــی کەسـایەتییەک بــوو لــە مێــژووی شــەڕێکی درێژخایەنــەوە، لەنــاو دەرئەنجامــە سیاسـییەکانیدا، خاوەنــی دەنگێکــی بەهێــز و کاریگــەر بــوو. [1] زۆرجـار بۆچوونەکانـی خـۆی لـە بازنـەی پیاوماقـوڵ و کەسـایەتییە بـە ئەزموونەکانـدا، بـە ئامـاژەی حیکایـەت و مەتـەڵ و ئیدیۆمـە کوردییـەکان وەک وانەیەکـی فێرکاریـی بـۆ دەوربـەری دەگێڕایـەوە. گرنگترینـی بۆچوونەکانـی کـە بـەردەوام دەیوەتـەوە، ئەوەبـوو دەیـوت: "مەسـەلەکە تەنیـا ئـەوە نییـە پێویسـتە لـە هـەر دەسـتدرێژییەکی چەکدارییدا، بەرگـری لـە خۆمـان بکەیـن، بەڵکـو ئێمـە بیرمـان هـا بـەلای برایانـی فەیلییـەوە، ئێسـتا ئـەوان لـە زێـدی خۆیـان هەڵکەنـراون و پێویسـتە بیانگەڕێنینـەوە

(1) Курды-фейли проживали в зоне ирано-иракской границы, явля-лись шиитами и говорили на арабском языке.

زێـدی خۆیـان. ئێمـه لـه هەمـان سـەنگەری دیموکراسـیداین، لەسـایەی سیسـتەمێکی وادا، هەمـوان دەتوانـن، بـه تـەواوی پێکهاتـه ئیتنـی و ئایینیـه جیاوازەکانـەوە، لـه زێـدی ڕاسـتەقینەی خۆیانـدا بـه ئارامـی بژیـن".[1] ئـەم لێدوانانـەی بارزانـی، لەپێنـاو پشـگیری و پەیمانـی پاراسـتنی سـەروماڵی کوردانـی فەیلیـدا بـوون. هەربۆیـه لـه درێـژەی هەڵوێسـتەکانیدا، پەیامـی دابوویـه تـاران و ئاگاداریکردبوونـەوە کـه ئـەوان ئامـادەن هەمـوو ئـەو کـوردە فەیلییانـەی بـەرەو سـنوورەکانیان ڕاگوێـزراون، ئامـادەن تێکڕایـان لـه سـنووی ناوچـه ڕزگارکـراوە کوردسـتانییەکاندا داڵدەبـدەن. ئـەم داوایـەی بارزانـی لەکاتێکـدا بـوو کـه ئـەو کـوردە فەیلییانـه لەگـەڵ دیپۆرتکردنیانـدا، بەسـەر ناوچـه جیاوازەکانـی ئێرانـدا پەرشـوبڵاو دەکران. هەربۆیـه بارزانـی ئـەم هەڵوێسـتەی ئێرانـی وەک کارێکـی نەشـیاو دەرهـەق بـەو کوردانـه دەبینـی. لەکاتێکـدا، لـەڕووی دابینکردنـی چەکوچۆڵـی سـەربازییەوە، پێویسـتی بـه دەسـگرۆیی ئێرانییـەکان بـوو، هەربۆیـه پێشـنیاری پێدانـی چـەک و یارمەتییەکانـی ئێرانـی نەدایـه دواوە. بارزانـی ئامادەکارییەکانـی بـەوە ڕووندەکـردەوە کـه هیچکاتێـک نیازیـان بـه شـەڕ و هەڵکوتانەسـەر نەیارانیـان نییـه، بەڵکـو ئامادەکارییەکانیـان تەنیـا و تەنیـا بـۆ بەرگرییـه لـه مافەڕەواکانیـان.[2] بارزانـی بەتـەواوی تێگەیشـتبوو، گەڕانـەوەی سـەقامگیری بـۆ ناوچـه کوردنشـینەکانی سـنووری ئۆتۆنۆمـی، کاتێـک فەراهـەم دێـت کـه بەعسـییەکان واز لـه دنـه و دەسـتێوەردان لەژیانـی خێڵەکـی و خزانـه نـاو نەریتـه هۆزگەراییەکـه بهێنـن. چـون ئـەوان لەبەرانبـەر لاوازکردنـی پێگـەی بارزانیـدا، بەشـێک لـه هـۆزە نەیـار و دەربارەکانـی دەسـەڵاتیان بەکاردەهێنـا. ئەمـەش کاتێـک ڕوویـدەدا کـه ڕژێـم یاسـای چاکسـازی کشـتوکاڵی وەکخـۆی جێبەجێبـکات، بـەڵام لەبەرئـەوەی نەیاندەیسـت بـرەو بـه پێشـکەوتنی ئابـووری ناوچەکوردییـەکان بـدەن، بۆیـه بایەخیـان بـه ژیانـی ئابـووری کوردسـتان نـەدەدا، بەڵکـو بابەتەکەیـان بەئاڕاسـتەی دژایەتـی بارزانـی و ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی دەخوێنـدەوە. ئـەم هەلومەرجـه هێـواش هێـواش بـووە هـۆی دارمانـی پاوانخوازییەکانـی مسـتەفا بارزانـی کـه لەسـەر بنەمـای پێکهاتـه عەشـایەری و

(1) Там же.

(2) Примаков Е.М. Конфиденциально. Ближний Восток на сцене и закулисами, C.334.

فیۆداڵییەکە دامەزرا بوو، چونکە حکومەت لەبەرانبەر ئەو هەژموونەی بارزانیدا، گەلێ لە هۆز و خێڵەکانی دیکەی دنەی بەرژەوەندییەکانیان دابوو. لە هەمانکاتدا پارتی، توانی پێداگرییەکانی لە چینەکانی خوارەوە، بکاتە فاکتەری بالادەستی ئەندێشە چەپگەراییەکەی لەناو ڕیزی ڕێکخستنەکانیدا، بەو پێیەی تاوەکو ئەوکات تەنیا لە سایەی باڵادەستی سەربازیی هاوپەیمانە خێڵەکییەکانیدا توانیبووی پێگەی خۆی لەناو ئەو پارتیدا بەهێزتر بکات. بۆیە بارزانی بەلەپێشچاوگرتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، وەک بەڵگەنامەیەکی تاکتیکی، نەک وەک بەڵگەنامەیەکی ستراتیژی. ماوەی ئاگربەستی بۆ بەهێزکردنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر تەواوی ناوچە کوردییەکاندا بەکارهێنا. بەمشێوەیە چەکدارکردنی پێشمەرگە و پڕکردنەوەی خەزێنە و کۆگاکانی چەک و ڕەخساندنی زەمینەی پەیوەندی و ڕایەڵە سیاسییەکانی. لە هەمانکاتدا پارتی پێداگری لەوە دەکرد ئەوان سەرکردایەتی جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی جوداخواز ناکەن، بەڵکو ئامانجیان خۆبەڕێوەبەری خاکی کوردستانە، نەک جیابوونەوەی کوردستان.[1] لەکاتێکدا، بەشێک لە سیاسەتمەدارانی عێراق پێیان وابوو، بارزانی بەبێ بەرزکردنەوە و پێشخستنی دروشمی جوداخوازی ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە کوردستاندا برەوپێبدات. دیارە ئەمەش مەترسییەکانی لەهەمبەر ئارامی و سەقامگیریی سیاسیی ناوخۆ و ئاراستەی دژایەتی وڵاتانی هەرێمی زیاتر دەکرد. لەڕاستیدا پێچەوانەی ئەو دروشمانە ڕاست بوون. چون بارزانی بە بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی و خواستەکانی خۆبەڕێوەبەریی، دەسەڵاتەکانی سنوردار دەبوون و لەژێر سایەی سیتەمی حکومەتی ناوەنددا دەبوون.[2]

(1) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c. 134.

(2) Там же, С. 135.

## لە نێوان خوزیارانی ئۆتۆنۆمی و خواستی بەعسییەکاندا

هاوینـــی ١٩٧٢پەیوەنـــدی نێـــوان ئۆتۆنۆمیســـتانی کـــورد و حکومەتـــی ناوەنـــدی، پەیوەســـت بـــە دەســـتێوەردان و پێشـــنیازەکانی ئێـــران، گەیشـــتنە ئاســـتێکی دیکـــەی ململانـــێ و ناکۆکیـــی. دیـــارە بابەتەکـــە تەنیـــا تەدارەکـــی ئەجێنـــدا ئێرانییەکـــە نەبـــوو، بەڵکـو ئەمەریـکا و ئیسـرائیلیش لەپشـت پشـگیریکردنی جوڵانـەوە کوردییەکـەدا بـوون. هەرچەنـدە ئـەو پشـیوانییە بەشـێوەیەکی تاکتیکـی و لەبـەر بەرژەوەندییەکانـی کـورد نەبـوو، وەلـێ بـووە هۆکارێـک کـە کۆنترۆڵـی کـورد بەسـەر زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتانەوە بەهێزتـر بـکات. دیـارە ئـەوکات بـە تـەواوی پێوەندییەکانـی نێـوان ناوەنـد و کـورد تێکنەچووبـوون، بـەڵام ناکۆکییـەکان لەسـەر دیاریکردنـی سنوورەکانی هەرێمـی خۆسـەری کـورد و ناکۆکییـەکان لەسـەر ڕێـژە و ئاسـتی بەشـداریی ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە حکومەتـدا، بەتایبەتـی پەیوەندییـە بەردەوامەکانـی بارزانـی و پێداگرییەکانـی لەسـەر دانانـی جێگـری سـەرۆک کۆمارێکـی کـورد و ئەنجامدانـی سـەرژمێریەکی دروسـت بـۆ زانینـی ژمـارەی تەواوەتـی کـورد، تێکـڕای ئـەم پرسـانە بـە هەڵپەسـێراوی و بـێ چارەسـەر مابوونـەوە. هەڵبەتـە لەسـەرووی هەموویانـەوە لەسـەر پرسـی کەرکـووک، نـەک هـەر کـورد، بەڵکـو تـورکمان و عەرەبیـش کێبڕکێـی ئێجـگار بـە پیلانیـان دەسـتپێکردبوو. هەربۆیـە کەرکـووک ببوویـە ڕۆژەڤـی باسوخواسـەکان و مشـتومڕ و ململانێی لەسـەر دەکـرا. ئـەوکات بارزانـی بـە ڕاشـکاوی ئـەوەی ڕاگەیاندبـوو؛ هـۆزە ڕەوەنـد و خێوەتنشـینەکان، لـە سـەرژمێرییەکانی مانگـی کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠دا، بـە مەبەسـتەوە هێنراونەتـە ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان و نیشـتەجێ کـراون. لەکاتێکـدا، هـەر بـە بەرنامـە زۆرێـک لـە کـورد کۆچەرییـەکان و ئـەو کوردانـەی سـەر بـە پێکهاتـەی ئاینـی و ئـایزای ناموسـڵمان بـوون، وەک کـورد تۆمـار نەکرابـوون. لـەم بارەیـەوە سـەدام حوسـێن هەوڵیـدەدا ئـەم بابـەت و بانگەشـانەی بارزانـی، وەک تۆمـەت و بابەتگەلێکـی شـێوێنراو بڕەوێنێتـەوە. بۆیـە پێشـنیاری بەکارهێنانـی ئەنجامـی سـەرژمێرییەکانی پێشـووی کردبـووە پێـوەر و داوای کـرد بـوو، سـەرژمێرییەکانی سـاڵی ١٩٥٧ بکرێنـە پێـوەری دیاریکردنـی دۆخـی داهاتـووی شـاری کەرکـووک. لەبەرانبـەردا کوردیـش داوای کـرد بـوو، مـادام وایـە، پێویسـت دەکات کوردانـی فەیلـی وەک ئاینـزای شـیعە هەژمارکرابـوون، لـە چوارچێـوەی سـەرژمێرییەکانی پێکهاتـەی کـورددا شـوێنیان

بکرێتــەوە. هەروەهــا لەبــارەی خواســتەکانی بــە خۆماڵیکردنــی کۆمپانیــا نەوتییەکانــی عێــراق کــە لــە حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٧٢ دا دەســتیان بــە نیشــتمانیکردنیان کرابــوو، ئــەم پرۆســەیە بوویــە بایســی ئــەوەی لــە شــاری سلێمانییەوە شــەڕ و پێکدادانی لێبکەوێتــەوە کــە بەهۆیــەوە ســێ هاووڵاتــی کــورد بوونــە قوربانــی. دواتریش یاخیبوونــی دیکــەی بەدواداهــات. هەرچەنــد بارزانــی ڕایگەیانــد، ئــەوان لەپشــت یاخیبوونەکانــەوە نیــن. ئەوەبــوو بێجگــە لــە ســلێمانی، لــە شــاری شەنگالیشــدا کــە هەڵکەوتەکــەی هاوســنووری ســوریا بــوو، پەیوەســت بــەو پێشــهاتانە، لەوێــش پێکــدادان هاتــە ئــاراوە، بــەڵام حکومــەت هــەر ســوور بــوو لەســەر ئــەوەی جوڵانــەوە کوردییەکــەی بارزانــی لــە ناوچــەی ئۆتۆنۆمیــدا، لەپشــت پێکــدادان و هەراهەرای هەمــوو ناوچەکەوەیــە. دیــارە نیگەرانییەکانــی حکومــەت لــەو گۆشــەنیگایەوە بــوون کــە دەیانــوت، ئــەوان پێــشتر پەنــا بــە ســنوورەکانی تورکیــا و ئێــران یاخیبــوون، ئێســتە وا خەریکــن لــە ناوچــە ســنوورییەکانی سوریاشــدا، ســەریانهەڵداوە. ئەمــەش مەترســییەکی گەورەیــە لەســەر بۆرییــە نەوتەکانــی کۆمپانیــای نەوتــی عێراقــی کــە تــازە بەتــازە هەنــگاو ڕووە و خۆماڵیکردنیــان هەڵگیــراوە. ســەرەنجام پلانــی بارزانییــەکان وەکوخــۆی بــەرەو پێشــەوە نەچــوون، چونکــە ئۆپەراســیۆنەکانی هێزەکانــی حکومــەت، لــە ناوچــە ســنوورییەکانی موســڵەوە، بەوپــەڕی توندوتیژیــی و تەمــای جەنگــەوە، هاتنەپێشــەوە و بواریــان بــە بڕســتی بزووتنــەوە نەتەوەییەکــەی ناوچــەی ئۆتۆنۆمــی و بارزانــی نــەدا، لــەو ناوچەیــەدا هەژموونــی خۆیــان یەکلایــی بکەنــەوە.[1] حکومەتــی عێراقــی، لــە دەســپێکی هەنگاوەکانیــدا بــۆ زاڵبــوون بەســەر زەمینــە کوردییەکــەدا، ســەرەتا ڕووبــەڕووی کــوردە ئێزیدییــەکان بوویــەوە. کاتێــک ئــەم پێشــهاتانە ڕوویانــدا، دەســتبەجێ بارزانــی بڕیــاری پێویســتی دا، ئەوەبــوو دەســتەیەک لــە پێشــمەرگەکانی ڕەوانــەی ناوچــە کــرد، تاوەکــو بــە هانــای کــوردە ئێزیدییەکانــەوە بچــن. لــە کاتێکــدا، کــوردە ئێزیدییــەکان و بیرکردنــەوەی پارتــی، پەیوەســت بــە مافــی ئۆتۆنۆمــی کوردســتان، وەک یــەک هاوئاهەنــگ و هاوبیــر نەبــوون، بەتایبەتــی لــەڕووی ڕوانگــە سیاســییەکەوە ئاڕاســتەیەکی جیــاواز لــە یەکتریــان هەبــوو. لەگــەڵ ئەوەشــدا بارزانــی بەتونــدی دژایەتــی دەســتێوەردان و هەڵکوتانــە ســەر ناوچــەی ئێزیدییەکانــی دەکــرد.

(1) Le Monde, 27.12.1972.

جیا لـەم پێشـهاتانە، ڕووداوی  تیرۆرکردنـی وەزیـری کشـتوکاڵ کـە هاووڵاتییەکـی کـورد بـوو، دژایەتییەکانـی نێـوان پارتـی بەعـس چوونـە نـاو قۆناغێـی نوێـی ململانێکانـەوە.

لـەم کاتـەدا بەعسـییەکان نیگەرانـی خۆیـان لەمـەڕ هەڵوێسـتی دژبەرانـەی سـەرکردایەتی بارزانـی دەربـڕی. ئـەوان پێیـان وابـوو سیاسـەتی کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی لـە ناوچـە کوردسـتانییەکاندا، دەربـڕی دژایەتـی حکومەتـی عێراقییـە. لـەم نێوەنـدەدا بارزانـی گەلـێ بـە بەرنامـە بـە ئامانـج گیـرا و چەندیـن تۆمـەت و کاری نایاسـایی درایـە پـاڵ بەرپرسـانی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتان. بۆنموونـە تۆمەتـی وەرگرتنـی چـەک لـە ئێـران و پەیوەنـدی و دەسـتێکەڵکردن لەگـەڵ ئیسـرائیل و ئەمەریـکا، بەنیـازی هەڕەشـەکردن و هەڵکوتانـە سـەر دامەزراوەکانـی حکومەتـی عێراقـی ببوویـە دەنگـۆی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامـە عێراقییـەکان. دواجـار پارتـی  لـە ٢٨ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٢ دا، یاداشـتێکی بڵاوکـردەوە. لـە یاداشـتەکەدا  وەڵامـی دەنگۆکانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی بەعسـیان دایەوە. پارتـی لـە یاداشـتەکەیاندا سـەرچاوەی سـەرەکی کێشـەکانیان بەسـتەوە بـە بابەتـی پێشـێلکردنی بەندەکانـی پەیوەسـت بـە پرسـی کەرکووکـەوە. ئـەم پەیامەشـیان بـەوردی بـۆ ڕایگشـتی ناوخۆیـی و دەرەوەیـی شـیکردبوویەوە. دیـارە بارزانـی بـەردەوام بابەتـی کەرکووکـی بەهەنـد وەرگرتبـوو. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش گومانەکانـی لەمـەڕ ڕاسـتی و دروسـتی ئـەو سـەرژمێرییانەی لـە عێراقـدا ئەنجـام درابـوون، دەستنیشـان دەکـردن. لەکـۆی هەمـوو سەرنجەکانیشـیدا، بـەردەوام ئـەوەی دووپاتدەکـردەوە کـە کەرکـووک بەشـێکی دانەبـڕاوە لـە خاکـی کوردسـتان. بارزانـی لـەم پێنـاوەدا هەمیشـە ئـەوەی دەدا بـە گوێـی دەسـەڵاتدارانی بەعـس و تێـڕای تەوژمـە سیاسـییەکانی ناوەنـددا کـە تێکۆشـانی ئـەوان، لەپێنـاو سـەندنەوەی مافـی زەوتکـراوی نەتەوەییانـدا بـەردەوام دەبێـت. هەربۆیـە ئـەوان نایانـەوێ هیـچ هێزێـک ببێتـە ڕێگـر لەبـەردەم گەشەسـەندنی ئابـووری کوردسـتان. ئابـووری کوردسـتانیش زامـن و گرێنتـی بەهێزبوونـی ئۆتۆنۆمـی کوردسـتانە.

لەڕاسـتیدا بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، کارتـی کاریگەریـی ناوخۆیـی و دەرەکییـان لەدەسـتدا بـوون. بۆیـە سـەرۆککۆماری عێـراق و سـکرتێری گشـتیی پارتـی بەعـس، ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، لـە واقیعـی بارودۆخەکـە بـە باشـی تێگەیشـتبوو، لەبـەر ئـەوە بەناچـاری هەوڵـی ڕەواندنـەوەی بێمتمانەیـی نێوانیانـی دەدا. تەنانـەت وەک ئاماژەیەکیـش بـۆ  ئاشـتەوایی، بۆخـۆی سـەردانی بـارەگای سـەرەکی

پارتـی کـرد بـوو لـە بەغـدادا. هەڵبەتـە لـەم کاتـەدا، دیسـانەوە دنـە و دەسـتێوەردان لــە وروژاندنــی ناکۆکییــە ناوخۆییەکانــدا کاری لەســەر دەکــرا. دیســانەوە بەشــێک لـەو دەسـتەبژێرانەی کۆمەڵـی کـوردی کـە لەئاکامـی نەخوێندنـەوەی واقیعـدا وێـری وروژاندنــی بابەتــە فیوداڵــی و خێڵەکییــەکان ببوویــە ڕوانگەیەکــی جــدی لەژیانیانــدا، بەشـێوەیەک باوەڕیـان بـە باسوخواسـی نیشـتمان و نەتـەوە، لـە هەمـان بەرگـی بنەمـا خێڵەکییەکـەدا یادگرتبـوو. بۆیـە ئەمانـە بەسـانایی بوونـە نێچیـری نەریتـە کلاسـیکییەکەی تێکبەردانــی ڕیزەکانــی ناوخــۆی کــورد و کرانــە کەواســووری پێــش لەشـکری دژایەتـی پێشـمەرگە و خوازیارانـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ نەتـەوەی کـورد. لـەم کاتــەدا یەکێتــی ســۆڤیەت هەوڵەکانــی خــۆی لەپێناو کەمکردنــەوەی گرژیــی و گرفتــە ناوخۆییەکانــی کــورد و عێراقــدا خســتبوونەگەڕ. بەشــێوەیەک شــیوعییەکانی هانــدا تاوەکــو پشــتگیری خۆیــان بــۆ بــەرەی پێشــکەوتنخوازی نیشــتمانی دوپاتبکەنــەوە کـە هەوەڵجـار لـە پارتـی بەعـس و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی پێکهاتبــوو. هەربۆیە بــۆ تاوتوێکردنــی ئــەم پرســە، شــاندێکی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بانگهێشــتی مۆســکۆ کــران. هــەروەک چــۆن لــە حزبــی شــیوعیش موکـەرەم تاڵەبانــی کــە ئــەوکات وەزیــری ئاودێــری بــوو، گەیشــتە مۆسـکۆ. بـەڵام دواجـار سـەردانەکە هیـچ ئەنجامێکـی ئەرێنـی و ئەوتـۆی لێنەکەوتـەوە، چونکـە هـەم بەرپرسـانی بەغدا و هــەم بارزانــی لەســەر هەمــان هەڵوێســتی پێشــوویان مانــەوە. لــە ئاکامــدا، بەهــاری ســاڵی ١٩٧٣ دا، گلۆڵــەی گەمەکــە کەوتــە لێــژی و بارزانــی بڕیـاری دەسـتپێکردنی کـردە سـەربازییەکانی، لـە ئەگـەری دوورنەخسـتنەوەی سـوپای عێــراق لــە کۆنتڕۆڵــی زیاتــری کێڵگــە نەوتییەکانــی کەرکووکــدا دا. پارتــی نیگەرانــی بەهێزبوونــی پێگــەی ئابــووری و سیاســی بەغــداد بــوو لــە کوردســتاندا، چونکــە بەجارێــک لەنــاو نــاز و نیعمەتــی نەوتــدا نەویبوونــە کڕینــی کرێگرتــە و نەیارانــی کــورد و جۆرێــک لــە بێباکیــش بیرکردنــەوەی بەرپرســانی بەعســی گرتبوویــەوە. بەمــەش بارزانــی هەســتی دەکــرد، بەرەبــەرە بیرکردنــەوە لــە بابەتــە نەتەوەییەکــە کوردسـتاندا، لـە زەمینـەی زەنگینـی ناوەنـدا کاڵ دەبێتـەوە. ئەوەبـوو دواجـار بارزانـی لـە حوزەیرانـی ١٩٧٣ دا، بـە ڕۆژنامەنووسـێکی ئەمریکـی ڕاگەیانـد: "گـەر پشـتیوانی نەتەوەکەمـان بـن، ئـەوا ئێمـەش بـە کۆنتڕۆڵکردنـی کەرکـووک، سـامانی نەوتەکـەی،

ڕادەستی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان دەکەین. کەرکووک بەشێکە لە کوردستان. خۆماڵیکردنی نەوتی کەرکووک لە ساڵی ڕابردوودا، بووەتە بایسی لەبیرکردنی ڕێککەوتنەکانی نێوانمان و وەک کردەوەیەکی دژە کورد بەکاریدەهێنن."[1]

لەڕاستیدا ئەم لێدوانەی بارزانی دەربڕی ئەو ڕاستییە بوو کە بارزانی وەکچۆن هاوسەنگی لە نێوان کرێملین و واشنتۆندا بەهەند وەردەگرت، بەوجۆرەش هەوڵیدەدا سوود لە دژایەتییەکانی نێوان ئێران و عێراق وەربگرێت. هەربۆیە ئامانجی بارزانی لە لاکردنەوە بەلای ئێرانییەکاندا، لەپێناو پێشنیاری کۆمەکی جوڵانەوە کوردییەکە بوو لە ئێرانەوە، چونکە حکومەتی شا ترسی ئەوەی هەبوو بەهێزی بڕستی ئابوریی عێراق بگاتە ئاستێکی وەها کە چیدی نەتوانێت ململانێ مێژووییەکەی نێوانیان درێژە پێبدات.

ئێران لەو قۆناغەی سەروبەندی تێکچونەوەی پەیوەندییەکان و دەسپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداریی کورددا، ڕۆڵی ڕیشەیی بینی بۆ زەمینەسازیکردن لە خێراکردنی خەباتە چەکدارییەکەدا. سەرەتا خاڵەسنوورییەکانی شلکردن بۆ دزەکردنی گواستنەوەی چەکوچۆڵ و پشتیوانی لە تەشەنەسەندنی توندوتیژی و نانەوەی ناکۆکی و نارەزایەتییەکاندا ڕۆڵی تێکدەرانەی دەبینی. تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەبوو کە زۆرێک لە زانیارییە هەواڵگیرییەکان سەبارەت بە نیازی ناوەند دژ بە فەرامۆشکردنی فەراهەمهێنانی تەواوی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە ئێرانەوە دراونەتە بارزانی.[2] تەنانەت هەلومەرجەکەش بەدیوێکی بابەتییانەدا، بەرجەستەکەری بەرژەوەندییەکانی کورد بوو، چونکە دوای خۆماڵیکردنی نەوت، ئیتر پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراق لە ئاستێکی ئێجگار باڵاو بەهێزدا بڕستیان لە لایەنی خۆرئاوا و ئەمەریکا چنی بوو. بۆیە ئەو ڕاستیانە دەدران بە گوێی سەرکردایەتی سیاسی کورد کە گوایا ئەمەریکا دەبێتە فەریادڕەسی فۆڕمێکی دیکەی دەوڵەتداریی لە عێراقدا، فۆڕمێک فەراهەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکات و کۆتایش بەو بندەستییە نەتەوەییە بهێنێ کە وەختە وێری سڕینەوەی سیستەمی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی کورستان دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

---

(1) Washington Post. 23.06.1973.

(2) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c. 137

هەمــوو ئــەم ڕازی ڕزگاریخوازییــە لەژێــر لۆژیکــی داگیرکاریــی بەعســییەکاندا، بوونــە بایســی بڕیارێکــی مێژوویــی، ئەوەبــوو دواجــار بارزانــی وازی لــە ئۆتۆنۆمــی ســاختەی سیســتەمی بەعــس هێنــا و لــە ســاڵی ١٩٧٤دا جارێکــی تــر شــەڕ هەڵگیرســایەوە. لێرەوە ئـەو ڕاسـتیانە سـەلمێنران کـە بڵـێ بارزانـی بـێ لـە باوەڕێکـی نەتەوەیـی، بـێ لـە بزووتنەوەیەکـی ناسیۆنالیسـتی کوردیـی، کاریگەرییەکـی دیکـە و دەسـتورێکی دیکـەی ئایدیۆلـۆژی ئاڕاسـتەی نـاکات. ئیتر هەمـوو ئـەو دەنگۆیانـەی لـە مێـژە بـە مـەلای سـوور لەبارەیــەوە دەیانهۆنییــەوە تێکــڕا بوونــەوە خــوری. دواجــار ئــەو وەکو ســەرکردەیەکی نەریتـی دەسـەڵاتدار درێـژەی بـە بوونـە نەتەوەییەکـەی خۆیـدا و بوویـە ئەو سـەرکردەیەی کـە دەسـەڵاتی لـە کوردسـتاندا لـە نـاو بازنـە و پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگای کوردیـدا دیـاری دەکـرا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، بارزانـی سـەلماندی، سـنورێک بـۆ چەقبەسـتوویی چەمکـە نەریتیـەکان دادەنێـت. بـۆ وێنـە لـە بـواری چاکسـازی کشـتوکاڵیدا، گورزێکی گـەورەی لــە سیســتەمی دەســەڵات و ئیمتیازاتــی کۆمەڵایەتــی ئاغــاکان دا، ئــەو گــورزەی بــۆی گرنـگ نەبـوو گـەر عوبەیـدوڵڵای کـوڕی یـان نزیکتریـن هەڤاڵەکانیشـی بگرێتـەوە.[1] ئـەم ڕووداوانـە لـە گفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ عەزیـز محەمـەدی سـکرتێری گشـتی حزبـی شـیوعی، پریماکـۆڤ لەگەڵیـدا سـازیدابوو، شـیکراوەتەوە. لەبەرانبـەردا بارزانـی پێـی وابـوو بەشـێکی دیکـە لەناڕەزایەتییـەکان لـەوەوە سـەرچاوەیان گرتبـوو کـە پێیـان وابـوو دابڕانـی پارتـی لـە هێـزە نێونەتەوەییەکانـی چـەپ، گرفتێکـی گەورەیـە، وەلـێ لەڕاسـتیدا ئـەو دابڕانـە هیـچ کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی لەسـەر چالاکییەکانـی پارتـی نەدەبـوو، چونکـە پارتـی بۆخـۆی نیـازی بزووتنەوەیەکـی ناسیۆنالیسـتیی دەیجوڵانـد. هـاوکات خـودی بارزانیش سـەرۆکایەتی باڵـی ڕاسـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی کـرد، بۆیـە بـە تونـدی لەسـەر هەڵوێسـتی دژە بەعـس و سیاسـەتەکانی سـۆڤیەتدا مایـەوە. هـاوکات بارزانـی ئاتاجـی بـە پاراسـتنی پێگـەی خـۆی و پشـتگیریی پرسـی کـورد بـوو لەلایـەن وڵاتانـی دەرەوە.[2] هەربۆیـە لـە کوردسـتاندا هەرێمێکـی دیفاکتـۆی سـەربەخۆی کـوردی دروسـت کـرد و لـە ژێر دەسـەڵاتی خۆیـدا بەردەوامـی بـە خەباتـی چەکداریـی دا. بەگشـتی بڕیـاری دەسـپێکردنەوەی شـۆڕش، نەچوونـە ژێربـاری پەراوێزخسـتنەکانی حکومەتـی ناوەنـدی بـوو، چونکـە بـە

(1) Там же, С. 155.
(2) Там же, С. 148.

ئاشـکرا بەعسـییەکان، تەمـای تێکـدان و سـڕینەوەی ئـەو ڕژێـم و نەزمـە نەتەوەییەیـان بـوو کـە وەخـت بـوو بناغـەی ئۆتۆنۆمییەکـی ڕاسـتەقینە ڕاسـتبکاتەوە. هەربۆیـە گلۆڵـەی پەیوەندییەکانـی نێـوان بەغـداد و بارزانـی بـە درێژایـی سـاڵی ١٩٧٣ هێنـدە کەوتبونـە لێـژی، بـە ئاشـکرا حکومەتـی عێـراق هەوڵـی لەناوبردنـی ئەزموونـە کوردییەکـەی دەدا.

لــە ناوەڕاســتی ســاڵی ١٩٧٣دا، ســەدام حســێن پێشــنیاری بــۆ بارزانــی کــرد، ئیدریســی کوڕی بنێرێتــە بەغــدا بــۆ دانوســتان و چارەســەرکردنی ناکۆکییەکانــی نێوانیــان، بــەڵام مــەلا مســتەفا پێشــنیارەکەی ســەدامی دایــەدواوە. دوابــەدوای ئــەوەش ســەدام حسـێن پەیامێکـی پەنهانـی بـۆ بارزانـی نـارد، تێیـدا هۆشـدارییەکی هەڕەشـەئامێزی گەیاندبـووە بارزانـی و نوسـیبووی:" بـاشتر وایـە هەنگاوێـک وەهـا نەگرنەبــەر، دەنــا ناچاریــن باجــی بابەتێکــی وەهــا تــاڕادەی ئــەوەی خاوەندارێتــی سنوورەکانی شــەتولعەرەب و ناوچــە کێشەلەســەرەکانمان ڕادەســتی ئێرانییــەکان بکەیـن. تەنیـا لەپێنـاو ئـەوەی لەمپـەری لایەنـی کـوردیمان لەپێشـدا تەخـت بکرێـت". بارزانـی تـا ئـەو ڕادەیـە ڕازی سیاسـەتەکانی بەغـدای لـەلا ڕۆشـنبوو. وەلـێ دیسـانەوە بڕیـاری خـۆی دابـوو. لێرەوە دەسـتپێکردنی پـڕۆژەی هـاوکاری ئێرانی-ئەمەریـکا بـۆ دەسپێکردنەوەی شـۆڕش، چـووە قۆناغێکـی نوێـوە. حکومەتـی عێراقیـش چەندیـن جـار داوای لـە ئێرانییـەکان کرد، پێویسـتە دەسـبەرداری پشـتیوانیکردنی ئۆتۆنۆمیسـتانی کـورد بـن. دواجـار ملنەدانـی شـای ئێـران، عێراقـی هێنایـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە پێـشتر سـەدام حسـێن سـیناریۆکەی بـۆ دارِشـتبوو. ئەوەبـوو لـە بەرامبـەر دەسـتبەرداربوونی ئێـران لــە پشــتیوانیکردنی پێشــمەرگەدا، بەغــداد بڕیــاری ڕادەســتکردنی ئاوڕێژگــەی عەرەبـی بـە ئێرانییـەکان دا[1]. بـەرەی نیشـتمانی پێشـکەوتنخواز کـە ئـەوکات هـەردوو پارتـی بەعـس و شـیوعی پێکیـان دەهێنـا. هـەردوولا پێداگرییـان لەسـەر پەیوەسـتبوونی پارتـی بـە عێراقـی یەکپارچـە و دوورکەوتنـەوە لـە دەسـتێوەردانەکانی ئێـران دەکـردەوە. ئـەم پێداگرییانـەی بـەرەی نیشـتمانی، بوویـە هۆکارێـک تـا لـە سـەرەتای پاییـزی سـاڵی ١٩٧٣ دا، بارزانییــەکان بــۆ دواینجــار پێشــنیارەکانیان خســتنەوە بــەردەم حکومەتــی عێراقـی. بەکورتـی پێشـنیارەکان بریتـی بـوون لـە ڕاسـپاردەگەلێک بـۆ بەغـدا. ئـەم ڕاسـپاردانە وەک داواکارییـەک، نـەک بـۆ دامەزراندنـی کوردسـتانێکی ئۆتۆنۆمـی، بەڵکـو

(1) Там же, С. 148.

بــۆ دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی فیدراڵــی یــان کۆنفیدراڵــی لــە عێراقــدا خرابوونــەڕوو. هەربۆیــە بــە گەیشــتنی گەلاڵــەی داواکارییــە نوێیەکانــی بارزانــی، حکومــەت بڕیاریــدا پلانــی خــۆی لــە چوارچێــوەی بــەرەی نیشــتمانیدا دابڕێژێــت. ئەوەبــوو، لــە مانگــی ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٧٣دا، بــە ئامانجــی ئامادەکــردن و پەســەندکردنی یاســای ئۆتۆنۆمــی، پڕۆژەکــەی پێشکەشــی لایەنــی پەیوەندیــداری پەیوەســت بــە ئەندامانــی بــەرەی نیشــتمانی کــرد بــۆ گفتوگۆکــردن و گەلاڵــەی ڕەشنووســی پڕۆژەکــە. ئــەم پلانــە بــە درێــژی و بــە وردی باســی لــە خاڵــە ســەرەکییەکانی ســەرجەمی سیســتەمی ئۆتۆنۆمــی کردبــوو. لێــرەدا هەریــەک لــە بەعسییەکان و کەســایەتییە کوردەکانــی نەیــاری بارزانــی و بزووتنــەوە کوردییەکــە، بــۆ دواجــار گفتوگۆیەکــی درێژخایەنیــان لەســەر داڕشــتنی پڕۆژەیاســای ئۆتۆنۆمــی ناوچــەی کوردســتان کــرد، دواتــر لەگــەڵ بارزانــی و هاوکارەکانیــدا تاوتوێــی هەمــان گەلاڵەنامــەی پڕۆژەیاســاکە کــردەوە. وا پێدەچــوو پێشــنیارەکانی لایەنــی بارزانیــش تــا ئــەو جێگایــەی بکرایــە لــەو بەڵگەنامەیــەدا لەبەرچــاو گیرابــن. دواجــار بــەم میکانیزمــە، ئەندامانــی بــەرەی نیشــتیمانی هاوڕابــوون لەســەر ئــەوەی هەرێمــی خۆبەڕێوەبــەری کوردســتان دەبێــت بودجــە و پلانــی گەشــەپێدانی ئابــوری خــۆی بــۆ تەرخانبکرێــت، بــەڵام ئامادەنەبــوون داهاتــی نــەوت بــە ڕێژەیەکــی دیاریکــراو پەیوەســت بکــەن بــە هەرێمەکــەوە. چونکــە حکومەتــی ناوەنــدی هەوڵیــدەدا تەنیــا کۆنترۆڵــی بەغــداد بەســەر ســامانە سروشــتییەکانەوە بپارێزێــت. لایەنــی بارزانــی چەنــد مەرجێکــی گرنگــی بــۆ درێــژەدان بــە دواچانســی دانوســتانەکان خســتنە ڕوو، لەوانــە:

- بابەتەکان وەک جەمسەرێکی سەرەکی پرسەکە، دەبێت بگوازرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.
- کەرکــوک نابێــت وەکــو ئیدارەیەکــی تێکــەڵ بەڕێوەبچێــت. لێــرەوە ئــەم مەســەلەیە بوویــە تەگــەرەی بــەردەم پڕۆژەیاســای ئۆتۆنۆمــی. ئەوەبــوو بــۆ دوایینجــار ئیدریــس مســتەفا بارزانــی بەمەبەســتی دوایــن چانســی گفتوگــۆکان ڕەوانــەی بەغــدا کرایــەوە.

لەکۆتایــدا لــە ١١ی ئــاداری ١٩٧٤دا، بەغــداد تاکلایەنــە پڕۆژەیاســاکەی ڕایگەیانــد و ئــەوەی بڵاوکــردەوە کە خواســتی مافــی خۆبەڕێوەبەرییــان بەخشــیوەتە ناوچــەی کوردســتان. ئەوەبــوو لــە یاســای ژمــارە ٣٣دا هاتبــوو[1]:

---

(1) Там же, С. 148.

- لەسەربنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، دەسەڵاتی ئیداری لە کوردستانی عێراق لە لایەن دەستەیەکی جێبەجێکارەوە بەڕێوەدەبرێت.
- سەرۆک و ئەندامانی ئەو دەستەیە هاوتان بە وەزیر.
- سەرۆک کۆمار مافی بەشداریکردنی لە کارەکانی کابینەی وەزیراندا هەیە.
- زمانی کوردی هاوکات لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، وەک زمانێکی فەرمی لە ناوچە کوردنشینەکاندا زمانێکی فەرمییە.
- دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتە خۆجێییەکان، پەیوەستن بە: پرسەکانی پەروەردە، ئابووری، پلاندانانی شارەکان و هتد. -کوردستان دەبێتە خاوەنی دەزگای یاسایی تایبەت بەخۆی، هەروەها پێویستە کۆمسیۆنێکی یاسایی هەبێت، تاوەکو چاودێری کاروبارەکانی دەسەڵات بکات، بۆ دڵنیابوون لەوەی سیاسەتەکانیان هاوتان لەگەڵ کاروباری دەسەڵاتدارانی ناوەنددا یان نا.
- یاساکە مافی عەرەب و تورکمان و ئاشووری و تەواوی پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دانیشتووانی کوردستان مسۆگەر دەکات.(1)
- سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی لەسەر بڕیارەکانی دەستەی کارگێڕی و دەستەی یاسادانانی کوردستان دەپارێزێت و ئەگەر پێویست بکات مافی ئەوەی هەیە بە خواستی خۆی چارەسەریان بکات، بەڵام ئەو کێشە گرنگانەی دەمێننەوە، تەنیا بێجگە لە پرسە دەستووری و ئیدارییەکان، بەڵکو کێشەکانی وەک کێشە (سەربازی-سیاسی)یەکان، ئەوا یاساکە هیچ ئیمتیازێکیان بۆ دیاری نەکات. بۆنموونە، هەر هاووڵاتییەکی کورد لەناو سوپای عێراقدا، بۆی هەیە وەک هاووڵاتییەکی بەسرە لەناو سوپای عێراقدا ببێتە سەرباز.
- هەموو هێزە چەکدارەکانی کورد (پێشمەرگە) پێویستە هەڵوەشێنەوە. سەبارەت بە پڕۆژەیاسای ئۆتۆنۆمی کە بەشێوەی تاکلایەنە ڕاگەیەنرا، ی.م.پریماکۆڤ نووسیویەتی: "ئەم یاسایە لەلایەن بارزانییەوە بە شێوەیەکی نەرێنی هەڵسەنگێنرا. بەو پێیەی لەلایەکەوە یاسایەکی وەها دەردەکرێت، لەلایەکی ترەوە پڕۆسەی دەرپەڕاندنی زۆرەملێی هاووڵاتیانی کورد و هێنان و هاوردەکردنی خێزانە عەرەبەکان بۆ شوێنیان بەردەوام بوو. بەتایبەتی ئەم

---

(1) Подробно см.: Там же, с. 148–149.

پرۆسـەیە لـە دەڤـەری کەرکووکـدا بەچڕی کەوتبـووە جێبەجێکردنـەوە". هـاوکات بـە دەرچواندنـی یاسـاکە، ئیـتر بەفەرمـی و بەهیـچ جۆرێـک بارزانـی مافـی نوێنەرایەتـی کردنـی کـوردی عێراقـی نەمـا. ئیـتر حکومەتـی بەغـداش بـە ئـارەزووی خـۆی نوێنەرانـی خەڵکـی کوردسـتانی دیاریکـردن.

دەرەنجـام بـە پەسـەندکردنی یاسـای ئۆتۆنۆمـی، لەنـاو کـورددا هیـچ کاردانەوەیەکـی کاریگـەر و خۆشـحاڵییەکی ئەوتـۆی لێنەکەوتـەوە. بـەو پێیـەی ناوچـە ستراتیژییەکانـی پەیوەسـت بـە چاڵەنەوتەکانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی سـنوورەکانی ئۆتۆنۆمیـدا مابوونـەوە. هەروەهـا کاڵوکرچـی لـە یاسـاکەدا، بەهیـچ جۆرێـک لێکەوتەیەکـی گرنـگ و گۆڕانێکـی ئەرێنـی نەخسـتە نـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتانەوە، بەڵکـو یاسـاکە بوویـە هۆکارێـک تاوەکـو ڕێگـە لەبـەردەم چالاکییـە چەکدارییەکانـی شۆڕشـی کوردسـتاندا خێراتـر بـکات. ئەوەبـوو دوای دەرچواندنـی یاسـاکە، یەکسـەر دانیشـتوانی کـوردی ناوچـە کۆنترۆڵکراوەکانـی سـەهەندی شـۆڕش، بـە سـەدان هـەزار لاوی کـورد، چەکـی پیشـمەرگایەتییان هەڵگـرت و بـەرەو بەرخۆدانـی بوێرانـەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد خۆیـان ئامادەکـرد. لێشـاوی لاوانـی کـورد، بـە پێودانگـی پێشـمەرگایەتیدا، پاڵنـەری هـۆز و خێڵەکانـی کـوردی لەپشـتەوە بـوو. بارزانییـەکان ئـەم دۆخەیـان بـۆ پێشخسـتنی پێنـاوە نەتەوەییەکـە بەکارهێنـا. بـەم شـێوەیە، جارێکـی تـر، کۆمەڵگـەی عێراقـی، لەسـەر بنەمـای بابەتـی نـەژادی، نـۆرەی جەنگێکـی دیکـەی دایەوەبـەر. لـەم جەنگـەدا بەجۆرێـک لەجـۆرەکان، فاکتـەری ئابـووری، لـە کڵۆمدانـی داهاتـی چاڵەنەوتەکانـی کەرکووکـدا، بابەتێکـی گرنگـی دەسـپێکردنەوەی ململانـێ چەکدارییەکـە بـوو. ئـەوە بێجگـە لەبوونـی هێڵێکـی هێرمۆنـی لـە جوڵـەی گۆڕانکارییەکانـی پێکهاتـەی هـۆز و تیرەکانـی کـورد و ڕەوەنـدە کۆچەرییەکانـی عەرەبـدا کـە لـە گەمـەی پرۆسـەی داگیرکاریـی ناوچـە کوردییەکانـدا گەمەکـەری گۆڕەپانـی بەعەرەبکردنـی کوردسـتان بـوون. بارزانـی و بەرگریـی لـە ١٢-١٣ی ئـاداری ١٩٧٤ یەکـەم هێرشـی کـورد بـۆ سـەر بـارەگا سـەربازی و دامـەزراوە ئاسایشـییەکانی حکومـەت دەسـتی پێکرد. ئێزگـەی ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان، لـە ڕاگەیەنـراوی دەسـپێکردنەوەی خەباتـی چەکداریـدا ڕایگەیانـد: "حکومەتـی بەغـداد لـە هەوڵـی دابەشـکردنی ڕیزەکانـی میللەتـی کورددایـە. بۆیـە بـە گیانێکـی نیشمانییـەوە. داوای لـە ڕۆڵـە قارەمانەکانـی

کـورد دەکەیـن، پێکـەوە لەپێنـاو خاکەکەمانـدا بجەنگیـن". لەبەرانبـەردا دەسـتبەجێ حکومەتـی عێراقـی، فیرقـەی ٨ی کۆمانـدۆ و پەرەشـوتەکانی ڕەوانـەی بـەرەی باکـوور کـرد، تێکرِایـان لـە کەرکـووک و موسـڵ و سـلێمانییەوە جێگیرکـران. هەڵبەتـە تاوەکـو ئـەو ئانوسـاتانەش سـەرەڕای پەرەسـەندنی گرژییـەکان، وەلـێ هێشـتا هـەر دانوسـتانی نێـوان هەردوولابـەردەوام بـوون. بـۆ نموونـە ڕۆژی ٢٣ی ئـادار شـاندێکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گەیشـتنە بەغـدا. دیسـانەوە پرسـی کەرکـووک بوویـەوە بـە جێـی مشـتومڕی دانوسـتانەکانی نێوانیـان. هەڵبەتە ئـەوکات نوێنەرانـی دیپلۆماسـی و سـەربازی سـۆڤیەت وەک نێوەندگیـر و ناوبژیوانـی نێـوان هـەردوولا مامەڵەیـان دەکرد. بـەو هیوایـەی ڕێگربـن لـە پەرەسـەندنی گرژییەکانیـان. ئـەوکات (ئـەی گرێچکـۆ)ی وەزیـری بەرگـری یەکێتـی سـۆڤیەت گەیشـتبووە بەغـدا و لەگەڵ هەریـەک لەسـەرانی بەغـداد و شـاندی سـەرکردایەتی سیاسـی کـورددا کۆببوویـەوە. سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد هەسـتیان دەکـرد بەرەوپێشـوونێک لـە نیـازی ناوەنـددا هەیـە، وەلـێ لـە هەمانکاتـدا لـە دوڕیانێکـی دژواردا بـوون، نەدەبـوو بـەو سـانایە پێشـنیارەکانی حکومـەت پەسـەند بکـەن، چـون پشـتوانییەکانی ئەمەریـکا و ئێـران، وابەسـتەی وێـری نەیارێتـی بەعسـییەکانی عێـراق بـوون.

دواجـار لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٧٤ دا، خـودی بارزانـی لەگـەڵ ئەکادیمیسـتی سۆڤیەتی ( بی.جی.گافـورۆڤ)، بەڕێوەبـەری پەیمانـگای لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهەڵاتـی ئەکادیمیـای زانسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت کۆبـووەوە، ئەوەبـوو ناوبـراو لەگـەڵ گەڕانەوەیـدا بـۆ مۆسـکۆ، بـە هاوکارەکانـی خـۆی گوتبـوو: "کوردسـتان وڵاتێکـی گەورەیـە و پێگەیەکـی گرنگـی لـە ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و ناوەڕاسـتدا داگیرکـردووە. کـورد یەکێـک لـە گەلانـی دێرینـی جیهانـە، بـەڵام بەداخـەوە، پرسـەکەیان ئێجـگار ئاڵـۆزە". هەروەهـا مێژوونـوس جەلیلـی جەلیـل وەک وەبیـری هێنانـەوەک نوسـیبووی: "لـە دوا قسـەکانی گافورۆڤـدا کـە بـە نیگەرانییەکـی قوڵـەوە قسـەکانی دەکـردن، ئـەوەی لێتێگەیشـتین گافـورۆڤ پێشـوەختە لەبـارەی نسـکۆی شۆڕشـی کـوردەوە شـتێکی زانیـوە". (ی.گ.گافـورۆڤ) سـەبارەت بـە دۆخ و دنیابینـی بارزانـی وتبـووی:" بارزانـی بـە شـێوەیەکی ڕەوان، بەزمانـی فارسـی دەدوا، ئـەو زمانـە ڕووسـییەیش کـە یادیگرتبـوو، هێشتر هـەر لەبیـری نەکـرد بـوو". بەگشـتی لەمیانـی دوایـن چانسـەکانی چارەسـەریدا، مـاوەی ١٥ ڕۆژی بـۆ ڕاگرتنـی کـردە سـەبازییەکانی نێوانیـان

دەستنیشـان کـرا. لـەو دوو هەفتەیـەدا ئامادەکاریـی بـۆ جێبەجێکردنـی پـڕۆژە یاسـای ئۆتۆنۆمـی، چڕکرابوویـەوە[1]. تەنانـەت وڵاتانـی دەرەوە و زلهێزەکانـی وەک ڕووسـیا و ئەمریـکاش ئامادەییـان لـە پرۆسـەکەدا هەبـوو. بـۆ نموونـە لـە دانوسـتانی بارزانـی لەگـەڵ ئەمەریکییەکانـدا، زانیارییـە ڕۆژنامەگەرییـەکان شـتانێکی گرنـک ئامـاژە پێـدەدەن. ئەوەتـا لەوبارەیـەوە جیـم هۆگلانـدی پەیامنێـری واشـنتۆن پۆسـت سـەبارەت بـە بۆچوونـی بارزانـی نوسـیبووی:" ئامادەیـن لەپێناو بەرژەوەندییەکانـی سیاسـەتی ئەمەریـکادا، گـەر لـە چنگـی گورگـەکان بمانپارێـزن، هـەر کارێـک بکەیـن". هەروەهـا ڕوونتر لـەو بارەیـەوە سـەرنجەکانی بارزانـی چڕکردوونەتـەوە و نوسـیویەتی: "گـەر پاڵپشـتێکی بەرچاومان هەبێـت، دەمانتوانـی کۆنترۆڵـی کێڵگـە نەوتییەکانـی کەرکـووک بکەیـن و ڕادەسـتی کۆمپانیـا ئەمەریکییەکانیـان بکەیـن."[2] ئـەم لێدوانـەی بارزانـی دەنگدانەوەیەکـی گەلـێ گـەورەی بـەدوای خۆیداهێنابـوو. هـەر لـەم کاتـەدا لـە چوارچێـوی هاوپەیمانـی پەیمانـی سـەربازی سێنتۆدا، وڵاتـی ئێرانیـش بـە ئەمەریـکاوە گرێـدرا بـوو. پەیمانـی سێنتۆ لەپێنـاو دابینکردنـی کۆنترۆڵـی هەمـوو ناوچەکـەدا ڕوانگەیەکـی ئابـووری بـۆ دۆخـی دوڵەتانـی ناوچەکـە نیشـان دەدا. ئـەم هاوپەیمانییـە چـاوی لەسـەر جڵەوگیرکردنـی جێکەوتـەی خۆماڵـی نەوتـی عێـراق بـوو. دەیزانـی دەبێـت لـە جڵـەوی جەمسـەرە سۆشیالیستییەکەدا وانەیەکـی وەهـا دابدرێـت کـە جارێکـی تـر بیـر لـە سـەرپێچی و سـیناریۆی سـەرچڵانە نەکاتـەوە. ئەوەبـوو ئێرانیـش لەسـەر بنەمـای بیرکردنـەوەی جەمسـەرە ئەمەریکییەکـەدا لـە حەفتاکانـەوە حسـاباتی بـۆ شۆڕشـی کـورد لـە کوردسـتانی عێراقـدا کردبوویـەوە. ئەگینـا شـای ئێران، لـە هەمبـەر هـەر هێمایەکـی ناسیۆنالیسـتی کوردیـدا قەڵـس و توڕەتـر لـە هـەر سـەرۆکێکی سیسـتەمە داگیرکەرەکانـی کـورد وێنـا دەکـرا. بەمجـۆرە ئاماژەکانـی جەنـگ لـە ئـاداری ١٩٧٤ کەوتنـە بـواری پراکیکـەوە. ئێرانییـەکان تەنیـا مەبەسـتیان بـوو فشـاری زیاتـر بخەنـە سـەر عێـراق، بەڵکـو لەبـارەی ناکۆکیـە سـنوورییەکانیان لـە ئاوڕێگەی عەرەبـی و چەنـد خاڵێکـی ستراتیـژی لـە دیـوی کەنـداودا کاری خۆیـان بکـەن،[3] ئەگینـا

(1) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c. 159.

(2) Цит. по: Линдер Г. Война курдов усиливает напряженность на Ближнем Востоке. – БПИ, №123, ТАСС, 27.06.1974, с. 19.

(3) Там же, с. 20.

بەهیچ جۆرێک چاویان بەرایی نەدەدا جوڵانەوەیەکی کوردی بڕەو پێبدەن. هاوکات ئەمەرکیەکانیش بەلەپێشاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان بەشێوەیەکی سنووردار، بە مەرجی گرێنتیدان بە نەوروژانی کورد لە تورکیا و ئێراندا، ئامادەیی پێدانی چەکوچۆڵی سەربازی و داراییان دایە کوردەکان. [1]جیا لەوەش ڕاوێژکارانی ئیسرائیلی لەبواری زانیاری هەواڵگیری و کۆمەکی سەربازی و یارمەتییە پزیشکییەکاندا ڕۆڵی کاریگەریان دەبینی. لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەکانی بارزانی سەرکەوتووانە کەوتنە مەتەرێزی ١٠٠ هەزار هێزی سوپایی عێراقییەوە. هەربۆیە هەندێک پێیان وایە؛ پارتی بە هۆکاری هەڵوێستی سەرۆکەکەی، کەوتە ناو جەنگێکی قوڵ و قەدەرێکی نادیارەوە.[2]
سەبارەت بە ڕێژەی کۆمەکی پێشمەرگە، شایانی باسە ٧٥ ملیۆن دۆلار تەرخانکرابوو بۆیان، هەڵبەتە تاوەکو ئەو کاتە پێشمەرگە ژمارەیان ٦٠ هەزار کەس دەبوون. لەماوەی دەسپێکردنەوەی جەنگەکەشدا تاکۆتایی، زیانەکانی سوپای عێراق زۆر گەورەبوون، بەراورد بەو زیانانەی کوردەکان هەیانبوون. بارزانی بۆخۆی سەرکردایەتی شەڕگەکانی دەکردن. بەردەوام چاوی لەسەر بوونی چەکوچۆڵ و مەشقوڕاهێنانی بەردەوام بوو. بۆیە داواکارییەکانی لە ئەمەریکییەکان بۆ پێدانی چەکی زیاتر لە جێگەی خۆیدا بوو. دواجار بارزانی شاندێکی دوو کەسی ڕەوانەی واشنتۆن کرد بۆ ئەوەی داوای چەکی قورس لە ئەمریکییەکان بکەن. بە بۆچوونی بارزانی ئەو چەکانە پێویست بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەش فیرقەی زەبەلاحی عێراقی.

شایانی باسە ئەمەریکیەکان هێند جدی نەبوون، تەنیا کوردیان بەشێوەی تاکتیکی بەکاردەهێنا. نیازی ئەوەیان نەبوو، نۆرەی بەعسییەکان بدەنە دەست هیچ هێزێکی تر. بۆیە هێنری کیسینجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئامادە نەبوو لەگەڵ ئەم شاندە کوردییەدا کۆببێتەوە. هەربۆیە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکیدا سپاردبویە کەسانێکی پەیوەندیدار بە یارمەتی سەربازی و داراییەکانی کوردەکانی عێراق کە دەسەڵاتێکی گەلێ سنوورداریان هەبوو. لەکاتێدا بارزانی پێی وابوو بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سەربازی و سیاسییەکان پێویستی بە چەکی قورس و کاریگەر

(1) Christian Science Monitor, 01.04.1974.

(2) Длер Хамад. Национально-освободительное движение в Ирак-ском Курдистане (1975–1991 гг.). СПб., 1999, с. 11.

هەیـە. ئـەو پێـی وابـوو هێشـتا هەلومەرجـە دیپلۆماسـی و سیاسـییەکە لـە بەرژەوەنـدی خەباتـی کوردایـە. بۆیـە هیـوای دەخواسـت کۆنترۆڵـی سـامانی نەوتـی باکـووری عێـراق بەدەسـتبهێنێت یـان ڕژێمـی بەعسـی بڕووخێنێـت و دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان ڕابگەیەنێـت. لـە لۆژیکـی دیپلۆماسـی بارزانیـدا خەونـی بـە دەستبەسـەرداگرتنی دەڤـەری نەوتـاوی کەرکـووک، بەشـێک بـوو لـە ڕامکردنـی ڕۆحـە ڕژد و بەرچاوتەنگەکـەی خۆرئـاوا بـۆ بەزاندنـی نەیارەکانـی.[1] لەلایەکـی تـرەوە بەگوێـرەی سـەرچاوە عێراقییـەکان، بارزانـی بەهـاوکاری ڕاوێـژکارە بیانییـەکان، خەریکـی داڕشـتنی ستراتیژێکـی نـوێ بـووە. ئـەوان لەئاسـتی توانـای سەرپەرشـتی کردنـی شـەڕگەکاندا، ڕۆڵـی بارزانـی وەهـا نیشـان دەدەن کـە بۆخـۆی هەسـتاوە سـەربازەکانی بەشـێوەیەکی هـیلال بەسـەر هەمـوو کوردسـتانی عێراقـدا دابەشـکردووە، بەجۆرێـک لـە سـەلاحەدینەوە بـۆ ڕۆژهـەلات و باشـوور، هەموو ئـەو ناوچەیـەی لـە دەربەندیخانـەوە تـا جەلـەولا کردووەتـە بەرەیەکـی بەرخودانەکـەی. هەروەهـا لـە باکـووری ڕۆژئاواوە تاوەکـو زاخـۆ و دهۆکیـش بەرەیەکـی تـری جەنگەکـە درێژبووەتـەوە کـە تاوەکـو سـنووری تورکیـا بـەردەوام بـووە. ئـەم ناوچەیـە بـۆ پێشـمەرگە ئاسـانتر بـووە، بـەو پێیـەی لـە زەوییـە شـاخاوی و دژوارەکانـی ئاشـنا بـە خۆیـان هەڵکەوتـوون.[2] لەکاتێکـدا، یەکێتـی سـۆڤیەتیش خەریـک بـووە دەسـتی هـاوکاری بـۆ عێـراق درێـژ کـردووە. هەرچەنـد سـۆڤییەت لـە چارەسـەرکردنی ناکۆکییەکانـی ناوەنـد لەگـەڵ کـورددا هەوڵێکـی بێوچانـی دەدا، بـەڵام دواتـر بەغـداد زانـی لـە سـەرەتای پاییـزی سـاڵی ١٩٧٤ گروپێکـی کـوردی چوونەتـە مۆسـکۆ. شـاندەکە وادیـارە بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ نوێنەرانـی سـۆڤیەت سـەردانی ئەوێیـان کـردووە. بۆیـە سـەرانی بەعـس گومانیـان لـە هەمبـەر نیـازی ڕاسـت و دروسـتی سـۆڤیەتییەکان بـۆ دروسـت ببـوو. سـەبارەت بـە پرسـی نێوەندگیـری سـۆڤیەت لـە یەکلاییکردنـەوەی پەیوەندیـی و ناکۆکییەکانـی کـورد لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق، سـەرکردایەتی سـۆڤیەت پابەنـد بـوو بـە هێڵـی بەدواداچـوون بـۆ سـازان لـە نێـوان کـورد و حکومەتـدا کـە پێیوابـوو بەرژەوەنـدی هەمـوو لایەنەکانـی تێدابـوو. بۆیـە پرۆسـەی دانوسـتانەکانی عێـراق و سـۆڤیەت دەسـتپێکرد بـوو، لـەو ماوەیەشـدا ڕێککەوتنیـان لەسـەر کێشـەی کـورد کردبـوو. دواجـار حکومەتـی عێراقیـش

---

(1) he Guardian, 09.05.1974.

(2) Ghareeb E. The Kurdish Question in Iraq, c. 162.

بـە خۆبەڕێوەبـەری بـۆ ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی بارزانـی ڕازی بـوو. ئەوەبـوو لـە ٣٠ی تەمـووزی ١٩٧٤ بـە پێـی یاسـای ئۆتۆنۆمـی، ٦٠ کەسـایەتی دیـاری کـورد بـۆ ئەنجومەنـی یاسـادانان دەستنیشـان کـران. لەسـەر ئـەم ڕێککەوتنەیـان لەگـەڵ سـۆڤیەدا، ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لێبوردنێکـی گشـتیان بـۆ هەمـوو تێکۆشـەرانی کـورد ڕاگەیانـد بـوو. ئەوەبـوو لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٧٤ حکومـەت نـاوی ١٢ ئەندامـی دیکـەی ئەنجومەنـی یاسـادانانی دیاریکـرد. دواتـر لـە ٣١ی ئابـدا ئـەم دەسـتەیە بـە تـەواوی بوونـە ٨٠ ئەندامـی هەڵبژێـردراو. بەمـەش لیژنـەی بـاڵای کاروبـاری باکـوور بـە سـەرۆکایەتی خـودی سـەدام حوسـێن، ئـیتر بڕیـار بـوو لـە نزیکـەوە مامەڵـە لەگـەڵ پرسـە سـەربازی و سیاسـییەکانی باکـووری عێراقـدا بـکات. لەسـەرەتاوە لیژنەکـە بڕیاریـدا سیاسـەتێکی شـێلگیرانە بـە ئامانجـی چەسـپاندنی پرۆسـەی ئاشـتەوایی لەگـەڵ کـورددا پەیـڕەو بـکات.[1] ئـەم کارەی حکومـەت بـە تەنیـا ڕەزامەنـدی کوڕەزایەکـی مـەلا مسـتەفای بارزانـی لێکەوتـەوە، بەنـاوی شـێخ عـوسمان ئەحمـەدی کوڕی ڕابـەری ڕۆحـی گەلـی بـارزان.

سـەرەنجام تێکـڕای هەوڵـەکان بێئـاکام دەرچـوون. بۆیـە لـە کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٤ و ژانویـەی ١٩٧٥دا شـەڕی ناوەنـد دژ بـە کـورد دەسـتیپێکردەوە. سـەرەتا حکومـەت بڕیاریـدا سـوپا ڕەوانـەی سـنووری ئێـران بـکات. لێـرەوە فەوجێکـی سـەربازی کـە پێکهاتبوو لـە ٥٠٠٠-٦٠٠٠ سـەربازی کـورد، تێکـڕا لـە خزمـەت سـوپای دەوڵەتـدا دامـەزران. بەمـەش هێـزی پێشـمەرگەی بارزانـی خۆیـان لـە نێـوان سـوپای عێـراق و ئێرانـدا بینیـەوە. ئەوەبـوو لـە میانـی ئۆپراسـیۆنە سـەربازییەکاندا، سـوپای ئێرانیـش لەشکرکێشـییەکانی خـۆی بۆنـاو خاکـی عێـراق دەسـتپێکرد. ئـەم دەسـتێوەردانەش وایکـرد چـیتر سـوپای عێـراق نەتوانێـت پێشـمەرگە کوردەکـەی بارزانـی بـە گەمارۆکانـی دوولـەت بـکات. بـە پێچەوانـەوە پێشـەرگە توانـی دەسـەڵاتی بشـکێ بەسـەر وانـدا، بەجۆرێـک کـە توانـای تەقەکردنیـان لـە سـەنگەرەکانی سـوپای حکومـەت لـە سـنووری هەولێـردا بەشـێوەیەک بـوو کـە پێشـمەرگە دەکـرا هەژموونـی بەسـەر سـوپای عێراقـدا زیاتـر بووبێـت.

---

(1) Там же, с. 168–169.

## کورد نەیتوانی بەرهەمی سەرکەوتن بچنێتەوە.

لـە مـاوەی سـاڵێکی ڕەبەقدا، هێرشـە بەردەوامەکانـی سـوپای عێـراق بۆسـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە بـەردەوام بـوون. هەردوولا دووچـاری زیانێکـی بەرچاویـان ببوونـەوە. دواجـار هـەردوولا شـەکەتی شـەڕەکان ببـوون. عێـراق ڕازی ببـوو لەگـەڵ ئێرانـدا بگاتـە ڕێککەوتـن. دواجـار لـە ٦ی ئـاداری ١٩٧٥ دا، ڕێککەوتنـی جەزائیـر لەنێـوان هـەردوولادا واژۆ کـرا. بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـە شـای ئێـران، هەمـوو خواسـتەکانی خـۆی سـەپاندبوو. تەنیـا لەبەرامبـەر ئـەوەی بەڵێـن بدات پاڵپشـتیکردنی پێشـمەرگەکانی بارزانـی ڕابگرێـت. دوای واژۆکردنـی ئـەم ڕێککەوتنـە، سـەبارەت بـە یەکلاکردنـەوەی ململانـێ سـنوورییەکان، ڕێـڕەوە سـنوورییەکانی ئێـران کـە لێیانـەوە هەمـوو هاوکارییـە دەرەکییەکانیـان دەگەیاندنـە دەسـت پێشـمەرگە داخـستن. لێـرەوە دەسـتبەجێ شۆڕشـی کـورد تووشـی شکسـت بـوو. شـا محەممـەد ڕەزای پەهلـەوی دوای ئـەوەی لـە جەزائیرەوە گەڕایـەوە تـاران. ڕاسـتەوخۆ داوای بینینی بارزانـی کـرد. ئەوەبـوو لـە (١٢ی ئادار)دا، شـای ئێـران ڕایگەیانـد: "بـەس تەنیـا هاوکارییەکانـی بـۆ پێشـمەرگەکانی بارزانـی ڕانەگرتـووە، لەئەگـەری درێـژەدان بـە جەنگەکەیـان، ئـەوا سـەرجەم سـنوورەکان بەسـەریاندا دادەخەیـن". هـەر بـە پێـی ئـەو ڕێککەوتنـە نوێیـە ئێـران، ئامادەیـی دەردەبڕێـت بـۆ هاوکارییکردنـی سـەربازی عێـراق". بـەم پێیـە بارزانـی و پێشـمەرگەکانی بژاردەیەکـی وەهایـان لەپێشـدا نەمابوویـەوە، تەنیـا ئـەوە نەبێـت، کـە:

- ئایـا وەک پەنابـەر لـە ئێرانـدا بمێننـەوە بەبـێ ئـەوەی مافـی هیچ بەشـدارییەکی چالاکییـە سیاسـییەکان بکـەن.
- ئایـا بگەڕێنـەوە بـۆ عێـراق و ڕادەسـتی ڕژێـم بنـەوە؟ دیـارە دەسـەڵاتدارانی عێراقـی لێبوردنیـان بـۆ هەمـوو ئـەو کەسانە ڕاگەیانـد بـوو کـە لـە شۆڕشـی کورددا بەشـداربوونە.

بەگشـتی بارزانـی تووشـی شـۆک بـوو. بـە کۆڵـێ مەراقـی پیلانگێڕییەکانـی زلهێزانـی دنیـاوە، گەڕایـەوە کوردسـتان. لـەوێ لـە بـارەگای تایبەتـی خۆیـدا تەلەگرامێکـی بـۆ حکومـەت نـارد و داوای سـەرلەنوێ دەسـتپێکردنەوەی دانوسـتانەکانی کـرد. هـەر لەهەمان کاتـدا، دروسـت لـە ١٥ی ئـاداردا، نوێنـەری دەزگای هەواڵگریـی ئێرانـی (سـاواک) لـە حاجی ئۆمەرانـەوە دەرکـەوت و کارنامـەی ڕاگرتنـی شۆڕشـی ڕادەسـت بـە بارزانـی کـرد. هـاوکات

لەگـەڵ هـەر سـەرپێچییەکدا، هەڕەشـەی دەسـتێوەردانی سـەربازی ئێرانـی کـرد بـوو. ئەمـە ئـەو دۆخـە تراژیدییـە بـوو کـە بارزانـی بـۆ خـۆی لـە گۆشـەگیرییەکی تـەواودا خـۆی بینیـەوە. جارێکـیتر لەوپەڕی نائومێدییـەوە لەڕێگەی ڕادیـۆوە بانگەوازێکـی بـۆ ئیـدارەی ئەمریـکا بەرزکـردەوە. بەشـێوەیەک بتوانـێ کاریگـەری لەسـەر بۆچوونـی ئێرانییـەکان هەبێـت. لـە ١٩ی ئـاداردا بارزانـی پێشـنیاری ئاشـتی نـارد بـۆ سـەرۆک ئەحمـەد حەسـەن بەکـر. حکومەتیـش داوای ڕادەسـتبوونی چەکـی شـانی پێشـمەرگەکانی دەکـرد. سـەرۆککۆمار وەڵامی پەیامەکـەی بارزانـی بـەوە دابوویـەوە کـە تاکـە شـتێک ئێسـتاکە بارزانـی بتوانێـت بیـکات، ئەوەیـە لەسـەر بەڵێنـی لێبوردنـی گشـتی حکومەتـی عێراقیـدا ڕەزامەنـدی دەرببڕێـت. ئەنجومەنـی شۆڕشـی کوردسـتان لـە ١ی نیسـاندا بەرنامـەی کاری خـۆی بـە پلـەی یەکـەم لەسـەر پێداچوونـەوە بـە ئەنجامەکانـی کۆبوونـەوەی تـاران ڕێکخسـت. هـاوکات جەختیـان لەسـەر مەترسییەکانی ڕێککەوتنی ئێران و عێـراق لـە ڕوانگـەی کێشـەی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـوردی عێـراق دەستیشـان کـردن. بەگشـتی لـە کۆبوونـەوەی سـەرکردایەتی شۆڕشـدا، بـە وردی بارودۆخـی سیاسـی و سـەربازی کوردسـتان شـیکرایەوە. هەربۆیـە بـە پشـتبەستن بـە ڕاسـتییە مێژووییـەکان، سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد گەیشـتنە ئـەو ئەنجامـەی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـەڕووی توانـای درێـژەدان بـە شۆڕشـە چەکدارییەکـەدا:

- خـۆراک و تەقەمەنـی پێویسـتیان بـۆ درێـژەدان بـە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان لانیکەم تاوەکـو دوو سـاڵی دیکە لەبەردەسـدایە.
- هێـزی پێشـمەرگەی کـورد ژمارەیـان ٦٠ هـەزار پێشـمەرگە دەبـوو. هـاوکات ٤٣ هـەزار ئێشـمەرگەی خۆبەخـش ناویـان تۆمـار کرابـوو. لـەو کەسـانەش کـە پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانـی شۆڕشـەوە کردبـوو، لەتـەواوی پسـپۆڕییە جیاوازەکانـدا ئەمانـە لەخزمەتـی خەباتەکـەدا بـوون:

٤٧٠ ئەفسـەر، ٩٨ پزیشـک، ٢٢٠ ئەندازیـار، ٦٠ مامۆسـتای زانکـۆ و پەیمانـگا، ٢١٢٠ مامۆسـتای قوتابخانـە و بـە سـەدان نووسـەر و ڕۆژنامەنوس هەبـوون. بەگشـتی لەڕیزەکانی شۆڕشـدا بایەخێکـی تـەواو بـە ڕاگەیانـدن دەدرا و لـە ڕادیـۆی شـۆڕش ڕێوشـوێنی تۆکمـە و بەبەرنامـە گیرابوویەبـەر. لـە بەرنامەکانـدا بـێ لـە زمانـی کـوردی، بەڵکـو بـە

زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و چەند زمانێکی دیکە پەیامە گرنگەکان و بەرنامەکانی شۆڕش پەخشدەکران. هەروەها لەڕووی توانای دارایی بزووتنەوەکەوە، شۆڕش خاوەنی یەک ملیۆن دینار بوو کە دەیکردە (نزیکەی ٧٥ ملیۆن دۆلار).

بەگشتی بۆچوونی کەسانی پسپۆڕ و پەیوەندیدار لەسەر پرسە سەرەکییەکان و ئایندەی شۆڕش گەلاڵە کرا بوو. تێکڕای سەرنجی گشتی لەبارەی پرسەکانەوە بەسەر ئەم بۆچوونانەدا دابەشدەکران، لەوانە: کەمینەیەک هەبوون پێشنیاریان کردبوو، پەنابەرنە بەر ئێران، یان لە ئەگەری دەرچوونی لێبوردنی گشتیدا ڕادەستی حکومەت بنەوە. زۆرینەیان پێداگرییان لەسەر درێژەدان بە خەبات و بەرخودانی چەکداریی دەکردەوە. لەم میانەدا خودی بارزانی هاوڕا بوو لەگەڵ درێژەدان بە خەبات و ملنەدان بۆ پلانگێڕییەکەی جەزائیر. ئەوەبوو لەسەرەت وە بڕیاریدا دوو لیژنەی تایبەتمەند بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشە چەکدارییەکە دروستبکرێت: لیژنەی یەکەمیان تایبەت بوو بە دەڤەری سۆران و ئەویتریان پەوەست بوو بە دەڤەری بادینانەوە. هەریەک لەو لیژنانەش یەکێک لە کوڕەکانی ئیدریس و مەسعود بارزانی سەرۆکایەتیان دەکردن. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی، دەسەڵاتێکی فراوانیان پێدرا بوو.[1] ئەوانیش هەمان ڕوانگەیان هەبوو. دوای تاوتوێکردنی تەواوی دەرهاویشتەکانی ڕێککەوتنەکە، بارزانی نامەیەکی تایبەتی بۆ سەرۆکی ئەمەریکا نووسی و لە هەموو هەلومەرج و بڕیارە ناوخۆییەکانی شۆڕش ئاگاداری کردەوە، بەڵام واپێدەچوو نیکسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا هیچ وەڵامێکی نەدابێتەوە، تەنیا لەڕێگەی هێنری کیسینجەرەوە ئەوە ڕاگەیەنرا کە ئەمریکا پابەند نییە بە هیچکام لەو بەڵێنە نافەرمییانەی پێشتر لەلایەن بریکارەکانی ئەمریکاوە بە سەرانی شۆڕشی کورد دراون. بەمجۆرە لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی جەنگدا، بۆماوەی ساڵێکی ڕەبەق، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەرگرییەکی جوامێرانەیان لە زێدی خۆیان کرد. بەشێوەیەک لە چاپەمەنییە عێراقییەکانیشدا ئاماژە بە ئاستی بەرخودان و بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگە درا بوو. ئەوەتا ڕاگەیاندنەکانی عێراق بۆخۆیان نوسیبوویان: " لەم گەڕەی یاخیبوونی کورددا، بە پێچەوانەی ڕووبەڕووبوونەوەکانی ساڵانی پێشووەوە، بەرگرییەکی بەردەوام و ڕێکوپێک

---

(1) Правда, 05.05.1975.

و  شــەڕێکی بەرچاوتــری دەکــرد. بەجۆرێــک لەهــەر بســتە زەوییەکــی ژێــر دەســتی پێشــمەرگەدا، بەوپــەڕی فیداکارییــەوە و زۆر بــە سەرســەختییەوە بەرگرییــان دەکــرد".[1] لەگــەڵ هەمــوو ئەوانەشــدا ڕێککەوتنــی جەزائیــر، هەمــوو هاوکێشــەکانی گــۆڕی. ئەوەبــوو لــە ناکاوێکــدا، هەمــوو ئــەو ئامادەییــەی بارزانــی بــۆ جەنــگ و ڕووبەڕووبوونــەوە، گەیشــتە ئاســتێک کــە خــودی بارزانــی بەرپرســانی بــاڵای شۆڕشــی کۆکردەوە و دوا بڕیــاری خــۆی بــۆ کۆتاییهێنــان بــە شــەڕکردن پێڕاگەیانــدن. هــاوکات داوای کــرد ئەوانــەی دەیانەوێــت لەگەڵیــدا بمێننــەوە، ئــەوا پێکــەوە پەنــا دەبەنــە بــەر ئێــران. لــەم کاتانــەدا هێشــتا پێشــمەرگە لــە پێگەکانــی خۆیانــدا مابوونــەوە. تەنانــەت لــە هیــچ پێویســتییەکیان کــەم نەبــوو، هەمــوو شتێکیشــیان بــۆ دابیــن کرابــوو. دروســت لــەم کاتــەدا بڕیارێــک لــە سەرانســەری کوردســتاندا هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتانی توشــی شــۆڕش کــرد. بڕیارەکــە بریتــی بــوو لــە فەرمانــی ســەرکردایەتی شۆڕشــی کوردســتان بــۆ لەناوبردنــی ســەرجەمی کۆگاکانــی چــەک و تەقەمەنــی  و پاشەکشــەکردن لەســەرجەم بەرەکانــی ڕووبەڕووبوونــەوەدا. دەســبەجێ لەگــەڵ پاشەکشــەی پێشــمەرگەدا، ئێــران ســنوورەکانی خــۆی لەبەردەم خێــزان و پێشــمەرگە پەنابەرەکانــی کــورد کــردەوە و بەجارێــک ڕووە و ســنوورەکانی ئێــران لێشــاوی پەنابەرانــی کــورد درێــژ ببوویــەوە. خەڵکــی کوردســتان ئەزموونیــان لــە توندویــژی و ســەرکوتی دامەزراوەکانــی بەعــس وەرگرتبــوو. بۆیــە لــە ترســی تۆڵــە و ســزای ڕژێمــی عێراقیــدا، هــەزاران هاووڵاتــی کــورد ماڵوحاڵــی خۆیانیــان جێهــێڵا. لــە ئەنجامــدا کوردســتان ڕووبــەڕووی کۆچێکــی ڕاســتەقینە بوویــەوە، بەشــێوەیەک لەجارێکــدا ، ٢٠٠ هــەزار هاووڵاتــی  بــەرەو ســنوورەکانی ئێــران هەڵهاتــن. لــەم کاتــەد بارزانــی هەمووانــی دڵنیاکردنــەوە کــە ئــەم ڕەوشــە بۆمــاوەی دوو مانــگ بــەردەوام دەبێــت و دواتــر هەلومەرجــەکان و هاوکێشــەکان بــە جۆرێکــی تــر دەشــکێنەوە و دەگەڕێنــەوە کوردســتان.  دواجــار دەیــان هــەزار کــورد وازیــان لــە چەکەکانیــان هێنــا و زۆربەیــان بــازاڕی ڕەشــدا چەکەکانیــان تاڵانفــرۆش کــرد و هەندێکیشــیان  چەکەکانیــان شــاردنەوە و  پەیڕەوییــان لــە بانگــەوازی ســەرکردەکەیان کــرد. هەندێکیــش لەکاتــی ڕادەســتبووندا چەکەکانیــان ڕادەســتی دەســەڵاتدارانی ئێــران

(1) Цит. по: Длер Хамад. Национально-освободительное движение в Иракском Курдистане, с. 15

کـردن. سـەرەجام نسـکۆیەکی سەرتاسـەری کوردسـتانی گرتـەوە. لـە کۆتایـدا سەرتاسـەری کوردسـتان کەوتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی بەعسـییەکان و یـەک دانـە گروپـی چەکداریـی کـورد لەسـەر خاکـی عێراقـدا نەمایـەوە. لـە ٢٢ی ئـاداری ١٩٧٥ دا، مسـتەفا بارزانـی خاکـی عێراقـی بەجێهێشـت. بەمجـۆرە ئـەو خەباتـەی لەپێنـاو بەرزکردنـەوەی مۆڕاڵـی خەڵـک کوردسـتاندا وەک شۆڕشـێکی چەکداریـی لـە ئەیلوولـی ١٩٦١ دا، دەسـتی پێکـرد بـوو، بـەو جـۆرە تراژیـدی و چاوەڕواننەکـراوە کۆتایـی هـات.

# بەشی هەشتەم:

**دواین ساتەکانی ژیانی مستەفا بارزانی**

دوای پەنابردنە بەر ئێران، بارزانی ڕووبەڕووی دۆخێکی نالەباری تەندروستی جەستەیی بوویەوە. ماندوویەتی و نیگەرانییەکانی لە هەمبەر ئەو پیلانگێڕییە نێونەتەوەییەدا دۆخێکی دەروونی دژواریان هەم بۆ بارزانی و هەم بۆ هەموو ئازادیخوازێکی کورد هێنابوویە پێشەوە.

سەرەتا لە شارۆچکەیەکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەناوی نەغەدە دەمایەوە. ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێرانەوە. هەمان ئەو شارۆچکەیە بوو کە لە سەردەمی کۆماری مەهابادا، سەردەمانێک هەر لەوێدا نیشتەجێ ببوو. ئەوکات وەک بەرگریکارێکی سەرسەختی کۆماری میللی مهاباد پەنای بردبوویە بەر ئێران. مەلا مستەفا لەو قۆناغە کەمەی مانەوەیدا لە کوردستانی ئێران، بەهۆی بەهرەمەندی سەربازی و پابەندبوونی بە ئایدیالی چەسپاوی ئۆتۆنۆمییەوە، ناوبانگێکی نێودەوڵەتیی پەیدا کردبوو. سەرەڕای شکستی تەواوەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و خەونی لەمێژینەی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی کە خودی خۆی سەرکردایەتی دەکرد. هاوکات هەموو ئەو دەستکەوتانەش کە پێشمەرگە و دڵسۆز و دلاوەرانی بە درێژایی چەندین ساڵ لە خەباتدا خوێنی بۆ ڕشتبوو، تێکڕایان بەهۆی خیانەتی هاوپەیمانەکانی لە دەرەوەی وڵات و بەهۆی بێئەمەکی ناوچەییەوە لەپڕێکدا هەموویان لەدەستدان. مەلا مستەفا بارزانی، لەکاتێکدا لەو ئاوارەیی و دەربەدەرییە زۆرەملێییەدا دەژیا، لەمیانی دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا بە ڕۆژنامەنووسی میسری حەسەنێن هەیکەلی ڕایگەیاند: "شۆڕشی کورد کۆتایی نەهاتووە".[1] بارزانی ئەوەی دووپاتکردەوە دەکرێت لە هەلومەرجێکدا کۆتایی بە جوڵانەوەیەک بێتە ئاراوە، بەڵام دواتر بە

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, с. 34.

گیانێکـی زیندووتـرەوە دێتـەوە پێشـەوە، بۆیـە گەلـی کـورد هـەر دەمێنێتـەوە، دەتوانـن سـەرکردەیەک هەڵبژێـرن کـە بـەردەوام بێـت لـە بەرخـۆدان.

لەکۆتایـدا دەسـەڵاتدارانی ئێـران ٤٠ یەکـەی نیشـتەجێبوونیان لە شـاری کەرەجی نزیک تارانـدا بـۆ بارزانـی و نزیکەکانـی دابیـن کـردن. هەمـوو ئەوانـەی تریـش کـە مابوونـەوە لەنـاو کەمپـە جۆراوجۆرەکانـی ناوچـە جیاجیاکانـی ئێرانـدا بڵاوبوونـەوە. بەگشـتی ئێـران ڕێوشـوێنی تونـدی لەبـەردەم دەسـپێکردنەوەی چالاکـی سیاسـی پارتیـدا دانابـوو. هـەروەک چـۆن بارزانییەکانیـش تێکـڕا لەژێـر چاودێرییەکـی وردی سـاواکدا مابوونـەوە. لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٧٥ دا، مسـتەفا بارزانـی و ئیدریسـی کـوڕی داوای لە دەسـپێکردنەوەی بزووتنەوەیەکـی سیاسـی نوێیـان لـە هاوکارانیـان کـرد، مـەلا مسـتەفا خـۆی بـە نیـاز بـوو سـەرکردایەتی سـەرلەنوێی جوڵانـەوە کوردییەکـە بکاتـەوە. لەمکاتـەدا بەهـۆکاری تێکچوونـی بـاری تەندروسـتی بارزانییـەوە، ڕووی لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا کـرد. بارزانـی بـێ لـە وەرگرتنـی چارەسـەرە پزیشـکییەکان، گەرەکـی بـوو دەرفەتـی گەشـەتەکەی بقۆزێتـەوە و چـاوی بـە بەرپرسـانی ئەمەریـکا بکەوێـت. هەربۆیـە داوای کۆبوونەوەیەکـی دووقۆڵـی لەگـەڵ هـێنری کیسـینجەر وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا کـرد، ئەوەبـوو دوای قەیرێـک چاوەڕوانـی بـۆ دیدارەکـەی نێوانیـان، لەلایـەن جێگـری کیسـنجەر، بەنـاوی جـۆرج سیسـکۆ پێشـوازی لێکـرا. ئەمەریکییـەکان تاوەکـو ئـەوکات ئامـادەی ئاوڕدانـەوە لـە پرسـی کـورد نەبـوون، تەنانـەت کۆشـکی سـپی هەمـوو یارمەتییـە مرۆییەکانیـان بـۆ پەنابەرانـی کـورد دابوویـە دواوە. لێـرەدا دەیـان هـەزار ئەندامـی پارتی، لـە سەرانسـەری ئێرانـدا پـەرش و بڵاوببـوون، بـەڵام ئـیتر وردە وردە دەسـتیان کـردەوە بـە پەیوەندیکـردن بـە یەکترییـەوە و بـە ئامانجـی ڕێکخسـتنەوەی سـەرلەنوێی پارتەکەیـان ڕایەڵەکانـی ڕێکخسـتنێکی نوێیـان خسـتەوە نـاو بەرنامـەی کاریانـەوە. دیـارە لەبەرئـەوەی چالاکییـە سیاسـییەکانیان لـە ئێرانـدا سـنووردار بـوون. بۆیـە بەشـێک لـە کادیرانـی پارتـی لـە ئەوروپـاوە بڕیاریانـدا، سـەرلەنوێ کاربکرێـت تاوەکـو سـەرکردایەتییەکی کاتـی ڕێکبخرێتـەوە. دواجـار لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٧٦دا کۆنفرانسـێکی حیزبـی لـە بەرلیـن بەڕێوەچـوو کـە تێیـدا دروسـتکردنی سـەرکردایەتی کاتـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕاگەیەنـرا. لەکۆنفڕانسـی بەرلینـدا، جارێکـی تـر مسـتەفا بارزانـی بـە سـەرۆکی حـزب هەڵبژێردرایـەوە و سـامی عەبدولڕەحمانیـش وەک سـکرتێری یەکـەم هەڵبژێـردرا. ئـەم ڕەوشـە بـەردەوام بـوو تاوەکـو

لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە ٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩ بەڕێوەچـوو. بـە سـەرنجدان لـە دۆخـی دەروونـی کورد لـە عێـراق، بەتایبەتی دوای نسـکۆی شـۆڕش، جارێکـی تـر بوژانـەوەی چالاکییـە حیزبییـەکان تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو گەیشـتە ئاسـتێک کـە بڕیـاری کۆتاییـان بـۆ ڕێکخسـتنەوەی حـزب گەڵاڵـە کـرد. دامەزراندنـی سـەرکردایەتی کاتـی پارتـی، دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی مسـتەفا بارزانـی ڕێوشـوێنی بـۆ گیرایەبــەر."[1] ئـەم سـەرکردایەتییە بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنەوە و پێداچوونەوەبـوو بـە هەمـوو هەڵـەو کەموکوڕییەکانـدا. جارێکـی تـر بـە بەرنامەیەکـی نوێـوە و بـە دیدێکـی سیاسـیی گونجـاوەوە بـۆ پەیوەندییـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان بڕیـار لەسـەر خەبـات بـۆ قۆناغێکـی نوێـی ڕووبەڕووبوونـەوەی سـتەمکارییەکانی دەوڵـەت درا. بەمجـۆرە لـە یەکەمیـن کۆنفرانسـی سـەرکردایەتی کاتیـدا کـە لـە سـاڵی ١٩٧٦ بەڕێوەچـوو، "هـۆکارە سـوبژێکتیڤەکانی شکسـتی ڕاپەڕینـی کوردیـان دەستنیشـانکردن."[2] بارزانـی خـۆی لـە گفتوگۆکانیـدا لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـاندا چەندیـن جـار ئامـاژەی بـە ڕاسـتیگەلێکی بـە بایـەخ کردبـوو. بـۆ نموونـە لـە چاوپێکەوتنێکیـدا لەگـەڵ ئەمیـر تاهیریـدا کـە پەیامنێـری ڕۆژنامـەی کەیهانـی ئێرانـی بـوو، دروسـت لـە ١٠ی ئایـاری ١٩٧٥ دا، وتبـووی:" ئەرکـی خۆمـم لـە ڕاپەڕینـی جولانـەوە نەتەوەییەکـەدا تـەواو کـرد، ئیتر نـۆرەی نەوەکانـی کـوردە کـە بـە گیانێکـی نیشـتمانیەوە درێـژە بە کەلتـوری بەرەنـگاری سـتەم و داگیرکاریـی بکەن".

سـەرەڕای ئـەم لێدوانانـەی بارزانـی، هێشـتا ناوبراو بەشـدار بوو لـە ڕێکخسـتنەوەی پارتیدا، بـە شـێوەیەکی شەخسـیش کەسـانی بەتوانـای بـۆ پۆسـتەکانی سـەرکردایەتیکردنی ئۆرگانـە تـازەکان دەستنیشـان دەکـردن. باشتربوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئێـران و عێـراق، ڕێگـر بـوو لـە بـە یاسـاییکردنی چالاکییەکانـی بارزانـی لـە کوردسـتاندا. بـەو پێیـەی لـە کاتێکـدا لـە ئێـران بـووە. خۆکارانـە پابەنـد بـوو بـە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی گشـتیی ئێرانـەوە. بۆیە دامەزراندنـەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بابەتێـک بـوو لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە ڕێگریـی لێدەکـرا و دژی دەوەسـتانەوە. بارزانـی تەمەنـی گەیشـبووە ٧٣ سـاڵ. بەرەبـەرە تەندروسـتی بـەرەو خـراپتر دەچـوو. بۆیـە جارێکـی تـر لەلایـەن بنەماڵـە و کەسـوکار و دڵسـۆزانییەوە بەمەبەسـتی چارەسـەرکردن، ڕەوانەی ئەمەریکا کرایەوە. بارزانی

(1) Там же, С. 52
(2) Там же, С.17.

لـە ئەمەریـکادا، لـە مایـۆ کلینیکـدا پشـکنینی بـۆ دەکـرا. پزیشـکە چاودێرەکـەی وتبـووی:" بارزانـی پیاوێکـی دڵخـۆش و زیـرەک بـوو. دوای پشـکنینە پزیشـکییەکان، دەرکـەوت بـە خێرایـی تووشـی شـێرپەنجە بـووە". لەدرێـژەی خسـتنەڕووی دۆخـی تەندروسـتی بارزانیـدا وتبـووی: "بەڕاسـتی ئـەوە ڕوون بـوو کـە پیاوێکـی جەنـگاوەر بـوو. توشـبوونی بـە نەخۆشییەکەشـی وەک ویسـتێکی خودایـی دەبینـی و هەرگیـز گلەیـی لـە هیـچ شـتێک نەدەکـرد". بەمجـۆرە بارزانـی لـە پەیوەندییەکانیـدا هەرکەسـێک بەریەککەوتنـی لەگەڵیـدا هەبووایـە، ئـەوا دەسـبەجێ سەرسـامی ئـاکار و کەسـایەتییەکەی دەبـوو، تەنانـەت لـە گفتوگۆکانیشـدا ئـەم سەرنجڕاکێشـییە هەسـتی پێدەکـرا، بەتایبەتـی لـە شـێوازی دانیـشتن و قسـەکردن و دەربڕیـن و بیرکردنەوەکانیـدا. بەمجـۆرە بارزانـی وەک مرۆڤێکـی نـاوازەی زۆر بەهێـز. هەرکەسـێک بێجگـە لـەوەی بەخێرایـی دەکەوتـە ژێـر کاریگەرییـەوە، گـەر ئاشـنای ئەزمـوون و ژیانـی ڕابردووشـی ببوایـە. ئـەوا زۆر زیاتـر گەورەیـی و گیانـی فیـداکاری ئـەم کارەکتـەرە مانـدوو شـەکەتی شـۆڕشـی کـوردی بـۆ دەردەکـەوت.[1] بارزانـی دوای ئـەوەی گەڕایـەوە واشـنتۆن، دوای وەرگرتنـی چارەسـەرییەکانی خـۆی بـۆ تـاران ئامـادە دەکـرد، بـەڵام پزیشـکەکەی بـە بیـری هێنایـەوە کـە: "جەنـەڕاڵ، ئێـوە بەرگـەی زۆرێـک لـە سـەختییەکانی ژیانتـان گرتـووە، دڵنیایـن بەرگـەی ئـەم سـەختییەش دەگـرن". بەردەوامیـی خەباتـی سیاسـیی هەواڵێکـی بێـزار و نائومێدکـەر لـە عێراقـەوە بڵاوبوویـەوە. سـەدام حسـێن تاکلایەنـە ئۆتۆنۆمییەکـی کارتۆنـی ڕاگەیاند. شانبەشانی ئەو ڕاگەیەنراوەی بەعس، پرۆسـەی جینۆسـایدێکی فرەلایـەن دژی بـە نەتـەوەی کـورد دەسـتپێکرد. بەتایبەتـی لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی دەرەوەی سـنووری ئۆتۆنۆمیـدا، بەجارێـک بـە تانـک و بولـدۆزەر وێـران کـران. لەمـاوەی چەنـد سـاڵێکی دوای دەسـپێکردنەوەی شـەڕی چەکداری و نسـکۆی شۆڕشـدا، واتـە لـە سـاڵی ١٩٧٤ تاوەکـو ١٩٧٨ هـەزار و ٢٢٢ گونـد وێـران کـران و تـەواوی دانیشـتووانەکەیان گواسترانـەوە باشـوور و لە کۆمەڵگە نیشـتەجێبوونەکاندا نیشـتەجێکران. ئـەو کۆمەڵگـەی نێشـتەجێبوونانە زیاتـر وەک ئۆردوگایـەک وەهـا بـوون، تـا لەوێـدا لەژێـر کۆنترۆڵـی تونـدی پۆلیـس و دامـەزراوە هەواڵگیریەکانـدا سـەرکوتیان بکـەن و نەهێڵـن بـە ئـازادی هاموشـۆ و هیـچ هەڵسـوکەوتێکی سیاسـی ئەنجـام بـدەن. هـاوکات لەسـەر ئاسـتی بەرتەسـکردنەوەی پانتاییەکانـی ئازادیـدا. زانکـۆی سـلێمانی داخـرا و گوازرایـەوە

(1) 100 лет Мулле Мустафе Барзани, С. 56.

بـۆ هەولێـر. هەروەهـا ئەکادیمیـای کـوردی داخـرا و هەمـوو بڵاوکـراوە و چاپەمەنیـە کوردییـەکان یاساغ کـران. لـەم نێوەنـدەدا بارزانـی هێشـتا لـە ئەمریـکادا بـوو. دۆخـی تەندروسـی و نەخۆشـییەکەی خـراپتر دەبـوو. بـەڵام بیرکردنەوەکانـی بـەردەوام لـەلای زێـدی خـۆی و چارەنوسـی نەتـەوەی کـورد بـوو. تەنانـەت چەندیـن هـەوڵ و کۆششـی دیپلۆماسـی دابـوو تاوەکـو دەرفەتێکـی ئەوتـۆ بقۆزێتـەوە. تاوەکـو لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـان و سیاسـەتمەدارانی ئەمریکیـدا کۆببێتـەوە و باسـی کارەسـات و تراژیدیـای میللەتـی کـورد و ناپاکییـە نێونەتەوەییـەکان دەرهـەق بـە کـورد بـکات.

لـەم سـەروبەندەدا کارتـەر بـە سـەرۆکی ئەمریـکا هەڵبژێـردرا. بارزانـی دەسـتبەجێ هەڵبژاردنـی سـەرۆکی وەک دەرفەتێکـی نـوێ قۆسـتەوە و نامەیەکـی ئاڕاسـتە کـرد. لەنامەکـەی بارزانیـدا وێـڕای پیرۆزبایـی لێکـردن، بـۆی نوسـیبوو: "جەنابـی سـەرۆک، ئێمـە دژایەتـی ڕێککەوتنـی نێـوان ئێـران و عێـراق ناکەیـن، بـەڵام پێویسـتە بزانـن تاوەکـو ئەوکاتـەی نیازتـان بـە قوربانییەکانـی ئێمـە هەبـوو، ئـەوا هاتنەپێشـەوە و ئێمـە کوردیـش باوەڕمـان بـە بەڵێنەکانـی ئەمریـکا و ئێـران کـرد و دژ بـە عێـراق شـەڕمان کـرد، بـەڵام لێـرەدا دەپرسـین کـوا ئـەو هەمـوو بەڵێنانـەی بەنـاوی ئازادییـەوە بـە ئێمـە دران؟ گەلـی کـورد بەوپـەڕی باوەڕبوونـی بـە دیموکراسـی و پێکەوەژیانـی ئاشـتیانەی گەلانـەوە بـووە هاوپەیمانـی ئەمەریـکا و خەباتـی لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی مافـی ئۆتۆنۆمـی دەسـت پێکـرد، بـەڵام ئەمەریـکا دەسـبەرداری بەڵێنەکانـی بـوو. هیواداریـن ئیـدارەی نوێـی ئەمەریـکا ڕێـز لـە نیـازی نەتـەوەی کـورد بـۆ ئاشـتی بگـرن و چـاو بـە بەڵێنەکانیانـدا بخشـێننەوەو پێکـەوە ڕێگربـن لەسیاسـەتی داپڵۆسـین و چەوسـانەوەی میللەتـی کـورد کـە ئێسـتا لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پەیـڕەو دەکرێـت". هەرچەنـد هیـچ وەڵام و کاردانەوەیەکـی ئەوتـۆ لەلایەنـی ئەمەریـکاوە نەبـوو، بەڵکـو ڕەوشـەکە هـەروا بـە پەراوێزخسـتنی بوونـی نەتەوەیـی کـورد درێـژەی هەبـوو.

بارزانـی لەمـاوەی مانـەوەی لـە ئەمریـکا وێـڕای هەوڵـە بەردەوامـەکان، تەندروسـی بەرەوخـراپتر دەڕۆیشـت. بەجارێـک دابەزینـی هێـزی جەسـتەیی تەنگـی پێهەڵچنـی بـوو. لەگـەڵ ئـەوەی ئەمەریکییـەکان هیـچ کاردانەوەیەکـی ئەرێنیـان نەبـوو، تەنانـەت بـە گوتـەی ئـەی لاثـام، حکومەتـی ئەمەریـکا لـە مانـەوەی بارزانـی لـە ئەمریـکا

نیگـەران بـوو[١]، چونکـە ئـەوکات واشـنتۆن تەنیـا بـەدوای تێرکردنـی بەرژەوەندییەکانـی خۆیـەوە بـوو لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا.

لەڕاسـتیدا ئەمەریـکا لـە دوای چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێـوان ئێـران و عێـراق، هیـچ بەرژەوەندییەکـی خـۆی لـە پرسـی کـورددا نەدەبینییـەوە. بـەو پێیـە، چیتر کـورد ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لـە سیاسـەتی ئەمریـکادا نەدەبینییـەوە. هەرئـەو ڕوانگەیـەش بـوو کـە ئیـدارەی نوێـی ئەمەریـکاش هیـچ وەڵامێکـی نامەکانـی بارزانییـان نەدەدایـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بارزانـی پێداگرییەکانـی بـۆ دیـداری کارتـەر بـەردەوام بـوون. دواجـار لـە ئەنجامـی پێداگرییەکانـی بارزانیـدا، دیـداری دووقۆڵـی نێوانیـان هاتـە ئاراوە. لـە میانـی دیدارەکـەدا بارزانـی ئـەم قسـانەی ئاراسـتەی ناوبـراو کـردن: "سـێ ملیـۆن کـوردی عێـراق، لـەدوای خیانەتـی ڕێککەوتنـی جەزائیـر، ڕووبـەڕووی نائومێـدی بوونـەوە. لەکاتێکـدا ئـەوان ئومێدیـان بـە عێراقێکـی ئـارام و پێکەوەژیانێکـی ئاشـتیانە بـوو". هەڵبەتـە ئـەم دیـدارەی بارزانـی بەشـێک نەبـوو لـە نەحشـەڕێی نوێـی ئیـدارەی ئەمریـکا، بەڵکـو بابەتێکـی هـەروا ئاسـایی نێـوان کارەکتەرێکـی کاریگـەری کـورد بـوو لەگـەڵ ئەمەریـکادا. ئەگینـا لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەیـی و میتـۆدی مامەڵەکردنـی ئەمەریـکا لەگـەڵ کـورددا، بەرنامەیەکـی ئەوتـۆ نەگیرابوویەبـەر، بەڵکـو لـەو ڕووەوە بەشـێوەیەکی گشـتی هیج بایەخێک بـە بابەتی مافەکانـی کـورد نـەدەدرا. تەنانـەت هـەر بەشـداریکردنێکی ڕۆژنامەنووسـان و دیدارێکـی میدیایـی لەگـەڵ بارزانیـدا قەدەغەکـرا بـوو. بێدەنگـی ئەمەریـکا و کەمتەرخەمـی لەئاسـت سـتەم و چەوسـانەوەی نەتـەوەی کـورددا، بـووە مایـەی نائومێدییەکـی زۆری سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد و خـودی بارزانـی. لەگـەڵ ئەوشـدا دیسـانەوە لـە چەندەمیـن جاردا، بارزانـی بـۆ قوتارکردنـی کـورد لەسـایەی ڕێوشـوێنە توندەکانـی سـاواکدا، داوای پێدانـی مافـی پەنابەرێتـی بـە کـوردی ئۆردوگاکانـی ئێـران دەکـرد. دیسـانەوە ئەمەریکییـەکان نەچوونـەوە ژێـر بـاری پێشـنیارێکی وەهـاوە. لـەم سـەروبەندەدا شۆڕشـی گەلانـی ئێـران بەڕێـوە دەچـوو. وا دیـار بـوو ئاسـۆیەکی نـوێ لەپـەردەم پرسـی کـورددا خەریکـە دەکرێتـەوە.

(1) New York Times, October, 1976, №4, c. 50.

## هەوڵێکی نوێ بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون

ئایەتوڵڵا خومەینی زۆر بە توندی دوژمنایەتی ڕژێمی بەعسی دەکرد. لەبەرانبەردا بەعسییەکانیش بە نیگەرانییەوە لە هەر پێشهاتێکی نوێی ئێرانیان دەڕوانی. لەکاتێکدا چەند ساڵێك بوو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتی کاتی پارتی خۆیان ڕێکخستبوویەوە. پێشهاتەکان خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا دەچوونە پێشەوە. بەم بۆنەیەوە بارزانی بڕیار بوو لە ٥ی ئاداری ١٩٧٩ دا بگەڕێتەوە ئێران، بەڵام وادیاربوو قەدەری ئەم سەرداره ماندونەناسەی میللەتی کورد، بەئاقارێکی تردا بڕیاری لەسەر درابوو. بە ئاقارێکدا کە ئیتر هیچکاتێ نەیتوانی بگەڕێتەوە ناو هەڤاڵ و شۆڕش و شوێنکەوتووەکانی، چونکە لە ناکاو ڕەوشی تەندروستی بەشێوەیەکی بەرچاو داهێزرا، تاوەکو بۆ دواجار لە ١ی ئاداری ١٩٧٩دا، بەهۆی ڕاوەستانی لەناکاوی دڵییەوە، بە جەڵتەی دڵ، بۆ دواجار دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت وماڵئاوایی لە ژیان کرد. دواتر دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست، ڕوفاتەکەی لە ئەمەریکاوە گوازرایەوە بۆ تاران. (1)

سەبارەت بە نیازی پێشوەختەی بارزانی هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، بارزانی جۆرێک لە هەماهەنگی لەگەڵ نەیارانی ڕژێمی شادا چێکردبوو. بۆیە پێیان وابوو بارزانی نیازی وابووە بە پلان و بەرنامەی تایبەتەوە بەرەو ئێران بگەڕێتەوە. هەربۆیە پێیان وابوو مانەوەی بارزانی لە ئێراندا، وەک هاوپەیمانێکی ئایەتوڵڵا خومەینی، بابەتێک بوو لە دەرەوەی لۆژیکی واشنتۆن و بەغدادەوە خۆی دەبینییەوە. تەنانەت هەر ئەو سەرچاوەگەلەش پێیان وابوو مەرگی لەناکاوی بارزانی پەیوەندیدار بووە بە پیلانێک بووە. وەلێ زانیارییەکی لەم جۆرە بە شێوەیەکی فەرمی نە لەلایەنی کوردی و نە لە هیچ لایەنێکی دۆست یان نەیاردا بڵاونەکراوەتەوە. هەرچەند بەگوێرەی زانیارییە پزیشکییەکانی پەیوەست بە چاودێری تەندروستی بارزانی، هۆکاری مەرگی بریتی بووە لە تەنینەوەی نەخۆشی شێرپەنجەکەی و بەرەوپێشچوونی زیاتری خانە شێرپەنجەییەکانی، بەجۆرێک لە ڕۆژانی دوایدا بەتەواوی

(1) 00 лет Мулле Мустафе Барзани, с. 75.

هەناسەدانی کێشەی ئەوتۆی تەندروستی بۆ پەیدا ببوو، بە جۆرێک کە بە سادەیی نەیدەتوانی گفتوگۆکانی ئەنجام بدات".[١] هەروەها ڕۆژنامەنووسێکی بیانیش هەر لەو بارەیەوە نووسیبووی: "بارزانی سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی دێرین بوو، مامەڵەی لەگەڵ ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەدا نەکرد کە پەیوەندییان بە نەوەی نوێی شۆڕشگێڕانەوە هەبوو، بەڵکو مامەڵەی لەگەڵ چەمکی سەربەخۆیی نەتەوەییدا دەکرد".

هەندێکیش پێیان وابوو بارزانی لە گاریباڵدی دەچوو، نەک لە جیڤارا. چونکە وەک سەرکردە ناسیۆنالیستەکانی نەوەی پێشوو پێناسە دەکرا. ئەو وەک ئەحمەد عەرابی میسری، عەبدولقادری جەزائیریی و شەریف حوسێنی مەککە بوو لە حیجازدا.

مەلا مستەفا بارزانی نەک تەنیا لە مەیدانەکانی شەڕدا، بەڵکو لە دەربەدەریدا سەرینایەوە. [٢]مەرگی بارزانی، بەجارێک هەموو کورد و ئازادیخوازانی دونیای دوچاری تاسەباری و نیگەرانییەکی قوڵ کرد. بەجۆرێک سەرلەبەری کوردستان لە ماتەمینیدا خۆیان دەبینییەوە. ئەو ڕۆژەی تەرمی بارزانییان بەرەو دوامەنزڵی بەڕێدەکرد، جەنجاڵییەکی یەکجار زۆر، سەدان هەزار کەس بەپێوە ڕاوەستابوون و سڵاویان لە ڕوفاتی تێکۆشەرێکی پاڵەوانی نەتەوەکەیان دەکرد. کاتێک هێنرایە شارۆچکەی شنۆ (کوردستانی ئێران)، لەناو هەزاران هەواداری کورد بەخاک سپێردرا، بەڵام دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، ڕوفاتەکەی لە کەرنەڤاڵێکی کاریگەری جەماوەریدا. لە جەرگەی گوندی بارزاندا لە کوردستانی عێراق بەخاک سپێردرا. بارزانی هەرگیز خیانەتی لە خەڵکی خۆی نەکرد، ئەو خاوەنی عەقڵێکی زۆر ئاستبەرز بوو. بەهۆی ئەوەی ژەنەڕاڵ و سەرکردە بوو، دەبوو ڕێوشوێنی پێویستی لەبارەی هاوسەنگی هێز و کاریگەریی بەردەوامیی لە بەرخوداندا بەباشی تێگەیشتبوو."[٣] مەلا مستەفا بارزانی کەسایەتییەکی نائاسایی بوو، خۆنەویستانە خۆی تەرخان کرد بوو بۆ دۆزی گەلەکەی. بارزانی بە سروشتی خۆی، ڕازی ڕەسەنایەتی لە لۆژیکیدا دەردەکەوت. خاوەنی دڵێکی

---

(1) Там же, С. 57

(2) Event, March 23, 1979, c. 11.

(3) 00 лет Мулле Мустафе Барзани

میهرەبــان بــوو. لەگــەڵ خەڵکــی بندەســت و هــەژاری کــورددا نەرمونیــان و لەگــەڵ دوژمــن و ســتامکار و ملهوڕەکانــدا تونــدو بەســام بــوو. بارزانــی ســیمایەکی کوردانــەی ڕاســتەقینەی هەبــوو. لــە ژیانــی تایبەتــی خۆیــدا، کەســێکی زاهیــد و خاکــی بــوو. لەهەمانکاتــدا تایبەتمەنــدی ئازایەتــی و حیکمەتــی پێشــینان، بەشــێوەیەکی سروشــتی و بێدەنــگ، ناوبانگــی پاڵەوانێکــی نەتەوەییــان بەبــاڵادا بــڕی بــوو. کارەکتــەری جەنــەڕاڵ بارزانــی خاوەنــی ئــەو ســیفەتانە بــوو کــە لــە فەرمانــدە گەورەکانــی مێــژوودا بوونیــان هەبــوو. زۆرجــار بــە شــێوەیەکی شەخســی بەشــداری شــەڕەکان دەکــرد، چەندیــن جــار ژیانــی خــۆی خســتبووە مەترســییەوە. ئــەو ســەختییانەی پەیوەســت بــوون بــە خەباتــی ســەختی گەلــی کــوردەوە لەگــەڵ هاوڕێکانیــدا بەشــدار و ئامــادەی هــەر قۆناغێکــی هەســتیاری مێــژووی میللەتەکــەی بــوو.

مــەلا مســتەفا بارزانــی لــە خەباتــی نیشــتمانیدا ئەنجامێکــی بــێ وێنــەی بەدەســتهێنا کــە ناســنامەی نێودەوڵەتیــی وەرگــرت. پرســی کــورد بــوو بــە بابەتــی دانوســتانی ئاشــکرا و شــاراوە، فەرمــی و نافەرمــی. ئــەم ڕێبــەرە هەڵکەوتــەی بزووتنــەوەی کــورد ڕۆڵێکــی بەرچــاوی هەبــوو لــە بڵاوکردنــەوەی ئــەو پرســەدا کــە ڕۆڵێکــی بەرچــاوی لــە چارەنووســی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا هەبــوو. ئەمــڕۆ دەتوانیــن هەمــان خەونەکــەی بارزانــی ببینیــن، کــەوا هاتووتــەدی. وەک چــۆن بــە ســەرکردایەتی مەسعوودی کــوڕی مــەلا مســتەفا بارزانی، کوردســتانی عێــراق بووەتــە قەوارەیەکــی تــەواو لــە فیدراســیۆنی عێراقــی دیموکراســی نوێدا.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA